٤٢٨

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## بەرگی دووەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



**لیژنەی ئامادەکار**

پرۆفیسۆر هەڵکەوت حەکیم
خالید حەمە غەریب - ئاوات عەلی
فەیسەڵ محەممەد - ئارام حاجی
نامۆ سەربەست - ئاوات عەبدوڵا
ئاسۆ ئەکرەم

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## کتێبی دووەم

دکتۆر هەڵکەوت حەکیم....
ئاوات عەلی - فەیسەڵ موحەمەد - ئارام حاجی
ئاوات عەبدوڵلا - ئاسۆ ئەکرەم
خالید حەمە غەریب - نامۆ سەربەست

ئەم کتێبە تەنها وەك دیاری دەدرێت

٢٠٢٢

**ناوی کتێب**: جەلالی  عومەری سام ئاغا- کتێبی دووەم

**ناوی نووسەر**: کۆمەڵێک نووسەر

**بابەت**: کۆ وتار

**هەڵەچنین و دیزایین**: خالید حەمە غەریب عبدالرحمن- کتێبخانەی لانەی کوردان

**دیزایینی بەرگ**: نامۆ سەربەست

**نۆبەتی چاپ**: چاپی یەکەم

**ساڵی چاپ**: ٢٠٢٢

**چاپخانە**: چاپخانەی تاران

**سەرپەرشتیاری چاپ**: ئاشتی شێرکۆ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٢١) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

# دەستەی ئامادەکردنی کتێبەکە

١- بیرۆکەی کتێب: دکتۆر هەڵکەوت حەکیم.
پرۆفیسۆری موتەمەڕڕس لە زانکۆی سۆربۆن- پاریس
٢- گرنگیدان بە کۆکردنەوەی بابەتەکان: ئاوات عەلی.
٣- بەشداری دووەم بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان: فەیسەڵ موحەمەد.
٤- سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی بابەتەکان: ئارام حاجی.. ئاوات عەبدوڵڵا.
٥- کاری هونەری وێنەکان: نامۆ سەربەست.
٦- تایپکردنەوەی چەند بابەتێکی ڤیدیۆیی: ئاسۆ ئەکرەم.
٧- سەرپەشتیاری هەڵەچنین و دیزایین:خالید حەمە غەریب.
(کتێبخانەی لانەی کوردان).
٨- کارێکتەری سەرەکی کتێبەکە: جەلالی عومەری سام ئاغا.

# پێرستی بابەتەکان


**بەشی یەکەم- بەگژداچوونەوەی گەندەڵی** ١٥
**یەک:** ڕاگەیاندنێکی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ١٧
**دوو:** کۆششەکان بەردەوامن ٢٢
**سێ:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (٢) ٢٦
**چوار:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (٣) ٢٨
**پێنج:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (٤) ٣٠
**شەش:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی - ڕاگەیاندنی ژمارە (٥) ٣١
**حەوت:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی - ڕاگەیاندنی ژمارە (٦) ٣٣
**هەشت:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (٧) ٣٥
**نۆ:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی - ڕاگەیاندنی ژمارە (٨) ٣٨
**دە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (٩) ٤٥
**یانزە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٠) ٤٦
**دوانزە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١١) ٤٧
**سیانزە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٢) ٤٩
**چواردە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٣) ٥٠
**پانزە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٤) ٥١
**شانزە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٥) ٥٤
**حەڤدە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٦) ٥٥
**هەژدە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٧) ٥٧
**نۆزدە:** لیژنەی کۆششی نەتەوەیی- ڕاگەیاندنی ژمارە (١٨) ٥٩

**بەشی دووەم** ٦١
**یەک:** شۆڕشێک بە تەنیا ٦٣
**دوو:** وەزیری باینجان - پێشکەشە بە وەزیرەکانی کابینەی هەشت هۆشیار عەبدوڵلا/ ئاوێنە ٦٨
**سێ:** بەڕێز/ سەرۆک کۆماری عێراق {هەڤاڵ مام جەلال} ٧١
**چوار:** پیاوێکی سپی- توفیق سعید محمد- کەلەپور ٧٣
**پێنج:** حیکایەتی پیاوە سپییەکە- پارێزەر/ بکرحمە صدیق ٧٥
**شەش:** جەلالی سام ئاغا- دیداری ژمارە / گۆڤاری سپی ٧٧
**حەوت:** تیمساحەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)- محەمەد ڕەئوف ٩٣

**هەشت**: مرۆڤێک- کەریم زەند ٩٦
**نـۆ**: تەمەنی خزمەتگوزاریی پیاوێک-سەلاحوددینی موهتەدی ٩٨
**دە**: (جەلالی عومەری سام ئاغا)- پردە بەهێزەکەی نێوان دەسەلآت و
کۆمەڵگا-حەمەرەشید هەرەس - کەنەدا ١٠٠
**یانزە**: تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بە جەلالی سام ئاغاوە
دەکەن- نەوزاد مەحمود- رووداو- سلێمانی ١٠٢
**دوانزە**: باخی کورد چەند جەلالی عومەری سام ئاغا بەرهەمدێنێ؟
حەمە رەشید هەرەس- کەنەدا ١٠٤
**سیانزە**: ئایا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە یاسایی دانرا؟
رۆژنامە (پشتیوان سەعدوڵلا) ١٠٧
**چواردە**: یاداشت- بۆ بەڕێز/ کاک تاج الدین ١١٠
**پانزە**: [نهێنی]- پشتگیری و ئاگادارکردنەوە ١١١
**شانزە**: کۆنووسی لێکۆڵینەوە ١١٢
**حەڤدە**: ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم ١١٣

**بەشی سێیەم** ١١٩
**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ئاستی موچەخۆری خۆی** ١٢١
**یەک**: پرۆژەی بەخشین بەناوی (خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا)
بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی: ٢٠١٠/٨/٢ ١٢٢
**دوو**: مشروع تبرع بإسم (هدية جلال عمر سام آغا) إلى منتسبي
ديوان الرقابة المالية في السليمانية ١٢٤
**سێ**: ڕێنمایی ١٢٦
**چوار**: خەڵاتی (سام ئاغا) دژی گەندەڵی بەردەوام دەبێ ١٢٨
**پێنج**: (١٢) کارمەندی چاودێریی دارایی ڕێزیان لێنرا هێمن کەمال/
کوردستانی نوێ ١٣١
**شەش**: سێیەمین خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا
بۆ فەرمانبەری نموقنەیی و خانمی سەلار ١٣٢
**حەوت**: دابەشکردنی خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ ساڵی چوارەم
(راپۆرتی کەناڵی KNN) ١٤٥
**هەشت**: وەزیرێک: سامانەکەی بە خەڵات دەبەخشێتە فەرمانگەکەی ١٦٢
**نۆ**: دائرة تدقيق السليمانية تكرم عدد من موظفها ١٦٤

**بەشی چوارەم** ١٦٥
**وتاری هەمەڕەنگ لەسەر جەلالی سام ئاغا**
**یەک**: پاڵەوانێک بۆ مێژوو- فەیسەڵ محەمەد (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) ١٦٩

دوو: جەلالی عومەری ساماغا و گەندەڵكاران- د. ئەحمەد میراودەلی كەنەدا ١٧٠
سێ: جەلالی سام ئاغا و داواكەی سەرۆكایەتی هەرێم- هاورێ جەمال ١٧٢
چوار: سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی خۆی خانەنشین كردو ١٧٤
٨٦ كەسی دایە دادگا و ٢٧٢٠ ڕاپۆرتی لە دوای خۆی جێهێشت
پێنج: (دەستەكان)ی چاودێریی دارایی، سەرەڕای هەڕەشەكان، ١٧٦
سوورن لەسەر كارەكانیان
شەش: داوا لە جەلالی سام ئاغا دەكرێت ببێتە سەرۆكی چاكسازیی هەرێم ١٧٩
حەوت: چاودێریی داراییش بۆتە خێر و بەرەكەت ١٨٠
هەشت: چاودێریی دارایی.. ڕسواییە بۆ گەندەڵكاران، نەك خێر و بەرەكەت ١٨٢
نۆ: بەڵێ وایە... ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی دارایی بووە بە خێر و ١٨٤
بەرەكەت بۆ گەندەڵكاران
دە: خێری بازرگانەكان، تینویەتی حكومەت ناشكێنێت... هاوڵاتیان بە ١٨٦
دروستكردنی مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە هاوكاریی حكومەت دەكەن
یانزە: شەرەفمەند نیم بەوە وەزیفەكانتان، چونكە من جسمێكی غەریبم لە ناوتاندا ١٨٩
دوانزە: پیاوێك نایناسم ژمارە (٥٢٣) ١٩٥
سیانزە: بشوان محەمەد (سەرنوسەری رۆژنامەی ئاوێنە) ١٩٧
چواردە: ئەو كابرایە ناناسم: ١٩٩
پانزە: بەڕێوەبەری نوسینگەی دیوانی چاودێریی دارایی - دالیا ئەسعەد ٢٠٢
شانزە: عەینەك لە چاوێك ٢٠٣
حەڤدە: ژن لای مرۆڤە سپییەكە واتە نیشتمان ٢٠٥
هەژدە: كوردپەروەری.. هەموو سەردەمێك ٢٠٧
نۆزدە: پیاوێك لە پەڕەی گوڵ- شێخ یەحیا بەرزنجی ٢٠٩
بیست: هەڤاڵی بەڕێز: جەنابی مام جەلال ٢١١
بیست و یەك: هەموو هەر پاشا- هۆشیار عبدوڵلا ٢١٢
بیست و دوو: بۆچی نەتەوان شكست دەهێنن ؟ دارۆن سامۆگلو - جەیمس رۆبنسون ٢١٣
بیست و سێ: جەلالی عومەری سام ئاغا.... ٢١٤
بیست و چوار: ئەم پیاوە ئاوا ببینن - نەوزاد مەحمود ٢١٦
بیست و پێنج: بەڵگەنامەكان .. بێ بەهابوون - حەمەڕەشید هەرەس ٢١٩
بیست و شەش: كاك جەلالی سام ئاغا، ڕوو لە پاكی و پشت لە ناپاكی- ٢٢٢
حەمەڕەشید هەرەس ١٨/ ٠٧/ ٢٠٠٧
بیست و حەوت : ئەگەر بووم بە وەزیر- عەلی فەتاح مەجید ٢٢٤
بیست و هەشت: پیاوێك لە مۆزەخانە - ئاوات عەبدوڵلا سابیر- هۆڵەندا ٢٢٦

**بەشی پێنجەم** ٢٢٩
**پێنووسەكەی جەلالی عومەری سام ئاغا لە كۆمەڵە وتارێكی خۆیدا**

**یەک:** ینعی الأمة الثوریة الجمعاء في العالم والشعب الکوبي ٢٣١
بإستشهاد المناضل الثائر- جلال عمر سام ئاغا
**دوو:** من و فاروقی مەلا مستەفا له کاروانی هاوڕێیەتی و سیاسیدا! ٢٣٤
جەلالی عومەری سام ئاغا
**سێ:** ئەو گوللانەی دەنرێن به سنگی گەنجانەوە، دەبێ به گەندەڵییەوە بنرێن.. ٢٣٩
جلال عمر سام ئاغا
**چوار:** الطلقات التي وجهت إلى صدور الشباب... کان یجب أن توجه إلى الفساد- ٢٤٢
جلال عمر سام ئاغا
**پێنج:** کاتێک من زیندانی بووم حاکم قادر دشداشەی لەبەردابوو-
جلال عمر سام ئاغا ٢٤٤
**شەش:** ماڵئاوا کاکە عادلی برا و هاوڕێم- جلال عمر سام ئاغا ٢٤٥
**حەوت:** «گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، بۆ ماوەیەکی تریش دوا دەکەوێت»- ٢٤٦
جلال عمر سام ئاغا
**هەشت:** بیرەوەری تایبەتیم لەگەڵ هاوڕێم شەهید عەلی عەسکەری- ٢٤٧
جەلالی عومەری سام ئاغا
**نـۆ:** من مذکرات المؤرخ الکردي الراحل (الدکتور کمال مظهر): ٢٤٩
جەلالی عومەری سام ئاغا
**دە:** بۆ رۆحی پاکی مەحمودی مەلا عیززەت کاکە خولەی، کاروان سالاری ٢٥١
بێ کۆتایی (جەلالی عومەری سام ئاغا)
**یانزە:** تحفة فنیة لمحاسب البرید ٢٥٣
**دوانزە:** فی وداع صانع المحبات محمد الحبوبي- جلال عمر سام ئاغا ٢٤

**بەشی شەشەم** ٢٥٧
**یەک:** یانەی کوردی له هۆڵەندا، رێزی لێ دەنێت ٢٥٩
جەلال سام ئاغا: نابێت رۆڵ و پشتگیری مام جەلال لەبیر بکەم
**دوو:** رێکخراوی کیدۆ و خەڵاتی رێزلێنان له جەلالی سام ئاغا ٢٦١
رۆژنامەی کوردستانی نوێ
**سێ:** راپۆرتی کەناڵی KNN تایبەت به رۆژی جیهانی بەگژداچوونەوەی ٢٦٣
گەندەڵی و رێزلێنان له «جەلالی سام ئاغا» لەلایەن رێکخراوی کیدۆ...
**چوار:** راپۆرتی کەناڵی رووداو، تایبەت به رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ٢٦٧
گەندەڵی
**پێنج:** رێکخراوی KEDO- رێزگرتن له بەرێز جەلالی سام ئاغا ٢٦٩
حسام بەرزنجی
**شەش:** ئەم کاتەتان باش- حاکم فەرهاد ٢٧١
**حەوت:** Soas- زانکۆی لەندەن- شەقامی ئۆرنهۆف - چوارڕیانی ڕاسل- لەندەن ٢٧٣

**هەشت**: سەردانی عیماد ئەحمەد بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا و پێشکەشکردنی چەپکە گوڵ- سوپاس نامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٧٤
**نۆ**: حکومەتی هەرێم ڕێز لە جەلالی سام ئاغا دەنێت ٢٧٧
**دە**: «گەندەڵی وقۆرخکاری هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان» عدنان موفتی ٢٩٦
**یانزە**: د. کەمال میراودەلی سەردانی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا دەکات. ٢٩٧
**دوانزە**: ئەو کەلێنەی بە ئاسانی پڕنابێتەوە ٢٩٩
**سیانزە**: جەلالی عومەری سام ئاغا- سلێمانی ٢٠١٢/٦/٢٥ محەمەد بەرزی/ ئەمەریکا- زۆر بەڕێز کاک عارف ٣٠١
**چواردە**: مانیپولیتە: دەستەپاکەکان- ئاسۆس هەردی ٣٠٣
**پانزە**: سەبارەت بە وەزیرەکانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان- چاودێریی دارایی کاندیدەکانی یەکێتیی هەڵدەسەنگێنێت ...چاودێر- تایبەت ٣٠٥
**شانزە**: ئەشهەد و حەقی خۆتە کاک جەلال- ڕووناک ڕەئوف سەعید ٣٠٦
**حەڤدە**: ستەمکاریی سەرکردایەتی کورد ریشەیەکی مێژوویی هەیە. حکومڕانیی کوردستان درێژکراوەی گەندەڵی و ستەمکاریی مێژووەکەیەتی- ڕۆژنامەنوس سەرتیپ جوتیار ٣٠٧
**هەژدە**: جەلالی سام ئاغا- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی لە کاتی ماڵئاواییەکەیدا گریی هەشت ساڵی دڵی خۆی کردەوە ٣١٠
**نۆزدە**: إلى سعادة الأستاذ الدكتور شفيق السامرائي/ رئيس مجلس المستشارين المحترم - الموضوع/ الجائزة الأوروبية ٣١٣
**بیست**: الحرص على المال العام من ساسون حسقيل إلى «جلال عمر سام اغا»... ٣١٤
**بیست و یەک**: مرحبا بعودتك الميمونة- مصطفى صالح كريم ٣١٧
**بیست و دوو**: گەزۆی سلێمانی بە خورمای جەزائیر ٣١٩

**بەشی حەوتەم** ٣٢١
**هەرێمێکی بێ سەرۆک**
**یەک**: «نەوشیروان مستەفا پێیوایە بەدیلی مەسعود بارزانی زۆرە». ٣٢٣
**دوو**: نەوشیروان مستەفا بەدیلی مەسعود بارزانی دیاری کردووە. ٣٢٤
**سێ**: ئەوەش بەدیل- کاک جەلالی سام ئاغا پیاوێک لەپاکی بۆ سەرۆکی هەرێم ٣٢٥
**چوار**: جەلالی سام ئاغا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشان ئەکرێت ٣٢٧
**پێنج**: سەرۆکایەتی هەرێم و..- نووسینی: حەکیم کاکە وەیس ٣٢٩
**شەش**: سیاسییەکان چۆن دەڕواننە جەلالی سام ئاغا ؟ ٣٣١
**حەوت**: فەیسبوکی نزار محەمەد ٣٣٣
**هەشت**: بێ ناونیشان ٣٣٤

**نۆ:** جەلالی سام ئاغا: من هیچ پۆست و وەزیفەیەک وەرناگرم ٣٣٦
**دە:** دیسان ... بەڕێز مامۆستا جەلالی سام ئاغا، بۆ پۆستی سەرۆکی باشوری کوردستان کاندیدکراوەتەوە ٣٣٨
**یانزە:** جەلالی سام ئاغا: خۆم کاندیدناکەم بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ٣٤٢
**دوانزە:** جەلالی سام ئاغا ڕوونکردنەوە لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم دەدات ٣٤٤
**سیانزە:** کورسییەکی ڕەش و پیاوێکی سپی ٣٤٥
**چواردە:** جەلالی سام ئاغا بۆ پەرەگراف دەدوێت ٣٤٧
**پانزە:** نێچیرڤان بارزانی پەیوەندی بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە دەکات ٣٥٠
**شانزە:** (الرجل الابيض) السياسي الكردي المستقل- جلال عمر سام اغا- يرفض ترشيحه لمنصب رئيس إقليم كردستان ٣٥١
**حەڤدە:** سام اغا: أرفض منصب رئيس الإقليم بسبب سوء إستخدام السلطة لأكثر من ربع قرن ٣٥٣
**هەژدە:** الزعامة المفخمة... معايب المديح المفرط للسلاطين و الساسة سام آغا : أرفض منصب رئيس الإقليم ٣٥٤
**نۆزدە** الاحزاب الكردستانية تتداول اسماء بدلاء مسعود بارزاني ٣٥٥

**بەشی هەشت** ٣٥٩
**بەسەرکردنەوەی جەلالی عومەری سام ئاغا و پرسی پەروەردە**
**یەک:** قوتابخانەی ١٢ پۆلی زەکیەی سام ئاغا- بەهرۆز جەعفەر ٣٦١
**دوو:** بەسەرکردنەوەی جەلالی عومەری ئام ئاغا نوێکردنەوەی سەروەرییەکانە ٣٦٥
**سێ:** بزافی ئاشتی خەڵاتی ڕێزلێنان، دەبەخشێتە جەلالی سام ئاغا ٣٦٦
**چوار:** وەزیری پەروەردە و پارێزگاری سلێمانی پرۆژەیەکی خێرخوازیی جەلالی سام ئاغا بەسەر دەکەنەوە ٣٧٠
**پێنج:** مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیی جەلالی سام ئاغا بەسەردەکاتەوە و ڕێزلێنانی پێشکەش دەکات ٣٧٣
**شەش:** جەختکردنەوە ٣٧٦
**حەوت:** لیژنەی پارائۆلۆمپی کوردستان، جەلالی سام ئاغا، بەسەردەکاتەوە و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدەبەخشێت ٣٧٧
**هەشت:** کوردنیوز ٣٨٠
**نـۆ:** ئەلبومێکی وێنەیی قۆناغی بونیادنان و کۆتایی و دەستپێکردنی خوێندن لە قوتابخانەی زەکییەی سام ئاغای ١٢ پۆلی ٣٨١
**دە:** ڕاپۆرتی گەلی کوردستان سەبارەت بەخەڵاتکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ جەلالی سام ئاغا.... ٣٨٧
**یانزە:** وەزیری پەروەردە ڕێزلێنان دەبەخشێتە جەلالی سام ئاغا- پەرەگراف ٣٨٩

**دوانزه:** هەواڵێکی تەلەفزیۆمی پەروەردەیی لەبارەی سەردانی (د. پشتیوان سادق) وەزیری پەروەردە بۆ لای جەلالی سام ئاغا ۳۹۲
**سیانزه:** ڕوومالّی کەناڵی ڕووداو بۆ سەردانیکردنەکەی د.پشتیوان سادق بۆ ماڵی کاک جەلال عومەر سام ئاغا ۳۹۳
**چوارده:** جەلالی سام ئاغا لەسەر ئەرکی خۆی و خوشکێکی باخچەیەکی ساوایان دروست دەکات- پەرەگراف ۳۹٤
**پانزه:** عقد الهبة ۳۹۷
**شانزه:** الی/ المدیریة العامة للتربیة فی السلیمانیة- الموضوع/ هبة شقة ۳۹۹
**حەڤده:** عقد هبة ٤۰۳
**هەژده:** بۆ بەڕێز کاک جەلالی عومەری سام ئاغا/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری - ب/ سوپاس و پێزانین ٤۰۹
**نۆزده:** بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانی بابەت/تۆمارکردن ٤۱۱
**بیست:** { عقد الهبة} ٤۱۳
**بیست و یەک:** إلی جلال عمر سام آغا - الموضوع/ هبة دار ٤۱٥
**بیست و دوو:** إلی وزارة الصحة الموقرة/ المدیریة العامة لصحة السلیمانیة الموضوع/ هبة الدار إلی وزارتکم لإتخاذها مستشفی ٤۱۷
**بیست و سێ:** وەڵامێک لە جەلالی سام ئاغاوە ٤۲۰
**بیست و چوار-** گوڵبارانکردنی جەلالی عومەری سام ئاغا بە خەڵات و ڕێزلێنان ٤۲۸

**بەشی نۆ** ٤۸۱
**گەشتەکانی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ دەرەوەی کوردستان بە وێنە**

# بەشی یەکەم
# بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

## یەک

## ڕاگەیاندنێکی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی(١)

گرنگیی ئەم ڕاگەیاندنە لەوەدایە، کە ئێمە (٢٧) ساڵ لەمەوبەر، بە ئەوپەڕی بوێرییەوە، چووینەتەوە بەگژ شەڕی ناوخۆ و گەندەڵیدا... کە خۆی لە پارتی و یەکێتی دا ئەنواند. لەو ڕاگەیاندنەدا بە جۆرێ پەردەمان لەسەر خراپییەکانی ئەو دوو پارتە هەڵداوەتەوە، کە ئێستەش هەموو کەس ناوێرێ بەو جۆرە خاڵ بخاتە سەر پیتەکان:

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی (١٩٩٥)، لە ئەنجامی نامەیەکی کراوەی لیژنەکەمان، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، بە بەرواری (١٩٩٤/١٢/٢٦) ئاراستەی سەرکردایەتی دوولایەنەکەمان کرد. بە تەلەفۆن بانگکراین بۆ ناو خانویەک لەسەر شەقامی سالم- بەرامبەر مەڵبەندی سلێمانیی یەکێتی، وتیان گوایە کاک نەوشیروان ئەیەوێ قسەتان لەگەڵ بکا، کە چووین ناوبراوی لێ نەبوو، بەڵکو لەلایەن چەند کەسێکەوە ئابڵوقەدراین. ئینجا کەسێک بە ناوی عەبدولڕەزاق فەیلی-یەوە کەوتە گرمەگرم و هەڕەشە و سوکایەتیکردن.

سەرەتا ڕوویکردە رەفیق قەزاز و پێی وت: «تۆ کێیت؟ تۆ ئەوە نیت کە ئەمنە سورەکەت دروستکرد؟» لە وەڵامدا قەزاز وتی: «من وەک بەڵێندەرێک ئەو بینایەم دروستکردووە، بەڵام من هەرگیز لە ژیانمدا جاشێتیم نەکردووە!»

ئینجا ڕوویکردە دکتۆر نیهاد فازیل و پێی وت: «ئەی تۆ کێیت؟ تۆ برای ئەو کەسە نیت لە بارەگای تورکمانەکان کار ئەکات؟ ئێوە کەس نازانێ کوردن یا تورکمان!» لە وەڵامدا دکتۆر وتی: «براکەی من کاسبە، چێشتخانەی ئەو جێگەیەی بە قونتەرات وەرگرتووە، ئێمە کوردین. من چەند ساڵێ پێشمەرگە بووم، نازانم تۆ ئەو کاتە لەکوێ بووی!؟»

---

(١) ئەم ڕاگەیاندنەمان لەرۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە(٢٦٩٤)ی رۆژی (١٩٩٥/١/٢٢) ل(٤) و لەناميلكەی پەرلەمانی شەهید لـ (٢٨٣-٢٨٥) بڵاوکرایەوە، خەڵکیش سەدان وێنەیان لەبەرگرتەوە و لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاویان کردەوە.

دوای ئەوە زۆر بەقینەوە ڕوویکردە کامیل ژیر، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، تەنیا سەرێکی لێ بادا و دەستێکی لێ ڕاوەشاند!! لێرەدا جەمال شاڵی ڕاپەڕی و نەڕانی بەسەریدا و پێی وت: «ئەی تۆ کێیت؟ تۆ ئەزانی ئێمە کێین؟ من کاتێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بووم، تۆ کەس نەی ئەزانی کێیت.» ئینجا بۆی هەستا، برادەران هێوریان کردەوە.

دوای ئەوە وشیار بابان ڕووی تێ کرد و وتی: «من نازانم ئێوە کێن؟ ئێوە ئەمنن یا پۆلیسن یا چین!؟» لەولاوە (جەلالی عومەری سام ئاغا) ڕووی تێ کردو وتی: «ئێمە بۆ لای کاک نەوشیروان هاتووین، بمان زانیایە وا نییە! هەر نە ئەهاتین.»

ئینجا لە وەڵامی قسەیەکیدا کە وتی ئێمە دوانتان بە چاکی ئەنرخێنین: کاک جەلال و کاک هوشیار، (جەلالی عومەری سام ئاغا) وتی: «من بەرتیلی قسە قبوڵ ناکەم، ئێمە هەموو یەکین. ئێمە بە سیفەتی میوان هاتووین، حەز ئەکەم ئەگەر کۆبوونەوەی دووەممان هەبێ، بێیت بۆ لامان بۆ ئەوەی فێری ئوسوڵی میوانداریت بکەین» و وتی: «من ئەمە ئەگەیەنم بە کاک نەوشیروان.»

گەلێ قسەی تری پێ وت، جارێکی تر جەمال شاڵی نەڕانییەوە بە سەریدا. ڕەزاق ژوورەکەی بەجێهێشت، کەسێکی تر هات و کەوتە هێورکردنەوەمان. دوای نزیکەی دە دەقیقەیەک ڕەزاق گەڕایەوە، کامیل ژیر پێی وت: «ئێمە نازانین تۆ لەسەر چی ئەمە ئەکەی؟ ئەگەر لەسەر نامەکەمانە، ئێوە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنتان هەیە، ئەتوانن وەڵاممان بدەنەوە.» جەلال کەوتەوە سەرزەنشتکردنی! ڕەزاق هاتە بەردەممان، داوای لێبوردنی لێ کردین و سەری دانەواند و وتی: «ئەمە پشتی من ئەوە (...)ی ئێوە»، بەڵام پۆزشکەی لێ قبوڵ نەکرا و بێ خواحافیزی چووینە دەرێ.

ئینجا پیاو قسەیەکی هەقیش بۆ ئەوان بکا، نامەکەی ئێمە ئەوەندە توندوتیژ بوو، کە هەر ئەو دوو لایەنە بوون قبوڵیان کرد، ئێمەش تەنیا لە دڵسۆزیمانەوە بوو. پێشەکیش چاوەڕوانی هەموو کاردانەوەیەکمان ئەکرد لە دژمان.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

## نامەیەکی کراوە لە لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە
## بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و جەماوەری گەل

وا جارێکی تر خوێنی کورد بە دەستی کوردکوژە کوردەکان ڕژێنرایەوە. ڕێکەوتننامە ستراتیجییەکانتان، کە دواهەمینیان ڕێکەوتنامەی (١٩٩٤/١١/٢١) بوو، ئەبوایە تا کۆتایی ئەم چەرخە بڕی بکردایە، ل ەدوای یەک مانگ پێشێل کرا.!

ئێستاش ئەشێ بپرسین کێ خەتابارە؟ بە هەموو پێوانەیەک، خەتابار،

ژمارەیەک لە ئێوەی سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبەن، کە دەستتان گرتووە بەسەر:

١. بەرهەمی ڕاپەڕینەکەی جەماوەری کوردستاندا.

٢. پارەی بانقەکان و ئامێر و کەلوپەل و کەرەسەی فەرمانگەکان و گومرگی کوردستاندا.

٣. موڵک ومالّی خەڵکیدا، بە بیانوی ئەوەی سەر بە ئەملا یا ئەولان، یا بە ناوی پیتاکەوە.

٤. کۆنەجاش و موستەشار و بەعسی و ئەمن و موخابەراتەکانی ڕژێم، لەنێو خۆتاندا بەش ئەکەن.

٥. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانتان تەزویر کرد، ڕێژەی ٧٪ پیلانێک بوو دژی حیزبەکانی تر.

٦. بازرگانی بە خوێنی شەهیدانەوە ئەکەن، لە دوای ڕاپەڕینەوە پێشبڕکێ ئەکەن لەسەر ئەوەی زیاترین ڕۆڵەی کورد بکوژن، یا بەکوشت بدەن.

٧. دیموکراتییەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و حوکمی یاسا پێشێل ئەکەن، هەوڵ ئەدەن لە ڕێگەی هێز و پیلان و تەزویر و چەواشەکردن و ویژدان کڕینەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی حوکمدا بگرن.

٨. گوللەتان بە P.K.K و بزوتنەوەی ئیسلامی و حیزبی شیوعییەوە نا، بەربەستێکن لەبەردەم پەرەسەندنی هێزە سیاسیەکانی تردا، ڕێگرێکن لەبەردەم کەسانی شارەزا و بەتواناادا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

٩. فەرمانگەکانتان کردووە بە تەمەڵخانەی لایەنگرەکانتان، بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و میلاک و پێویستی.

١٠. گوێ لە ڕا و تەگبیر و هانا و هاواری کەسانی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە ناگرن، لەبەردەم هێمایەکی بێگانەدا ملکەچ و دەستەوستانن.

١١. یاری بە بازاڕ و بە دراو و بە دۆلار و بە ئابووریی وڵات ئەکەن.

١٢. ناوچە ڕزگارنەکراوەکانی کوردستانتان لەیاد کردووە.

١٣. پەنا ئەبەنە بەر تۆقاندن و کوشتن و گرتن و ئازاردان لەسەر بیروباوەڕ.

١٤. بوونەتە هۆی نائارامی و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، ئەوەش وایکردووە خاوەن تواناکان کوردستان بەجێبێڵن.

١٥. گرنگی بە پرۆژەی ئابووری و گەشەسەندن نادەن، بیر لە گوزەرانی خەڵکیو دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی برسێتی هەژاران و فەرمانبەران و خانەنشینان ناکەنەوە.

١٦. لە کاتێکدا، نەخۆشخانەکان بێدەرمانن، بێ کەرەستە و بێ ئامێرن، بەبێ حیساب پارەی ئەم میللەتە ئەدەن بە چەک و کوردی پێ ئەکوژن.

ئێوەی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە، کە ژمارەیەکتان بە خوێنی ئەم میللەتە بوونەتە سەرمایەداری گەورە و پەساپۆرتی هەلاتن لە گیرفانتاندایە و خێزان و منداڵتان لە ئارامی و ڕابواردنی هەندەرانن.. یا هەر لە سەرەتاوە ڕێکەوتننامەکانتان بە ڕاست نییە بۆ چاوبەست و چاوەڕوانکردنی هەلێکی لەبارترە بۆ شەڕێکی تر، یا بە هۆی لەزمە و خاڵە لاوازەکانتانەوە دەسەلاتتان بەسەر کوردکوژە و هەلپەرستو جەردە و ئاودیوکار و پیاوانی ڕژێم و پیاوانی بێگانەی ناو حیزبەکانتان نییە، بۆیە بە ناوی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە داواتان لێ ئەکەین، کە چیتر یاریی بە چارەنووسی ئەم میللەتە نەکەن، ئەم تاقیکردنەوەیەی باشووری کوردستانیش لەدەست نەدەن.

داواش لە بەڕێزان سەرۆک و سکرتێری گشتی ئەو دوو حیزبە و تێکۆشەران و دڵسۆزانی ناو ریزەکانیان ئەکەین کە لەم قۆناغە ناسکەی کوردستاندا، بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بەلاوە نێن و کوردایەتی پێش حیزبایەتی بخەن، بە دەستێکی پۆلایین ریزەکانی حیزبەکانیان لە شەڕخواز و پیاوخراپ پاک بکەنەوە، بۆ بنەبڕکردنی شەڕی براکوژی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن:

١. ڕاگرتن و قەدەغەکردنی هەموو شەڕێکی براکوژی.

٢. بەشداریکردنی کەسی یەکەمی ئەو دوو حیزبە لەدەسەلاتەکانی حکومەتی هەرێمدا.

٣. کۆتایی هێنان بەدیاردەی پەنجا بەپەنجا و سپاردنی کار بەکارامە و داوێن پاک.

٤. هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای هەموو حیزبەکان و دروستکردنی سوپای کوردستان لە ڕێگەی تەجنیدی زۆرەملێوە. سپاردنی چەکی حیزبەکان بەو سوپایە.

٥. جێبەجێکردنی یاسای حیزبەکان و یاسای چەک.

٦. تەرخانکردنی(٩٠٪)ی گومرگ و باج و داهاتە گشتییەکان و دەستکەوتەکان بۆ حکومەتی هەرێم و(١٠٪)ی بۆ حیزبەکان.

٧. پێکهێنانی وەزارەتێکی هەمەلایەن، لەگەڵ حیزبەکانی تری ناو کوردستان.

٨. یەکخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی خوێندکاران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ژنان و.. هتد، هەریەکە و لە تەنیا یەک ڕێکخراودا.

٩. سپاردنی هەموو ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٠. ئەنجامدانی ئاماری گشتیی، پێش هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان و هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەر شێوازی بازنەیی بێت نەک ڕێژەیی.

بە باوەڕی ئێمە، ئەو هەنگاوانە لەمڕۆدا چارەسەری کێشەکان ئەکەن، چونکە ئەگەر گومرگ درایە حکومەت، ئەوسا شەڕ لەسەر چی ئەکەن؟ ئەگەر میلیشیا نەما، ئەوسا بە کێ شەڕ ئەکەن؟ ئەگەر چەک داماڵرا ئەوسا بەچی شەڕ ئەکەن؟ ئەگەر حکومەتێکی هەمەلایەنی بەهێز دروست بوو، ئەوسا حوکمی یاسا ئەچەسپێت و ڕێگە لە لادەرانی یاسا ئەگیرێ.

جا ئەگەر برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، گوێ بەم چارەسەرییانە نەدەن، ئەوا چوار ڕێگەیان ئەکەوێتە بەردەم: یا واز بێنن و هەلێک برەخسێنن بۆ دوای خۆیان، یا بەردەوام بن لەسەر شەڕ و بەیەکدادان لە شارەکان دوورخەنەوە! تا لایەکیان لاکەی تر تەواو ئەکا، یا ببن بە یەک لە یەک حیزبدا، یا چاوەڕوانی غەزەبی جەماوەربن، بە ڕاپەڕینێکی تر و هاتنە سەرجادە و مانگرتن.

هیوادارین نامەکەمان ڕاستیەکانی خستبێتە ڕوو، چاوەڕوانی وەڵامین لەگەڵ ڕێزمان.

**لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

**(١٩٩٤/١٢/٢٦)**



# دوو
## کۆششەکان بەردەوامن

لیژنەکەمان، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، هاوکات لەگەڵ کۆششی گەلێ لایەنو لیژنە و کەسانی تر، لەسەر کۆششەکانی بەردەوام بوو، ڕۆژی ١٩٩٤/٠٥/١٣ لە هەولێر لە بەیانییەوە تا نیوەشەو، لە هاتوچۆیەکی مەکوکی ئاسادا بووین لە نێوان کاک مەسعود لە سەری ڕەش و مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەناو هەولێردا، لە درەنگ کاتێکی شەودا، لە کاتێکدا هێزەکانی هەردوولا لەسەر بەرزایی و سەربانی خانوەکان سەرنگەریان لە یەکتر گرتبوو، هیچ گیانلەبەرێک بەسەر شەقامەکانەوە نەبوو! ئێمە کەوتینە بەرمەترسی بۆسەیەکەوە، هێندەی نەما دەستڕێژی گوللەمان لێ بکەن، بەڵام چونکە کۆششەکانی ئەو ڕۆژەمان ڕوو لە سەرکەوتن بوو، دەربەستی هیچ مەترسییەک نەبووین.

دیارە قسەی لیژنەی ناوبژیکار، هەر ئەبێ قسەی نەرمونیان بێ! لەو قسانەمان زۆرکرد و زۆر نووسی، بەڵام کاتێک بێهیوا ئەبووین لە ئەنجامی کۆششەکانمان، قسەی تریشمان ئەکرد، لەوانە:

کاک جەلال بە کاک مەسعودی وت: «بە ئابلۆقەدانی مەڵبەندی یەکێتیی لە دهۆک ئێوە بە دەستپێشخەر دەژمێردرێن.»

کاک مەسعود وتی: «من نیازی شەڕم نەبوو، ئەگەر ئەو نیازەم ببوایە، پێشەکی ئەو بەرزاییانەم ئەگرت، کە ئەڕوانن بەسەر سەلاحەدین و سەری ڕەشدا.» لە مەکتەبی سیاسی پارتی بە قادری وت: «ئەگەر تۆ ئەو بروسکەیەت بکردایە، لەوانە بوو شەڕەکە ڕووی نەدایە.»

کاک عەلی عەبدوڵڵا پشتگیری قسەکەی کردین و وتی: «ئەوە قسەیەکی ڕاستە... نابێ لە قسەی ڕاست زویر بین.»

لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر بە جەبار فەرمانی وت: «تۆ وتوتە وەک مەلا عوسمان کاک مەسعودیش ئەگرم!» وتی: «ئەوەی ئەو قسەیەی بۆ ئێوە کردووە بێ ئەدەبە، ئەگەر منیش کردبێتم، بێ ئەدەبم.»

بە کاک مەسعودمان وت: «لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەمڕۆماندا، گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی ئەگەر بەڕێزت لە ڕادیۆوە بانگەوازێک بکەی بۆ ڕاگرتنی شەڕ، یەکێتی بەڵێنیان پێ داوین، ئەوانیش شەڕ ڕائەگرن.»

کاک مەسعود وتی: «ئەوە ناکەم، چونکە دووجاری تر، «بەیان»ی لەو جۆرەیان پێ خوێندمەوە، شەڕیشیان ڕانەگرت.»

کاک جەلال وتی: «ئەی ئەگەر زۆرت لێ بکەین!؟»

کاک مەسعود وتی: «ئەوە جیایە، زۆر، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، باشە فەرمون ئێوە نوێنەری منیش بن، بچن لەسەر بانگەوازەکە پێکبێن، منیش ئەیخوێنمەوە.»

بەپەلە گەڕاینەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و لەسەر ناوەڕۆکی بانگەوازەکە پێکهاتین، ئەمە دەقەکەیەتی:

**بانگەواز...**

لەبەر بەرژەوەندی بەرزی کورد و کوردستان... لەبەر مەترسی گەورەی ئەو بەرامبەر یەکتر وەستانەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ترسی لە ناوچوونی هەموو شتێکی باش و هەموو دەستکەوتێکی گەلەکەمانی هەیە. بۆیە لەو ئاستە بەرزەی هەستکردن بە مەسئولیەتەوە:

١. داوا لە هێزەکانی هەردوولا یەکێتی و پارتی ئەکەم، لە یەک کاتدا بە پەلە لە سەعات١٠ی سەرلەبەیانی، رۆژی شەممە ١٩٩٤/٠٥/١٤، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە شارەکانی خۆیان.

٢. نابێت هیچ هێزێکی زیادە بمێنێ، ئەبێ هەمووی بگەڕێتەوە دهۆک و ناوچەکانی تری بادینان، ئەوانەی تریش بۆ ناوچەکانیان لە کەرکوک و سلێمانی.

٣. هێزەکانی ناو شاری هەولێر، سەربان و شوێنە بەرزەکان، لە هەمان کاتی دیاریکراودا سەعات١٠ بەری بدەن و بگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان.

٤. هەموو کارمەندانی حکومەتی هەرێم لە ڕۆژی شەممەوە دەوام بکەن. پەرلەمان و وەزارەتەکان، دانیشگا و قوتابخانەکان هەموو دەوامی ئاسایی بکەن، هەروەها بازاڕ و بازرگانیی ئاسایی کاری خۆیان بکەن، وەزعەکە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێش ١٩٩٤/٠٥/٠١.

٥. بازرگانی و هێنانی ئازوقە لە (ئیبراهیم خەلیلەوە)، بۆ هەموو شارەکان، ڕێگەی پێ بدرێت و کەس ڕێگە بە هاتوچۆ نەگرێت.

٦. هەرکەس ئەم بڕیارانە جێبەجێ نەکات، هەر لایەنێک یەکێتیی نیشتمانی و

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیلتیزام بە بەندەکانی نەکا، لەبەردەم گەلی کورددا، ئۆباڵی خوێنڕشتن و کارەساتەکە ئەکەوێتە ئەستۆی.

**مەسعود بارزانی**

بەڵام کە گەڕاینەوە سەلاحەدین، خوالێخۆشبوو «فرەنسۆ هەریری» ڕێگەی نەداین بچینەوە لای کاک مەسعود، وتی ئەمە پێویست نییە، چونکە ئێستا ئەو لە کۆبوونەوەدایە، لەگەڵ وەفدێکی تردا بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعصوم و ئامادەبوونی ئەحمەد چەلەبی. کاک عەلی عەبدوڵڵا ... بانگەوازەکەی پێ خۆش بوو، حەزی ئەکرد بچینەوە لای کاک مەسعود، زۆرمان چاوەڕوان کرد، بەڵام کۆبوونەوەکە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا، فرەنسۆش لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو، ناچار گەڕاینەوە.

ئێستا ئێمە، لەم پەڕاوەماندا، زیاتر بۆ خزمەتی مێژوو گرنگی بە کۆششەکانی لیژنەکەمان ئەدەین، هیوادارین لایەن و لیژنەکانی تریش، لەو پێناوەدا هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان، بەچاپ بگەیەنن و بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستانە:

١- تا نەوەکانی ئایندە ئەوە بزانن، کە هەوڵەکانی ئاشتی هەر تەنیا بریتی نەبوو لە هەوڵەکانی پاریس و درۆگیدا و لەندەن و ئەنکەرە و واشنتۆن.

٢- بۆ ئەوەی چارەسەرییە کوردییەکان، کە لە ڕاگەیاندنەکانی ئەو لایەن و لیژنەو کەسانەدا دیاریکراون و زۆر چاکتر و دڵسۆزانەتر و کردەییانەترن، لە چارەسەرە بیانییەکان، ببنە وانەیەک بۆ نەوەکانی ئایندە و بەربەستێک بۆ ڕوونەدانەوەی شەڕی ناوخۆ.

٣- بێگومان ڕێکخستنی ناوماڵی کورد، لەپێش هەموو شتێکیشدا ئاشتی و برایەتی و یەکێتیی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، یەکەم هەنگاوی پێویست و بنەڕەتییە بەرەو سەربەخۆیی، کە جێگەی باسی ئەم پەڕاوەمانە.

بۆیە وا لە دوابەشی ئەم پەڕاوەماندا، ڕاگەیاندنەکانی کۆششی نەتەوەیی پێشکەش بە خوێنەرەوەی بەڕێز ئەکەین. هەروەک سپاردەیەکی مێژووییش، ئەوە پیشان ئەدەم کە بۆ یەکەم جار مامۆستایان جەمال شاڵی و شێخ سالاری حەفید، بەدەنگمەوە هاتن، بۆ دروستکردنی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی. بەو هۆیەوە، کە هەردووکیان پارێزەربوون و نزیک بوون لێمەوە. ئەوانیش مامۆستایان خالید خاڵ و ڕەفیق قەزاز و دکتۆر نیهاد موحەمەد فاضل و جەلالی عومەری سام ئاغا و هۆشیار بابان و مەلا مەجید و مەتران عەبدولئەحەد یعقوب رەبانیان دیاری کرد. کە کەوتینە کار، گەلێ بەڕێزی تر داوایان لێ کردین، کە هاوکاریمان بکەن و ببنە ئەندام،

بەڵام ئێمە هەر وامان بە باش زانی، لیژنەکەمان فراوان نەکەین، چونکە کارەکانمان بەو ژمارەیە جێبەجێ ئەکرا. لە بارەی نووسین و داڕشتنی ڕاگەیاندنەکەمانەوە، بیرۆکەکان هی هەمووومان بوو، دوا داڕشتنەوەی بە من ئەسپێردرا.

ئەو ڕاستییەش پیشان ئەدەم کە هیچ کەس و لایەنێک یارمەتیدەری لیژنەکەمان نەبوو. هەموو خەرجییەکان بۆ نوسینەکان و سەفەرەکانمان لە گیرفانی خۆمان بووە.

شایانی وتنە، هەردوو بەڕێز «مەلا مەجید» و « مەتران عەبدولئەحەد»، تەنیا تا ڕاگەیاندنی ژمارە(١)ی١٩٩٤/٠٤/١٠هاوکارمان بوون، دوای ئەوە ڕوانیمان ئەوان بۆیان ناکرێ ئەو هەموو هاتوچۆیە بکەن، لیژنەکەمان مایەوە هەشت کەسەکەی تر.

# سێ
## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
### ڕاگەیاندنی ژمارە (٢)

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ژمارە (١)ماندا، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، لەپێناوی بەرجەستەکردنی کارەکانیدا بەگشتی و لەپێناوی درێژەدان بە کۆششەکەی بۆ یەکێتی و تەبایی و یەکگرتن، ئەم کارانەی ئەنجام دا:

١- ڕۆژی ١٩٩٤/٠٣/٢٣، ئەندامێکی لیژنەکەمان «کامل ژیر»، لە قەڵاچوالان لەگەڵ بەڕێز ملام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆبووەوە و لە پیرۆزبایی گرنگیتی تەبایی نەتەوە و خواستی جەماوەر بۆ یەکگرتنی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتیی کوردستان) دوا، وەک لە ڕاگەیاندنی ژمارە (١) ی لیژنەکەمان ڕەنگی داوەتەوە. بەڕێز مام جەلال بە جۆرێکی گشتی یەکێتی و یەکگرتنی باڵە سیاسییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی لا پەسەند بوو، پێخۆشحاڵی خۆشی بەرامبەر کۆششەکە پیشان دا، ئەوەشی خستە ڕوو کە یەکگرتنێکی لەو جۆرە پێویستی بە یەکخستنی هەڵوێست هەیە بەرانبەر ئایندەی کوردستان و بەرانبەر ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنی وڵات و دراوسێکان و بەرانبەر هەموو لایەنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان داوای بەردەوامبوون و سەرکەوتنی ئەم جۆرە کۆششەی کرد.

٢- ڕۆژی ١٩٩٤/٠٣/٣٠ هەر هەمان ئەندامی لیژنە، لەجیاتی لیژنەکەمان، لە سەری ڕەش لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆبووەوە و بە هەمان شێوە لە پیرۆزی و گرنگیتیی یەکێتی و تەبایی دوا، پێشنیازی یەکگرتنی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی کرد، وەک لە هەمان ڕاگەیاندندا هاتووە، ئەوەشی درکاند، کە بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا کۆبووەتەوە و سەرنج و بۆچوونەکانی ئەوی بۆ گێڕایەوە. بەڕێز کاک مەسعود ڕێزی لە کۆششەکە گرت و وتی: «من نازانم کۆشش بۆ یەکگرتنێکی لەو جۆرە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر سەرکەوت، ئاخۆ چ

خێرێک دەستگیری ئەم نەتەوەیە ببێت»، ئینجا بەڕێزی داوای سەرکەوتن و بەئەنجام گەییشتنی کۆششەکەی کرد و ئەوەیشی پیشان دا، کە پرۆژەکە گرنگە و کاری زۆرو بەردەوام و وردی ئەوێت، ئەمیش هەر لە پێویستی یەکخستنی هەڵوێست بەرانبەر بە ئایندە و دەوروبەر و دیاردەکان، دوا.

٣- رۆژی(١٩٩٤/٠٤/١١) لە ژووری بازرگانی سلێمانی لیژنەکەمان لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کۆبووەوە و ڕاگەیاندنی ژمارە (١)مانی خرایە پێش چاو، چۆنییەتی ئەرکەکانی پێویستیی دروستبوونی لیژنەکەمانی بۆ باسکراو لە گرنگی یەکگرتن، دواین. ئەوەمان وت، کە بە تاقیکردنەوە دەردەکەوێت یەکبوون و تەبایی تەواو دروست نابێت بەبێ یەکگرتن، ئەو یەکگرتنەش کە ئێمە داوای ئەکەین و خواستی گەلی کوردە، دژی دیاردەی فرە پارتایەتی نییە، ئێمە تەنیا مەبەستمان یەکگرتنی هەردوو باڵە سیاسییەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە، نەک هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی لە کوردستاندا. ئینجا ئەوەشمان درکاند، کە رۆژی ١٩٩٤/٠٤/١٢ لیژنەکەمان بەتەمایە بەکۆمەڵ لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کۆببێتەوە بۆ هەمان مەبەست، داوامان لێ کرد کە لە هەمان ڕۆژدا بمان گەیەنێت بە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک).

بەڕێز کاک فەرەیدون پیرۆزبایی لە کارەکە کرد و وتی: «بەلای منەوە کارێکی موستەحیل نییە، زۆریش پێم تاقە رێگە نییە، یەکێتی و پارتی بێ یەکتری هیچیان پێ ناکرێ، کاک مەسعود و مام جەلال بێ یەکتری هیچیان پێ ناکرێت، کارێکی چاکە ئەگەر ڕایەکی گشتی میللی دروست وەک هێزێکی دەسەڵاتی مەدەنی، پێموایە کۆششی وا ئەنجامی چاکی ئەبێت، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) ڕێزی کاک مەسعودی زۆر لایە، ئێوە بڕۆن وەکیلی ئێمەش بن، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئێستا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیمان بڵاوبوونەتەوە بۆ کارەکانیان، لەتواناداد نییە، سبەینێ بیان بینن، هەوڵ ئەدەم ئایندە بەیەکتان بگەیەنم.

٤- رۆژی ١٩٩٤/٠٤/١٢ لە سەری ڕەش لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کۆبووینەوە، لە ڕاگەیاندنێکی داهاتووماندا، ئەنجامی ئەو دانیشتنە و کۆبوونەوەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەخەینە پێش چاو.

هەر بژین بۆ کورد.

**لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

# چوار

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٣)

ئاشکرایە، بوونی چەند ڕێکخراوێک بۆ هەر یەکێک لە کەرتەکانی کۆمەڵ، وەک کەرتی قوتابیان یان خوێندکاران، ئافرەتان یان ژنان، بەدوورنییە لەم زیانانەی خوارەوە:

١. دروستبوونی دووبەرەکی لەناو هەر یەکێک لەو کەرتانەی کۆمەڵدا.

٢. لاوازبوونی ئەو کەرت و ڕێکخراوانە بە هۆی پارچەپارچەبوونیانەوە.

٣. لەبیرچوونەوەی ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو کەرت و ڕێکخراوانە بە هۆی کێشمەکێشی نێوان خۆیانەوە.

٤. دروستبوونی بۆشاییەک لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵدا کە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان سوود لەو بۆشاییە وەردەگرن.

ئەوانە و گەلێک دەرەنجامی خراپی تر کە نەک هەر پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتییە، بەڵکو پێچەوانەی بەرژەوەندی تایبەتی ئەو کەرت و ڕێکخراوانە خۆشیانە.

ئێمە وەک لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، کە ڕای گشتی جەماوەر ڕابهێنین، بۆ پێویستی یەکخستنەوەی وزە و چالاکییە تاکەکانی کۆمەڵ تەنیا لە یەک ڕێکخراودا بۆ یەک کەرت و داواکارین لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم ڕاگەیاندنەمان بکۆڵنەوە و بەدەنگ خواستی جەماوەرەوە بێن، بۆ یەکخستنی ئەو ڕێکخراوانە هەروەک چۆن ئێستا بۆ کەرتەکانی تری کۆمەڵ (مامۆستایان، پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەران، کرێکاران، جوتیاران، نووسەران)، بۆ هەریەکێکیان، تەنها یەک ڕێکخراو هەیە.

پێشمان چاکە وەک پێشنیارێک ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە:

أ- ڕێکخراوی کەرتی قوتابی و لاو ناوبنرێت (یەکێتیی فێرخوازان و لاوانی کوردستان)، ڕێکخراوی ئافرەتان ناوبنرێت (یەکێتیی خانمانی کوردستان).

ب- هەڵبژاردنی لیژنەکانی ئەو ڕێکخراوانە لەسەر شێوەی بازنەیی بێت، نەک ڕێژەیی... بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

ت- خۆپاڵاوتن بۆ لیژنەکان تاکەکەسی بێت نەک بە لیست، بۆ ئەوەی بۆ تواناو کەسێتی تاکەکەسی بوار بڕەخسێت، بێلایەن بێ یاخود لایەنگر، لیژنەکەی ئێمە ئامادەیی خۆی پیشان ئەدات بۆ هەر کارێک کە یەکگرتن ئەنجام بدات.

چاوەڕوانی وەڵام و بڕیاری جوامێرانەی پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانین.

١٩٩٤/٠٤/٢٠

**لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

# پێنج

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٤)

شاراوە نییە، کە لەم ڕۆژانەدا دیاردەی شەڕە پەڕۆ، شێوەیەکی ناشیرینی وەرگرتووە، بۆتە هۆی نیگەرانی جەماوەری گەل و ترسی پێکدادانی چەکدارانەشی لێ دەکرێت. سەرباری برسێتی و بێکاری و کۆستکەوتنی هەزاران ماڵی خاوەن شەهید. لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیەش یان کردارێکی هەرزە گێلانەیە، یان بە دەسیسە و پیلانی دوژمنانی گەلەکەمانە، بۆ لەبەرچاوخستن و لەناوبردنی ئەم کەشی ئازادییەی نەتەوەکەمان، بەڵام بێدەنگبوونی سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان لە ئاستی ئەم دیاردەیەدا، خەڵکیی بەرەو گومانی تر ئەبات! ئەو گومانەش بە زیان ئەگەڕێتەوە، نەک تەنها بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە گشتی، بەڵکو بە زیان ئەگەڕێتەوە بۆ پارتە سیاسییەکان خۆشیان بە تایبەتی.

لە کاتێکدا مەسەلەی ڕەنگ تەنیا نیشانەیەک بوو بۆ ناسینەوەی لیستی پارتە سیاسییەکان، لە کاتی هەڵبژاردنی گشتیدا، هەرگیز ئایدیا و پیرۆزمەندیی هیچ پارتێک نەبووە.

ئێمە دەنگی نارەزایی جەماوەری گەل ڕائەگەیەنین بەرانبەر بەم دیاردەیە و داواکارین هەر پارتە و لە لای خۆیەوە فەرمانی قەدەغەکردنی ئەو کردارە دەربکات، بە توندی سزای سەرپێچیکاران بدات، مەسەلەی بەدیارخستنی ڕەنگ تایبەت بێت تەنها بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتی.

چاوەڕێی وەڵام و بڕیاری جوامێرانەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانین.

**١٩٩٤/٠٤/٢٥**

**لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

# شەش

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٥)

بۆ بەڕێزان:
کاک مەسعود بارزانی
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتیی کوردستان

ئێمە کە ئەندامانی لیژنەی کۆششی نەتەوەیین، پشتگیری ئەو کۆشش و خاڵە پێشنیارکراوانە ئەکەین، کە یازدە حیزب و ڕێکخراوی سەرتاسەری کوردستان پێشکەش بە هەردوو حیزبی هاوپەیمانیان کردووە، بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژیو ئاساییکردنەوەی باری سیاسی و سەربازی نێوان ئەو دوو حیزبە هاوپەیمانە. ئامادەیی خۆشمان پیشان ئەدەین بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێک، کە ڕێکەوتنو تەباییو یەکێتی ئەنجام بدات. بەناوی جەماوەری برسی و ڕەش و ڕووتی کوردستانی ژێر ئابلۆقەی ئابووری دوای ئەنفال و کیمیابارانەوە، داوای وەستانی ئەم شەڕە بێ هۆ و بێ ئەنجامە ئەکەین، کە جگە لە ماڵوێرانی، نە سەرکەوتوو، نە دۆڕاوی تێدا نابێ، هەموو لایەک تێیدا زەرەرمەند ئەبن. ئەوەش ئەخەینە پێشچاو، کەوا گرانی و برسێتی و قاتوقڕی هەڕەشە لە دانیشتوانی وڵاتەکەمان ئەکات. ئەگەر دەستبەجێ ئەم شەڕە ڕانەگیرێ و بارودۆخ ئاسایی نەکرێتەوە، مەرگەساتێکی بەکۆمەڵ چاوەڕوانی نەتەوەکەمان ئەکات، دوژمنیش زەفەرمان پێ ئەبات، دۆستانیش دەستبەردارمان ئەبن، لە ئەنجامیشدا مێژوو شەڕخوازان و تاوانکاران تاوانبار ئەکات، هەموو خوێنێکی ڕژاو... برسێتی... لەباربردنی کەشی ئازادیمان لەئەستۆی هەر لایەنێک دایە، کە هەست بە لێپرسراوێتی مێژوویی ناکات. دانیشتوانی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان لەم دوو حیزبە هاوپەیمانە ئەکرد، کە زیاتر یەکبوون و تەبایی ئەنجام بدەن، بۆ گەشەپێدانی ئەم تاقیکردنەوەیەی نەتەوەکەمان، هەنگاونان بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی تری کوردستان، نەک پەنابردن بۆ شەڕێکی ئەوتۆ، کە لەباربردنی کەشی

ئازادیمانی تێدا بێت. جەماوەری کوردستان بەسەرسامییەوە بەراوردی قسەو لێدوانی چاکی لێپرسراوان و کرداری نامەسئولانەی کەسانی شەڕخواز ئەکات لە ڕیزەکانی ئەو دوو هێزە سیاسییەدا. تورەیی خۆی، بەرانبەر بە یەکدادانی چەکدرانە پیشان ئەدات، حساب نەکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی نەتەوە و نەفرەت لە شەڕی براکوژی ئەکات.

جارێکی تر داوای وەستانی شەڕ ئەکەین و ئامادەیی خۆمان دووبارە ئەکەینەوە بۆ ناوبژیوانی و هەر کارێکی خێر کە ئاساییکردنەوە و تەبایی و یەکێتی ئەنجام بدات.

١٩٩٤/٠٥/٠٩

# حەوت

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٦)

### پرۆژەی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بۆ ئاساییکردەوەی باری ئێستا و پتەوکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی حوکمی یاسا

١- گێڕانەوەی بارودۆخی سیاسی بۆ پێش (١٩٩٤/٠٥/٠١) لە هەموو ڕوویەکەوە.

٢- ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی»طواريء«، وەستانی چالاکی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕۆژی پێکهاتنەوە لەسەر ئەم پرۆژەیە تا کۆتاییهاتنی باری ئاڵۆزی کوردستان، ئەمەش بە بڕیارێک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٣- دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە:

أ- کەسی یەکەمی ئەو حیزبانەی بەشداری هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیان کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢.

ب- سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم.

ت- چوار کەسێتی بێلایەنی ڕۆشنبیری ڕابردوو خاوێن، کە لە هەڵبژاردنیاندا نوێنەرێتی چوار پارێزگاکە ڕەچاو بکرێت و ناوبراوانی بڕگەی (أ-ب)ی سەرەوە هەڵیان بژێرن.

٤- سپاردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەموو حیزبەکان بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و چالاکی ڕاگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕێگە پێدراوەوە بێت دوای لابردنی حاڵەتی نائاسایی.

٥- قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری و یەکخستنەوەی پێشمەرگەی هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمدا، بە تەواوی چەکەکانیانەوە، لەگەڵ سپاردنی کۆلیژی سەربازی لە قەڵاچوالان بە وەزارەتی پێشمەرگە.

٦- سپاردنی ئەرکی بازگەکان (نقاط السيطرة)، لە هەرێمدا بە پۆلیسی ناوخۆ و ئاساییش و پۆلیسی گومرگ.

٧- سپاردنی ئەرکی ئاسایشی ناوخۆ بە وەزارەتی ناوخۆ.

٨- سپاردنی ئەرکی ئاسایشی سنوور  بە وەزارەتی پێشمەرگە.
٩- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکرێتەوە... ماوەیەکی گونجاو بۆ سەرژمێری و ئامادەکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی، کە هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێن زامن ئەکات.

١٩٩٤/٠٥/١٢

# هەشت

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٧)

بە بۆنەی وەستانی شەڕەوە، هەروەها چەند پێشنیارێک:

١- کورتەی کۆششەکانمان/ لیژنەکەمان لە ڕۆژی(١٩٩٤/٠٦/٢٣)دا، یەکەم چالاکی خۆی ئەنجام دا، بە کۆبوونەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی لەگەڵ بەڕێز مام جەلال، دوای ئەوەش لە ڕۆژی (١٩٩٤/٠٣/٣٠) لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانیدا، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ تەبایی و نزیکخستنەوە و یەکێتی و یەکگرتن، ئەو هەوڵدانەش لە ئاکامی مەترسی کێشەی پەنجا بە پەنجا بوو، کە کارێکی ناجۆری کردبووە سەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و کارەساتی خراپ و ترسناکی لێوە چاوەڕوان ئەکرا، هەر بۆ ئەو مەبەستە لیژنەکەمان بەکۆمەڵ ڕۆژی (١٩٩٤/٠٤/١١) لەگەڵ (کاک فەرەیدون عەبدولقادر)، ڕۆژی (١٩٩٤/٠٤/١٢) لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی کۆبووەوە، دوای ئەوانە ڕاگەیاندنی ژمارەیەکمان لە ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی (١٩٩٤/٠٤/١٤) و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژی (١٩٩٤/٠٤/٢٧) بڵاوکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنجا بە پەنجا و بەرەبەستکردنی کارەساتی دڵتەزێن. بە داخەوە ئەوەی ئێمە پێشبینیمان کرد و لێی ئەترساین، لە مانگی مایسی ڕابردوودا ڕووی دا، جارێکی تر جۆگەلەی خوێن هەستا. نوێنەرانی لیژنەکەمان بۆ ڕاگرتنی ئەو خوێنە ڕزگارکردنی ئەوەی بەبەریەوە ماوە ڕزگار بکرێ، شەوی ( ٢-١٩٩٤/٠٥/٣) لە دیوانی پارێزگای سلێمانی تا بەرەبەیان لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو هێزەکەدا لە کۆششدا بووین، بە هاوکاری نوێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستان و ژمارەیەک زانایانی ئایینی و کەسانی تری خێرخواز.

ڕۆژی ١٩٩٤/٠٥/١٣ یش لیژنەکەمان لە هاتوچۆیەکی مەکوکی ئاسادا بوو لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی و بارزانیدا و بەیانێک و پرۆژەیەکی پێشکەشکردن بۆ ئاساییکردنەوەی بارەکە و پتەوکردنی حکومەتی هەرێم و چەسپاندنی حوکمی یاسا، وەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و برایەتی دا ڕۆژی ١٩٩٤/٠٥/١٥ بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی ٢٠/٠٥/ ١٩٩٤یش لیژنەکەمان بەکۆمەڵ لەگەڵ کاک مولازم عومەر و کاک عومەری سەید عەلی بۆ هەمان مەبەست کۆبووەوە.

٢- ئەنجامی کۆششەکان: ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەم دوو هێزە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانی ئێمەیان پێ ڕاگەیەندرا و نووسینەکانمانیان بڵاوئەکردەوە، هیچ هەڵوێستێکی ڕوون و ڕایەکی دیاریکراویان پیشان نەئەدا بەرانبەر خاڵە پێشنیارکراوەکانی ئێمە و هی دەیان لیژنە و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسانی خێرخوازو ناوبژیکاری تر بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەگەرچی لە ئەنجامدا شەڕەکە وەستێنرا، وا خەریکە هێزەکان لە یەکتر جیائەکرێتەوە و ئەکشێنەوە، بەڵام تەنیا وەستانی شەڕ و جیاکردنەوەی هێزەکان و کشانەوەیان بەس نییە بۆ چارەسەری کێشەکان. کێشەیەکی لەو جۆرە پێویستی بە چارەسەرکردنی ڕیشەیی هەیە، ئەبێ زامەکە وا سارێژکرێ، کە جارێکی تر هەڵنەداتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەکەمان لە ڕاگەیاندنێکی پێشوویدا چەند خاڵێکی پێشنیار کرد، وەک لە ڕۆژنامەی هەردوو حیزبدا ڕۆژی ١٥/٠٥/١٩٩٤بڵاوکرایەوە، لێرەدا دوای هەندێک ئاڵوگۆڕ بەپێی بارودۆخەکە، ئێستا بە چڕی و بە کورتی دووبارەی دەکەینەوە. لە ڕاگەیاندنێکی ترماندا زیاتر ڕۆشنایی ئەخەینە سەر ئەو پێشنیارانە و درێژتر لێیان ئەدوێین. داوا لە هەردوو حیزب ئەکەین کە ڕای خۆیان لە ڕۆژنامەکانیاندا دەربڕن، بەرانبەر بەو پێشنیارانە و بەرانبەر هەر ڕاو پێشنیارێکی تری کۆڕ و کۆمەڵ و کەسانی تری بەتەنگەوەهاتووی بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان، چونکە لە ڕاستیدا ئەوانە ڕاوبۆچوون و خواستی گەلن، هەر حیزبێکیش گوێ لە ڕاو خواستی گەل نەگرێت، گەل ئەدۆڕێنێت.!

٣- پێشنیارەکان:

١- گێڕانەوەی بارودۆخی سیاسی بۆ پێش ٠١/٠٥/١٩٩٤ لە هەموو ڕوویەکەوە.

٢- دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە:

أ- کەسی یەکەمی ئەو حیزبانەی بەشداری هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیان کردووە ساڵی ١٩٩٢.

ب- سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم.

ت- چوار کەسێتی بێلایەنی ڕۆشنبیری «ڕابردوو-خاوێن»، کە لە هەڵبژاردنیاندا نوێنەرێتی چوار پارێزگاکە ڕەچاوبکرێت و ناوبراوانی بڕگەی (أ-ب)ی سەرەوە هەڵیانبژێرن.

٣- دروستکردنی حکومەتێکی کاتی، لە کەسانی پسپۆڕ و خاوێن و بێلایەن، هەتا هەڵبژاردنێکی تری پەرلەمان، ئەمەش بە ڕا و ڕێکەوتنی هەردوو حیزبەکە.

٤- سپاردنی دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەموو حیزبەکان بە وەزارەتی

ڕۆشنبیری و چالاکی ڕاگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕێگەپێدراوەوە بێت، دوای لابردنی حاڵەتی نائاسایی.
٥- قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری و یەکخستنی پێشمەرگەی هەموو حیزبە کوردستانییەکان، لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمدا، بەتەواویی چەکاکانیانەوە، هەروەها بەکارنەهێنانی پێشمەرگە بۆ شەڕی براکوژی.
٦- سپاردنی ئەرکی بازگەکان (نقاط السیطرة)؛ لە هەرێمدا، بە پۆلیسی ناوخۆ و ئاساییش و پۆلیسی گومرگ.
٧- سپاردنی ئەرکی ئاساییشی ناوخۆ بە وەزارەتی ناوخۆ.
٨- سپاردنی ئەرکی ئاساییشی سنوور بە وەزارەتی پێشمەرگە.
٩- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکرێتەوە. دوای ماوەیەکی گونجاو بۆ سەرژمێریکردن و ئامادەکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی کە هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێن زامن بکات.
١٠- گرنگیدان بە فراوانکردنی سنوور و دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حیزبەکان.
هەربژین بۆ کورد
١٩٩٤/٠٦/١١

# نۆ

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ژمارە (٨)

### شەڕی براکوژی مەسەلەی کورد بۆ کوێ ئەبا!

بە درێژایی مێژووی گەلی کورد، زۆر کەم... بگرە بە دەگمەن، هەلی وارەخساوە بۆمان کە تێیدا ئاسۆی مەسەلەی کورد بە ڕووناکی ئەبینرێ. بۆیە بە سەرجەم لەناو گەلەکەماندا هیوا و خۆشیی ڕزگاربوون و هاتنەدی ئاواتی ساڵەهای ساڵ، بەدی ئەکرا لە دڵ و دەروون و کرداری خەڵکانی کوردستاندا، خۆ ئەگەر بتوانین بە تۆزێک عەقڵ و هۆشیاری و دەرس وەرگرتن لە بەسەرهاتەکانی نەتەوەکەمان، لەگەڵ کەمێک سنگفراوانی و دووربینی و زیرەکی و هەڵسەنگاندنی کێشەکەمان لە بواری ناوەوە و دەرەوەدا، پێشخستنی بەرژەوەندی مەسەلەکەمان بەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسکدا و ڕادەیەکیش لە ڕێزگرتن لە هەست و ئامانجی میللەت و بەزەییهاتنەوە پێیدا، بەمانە هەموو بێگومان ئەتوانین کەڵک وەربگرین لەم هەلە بەنرخە و بەشدارییەکی چالاکانە بکەین بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە، کە ئاواتی هەموو کوردێکە لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا. بڕواناکەین فرسەتی وا، ئەگەر لەکیس خۆمانی بدەین، جارێکی تر دووبارە بێتەوە، هەرنەبێ لە کوردستانی عێراقدا.

پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بە گەورە و بچوکییانەوە، ئەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن کە چارەنووسی مەسەلەکەمان چارەنووسی هەموو کوردێکە، سەرکەوتنیشمان لەم تاقیکردنەوەیەدا هەر بە هەوڵ و کۆششی هەموان دێتە دی، جگە لەوەی هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەکەمان ئەنجامی بەشداریکردنی هەموو لایەکە بە تێکڕایی، بۆیە کوردایەتی موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە بە تەنیا، تەنها هەر ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکانمان، لەبەر ئەوەی هێزێکی ڕێکخراون و خۆیان تەرخان کردووە بۆ خەبات لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان، ئەبێ لە کەسانی تر زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و بۆ مەسەلە ڕەواکەمان دڵسۆز

بن، کە ئەمانەتێکە لایان و ئەبێ بیپارێزین. کەمتەرخەمی لەو بوارە گرنگەدا زیاتر شانی پارتە سیاسییەکانمان ئەگرێتەوە، وەک لەوەی کەسانی بێلایەنی تر، چونکە ئەوان پێشڕەون لەم مەیدانەدا، بۆیە لە سەرکەوتندا ئەوان زیاتر بەرهەمەکەی ئەخۆن. هەموو شکستێکیش ئەگەر ڕوویدات مێژوو زیاتر لەگەڵ ئەواندا حیساب ئەکات و گەلی کوردیش ئۆباڵەکەی ئەخاتە ملیانەوە.

گەل، داوا لە پارتە سیاسییەکانمان ناکات کە ببن بە فریشتە، چونکە ئەوانیش وەک ئێمە بەشەرن، بەشەریش ئەکەوێتە هەڵەوە، بەڵام هەڵە تا هەڵە جیاوازیی هەیە! هەڵەی گەورە چاوپۆشی لێ ناکرێ، شەڕی براکوژی نەک هەڵەیە، بەڵکو تاوانێکی گەورەشە و لە خەیاڵی دوژمنانی کوردیشدا نەبوو، کە ئاواتیان پێ ئەخواست کە جارێکی تر ڕوویداتەوە، بەڵام بە داخەوە بەچاوی خۆمان دیمانەوە! یەکێک لە کەمتەرخەمی هەردوو پارتە سیاسییە گەورەکە لەوەدایە، بەردەوام لێپرسراوانیان دووپاتیان ئەکردەوە، کە شەڕی براکوژی خرایە گۆڕەوە و دوژمنانمان لە خەویشدا نایبیننەوە. شاردنەوەی ڕاستی لە گەل، لە بەرژەوەندی کێیە؟ بە ڕووکەش پێیان ڕائەگەیاندین، کە پەیوەندی ئەم دوو پارتە سیاسییە زۆر بەهێزە و هاوپەیمانی یەکترن، لە کاتێکدا لە ژێرەوە شیروتیرییان لە یەکتر ئەسوو! تا تەقییەوە و جارێکی تر دەستیان چووەوە خوێنی یەکتری، باشتر نەبوو ئەگەر هەموو ڕاستییەکیش نەخرایەتە بەردەمی جەماوەر! هیچ نەبێ بەشێک لەو ڕاستییە بە گەل بوترایە، کە لەوانەبوو میللەت بیتوانیایە هیممەتێک بکا و نەی هێشتایە کار لەکار بترازێ و بگاتە ئەم قۆناغە ناخۆشە سامناکە، کەی سەرکردایەتی ئەم دوو پارتە هاوپەیمانە ئەگەنە ئەو قەناعەتەی، کە ئەبێ هەموو ڕاستییەک دەربارەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لە هەموو بوارێکدا بە هەموو ئەمانەتێکەوە بخرێتە بەردەم میللەت.

جەماوەر، کە خاوەنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەیە، لەم دەستکەوتانەی کە گەلی کورد دەستگیری بووە و پاڵپشتی دڵسۆزی حکومەتی کوردستانە، لە هەموو هەوڵ و تەقەلایەک کە بەرژەوەندی کوردەکەی تێدا بێ، وابزانین مافی خۆیەتی کە ئاگای لە هەموو یان زۆربەی ئەوکێشانە بێ کە لەئارادایە، بۆ ئەوەی وەکو میللەتێکی زیندووی پێشکەوتوو، شارەزای تەنگوچەڵەمەکانی بێ، لە هەموو بوارێکدا بتوانێ دەورێکی ڕاستی کاریگەری هەبێ لەچارەسەرکردنیدا. تۆ ناتوانیت هەڵوێستت بەهێزتر بێت، بەرانبەر دوژمنان و دۆستانت، ئەگەر گەلەکەت دوورخەیتەوە لە بەشدارییەکی چالاکانە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان، جگە لە کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان بە هەر بیانوویەکەوە بێ. ئازایەتی ئەوەیە، بە ئاشکرا هەموو ئەو کێشانەی کە بوون بە کۆسپ و گرێکوێرە لە ڕێی پێشکەوتنماندا بخرێتە بەردەم میللەت و داوای لێ

بکرێ بەشداری لە چارەسەرکردنیدا بکات. ئازایەتی ئەوە نییە بڕوات بە هەرچییەک بێت... بیڵێیت. بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە، بڕوات بەوانە هەبێ کە ئەیڵێی. ئەم قسەیەی فەیلەسوفی فەڕەنسی بەناوبانگ، چەند جوانە کە ئەڵێ: (من نازانم خەڵکی چی ئەڵێن، بەڵام من بەردەوام دووپاتی ئەکەمەوە، یان ئەبێ بڕۆن بۆ پێشەوە، یان ئەبێ نەمێنن).

بە گەلە بریندارە شەکەتەکەمان چی بڵێن؟ چی بە دۆستان و دوژمنانمان بڵێین، دوای (٢٨) ساڵ بەسەر یەکەم شەڕی برا کوژیدا، جارێکی تر ئەم کارەساتە جەرگبڕە دووبارە ئەبێتەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین، ئەگەرچی هەردوولا بەڕێژەیەکی جیاوازیش بێ خەتابارن لە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەدا، چۆن ئەم برینە سارێژ ئەبێ؟ کەی باوەڕ و متمانە لەنێوان هەردوو حیزبی هاوپەیماندا دروست ئەبێتەوە؟ شەهیدان لەپای چی خۆیان بەکوشت دا، چی بە کەسوکاریان بڵێین؟ ئەم خەتا گەورەیە چۆن ئەسڕێتەوە و لە مێشکی خەڵکیدا لا ئەبرێ. کەی ئەم دوو حیزبە بە خێرێ کەڵک لە هەڵەکانیان وەرئەگرن، بۆ ئەوەی دووبارەی نەکەنەوە، کەی بەکردەوە، نەک هەر بەقسە لایەنی حەق دەگرن؟ ئیتر ئەو حەقە لەگەڵ هەرکەسێک یاخود لایەنێکدا بێت، ڕاستە هەروا ئاسان نییە، کە مرۆڤ بەردەوام پشتگیری لە حەق بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، وەستان لەگەڵ حەقدا، پێویستییەکی سەرشانی هەموو ئەوانەیە کە ویژدانیان زیندووە و بەرژەوەندی جەماوەریان لا گرنگە... پێوانە بۆ دڵسۆزی هەر پارتێکی سیاسی خزمەتگوزاری ئەو پارتەیە لەپێناوی هێنانەدی ئامانج و هیوای میللەتەکەیدا، مسۆگەرکردنی دواڕۆژێکی خۆشتر بۆی، لەگەڵ بۆچوونی سیاسی ڕاستدا. بۆیە ئەمڕۆ سەنگی مەحەک کردەوەیە نەک قسە، بەردەوام قسەی باشی بێ کردەوە لەسەر مرۆڤ زۆرتر ئەکەوێ، زیاتر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە متمانەیان لای گەل کەمتر ئەبێتەوە.

مەترسی هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژی، یان بەردەوامبوونی، بەلای ئێمەوە ئەم ئەنجامە خراپانەی خوارەوەی ئەبێت:

١- متمانە و بڕوای خەڵکی کوردستان و تەنانەت ئەندامانی هەردوو حیزبەکەش، بە هەردوو پارتە سیاسییەکە زۆر کەم ئەبێتەوە، کە ئەمەش نە لە بەرژەوەندی گەلەکەمانە، نە لە بەرژەوەندی هەردوو پارتە تێکۆشەرەکە.

٢- مەسەلەی کورد، کە ساڵەهای ساڵ، هەوڵی بۆ ئەدرێ و ڕەنگی ڕشتووە، بە خوێنی هەزاران شەهید گەیشتۆتە ئەم قۆناغە، ئەکەوێتە مەترسییەکی گەورەوە، لەوانەیە لەدەستمان بچێ، ئەو ڕووناکییەی کە هیوای هەموانە بکوژێتەوە.

٣- خەڵکی کوردستان، توشی مەینەتییەکی گەورە ئەبن، ورە بەرئەدەن و بڕوایان نامێنێ بە خۆیان، هیوایان بە مەسەلەی نەتەوایەتیمان زۆر کز ئەبێ، ئەم

بارودۆخەش هەر لە بەرژەوەندی دوژمنانی گەلەکەمانە، کە لەوانەیە زەفەرمان پێ بەرن و میللەتی کورد توشی کارەساتێکی گەورەتر بکەن.

٤- دۆستانمان، ئەگەنە ئەو قەناعەتەی کە باوەڕیان پێمان نەمێنێ و دەستمان لێ بەردەن، چونکە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ، کە کورد ناتوانێ حوکمی خۆی بکا، ئەم هەلەی بۆی ڕەخسێنراوە، خۆی بەدەستی خۆی ئەیخاتە گۆڕەوە.

٥- بە کردەیی، خۆمان بۆ دۆستان و دوژمنانمان ئەسەلمێنین، کە میللەتی کورد میللەتێکی دواکەوتووی شەڕانییە و ئیمانی بە دیموکراتییەت نییە، بەوەی کە لە جیاتی ئەوەی کێشەکانی بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکا، ئەیەوێ بە چەک و لولەی تفەنگی شەڕ بەسەر لایەنە سیاسیەکانی تردا بسەپێنێ.

٦- پەیوەندی نێوان هەردوو پارتە سیاسییەکەی کوردستان، کە لە حوکمڕانی کوردستان و پەرلەماندا نیوە بەنیوە هاوبەشی ئەکەن. لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی کز ولاوازە، ئەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی ناچارییە، زیاتر لەوەی کە پەیوەندییەک بێ لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی سەربەستانە، شەڕی براکوژیش ئەبێ بە هۆی پچڕانی ئەو پەیوەندییە لە بنەڕەتەوە.

٧- سەرنەکەوتنی ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان، ئەبێ بە هۆی نیگەرانی خەڵکانی بەشەکانی تری کوردستان و نەمانی هیوا بە مەسەلە ڕەواکەیان، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی گەلی کوردمان نییە، لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

٨-لە هەمووی سامناکتر ئەوەیە، ناکۆکی و شەڕی براکوژیمان ولاتانی دەوروپشتمان هان ئەدا فرسەت بێنن و ئاگرەکە خۆش کەن و دەست بخەنە ناو کێشەکەمانەوە، بە ئومێدی لاوازکردنمان و ڕووخاندنی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوەمان بۆ بارودۆخێکی خراپتر لە جاران. ئەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین، هەندێ لەو ولاتانەی دراوسێمان لە سەرووی لیستی ئەو ولاتانەیە کە ئیمانیان بە تیرۆر هەیەو ڕۆژانە چالاکانە ئەنجامی ئەدەن. جگە لەوەی گەلەکانی خۆیان بەدەست جەورو ستەمیانەوە ئەناڵێنن، چونکە هەرچی بڕوا هەیە، بە شارستانییەت و دیموکراتی، نیانە. لە خراپە زیاتر هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێ، جگە لەوەی کە بە خوێنی سەری کورد تینوون، دەستدرێژی ئەوان بۆمان کە تا ئێستا بەردەوامە، باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی وتمان، ئێمە بۆمان نییە گلەیی لەم دراوسێ خراپانەمان بکەین، لە کاتێکدا کە خۆمان خۆمان دەکوژین. هەل ئەڕەخسێنین بۆیان، کە دەستدرێژی بکەنە سەرمان.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و بنەبڕکردنی، بە تایبەتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان/ یەکگرتوو، هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نزیککەوتنەوەیان لەیەکتری و پتەوکردنی هاوکاری لە نێوانیاندا، داڕشتنی پەیوەندییەکی

تازە برایانە لەسەر بنچینەی ڕێز لەیەکتر گرتن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە گیانێکی برایانە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بە شێوەیەکی دیموکراتیانە، کە جارێکی تر بە هیچ جۆرێک مەترسی شەڕ هەڵگیرساندن نەیەتە کایەوە. ئێمە ئەم پێشنیازانە پێشکەشی هەردوولا ئەکەین، هیوادارین کە بە گیانێکی پاک و هەستێکی دڵسۆزانەوە لێمان وەرگرن، ئێمەش بۆ هەردوولا دووپاتی ئەکەینەوە کە مەبەستمانە بۆ هەردوو پارتە تێکۆشەرە کورد پەروەرەکە، بە هیوای زیاتر نزیککەوتنەوە لە یەکتری، لە ڕێی خزمەتی گەلی کوردمان و گەییشتن بە هەموو دەستکەوت و ئامانجە ڕەواکانی.

١- ئەبێ سەرکردەی هەردوو پارتە سیاسییەکە لەوە گەورەتر بن، کە هەر لە گۆشەی بەرژەوەندی خۆیانەوە یان هێزە سیاسییەکەی کە پشتگیری ئەکەن، سەیری مەسەلە گرنگەکانی گەلەکەمان بکەن. ئەبێ بەرژەوەندی گەل و نیشتمانمان لا گرنگتر بێ، لەو باوەڕەدا بن کە جیاوازی بیروڕا شتێکی بەجێیە، تەنها ڕێگەش بۆ بەرهەڵستیکردنی دیکتاتۆریەت، کە سەپاندنی یەک بیروباوەڕە بەسەر میللەتدا، جیاوازی بیروڕایە. ئێمە ناتوانین لافی ئەوە لێ بدەین، کە دژی هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆرین، با بە قسەش بە جۆرێکی دیکە خۆمان پیشان بدەین.

٢- سەرکردایەتی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان، بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکییەکە، ئەرکێکی گەورەیان لە سەرە لە بواری ڕوونکردنەوەی باری سیاسیی کوردستان بۆ هەموو ئەنجامەکانیان و پاڵپێوەنان و هاندانیان بۆ نزیککەوتنەوە لە یەکتری و لە هێزە سیاسییەکانی تری بەرەی کوردستانی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێگەییشتن لە یەکتری ڕێکەوتن بەلای کەمەوە لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان، کە پەیوەندی هەیە بە پاراستنی ئەمنی نەتەوایەتی کوردەوە، لە سەروو هەموویانەوە شەڕی براکوژییە، کە ئەبێ بە هیچ جۆرێک و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێ بە هیچ لایەنێک نەدرێ یاری بەم مەسەلە سامناکە بکا و بە یاسا قەدەغە بکرێ. ئەندامانی سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان، ئەبێ خۆیان بە قسە و کردار سەرمەشق بن لەم ڕێگایەدا، هەتا کەسانی تر چاویان لێ بکەن. بۆ گەییشتن بەم مەبەستە، ئەبێ لە تەلەفزیۆندا بەرنامەی تایبەتی تەرخان بکرێ بۆ ئەم ئامانجە، لەگەڵ سازکردنی ئەڵقەی ڕۆشنبیری ناوبەناو بە بەشداریکردنی لێپرسراوە گەورەکانی بەرەی کوردستانی. لەم کۆبوونەوانەدا زۆر لە مەسەلە نهێنییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە سیاسییە، کە جیاوازی بۆچوونی سیاسییان هەیە، ئەبێ بۆ جەماوەر ڕوون بکرێتەوە... بۆ ئەوەی گەل هیچی لێ نەشاردرێتەوە، ئەوانەی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا بەشداری ئەکەن لە نزیکەوە بزانن کێشەکان چین! ناکۆکی و

جیاوازی پارتە سیاسییەکانمان ئەگەر بگاتە ڕادەی پێکدادان و تێکدانی تەبایی نێوانیان هەرچەندە زەرەری هەموولایەک ئەگرێتەوە، بەڵام جەماوەری کورد زیاتر باجەکەی ئەدات.

بەرەی کوردستانی، بە تایبەتی دوو پارتە گەورەکە، ئەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە هەموویان لە بەرامبەر دوژمنی تینو بە خوێنی هەموو لایەک، لە یەک سەنگەردان، بێ جیاوازی بیروباوەڕ، بۆیە ئەبێ لە بنەڕەتەوە گۆڕینێک ڕوو بدات لە سەرنجمان بۆ یەکتری لە چوارچێوەیەکی تەسکەوە بۆ ڕوانینێکی فراوانتر، ئەو ڕاستییە دەرخات کە ئەبێ کوردایەتی ڕاست و بەرژەوەندی گەلی کورد لە سەروو هەموو مەسەلەیەکی ترەوە بێت.

٣- زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە سەرسامییەوە هەواڵی شەڕی براکوژییان بیست، لە ڕاستیدا هەموو واقیان وڕمابوو، بڕوایان نەدەکرد کە ئەم کارەساتە بە بەرچاویانەوە ڕووئەدات، لەنێوان ئەو دوو حیزبەی کە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و بەروبوومی وڵاتیان دابەشکردووە لەناو خۆیاندا، ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی کە ماوەی سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەداخەوە بە شەڕی براکوژی شکایەوە، پاڵ بە هەموو پارتە هاوپەیمانەکانەوە ئەنێ کە بە قوڵی بیرکەنەوە لە هۆکانی. لەو باوەڕەداین، ئەگەر نییەتپاک بێت لەنێوانیاندا هەردوولا هۆکانی ئەزانن و چارەسەرکردنیشی هەر ئەزانن، بۆیە پێویستە ئەگەر بیانەوێ سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەبێ ئەو هۆیانەی بوو بە شەڕی براکوژی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، بەکردەوەش دەرکەوت شەڕکردن لەسەر دەسەڵات (السلطة)، شەڕێکی بێهودەیە و هیچ لا سەرکەوتوو نابێ تیایدا.

٤_ ئەوەی بۆ هەمووان ئاشکرا و ڕوونە، ئەوەیە گەلی کوردمان نەفرەت لەشەڕی براکوژی دەکات، بەتایبەتی زۆربەی جەماوەری کوردستان کە بێلایەنی سیاسیین، بەتایبەتی ڕووناکبیران و خوێندەواران کە بەهەموو تواناکانیانەوە دەنگی ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی دژی شەڕی براکوژی. ئەم دیاردەیە جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە تەجروبەی پەنجا بە پەنجا جگە لەوەی کە میللەت لەگەڵیاندا نییە، تەجروبەکەش خۆی لەخۆیدا پووچەڵ بووەوە و بەنابوتی لێی هاتە دەرەوە، ئەگەر هەردوو حیزبی هاوپەیمان بیانەوێت ئەم ئەزمونە دیموکراتییەی کوردستان ڕێگایەکی تازە بگرێ و سەکەوتن بەدەستبێنێ، ئەبێ:

أ- بە ڕای هەردوو حیزبەکە، حکومەتێکی کاتی پێک بهێنرێت لە کەسانی پسپۆڕو بێلایەن و خاوێن، هەتا هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمان.

ب- پەیوەندییەکی تازە دروست ببێ لەنێوان هەردوو حیزبی هاوپەیماندا لەسەر

بنەمایەکی تازە، کە سوودیان لە هەڵەکان وەرگرتبێ، بۆ ئەوەی دووبارەی نەکەنەوە.

ت- چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. بەم بۆنەیەوە ئاماژە ئەکەین بۆ ئەو پرۆژەیەی، کە لە (٩) خاڵ پێکهاتبوو، لیژنەکەمان پێشکەش هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کرد و کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی هەردوو لاوە ڕۆژی (١٩٩٤/٠٥/١٥) بڵاوکرایەوە.

پ- ئەبێ دامودەزگای حکومەت بدرێ بەوانەی کە شارەزاییان هەیە، هەر کەسەو لە بواری پسپۆڕی خۆیدا، بێ گوێدان بە پەیوەندی سیاسی، لەگەڵ بایەخدان بە بڕوانامە و دڵسۆزیی نیشتمانپەروەری، ئەگەر بیانەوێ حکومەتی هەرێم لە خزمەتی گەلدا بێ و ئیشوکارەکانی بە ڕێکوپێکی بڕوا بەڕێوە.

ج- نابێ وەزیر و جێگری وەزیر دژ بە یەک بن، جگە لە وەزیر کە پلەیەکی سیاسییە، پلەکانی تر لە جێگری وەزیرەوە تا فەرمانبەرێکی ئاسایی ئەبێ بە پێی بنەمای پسپۆڕی و شارەزایی و بڕوانامە بێت.

ح- هەرچی موقەڕەراتی پارتە سیاسییەکان هەیە، ئەبێ کەم بکرێتەوە لە شارەکانی کوردستاندا، دیاردەی چەکداری تێدا نەمێنێ و ببێ بە نوسینگەی حیزبی، کە دیاردەیەکی شارستانییە، وەک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەدی ئەکرێ.

خ- دیاردەی چەکداری بە گشتی نەمێنێ لە کوردستاندا، تەنها ئەوانە چەک بەدەست بن، کە حکومەت ڕێیان ئەدا. هەرچی چەک و جبەخانەی تر هەیە، هی هەر لایەنێک بێ، ئەبێ کۆبکرێتەوە و بدرێ بە حکومەت.

لە کۆتاییدا با هەموو دڵسۆزانە هەوڵ بدەین بۆ سەرکەوتنی عەقڵ و سەربەستی ڕای سیاسی و ئیمان بێنین، کە گفتوگۆکردن هونەری گەلانی پێشکەوتووە. لەبەر ئەوەی پێویستی سەرشانی هەموان ئەوەیە، کە بە دوای حەق و ڕاستیدا بگەڕێین، بۆیە فەرمانیشمان ئەبێ ڕێزگرتن بێ لە هەر ڕایەک، کە بە ڕاستی هەوڵ ئەدات بۆ دۆزینەوەی ئەوڕاستییە.

١٩٩٤/٠٦/١٢

# ٥٥

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (٩)

بۆ: سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی، بەڕێز
م.س پارتی دیموکراتیی کوردستان- یەکگرتوو، بەڕێز
م.س یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێز
م.س حیزبی شیوعیی کوردستان، بەڕێز

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی پشتگیریی پێشنیاری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی ئەکات بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی، هەروەها پشتگیریی ئەو پێشنیارانە ئەکات، کە م.س (ی.ن.ک) پێشکەشی کردووە و (١٨/٠٦/١٩٩٤) لە کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە بۆ هەمان لایەن بخرێتە بەردەم کۆنگرەکە. ئێمەش هەر لەو بارەیەوە پرۆژەیەکمان هەیە و ئامادەی بەشداریی کۆنگرەکەین. تکایە لە کات و جێگەی کۆنگرەکە ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**سلێمانی-٢٠/٠٦/١٩٩٤**

# یانزە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٠)

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، بێزاری خۆی دەرئەبڕێ بەرانبەر بە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان یەکێتی و پارتی، کە لە ئەنجامی کارەساتە جەرگبڕەکەی (٠٦/١٣)ی سلێمانییەوە ئاگرەکەی خۆشتر بوو. ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە جگە لەوەی کە خەڵکی کوردستانی تەواو بێزار کردووە، ئەشێ بشبێتە سەرەتایەک بۆ ڕوودانی کارەساتی خراپتر، ئاستی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبەکەشی هێناوەتە خوارەوە.

ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە و کارەساتەکەی (٠٦/١٣) بەڵگەیەکی تری ڕاستیتی ڕاو بۆچوونی لیژنەکەمانە، کە لە ڕاگەیاندنەکانی پێشوومان‌دا وتبوومان، ئەبێ کێشەی نێوان ئەو دوو حیزبە چارەسەرێکی ڕیشەیی بکرێت، بە داماڵینی چەکی حیزبەکان‌و حکومەتێکی کاتی بێلایەن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حیزبەکان بدرێت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، تەنیا وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیاری ئاساییشی ناوخۆ بێت، وەزارەتی پێشمەرگەش تەنیا بەرپرسیاری ئاساییشی سنوور بێت و هەرگیز پێشمەرگە بۆ شەڕی براکوژی بەکارنەهێنرێ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمیش لە کەسی یەکەمی حیزبەکان و ژمارەیەک کەسی بێلایەن دروست بکرێتەوە.

جارێکی تر داوا لە حیزبەکان ئەکەین، کە لە کەشکەلانی بەرز بێنە خوارەوە و گوێ بۆ ڕای جەماوەر بگرن، بەر لەوەی جەماوەر پشتگوێیان بخات، لە کۆتاییدا:

١- داوای ڕاگەیاندنی ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە ئەکەین، کە سەرجەم خەڵکی کوردستانی بێزار کردووە.

٢- داوای لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی لە کارەساتەکەی ٠٦/١٣ ئەکەین، لەگەڵ سزادان‌و ریسواکردنی تاوانکاران و بژاردنەوەی زیان لێکەوتوانی نەوەی شەهید و بریندارەکان.

٢- داوای کۆتایی هێنان بە تۆقاندن ئەکەین لە هەر لایەنێکەوە، لە هەر کونجێکی کوردستاندا.

١٩٩٤/٠٦/٢٠

# دوانزە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١١)

### ڕوونکردنەوەیەک لە لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە

سەرلەبەیانی(١٩٩٤/٠٦/٢٦) ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، ئەوەی بڵاوکردەوە، کە گوایە ئەندامێکی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، وەک لایەنگری لایەنێکی سیاسی لە تەلەفزیۆنێکدا قسەی کردووە، لە کاتێکدا خەڵکی ئەوەی لێ چاوەڕوان ئەکرد وەک بێلایەنێک قسە بکات. بە دوای ئەم هەواڵەدا هەموو ئەندامێکی لیژنەکەمان کۆبووینەوەو بەخۆماندا چووینەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت هیچ کام لە ئەندامانی ئەم لیژنەیەی ئێمە کە بریتیین لە: کامل ژیر، ڕەفیق تۆفیق قەزاز، خالد شێخ محمد خاڵ، شێخ سالار حەفید، جەلالی عومەری سام ئاغا، دکتۆر نیهاد فاضل، جەمال شاڵی، هوشیار بابان، نە لایەنگیری هیچ لایەنێکی سیاسییمان کردووە بە گشتی، نە هیچ چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیشمان هەبووە لەم ماوەیەدا، ئێمە بۆ ڕاستی و بۆ مێژوو بڵاوی ئەکەینەوە، کە هەمیشە بەگژ هەنگاو و هەڵوێستی هەڵەی هەموو لایەنێکی سیاسی لە کوردستاندا چووینەتەوە و ئەچینەوە. تەنها لایەنگری ڕاستین، لایەنگری ئەو کار و کردارانەین، کە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلەکەمان بکات، هەر کارکردنێکیش پێچەوانەی ئەوە بێ دژی ئەوەستینەوە.

لە هەمان کاتدا ڕێزیشمان بۆ ڕادیۆی ناوبراو هەیە، کە هەر خۆی دانی بە بێلایەنی لیژنەکەماندا ناوە بە گشتی و وەک بەڵگەنامەیەکیش پەنجەی ڕاکێشاوە بۆ ڕاگەیاندنی لیژنەکەمان، کە ڕۆژی (١٩٩٤/٠٦/٢٥) لە ڕۆژنامەی برایەتیدا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتییە لەوەی بێزاری خۆمان لە شەڕی ڕاگەیاندن دەربڕیوەو داوای لێکۆڵینەوەی یاساییمان کردووە لە کارەساتە جەرگبڕەکەی (٠٦/١٣)ی سلێمانی و سزادانی تاوانکاران و کۆتاییهێنان بە تۆقاندن.

ئەم ڕوونکرنەوەیەمان بە پێویست زانی، پێشمان خۆشە ئەگەر ڕادیۆی ناوبراو سوورە لەسەر هەواڵەکەی با ناوی ئەو کەسە و ئەو تەلەفزیۆنە و ڕۆژی

بڵاوکردنەوەی و ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە بخاتە ڕوو، ئەگەر هەڵەیەکیش هەیە، یا کەسێکی تر بە ئەندامی لیژنەکەی ئێمە زانراوە، یان کۆمەڵەیەکی تر کە ناوی نەتەوەیی هەڵگرتبێ... با ڕادیۆی ناوبراو ئەویش هەر بڵاو بکاتەوە.

لە گەڵ ڕێزماندا
هەر بژین بۆ کورد

١٩٩٤/٠٦/٢٧

# سیانزە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

## ڕاگەیاندنی ژمارە (١٢)

### پێشنیاری لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لە بارەی ئەزموونی ئەمساڵی خوێندنەوە

بۆ بەرچاو بەڕێز وەزیری پەروەردە و ئەنجومەنی وەزیران

لای بەڕێزتان شاراوە نییە، ئەمساڵ بە هۆی تەنگوچەڵەمەی ئابوورییەوە، قوتابیانی کوردستان لە لایەکەوە بە هۆی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆوە، لە لایەکی تریشەوە ڕۆژانێکی سەخت و دژواری خوێندن و تاقیکردنەوەیان بەسەر برد، بگرە بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ژمارەیەکی زۆر قوتابی نەیان توانی بەڕێکوپێکی بخوێنن، یا لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەی کۆتاییدا کۆسپ و گرێ هاتە ڕێگەیان، یان بە لایەنی کەمەوە لە بارێکی دەروونی تێکشکاو و شکستدا تاقیکرانەوە. هەموو ئەوانەش هۆکاری ڕەوان، بۆ ئەوەی هەلێکی تریان بدرێتێ لە بریی ئەو بارە ناهەموارە. لەبەر ئەوە، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ئەم دوو داخوازییە دەخاتە بەردەم بەڕێزتان:

١/ ئەمساڵ بە ساڵی دەرنەچوون ئەژمار نەکرێت.

٢/ هەموو دەرنەچووەکان بۆیان هەبێت لەگەڵ ئیکمالەکاندا، جارێکی تر تاقی بکرێنەوە. ئەمەش بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بێت دیارە بەڕێزتان لەوەش ئاگادارن کە لەزۆر وڵاتدا، بڕیاری لەو جۆرە دراوە، هیواداریین ئێوەش لەو بارەیەوە درێغی نەکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

هەر بژین بۆ کورد

١٩٩٤/٠٧/٠١

# چوارده

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٣)

**بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز**

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بەڕێزەوە، ئەڕوانێتە هەڵوێستی ئێستای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و گشت خێرخوازانی تر بۆ ڕاگرتنی شەڕی خۆکوژی و پشتگیری ئەو هەوڵانە ئەکات کە لیژنەکانی ئاساییکردنەوە ئەیدات بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

لە کاتێکدا ئێمە پێخۆشحاڵی خۆمان پیشان ئەدەین بۆ وەستاندنی ئەو شەڕە، ئەوەش وەبیر لایەنە شەڕەکەرەکان ئەهێنینەوە، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە، گوێیەکیان بەو هەموو کۆشش و پێشنیارانەی لیژنەکەی ئێمە و لایەنە خێرخوازەکانی تر بدایە، ئەوا ئەو هەموو خوێنی کوردە، بەناڕەوا نەئەڕژێنرا، ئەو هەموو زیانەش لە نەتەوەکەمان نەئەکەوت.

هیوادارین ئیتر پەند لە ڕابردوو وەرگرین و گوێ لە ڕای گشتی نەتەوە بگرین و ژیریتی... ڕابەری کارکردنمان بێت، تەبایی و برایەتی دروشمی هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێ.

هەر بژین بۆ کورد

١٩٩/٠٨/٣١

# پانزە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٤)

### نامەی کراوەی دووەم لە لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و جەماوەری گەل

ئەگەرچی ڕادەی دڵسۆزیی ئێمە بۆ نەتەوە و خۆشەویستیمان بۆ هەردوو حیزبی ناوبراو وای کرد، کە داوای یەکگرتنیان بکەین و لەو پێناوەدا کۆششێکی زۆرمان کرد، بەڵام کاردانەوەی ئەم شەڕە خۆکوژییە کوردکوژییەی ئەمجارە، ناچاری کردین کە نامەی یەکەممان (١٩٩٤/١٢/٢٦) بەو شێوە توندوتیژە ئاڕاستە بکەین، ئەوەش لە ڕوانگەی ئەو پەندە کوردییەوە بوو، کە ئەڵێ (دۆست ئەوەیە ئەتگریێنێ و دوژمنیش ئەوەیە ئەتخاتە پێکەنین).

ئێستاش دوای ئەوەی هەموو هەوڵە خێرخوازەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات شەڕیان ڕانەگرت، مەترسییەکانی ئەو شەڕەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر هەڕەشە لە بوونی نەتەوەییمان ئەکات، بە پێویستی سەرشانی خۆمان و هەموو دڵسۆزێکی نەتەوەی کوردی ئەزانین، کە شەکەت و نائومێد نەبن لە کۆششەکانیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوە و پاراستنی قەوارەی نەتەوەییمان. بۆیە وا ئێمەش جارێکی تر لەو پێناوەدا پرۆژەیەکی نوێ ئەخەینە بەردەم تێکۆشەران و دڵسۆزان و خێرخوازانی ناو ئەو دوو حیزبە و جەماوەری گەل. دڵنیاشین لەوەی زاڵی وسەرکەوتن هەر بۆ فریشتەی ئاشتییە بەسەر مێردەزمەی شەڕدا.

**پرۆژەکە**

**بەشی یەکەم بۆ ڕاگرتنی شەڕ:**

١- پێش جاڕدانی ڕاگرتنی شەڕ، هەردوو لایەنەکە پێک بێن لە سەر کشانەوەی هێزەکانیان لەناو شارەکاندا، ئینجا لەژێر سەرپەرشتی لیژنەی بەدواداچوون و بەرەی

کوردستانی و I.N.Cادا، ئەو کشانەوەیە ئەنجام بدەن، ئەو سێ لایەنە، لەماوەیەکی دیاریکراودا جێگای هێزی هەردوولا بگرنەوە.

٢- دوای ئەو کشانەوەیە، هەردوو لایەنەکە لە زاری سەرکردەکانیانەوە، لە یەک کاتدا، لە سەرتاسەری کوردستاندا، جاڕی ڕاگرتنی شەڕ بدەن، لەگەڵ ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و لابردنی تەشویش لەسەر ڕادیۆکانی یەکتری و کردنەوەی ڕێگەوبانی نێوان شارەکان، بۆ هاتوچۆ و هێنانی ئازوقە و سەربەستی بارزگانی.

٣- هەردوو لایەنەکە، پەرلەمان خاوەن دەسەڵات بکەن، بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی کاتی، لە کەسانی بێلایەن و پسپۆڕ و شارەزا، بە زووترین کات، تا وەزارەت و فەرمانگە و زانکۆ و قوتابخانەکان بخەنەوە گەڕ. ئەم کابینەیە بەردەوام بێت، تا کاتی پێکهاتنیان لەسەر کابینەی سێیەمی چاوەڕوانکراو.

٤- هەموو داهاتێکی کوردستان بخرێتەوە ژێر دەستی حکومەتی هەرێم و موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و شەهیدان سەرف بکرێت.

**بەشی دووەم... بۆ ئاساییکردنەوە:**

دوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، نوێنەرانی هەردوو لایەنەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری بەرەی کوردستانی و I.N.C دانیشن بۆ وتوویژ بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و داڕشتنی بەرنامەیەک بۆ ئاییندەی کوردستان و قەدەغەکردنی شەڕی ناوخۆ.

ئێمەش لای خۆمانەوە بۆ ئەو مەبەستە، پێشەکی ئەم خاڵانە پێشنیار ئەکەین:

١- نەخشەکێشان بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەم، وەک لەوەوپێش لە سەری ڕێککەتبوون، چاکتریش وایە کەسی یەکەمی حیزبەکان بەشداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکات، لەگەڵ سەرۆکی دادگای تەمیزدا.

٢- وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری بانکی ناوەندیی هەرێم دوو کەسی بێلایەنی پسپۆڕ بن.

٣- وەزارەتی دارایی، خاوەن دەسەڵات بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی و پێداچوونەوە بە داهاتەکانی گومرگ و پارەی بانکەکان و دائیرەکان، لە ١٩٩٤/٠٥/٠١ەوە تا ڕۆژی پێکهێنانی کابینەی سێیەم و گێڕانەوەیان بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

٤- هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی میلیشیا حیزبییەکان و دامەزراندنی دەزگایەکی سەربازی، لەسەر بنەمای تەجنیدی زۆرەملێ و سپاردنی چەک و پێویستییە سەربازییەکانی حیزبەکان بەو دەزگایە.

٥- حیمایەی لێپرسراوان و بارەگا حیزبییەکان، بسپێردرێت بە هێزی پۆلیسی

ناوخۆ و بارەگای حیزبەکان بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان و کار بە یاسای حیزبەکان‌و یاسای چەک بکرێت.

٦- دوای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا، یارمەتی حیزبەکان لە وەزارەتی داراییەوە، تەنیا ئەوەندەی پێویست بێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و ڕاگەیاندنیان، ئەویتری بۆ گەشەپێدان پێویستییە گشتییەکانی وڵات تەرخان بکرێت.

٧- ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، هەر یەکە و لە تەنیا یەک ڕێکخراودا یەکبخرێن و هەموویان ملکەچی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی ناوخۆیان بن.

٨- هەموو دەزگا و ئامێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حیزبەکان یەکبخرێن و بسپێردرێن بە وەزارەتی ڕاگەیاندن، چالاکیی ڕاگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕۆژنامە و نوسینەوە بێت.

٩- هەموو ئەو کەس و خێزانانەی زیانی گیانی وماڵیان لێکەوتووە لە ئەنجامی شەڕە ناوخۆییەکانی دوای ڕاپەڕینەوە، زیانیان بدرێتەوە بەپێی یاسایەک لە پەرلەمانەوە.

١٠- ئەنجومەنی خزمەتگوزاری (مجلس الخدمة) و دیوانی چاودێری دارایی پێکبهێنرێن و دەست بەکاربن.

١١- ئاماری گشتی ئەنجام بدرێت و هەموو حیزبەکان ملکەچی ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتوو بن.

١٢- هەردوو لایەنەکە، پابەندی ڕێکەوتنامەی پاریس و ڕێکەوتننامەی (١٩٩٤/١١/٢١) بن.

١٣- لە نزیکترین کاتدا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی پێشنیارکراو ببەسترێت. لەو کۆنگرەیەوە، ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی پێکبهێنرێت، کە ئەویش لەپاڵ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا دەستبەکاربێ.

چاوەڕوانی وەڵامین

هەربژین بۆ کورد

١٩٩٥/٠٢/٠٥

# شانزە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٥)

لە لیژنەی کۆشیی نەتەوەییەوە بۆ بەڕێزان:
١- مام جەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک).
٢- کاک مەسعود سەرۆکی (پ.د.ک).
٣- سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.
٤- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان.
٥-ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆی ئەو دوو حیزبە، مەترسییەکی زۆری بۆ بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەیی کورد و مافی مرۆڤ و گیان وماڵی هاوڵاتیان، دروستکردووە. بەناوی جەماوەری کوردستانەوە، داواکاری ڕاگرتنی ئەم شەڕە ناهەموارەین، کە نەبەرژەوەندی ئەو دوو حیزبە و نە بەرژەوەندی نەتەوەیی تیادا نییە.

داوا لەسەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە ئەکەین کە ڕێزی ڕێکەوتننامە و ئیمزاکانی خۆیان بگرن و بەزەییان بەم نەتەوە ستەمدیدەیەدا بێتەوە.

داوا لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، ئەکەین کە پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا بخاتە بەرچاوی جەماوەری گەل و بەرچاوی ڕێکخراوی گشتی مافی مرۆڤ، بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ وەستاندنی شەڕ و پاراستنی گیان و ماڵی هاوڵاتیان.

ئێمە، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لای خۆمانەوە، لە ڕاگەیاندنێکی تردا پەنجە ئەخەینە سەر هۆکانی ئەم شەڕە و ڕای خۆمان پیشان ئەدەین بۆ چارەسەرکردن.

پشتگیری پەرلەمانی کوردستان ئەکەین لە ئیعتصام کردنیان و کۆششیان بۆ وەستاندنی شەڕ و چەسپاندنی سەروەری یاسا.

١٩٩٤/١٢/٢٥

# حەڤدە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٦)

لەپێناوی یەکگرتندا:

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، کۆششەکانی تر ئەنرخێنێ و درێژە بەکارەکانی ئەدا. ئێمە لیژنەی کۆششی نەتەوەیی کە زۆر بە پەرۆشەوە یەکەم ڕاگەیاندمان بە بانگەواز بۆ یەکگرتنی پارتی و یەکێتی دەستپێکرد، ئەمانزانی جەستەی کورد بە چ دەردێکەوە، گرفتارە. تارمایی مەرگەساتێکی نوێی بەیەکدادان بە بەرچاومانەوە ئەهات و ئەچوو... زەنگی جەنگێکی تری براکوژی لە گوێماندا ئەزرنگایەوە... نزولەی چاوەڕوانکراوی دەیان و سەدان منداڵی بێ باوک و ئافرەتی کۆستکەوتوو، ویژدانی ئەهەژاندین... سەدای تەپڵی بازرگانانی دووبەرەکی و ناکۆکی، ئارامیی لێ بڕیبووین، سەرباری برسێتی و نائارامییەکی زیاتری خەڵکی و هەڵپەیەکی فراوانتری جەردەو چاوچنۆکەکانو پیاوانی ڕژێمی بەغدا. هەموو ئەوانە و گەلێ ڕاستی تریش هانیداین، کە کارەکەمان تەنیا بریتیی نەبێ لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەنووسی.. بەڵکو بە کرداریش هانامان بردە بەر بەڕێزان: مام جەلال لە (١٩٩٤/٠٣/٢٣) و کاک مەسعود لە (٠٣/٣٠/ ١٩٩٤) و ( ١٩٩٤/٠٤/١٢)، بە دوای ئەواندا ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو لایەنەکە، ئینجا ئەگەرچی بەڕێزان کاک مەسعودو مام جەلالو زۆربەی سەرکردەکانی تر، کار و پرۆژەکەی ئێمەیان لا پیرۆز بوو، بەڵام بەداخەوە مێردەزمەی شەڕ لە کۆششەکەی ئێمە و خواستی گەل بەهێزتر بوو! ئەوە بوو نەک شەڕی براکوژی، بەڵکو جەنگی خۆکوژیش بەرپابوو!! ئێستاش دوای کۆتاییهاتن بەو جەنگە ناڕەوایە، هەڵبەت مایەی خۆشنوودی ئێمەیە و بەختەوەری نەتەوەکەمان، کە دەنگ و خواستی یەکگرتن جارێکی تر بەرز ئەبێتەوە.

گرنگی بەدەمەوە هاتنی مامۆستایان، دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و فەلەکەدین کاکەیی لە ڕۆژنامەی خەباتی (١١-١٩٩٤/١١/١٨)دا لەوەدایە، کە ئەو بەدەنگەوەهاتنە لە دوو لێپرسراوی سەرکردایەتییەوەیە. ئەمەش جگە لەوەی گوزارە لە ڕاستگۆیی و

هەست بە لێپرسینەوەی مێژوویی و نەتەوەیی ئەکات ئازایەتی و دەستپێشخەرییەکە، ناکرێ بایەخی پێ نەدرێ و نەنرخێنرێ. بەڕێزان یەحیا بەرزنجی لە خەباتی (١١/١٨) و حەسەن نەقشبەندی و نیزامەدین گلی و شوکری عەبدولباقی و ئەبو ود، لە خەباتی (١١/٢٥)دا هەریەکە و شارایەکی تریان خستە سەر کۆششی یەکگرتن و جارێکی تریش مامۆستایان فەلەکەدین و- ک. ساڵەیی لەخەباتی(١٢/٠٢) دا باسەکەیان دەوڵەمەند کرد، بەتایبەتی کە مامۆستا فەلەکەدین هێمای بۆ ئەوە کردووە کە ناترسێ لە ئازادی بڵاوکردنەوەی ڕای جیاوازیش، ئەمە کارێکی باشە و ئەشێ بگاتە ڕایەکی چاکتر، کە تا ئێستا بەبیردا نەهاتبێ لەئەنجامی پیشاندانی ڕای جیاواز جیاوازەوە. دیارە بەدواداچوونی تریش چاوەڕوان ئەکرێ.

هیوادارین و داواکارین لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسانی تریشەوە بە (ئەرێنی- ئیجابی) یا (نەرێنی- سلبی) پێنوسەکانیان بخەنە کار و لەبارەی یەکگرتنەوە، سەرنجی خۆیان دەربڕن، لەگەڵ پیشاندانی بیانوی گونجاو، ئەوەش بە مەبەستی والاکردنی دەرگای وتووێژ بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژە پیرۆزە.

ئێمەش لای خۆمانەوە، ئەگەرچی لەکاتی شەڕەکەدا کۆششەکانمان ئاڕاستەی ئاساییکردنەوە کرد، بەڵام هەر گەشبین بووین بۆ یەکگرتن، لەمەودواش کۆششی کردەیی و بەدواداچوونی بەردەوامان ئەبێ.

ئێستاش بۆ بەیادهێنانەوەی لایەنگران و داواکارانی یەکگرتن، لە دووبارە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی ژمارە (١)مانەوە دەست پێ ئەکەینەوە و یەزدانی بزورگیش پشتیوانی هەموو هەوڵ و کۆششێکی خێرخوازانە بێ.

# هەژدە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندی ژمارە (١٧)

### بروسکەیەک لە لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی کورد (K.N.C) لە ئەمەریکا

بەڕێزان:

پرۆژەکەتان بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، جێگەی پەسەندیو بایەخ پێدانی لیژنەکەمانە، ئێمە کە لەو بارەیەوە خاوەنی چەندین پرۆژە و هەوڵی ئاشتیخوازانەین، لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانین، ئامادەیی خۆمان پیشان ئەدەین بۆ پێشوازیکردن لە نێردراوەکانتان بۆ کوردستان بە مەبەستی یەکخستنی پرۆژە و کۆششەکانمان، بە تایبەتی کە دید و بۆچوونی ئێوەش لەو پرۆژانە نزیکە کە ئێمە لە ئازاری ١٩٩٤ەوە ئەیانخەینە پێش چاوی ئەو دوو پارتە سەرەکییە بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوە، تەنانەت یەکبوونیشیان لە یەک ڕێکخراوی سیاسیدا, کە ئەوە چاکترین چارەسەرییە بۆ ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتیمان، ئەگەر سەرکردایەتی ئەو دوو لایەنە قازانج و دەستکەوتی تەسکی پارتایەتی، بەلاوە بنێن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەماندا.

هیوادارین هەرچی زووترە دەستبەکاربن، بەتایبەتی ئێستا دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینو ئەزمونی پەرلەمان و فەرمانڕەوایی هەرێم، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، لە مەترسیدایە، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا کە بۆتە هۆی پێشێلکردنی یاسا و مافی مرۆڤو تۆقاندن و بێکاری و نائارامی و تاڵانی و برسێتی و....هتد. بە ڕادەیەک کە مەترسی بەکۆمەڵ مردنی خەڵکی کوردستانی لێ ئەکرێ. ئەمە جگە لەوەی ئەم شەڕە هەلیشی ڕەخساند بۆ سوپای داگیرکەری تورک، کە سنوورمان ببەزێنێت و سەروەریمان پێشێل بکات، هەروەک چۆن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان خۆیان لە بۆسە ناوە بۆ لەباربردنی ئەزموونەکەمان لە درز و دەلاقەی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆوە،

کە ئەوە دەردی کوشندەی کورد بووە بە درێژایی مێژوو. ئەو ڕاگرتنی شەڕەش لەو ڕۆژانەدا، ئەگەرچی هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام بەبێ چارەسەرکردنێکی ڕیشەیی کێشەکان، لە سەروو هەمووشیانەوە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا و سپاردنی داهاتەکانی کوردستان بە دەستی پاک و بێلایەن و چەسپاندنی سەروەریی یاسا، مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕ هەر ئەمێنێ. میللەتیش نایەوێ جارێکی تر ڕێکەوتنەوە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سامان بێ بۆ کێشکردنی هێز و خڕکردنەوەی چاکی زیاتری براکوژی و ویژدان کڕین و لێدانی هێزە سیاسیەکانی تری سەرپانتایی ڕووبەری کوردستان بە نەخشە و پیلانی داگیرکەران، کە ئاشکرایە هەر کات شەیتان ناوبژیوان بێ هەزار کەلاوە بە پولێک ئەبێ.

بەردەوامبوونی کۆششی خێرخوازانەی کەسان و لایەنە دڵسۆزەکانی ناو نەتەوەکەمان هەمیشە پێویستە و ئێوەی دانیشتووی هەندەرانیش، جگە لەم کۆششە، ئەرکی سەرشانتانە، کە هەریەکەتان باڵوێزێکی نەتەوەکەمان بن بۆ بەدەستخستنی زیاترین پشتگیری پەیداکردنی دۆستانێکی زیاتر بۆ نەتەوەکەمان.

هەربژین بۆ کورد

١٩٩٥/٠٤/١٠

# نۆزدە

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

### ڕاگەیاندنی ژمارە (١٨)

### بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە کوردستاندا

بەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی مایسی ١٩٩٤، لە ئەنجامی دیاردەی نابەجێی پەنجا بە پەنجادا! لیژنەکەمان پێشبینی شەڕێکی لەو جۆرەی کرد، بۆ بەربەستی ئەو شەڕە، ڕاگەیاندنی (١٩٩٤/٠٤/١٠)ی ئاراستەی پارتی و یەکێتی و جەماوەری گەل کرد، مەترسی شەڕی خستە پێش چاویان و چارەسەریشی لە ئاوێتەبوون و یەکبوونی ئەو دوو پارتەدا بینی.

دوای هەڵگیرساندنی شەڕ، ئێمە و هەندێ لیژنەی تر و ژمارەیەک لە ڕێکخراوە کوردی و بیانییەکان لە هەندەران، ئینجا تورکیا و ئێران و فەڕەنسا و بەریتانیاو ئەمریکاش، هەریەک بە شێوازی خۆی، داوای ئاگربەست و بنەبڕکردنی شەڕیان ئەکرد.

ئێستاش دوای دوو ساڵ کوشتاری ڕۆڵەکانی کوردی شەکەتەی دوای ئەنفال‌و کیمیاباران و وێرانکردنی جارێکی تری کوردستان و برسیکردنێکی زیاتری گەلی کوردی ژێر باری دوو ئابڵوقەی ئابووری... وا خەریکە کۆششەکان دێنە بەر و لایەنە بەشەڕهاتووەکانیش ئەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە شەڕێکی لەو جۆرە، نە زاڵبوونە بۆ هیچ لایەکیان و نە شانازی، بەڵکو خۆیان لەبەردەم کەمبوونەوەی باوەڕ و متمانەی گەلیشدا ئەبیننەوە.

هەرچۆن بێ، گەڕانەوە بۆ ژیریتی و گێڕانەوەی زەرەر لە نیوەی... چاکترە لە بەردەوامبوون لەسەر هەڵە و لەسەر تاوانی گەورەی شەڕی ناوخۆ، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی چاوەڕوانکراوی ئەم جارەش نەبێتەوە بە ڕێکەوتنە ستراتیجییە تەمەن کورتەکە و بە چارەنووسی ڕێکەوتنەکانی سلۆپی و تاران و پاریس و درۆگی دا نەچێتەوە، پێویستە ئەم جارە دید و بۆچوونێکی قوڵتر و کردەییانە و زانستییانەتر کێشەکە چارەسەر بکرێت.

ئەوەش بە ڕای ئێمە کاتێ ئەبێ، کە کۆتایی بە دیاردەی پەنجا بە پەنجا بهێنرێ، سوپایەکی نیزامی جێگەی میلیشیای پارتەکان بگرێتەوە، پەرلەمانێکی نوێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دەستبەکار بێ و کابینەیەکی تازە لە سەر بنچینەیەکی فراوانی هەمەلایەن، حوکمی یاسا بچەسپێنێ و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ نەهێڵێ‌و داهات و دارایی وڵات بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بۆ دەزگا گشتییەکان، پرۆژە بەرهەمهێنەکان، نەهێشتنی برسێتی و بێکاری تەرخان بکات، کۆتاییش بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی پارتەکان بهێنێ و تەرخانیان بکات بۆ ڕاگەیاندنی گشتی حکومەت و کار بە یاسای چەکیش بکات، دەستورێکی بنچینەییش سەرچاوەی دەسەڵات و یاساکان بێ، تێکڕا لە ئاستی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا بین و پێشەکی ئامادەی قۆزتنەوەی هەر هەلێک بین بۆ ئازادی وسەربەخۆیی. لەپشت هەموو ئەمانەشەوە، ئەنجومەنێکی ئاساییشی نەتەوەیی لە کەسانی بەتوانا و شارەزا و خاوێن و کوردپەروەر، نەخشەکێشی ستراتیژی نەتەوەییمان بێ، خاوەن دەسەڵاتی بەزەبری سزا بێت، بۆ هەرکەس‌و لایەنێکی ناپاک کە ڕیزی یەکێتی و تەبایی ئەم نەتەوەیە تێک ئەدات، یان زیان بە دارایی و ئابووریی نیشتمان ئەگەیەنێت. بەربەستێکیش بێ لەبەر هەر هێرشێکدا بۆ سەر قەوارەی سیاسی نەتەوە و سنوری خاکی نیشتمانمان بە گشتی و پاراستنی حکومەتی هەرێمی ئازادکراو لە خوارووی کورستاندا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە تایبەتی. لەگەڵ ڕێزی لیژنەی کۆششی نەتەوەییدا، بە هیوای سەرکەوتنێکی هەموو کۆششەکان بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە کوردستاندا.

١٩٩٦/٠٤/١٥

# بەشی دووەم

# یەك
## شۆڕشێك بە تەنیا
### فیچەری ڕووداو

**پرۆدیوسەر و پێشکەشکردن: نەوزاد مەحمود**

بەرهەم ئەحمەد سالّح: «پیاوێکی بەڕێز پیاوێکی خەم خۆ»
سیروان زەهاوی: «ئینسانی پاک دەتوانێت خزمەتی وڵاتەکەی بکات بە ڕاستی»
عیماد ئەحمەد: «قسەکانی؛ من وەکو زێر دای ئەنێم».
دالیا ئەسعەد: «فێری ئەوەی کردین کە دەستپاک بین لە ئیش و کارەکانماندا»
نازەنین ئەحمەد: «ناومان ناوە وەزیرە تاقانەکە»

**پیاوە سپییەکە**

ئێرە گردی سەرچناری سلێمانییە، ئەمە ماڵی پیاوێکە خەڵک زۆر ناویان بیستوە و کەم بینیویانە، چونکە ئەو لە دوانزە ساڵی ڕابردوودا ژیانێکی هەڵبژارد، کە پێشخستنی حکومەتدارییەکی تەندروست لە هەرێمی کوردستان پێویستی پێی بوو. بەو پیاوە دەوترێت جەلالی سام ئاغا.

عیماد ئەحمەد/ جێگری سەرۆکی حکومەت: «لەناو کاروباری ئیداری کەمترین قسە دەکات لە ئیعلامدا، بەڵام کە قسە بکات قسەکانی من وەکو زێڕ دای ئەنێم، تەبیعەتێکی هەیە بەجورئەتە، خاوەن هەڵوێستە موجامەلە ناکات و ئەگەر بڵێم ئەگەر بیزانێتیش هەر نایکات و لە هەموو شوێنەکان قسەی خۆی دەکات، بەهەق دەڵێت هەق و بەناهەق دەڵێت ناهەق، توانیویەتی وەکو چۆن دەڵێت ببێتە نموزەجێک بۆ هەڵوێست، بۆ پاکی، بۆ دروستکردنی کادری شیاو لە شوێنی شیاو، بۆ موتابەعەکردن، یەعنی من جار بووە کە قسەم لەگەڵدا کردووە ڕۆژی دوایی وتویەتی ئەمرۆ تا چواری بەیانی بەس خەریکی بەدواچوونی ڕاپۆرت بووم»

عیماد ئەحمەد: «ئەو توانی بە مەلاین دۆلار بۆ حکومەت پارە بگەڕێنێتەوەو ئەو توانی دەستنیشانی زۆر لە بواری نەقس ناوی ئەنێت گەندەڵی، ناوی ئەنێت تەجاوز،

ناوی ئەنێیت دەستدرێژی لەسەر ماڵی عام، ناوی ئەنێیت لادان لە ڕێنماییەکان، ناوی دەنێیت بۆمان دەرئەخست و ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەکردین‌و سودی لێی وەرئەگرتین».

بە بڕوای ئەو پیاوە، کەسێک بیەوێت سەرۆکێکی سەرکەوتوو بێت، دەبێت خاوەنی دادپەروەری و ئازایەتی و ئازادیەکی ڕەها بێت و هیچ حیزبێکیش ئاغای نەبێت. هەر بۆیە کاتێک پێناسەی سالانی کارکردنی خۆی و هاوکارانی بکات لە دیوانی چاودێریی دارایی، ئەوا هەموو قسەکە کورت دەکاتەوە بۆ ڕستەیەک کە دەڵێت: «بەردەوام دەستمان لەناو دەمی تیمساحدا بوو، بۆ ئەوەی پارویەکی خەڵک دەربهێنینەوە».

بەرهەم ئەحمەد ساڵح - جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی: «جەلالی سام ئاغا کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانی، دۆستی بنەماڵەکەشمانە، یەعنی تێکەڵاوی بنەماڵەیمان هەیە پێکەوە، سەرباری ئەوەش خەمخۆرێکی ئەمشارە و خەمخۆرێکی ئەم وڵاتە، پیاوێکی پاک و بێگەرد، سەرۆکی دەستەی چاودێریی دارایی بوو لە ئەم شارە، کاتێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بووم، من بە یەکێک لە خەڵکە پاک و بێگەردەکانم دەزانی، کە بە دوای بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیدا دەڕۆیشت، تەنانەت من ئەوە دائیم بەبیری دێنمەوە، ئەو بڕیارانەی دەیدا لە دەستەی چاودێریی هەمیشە بەدواداچوونمان بۆ دەکرد، ئەو خۆی ناڕازی بوو دەیوت کەمتان کردووە، دەیوت باشتر بکەین هەقی خۆیەتی، چونکە زۆر حەریس بوو لەسەر پارەی گشتی، بەڵام کە من لە حکومەت بووم، تەنانەت تەدقیقی حساباتی ناو ماڵی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی سلێمانیشی دەکرد، کە ئەو وەختە خۆم سەرۆکی حکومەت بووم، دەیوت سەوزە گران کڕدراوە (بە پێکەنینەوە) من دەستخۆشی لێ دەکەم پیاوێکی بەڕێز پیاوێکی خەمخۆر، خزمەتگوزارێکی گەل، کە جێگەی ڕێز و تەقدیرە».

بەپێی بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی بڵاوبوونەوە و ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی دیوانەوە دەست تۆڕی میدیایی ڕوداو کەوتن لە وردبینیکردن و بەدواداچوونی ئەو کەسانەی لە پارێزگای سلێمانی دوو موچەیان هەبوو، دیوانەکە توانی مانگانە شەش ملیار و پەنجا ملیۆن دینار بگەڕێنێتەوە خەزێنەی حکومەت، تاوەکو ئەو ڕۆژەش دەستی لە کار کێشایەوە (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەبارەی وردبینیی و بەهەدەردان‌و گەندەڵی و بەدواداچوونە جیاجیاکانەوە دایە پەرلەمان و (٨٦) هەشتاو شەش کەسیشی ڕادەستی دادگا و داواکاری گشتی کران، بە تۆمەتی گەندەڵی.

بەکر حەمە سدیق- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان: «دیوانی چاودێریی دارایی

دیوانێکی پاک بوو، دیوانێکی کاریگەر بوو، دیوانێکی بەفیعلی چاوێکی دڵسۆزی حکومەت بوو، مەفروز وابوو ڕاپۆرتەکانی بە قیمەت و بە بەهایەکی گەورەوە وەربگیرایە، کە ژمارەیان لە دوو هەزار ڕاپۆرت زیاترە، ئەڵبەتە هەر هەمووی باسی گەندەڵی نییە، هەندێکی باسی هەڵسەنگاندنی باشی هەندێک لە دەوائیرەکانە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوائیری هەیە پاک و جوانن نەموزەجی زۆر باشی هەیە، کاتی خۆشی لەسەرمان نووسیووە، بەڵام ئەو ڕەنگە خراپانەی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوون، تەنها دیوانێک کە دەیتوانی موحاسەبەی ئەوانە بکات دیوانی چاودێریی بوو، شەخسی بەڕێز کاک جەلال و ئەو دەستانەی کە هەیبوو لە دیوانەکەدا.»

سیروان زەهاوی- شارەزای بواری دەستپاکی: «دڵنیام لە دوای هەر پیاوێکی سەرکەوتووەوە کۆمەڵێک کەسی سەرکەوتوو هەیە تیمێکی سەرکەوتوو هەیە، چونکە ئێمە ئیمانمان بە (Team Work) بە تەنها کەسێک هیچ ناکرێت، یەعنی تۆ ئەگەر لە تیمێک ئیش بکەیت سەرکەوتترین کەس بیت لەو تیمە، ئەگەر تیمێکی دە کەسی بێت، نۆ کەسەکەی تر بە یەکەوە لە تۆ سەرکەوتووترن، ئەبێت ئاگامان لەوە بێت، بۆیە ئەبێت ئێمە ئاگامان لەو ستافە بێت کە لەپشتی ئەم پیاوەوە بووە، ئەم پیاوە سەرکەوتوو ئەبێت، دەستخۆشی لەو ستافەش دەکەین کە لەپشتی ئەم سەرکەوتووەوە بوونە».

سیروان زەهاوی - شارەزای بواری دەستپاکی: «بە شێوەی گشتی لە ڕووی میهەنییەوە لە ڕووی ئەخلاقی میهنەوە، ئەو پیاوە دەتوانین سیفەتی سەرکەوتووی پێ ببەخشین، کە ئەم سیفەتە لەو وەزعە سیاسییەی هەرێمی کوردساتاندا، لەو تێکەڵاوبوونی شتەکاندا لەوەی کە هەرێمی کوردستان وڵات نییە و لە هەموو موعادەلاتە نێودەوڵەتییانە بەرژەوەندی زۆر لایەن و کەس و ڕێکخراو و چوزانم وڵاتی تێدایە بە کەسێک بتوانیت سیفەتی سەرکەوتوو ببەخشیت لە بواری ئیشەکەی خۆیدا ئەمە کارێکە ئاسان نییە بە ڕاستی و ئەبێت جێی شانازی بێت. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بەڵگەیەک یان هاو بەڵگەیەکی تر بۆ ئەوەی کە ئێمە غەڵەت نین لەوە کە بەو پیاوە سیفەتی سەرکەوتوو ببەخشین لە ئیشەکانیا، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ ئینسانێک کامڵ نییە، ئەوەیە کە خۆی ئەو پیاوە لە کارەکەی دەستی کێشایەوە، ئەمە خۆی بۆ خۆی ئاماژەیە کە من پێویستم بەو پۆستە نییە، کە ئەو پۆستەم وەرگرتووە بۆ خزمەتی وڵاتەکەم وەرم گرتووە، کە ئیشیشم پێ نەکرا و ڕاپۆرتەکانم جێبەجێنەکراوە من دەست لەکار دەکێشمەوە».

نزیکەی ١٣ ساڵ لەمەوبەر جەلالی سام ئاغا لەسەر پێداگیری جەلال تاڵەبانی

سکرتێری گشتی یەکێتی بووە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، دیوانەکە دەبوو بەردەوام کاری پشکنین بۆ خەرجییەکانی دامودەزگا حکومی و میرییەکان بکات، دوای تێپەڕینی سالان و بە دیاریکراوی سالی ٢٠٠٩، کاتێک ڕاپۆرتێکی مەترسیداری دیوانەکە لەبارەی دیارنەمانی ملیۆنان دینار لە پارێزگای سلێمانی، ئیدی خەلک تێگەیشتن سام ئاغا و هاوڕێکانی چ ئەرکێکی دژوار و مەترسیدار بەڕێوە دەبەن.

سیروان زەهاوی - شارەزای بواری دەستپاکی: «دەنگی هەق زۆر موهیمە سەرەتا خەلک بە غەریب و نامۆی دەزانێت بە ڕاستی، بەلام گرنگە بکرێت، چونکە ئەوەی تۆ ئەمرۆ بە نامۆی دەزانیت و هەقە ڕۆژێک دێت وەکو دەلێن مەسەلێک هەیە، ئەوەی دەترسایت لە تاریکیدا بیلێیت ڕۆژێک دێت لە سەربانەکانەوە هاواری بۆ دەکرێت، ئەمە پرەنسیپی ژیانە، بۆیە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تاریکیدا ئەو ئەو دەنگانەی بەرزدەکردەوە لەوانەیە نامۆ بێت و تەنانەت خەلکیش زۆر گرنگی پێ نەدابێت، وا ئێستا لە سەربانەکان هاواری بۆ دەکرێت، وا ئێستا ئێمە دەزگای نەزاهەمان دروستکردووە و دروستکراوە و دیوانی چاودێریی دارایی دروستکراوە، خودی سەرۆکی حکومەت و بەرپرسە بالاکان هاتوونەتە سەر خەت، کە گەندەلی دەبێت نەمێنێت و ئیقراری بۆ دەکرێت کە گەندەلی هەیە، ئەمە زۆر زۆر گرنگە».

لە فیچەرەکەدا ... جەلالی سام ئاغا بۆ پێشکەشکارەکە : «بەداخەوە هیچ ئیجرائاتێک نەکراوە وەکو پێویست».

ئەمە ئەو پیاوەیە کە هەرگیز لەبەردەم شاشە و کامێراکاندا قسە ناکات، بەلام لە سایەی ئەوەوە سەدان دۆسیەی گەندەلی و دەست پیسی و بە هەدەردانی پارەی حکومەت و داگیرکردنی پارەی گشتی بۆ خەلک ئاشکرابوون.

ئەم مالە پڕە لە نهێنی و چیرۆکی سەر داپۆشراو، میوانەکانی دەتوانن چا و قاوەو میوە بخۆن و قسەی خۆشیان دەست بکەوێت، بەلام یاسا و ڕێساکانی پیاوە تەنیاکە ڕێگەیان پێ نادات هیچ لەو چیرۆکانە لەگەل خۆیان ببنە دەرەوە، چونکە هەر چیرۆکێک لەوانە وەک ڕەشەبایەکی بەهێز وایە و گەر بێت و هەلبکات تەنیا لە دادگاکان دەنیشێتەوە.

نازەنین ئەحمەد- سەرۆکی دەستە لە چاودێریی دارایی لە سلێمانی: «وتی تۆ گورزە ئاسنینەکەی دیوانی چاودێرییت، منیش وتم وەللاهی ئەوەی کردومە واجبی سەرشانمە و ئیتر ئیشەکە وایە، وتی نەء، پیاویشمان هەیە ڕاپۆرتیش بەتە بەردەستم هی پیاویشە و تەمەنی لە تۆ زیاترە پێی ئەلێم دەستی بشکێت و چاوی کوێر بێت، وتی وا مەلێ، وتی تۆ خۆت سەلیقەت هەیە و بەتوانایت، کەواتە لێرە،

هەرچ کەسێک بەتواناتر ئیشەکەی کردبێت بە دڵسۆزیتر بیکات فەرقی نەکردووە ئایا ئەمە ڕەگەزی مێینەیە یان نێرینەیە».

نازەنین ئەحمەد- سەرۆکی دەستە لە چاودێریی دارایی لە سلێمانی: «ڕێزی لە هەمووومان دەنا بە یەک چاو، بەڵام زیاتر ڕێزی ئەوانەی کە دەیزانی دڵسۆزترن خۆیان زیاتر هیلاک دەکەن، ڕێزی ئەوانەی زیاتر دەگرت، ئەوەندە دەستخۆشی لێ دەکردی، ئەوەندە ڕێزی دەگرتیت، خۆمان تەریق دەبوینەوە».

دواهەمین شتی ژیانی ئەو خانووەیە کە تێیدا دەژی، ئەویشی بەخشییە وەزارەتی تەندروستی و نایەوێت جگە لە یاداشت و بیرەوەرییەکانی کە زۆربەشیان لەناو فایلە داخراوەکاندان هیچی دیکە لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت، بەڵام هەمیشە دەڵێت: «دڵی خەڵک لە هەموو کەرەستەکانی دنیا گرانبەهاترە».

جەلال عومەری سام ئاغا ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لەدایک بووە و دەرچووی کۆلێژی بازرگانی و ئابووریی زانکۆی بەغدا و ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆرشی ئەیلولەوە کردووە تاوەکو نسکۆ، ٤١ ساڵ خزمەتی میری و حکومی هەیە، کە دواترین کاری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووە بۆ ماوەی هەشت ساڵ و لە (١٧ی ئایاری ٢٠١١) دەستی لەکار کێشایەوە.

جەلالی سام ئاغا باش لەوە تێگەیشتبوو، کە شۆڕشێکی نوێ بەڕێوە دەبات، بەڵام بە تەنیا، هەر بۆیە ئەو ڕۆژەی دەستی لەکار کێشایەوە، بیرۆکەی خەڵاتی سام ئاغای هێنایە پێشەوە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، کە پارچە زەوییەکی خۆی فرۆشتیو بە پارەکەی ساڵانە خەڵاتی کارمەندە چاوکراوە و لێهاتوەکانی دیوانی پێ دەکرێت.

دالیا ئەسعەد- کارمەند لە دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی: «فێری ئەوەی کردین، کە بە ئازایەتی کارەکانی خۆمان بەڕێوەبەرین، نەک بترسین یەکێک هەڕەشەمان لێ بکات، یان نامەیەکی هەڕەشەمان بۆ بنێرێت».

لە وێنەکەدا بەدەردەکەوێت کە دەنووسێت «بەچی دەچێت ئەگەر مرۆڤ هەموو دنیا بباتەوە، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت».

جەلالی سام ئاغا، پیاوە ئاسنینەکە دەیزانی، کە لە پێناوی نا و نەخێر دا، دەبێت بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ئاوەکەوە مەلە بکات؛ کردیشی، بەڵام ئێستا سیاسەت دەوری گۆمەکەی داوە و ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت وەک مەلەوانە ڕاستەقینەکە خۆی نیشان بدات.

# دوو

## وەزیری باینجان

### پێشکەشە بە وەزیرەکانی کابینەی هەشت

**هۆشیار عەبدوڵڵا \ ئاوێنە**

لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا.. لەگەڵ سەرقاڵی زۆرم بە ئەرکی بەڕێوەبردنی کەی ئێن ئێنەوە، یەکێک لەو کەسانەی وەک مەدرەسەیەک لێی ئەڕوانم و هەمیشە لەبەردەمیدا وەک خوێندکارێک خۆم ئەبینم، لانیکەم مانگی جارێک سەری ئەدەمو لە بواری جیاجیا لێی بەهرەمەند ئەبم، ئەو بەرێزە کاک جلالی سام ئاغایە. ئەو، جیا لەوەی خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە دژایەتی گەندەڵی، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا خاوەن لوتفێکی ئەوتۆیە، مرۆڤ لە ماڵەکەیدا هەست بە بەختەوەری و دڵشادی دەکات، مومکین نییە ئەم ئاسودەییە لە زۆر جێگەی تر هەست پێ بکرێت. «جەلالی سام ئاغا»، یەکێکە لەو مرۆڤە دەگمەنانەی کە قسەی لە هیچ کەسێک نەخواردۆتەوە، وەزیر بووبێت یا گزیر، سەرۆک کۆمار بووبێت یا سکرتێری حزب، دەسەڵات بووبێت یان ئۆپۆزسیۆن، بەهێز بووبێت یان لاواز. بە هۆی ئەو بێمەنەتی و ڕاشکاوییەی کە هەیەتی، خاوەنی یادەوەری بەسەرهاتی جوانی ئەوتۆیە لەو بوارەدا، کە دەکرێت وەک پەند و عیبرەت سودیان لێ وەربگیرێ. جارێک هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ پرسیار لەسەر وەزیرێکی گەندەڵ کەسێک ڕادەسپێرێت کە بە کاک جەلال بڵێ سەری بدات، لە وەڵامدا بە قاسیدەکە دەڵێت با فلان کەس لە خارج بێتەوە کە هەم برادەری منە و هەم نزیکی ئەو خانمەشە ئەوسا دێم و ئێستا نایەم.. کاکی قاسید زۆر واقی وڕدەمێنێت پێی دەڵێت: کاکە گیان ئەگەر خانم ئەمر بکات بڵێ با سەرۆکی حکومەت ببینم (ئیدارەی سلێمانی بوو ئەوسا) لە هەر کوێ بێت بە پەلە دێتەوەو دەگاتە خزمەتی، کاک جلال پێی دەڵێت: (برادەر تۆ قاسیدیت و وەڵامی منت زانی و خۆت دەبریکە من سەرۆک نیم و جەلالم. کاک جلال کە بۆی گێڕامەوە وتی ڕاستییەکەی حەزم دەکرد برۆم بۆلای نەک لەبەر ئەوەی پێم خۆش

بێت بچمە لای ئەو چونکە بەرپرسە، بەڵکو دەمزانی بۆ بەدواداچوونی وەزیرێکی زۆر گەندەڵ ئیشی پێمە، کە پێ ئەچوو لەبەر چاویان کەوتبێت یان چیتر بە پێویستیان نەزانیبێت لە گەڵیان بمێنێتەوە. ئەو وەزیرە داهێنەر بوو لە گەندەڵیدا و سێ ڕاپۆرتی دیوانی لەسەر بوو، منیش خواخوام بوو یەکێک لا لەو ڕاپۆرتانە بکاتەوە و گەندەڵێک دووربخرابایەوە بە دەستکەونم ئەزانی بۆ میللەتەکەم. لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، کاک جەلال تی: ئەوە برادەرەکەی هەردووکمان لە خاریجەوە هاتەوە و هەر لەگەڵ بینینی هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە جۆرێک لە نیگەرانییەوە پێی وتبوو ئەزانی ناردومە بە شوێن فلان کەسدا کە سەرم بدات نەهاتووە وتویەتی تا تۆ دێیتەوە، بەڵکو ببینم، لەسەر داوای هاورێکەم ڕۆژێک هەردووکمان بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی داراییەوە ڕۆشتین بۆ ماڵەوە بۆ لای. کاتێک دەڕۆنە لای لەسەر قەنەفە دائەنیشن خاوەن ماڵ دەڵێت: پێتان چۆنە برۆینە سەر ئەو کورسی و مێزە ڕەنگە بۆ قسە و ئیشەکانمان باشتر بێت، کاک جەلال وتی پێم وتووە زۆر چاکە ئەچینە ئەوێ، بەڵام پێش ئەوە با کورتە چیرۆکێک هەیە بۆتی بگێڕمەوە جا وەک نوکتە وەری ئەگری یان پەند ئازادیت، ئەوە دەچینە سەر کورسی و مێزەکە و دەست پێ دەکەین. کاک جەلال دەست پێ دەکات بە گێڕانەوە و دەڵێت: جارێک پاشایەک دەبێت زۆر حەز بە شلەی باینجان دەکات و هیچ سەر سفرەیەکی بێ ئەو خواردنە نابێت.. لە پاڵ هەموو جۆرەکانی تری شلەدا باینجانی پێ لە هەموو خۆشتر و بەتامترە، یەکێک لە وەزیرەکانی بە پاشا دەڵێت: قوربان زۆر باش دەکەیت ئەوەندە حەزت لە باینجانە.. باینجان بۆ دڵ باشە، بۆ مێشک باشە، بۆ تەمەن باشە، بۆ ڕیخۆڵە باشە، بۆ گورجیلە باشە، بۆ خەو باشە، بۆ زیرەکی باشە و بۆ هەموو شتێک باشە. ماوەیەکی زۆر تێپەڕ دەبێت.. پاشا شلەی باینجانی لەبەرچاو دەکەوێت.. بە بەردەستەکانی دەڵێ ببڕای ببڕ نامەوێت چاوم بە باینجان بکەوێتەوە.. نەیبینم لەسەر سفرە، کە پاشا قسە دەکات هەمان وەزیر دەڵێت قوربان بڕیار هەر لە خۆت دێت ئەو باینجانە بۆ دڵ خراپە، بۆ مێشک خراپە، بۆ هەموو شتێک خراپە.. ئەوەی باشی بێت تێیدا نییە و باشت کرد وا باینجانت لەسەر سفرەی موبارەکت لابرد و دوورتخستەوە. پاشا پێی دەڵێت: ئەرێ وەزیر هەر تۆ نەبوویت وتت خواردنی باینجان وا باشە و وا بەسودە، ئێستا خێرە کە من لەبەرچاوم کەوتووە.. وا خراپ بووە و کەوتوویتە زەمکردنی! وەزیر دەڵێت: جەنابی پاشا من نۆکەری تۆم باینجانی هیچ و پوچ چییە حەزت لێیە وەسفی ئەکەم، ڕقت لێیە زەمی ئەکەم. کاک جەلال وتی بەو خاتونەم وت جا فەرموو با برۆینە سەر کورسی و مێزەکە، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەین ئەوە باش بزانە من وەزیری باینجان نیم. هەڵبەتە قەسدی کاک جلال ڕوونبووە بۆ ئەو خانمە، کە من لەوانە نیم

تۆ بە دڵت بوو وەسفی بکەم و ڕقت لێ بوو زەمی بکەم، وەزیرێک خۆتان تا ئێستا بەدڵتان بووە پێم باش بێت و لەبەرچاوتان کەوت زەمی بکەم، جگە لە ڕاپۆرتەکانی دیوان و باش و خراپی خۆی لە کارەکانیدا، هەڵسەنگاندنێکی تری شەخسیمان نییە. بەو ئومێدەی وەزیری بایینجانمان لە کابینەی نوێ دا کەم بێت، تەبعەن ناتوانین بڵێین هەر نەبێت، چونکە ئەوە موستەحیلە.

# سێ

## بەڕێز/ سەرۆك كۆماری عێراق {هەڤاڵ مام جەلال}

سەركەوتنی بەردەوام و لەش ساغیتان ئاواتمانە

بە ڕاسپاردە و ئامۆژگاری جەنابتان كارەكانی زانكۆی كۆیە بە هەردوو تەوەری كارگێڕی و زانستی لە ئاستێكی بەرزدایە و بە مەبەستی خۆ ئامادەكردن بۆ ساڵی ئایندەی خوێندن و تجاوزی هەندێ ڕۆتین تكایە ڕەزامەندیتان لەسەر جێبەجێكردنی بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٩٢) لە (٢٠٠٤/١٠/٣٠) بەندی دووەم برگەی دەیەم كە تیایدا هاتووە:
( للجامعة الشخصية المعنوية والإستقلال العلمي والإداري والمالي لتحقيق أهدافها وفق القوانين الانظمة المرعية ويدير شؤونها مجلس الجامعة)

تێبینی
دیداری ئێوەی بەڕێز لە هەر كاتێكدا بێت مەبەستمانە

دڵسۆزتان
د. نەبەز مەجید ئەمین

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستانی عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە<br>نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ | The Presidency Council of Ministers<br>Minister of Higher Education& Sceintific Research<br>The Presidency of Koya University<br>University Presincy Office |

بەڕێز/ سەرۆک کۆماری عێراق {هەڤاڵ مام جەلال}

سەرکەوتنی بەردەوام و لەش ساغیتان ئاواتمانە

بەراسپاردە و ئامۆژگاری جەنابتان کارەکانی زانکۆی کۆیە بەهەردوو تەوەری کارگێڕی و زانستی لە ئاستێکی بەرزدایە وە بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ساڵی ئایندەی خوێندن و تجاوزی هەندێ ڕۆتین تکایە ڕەزامەندیتان لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٩٢) لە (٢٠٠٤/١٠/٣٠) بەندی دووەم بڕگەی دەیەم کە تیایدا هاتووە:

( للجامعة الشخصية المعنوية والإستقلال العلمي والإداري والمالي لتحقيق أهدافها وفق القوانين الانظمة المرعية ويدير شؤونها مجلس الجامعة)

[illegible]

[illegible]

تێبینی

[illegible]

دیداری تۆی بەڕێز لەهەر کاتێکدا بێت مەبەستمانە

[illegible]

مشاور

د. [illegible]

١/٥/٢٠٠٥

| | | |
|---|---|---|
| ARAM | Koya University | Tell: 8631071 |

# چوار
## پیاوێکی سپی

گۆرانی شاعیر دەفەرموێت:
بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لە نـاو حەوزێکی لیخندا

**توفیق سعید محمد- کەلەپور**

لەم ڕۆژەی شکۆمەندبوو ڕێز بۆ پیاوێکی سپی، بۆ کەسێکی لە سپی سپیتر دەگێڕێت، گەورەیی و سەروەرییە ئەم چینە خاوێنناسە ڕێز لە ڕێزدارێک بگرن، کاکە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دەگمەنی دەگمەنەکانە، کە بوێرانە و چاونەترسانە یەخەی گەندەڵی و گەندەڵکاران بگری و بە سەرنجە سادە و ساکارەکەی پێیان بڵێت: «بەسیە گەندەڵی، تاکەی لوتتان دەژەننە سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی ئەم گەلە، ئێوەی هەڵاوساو و خەڵکانیش برسی». ئایا ئەم کەڵە پیاوە شۆڕشگێڕێکی ناو گۆڕەپانەکە نییە، کە فەرماندەی شۆڕشی دژە گەندەڵ بێت، کەسێک لە کەسێک لە پلەوپایە و سەروەت و سامان نەگەڕێ، واز لە شتگەلێکیش بهێنی، کە مافی خۆیەتی وەک ئەوانیتر و دەشێت بیدرێتی، بەڵام بڵێت «ئەوە سامانی گەلە و هی من نییە» وەک عومەری کوڕی عەبدول عەزیز، کە شەوانە لەماڵەکەیدا کاری خەڵکیی ڕادەپەڕاند لەبەر ڕۆشنایی چرای دەوڵەتدا، بەڵام کە کاری گەلی تەواو دەکرد چرای دەوڵەتی خامۆش دەکرد و چرای ماڵەکەی خۆی ڕۆشن دەکرد. ئەمەیە حەڵاڵ خۆریو دژە حەرامخۆری، ڕەحمەت لە پیرەمێردی فەیلەسووفی گەلەکەمان کە دەفەرموێت:

**پیـــاوی حەرامخۆر وەک کەڵەشێرە**
**لە لایەک بانگ دەداو بەچینەش فێرە**
**پیـــــاوی تەماعکار هەر ئەڵێ: بیدە**
**کـــــەر بەجۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە**

بەندە لە نزیکەوە شوناسم لە تەکیدا هەیە و زیادەڕەوی نییە بڵێم تا ئێستای تەمەنم لەم کەسە دەگمەنەم نەدیوە، سادە و ساکار و ڕێزدار. ماڵەکەی نەک دیوەخان و قەلەندەرخانە وەک تەکییە و خانەقا هەموو چینێک ڕووی تێدەکا، ماڵێک بێ پاسەوان، دەرگا هەمیشە لە سەر پشت، کە خۆت دەرگا ئاوەڵا دەکەیت و دەچییە ماڵی و بە دیداری شاد دەبی.. ئەو ڕێزە هەر لە خۆی دێت کە دەینوێنی بۆ میوان و بە دەستی خۆی قاوە بەچێژەکەیت بۆ بێنێ و نایەڵی کەس خزمەت بکا جگە لە خۆی، کە من خۆم هەمیشە بە شەرمەندەی دەزانم. ئەم جوامێرە زۆر بوێرانە بە ڕووی گەندەڵکاراندا هەڵدەشاخێ و دەڵێت: «دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین». «بەڵێ گەندەڵی شێوەی خۆی گۆڕیوە و ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تاڵانچێتیە» سەرباری ئەمانەش کاکی جوامێر بە پێچەوانەی گەندەڵکاران و شرەخۆڕاندا وەسێتو ڕاسپاردەی وابیت: «تەنها خانوویەکم هەیە دوای خۆم بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ خزمەتی گەلەکەم».. دەک خوا تەمەن درێژت کا.. بەو نزایانە بێت کە بۆت دەکرێ، قوتابخانەکەشت قوتابیانی بەئەمەکیان لێ دەر دەچێت.. «تۆش هەمیشە چقڵی چاوی گەندەڵکارانی». لە کۆتایشدا دەڵێم: «گەلۆ زۆر پێویستیمان بە کاک جەلالەکانە»...... هەر شادبن.

# پێنج
## حیکایەتی پیاوە سپییەکە

### پارێزەری ڕاوێژکار/ بکرحمە صدیق

دەبوایە ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆز بوایە، کە ژێر ئاسمانی کوردستان هەمووی پڕ بوایە لە ژن و پیاوی سپی، سپی لە ڕەفتار و ناخ، سپی لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی ماڵ و سامانی وڵاتدا، بەڵام پاش ئەزموونی چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانی کورد تەنیا پیاوێکمان هەیە لەم حکومەتدا سپی بنوێنێ، نامەوێ لێرەدا بڵێم دونیای ئێمە ڕەشە، بەڵام بێگومانم کە سپیش نییە. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەو مرۆڤە سپییەیە، کە لە ماوەدای٤٧ ساڵی خزمەتدا لە ١٩٦٤/٥/٣١ەوە هەتا ساڵی ٢٠١١ وەک فەرمانبەرێکی سپی و دواجاریش وەک وەزیرێکی سپی کاریکردووە، لە کۆتاییشدا لە سەر داوا و سووربوونی خۆی خانەنشین بووە. خانویەکی هەیە.. بەخشیویەتی بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانی، هەتا دوای خۆی بکرێتە بنکەیەکی تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵک لەگەڵ زەویەکدا، کە فرۆشراوە و پارەکەی لە بانکدا دانراوە. ساڵانە لە قازانجی ئەو پارەیە دەدرێ بە کارمەندی لێهاتوو، بە ژن و پیاوەوە، لەگەڵ خانمە سەلارەکانی دیوان بۆ هاندانی خانمانی دڵسوز و ڕەوشت بەرز. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە بە پلەی وەزیر خانەنشین بوو.. وازی هێنا لە ئیمتیازاتی ئوتومبیل و شۆفێر و پاسەوان. ئێستا بەبێ هیچ جۆرە پاسەوانێک و سەیارەیەک لەو خانوەدا دەژی کە بەخشیویەتی بە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی. کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، بە هاوکاری و دڵسۆزیی ستافە پاک و بوێرەکانی دیوانی چاودێریی دارایی.. بە فەرمانبەر و لیژنەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە توانیان ٢٧٢٠ ڕاپۆرت لە سەر گەندەڵی بنووسن و بەرزی بکەنەوە بۆ بەردەم لایەنی بەرپرس. لەو ڕاپۆرتەدا ٨٦ کەسی گەورە بەرپرسی داوە بە دادگا. ئەمەیە هۆیەکانی سپیبوونی ئەو پیاوە دەستپاکە جوامێرە، کە لەم ئێوارەیەدا شەرەفی نووسین و خوێندنەوەی ئەم وتەیەی وەرگرتنی خەڵاتەکەی بە من بەخشی..

ئەوەش دەڵێم کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، نەریتی وایە لە هەر جۆرە ڕێزلێنانێکی تایبەت بە کەسێتی خۆی ئامادە نابێت و نایەوێ ئەو نەریتە بشکێنی.. گەرنا بە چاوی ڕێز و سوپاسی گەرمەوە دەڕوانێتە ئامادەبوونی بەڕێزتان.

بە هیوای تەمەنی درێژ و پڕ بەرەکەت بۆ مرۆڤە سپییە گەورەکەی کوردستان کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا).

# شەش

## جەلالی سام ئاغا

### دیداری ژمارە/ گۆڤاری سپی

بەشێک لەو ئەندامانەی لە لیژنەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوون خۆیان پێویست بوو بدرێن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە.

گۆڤاری (سپی میدیا) لە هەر ژمارەیەکی خۆیدا چاوپێکەوتنێکی درێژ لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاردا دەکات، کە ڕۆڵی هەبووبێت لە بوارێکی دیاریکراوی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کاروباری حکومەتیی.. گۆڤارەکە لەم ژمارەیەدا ، کەسی لە سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی (سلێمانی) (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بە باشتر نەزانی تا چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا بکات، چونکە ناوبراو جگە لەوەی کەسایەتییەکی پاکو خۆنەویستە لە بوارەکەی خۆشی شوێن دەستی دیارە. هاوکات دنیایەک نهێنی گەندەڵی گشتی و کەسایەتییەکانی لایە، ئەگەر ڕۆژێک بەس کەمێک لەو ڕاپۆرتانەی لایەتی ئاشکرای بکات، ڕەنگە حکومەتی هەرێم هەرەس بهێنێت. لە ڕابردوودا بابەت و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی زۆر لەسەر (جەلالی عومەری سام ئاغا) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لە هیچیاندا خۆی قسەی نەکردووە، بە زۆری ئێمەو بۆ ئەوەی خوێنەران ئاگاداری بیروڕا و ئەو زانیارییانەی بن کە لەلایەتی، گۆڤاری سپی میدیامان کرد بەو سەکۆیەی بۆ یەکەمجار قسەی لێوە بکات. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە، کە لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا بڵاویدەکەینەوە:

**سپی: وا بەرێزت زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە خۆت خانەنشینکردووە، ئێستا بارودۆخی دامەزراوەکانی حکومەت لە ڕووی گەندەڵییەوە چۆن دەبینیتەوە، ئایا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە، یان ڕوو لە زیادبوونە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئاگری گەندەڵی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پوشی ویژدان دەسووتێنێ، گەندەڵی زۆرجار لە پرسگەکانەوە تا ژووری بەرپرسەکان بە سنووری خۆی دەزانێ، لەبەرئەوە نەک هەر کەم نەبۆتەوە، بەڵکو ناتوانرێت سنووریشی بۆ دابنرێت. سەبارەت بە برگەی دووەمی پرسیارەکەتان دەڵێم: بەڵێ گەندەڵی شێوەی

خۆی گۆڕیوە، دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تاڵانچێتییە، گەر گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی و یاسا و دەسەڵات بێت، ئەوا تاڵانچێتی حاڵەتێکی مەترسیدارترە، تەنها لە کاتی جەنگ و شیرازە پچڕاندا ڕوو دەدات، بەداخەوە ئەمڕۆ ئێمە لە حاڵەتی شیرازەپچڕاندنی ئیداریدا دەژین. بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بەرەو خراپتر دەڕوات، چونکە دیوانی چاودێریی دارایی لە سەرتاسەری هەرێمدا کارناکات، ئەگەر پێشتر دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کارا و بەهێز و چالاک بووبێت، ماوەیەکی زۆرە ئەویش بێ هێز و بێ کارکراو و تەجمیدکراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ماوەیەکی زۆرە دەستەکانی دیوان، کە «٢٣» دەستەن، لە دیوان دەمێننەوە و دەرناچن بۆ کار، وردبینی و چاودێریی هیچ دائیرەیەکی حکومەت ناکەن، کاتی خۆی بە داتا و بە خشتە، کە مانگانە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەکرا، مانگانە دەیان ملیار دینارو دەیان ملیۆن دۆلارمان دەگەڕاندەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، لەو ماوەیەی دیوان تەجمیدکراوە یەک فلس نەگەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، چونکە دەستەکانی چاودێریی دەرناچن تا ئەو بڕە پارەیە دیاری بکەن کە لە دامودەزگاکانی حکومەت بە زیادەڕۆیی خەرجکراون. بۆ نموونە، کاتی خۆی هەر لە وردبینیکردن و بەدواداچوونی گەندەڵی دوو موچە، توانیمان مانگانە شەش ملیار و پەنجا ملیۆن دینار بگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، واتە ساڵانە بڕی ٧٢ ملیار و شەش سەد ملیۆن دینارمان دەگەڕاندەوە بۆ خەزێنە.

**سپی: هۆی چییە ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوونە؟ ئایا ئەوە هەر بەرپرسانە گەندەڵی دەکەن، یان کۆمەڵگای کوردیش ئەو دیاردەی پێ قبوڵە، پرسیارەکە بە واتایەکی تر، ئایا ئەوە بەرپرسە دەیەوێت کۆمەڵگا توشی گەندەڵی بکات؟ یان گەندەڵییەکە لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین، کە کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی، بە بەراوردکردن بە کۆمەڵگاکانی چوار دەورمان، کۆمەڵگایەکە تا ئێستا بە پاکی ماوەتەوە، ڕێژەی بەرتیل وەرگرتن و بەرتیل دان، ئیختیلاس و هەموو جۆرە گەندەڵییەکانی تر لەناو هاوڵاتیاندا کەمە و هێشتا میللەتەکەمان دووچاری ئەم پەتایە نەبووە، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و لەسەر ئاستی میللی گەندەڵی نەبۆتە پەتا، وەک زۆر لە گەلانی تری ناوچەکە پێوەی دەناڵێنن و بۆتە دیاردە و لەسەر ئاستە نزمەکانی کۆمەڵگاش پیادە دەکرێت. لە کوردستان گەندەڵییەکە لەسەر ئاستە بەرزەکان پیادە دەکرێت و لە چەند بازنەیەکدا گردبۆتەوە، دەستبژێرە سیاسییەکە

سەرقافڵەی گەندەڵی گرتووە لە مانەوە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی حکومەت، لەناو حکومەتیش توێژێکی گرتۆتەوە، کە لە پۆستە باڵاکانی حکومەتەوە دەست پێ دەکات و بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە. توێژێکی تریان خاوەن کۆمپانیاکانن، کۆمەڵێک خاوە کۆمپانیا لە پێش ڕووخانی بەعس و دوای ڕووخانەوە هەڵتۆقین و بە ئاسایی لەدایک نەبوون و گەشەیان نەکردووە، یەکڕاست ئەمانە بەسەر ماڵ و موڵکی گشتییەوە مافیان. ئەم مافیایانە نە خوایان هەیە نە ویژدان و نە نیشتمان، بە هەموو جۆرێک و شێوازێکی کۆن و نوێ خەڵک و حکومەت دادەپۆشن. ئەم سێ دەستەیە.. لە گەندەڵییەکی قورسەوە ئاڵاون و تا ئێستا ڕێژەیەکی کەمیان بۆ خەڵک ئاشکرا بووە، ئەگەر ڕۆژێک بێت و هەمووی ئاشکرا بێت، میللەت دووچاری بێ ئومێدییەکی زۆر دەبێت. زۆرجار گەندەڵی لە کوردستان وەک سێکوچکەیەکی لێهاتووە، سیاسیەکان لوتکەی سێکوچکەکەن.. دوای ئەوانیش خاوەن کۆمپانیاکان، دواتر پۆستە باڵاکانی حکومەت دێت، ئەم سێکوچکەیە هاوکێشەیەکی سەیر و سەمەرەی مافیایی سیاسیو سەرمایەداری مافیایی فەرمانبەری مافیایی دروستکردووە. زۆرجار وەک شێوەی هەڕەمێک دەردەکەون، کە ئەمیان لەسەر شانی ئەویان ڕاوەستاوە، ئەمانە هاوشێوەی نەهەنگ هەموو شتێک قووت دەدەن و بەتاڵانی دەبەن، ئامادەن خوێنی میللەتیش بمژن. لە نەوتەوە دەست پێ دەکات و پاشماوەکەی لەناو ئاو و لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەبینێتەوە، لە بازرگانی دەرمانەوە دەردەکەوێت و لەناو خۆراکی کوالیتی خراپدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمانە و دەیان نموونەی تریش. دیاردەی گەندەڵی بە کوشندەترین دیاردە دادەنرێت بۆ داڕمانی سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە ئەگەر بەر بە گەندەڵکاران و مافیاکان نەگیرێت، ئەم پەتایە وردە وردە میللەتەکەشمان دەگرێتەوە، خوا نەکات بگاتە ئەو ئاستە، ئەگینا دەبێت پرسە بۆ ئایندەی ئەم گەلە دابنێین. پێویستە نەهێڵین بە هەموو لایەک ئەم پەتایە دابەزێتە خوارەوە بۆ ناو خەڵکی کوردستان، ئەم پەتایە لە کیمیاباران و ئەنفال خراپترە بۆ کورد، چونکە ئەگەر گەلەکەمان توش بێت، هەرچی بەهای ئینسانی و پاکیو بێگەردییە دەیدۆڕێنێت، بەرگەی سوکترین ڕەشەبای ئەم ناوچەیە ناگرێت کە پڕە لە گێژەڵوکەی بەهێز. دەبێت لەوەش تێبگەین بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی تەنها کاری چەند دەزگایەکی چاودێریی و دادوەریی نییە، کار هەموو کۆمەڵگایە، ئەبێت هەمووان خۆمان بە بەرپرس بزانین بەرامبەر لە بنەبڕکردنی و بە دادگایی گەیاندنی گەندەڵکاران، لەو باوڕەدام ئێمە دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین و نەهێڵین گەلەکەمان سەرگەردان و بێ توانا و وزە بکەن، بە دەست کۆمەڵێک مافیاوە کە بەرامبەر سەروەرییەکانی گەلەگەمان هیچ

نین و ئەمرۆ بێت یان سبەی بەر لەعنەتی خواو زەمانەو گەلەکەمان دەکەون، ئەگەر ئێمە بجولێین.

**سپی: تۆ بۆچی بەرامبەر بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی ڕەشبینیت؟ ئەوەتا سەرۆکی هەرێم پرۆژەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و لە پەرلەمان لیژنەی نەزاهە هەیەو دەستەی نەزاهەش بەم دواییە دروستکراوە. جگە لەوەی دیوانی چاودێریی دارایی و داواکاریی گشتیمان هەیە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): گەندەڵی بە دروستکردنی لیژنە و بوونی پرۆژە چارەسەر ناکرێت. گەر ئیرادەیەک نەبێت هەموو کەس لەبەردەم یاسادا چون یەک نەکات و سزای نەدات. سەرۆکی هەرێم نەیتوانی بڕیاری قەدەغەکردنی ئوتومبێلی جام ڕەش جێبەجێ بکات، کەواتە قەیرانەکە لە ئیرادەدایە، بۆیە بڕیارەکان بێڕوحن، مەرەکەبی سەر کاغەزن، بیریشمان نەچێت لیژنەکانی نەزاهە و دیوانی چاودێریی دارایی کاریان تەنها ئاشکراکردنی گەندەڵییە، ئەوەی تر لە ئەستۆی دادگادایە کە ئیرادەیەکی زۆرجار سەربەخۆ نییە، ئێمە لە دیوان لە کاتی خۆیدا ٨٦ کەیسی گەندەڵی قورسمان خستۆتە بەردەم دادگا، بەڵام دادگا و داواکاری گشتی چییان کردووە؟ ئەمە پرسیارە قورسەکەیە. بۆ زانیاریی زیاتریش هەر تەنها سەرۆکی هەرێم خاوەن پرۆژە نەبووە، بەڵکو جەنابی مام جەلال و کاک کۆسرەت و کاک د.بەرهەم و کاک نێچیرڤانیش پرۆژەی چاکسازیان هەبووە، بەڵام ئیرادەی جێبەجێکردن نەبوو، سەیریش لەوەدا بوو کە ئەو لیژنانەی بۆ ئەو مەبەستە دادەنرا، ئەندامانی لیژنەکە زۆربەیان خۆیان گەندەڵ بوون و پێویست بوو خۆیان بدرێن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە، لە بەغدا بە ئامادەبونی د.بەرهەم و د. فواد و د. لەتیف و چەند کەسێکی تر ئەمەشم بە خودی مام جەلال وت. هەر بۆیە تا ئێستا نەمان بینی و نەمان بیست یەک بەرپرسی حیزبی و چاودێریی دارایی سلێمانی ڕادەستی دادگا بکرێن. چاکسازی ڕاستەقینە و بنەبڕکردنی گەندەڵی بە لیژنەیەکی سەربەخۆی دەرەوەی حکومەت دەکرێت، لیژنەیەکی نەترس و دادپەروەر و کارامە بێت و پشت بە خەڵک و ڕای گشتی ببەستێت.

**سپی: تا ئەو دەمەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (سلێمانی) بوویت، خاوەنی زیاتر لە (٢٧٢٠) ڕاپۆرت بوون لەسەر پێشێلکارییەکانی بەرپرسانی حکومەت و حیزب بەرامبەر بە ماڵ و موڵکی گشتی. بە پێی زانیارییەکانی ئێمە لەو ڕاپۆرتانە ژمارەیەکی کەمیان ڕادەستی دادگا کراون. ئایا چەندیان دەبوایە داواکاری گشتی**

**داوای لە دژیان بجولاَنایە، ئەو بەرپرسانە کێن کە تێوەگلاون؟ بۆ ئەو پرۆسەیە تەواو نەکراو وەستاوە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و دوای هەمووشیان دیوانی چاودێریی، ئەوە بوو سەرۆکێکیان بۆ دانا نامەوێت باسی بکەم و میدیاکانی زۆریان لەسەر وتووە کە چۆن سەرۆکێک بوو، ئەوە بوو ناچارکرا لە کارەکەی وازبێنێت، بەڵام کارێکی زۆر باشی کرد بۆ دەسەڵات، کە دیوانی چاودێریی سلێمانیشی بە دەردی دیوانیی چاودێریی هەولێر برد، لەو ڕۆژەوە دیوانی چاودێریی سلێمانی دیوانێکی شکڵییە.. وەک باسم کرد دەستەکانی دەرناچن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێش دەست لەکار کێشانەوەم بە ماوەیەکی زۆر، وەک ئاماژەم بۆ کرد، ناو و دۆسیەی ٨٦ کەسمان ڕادەستی داواکاری گشتی هەرێم کرد، هەروەها ٢٧٢٠ ڕاپۆرتیشمان هەبوو، ئەو ٨٦ کەسە ئێوە وەک میدیاکان بیستوتانە یەک دۆسیەیان جولێنرابێت؟ جگە لە چواریان کە ڕۆژنامەکان ئاشکرایان کرد، ئەگینا ئێمە بەرپرسی گەورەی حیزبی و حوکمیمان دا بە دادگا بەس ئەوە چواریان ئێوە دەیزانن، زاتە ٨٢ یان ماون، چەند ئێوە ئەنجامەکەی دەزانن من و دیوانیش هەر ئەوەندە دەزانین. دەسەڵات بەرپرسیارە، لە تەجمیدکردنی دۆسیەی ئەو تۆمەتبارانە، داواکاری گشتی جولاَنی دۆسییەکانی ئەنجام دا، دەسەڵات تەجمیدی کردووە.

**سپی: بە پێی ئەزموونی خۆت سیفەتەکانی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، یان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی نەزاهە، دەبێت چۆن بێت و لەسەر چ بنەمایەک بێت؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): بەڕای من ئەو کەسانەی لەو پۆستانەدا دادەنرێن دەبێت ئەم سێ سیفەتەیان تێدا بێت، یەکەم: دەسپاکیی ڕەها، دووەم: دادپەروەریی ڕەها، سێهەم: نەترسی ڕەها. من لە ئەزموونی خۆمدا وا خۆم دەبینمەوە کە ئەو سیفەتانەم ڕەچاوکردبێت، ئەوەی گومانیشی هەیە ئەوە عەرز و ئەوە گەز، با بە بەڵگەوە بیسەلمێنێ. لە ماوەی ڕابردوودا کەسانێکی ناسراو لە بواری فەرهودی ماڵی خەڵک و سیفاتی تری خراپ ویستیان دیوان و لاپەڕە سپیەکانی ئەزموونی وەزیفی و کەسایەتیم لەکەدار بکەن، بەڵام بە قورسی دۆڕان و کەس دەنگی دەهۆڵی دڕاویانی نەبیست. سەبارەت بە بڕگەکەی تری پرسیارەکەتان، بە داخەوە لە کوردستان لەسەر بنەمای حیزبی ئەو کەسانە دادەنرێن، ئەوانەی ئەو پۆستانە وەردەگرن دەبێت هیچ حیزبێک ئاغایان نەبێت، من وەک کەسێکی بێلایەن و سەربەخۆ تەنها ویژدان و نەتەوە و ڕاستیم ڕەچاو کردووە.

**سپی: کەواتە تۆ لە بواری وەزیفیدا بە پشتی کێ وا توندبوویت؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): بە پشتی یەزدانی گەورە و پاشان بە بڕوای تەواوم بە بیروباوەڕی نەتەوەییم، کە پێموابێت ئەم نەتەوە جەستە هەنجن هەنجن کراوەو لە خوێن و فرمێسک هەڵکێشراوە، هەلی ئەوە نییە سەر و سامانی دەرخواردی تیمساحە گەندەڵەکان بدرێت. من لە کارەکەمدا ئامادەبووم سەرم ببەخشم، پشتم بە خۆم و ڕاستی بەستووە، نەک حیزب و عەشیرەت و هاوڕێ و کەسوکار. چونکە کەسێک ئامادەی سەرو گیان بەخشین بێت لە ڕێگای بیروباوەڕدا، بێگومان ئەو کەسە نە لەکەس دەترسێت و نە هیچ هێزێکیش هەیە بیترسێنێ.

**سپی: با بە ڕاشکاوانە بڵێین، دەڵێن هەندێک لەو کەیسانە، بە دڵی دەسەڵات جوڵێندراون، وەک کەیسی پارێزگای سلێمانی و قائمقامی هەڵەبجە، ئایا قەت لە سەردەمی ئێوەدا، دیوانی چاودێریی دارایی بۆتە بەشێک لە گەمە سیاسییەکان.. بە تایبەتی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دا؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئەوە وترا، بەڵام نەسەلمێنرا، هیستریای گەندەڵچییەکان لەوەدا بوو، هەندێ کەسی سێبەری گەندەڵکارانیان ڕادەسپارد لە دژمان بنووسن، وەک ناوەڕۆکی ئەو پرسیارەی کە کاتی خۆی وەڵام درایەوە. شانازییەکەی دیوان ئەوە بوو سەرۆکەکەی وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی سەیری ململانێ سیاسییەکانی کردووە، بەڵام لە بواری وەزیفیدا کەشتیەکەمان بەرزتر بوو لە شەپۆلی سیاسییەکان، ئێمە لەبەرامبەر هەر بەرپرسێکدا سەیری فایلی کارەکانیمان کردووە نەک ئینتماکەی، کە تیری خۆمان بەرەو ڕووی گەندەڵی هاویشت، زۆر کەس وەک نیشانە پێوە بوون، هەبوو دەسەڵات و هەبوو ئۆپۆزسیۆن، هەبوو گونی گونداری دەردەهێنا، هەشبوو پلەیەکی بچووکی هەبوو، تیایاندا هەبوو ناحەزبوون، بەڵام برادەرمیشی تیابوو، ئێمە مەیدانی کوردستانمان بەسەر دوو گروپ یان ڕەنگی سیاسی دابەش نەکردووە، بەڵکو وەک دوو بەرە کوردستان دەبینیین، بەرەی گەندەڵ و بەرەی دژە گەندەڵ. با ڕوونتر وەڵام بدەمەوە، کەسانێک دراون بە دادگا هەم بەرپرسی گەورە بوون لە حیزب و حکومەت، هەم برادەریش بوون، بەڵام نە لە پلە و پایەی ترساوم، نە لە دڵ زویر بوونیشی، هەروەها لەدەستدانی وەزیفەش نەیترساندووم، لە نامەیەکدا بۆ جەنابی مام جەلال و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نووسیبووم «شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا»، ئەمەش مانای ئەوە نییە نەترساوم، بەڵێ لە ژیانی وەزیفیمدا ترساوم، بەڵام ترس لە لەدەستدانی شەرەفی وەزیفیم و ترس لە کەوتنی ئەو سوێندەی

خواردوومە، خۆزگە لەم بوارەدا هەموان ترسنۆک بوونایە بەرامبەر بەو سوێندە.

**سپی: بەڵام ئەم هەموو دڵسۆزی و شارەزاییەی ئێوە بەچی دەچێ، کە دەسەڵات بە یەک دەرزی سیحری هەموو کارەکانتان پوچەڵ دەکاتەوە، مەبەستمان لێبوردنی گشتییە کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ماڵی گشتییان خواردووە، ڕای ئێوە لەسەر لێبوردنی گشتی چییە؟ داخستنی کەیسی گەندەڵی لە دەسەڵاتی کێدایە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئەگەر ئەو لێبوردنە بە فەرمی دەرچوو‌بێت، ئەمە بانگەوازێکە بۆ فەرهوود، ئەمە هاندانی گەندەڵکارانە نەک چاوترساندنیان، لێبوردنی گشتی وەک ئەوە وایە بڵێیت خەڵکینە بڕۆن دزی بکەن، تاڵانی بکەن، خەمتان نەبێت دوایی لێبوردنتان بۆ دەردەچێت و ئاو ئەکرێ بە ئاگردا. ئەمە تاوانە، تەنانەت لە ئایینیشدا ئەوانەی دەچن بۆ حەج خوا عەفوویان دەکات، تەنها لە حەقی خۆی «حق الله»، بەڵام عەفویان ناکات لە حەقی خەڵک «حق الناس»، داخستنی کەیسی گەندەڵی لە دەسەڵاتی کەسدا نییە، دەسەڵاتیش نەیتوانیوە بە دەرزیەکی سیحری کاری ئێمە پوچەڵ بکاتەوە، بەڵکو ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە، ئەوانەی بۆ گەندەڵی بونەتە پرد.. خۆیان لەناو خەڵکدا متمانەیان لەدەستداوە و لە ڕووی جەماوەرییەوە پوچەڵ بوونەتەوە. جگە لەوەی قەرز کۆن ئەبێ، بەڵام نافەوتێ، فایلی گەندەڵییەکان ماون و لە زۆر جێ پارێزراون، زاکیرەی خەڵکیش لاواز نییە، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە.. گەلێ دەسەڵات نغرۆ بوون هۆکاری سەرەکی «گەندەڵی فەساد» بووە. ئەمە جگە لەو بارودۆخەی ئەمڕۆ ناوچەکەی گرتۆتەوە و دیکتاتۆرەکان وەک گەڵای پاییز هەڵدەوەرێنێت.

**سپی: سێ سەفەرت کردووە بۆ فرەنسا بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەت، ئایا مەسرەفی چارەسەرکرنەکەت لەسەر حکومەت بووە؟ ئەم مەسرەفە چەند بووە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئەو مەسرەفە لە یەک فلسەوە تا کۆتایی پارەی خۆم بووە، نە پارەی هیچ حیزبێک نە حکومەتم وەرنەگرتووە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوان کەمتەرخەم بوون، بە پێچەوانەوە زۆر هاتنە پێشەوە، بەڵام من قبوڵم نەکرد لەسەر حسابی حکومەت و حیزب چارەسەری نەخۆشیم بکەم! تەنانەت جەنابی مام جەلال پاش ئەوەی چەند کەسێک بە ناوی بەڕێزییەوە قسەیان لەگەڵ کردم تا هاوکاریم بۆ بنێرێت و منیش ڕەتم کردەوە، ئینجا خۆی هاتە سەر خەت و تووڕە بوو وتی: ئەی تۆ چیت ئەوێت؟ پێم وت: ئەڵێن تۆ شێخیت تەنیا دۆعایەکی خێرمان بۆ بکە. زۆر سوپاسی ئەکەم تا نەخۆشی ئەم دواییەشی کە چووم بۆ ئەڵمانیا هیچ

مانگێک تێنەپەڕیوە، تەلەفونم بۆ نەکات، بۆ هەواڵپرسی نەخۆشیەکەم، یان نوێنەرێکی خۆی نەنێرێت، بەردەوام ئەیوت هەر چۆکم چاکبێتەوە، سەرت لێ ئەدەم بۆ ماڵەوە، منیش لە بابی وەفاداری و پێزانینەوە لە یەزدان داواکارم لە نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە ناومان، بۆ زانیاریی زیاتریش جەنابی مام جەلال سێ جار هاتۆتە ماڵمان و بەسەری کردومەتەوە. بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵیش ڕۆژ نا ڕۆژێک بە تەلەفون بەسەری ئەکردمەوە لە پاریس، ئەویش هەوڵی دا یارمەتیم بدات، بەڵام قبوڵم نەکرد، زۆر سوپاسی دەکەم کە لە پاریس بوو دەیویست بێت بۆ لام، بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئەو ئەرکە نەکێشێت، تەنانەت سوێندم بۆ خوارد کە گەر بێت بۆ پاریس ناونیشانی خۆمی نادەمێ، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە نەکێشێت. دوای هاتنەوەشم خۆی و خێزانی و کوڕ و هەندێ جاریش لەگەڵ برادەران زوو زوو بەسەرم ئەکاتەوە. هەروەها دکتۆر بەرهەمیش ماندوو بوو لە گەڵم و هەوڵی دا هاوکاریم بکات و بێت بۆلام بۆ پاریس، بەڵام من نەمویست.. لەم مینبەرەوە سوپاس و وەفاداریم هەیە بۆ بەڕێزی، هەروەها سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کە ئەویش هەوڵی جدی لەگەڵ دام بە تەلەفۆن بۆ هەواڵپرسین و یارمەتیم دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان، بەڵام هی ئەویشم قبوڵ نەکرد و زۆر سوپاسم کرد، هەروەها کاک مەسعودیش بۆ هەواڵپرسین لە ڕێگای نوێنەرییەوە پەیوەندی پێوە کردووم، زۆر سوپاسی دەکەم. ئەمە سروشتی منە کە جگە لە موچەکەم هیچ جۆرە یارمەتییەکی مادیم تا ئێستا لە هیچ لایەنێک و کەسێکی سیاسی و حکومی وەرنەگرتووە.

## دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین

**سپی: گریمان گەڕایتەوە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، گەرچی ئاشکرایە تۆ پۆستەکانت ڕەتکردۆتەوە.. یەکەم کارت چی دەبێت؟ هەر بەم بۆنەیەشەوە، لە ماوەی دەستبەکاربوونت لە پۆستەکانت، چەند جار داوای دەست لەکار کێشانەوەت کردووە و هۆکارەکانی چی بوون؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): جارێ سەرەتا با من ئەوەت بۆ باس بکەم، کە چۆن هەردوو پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایم وەرگرت. کاک کۆسرەت چوار جار لە ڕێگەی خۆی و هاوڕێکانمەوە داوای لێ کردم کە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی وەربگرم، بەڵام هەموو جارێک ڕەتم ئەکردەوە، تا جەنابی مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم و هەمان داوای لێ کردم و پێی وتم ئەم وەڵامانەت لێوەرناگرم کە بە کاک کۆسرەتت وتبوو. بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانیش

کەسێکم بۆ دکتۆر بەرهەم دەستنیشان کرد تا بیکەن بە سەرۆکی دیوان و منیش خۆم خانەنشین بکەم و موچەکەشم ببەخشم بە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان، کە ئەو کات توانای دارایی حکومەت لاواز بوو، بەڵام ئەمجارەش جەنابی مام جەلال قبوڵی نەکرد و سووربوو لەسەر ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرم.

## پەتای گەندەڵی لە کیمیاباران و ئەنفال خراپترە بۆ گەلی کوردستان

سەبارەت بە پرسیارەکەشت، هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ ئەو پۆستەی جێم هێشتووە، بەڵام گەر بە گریمان کار بکەین، بەر لە هەر شتێک پلان دادەنێم بۆ هەستانەوەی هەیبەتی دیوانی چاودێریی دارایی. یەکەم کاریشم ئەوە ئەبێت، کە سێ دەستەی کارا دەنێرم، یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئەویتر بۆ پەرلەمان، سێهەمیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، تا وردبینی دارایی تەواویان لەسەر بکەن، چونکە هەموو شەش مانگ جارێک ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانیمان وردبینی ئەکرد. سەبارەت بە بڕگەکەی تری پرسیارەکەشتان، بەڵێ من هەمیشە لەسەر پێ بووم بۆ دەست لەکار کێشانەوە، چونکە منەتەم پێی نەبووە، من پۆستم بۆ ئەوە نەویستووە بۆ مەرامی خۆمی بەکار بێنم، پۆست لای من خزمەت و مێژووە، نەک موچەی بەرز و ناونیشان‌و ئیمتیازات. کە لە هەر سێ پۆستەکە خۆم بەدوور گرتووە، لە هەردوو پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی داوام کردووە موچەکەم کەمبکرێتەوە، هەروەها پاسەوان و حیمایەم قبوڵ نەکردووە، ئۆتۆمبیلی حکومەتیشم قبوڵ نەکردووە، لەم دواییەدا نەبێت، بە شێوەی سنوردار لە ماڵەوە بۆ دائیرە بەکارمهێناوە، ئەویش لەسەر ئیلحاحی سەرۆکی حکومەت، خۆ ئێستا لە خانەنشینکردنیشم وەک وەزیرێک مافی ئۆتۆمبێل و شۆفێر و پاسەوانم هەیە، بەڵام ئەویشم ڕەتکردۆتەوە. ئەمانە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە منەتم بە وەزیفە نەبووە. بۆیە لە ٢٠٠٨/١٢/٣١ بە ڕاشکاوانە دوای تەشەنەکردنی گەندەڵی، نووسراوێکی دەست لەکار کێشانەوەم نارد بۆ جەنابی مام جەلال و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، تیایدا نووسیم من شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جەسمێکی غەریبم لەناوتاندا. دوای ئەو نووسینەم، جەنابی مام جەلال دەعوەتی کردم بۆ بەغداد، ماوەی هەفتەیەک لای خۆی هێشتمییەوە، لەبەر چاوی بەڕێزان دکتۆر بەرهەم، دکتۆر فواد مەعسوم، دکتۆر لەتیف شێخ جەمال، یوسف زۆزانی و هەندێک کەسی تر پێی وتم ڕازی نیم بە دەست لەکار کێشانەوەکەت، کەی روبعە جەلالێکی سام ئاغای ترم پەیدا کرد، ئەوسا واز لە سێ روبعەکەی تر دەهێنم و داواکەت قبوڵ دەکەم، هەروەها بەڵێنیشی پێ دام کە بەم زوانە دێتەوە بۆ سلێمانی و خۆشی سەرپەرشتی پرۆسەی

چاکسازی دەکات و وتیشی تۆش (واتە من) سەری ڕمەکە دەبیت، بەڵام بە داخەوە نەیتوانی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە منیش بۆ جارێکی تر بە کورتی دەست لەکار کێشانەوەکەم تازە کردەوە و بە ئیمێل بۆم نارد لە ڕێگەی ئاراسی شێخ جەنگییەوە، کە ئەو کات جەنابی مام جەلال لە کۆریای باشور بوو، ئەویش کاک عیماد ئەحمەدی ڕاسپارد کە پێم ڕابگەیەنێ کارەکەم بەجێنەهێڵم، کە گەڕایەوە هەموو شتێ بە دڵی من دەکات، بەڵام بە داخەوە ئەمەش جارێکی تر جێبەجێ نەکرا. بەڵێ کار ئاوا ڕۆیی تا جەنابی مام جەلال لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا هەڵکشانی گەندەڵی خستە ئەستۆی خۆی و دانی بەوەدا نا کە دەبوو زووتر بەگژ گەندەڵیدا بچێتەوە، بەڵام گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامانی گشتی گەیشتە ڕادەیەک کار لە کار بترازێ.

**سپی: دەڵێن بەرپرسە ڕۆژهەڵاتییەکان، خۆبەزلزان و داخراو و توندن، بەڵام بەڕێزت کەس نەیدیویت، چ لە وەزارەتی دارایی و چ لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، لەسەر مێز و کورسی وەزیفەیەک دابنیشی، بەڵکو لەسەر تەختەی مێزی کۆبوونەوە دانیشتووی، هۆی ئەمە چییە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئەم پرسیارە باشتر وایە لە کارمەندان و موراجیعەکان بکرێت، ئەوان من هەڵسەنگێنن، نەک خۆم.. خۆم هەڵسەنگێنم، ڕاستە من لە ماوەی ١١ساڵ پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و پاشان سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەر لەسەر کورسییەکی تەختە دانیشتووم، لە کاتێکدا کارگوزارەکان لەسەر کورسی چەرم دائەنیشتن، لە بینای تازەی دیوانیش هەمووکەلوپەلی ژوورەکانی دیوانم گۆڕی بەو ئەساسانەی لە تورکیاوە بۆمان هات، بەڵام کەلوپەلی کۆنی ژوورەکەی خۆمم وەک خۆی هێشتەوە. گەر ئەپرسی بۆ..؟ من هەر لە گەنجیمەوە حەزم لە ئازاردانی زاتی خۆم کردووە (تعذیب الذات) تا توانیبێتم بەپێی نەفس و هەوەس کارم نەکردووە، دوای خانەنشینکردنیشم دیسان ئەو مافانەم هەبووە، بەڵام ڕەتم کردۆتەوە. لە ژیانمدا بە سادەیی و مەزنی و خۆنەویستی پیاوێکی وەک مەهاتما غاندی سەرسام بووم، هەروەها ئەو سەرکردە گەورانەی مێژوو کە لەسەر حەسیر دائەنیشتن، سەرسامیشم بە نێلسون ماندێلا کە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی تازەنەکردەوە، هەر بۆیە وتوومە وەزیفە لای من خزمەتە و مێژووە. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ وەزیفە، یەکەم کارم ئەوە ئەبێت.. سێ دەستەی کارا دەنێرم، یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئەویتر بۆ پەرلەمان، سێهەمیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران... تا وردبینی تەواویان لەسەر بکەن.

**سپی: ئاشکرایە ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی فشار و توندوتیژی و تا تیرۆریش**

**بوونەتەوە، بەو پێیەی ئێوەش ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەن و دەمامک لەسەر گەندەڵکاران لادەبەن، بێگومان کێشەتان بۆ دروستبووە، ئەو کێشانە چۆنن و لە لایەن کێوەیە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئەوەی بەلای کورەدا بڕوات پڕیشکی بەردەکەوێت، کاری ئێمەش خەتەر بووە، دەستمان کردووە بە دەمی ئەو تیمساحانەی کە ماڵو موڵکی گشتیان خواردووە، بێگومان لە بەرامبەریشدا گەندەڵکاران چەکی خۆیان خستە گەڕ لە دژمان، لە هەوڵێکدا ویستیان بینای کۆنی چاودێریی دارایی بتەقێننەوە، هەوڵێکی دیکەش هەبوو ویستیان سەرۆکی دیوان ژەهرخوارد بکەن، گەلێ هەڕەشەش لە فەرمانبەرانمان کرا، لەگەڵ نامەی هەڕەشەشدا فیشەک فڕێدەدرایە ماڵی کارمەندەکانمانەوە کە هەمووی لای پۆلیس تۆمار کراون، جگە لە هەوڵی بەدناوکردنمان، گەلێ بوختانمان بۆ هەڵبەسترا، لە ماوەیەکی زەمەنیدا ١٨٣ جار ناوی بەندە لە هەندێ میدیاوە بە تەشهیر بڵاوکرایەوە، بەڵام وەڵامی پێویست نەدرانەوە، بە داخەوە هەندێ ڕۆژنامەنووس شەرەفی پیشەیی خۆیان دۆڕاند و قسەی گەندەڵەکان بۆ پارچە زەوی و بەرتیل لە دژی ئێمەیان نووسی، هەندێک گەندەڵ دەیانویست کێشەکان بە ئاقاری شەخسیدا بەرن، بۆ نموونە دەیان گوت گوایە من لای ئاساییش گیراوم، ئاساییش وەڵامی دانەوە کە ئەمە بوختانە، هەروەها پێیان دەوتین: گوایە ئێمە پێشمەرگایەتیمان نەکردووە، زیندانی سیاسیش نەکراوینو یەخەی کراسەکەمان بۆ کورد بۆر نەبووە، بەڵام سەلماندمان کە زیندان بووینو پێشمەرگەش بووین. حەزدەکەم لێرەدا ڕووداوێک سەبارەت بە پێشمەرگایەتی بگێڕمەوە، دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری شووم، ڕەحمەتیی بارزانی دەیویست بۆچوونی هەندێ کەس وەربگرێ دەربارەی شۆڕش و میللەت، دە کەسی هەڵبژارد یەکێکیان بەندە بوو، ئەوانەی لەو دانیشتنەدا بوون یەکێکیان « د. محمود عوسمانو یەکێکی تریان د. کمال مەزهەر» بوو کە سوپاس بۆ خوا ئێستا لە ژیاندا ماون، ئەم ڕووداوە بە قسەی هیچ گەندەڵچیو تاڵانچییەک ناشاردرێتەوە. بۆ زیندانیکردنیش بەڵێ زیندانی کراوم، کە خوێندکاری زانکۆ بووم لە بەغدا شوعییەکان خۆپیشاندانیان ڕێکخست، منیش بەشداربووم، یەکێک بووم لە گیراوەکان و ئەشکەنجەدراوەکان، خرامە زیندانی (خلف السدة)، کەسوکارم هەواڵیان نەدەزانییم «ماوم- کوژراوم یان بریندارم»، چونکە حەوت کەسمان لێ کوژرابوو، یانزە کەسیشمان بریندابوون، کوژراوەکان بە هۆی ئەوەی کەوتبوونە ژێر پێی ئەو هەزاران کەسەی لە ترسی فیشەکی پۆلیس رایان دەکرد، دەموچاویان شێواو بوو تەرمەکانیان لە مەیتخانەی کۆلێژی پزیشکی بەغدا نەدەناسرانەوە. باوکی من و باوکی کاک فارووقی مەلا مستەفا هاتنە بەغدا پاش

ماوەیەک ئێمەیان دۆزیەوە. سەیر لەوەدا بوو حیزبی شیوعی لافیتەی شەهیدبوونی منیشیان لە سلێمانی ئامادە کردبوو، تا لەگەڵ گەییشتنی تەرمەکە.. لافیتەکە بەرز بکەنەوەو بە خۆپیشاندان بە پیر تەرمەکەوە بچن. لێرەوە دەبێ ئەوە بڵێین مەرج نییە هەرکەس لە حکومەتدا پۆستێک وەبگرێت، ئەبێت پێشمەرگە یان زیندانی سیاسی بێت، ئەو زەوییە بە پارەی حەڵاڵ کڕاوە و بە یەکێک لە خانووە جوانەکانی گردی سەرچنار دادەنرێت و بە ٧٠٠ هەزار دۆلار لە کاتی خۆیدا خەملێنراوە و لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆم کرد، تا بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی لە دوای نەمانم لە ژیاندا، دووەم پارچەش بە هەڵاوێردن درا بە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر، ئەویش لە سەردەمی کابینەی یەکگرتووی کاک کۆسرەت لە هەولێر، ئەم پارچە زەویەشم بەخشی بە دیوان فرۆشتیان بە زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دینار و پارەکەیان خستە ناو حسابێکی بانکییەوە تا ساڵانە قازانجەکەی وەک خەڵات بدرێت بە فەرمانبەرە لێهاتووەکانی دیوان و خانمە سەلارەکانی.. تا ئێستا ئەم خەڵاتە بۆ ماوەی سێ ساڵە لەسەر یەک دابەشدەکرێت، هەروەها گەندەڵکاران لە درۆنامەکەیاندا دەڵێن سەرۆک دیوان موخەسەساتی بۆ خۆی نووسیوە یان پارەی موخەسەساتی تایبەتی بەبێ قانونی سەرفکردووە. ئێمە چەند جارێک داوامان لەو گەندەڵکارە نەشارەزا و نا قانونیانە کرد، بێن خولیان بۆ بکەینەوە تا فێری شێوازی ئیدارەیان بکەین و پێیان بڵێین موخەسەسات بە قانون و ڕێنمایی دەدرێت، هیچ کەس ناتوانێ بیدا بە خۆی، لە سەرۆککۆمارەوە تا کارگوزارێک موخەسەسات بە ڕێنمایی سەرف دەکرێت. تەخسیساتی وەزیرەکانیش بە ئیجتهادی شەخسی خودی وەزیر سەرف دەکرێت بۆ ئەو سەرفیاتانەی خارجی میزانییەیە، هیچ قانون و ڕێنمایەک نییە بۆ سەرفکردنی، دەشێ بۆ حاڵەتێک دینارێک سەرف بکات یان زیاتر، بەڵام ڕاپۆرتەکانی دیوان لەسەر کەشفی دزی و گەندەڵییەکانیان بە شێوەیەک جەرگی بڕیون لە هەموو کاتێکدا پێوەی ئەنوون و پێوەی هەڵدەسنەوە و لە هەموو مەجلیسێکدا باسی ئەکەن. ئەو وەزعەی کوردستان جادەکە ئەوەندە بۆ گەندەڵکاران تەخت بووە، هەتا شەریفێک بە گەندەڵێک دەڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە ئەو هەزار جار پیاو خراپی دەکات، ئەوەی چاکەشە پێچەوانەی ئەکاتەوە بوختان ریز دەکات، جگە لەوەش بە داخەوە لەناو یەکێتیدا نە موحاسەبە هەیە نە گوێ ڕاکێشەرێک و چاوسورکەرەوەیەک، تا حەدێک بۆ ئەمانە دابنێت، هەتاکو یەکێتییان بەمرۆژەی ئەمرۆ گەیاند، لێرەدا جێگای خۆیەتی قسەی یەکێک لەبەرپرسە گەورەکانی یەکێتی بگێڕمەوە کە ئەیوت ((جاران کە دەچووین بۆ پرسەیەک بیست کەس لەبەرمان هەڵدەستا، بەڵام ئێستە دوو کەس ناڵێت بەخێربێن، منیش پێموت بەڕێز ئێوە بەرامبەر میللەت گۆڕاون دەنا میللەت هەر

میللەتەکەی جارانە کە لەبەرتان هەڵدەستا)). ئەم بوختانو تەشهیرانە کە چ بەرامبەر دیوان و چ بەرامبەر سەرۆکی دیوانی ئەو کات لەو ماوەیەدا ئەنجامدراون، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە دەعوامان لەسەریان تۆمارکردووە، بەڵام لە بازنەیەگی بۆشدا دەسوڕێتەوە، دادگا هیچی دیار نییە، ئەم دادوەر دەیدا بەو دادوەر. بەڵام تا سەر سەبری ئەیوبمان نابێت.

**سپی: ئێستا (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرقاڵی چییە؟ دەڵێن ماڵەکەی بۆتە یانەیەکی سیاسی و ژمارەیەکی بەرپرسی لایەنەکان و ڕۆشنبیران بە بەردەوامی سەردانی دەکەن و هەندێک جاریش ناکۆکی نێوانیان چارەسەر دەکەیت؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): من پێشتر و ئێستاش ماڵەکەم لانەی خەڵکی نیشتمانپەروەرو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس بووە، ژمارەیەکیان هاوڕێی سەردەمی خوێندنمن، ژمارەیەکی تریشیان بەو پێیەی هاوشارین دەمێکە ئەیان ناسم، تێکەڵبوونم بە سیاسەت لە کۆنەوە و وەزیفەی حوکمیش ژمارەیەکی هاوڕێی ترم لەو ڕێگایانەوە ناسیوە. هەر بۆیە ماڵەکەمیان ناوناوە یانەی سیاسی، جێگای هەموو بیروباوەڕێکی نیشتمانی تێدا دەبێتەوە، زۆرجار بۆتە شوێنێک بۆ بینینی لایەنە سیاسیە جیاوازەکانی کوردستان و نزیکبوونەوەیان لە یەکتری. دەوری منیش ئەوە بووە هەمیشە پێم وتون ئێوە لە ڕووی هاوڕێیەتی و کۆمەڵایەتییەوە ئاشت ببنەوە و لە یەک نزیک بن، هیچ گرنگ نییە لە ڕووی سیاسیەوە جیاوازبن، گرنگ ئەوەیە ئێوە خۆشەویستیتان بۆ یەکتر هەبێت، بە تایبەتی کە ژمارەیەکیان هاوڕێی تێکۆشان و ڕۆژی تەنگانەی یەکترن، ناکرێ لەبەرئەوەی لە ڕووی سیاسیەوە لەیەک جیاوازن لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ساردبن، من تا پێم بکرێت لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە لە یەکیان نزیک دەکەمەوە، بیروڕا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوە بەس هاوڕێیەتییە دەمێنێتەوە. من هەمیشە ئەوە دەڵێم ئێمە هەمووان بەرامبەر چارەنوسی کوردستان بەرپرسین هەر یەک لەلای خۆیەوە، منیش ئەوەی پێم بکرێت ئامادەم یارمەتیان بدەم، ناوبەناو قسەی سیاسی خێریش لە نێوانیاندا دەکەم، من سوپاسیان دەکەم و هەست دەکەم جگە لە لایەنە ئینسانییەکە، ئەمە لایەنێکی نیشتمانییە، منیش هەمیشە ئامادەم چیم پێ دەکرێت بیکەم و بە سەر و ماڵ لە خزمەتی نەتەوەکەمدام و بەکردەوەش کردوومە. لەگەڵ نامەی هەڕەشەشدا فیشەک فرێدرایە ناو ماڵی کارمەندانی دیوانی چاودێرییەوە کە هەمووی لای پۆلیس تۆمارکراون. لەم ماوەیەشدا وەفدێکی هەڤاڵانی پارتی کریکارانی کوردستان سەردانیان کردم، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من، پێم وتن، ئێوە چۆن من دەناسن و چۆن ڕێتان کەوتە ئێرە؟ ئەوانیش وتیان ئێمە

لە دوورەوە ناوبانگی تۆمان بیستووە و دەڵێن ماڵەکەت ماڵی گەلە بۆیە بەبێ هیچ پرس و ڕایەک سەردانمان کردوویت. بۆ ئاگاداریتان هەرچەندە زۆربەی هاوڕێکانم خەڵکانی سیاسی و ڕۆشنبیرن، بەڵام بەندە لە هەموو ژیانمدا سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسیدا دیاریکراو نەبووم، هەرچەندە بە درێژایی تەمەن لەناو سیاسەتدا ژیاوم و نزیک بووم لە کێشەی گەلەکەمەوەو لە ڕێگای تێکۆشاندا ماوەیەک پێشمەرگەبووم و بۆ ماوەیەکیش زیندانی سیاسی بووم.

**سپی: لە هەرێمدا چەند هەڵبژاردنێک لەبەردەممماندایە؟ ئایا ئەگەر تەکلیف لە (جەلالی عومەری سام ئاغا) بکەن خۆی کاندید بکات بۆ یەکێک لە پۆستەکان، ئامادەیە بیکات؟.**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ئامادە نیم هیچ پۆستێک وەربگرم، جارێکی تر من کاری حوکمەت ناکەم. هەرچەندە زۆریشیان پێ وتووم، لەلایەن کاک مەسعودو کاک نێچیرڤان و نوێنەری ئەوانەوە، بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، یان بەرپرسی لیژنەی چاکسازی هەرێم. من دەزانم ئەم پۆستە، کە دەدرێت بە من وەک، ئەوە وایە کە بکرێمە خۆڵ و بکرێمە چاوی خەڵکەوە، هیچیشم پێ ناکرێت و ناشهێڵن هیچ بکەم، ئەگەر ڕاست دەکەن.. با بێن فایلی گەندەڵی ئەو ٨٦ کەسە ڕادەستی دادگامان کردوون، هیچیان لێ نەکەن، بەس تەنها ناوەکانیان بدەن بە میدیا و بڵێن لەسەر ئەم گەندەڵییانە داومانەتە دادگا، ئەگەر دەرکەوت وا نییە بێت ئێمە بدەنە دادگا. ئەگەر واش بوو ئەوە سەروەریە بۆ یاسا و دەڵێین هێشتا دنیا ((خێرێکی تیا ماوە)).

**سپی: (جەلالی عومەری سام ئاغا)لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ بە کام لایەن دەدات؟ یان با وردتر بڵێین لەسەر چ بنەمایەک دەنگ دەدات؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): هێشتا زۆری ماوە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام لە کۆن و لە ئێستا و لە ئاییندەشدا دەستم دەبڕم.. ئەگەر دەنگ بۆ لایەنێکی گەندەڵ بدەم کە هانی گەندەڵی بدات، بۆ لایەنێکی بدەم کە بەرپرسیارە بەرامبەر ماڵ و موڵکی ئەم خەڵکە، کە بە تاڵان دەبرێت، من هەر لە بەرەی میللەتدا بووم و لە بەرەی میللەتدا خۆم دەبینمەوە.

**سپی: (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئەو پیاوەی زۆر حەدییە و هەمیشە دەڵێت: یەک کۆبکەیتەوە لەگەڵ یەکێکی تردا دوو دەکات.. هەمیشە لەناو ژمارە و ڕاپۆرتدا خەرق بووە، ئایا دڵی ئەم پیاوە جێگای خۆشەویستی و عەشقی تیا بۆتەوە؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): ساڵی ١٩٦٢ کاتێ قوتابی بووم لە بەغداد، ڕێکەوتی ڕووداوێکم کرد کە هێندەی نەمابوو گیانی خۆم و کچە خوێندکارێک تیا بچێ. ئەو کچە لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆییشتووی یەکێک لە هۆزەکانی ناوچەی کوت بوو. ڕۆژێک لە کاتی پەرینەوەیدا بەسەر سکەی ئەو شەمەندەفەرەی بە لای زانکۆکەماندا تێدەپەڕی، پێڵاوەکەی گیرایە ئاسنی سکەی شەمەندەفەرەکە و زۆری نەمابوو شەمەندەفەرەکە بگاتە سەری و بیشێلێ. منیش خۆم هاویشتە سەر سکەکە و هەوڵی ڕاکێشانیم دا، بەڵام بێهوودە بوو، چونکە باژنەی پێڵاوەکەی گیرابووە ئاسنەکە و منیش کەوتم و دەموچاوم بریندار‌بوو. شەمەندەفەرەکەش تا ئەبوو نزیک ئەبۆوە و لورەلورەکەشی ئەوەندەی تر تۆقێنەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵم نەداو ئەمجارە بەگوڕو هێزێکی ئەوتۆوە ڕامکێشا و بە دەستمەوە هات و هەردووکمان لە مردنێکی چاوەڕوانکراو ڕزگارمان بوو. ئامادەبوانی شوێنی ڕووداوەکەش بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێ کردین. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی گیانی و خۆشەویستی لە نێوانماندا دروست بێت، بە جۆرێک تا ئەبوو زیاتر لە یەک نزیک بووینەوە و تا ئەو ڕادەیەی پەیمانی هاوسەرێتیمان بەیەک دا.... بەڵام سەد داخ ئەو خۆشەویستیە تەنها ساڵ و نیوێک درێژەی هەبوو، وادیار بوو مێردەزمەی مەرگ هەر بە شوێنییەوە بووە، تا ڕۆژێک بە هۆی ئاگری پەرەمێزی حەمامی ماڵەکەیانەوە جەستەی سووتا، پێش ئەوەی من بگەمە سەری لە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا. ئیتر لەو ڕۆژەوە گڕی ئەو ئاگرە بەربۆتە دڵی من و ئازارم دەدات، لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردووشدا هەمیشە وەک سێبەری گوڵێکی گەش دێتە بەرچاوم و زۆرجار لە خەونەکانمدا دەبێتەوە بە دڵخوازەکەی ئەوسام و بەدەم زەردەخەنە زێڕینەکەیەوە وەک جاران بانگم ئەکات ((جەلالی)). تەنانەت ساڵی پاریش بەر لەوەی نەشتەرگەرییەکەم بکەم، هاتەوە خەونم وتی: «جەلالی مەترسە ئەم نەشتەرگەرییەت سەرکەتوو ئەبێت»، دواجار ئەنجامیش وەک پێشبینییەکەی ئەو بوو. من تا ئێستا ئەم نهێنییەم لای کەس نەدرکاندووە، جگە لە هاوڕێییەکی کۆلێژەکەم، کاتێ بە ڕوویەکی بزرکاو ڕیشێکی نەتاشراوەوە بینیمی زۆری لێ کردم و چیرۆکی کارەساتەکەی پێ درکاندم، ئەویش چوو بوو بۆ هونەرمەندی ناسراوی عێراقی (حقی شبلی) گێڕابۆوە، ئەویش وتبوی ئەیکەین بە کارێکی درامی بە مەرجێ ئەو برادەرەت خۆی بێ بۆ لام و زیاتر لە ئەندێشەکەی بگەم، بەڵام بەر لەوەی ئەو خۆشەویستەم کچە عەشایرێک بوو، نەمویست برینی کەسوکاری بکولێنمەوە و بە باسکردنی چیرۆکەکە نیگەرانیان بکەم. گەر دوای ئەو چیرۆکەش خۆشەویستیم کردبێت.. تا ئێستاش، هەر ئەو لە دڵمدا یەکەم بووە. لە ماوەی ڕابردوودا کەسانێکی ناسراو لە بواری فەرهودی ماڵی

خەڵکو سیفاتی تری خراپ ویستیان دیوان و لاپەڕە سپیەکانی ئەزموونی وەزیفی و کەسایەتیم لەکەدار بکەن، بەڵام بە قورسی دۆڕان.

**سپی: لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا حەز دەکەیت چی بڵێیت؟**

(**جەلالی عومەری سام ئاغا**): لینکۆڵن کە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، ئەڵێت: بەهۆی وەزیفەکەمەوە زۆر کەسوکارو هاوڕێ و دۆست و ناسیاوم لەدەست دا، بەڵام هاوڕێیانێک جێگای هەموو ئەوانیان بۆ گرتبوومەوە، ئیرادە و عەزمیان دەدامێ، بەهێزیان ئەکردم، ئەم هاوڕێیانەش بریتی بوون لە خۆم و ناخی خۆم و ویژدانی خەڵکی ڕەش و ڕووتی گەلەکەم.

# حەوت

## تیمساحەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)

**محەمەد رەئوف**

نەبوونی لێپرسینەوە و بێ یاسایی، کاریگەری گەورەی لەسەر فراوانبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دامودەزگاکانی هەرێمدا هەبووە، بەجۆرێک ئەگەر لە رابردوودا بەرپرسان لە پۆستێکی ئیداری یا سیاسی گەندەڵییان بەسەر موڵک و ماڵی گشتیەوە کردبێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرابێت، ئەوا ئەمڕۆ هەر ئەوانە بوونەتە مافیای گەورەو بە بەرچاوی هاولاتیانەوە سامانی ژێرزەوی دەبەن، کەسێک نییە بپرسێت ئەو هەموو مافیا بازرگانە سیاسیانە بباتە بەردەم دادگاو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، ئەم حکومەتە بۆ خۆی ژینگەیەکی تەواو لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی مشەخۆر و گەندەڵ، خەریکە بازرگانانی سیاسی حکومەت دادەپۆشن و تەواوی کایەکانی ئەم هەرێمە دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان یاخود لەسەر خۆیانی تاپۆ دەکەن‌و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن.

ئەگەرچی چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستان قسە لەسەر گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی وڵاتو پۆستە حکومییەکان دەکرێت بۆ بەرژەوەندی کەسی و حیزبی، بەڵام هەنگاوەکان بەئاراستەی بنبڕکردن و رووبەڕووبوونەوەی زۆر کەم بووە، کە لە ئێستادا حکومەتو دامودەزگاکانی بەتەواوی تیایا نقوم بوون، یەکێک لەو کەسانەی زۆر بە جدی و خەمخۆرییەوە بەپراکتیکی رووبەڕووی گەندەڵی بۆتەوە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بووە کە لە ساڵی (٢٠٠٢ – ٢٠١١) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، کە لەو ماوەیەدا (٨٦) کەیسی دایە دادگاو بەشێکی یەکلاکردەوەو پارەیەکی زۆری حکومەتی گەڕاندەوە (٢٧٢٠) راپۆرتیشی لە دوای خۆی بەجێهێشت لەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت کە ئەگەر بەرپرسان بەو جدییەتەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، رووبەڕووی گەندەڵی بوونایەتەوە و ژمارەیەک کەسیان بدایەتە دادگا، ئێستا نە ڕێژەی گەندەڵی بەو جۆرە دەبوو، نە زۆرینەی بەرپرسانیش

وەک ئێستا دەبوونە بازرگان و سەرمایەدار و مافیا، ئەو کات «جەلالی سام ئاغا» مەترسییەکانی گەندەڵی دەخستەڕوو رایدەگەیاند: دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵیو گەندەڵکاران بەرپا بکەین، چونکە پەتای گەندەڵی لە کیمیاباران و ئەنفال خراپترە بۆ گەلی کوردستان، بۆیە بەرپرسانی هەرێم سەرەڕای هەوڵەکان (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەو کات دەیوت: بەشێک لەو ئەندامانەی لە لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵین پێوست بوو خۆیان بدرێن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەو پێشی وایە گەندەڵی لە کوردستان وەک سێکۆچکەیەکی لێهاتووە، سیاسیەکان لوتکەی سێگۆشەکەن و دوای ئەوان خاوەن کۆمپانیاکانو دواتر پۆستە باڵاکانی حکومەت دێت.

بۆیە ئەگەر لەو کاتەوە بەو نەفەسەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ڕووبەڕووی گەندەڵی ببوونایەتەوە ئێستا نە دۆخی هەرێم بە ئێستا دەگەیشت و نە هاوڵاتیانیش هێندە بێ متمانە دەبوون بەرامبەر بە حکومەتو بەرپرسەکانی.

کاتێک لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا) دادەنیشیت و تەواو درک بەخەمی قوڵی ئەو پیاوە دەکەیت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەو زۆر بە وردی باسی گەندەڵیو چۆنییەتی رووبەڕووبونەوەی ئەو دیاردە ترسناکە دەکا کە چۆن بۆتە ڤایرۆسێکی ترسناک لە جەستەی ئەم هەرێمە، ئەو کە لە سلێمانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، چەندین کەیسی گەندەڵی بردە بەردەم دادگاو چەندین بەرپرسیی باڵاشی راپێچی دادگا کرد، کە بە وتەی خۆی بەشێکیان هاوڕێی نزیکی خۆشی بوون بەڵام ئامادە نەبووە چاویان لە ئاستدا دابخات، تەنانەت زۆرێک لە دامودەزگاکان لەسەروەختی ئەودا ترسی هاتنی لیژنەکانی دیوانی چاودێرییان لێنیشتبوو، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەوەی گێڕایەوە کە لەو کاتەدا کاریکاتێرێکیان دروست کردبوو کە چاودێریی دارایی دەستی کردبوو بە دەمی تیمساحێکدا، بەواتای دەزگاکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لەبەرپرسە باڵاکانەوە دەستی پێکردووە، بەو مانایەش بەرپرسە گەندەڵەکانی هەرێم وەک تیمساح سەروەتو سامانی وڵات دەخۆن، یان دەبێت دەمیان دابخرێت یاخود دەستبکرێت بە دەمیاندا و پارەی دەیان ساڵەی هاوڵاتیانیان لێدەربهێنرێتەوە، خۆ ئەگەر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەو گڕو تینەی سام ئاغاوە هەوڵی بنبڕ کردنی گەندەڵی بدرایە ئێستا نەکەس جورئەتی گەندەڵی دەکرد نە گەندەڵیش بەم شێوەیەی ئێستا گیانی حکومەتی دادەڕزاند.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، زۆر بەوردی باسی لە رووبەڕبوونەوەی گەندەڵی دەکرد و دەیوت: بەرپرس لە مەوقیعێکدا ئەگەر تەنها (دەست پاک و داوێن پاک بێ) ئیتر بەسە بۆ ئەوەی گەندەڵی نەکرێت ئەوە گەورەترین رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ وڵاتی تەواو کردووە بە گەندەڵستان بازرگانە سیاسیەکان‌و ئەو کارەکتەرانەن کە بە پشتی حیزبەوە پۆستەکانیان بۆ بەدرەوشتی و بردن و بەهەدەردانی پارەی گشتی بەرکا هێناوە، لە هەمووشی ترسناکتر لەبری لێپرسینەوەو دادگاییکردن، پلەکانیان بەرز دەکرێتەوە و بەرپرسیارێتییان گەورەتر دەکرێت‌و لە هەر دامەزراوەیەکدا بەرپرس بن خۆیان و دامەزراوەەش گەندەڵ دەکەن.

# هەشت

## مرۆڤێک(٢)

### کەریم زەند- گەڕیدە و جواگرافیناس

ئەو مرۆڤەی کە ماڵئاواییەکەی لە پایە و پلە و دەسەڵات و فەرمان و کارمەندان و دۆستان و نووسەرانی هەژاند بە ناسۆر و ئەسرینەوە.
مرۆڤی بوێر و هەڵکەوتوو لە فەرمانداا، کەڵەپیاو و شاعیری هاوچەرخ، کۆمکارو ئەمەکدار و هێمای بەخشش و ئارامی خۆنەویستی و هەژار دۆستی.
ئەو مرۆڤە کێیە؟ کە نشینگەی خودی خۆی و زەوی و زار و سامان.. ببەخشێت، هاوتای خەڵای نۆبڵ بۆ بەهرەدارانی هەردوو ڕەگەز.
ئەو مرۆڤەی کە مامۆستای کوردایەتی هێژا کامیل ژیری سەرسامکرد، مامۆستا هونەرمەند کاکە حمەڕەشی هەرەسی لە هەندەرانەوە هەژاند، د. ڕەفیق سابیر و زانا کەمال ڕەئوف پێنووس و خامە زێڕینەکانیان بخەنە کار، سۆزی ئاوابوونی کاکە «جەلالی ساماغا» بخەروو.
کەریم زەند دۆست و هاوڕێی دێرینی لە ئەنجومەنی شارەوانیدا، زەوی تەرخانکراوی وەرنەگرت دووجار بەسۆنگەی ئەو مرۆڤەوە کە شایستەی نەک میدالیای زێڕە، بەڵکو شایستەی پەیکەری زێڕە. مرۆڤی لێبوردەیی‌و دەست و داوێن‌و دەم پاک، مرۆڤی کەم وێنە، ماڵئاواییەکەتان پەیامێکی مێژوویی بوو، وەڵامی دەروون‌و ئینسافی مێژوو بوو.. بە مەبەستی ئارامی هزرو ژیری بەکارهێنانی لە پێشوازی ئەو دەرفەتەدا، دەرفەتی قەدەر ئەگەرچی لە بۆنەو دیدارەکاندا بەئاشکراو بێ پەروا، ناوم بردووی زبانیشم لاڵە لەو ئاستەدا، بەڵام دووبارە لە ئێستاو سبەی‌و ئاییندەشدا بەدڵێکی بەجۆش‌و گیانێکی پڕ خرۆشەوە پێشوازی لە ماڵئاواییەکەتان دەکەم، هەروەها پیرۆزبایی گەڕانەوەتان دەکەم لەو گەشتی هەشت ساڵەی کارات لەسەرۆکایەتی دیوانی چاودێرییدا وەکو کەڵە نوسەرو ڕۆژنامەوان هێژا مستەفا کەریم ئاماژەی بۆ

---

(٢) هاوڵاتی ٦٧٥ - ٢٧/١٠/٢٠١٠.

کردووە.. شاعیری هاوچەرخ و گەورەی ئەکادیمی ڕۆژنامەنوس هێژا کاک فەرهاد عەونی بەیەکەم شارەزاو پسپۆڕی دارایی داناوی، هاوشێوەی خواجا ساستۆن یەکەم شارەزای دارایی چەرخی پاشایەتی عێراق. مێژوو زبانی هەیەو دێتە زبان کاک فەرهاد وتەنی ڕۆژگارو ڕۆژانی شاکۆڕ و خاتوو ئەستیرو داستانی دیلی گەلی جوو ئیسرائیلم دێتەوە یادو گەڕانەوەیان بۆ زەوی ژوانگە.

کاکە جەلال ماڵئاواییەکەتان هاواریک بوو بۆ میری شاعیران – مستەفا بەگی کوردی- تەخەلوسی کوردی –غەزەلی کردە بەربەیتی کوردی کە پەیامەکەتان هاوشێوە بوو.

**مەڵێن کەلکی نەبوو ڕۆیی جەهەنەم**
**سـەرم قەڵغانــە بۆ تیــری قەزاتان**
**کە ئێـــوە پادشای مولکو عەدالەت**
**دەتــرسم بڕۆم بـشکێ سوپاتـــان**

دۆستایەتیم لەتەک بنەماڵە و خانەوادەکەتان لە ڕۆژان و ساڵانی سییەکانەوە، کە علی پاشا و مەحمود ئاغای کوڕانی حەسەن ئاغا عەلی ئاغا ئاوەکورتێیی ناوەندی بوون لە ماڵی ئێوەدا بوون دەیان خوێند، کاکە ئەحمەدی سەید عەلی دڕەیی و خێزانەکەیان ڕاژەیان دەکردن.

ڕۆژانی کاری توتن و دۆڵی مێرگەپانی پیرەمەگروون و هێژا جەواد و شێخ تەیفوری باوکی فەرماندە و پێشمەرگەو خەباتگێڕ کاک عارف تەیفورم دەخاتەوە یاد.

پەیڤ و وتەی سەرۆک مام جەلال تاڵەبانیم، کە دەیفەرموو: جەلالەدین لەگوێدا دەزرینگێتەوە! تەنیا بەم هەڵبەستە کۆتایی دەهێنم:

**البـــحر تعلوا أمــــــواجه جیف　　وتستــقر بأقـــــصی قعر الدرر**
**قل للذین بصروف الدهر عیرنا　　هل حارب دهر إلا من بد حمم؟**

بڵاو بۆ گەناو لەسەر دەریایە و بەردی بەنرخ لە ژێرەوە
بڵێ پەیوەری زەمەن هەر دژی مرۆڤی سەروەر نەبووە؟

# نۆ

## تەمەنی خزمەتگوزاریی پیاوێك

### سەلاحوددینی موهتەدی(٣)

هیوادارم دۆستی خۆشەویستم کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، تەمەنی تەبیعی دوورو درێژو هەروا پڕ بەهرەو بەرهەم بێت، بەڵام بۆ هەموو کەس خانەنشینی، کۆتاییهاتنی تەمەنی وەزیفییە.

لەم ڕوانگەیەوە ناو ئەرک و ئیشی لەدایکبوون و چوونە دەرەوەش، مەگەر وەزیفەیە. بەو پێیەی شیعری شاعیر پڕ بە پێستە بۆ کاک جەلال:

**دێتە بیرت کە تۆ لە دایک بووی!**
**تۆ دەگریـای و خەڵکی پێدەکەنی**
**وا بـــــژی کاتی ڕۆیشتنەکەت**
**خەڵکی بگریـــــن و تۆ پێبکەنی!**

دوێنێ سەرۆکی کوردستان دکتۆر بەرهەم.. چووبووە دیوانی چاودێریی دارایی تا لەگەڵ دووسەد و حەفتا کارمەندی دیوان و لە مەراسیمێکی نا ئاسایی و بێوێنەدا ڕێز بگرن لە تەمەنی خزمەتگوزاریی پیاوێک کە زیاتر لە چل ساڵە ناوی لەگەڵ وشەی دەستپاکی و بێباکی، مشوورخۆری و کارامەیی تێکەڵە.

کاک جەلال لە سەرۆکایەتی دیواندا لەوە سەرسەخت و ئازاتر بوو، کە نارەزاییو پرتە و بۆڵە و تەنانەت هەڕەشە سەری پێ دابنەوێنێ، لەوەش سەنگین و گرانتر بوو، کە پێداهەڵگوتن و ماستاوکردن و هاندانی ئاشکراو نهێنی، مەست و مەغروری بکاو هەڵیخلیسکێنێ.. بە لاڕێیدا بەرێ و لە تەڵەی بخا. هەلێکی هەڵکەتوو بوو بۆ کاک جەلال- کە بۆ کەم کەس هەڵدەکەوێ- کە سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی حکومەت بە توندی پشتیوانییان لێ دەکرد و ئۆپۆزسیۆنیش چەپڵەی بۆ لێ دەدا!

(٣) کوردستانی نوێ (٥٣٢٥ - ٢٠١٠/١١/٧)

ئێمەی دۆستان پێمان باش بوو لەو سەردەمەدا، کە دەزگاکانی دواڕۆژی دەوڵەتی کودری وردە وردە و بە شێنەیی خەریکە دادەمەزرێ، کاک جەلال ئەو هەموو پێشنیار و پاڕانەوەی قبوڵ بکات و هەر خۆی ئەندازیاری یەکگرتنەوەو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هەردوو دیوانەکەی هەولێر و سولەیمانی بێت، کە دەبوو بە خزمەتێکی گەورەی هەرگیز لەبیرنەچوو، بەڵام ئەویش وەک پاشای بابان دەڵی نەهات سولەیمانی بەجێ بهێڵێ!

هەرچەندە خۆی ئەم تەفسیرەی منی قبووڵ نییە و بە بیستنی ناوچەوانی گرژ دەکات و هەزار عوزر و عیللەتی دیکەی لە هەگبەدا هەیە و هەڵی دەڕژێ، بەڵام من تەنیا یەکێکیانم بەلاوە پەسەندە، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا لەوپەڕی خۆشەویستیو ڕێزو پێزانینی میللەت و دەوڵەت، وەزیفە و دائیرە بەجێدێڵێ، کێ دەڵێت لە فورسەتێکی تردا بەختیار دەبێ و لە دڵی میللەتا دەژی؟!

لە لایەن هەموو دۆستان و خۆشەویستانی کاک جەلالەوە –لەگەڵ ماندوونەبوونیو دەستخۆشی- سەلام و بەخێرهاتنەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ ماڵەخۆش و مەجلیسە گەرموگوڕەکەی خۆی، کە سەکۆی یاران و خانەی غەریبانە.

# ٥٥

## (جەلالی عومەری سام ئاغا)

### پردە بەهێزەکەی نێوان دەسەڵاتو کۆمەڵگا(٤)

### حەمەرەشید هەرەس - کەنەدا

گەڕانەوە و پتەوکردنی متمانەی کۆمەڵگا بەدەسەڵاتەوە، یەکسانیی لە لێپرسینەوەی تاکەکانی ناو سیستەمی بەڕێوەبردنو لەقاودانی کەسایەتی دەستڕۆییشتوو لەپێش کەسایەتییە ئاساییەکانەوە، سڵنەکردنەوە و بوێری لە هێنانەخوارەوەی بارستایی کەسایەتییە مشەخۆرەکانی ناو بازنەی دەسەڵات، چاوتیژیی و بەئاگایی لەتاڵان نەکردنی کایە و مایەی ئەم نەتەوە بەشمەینەتە، بەتەنگەوەهاتن بۆ ئابووریی وڵات و هەلاهەل نەبوونی لەوە زیاتری ئاسایشی نەتەوەیی، یەکلاکردنەوەی دڵی پرگومانی هاوڵاتیی بەوەی چاودێرێکی بە ڕوومەت نوێنەری خەمی جەماوەرەوە، لە جیاتی هەموویان بەدیاری خەرمانی داهاتییانەوە بێدار، تا هەناسە لەژیانیدا مابێت باوەڕی بەو ڕۆژە هەبێت کە باخی کوردستان، لە گیاکەڵەو دڕکەزی پاک ئەبێتەوە، باوەڕی بەوە بێت کە کێوێک لەگەندەڵی پێ تەخت ئەکرێت و لەودیوەوە ئاسۆی ڕووناکی دەستپاکی و نیهادی خاوێن دێتەدی. ئەوە ئەو ڕەوتە پیرۆزەیە کە کاک جەلال دەستی پێکرد و لەنیوەی ڕێگا لێی پاشگەزبوونەوە.

من ئەوە نازانم کاک جەلال بەویستی خۆی وازیهێناوە یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەوەندە ئەزانم دەسەڵات پایەیەکی پتەوی لەو کەپرە هێنایە دەرەوە کە سایەی بۆ نەتەوەکەم، دەستەبەر ئەکرد، قایمترین کشتەکی لە نێوان خۆیان و جەماوەردا بچڕاند.

هەرچەندە لەویست و خواستە خاوێنەکانی کاک جەلال، ئەو هەموو هەڵپەی گیرفان پڕکردنە ڕادەمام، ئەمووت چۆن ئەمانە ئەهێڵن کاک جەلال لەم شوێنەدا بمێنێتەوە؟!

ئەم ڕەوشتەی ئێستای کوردستان، ئەو جێگەیەی کاک جەلالیان نەوتووە، بۆیە ئەموت ئەمانە بە دانانی ئەم بەڕێزە بۆ ئەو جێگەیە وەک قووتدانی گوێزان بوو،

---

(٤) ئاوێنە (٢٤٩ - ٢٠١٠/١١/٩).

نەئەتوانن بە تەواوی قووتی بدەن، هێنانە دەرەوەشی وا ئاسان نییە، کەچی بەهەردوو لایان لە گەمەیەکی دەغەزارا چەمۆڵەیەکیان لە پاکی ناو، سڵاوێکی گەرمیان لە گەندەڵی کردەوە.

بەخێر چیت کاکە جەلال، بەسەر کێوی سەروەریدا هەڵکشێ، هیوادارم هەموو دیوانی چاودێریی دارایی لە ئێوەوە هەوێنی پاکی و دڵسۆزییان گرتبێت، هەموو ببن بە کاک جەلال و گەندەڵی و ناپاکی ئەم دەوڵەتۆکەیەمان لێ نەکات بە زیندانی کەسی ئازاد و وڵاتپارێز.

بەخێرچیت کاکە جەلال، ئەی ئەو مرۆڤەی تاماوم پەشیمان نیم، لەوەی تا بتوانم مافی خاوێنی خۆتت بەشیلەی شیرینی خامەکەم نەدەمەوە.

بەو هیوایەی هەموو تاکێکی نەتەوەکەم لە کوردستانێکی سەربەخۆدا ببنە هەوێنی بیری باشو وتەی باشو کرداری باش، کە ئێوە لە گۆڕەپانی نیهادی ڕەسەندا سوارچاکی تێدا ئەکەن.

# یانزە

## تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا

### پەیوەندی بە جەلالی سام ئاغاوە دەکەن(٥)

**نەوزاد مەحمود- رووداو- سلێمانی**

دوای چەند ساڵێک لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی و وازهێنانی لەو پۆستە، هێشتا سەرکردەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بە نامە و تەلەفۆن و سەردان.. پێیان لە هاموشۆی ماڵی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، نەبڕیوە، کە هەندێک جار ماڵەکەی بە (سالۆنی سیاسەت) ناو دەبەن.

کاتژێر (٨:٣٠) شەوی (٢٠١٢/١/٢٣) لە نەخۆشخانەوە لە ئەڵمانیاوە، مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندی بە ساماغاوە کردووە و پێی وتووە «من شکور تەندروستیم باشە».

سەرچاوەیەکی نزیک لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە لە کاتی پەیوەندییەکەی تاڵەبانیدا لەوێ بووە، بە (رووداو)ی گوت، کاتێک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پێی وتووە، جەنابت نەشتەرگەریت کردووە و نامەوێ زۆر ماندووت بکەم، تاڵەبانی لە وەڵامدا بە گاڵتەوە پێی وتووە «من تاوەکو بەیانی دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم، مەگەر تۆ ماندوویت و ناتوانی»، هەروەها وتوشیەتی «چەند ڕۆژێکی دیکە دێمەوە بۆ هەرێمی کوردستان».

سەرچاوەکە دەڵێ، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی بۆ تاڵەبانی خواست و پێی وت «هیوادارم ئەو نامەیەی شەست ساڵە خەریکیت بە گەیاندنییەوە، لە ژیانی خۆتدا و بە چاوی خۆت ببینی کە بگات و کودرستان بە تەواوی ڕزگاری بێ، مام جەلالیش لە وەڵامدا وتویەتی، ئینشاڵڵا پێکەوە ببینین».

سێ ڕۆژ پێش ئەو پەیوەندییەش، واتە لە شەوی ٢٠١٢/١/١٩ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان بە یاوەری چەند هاوڕێیەکی، سەردانی

---

(٥) ڕووداو ژمارە ١٩٧ دووشەممە ٢٠١٢/١/٣٠.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)ی کردووە، ڕۆڵی (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی بەرز نرخاندووە لەو ساڵانەی وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی کاری کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی هەمان سەرچاوە، نەوشیراون مستەفا بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی وتووە «من و تۆ ئەگەر بشمرین ئاسودەین، چونکە گۆمی گەندەڵیمان شڵەقاندووە، بە شێوەیەک کە جارێکی دیکە میللەتەکەمان ڕێگەنادات وەزعەکە بچێتەوە دۆخی جاران». لە کاتێکدا پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بۆتە هەواڵی گەرم، سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بەردەوام پەیوەندی بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە دەکەن و وەک ئەو سەرچاوەیە وتی « داوای لێ دەکەن دەست بەکار بکاتەوە لە بواری پسپۆڕی خۆیدا» پێشتریش، سەرۆکی هەرێم کوردستان لە ڕێگەی هاوکارانی خۆی، کە نزیکن لە ساماغاوە، داوای لە ناوبراو کردبوو ببێتە سەرۆکی لیژنەی چاکسازی هەرێمی کوردستان، بەڵام (جەلالی عومەری سام ئاغا) بە داوای لێبوردنەوە ڕەتیکردبۆوە، بەپێی ئەو سەرچاوەیە.

بۆ زانیاری زیاتر (ڕووداو) پەیوەندی بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە کرد، ناوبراو پەیوەندییەکەی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و بارزانی پشتڕاست کردەوەو وتی «لە دوای خانەنشینبوونمەوە، بڕیارمداوە جارێکی دیکە هیچ پۆستێکی حکومی وەرنەگرمەوە، تاوەکو بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بێ»، بەڵام وەک نەریتێکی هەمیشەیی ئامادە نەبوو زانیاری زیاتر لەو بارەوە ئاشکرا بکات.

# دوانزە

## باخی کورد چەند جەلالی عومەری سام ئاغا بەرهەمدێنێ؟(٦)

### حەمە ڕەشید هەرەس- کەنەدا

لە سێ ژمارەی ئەم دواییەی هەفتەنامەی ئاوێنەدا، گرنگییەکی بەرچاو دراوە بە دیوانی چاودێریی دارایی بە گشتی و خودی سەرۆکی دیوانەکە، کە بەرێز کاک جەلالی عومەر سام ئاغایە بەتایبەتی. ئەم گرنگیدانەش گومانی لەوەدا نەهێشتۆتەوە لەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند چاوتیژە و تیشک دەخاتەسەر چ دەڤەرێک بۆ قوتارکردنی داهاتی کورد لە چنگی ناپاکەکاندا.

مایەی شانازیمە زۆر لە مێژە منیش دەستم خستۆتە سەر ئەم دەڤەرە هەستیارە، چەند جارێک یەخەی دەسەڵاتم هەژاندووە، کەسایەتییە جوانەکەی کاک جەلالم هێناونەتە بەرچاو بۆ ئەوەی شوێنپێی هەڵگرن، بۆ دۆزینەوەی ماکەکانی گەندەڵی و چارەسەری کۆمەڵگای ماڵدزراومان و گەلەکۆمەکێی ناپاکان لە ئابووری ئەم نەتەوە بەشتاڵانکراوە. جێگای خۆیەتی هەنووکە ئەوە بڵێم: ئەگەر لەو دووهەزار و پێنجسەد ڕاپۆرتەی دیوانی چاودێریی دارایی خستوویەتیە بەردەم لێپرسراوان و بەهەند وەرنەگیراون، تەنها چارەکێکی ئەو ڕاپۆرتانە بەدواداچوونی یاساییان بۆ بکرایەو ناپاکان دادگایی بکرانایە، ئەوا بۆ نموونە پێویستی بەوە نەدەکرد بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن پەنابەرن بۆ گۆرانیبێژێکی وەک بەرێز عەزیز وەیسی و شانبەشانی دەسەڵاتداران شارەوشار بیان گەڕاندایە بۆ جوانکردنی دەسەڵات و کۆکردنەوەی دەنگ.

ئاخر ئەو شکستهێنانەی کە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەماندا ڕووبەڕووی دەسەڵات بۆوە، سەلماندی کە لەمەولا گوێچکەی نەتەوەکەمان هەر ڕاستیی وەرئەگرێت، چاخی چاووڕاو بەسەرچوو، ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردی گوێ لە گفتی ڕەنگاوڕەنگ ناگرێت و نابیستێت، ئەو ئەیەوێت بە چاوی خۆی کردار ببینێت. هێنانی کاک جەلالی سام

---

(٦) ئەم نوسینە لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە ١٩٠ بڵاوبۆتەوە.

ئاغاو جێکردنەوەی لەو پۆستە گرنگەدا کارێکی ژیرانە و دڵسۆزانەی دەسەڵات ئەبوو، ئەگەر سوودیشیان لە رێنماییەکانی وەرگرتایە و بخرایەتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام کە پەرتووکی (ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی) ئەخوێنیتەوە، ئەوسا ئەگەیتە ئەو بڕوایەی مەحاڵە کاک جەلال و هەرچی بەرهەمێکی خاوێنی تری باخی ئەم نەتەوەیە هەیە، بتوانێت لەو پۆستەدا بمێنێنەوە، ئەگەر ئەوە ئاکامی رەنگدانەوەی ئەو سیستەمە بێت، ئەگەیتە ئەو بڕوایەی کە ناپاکان، بە تاکە تاکە دەمیان نەژەندۆتە جەستەی ئابووری وڵاتەکەوە، بەڵکو دەست پیسییەکانیان بە کۆمەڵ ئەنجام ئەدەن و ناوکۆییە لە نێوانیاندا. ئەوەتا بە خوێندنەوەی ئەو پەرتووکەدا دیارە، بێباکانە تەراتێن ئەکرێت و بێپەروان لە هەموو یاساو لێپرسینەوەیەک. خۆ ئەگەر دادگاکانیش ناپاکی تەشەنەی تیا نەکردبێتو نەبووبێتە فارغۆنێک بە دوای ئەو شەمەندەفەرە تەژی لە ماڵی تاڵانییە، ئەی کوانێ دادپەروەریی دادەکانیان، ئەی کوانێ پڕکێشی بۆ کێشکردنی ئەو تاوانکارانەی سەرەڕای ئاشکرابوونی ناپاکییەکانیان.. هێشتا ئەوان چاوقاییمانە، بنهەنگڵیان لە تاڵانیی سیخناخ کردووە و بەسەر خاوەن ماڵدا بە دەمی گەرمەوە ئەشاتێن، بێمنەتن لە لێپرسینەوە و هەزار گەردەلوولیان بۆ بێت ئەوان لەلایان وایە بای شەماڵە و خۆیانی پێ فێنک ئەکەنەوە، ئەگەر وانییە ئەی کوانێ ئەنجامی ئەو هەموو هانابردنەی کە کاک جەلال بە سەلماندن و دۆکیومەنتەوە، بۆ دەروازەی دادی بردووە و کەس لە ماڵ نییە؟ (بڕواننە پەرتووکەکەی دیوانی چاودێریی دارایی) و بزانن، بڕوانن، بگەڕێن، چاو وردبکەنەوە، بزانن چۆن تاڵان کراون، بە چ شێوازێکی چڵێسانە و تێرنەخۆرانە، کایە ومایەی ئەم نەتەوەیەیان ماشیوەتەوە؟ ئەوە هەر ئازایەتی و نەتەوەویستی و چاونەترسی کاک جەلالە بێ سڵکردنەوە ملی ناوە بە کێوی (نابێ) وە، بە جەستەی ئابووریی نەتەوەکەیدا شۆڕبۆتەوە، یەک یەک ماکەکانی داڕزانی ئاوەدانی وڵاتەکەی دەستنیشانکردووە، هەر سوکە دادگایی کردنێکیان دەستەبەری سەرفرازیی نەتەوەکەو بینینی بەرپێی خۆمانە بۆ هەنگاونان و گەیشتن بە ژیانێکی شایستە و هەڵکشانی داهاتی تاکی کورد، کە ئێستاش کۆمەڵانێکی هەژاری نەتەوەکە هەیە ئەوەندە نەداران (ماری رەش یەقیان بۆ ئەکاتەوە) ئاخر بە شانی چ سیستمێک رەوایە، بەو شێوەیە چینەکانی کۆمەڵ ئاوا تاقوفیق بوەستنەوە، چینێک قەسر و قەڵاکانیان باوەشی بۆ هەور گرتبێتەوە و چینێکیش نانی شێوی نەبێت و چینی ناوەڕاستیش، ئەوەی کە ماوەتەوە هەژاریی چاوەڕوانی بێت.

ئێستا رووی دەمم لە رۆشنبیرانی نەتەوەکەمە: ئەم بابەتەی حەفتەنامەی ئاوێنە بەو پڕکێشییە بێ وێنەیە ورووژاندوویەتی، بافتی ئەوە نییە بەش و ئەرکمان هەر

خوێندنەوەی بێت، بافتی ئەوەیە لێی بتوێژینەوە و خامە نەترسەکان شوێنیکەون. پیاوخراپێک ئەگەر بۆ ملۆمووش شەو هاتە سەر گەڕەکێک، دەبێت دراوسێکان هەموو ئێشک بگرن، شەونخوونی بکەن، رێگای لێ بگرن هەل نەدۆزێتەوە بۆ تالانکردن. رۆشنبیرانیش ئێستا ئەم چەمکە هەستیارەیان کەوتۆتە بەر دەست، بۆ بەتەنگەوەهاتنی نەتەوەکەیان کە بەشیان سەربەشی مشەخۆران چووە، با بێنە دەنگ، بۆ لە قاودانی ناپاک. ئەم بابەتە هەروا سەرپێیی نییە، ئەمە ئابووری ئێمەیە پیاوخراپان گاڵەی پێ ئەکەن.

نووسەرانی کورد زۆربەی خۆیان بە بابەتی لاوەکییەوە سەرقاڵ کردووە، ماڵ دزراو ئەبێت بە ماڵەکەیدا بگەڕێت بزانێت چی ماڵەکەی لە شوێنی خۆیدا نەماوە، پێش ئەوەی مشووری شتی لاوەکی بخوات، کاتی خۆیشی فەیلەسووفە یۆنانییەکان نەتەوەکەیان بەوە سەرقاڵ کردبوو، کە ئایا هێلکە پێش مریشکە یان بە پێچەوانەوە، ئاگایان لە ئاسایشی وڵاتەکەیان نەمابوو. تا لەشکری بێگانە دای بە سەریاندا و تەفروتوونای کردن.

دیوانی چاودێریی دارایی چاوێکی تیژی کوردە، لەشکرێک لە گەندەڵانی بەدی کردووە و دەستنیشانی کردوون، وەرن لەقاویان دەین.

# سیانزە

## ئایا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە یاسایی دانرا؟

### ڕۆژنامە (پشتیوان سەعدوللا)

ژمارەیەک پەرلەمانتار، لە دانانی سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمدا، سەرۆکی پەرلەمان بە پێشێلکاریی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تۆمەتباردەکەن و مەترسیی خۆیان لە ئیفلیجبوونی دیوانی چاودێریی دارایی دەخەنەڕوو.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی، لە دانیشتنی (٩/٢٠)ی پەرلەمانی کوردستاندا، بە بێ ڕەچاوکردنی یاسای دیوانی چاودێریی داراییو بە دەنگی (٦٥) پەرلەمانتار (هادی محەمەد کەریم) وەک سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێرییی دارایی هەرێمی کوردستان.. دانرا، لە دانیشتنەکەدا ڕێگەی پرسیارکردنو قسەکردن بە پەرلەمانتاران نەدرا.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان (فراکسیۆنی گۆڕان)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند.. لە دانیشتنەکەدا، تێبینیمان کرد، کێشەیەکی یاسایی لە دەستنیشانکردنەکەدا هەیە، چونکە بەپێی مادەی (٥)ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی دیوان دەستنیشان دەکاتو دەیپاڵێوێت بۆ ئەوەی زۆرینەی ڕەها دەنگی پێبدات، بەڵام شێوازی دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوان، بە پێی یاساکە دانەنراو ئەو شێوازە لەگەڵ یاساکەدا پێچەوانە دەوەستێتەوە، وتیشی: (ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان دەستنیشانکرا، تەنیا دەستنیشانکراوی سەرۆکی پەرلەمان نییە، چونکە کاتێک ئاگادارکراینەوە کە«CV»سیڤی کەسێک بۆ گرتنە دەستی پۆستەکە بۆ پەرلەمانتاران نێردرا و دوای ئەوە داواکرا، دەنگی بۆ بدرێت).

بە پێی مادەی (٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان– عێراق (سەرۆکی دیوان بە مەراسیمێک کە لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت، دادەمەزرێت و لە سەر پاڵاوتنی، ئەنجومەنی

نیشتمانی کوردستان - عێراق و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەبێت). هەروەک ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بۆکرد: (بۆ دانانی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی، دەبوو چەند هەنگاوێک بنرایە و بە ئاشکرا ئیعلانی ئەو پۆستە بکرایە، چونکە خەڵکی تر هەبوو کە ویستوویانە خۆیان بپاڵێون، بەڵام شێوازەکە ڕێگربوو، هەروەها پێویست بوو پێش ئەوەی لە ناو پەرلەماندا بخرێتە دەنگدانەوە، «CV»سیڤی ئەو کەسانەی کە دەپاڵێورێن بنێردرێت بۆ پەرلەمانتاران، دواتر لە ناو پەرلەماندا دەنگدانی بۆ بکرایە و کەسەکە دەستنیشان بکرایە).

لە مادەی (١٨)ی هەمان یاسادا، ئاماژە بەوە کراوە: (بەرلەوەی کە سەرۆکی دیوان، کار و دەسەڵاتە بڕیارلێدراوەکانی بە پێی ئەم یاسایە وەربگرێت، لە بەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات)، هەرچەندە پەرلەمان نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم ناردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێک بۆ سوێند خواردنی دانەنراوە.

لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا، پەرلەمان، بەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان، داوایان کرد کە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی پێ نەدان، بەو هۆیەشەوە ئۆپۆزسیۆن دەنگی بە سەرۆکی دیوان نەدا.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کوردستاندا تەمەنی خانەنشینی (٦٣) ساڵە، بەڵام سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی تەمەنی (٧٠) ساڵە و وەکو پۆستەکانی تری حکومەت لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشکرا، لە کاتێکدا دەکرا کەسێکی گەنجتر و چالاک بۆ ئەو پۆستە دابنرایە، بۆ ئەوەی جێی ئومێدی خەڵک بوایە، ناوبراو پێشی وایە، مەبەستێکی سیاسی لە دانانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا هەیە.

د. ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنە لە سەرۆکی پەرلەمان دەگرێت، کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پێشێلکردووە و دەڵێت: (بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، ئەو پۆستە بەر پارتی کەوت، بەڵام باشتربوو پارتی زیاتر لە کەسێکی کاندید بکردایە، بەڵام ئەوەی بینرا، تەنیا یەک کەس دیاریکرا و ئەو بەڕێزەش لای ئەندامانی پەرلەمان ناسراو نەبوو، بۆیە لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ماوەیەک پەرلەمانتار ویستیان قسە بکەن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا، ئەوەش پێشێلکردنی مافی ئەندامان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، بۆیە کاتێک خرایە دەنگدانەوە بە دەنگی زۆرینە ئەو بەڕێزە دانرا). سەرەڕای یەکگرتنەوە هەردوو دەزگاکە بەڵام مەترسی ئەوە دەکرێت کە دەزگای دیوانی چاودێریی هەرێم، ئیفلیج بکرێت و ڕۆڵی خۆی نەبینێت.

پەرلەمانتار، پێشەوا تۆفیق ئاشکرای کرد: (تا ئێستاش دیوانی چاودێریی دارایی،

دوو دەزگایەو بە فیعلی یەکینەگرتۆتەوە، تەنیا سەرۆکەکەی دانراوە و ئومێدمان نییە کە ئەم دەزگایە رۆڵی خۆی ببینێت).

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەش، هیوای خواست.. ئەو دەزگایە بە شێوەیەکی جدیی‌و ڕاستەقینە یەکبگرێتەوە و ببێتە دەزگایەکی چالاکو وتی: (هیواداریـن، یەکگرتنەوەکە نەبێتە هۆی ئەوەی کە دیوای چاودێریی دارایی هەولێر سست و ناچالاک بکرێت.. بە بێ بوونی دیوانێکی چاودێریی دارایی چالاک و بەکار و بوێر، ناتوانین بەرەنگاری گەندەڵیی ببینەوە).

# چواردە

حكومەتی هەرێمی كوردستان

سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران ژمارە

سەرۆكايەتی ديوانی چاودێريی دارايی بەروار : / / ٢٠٠٨

## ياداشت

## بۆ بەڕێز / كاك تاج الدين

تكايە لیژنەیەک پێک بهێنن بە سەرۆكايەتی بەڕێزتان و ئەندامیتی هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بۆ سەیرکردنی هەموو ئەو فۆرم و سکالآيانەی، کە دابەشکرا بەسەر هەموو فەرمانبەرانی دیواندا، تاکو ئەو فۆرمانە، یەکەیەکە سەیر بکرێن و دراسە بکرێن لە هەموو ڕوويەكەوە.

پێويستە ئەگەر حاڵەتێکی مەغدوریەت هەبوو، دەستنیشان بکرێت لەلایەن لیژنەکەوەو داوای چارەسەری بۆ بکرێت لە سەرۆکی دیوان.

بەو هیوایەی هەموو مەغدوریەتێک لە دیوانماندا نەبێت، جگە لەو حاڵەتانەی کە ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دیواندا.

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆكی ديوانی چاودێريی درايی**
**٢٠٠٨/٠٨/١٩**

# پانزە

| Kurdistan Region<br>Councel of Ministers<br>Presidency of Divan<br>Cofidential Department | هەرێمی کوردستان<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی<br>خامەی نهێنی |
|---|---|

No: ژمارە:

Date: / / 2008 بەروار: / / ٢٠٠٨

[ نهێنی]

بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی تایبەت

ب/ پشتگیری و ئاگادارکردنەوە

پشتگیری دەکەین لە نوسراوی (سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی درایی) ژمارە (٤٥٢) لە ٢٠٠٧/١٢/١١ کە ئاراستەتان کراوە و ئاگادارتان دەکەین کە وەلامی (سەرۆکایەتی دیوان) بدرێتەوە و سزای ئەوانە بدەن کە قسەی ناڕاست و نادروست بلاودەکەنەوە و بوختان دەکەن، دواتر ئێمە و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ئاگادار بکەنەوە لە هەموو ئیجراءاتەکانی.

لەگەڵ ڕێزدا ....

عمر فتاح حسين

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

Kurdistan Region – Erbil
Email: councel _of_minister@krg.org
Phone : 2220210- 2230247- 2230248

هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفۆن : ٢٢٣٠٢١٠/ ٢٢٣٠٢٤٧/ ٢٢٣٠٢٤٨

# شانزە

هەرێمی کوردستان
پەرلەمانی کوردستان/ عێراق
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٥١
بەروار: ٢٠٠٩/٠٧/٠٧
بەرامبەر ٦ی/ پوشپەڕ/ ٢٧٠٩

[نهێنی]

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان

ب/ کۆنووسی لێکۆڵینەوە

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە (١٥٨٤) لە بەرواری ٢٠٠٩/٠٦/١٦.

تایبەت بە ناردنی کۆنووسی لێکۆڵینەوە) ی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دەربارەی (ئەو کەسانەی قسەی ناڕاست و نادروست بڵاودەکەنەوە) بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە سەرۆکایەتی دیوانمان داوای هەموو سەرەتاکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کردووە نەك تەنها کۆنووسی لیژنەکە، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان کە سەرجەم بەرایەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بۆ بنێرن وەك ئیفادەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەڵگەنامەکان.

لەگەڵ ڕێزماندا...

جەلالی عومەری سام ئاغا
سەرۆك دیوانی چاودێریی دارایی
٢٠٠٩/٧/٦

وێنەیەك بۆ/

* نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
* بەشی یاسا.
* دۆسیەی تایبەت.

# حەڤدە
## ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم

کاتێک هەست بە کەموکورییەک یاخود زیادەڕۆییەک لە هەندێک بواردا کرا، ئەوسا دەبێت هەر بەرپرسێک لە ئاستی کارەکەی خۆیدا بەپێی توانا و لەسەر بنەمای ڕێنماییەکان هەوڵبدات کە چارەسەرێکی گونجاو بدۆزێتەوە، دەنا ئەو کەموکورییانە کەڵەکە دەبن ، لە کۆتاییشدا دەبنە هۆی لە دەستدانی هەموو دەستکەوتەکان، بەرەو هەڵدێرچوون.

هەر لە سۆنگەی ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە، پاش تاوتوێ کردنێکی تێرو تەسەل، ئەنجومەنی وەزیران بۆ ماوەی چەند مانگێک وە بە سود وەرگرتن لە شارەزایان و پسپۆڕان، چەند ڕێگاچارەسەرێکی گونجاوی دیاری کردووە بۆ ئەو بارە داراییە ناهەموارەی حکومەتی هەرێم.

پێش ئەوەی باسی ئەو جۆرە چارەسەرکردنانە بکەین، بە باشی دەزانین، پێتان ڕابگەیەنین، کە باری دارایی بەشێوەیەکی گشتی، زۆر لاوازە و بەرگەی ئەو هەموو پێداویستی و مەصروفات و موچە و دەرماڵە و گەلێک پێداویستی تر ناگرێت، بەزمانێکی تر، مەصروفات... گەلێک- گەلێک زیاترە لە داهاتەکان. ئەگەر لاوازی داهاتەکان دەسەڵاتی خۆمانی تێدا نەبێت،، چونکە خۆتان دەزانن، کە سەرچاوەی داهات لە سنورێکی زۆر تەسکدایە، و بە هەلومەرجی ناوچەکەوە بەستراوە. بەڵام لە زۆر لاوە، مەصروفات بەرفراوانە و بە شێوەیەکی ناعادیلانەیە، خەتای خۆمانی تێدایە. بە گشتی مەصاریفی حکومەتی هەرێم لە هەر ساڵێکدا، دوو هێندەی داهاتەکەیەتی، واتە ساڵانە، بودجە بەڕێژەی (٥٢٪) کورت دەهێنێت.

بۆ ئەوەی صورەتێکی ڕۆشنتر و ئاشکراتر پێشکەش بکەین، دەربارەی جۆری موچە و دەرماڵە و زیادە ڕۆیشتن لە مەصروفاتی جۆراوجۆر و بەلێشاو، ئەم خاڵانەتان بۆ باس دەکەین:

* **لەبابەت فەرمانبەرانەوە:**

**أ- ڕاوێژکار:**

لاتان ئاشکرایە، کە ڕاوێژکاریی کارێکی زانستییانە و دووربینانەیە و لەسەر بنەمای ڕاژە و پسپۆری و شارەزایی وەستاوە. بۆیە دەبێت ڕاوێژکار لە ئاستی ئەو کارەدا بێت، بەڵام بە ڕاستی ژمارەیەک لەو ڕاوێژکارانە، کە ئێستا لە وەزارەتەکاندا کاردەکەن، ئەو مەرجانەیان تێدا نییە و هیچ سودێکیشیان نییە و هەریەکەشیان:

١٠٠٠ دینار موخەصەصاتی مەنصەب وەردەگرێت.

٢٥٠ دینار لەسەر وقود خەرج دەکرێت بۆیان.

٤٢٥-٥٠٠ دینار موچەی بنەڕەتی وەردەگرن.

١٠٠٠ دینار، کرێ خانوو ئەگەر ئاوارە بێت، بەهۆی ڕووداوی (٣١/ئاب/ ١٩٩٦)ەوە.

- جگە لە موخەصەصاتی پیشەیی خۆی.

- جگە لەوەی هەندێک لەو ڕاوێژکارانە ڕاژەیان زۆر کەمە و لە شەش تا حەوت ساڵ تێپەڕ ناکات بۆیە بڕیار وایە:

١. هەر وەزارەتێک (یەک -١) ڕاوێژکار زیاتری نابێت.

٢. نابێت خزمەتی لە ( بیست و پێنج- ٢٥) ساڵ کەمتر بێت. «خزمەتی تێکڕا»، «نەک خزمەتی فیعلی».

٣. بە لای کەمەوە دەرچووی زانکۆ بێت.

ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا نەبوو، ئەوا هەر ڕێزی لێ دەگیرێت، بەڵام دەبێت: یان بگوێزرێتەوە بۆ ئەو کار و ناونیشان و پلەیەی، کە یاسای میلاکات( ٢٥)ی ساڵی (١٩٦٠) بۆی دیاری دەکات، ئەگەر بیەوێت لە خزمەتدا بمێنێتەوە.

**ب- بەڕێوەبەری گشتی:**

وەکو لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، دەبێت بە ڕاستی بەڕێوەبەر بێت، بەڕێوەبەرێتی زانینە، شارەزاییە، کەسایەتییە، پسپۆری و لێهاتووییە. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە، لێپرسراوێتییەکی گەورەیە، ئەگەر بەڕێوەبەر وا نەبێت، سەرکەوتوو نابێت. لێتان ناشارمەوە، ژمارەیەک هەن لە بەڕێوەبەرانی گشتی لە وەزارەتەکاندا، ئەو مەرجە گرنگانەیان تێدا نییە، بەڵام کاتی خۆی لە ژێر فشاری هەلومەرجێکی ناهەمواردا، دامەزراون. بۆیە بەڕێوەبەری گشتی دانا بەم شێوەیە:

١- بەلای کەمەوە دەرچووی زانکۆ بێت.

٢- ڕاژەی لە (١٧- حەڤدە) ساڵ کەمتر نەبێت (ڕاژەی گشتی نەک فیعلی). ئەوەی ئەو مەرجانەی تێدا نییە، دەگوێزرێتەوە بەو پلە و ناونیشانەی کە شایستەیەتی،

بەپێی میلاک، بەڵام ئەوانەی مەرجیان تێدایە تەنها دەرماڵەی مەنصەب، لە (١٠٠٠) دینارەوە بۆ (٧٠٠) دینار کەم دەکرێتەوە.

**ج- شارەزا:**

دەبێت شارەزا دوو مەرجی تێدا بێت:

١. ڕاژەکەی لە (١٦) ساڵ کەمتر نەبێت (ڕاژەی فیعلی نەک گشتی).

٢. بەلای کەمەوە دەرچووی زانکۆ بێت.

ئەوانەی مەرجیان تێدا نییە، هەروەکو بەڕێوەبەرە گشتییەکان مامەڵە دەکرێن. ئەوانەی مەرجیان تێدایە، تەنها دەرماڵەی مەنصەب کەم دەکرێتەوە لە (١٠٠٠) دینارەوە بۆ (٦٠٠) دینار.

ئەم جۆرە ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنە لە خزمەتی حکومەتی هەرێم و فەرمانبەران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە، نەک تێکدانی سیستمی خزمەت.

*** دەرماڵە:**

هیچ جۆرە دەرماڵەیەک دەستکاری نەکراوە و کەم نەکراوەتەوە، تەنها ئەو دەرماڵانە هەڵوەشاوەتەوە یان هەڵدەوەشێتەوە، کە بەشێوەیەکی نایاسایی و بێ بنەمایەکی دیاریکراو یان بە شێوەیەکی تایبەت (أساس شخصی) دراوە. لەم ڕووەوە بەتەماین خشتەیەکی یەکگرتووی هەموو دەرماڵەکان دەربکەین، بەپێی پیشە و کار ((توحید جدول المخصصات حسب المهن)).

*** یارمەتی:**

لە هیچ وڵاتێکدا یارمەتیدان، بە شێوەی مانگانەی بەردەوام نییە. سەرەڕای خەڵاتکردنیش، بەڵام یارمەتی وای لێهاتووە، لە هەندێک وەزارەتدا مانگانە، وەکو موچە دەدرێت.

*** خەڵات:**

خەلاتکردن، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. خەڵاتکردن لەبری کارکردنێکی چاک و سودبەخشە، دەنا خەڵات بۆ؟!.

کە خەڵات دەدرێت بە فەرمانبەرێک، دەبێت بەهۆی ئەنجامدانی کارەکەی خۆی بە شێوەییەکی متمیز و بەدەر لە کارە بنەڕەتییەکەی خۆی بێت، بەڵام لە گەلێک وەزارەتدا مانگانە دەدرێت بە هەموو کارمەندێک (چاک یاخود خراپ). واتا ئەوانەی

(سزا)یان وەرگرتووە، یان بوونەتە هۆی ئەوەی لە زیان لە کەلوپەلی وەزارەت بدەن. بۆیە بڕیاردرا، تەنها بەو فەرمانبەرانە بدرێت کە لێهاتوون و کاری چاکیان کردووە و بوونەتە هۆی زیادکردنی داهات یان کەمکردنەوەی خەرجی، یاخود کاری وەزارەت و خەڵکیان بە دروستی ئەنجامداوە.

* **پاسەوان:**

ژمارەی پاسەوانانی هەندێک بەرپرس، لە سنوری مەعقول تێپەڕی کردووە، زۆرجاریش ئەم پاسەوانانە بێجگە لە وەزارەتەکەی خۆیان، لە گەلێک دەزگای تردا موچە وەردەگرن. بۆ چارسەرکردنی ئەم دیاردەیە، بڕیار درا، هەموو پاسەوانەکان سەر بە یەک وەزارەت بن، ئەویش وەزارەتی ناوخۆ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس- ئێشکگریی و مامەڵەیان ئەکرێت لەبارەی موچەوە بەپێی یاسای (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

* **دارشتنەوەی هەیکەل (پەیکەرە)ی حکومەتی هەرێم ((ترشیق الهیکل الوظیفی)):**

مەبەست لەم گۆڕانکاری و چارەسەرانە، دارشتنەوەی پەیکەرەی حکومەتی هەرێم و رێکخستنەوەی کارەکانێتی بە شێوەیەکی شارستانی و لەسەر بنەمای پێداویستییەکان. هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و بەرنامەی وەزارەتەکان بەهێنانەدی سیستمێکی گونجاو، لە سایەیدا هەر کارمەندێک ئەو ئەرکە ببینێ کە بەڕاستی بەرنامەی وەزارەتەکەی پێویستی پێیەتی. وە بۆ بەدیهێنانی ئەو دادپەروەرییەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوای دەکەن. ئەم گۆڕانکاری و چارەسەرانە تەنها پێداچوونەوەیەکی سەرپێیی نییە، بەڵکو پاش لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و باسکردنێکی درێژخایەنەوە هاتۆتە کایەوە. جگە لە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجیی ناڕەوا ئامانجێکی تریشی هەیە، ئەویش هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ دانانی پلان و نەخشەیەکی گونجاو، کە هەموو کارمەندێک بە شێوەیەکی یاسایی و ئاسایی، لەسایەی سیستمێکی ئاشکرا و ڕووندا کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. هەروەها دڵنیا بێت لەوەی کە کارەکەی لەجێی خۆیدایە و ڕێزی لێ گیراوە. هەم مافە ڕەواکانیشی پارێزراو بێت. لێرەدا، ئێمە دەمانەوێت باس لە ئەرکی پیرۆزی مامۆستا (سەرەتاییو ناوەندی) بکەین ماندووبوونیشیان بەرز بنرخێنین، کە بەقەدەر خۆی ئەرکی پیرۆزیان بایەخی پێنەدراوە، بەبەراوردکردن لەگەڵ هەندێک فەرمانبەری تر کە پایەو خوێندەواری و پسۆڕییان لە مامۆستا زیاتر نییە، بەڵام موچەیان دوو قات و سێ قات زیاتر. بۆیە ئێمە لێرەدا، پێتان ڕادەگەیەنین، کە پاش چاککردنی سیستمەکە ئەو

کات یەکەم هەنگاو پێداچوونەوەیە بە موچە و دەرماڵەی مامۆستا، بە شێوەیەک لەگەڵ ڕۆڵی پیرۆز و ماندووبوونیاندا بگونجێ، هەروەها ئەگەر سەرکەوتوو بین لەو چارەسەرکردنانە ئەو کاتە هەموو فەرمانبەرێک دڵنیا دەبێت، کە لە کاتی خۆیدا (مانگانە بەبێ دواکەوتن) موچەی خۆی وەردەگرێت.

ئەم چاکسازییە تەنها ئەو بوارانەی سەرەوە ناگرێتەوە، بەڵکو لە داهاتوویەکی نزیکدا بوارەکانی وەزارەتی داد و پێشمەرگە و خوێندنی باڵا و ناوخۆ و زانکۆ.... هتد، ئەگرێتەوە. بۆ بەرەو دروستکردنی حکومەتی یاسا و دادپەروەریی.

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**٤/٢٨**

# بەشی سێیەم

# ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا
# لە ئاستی موچەخۆری خۆی

فەلسەفەی ژیان.. ئەو نهێنییە شاراوەیەیە، بە ئاسانی ناتوانرێت لە سانایی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا بدۆزرێتەوە.. بۆیە ئەو ساتە وەختەی مرۆڤەکان بڕیارێکی تایبەت بەخۆیان نەدەن.. ناتوانرێت، خوێندنەوەیەک لەدەرەوەی خۆی بۆ ئەو بڕیارە بەدیبهێنرێت.. لەم پرسەدا جەلالی عومەری سام ئاغا جارێکی تر لەپرسێکی تری گرنگ سەبارەت بە بوێری و بێ باکی لە ژیان، ئەوەتا بۆ هەموو لایەکی سەلماندووە، کە ئەو خواستی بەدەستهێنانی سەرمایە نەبووە، ئەوەندەی خواستی ئەوەیە هەموو دڵسۆزان و کەسانی بەئەمەک و سەلار بەسەر بکاتەوە و جارێکی تریش خزمەتەکەی بەشێوەیەکی پرنسیپ دارێژراو بەفۆرمێکی نوێ پێشکەش بکاتەوە.. ئەوەتا بەئەمەکی ئەم بۆ کارمەندانی دەزگای چاودێریی دارایی، پاش ئەوەی ئەم خانەنشین دەبێت، بۆ ئەوەی ئەوان بزانن ئەمیان لێدانەبڕاوە، بەسەریان ئەکاتەوە و ساڵانە پاداشتی جەلالی عومەری ساما ئاغا ئاسودەیان دەکات.

# یەك
# پرۆژەی بەخشین بە ناوی
# (خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا)
# بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی
# ٢٠١٠/٨/٢

من (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە ئێستادا، دڵسۆزی و تواناو ئازایەتی و پاکێتی لە راپەڕاندنی کارەکانی زۆربەی کارمەندانی ئەم دیوانەدا، هانیاندام سوکە خەڵاتێکیان لە ماڵی تایبەتی خۆم پێشکەش بکەم بە بەخشینی نرخی پارچە زەوی ژمارە (٦٢٥/٢٦م/٨ ابلاخ) بە دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، ئەوەش تاکە زەوییە.. کە هەمبوو نرخەکەی (دوای فرۆشتن‌و خەرجییەکان) بریتی بوو لە (٧٠،٠٥٦،٠٠٠) دینار (تەنها حەفتاو شەش ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار) کە لە بانکی رافیدەین/ لقی سەلامی حکومی وەک (حسابی پاشەکەوت) بە ژمارە (١٩٠٨٦) دامناوە بەم مەرجانەی خوارەوە خاوەندارێتی ئەو ژمارە بانکییە دەکەن:

١- خاوەندارێتی ئەو حیسابە، بەناوی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، تۆمار ئەکرێت لە رۆژی پێراگەیاندنی ئەم بەڵگەنامەیەوە بەبانکی ناوبراو.

٢- ئەم حیسابە و ئەو زیادە و قازانجانەی ئەخرێتە سەری، لەو بانکەدا بەدرێژایی ژیان ئەمێنێتەوە و لە خۆوە تازە ئەبێتەوە.. بۆ هیچ کەس‌و لایەن و دەسەڵاتێک نییە دەستکاری بکات یان رایبکێشت، هەموو یا بەشێکی، بەبەخشەر خۆی و دیوانیشەوە، بێجگە لە رێژەی(٩٠٪) ی (لە سەدا نەوەد) قازانجە یاساییە ساڵانەکەی کە ئەو لیژنەیەی خوارەوە (یا هەر لیژنەیەک کە لەئاییندەدا بۆ ئەم مەبەستە پێکدەهێنرێت، هەموویان یا هەندێکیان) دابەشی دەکەن تەنیا بەسەر کارمەندەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، تەنانەت دوای یەکگرتنی هەردوو دیوان (هەولێر و سلێمانی) یان یەکگرتنی لەگەڵ هەر دەزگایەکیتردا.

٣- قازانجی لە (١٠٪- لەسەدا دە)کەی ئەو قازانجە یاساییە کە ئەمێنێتەوە، ساڵانە

ئەخرێتە سەر حیسابەکە و تەنها بۆ بەخشەر (المتبرع) خۆی هەیە هەر بڕە پارەیەکیتر وەک بەخشین بخاتە سەر ئەم حیسابە، ئەگەر ویستی، بەپێی هەمان ئەو مەرجانەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون.

٤- لەکاتی وەستانی کاری ئەو بانکەدا، بەهەر هۆیەک بێت، ئەم حیسابە ئەگوێزرێتەوە بۆ نزیکترین بانکی حکومی بەهەمان ئەو مەرجانەی سەرەوە.

٥- لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانێک لە دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی.. کە ببێتە هۆی وەستانی تەواوی کارەکانی، بەهەر هۆیەک بێت، ئەو ڕێژەی (٩٠٪- لە سەردا نەوەد) ی لە بڕگەی (٢ )ی سەرەوەدا ئاماژەی بۆکراوە، بۆ کارمەندانی نزیکترین دەزگا کە هاوشێوە بێت لەکاری دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانیدا خەرج ئەکرێ و خاوەندارێتی حیسابەکەشی بۆ ئەگوێزرێتەوە بەپێی هەمان مەرجەکانی سەرەوە.

٦- لیژنەی ئاماژە بۆ کراو لە بڕگەی (٣) ی سەرەوە بریتین لە:

١. احمد امین رشید. بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

٢. عبدالوهاب عبدول محمد. بەڕێوەبەری وردبینی

٣. نزار احمد فقی رشید. بەڕێوەبەری ژمێریاری بە وەکالەت

٧- ئەم بەڵگەنامەیە لە سلێمانی لەو بەروارەی سەرەوەدا نووسراوە و وێنەی لێ ئەدرێ بە دیوان و بانکی ناوبراو.

**دامەزرێنەر و بەخشەری پرۆژەکە**
**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**ژمارەی ناسنامە: ٢٢**

شوێنی دەرچوون:
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان
٢٠١٠/٨/٢

**وێنەیەک بۆ/**

- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان/ بۆ زانیاری و دەرکردنی ڕێنمایی پێویست لەو بارەیەوە.
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
- بانکی رافیدەین/ لقی سەلام لە سلێمانی
- لەگەڵ وێنەیەک لە ڕێنمایی هاوپێچ/ بۆ زانیاری و تۆمارکردنی ئەم بەڵگەنامەیە و هاوپێچەکەی لە تۆمارە پەیوەندیدارەکان بەو حیسابە ئاماژە بۆکراوە لە سەرەوە و ئاگادارکردنەوەمان تکایە.
- بەڕێوەبەرایەتی سەرپێچییە داراییەکان/ بۆ پاراستنی بەراییەکان و بەدواداچوونی بە بەردەامی.
- ئەندامانی لیژنە.

## دوو
## مشروع تبرع بإسم (هدية جلال عمر سام آغا)
## إلى منتسبي ديوان الرقابة المالية في السليمانية

التاريخ: ٢ / ٨ / ٢٠١٠ الرقم : هدية/ ١

إني (جلال عمر سام اغا) رئيس ديوان الرقابة المالية في السليمانية في الوقت الحاضر، فقد وجدت الاخلاص والكفاءة والشجاعة والنزاهة في اداء اغلب منتسبي هذا الديوان لأعمالهم، الأمر الذي جعلني اقدم إليهم هدية متواضعة من مالي الخاص خلال التبرع بقيمة قطعة الأرض المرقمة (٦٢٥/٢٦م/٨ آبلاخ) الى ديوان الرقابة المالية في السليمانية، وهي العرصة الوحيدة التي كنت املكها والتي بلغ ثمنها (بعد البيع والمصاريف) ٧٠,٠٥٦,٠٠٠ دينار (فقط سبعون مليون وستة وخمسون الف دينار) المودعة في مصرف الرافدين فرع السلام الحكومية في حساب التوفير برقم (١٨٠٩٦) وفق الشروط التالية:

١- تسجيل ملكية ذلك الحساب بإسم ديوان الرقابة المالية في السليمانية اعتبارا من تأريخ تبليغ المصرف المذكور بهذه الوثيقة.

٢- يبقي هذا الحساب والزيادات المضافة إليها في المصرف مدى الحياة، ولايجوز لأي شخص أو جهة أو سلطة المساس به أو سحبه كلا أو جزءا منه، بما فيهم المتبرع و الديوان بإستثناء نسبة (٩٠٪) (تسعون في المائة) من فائدتها القانونية السنوية التي تسحب من قبل اللجنة أدناه (أو أية لجنة اخرى تشكل مستقبلا لهذا الغرض كلا او جزءا) وتوزع حصرا على منتسبي ديوان الرقابة المالية في السليمانية حاليا.. وكذلك حتى بعد توحيد الديوانين (أربيل والسليمانية) (أو توحيدها مع أية مؤسسة اخرى).

٣- تضاف نسبة الـ (١٠٪) (عشرة في المائة) الباقية من الفائدة القانونية إلى هذا الحساب سنويا، وللمتبرع نفسه فقط وحصرا إضافة أي مبلغ آخر تبرعا منه إلى هذا الحساب إنشاءالله ذلك وفق نفس الشروط الواردة في هذه الوثيقة.

٤- في حالة توقف اعمال المصرف اعلاه لأي سبب كان، يحول هذا الحساب إلى أقرب مصرف حكومي آخر وبنفس الشروط أعلاه.

٥- في حالة احداث اي تغيير في ديوان الرقابة المالية تؤدي الى توقف اعماله كليا لأي سبب كان، يتم صرف الـ (٩٠٪) (تسعون في المائة) المشار إليها في الفقرة (٢) اعلاه الى منتسبي اقرب مؤسسة مشابهة لاعمال ديوان الرقابة المالية وتحول ملكية هذا الحساب إليها وفق نفس الشروط أعلاة.

٦- اللجنة المشار إليها فى الفقرة (٢) أعلاه هم كل من:

| ت | الاسم | عنوان الوظيفة |
|---|---|---|
| 1 | احمد امين رشيد | مدير عام بالوكالة |
| 2 | عبدالوهاب عبدول محمد | مدير التدقيق |
| 3 | نزار احمد رشيد | مدير الحسابات بالوكالة |

٧- كتبت هذه الوثيقة في السليمانية في التاريخ اعلاه ويزود الديوان والمصرف المذكورين بنسخة منها.

**مؤسس مشروع**
**جلال عمر سام آغا**
**رقم الهوية : ٢٢**

**جهة الإصدار:**
رئاسة مجلس الوزراء في اقليم كردستان- ٢٠١٠/٨/٢

**نسخة منه إلى/**
- مكتب رئيس الديوان/ للعلم وإصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد.
- مكتب نائب رئيس الديوان
- مصرف الرافدين/ فرع السلام في السليمانية/ مع نسخة من التعليمات المرفقة طيا/ للتفضل بالعلم وتسجيل محتويات هذه الوثيقة ومرافقاتها في السجلات المتعلقة بحساب التوفير المشار إليه اعلاه واعلامنا رجاءا.
- مديرية المخالفات المالية/ لحفظ الاوليات ومتابعتها باستمرار
- أعضاء اللجنة

## سێ
## ڕێنمایی

**هەرێمی کوردستان - پەرلەمانی کوردستان/ عێراق**
**سەرۆکایەتی دیوان چاودێری دارایی/ سلێمانی**
**نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان**

**ب/ ڕێنمایی**

بە مەبەست جێبەجێکردنی پرۆژەی خەڵاتنامەی (جەلالی عومەری ساماغا) ژمارە (١) لە ٢٠١٠/٨/٢، بڕیارمان دا بە:

یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەک لە ئێستادا بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکەو بەخشینی خەڵاتەکە و پێدانی بەڵگەنامەیەکی ڕێزلێنان بەو فەرمانبەرانەی خەڵاتەکە ئەیانگرێتەوە لە:

١- جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگری بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

٢- بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی سەرپێچییە داراییەکان/ ئەندام.

٣- بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان/ ئەندام و سکرتێری لیژنە.

دووەم: لیژنەی ئاماژەپێدراو ساڵانە داوا لە سەرۆک بەش و بەڕێوبەرە گشتییەکان دەکات بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانبەرانی شایستە بۆ ئەو خەڵاتە، پاشان لەلایەن لیژنەکەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

سێیەم: لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لەدیواندا، لیژنەیەکی تر لە پێکهێنانێکی نوێی هاوشێوەی تر لە پێکهاتە نوێیەکەی دیوان پێکدەهێنرێت، تەنها لە کارمەندانی دیوان لە سلێمانی.

چوارەم: باشتر وایە هیچ کارمەندێکی دیوان لە یەکجار زیاتر ئەو خەڵاتەی پێ نەدرێت.

پێنجەم: ئەگەر خەڵاتەکە بەر یەکێک لە ئەندامانی ئەم لیژنەیە کەوت، نابێ بەشداربێ لە بڕیاری لیژنەکەدا

شەشەم: دابەشکردنی خەڵاتەکە، لەسەرەتای مانگی یەکەمی هەموو ساڵێکدا دەبێت.

حەوتەم: بۆ لیژنەکە هەیە ژمارەی جیاکراوەکان (المتمیزون) زیادکات هەرکات بڕی قازانجی سودەکە زۆرتر بوو.

هەشتەم: بڕیاری لیژنەکە بەسەر هەموو بەشەکانی دیواندا بڵاوئەکرێتەوە.

نۆیەم: سکرتێری لیژنەکە راگر پارێزەری هەموو تۆمار و پەروەندەکانی ئەم پرۆژەیە ئەبێ.

دەیەم: دەستەی تایبەت بە وردبینی کاری دیوان، بە هەموو کارو بڕیار و وەرگرتن‌و دابەشکردنی لیژنەکەدا ئەچێتەوە.

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**

**وێنەیەک بۆ/**

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکی هەرێم/ لەگەڵ وێنەیەک لە پرۆژەی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا)/ بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا...
- بانکی رافدین/ لقی سەلام لە سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەستی پرۆژەی ناوبراو تکایە.
- سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە.
- سکرتێری لیژنە/ لەگەڵ بەراییەکاندا/ بەمەبەستی کردنەوەی دۆسیەیەک بۆ پاراستنی هەموو سەرەتاو تۆمار و پەروەندەکانی پرۆژەی ئاماژە پێدراو.
- هەموو کارمەندانی دیوان/ بۆ ئاگاداریتان کە ئێوە بوونەتە خاوەن ئەو ئەژمێرەیە بەپێی بەڵگەنامەی هاوپێچ بۆ هاندانتان لەو رۆڵە جیاوازەی هەتانبووە بۆ خزمەتی دیوان‌و نەتەوەکەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.(٧)

---

(٧) سەبارەت بە مەراسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان، تەنها چەند نمونەیەکمان وەرگرتووە.. نمونەکان لە وتار و لێدوان و بەدواداچوونی راگەیاندنەکاندا کورت کراونەتەوە..

# چوار
## خەڵاتی (سام ئاغا) دژی گەندەڵی بەردەوام دەبێ(٨)

من (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی ئێستا دڵسۆزیو توانا و ئازایەتی و پاکێتی لە راپەراندنی کارەکانی زۆربەی کامەندانی ئەم دیوانەدا، هانیدام سوکە خەڵاتێکیان لە ماڵی تایبەتی خۆم پێشکەش بکەم بە بەخشینی پارچە زەویی (٦٢٥/٢٦/ ٨ ئابلاخ) بە دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، ئەوەش تاکە زەوییە کە هەبووە، ئەو رۆژەی ٦ کارمەندی دیوانەکە خەڵاتکران، ئەم قسانەی سام ئاغا خوێنرانەوە. دوای بە دادگا گەیاندنی ٨٦ فەرمانبەر و بەرپرسی ئیداری تێوەگلاو لە گەندەڵی و ئامادەکردنی٢٧٢٠ راپۆرت لە بارەی گەندەڵی فەرمانگەو بەرپرسە ئیدارییەکانی سلێمانییەوە، لە (٢٠١١/١/١٧) جەلال سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، دوای ٧ جار داواکاری خۆی خانەنشین کرد، بەڵام هەر لە سەرو بەندی بیرۆکەی خۆخانەنشین کردنییەوە سەرقاڵی کاری داهێنەرانەیە، ئەویش (خەڵاتی ساڵانەی سام ئاغا) بوو.

«هەرگیز دیوانی چاودێریی دارایی، کەسێکی دیکەی وەک کاک جەلالی بۆ هەڵناکەوێتەوە» داڵیا ئەسعەد، ١٣ ساڵ، هەشت ساڵی تەمەنی خۆی لەگەڵ راپۆرتە رەزا قورسەکانی ئەو دیوانە بەرێکردووە و یەکێکە لەوانەی خەڵاتی کارمەندی نموونەیی وەرگرتووە، وای گوت.

داڵیا دەڵێ، ئەوان زۆر شت لە بەرێوەبەرەکەیانەوە فێربوون «ئازایەتی، دڵسۆزی، جدیات و دەستپاکی، هەمیشە هانی دەدای بۆ ئەمانە «یەکەمین رۆژ کە جەلالی سامئاغا وەک کارمەندێک قسەی لەگەڵ داڵیا کردووە پێی گوتووە» من دەمەوێ تۆ کوێر و کەڕ و لاڵ بی، بۆ ئەوەی لە کارەکانمان سەرکەوتووبین».

کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، زۆر شت لە بارەی سەرۆکە خانەنشینکراوەکەیانەوە دەگێڕنەوە، وەک ئەوان باسی دەکەن، چەند جارێک فەرمانبەرەکانیان بە هۆی هەڕەشەلێکردنەوە ترسێنراون، بەڵام جەلالی سام ئاغا

---

(٨) رووداو ١٦٣ لە ٢٠١١/٥/١٢.

هەموو جارێک پێی گووتوون «من بڕیارم داوە سەری خۆم دابنێم.. ئەم کارە ئەوەی دەوێ، هەر کەس ئەمەی پێناکرێ با داوا بکات بیگوێزمەوە فەرمانگەیەکی دیکە».
بە قسەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، هەر لە ماوەی سالانی رابردوودا، جگە لەوەی هەولی دەرمان خواردکردنی بەرپرس و کارمەندانی دیوانەکە دراوە لە رێگەی دەرمان خستنە نێو چا و ئاویانەوە، چەند جارێکیش فیشەک لە رێگەی نووسراوەوە فڕێدراوەتە مالی کارمەندانی دیوانەکەوە، دالیا دەلێ «کارمەندەکانمان هەڕەشەیان لێ دەکرا، بە تایبەت ئەوانەی دەستەکانی پشکنین و بەدواداچوونن، بەلام کەس کۆلی نەدا».
خەلاتەکەی سام ئاغا، بۆ خۆی چیرۆکێکە لەنێوان داهێنان و هەلوێستەکردندا، چونکە بە پارەی پارچە زەوییەکی خۆی خەلاتی رێزلێنانی بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی هەلبژاردووە و بڕیاری داوە سالانە بەردەوام بێت.
جەلالی سام ئاغا دوای ئەوەی پارچە زەوییەکەی خۆی لە مانگی ئابی سالی ڕابردوو بە فرۆشتووە بە (٧٠،٠٥٦،٠٠٠) دینار، هەر ئەو کاتەش بڕیاری داوە ئەو برە پارەیە بخاتە بانکەوە و (٩٠٪)ی قازانجی یاسایی سالانەکەی کردووەتە دابینکردنی خەلاتەکەی بۆ هەمو سالێک، خەلاتی سالی (٢٠١٠) لە (١١)ی نیسانی ئەمسال درا بە شەش کارمەند، ٣ کارمەندی نموونەیی ٣ خانمی سەلاری گرتەوە.
سام ئاغا دوای هەولێکی زۆری (ڕووداو) بۆ یەکەمین جار قسەی لە بارەی خەلاتەکەوە کرد و گوتی «بە درێژایی تەمەنی خۆم لە ناو حکومەت و کاروباری ئیدارەدا، هیچ فەرمانگەیەک وەک دیوانی چاودێریی دارایی ماندووی نەکردووم، کارمەندانی دیوانی چاودێریی لە کارمەندانی هەموو دەزگایەک ماندووترن، بۆیە بیرم لەوە کردەوە ئەم کارمەندە دلسۆز و ماندوانە خەلات بکەم»، هەروەها گوتی «خەلات وەفا و پێزانینە، بەلام ئەوە بە لای منەوە گرنگە، خەلاتی کەسانێک بکەی، کە دژی گەندەلین و بە دوای دەرخستنی ڕاستی و دروستیدا ماندوو دەبن»، هەروەک ڕوونیکردەوە، ئەم خەلاتە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێ و پارەی زەویەکەی، کە لە بانکدایە، بووەتە پارەی ئەو خەلاتە و پەیوەندیی بەوەوە نەماوە «لە ڕووی داراییەوە خەلاتەکە زۆر نییە، بەلام لە ڕووی مەعنەوییەوە ئێجگار گرنگە بۆ ئێمە»، سامان جەمال فەقێ فەرمانبەر لە بەشی یاسایی دیوانی چاودێریی دارایی خەلاتی کارمەندی نموونەیی وەگرتووە و هەر ئەوەندەی پێیە بۆ پێناسەکردنی سامئاغا «ڕۆحێکی زیندووی دا بە دیوان و هەموومانی فێری جدییەت کرد».
بە پێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو)، دوای مەراسیمی خەلات بەخشینەوەکە، هەر یەکە لە تالەبانی و بارزانی و سەرۆکی حکومەت دەستخۆشییان لە سام ئاغا

کردووەو پێیان ڕاگەیاندووە، ئەوان هەمیشە چاوەڕێی داهێنان و کاری دڵسۆزانەیان لەو کردووە.

ساڵی ٢٠٠٢ ئەو بووە سەرۆکی دیوانی چاودێریی گشتی دارایی لە سلێمانی، دوای ئەوەی لە هەر لە کابینەکانی د.فوئاد مەعسووم و کۆسرەت ڕەسول و د. بەرهەم دا وەک ڕاوێژکاری ئابووری کاریکرد.. ماوەیەکیش وەک بریکاری وەزری دارایی، لەم ساڵانەی دواییشدا کەوتە شەڕێکی قورسەوە، کاتێک پەردەی لەسەر هەندێک لە گەندەڵییەکان هەڵماڵی و زیاتر لە ١٢٠٠ ڕاپۆرتی لە خولی ڕابردوودا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان نارد.

دالیا ئەسعەد دەڵێ «ئێمە ڕاپۆرتی فەرمانگە بچووکەکانمان نەناردووە بۆ پەرلەمان، تەنها ڕاپۆرتی گەندەڵییە گەورەکانە و لەناو ئەو ڕاپۆتانەدا.. گەندەڵی بەرپرسی گەورەشی تێدایە»، هەروەها گوتیشی «بە هۆی ڕاپۆرتەکانی ئێمەوە سەدان ملیار دینار بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە» لە ڕاستیدا هەر ڕاپۆرتەکانی ئەوانیش بوو، کاتێک خەرمانی گەندەڵی لە قایمقامیەتی هەڵەبجە و نێو بینای پارێزگای سلێمانی دەرکەوتن، سەرەنجامەکەشی بە هەڵاتنی قایمقام گەییشت، پارێزگاریش دەستی لەکار کێشایەوە.

کارمەندانی دیوانەکە، هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کاتێک ساماغا چووەتە دیوان، بەردەوام بۆ هەموویانی ڕوونکردۆتەوە «ئەوان لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکاندا، ڕووبەڕووی زەحمەتی و شەڕێکی قورس دەبنەوە». دالیا ئەسعەد دەڵێ «کاتێک دەستەکانمان کە ٢٣ دەستەن و دەچنە فەرمانگەکانەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی پێشوازی ناکرێن»، سامان جەمالیش گوتی «ئێمە بەردەوام دەبین لە کارەکانمان ئەم خەڵاتە گیانی ئازایەتی زیندوو دەکاتەوە لە ئێمەدا».

جەلال ساماغا، پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵەی هێمن و (کەمدوو)ە، تا ئێستا ژیانی هاوسەری پێک نەهێناوە و لە ماڵەکەی خۆیدا، زۆربەی کات بە خزمەتکردنی گوڵ و نەمامی باخچەکەیەوە سەرقاڵ دەبێ، بەڵام ئەو خانووەشی بەخشیوەتە وەزارەتی تەندروستی تاوەکو بکرێتە نەخۆشخانە، ئیدی جەلالی ساماغا خاوەنی بستێک زەوی نییە و نایەوێ دوای خۆشی یەک دیناری لە پاش بەجێ بمێنێت.

ئەو پیاوە زۆر حەزی لە دیداری ڕۆژنامەنووسی نییە.. بە درێژایی ئەو هەموو شەڕەی لە پشت ڕاپۆرتەکانییەوە سەریان هەڵدا، کەس گرەوی دیدارێکی ڕۆژنامەوانیی لە جەلالی ساماغا نەبردەوە.

# پێنج

## (١٢) کارمەندی چاودێریی دارایی ڕێزیان لێ نرا

### هێمن کەمال/ کوردستانی نوێ

دوێنێ ٢٠١٢/٣/٧ لە ڕێوڕەسمێکدا..جەلالی عومەری سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، خەڵاتی لێهاتوویی بەخشییە ١٢ کارمەند، کە نۆ کارمەندیان پیاوو سێ کارمەندیش ژن بوون.

سەرەتا.. تاجەدین ساحب، سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتەکان لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوە کرد: ئەمە بۆ دووەم ساڵە خەڵات دەدرێتە کارمەندی کارامە و ژنانی سالاری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، ساڵی ڕابردووش خەڵاتەکە درایە سێ کارمەند و سێ ژن و وتیشی:

ئەمساڵ خەڵاتەکە درایە نۆ کارمەند و سێ ژن.. بەپێی ئەو بەرنامەیەشی دانراوە.. هەموو ساڵێک ئەم خەڵاتە دابەشدەکرێت، کە سەرجەم پلە و پۆستەکان دەگرێتەوە.

بەهادین جەلال و نازەنین ئەحمەدی فەرمانبەر خۆشحاڵیان دەربڕی بە وەرگرتنی خەڵاتەکە و هیوایان خواست خەڵاتەکە بەردەوام بێت، کە هۆکارێک دەبێت بۆ باشتر ڕاییکردنی کارەکان.

«خانمانی سەلار و فەرمانبەری نموونەیی خەڵاتکران».

«خەڵاتی دەستپاکی جەلالی سام ئاغا دابەشدەکرێت».

« ژمارەیەک لە فەرمانبەری سەلار و نموونەیی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی و وردبینی خەڵاتی "جەلالی سام ئاغا"یان پێ بەخشرا».

# شەش
## سێیەمین خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ فەرمانبەری نموونەیی و خانمی سەلار(٩)

### تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان

لە پای دەستپاکی و کارامەیی و دڵسۆزی لە ڕایکردنی کار و بارەکانیاندا و خۆماندووکردن لە ماوەی یەک ساڵدا سێیەمین خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) بۆ کارمەندانی نموونەیی و خانمە سەلار بەخشرایە (١٢) دوانزە فەرمانبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەشدا (ئەحمەد ئەمین) بەڕێوەبەری گشتی دیوانی چاودێریی دارایی وتەیەکی پێشکەشکرد و تێیدا ئامانجی بەخشینی ئەم خەڵاتەی ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند، ئەمە دەرفەتێکە لەبەردەم فەرمانبەرانی دیوانەکەیاندا تا بە شێوەیەکی تەندروست کێبرکێ بکەن لە باش ڕاییکردنی کاروبارە ئیدارییەکەیان، هەروەک ڕۆڵی (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیشی بەرز نرخاند لە ڕاپەراندنی کارو بارەکاندا.

ئەحمەد ئەمین: «لێرەدا بە پێویستی دەزانین، کە هەندێک زانیاریتان لەسەر خەڵاتەکە و خاوەنی خەڵاتەکە پێ بدەین، بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا) لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ هەوەوە تاوەکو سەرەتای ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە،.... دابەشبکرێت بەسەر فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیداو ١٠٪ کە دەمێنێتەوە دەچێتەوە سەر پارەکە و ساڵانە برێک پارەکەشی پێ زیاد دەکات پارچە زەوییەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە فرۆشرا بە زیاتر لە (حەفتا ملیۆن دینار) و پارەکەی لە بانک دانرا، ئەمرۆش ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ دابەشکردنی خەڵاتی ساڵی سێیەم دیارە پێشتر دووجار ئەم خەڵاتە دابەشکراوە، بە فەرمانبەرانی ئەمساڵەوە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە دەگاتە ٢٩

(٩) لە ڕاپۆرتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە (GK، KNN، KPC) لە ڕۆژی ١٤-٠٢-٢٠١٢ دابەشکراوە.

بیست نۆ فەرمانبەر، خەڵاتەکەش لە دوو جۆر پێکهاتووە، یەکەمیان خەڵاتی خانمی سەلارە، کە ئەمەیان تەنها ڕەگەزی مێینە (خوشکان) دەگرێتەوە، دووەمیان خەڵاتی فەرمانبەری نموونەییە، ئەمیان هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکە لەلایەن خاوەنی خەڵاتەکەوە دیاریکراوە و لەسەر بنەمای پلەو ناونیشانی وەزیفی نەک ناو، میکانیزمی دیاریکردنی فەرمانبەرانیش بۆ خەڵاتەکە، سەرەتا لێپرسراوە ڕاستەوخۆکان ناوی فەرمانبەرانی کاندیدکراوی خۆیان بۆ خەڵاتەکە دەنێرن بۆ لیژنەکە، لیژنەکەش لەناو ئەو فەرمانبەرانەی ناوەکانیان بۆ هاتووە ((دیارە ڕەنگە لیژنەکە (٣٠) کەسی بۆ بچێت، ئەویش بڕیار دەدات ١٠بێت یان ١٢ کەسیان خەڵات بکات لەناویاندا، ئەویش بە میکانیزمی خۆی ئەو ژمارەیە هەڵدەبژێرێت و خەلاتەکەیان پێ دەبەخشێت)) دیارە ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بکەین، بەها و گرنگی ئەم خەڵاتە تەنها لەوەدا نییە کەوا مەبلەغێکی پارە یان بڕێکی پارە بێت و بدرێتە فەرمانبەران، بەڵکو لایەنی مەعنەوی زۆر لەوە گرنگترە، کە هۆکارێکە بۆ هاندان و دروستکردنی ڕۆحی کێبڕکێی زیاتر خزمەتکردن لەناو فەرمانبەراندا و زیاتر خزمەتکردنیان، کە ئەمەشیان لە ئەنجامدا دەبێتە خزمەتکردنی دیوانی چاودێریی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان».

خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پارچەیەک زەوی تایبەتی خۆی لە سلێمانی فرۆشتوە کە بەهاکەی زیاتر لە (٧٠) حەفتا ملیۆن دینارە و ئەو برە پارەیەش خراوەتە بانکەوە و ساڵانە داهاتەکەی تەنها و تەنها تەرخان دەکرێت بۆ خەڵاتکردنی کارمەندانی نموونەیی و خانمی سەلار لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، وەک لە پەیامەکەشیدا جەلالی عومەری سام ئاغا، داوای ئەوەی کردبوو لە فەرمانبەران وەک هەمیشە بێلایەنی دیوانی چاودێریی دارایی بپارێزن و لە ڕەوتی پیشەگەری و ڕەسمی و بێگەردی لانەدەن و دەستپاکی و بوێری و ئازایەتی بکەنە بنەمای کارەکانیان.

دالیا ئەسعەد- سکرتێری لیژنەی خولاتی ڕێزلێنان: «لەلایەن کاک جەلالی سام ئاغاوە داڕێژراوە، ئەویش بە بەخشینی پارچەیەک زەوی تایبەتی خۆی کە بفرۆشرێت و پارەکەی لە بانکدا دابنرێت و فائیدەکەی ساڵانە دابەشبکرێت بەسەر چەند فەرمانبەرێکی خانمی سەلار و فەرمانبەری نموونەیی چاودێریی دارایی. هەڵبەتە ئەم پارچە زەویە لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە هەتا پێش خانەنشینبوونی کاک جەلال، فرۆشراو پارەکەشی لە بانکدا دانرا، دوای خانەنشینبوونی کاک جەلال ئەم پارەیە ساڵانە و ئەمە ساڵی سێهەمە دەدرێت بە چەند فەرمانبەرێکی نموونەیی و خانمە سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی، هەڵبەتە لەنێوان (٢١٢) فەرمانبەری دیواندا چەند فەرمانبەرێک

هەڵدەبژێرن ئەم فەرمانبەرە دەبێت وەکو خانم کەسێکی شیاوو لایق و سەنگین بێت، لە ڕووی نموونەییشەوە یەعنی شەرت نییە بەڕێوەبەر بێت، یان سەرۆک دەستەیەک بێت، یان پلەیکی هەبێت. ئێمە هەمانە باخەوانە، هەڵبەتە کاری خۆی زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبات یان کارگوزارە ئیشەکانی خۆی زۆر بە ڕێکوپێکی دەکات، پۆست پێوەر نییە، لە خەڵاتکردنی ئەمساڵ و ساڵەکانی پێشوتریشدا باخەوانی تێدا بووە، کارگوزاری تێدا بووە، شۆفێری تێدا بووە، لێپرسراوی بەشی تێدا بووە لەبەر ئەوە هیچ پێوەرێکی پۆست مەرج نییە، بەبێ فەرق و جیاوازی دابەش دەکرێت بەسەر هەموو فەرمانبەرەکاندا».

**پ/ پەیامنێر: ئایا هەر فەرمانبەرێک یەکجار ئەو خەڵاتەی پێ دەبەخشرێت؟**

داليا ئەسعەد/ سکرتێری لیژنەی خەڵاتی ڕێزلێنان: «بە تەئکید دەبێت ئەو فەرمانبەرەی لە ساڵەکانی پێشتردا هەڵبژێردراوە، نابێت لە ساڵەکانی دواتردا ناوی تیادا بێت».

**پ/ پەیامنێر: کەواتە ئەم خەڵاتە بەردەوامی دەبێت؟**

داليا ئەسعەد/ سکرتێری لیژنەی خەڵاتی ڕێزلێنان: «بە تەئکید و ئینشائەڵڵا هەتا دیوانی چاودێریی دارایی هەبێت ئەم خەڵاتەش بەردەوام دەبێت».

دواتریش ١٢ کارمەندی نموونەیی، کە لە ماوە یەک ساڵدا دڵسۆزانە لەسەر بنەمای دەستپاکی و بوێری و لێهاتووی کاروبارەکانیان ڕاییکردووە، خەڵاتی ڕێزلینانی جەلالی عومەری سام ئاغایان پێ بەخشرا. خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ کارمەندانی نموونەیی و خانمە سەلارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و ڕێزلێنان لەو کارمەندانەی کە لە کارەکانیاندا بە دڵسۆزی و بە دەستپاکی ئیشوکارەکان بەڕێدەکەن و دەبنە نموونەی فەرمانبەران لە کار ڕاییکردن و خزمەتکردن بە هەرێمی کوردستان.

**پ/ پەیامنێر: جەنابتان وەکو یەکێک لەو فەرمانبەرانەی کە ئەمساڵ شەرەفی ئەوەت پێ بڕا خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغات پێ ببەخشرێت، چیت لا دروستبوو، چ هەستێکت هەیە لە ئێستادا؟**

فەرمانبەر: «سەرەتا و پێشەکی زۆر زۆر سوپاسی کاک جەلالی عومەری سام ئاغا ئەکەم، لەسەر ئەم خەڵاتە کە منیان دەستنیشانکرد بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، ئەم خەڵاتە دەبێتە ئەوەی زیاتر کە هانمان دەدات بۆ بەرەوپێشچوونی ئیشوکارەکانمان

بە ڕێکوپێکی وە ئەبێتە هاندەر بۆ هەموو فەرمانبەران لە هەموو بوارەکاندا، هیوادارم ئەم جۆرە خەڵاتانە ببێت بە وەکو کلتوورێک لە هەموو دائیرەکاندا».

**پ/ پەیامنێر: لەبەر دڵسۆزیت خەڵات دەکرێیت و ڕێزت لێ دەنرێت، وەکو فەرمانبەرێک گرنگی ئەم خەڵاتە لەچیدا دەبینیتەوە؟**

فەرمانبەر(کارمەندی نموو نەیی): «بەخێرهاتنی کەناڵە بەڕێزەکەتان دەکەم پێشەکی، لەم کاتەدا هەست بە خۆشی دەکەم کە لەم کاتەدا خەڵاتم وەرگرتووە وە هیوادارم ئەم خەڵاتانە لە هەموو دامودەزگاکاندا ببێتە داهێنانێک بۆ فەرمانبەرە دڵسۆزەکان، لەبەر ئەوەی زیاتر هەست بە هیلاکی خۆیان بکەن و بەمە زیاتر دڵخۆش بن».

**پ/پەیامنێری کەناڵ: جەنابت وەک خانمێکی دیکە لە دیوانی چاودێریی کە فەرمانبەریت لەوانەیە تەمەنێکت لەگەڵ کاری ئیداری و بەڕێوەبردندا ڕایکردبێت، ئەمڕۆ ڕێزت لێ دەنێن و خەڵات دەکرێیت، ئەوەش لە پای دڵسۆزیت و لە پای باش ڕاییکردنی کاروبارەکانت. تۆ پێت وایە ئەم خەڵاتە گرنگییەکەی لەچیدایە، ئایا هەر خەڵاتێکی مادییە، یاخود ئەگەر باکگراوندەکەی بخوێنینەوە، ئەم خەڵاتە لە ڕووی مەعنەوییەوە چ ئەهمیەتێکی هەیە؟**

فەرمانبەر (کارمەندی نموونەیی لە چاودێریی دارایی): «پێشەکی بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ کەناڵەکەتان کە بەشداریتان کرد لە ڕێوڕەسمی ئەم خەڵاتکردنە، ئەم پرۆژەیەی کاک جەلال دیاریکردووە و خستویەتییە بواری جێبەجێکردنەوە و ساڵانە خەڵاتی فەرمانبەرانی خۆی دەکات، ئەمە پرۆژەیەکی مەعنەوییە، ماددی نییە، لەبەر ئەوەی مادییەکە هیچ نییە و ئەڕوات بەس تەقدیرکردن و دیاریکردن‌و دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانە زۆر ڕێزێکی گەورەیە بۆ ئێمە و ڕێزێکیشە، کە ئێستا کاک جەلالی سام ئاغا لەناو دیوانی چاودێریی دارایش نەماوە، بەڵام هەر فەرمانبەرەکانی خۆی لەبیرە، ئەمەش تەبعەن هاندانێکە بۆ ئێمە کەوا بەوپەڕی دڵسۆزی خۆمانەوە ئیشوکارەکانمان جێبەجێ بکەین، لەسەر ئەو ڕێگەیە کە کاتی کاک جەلال ڕێی پیشانداوین بۆ جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانمان و دڵسۆزیمان لە ئیشوکارەکانمان هەر بەردەوام بین».

فەرمانبەر(کارمەندی نموونەیی لە چاودێریی دارایی): «تا ڕادەیەک زۆر باش دەوری دەبێت لە ڕووی مەعنەوییەوە، زیاتر وات لێ دەکات دڵسۆزانەتر و تا ڕادەیەکیش کێبڕکێ دروست دەکات لەنێوان فەرمانبەرەکاندا».

**پ/ پەیامنێر: باجی ئایشێ ئەمڕۆ لە پای کارکردنت وەکو خانمە سەلارێک خەڵاتی جەلالی سام ئاغات پێ بەخشرا، چیت لا دروست بوو، چەند خۆشحاڵ بوویت؟**

باجی ئایشێ (خانمە سەلار): «زۆر پێ خۆشحاڵم بوم زۆر زۆر مەمنون و مەمنونی

ئێوەشم سوپاستان دەکەم، سوپاسی کاک جەلالیش دەکەم بۆ ئەم ڕێزە لێی ناین زۆر زۆر مەمنونتان هەم بەخێرهاتن سەر چاوم».

**پ/ پەیامنێر: باجی ئایشێ تۆ یەکەمجارە خەڵاتت پێ دەدرێت؟**

باجی ئایشێ (خانمە سەلار): «بەڵێ یەکەم جارە، لام زۆر خۆشە، لەبەر ئەوەش لام خۆشە ڕێزگرتنێکە کە کاک جەلال ڕێز لە ئێمە دەگرێت، ئێمەش زۆر سوپاسی ئەو دەکەین».

بە ڕای شارەزایانی ئیداری خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ کارمەندانی نموونەیی و خانمە سەلار، دوو لایەنی هەیە، کە دیوێکیان خەڵاتێکی مەعنەوییە و ڕێزلێنانە لەو کارمەندانەی کە لە ماوەی یەک ساڵدا بە دڵسۆزی و بە دەستپاکییەوە کارەکانیان ڕایی دەکەن، دیوەکەی تریشی خەڵاتێکی مادییە و دەستگیرۆیی ئەو فەرمانبەرانەیە کە دەستنیشانکراون.

**ڕاپۆرتی کەناڵی** KNN

**مەراسیمی بەخشینی سێیەمین خەڵاتی جەلالی سام ئاغا بە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی**

لە ڕێوڕەسمێکدا بۆ ساڵی سێیەم خەڵاتی جەلالی سام ئاغا بەخشرایە (١١) یانزدە فەرمانبەری نموونەیی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە لە ماوەی ڕابردوودا توانیویانە بە شێوەیەکی سەرکەووتوانە و ماندوونەناسانە کارەکانی خۆیان بە دڵسۆزی ڕاپەڕێنن. هەر لە مەراسیمەکەدا بەڕێوەبەری چاودێریی دارایی سلێمانی بەوەکالەت بیرۆکەو شێوازی خەڵاتەکە و دانانی میکانیزمی دابەشکردنەکەی بۆ ئامادەبوان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوونکردەوە.

(بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بە سەر فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کاک ئەحمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتی دیوان با بفەرموێت بۆ پێشکەشکردنی وتەی لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکە) ...

ئەحمەد ئەمین - بەڕێوەبەری گشتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «ئامادەبوانی بەڕێز میدیاکارانی ئازیز بەناوی لیژنەی بەخشینی خەڵاتی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغاوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین، ماندووبوون و ئەرکتان کێشا، لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندێک زانیاریتان لەسەر خەڵاتەکەو خاوەنی خەڵاتەکە پێ بدەین، بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢وەوە تاوەکو سەرەتایی ساڵی ٢٠١١ بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی

دارایی سلێمانی بوو، هەر لەو کاتەدا بڕیاری دا ئەو پارچە زەوییەی کە هی خۆیەتی بیفرۆشێت و پارەکەی لە بانکێکدا دابنرێت و ساڵانە ڕێژەی ٩٠٪ی سوودی ئەو پارەیە وەکو خەڵات دابەشبکرێت بەسەر فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیداو ١٠٪ کەی کە دەمێنێتەوە دەچێتەوە سەر پارەکەو ساڵانە بڕێک پارەکەشی پێ زیاد دەکات پارچە زەوییەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە فرۆشرا بە زیاتر لە (حەفتا ملیۆن دینار) و پارەکەی لە بانک دانرا، ئەمڕۆش ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ دابەشکردنی خەڵاتی ساڵی سێیەم دیارە پێشتر دوو جار ئەم خەڵاتە دابەشکراوە، بە فەرمانبەرانی ئەمساڵەوە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە دەگاتە ٢٩ بیست نۆ فەرمانبەر، خەڵاتەکەش لە دوو جۆر پێکهاتووە، یەکەمیان خەڵاتی خانمی سەلارە کە ئەمەیان تەنها ڕەگەزی مێینە (خوشکان) دەگرێتەوە، دووەمیان خەڵاتی فەرمانبەری نموونەیی ئەمیان هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکە لەلایەن خاوەنی خەڵاتەکەوە دیاریکراوە و لەسەر بنەمای پلە و ناونیشانی وەزیفی نەک ناو و میکانیزمی دیاریکردنی فەرمانبەرانیش بۆ خەڵاتەکە سەرەتا لێپرسراوە ڕاستەوخۆکان ناوی فەرمانبەرانی کاندیدکراوی خۆیان بۆ خەڵاتەکە دەنێرن بۆ لیژنەکە، لیژنەکەش لەناو ئەو فەرمانبەرانەی کەوا ناوەکانیان بۆ هاتووە ((دیارە ڕەنگە لیژنەکە (٣٠) کەسی بۆ بچێت، ئەویش بڕیار دەدات ١٢ یە ١٠ یە خەڵات بکات لەناویاندا، ئەویش بە میکانیزمی خۆی ئەو ژمارەیە هەڵدەبژێرێتو خەڵاتەکەیان پێ دەبەخشێت)). دیارە ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بکەین، بەهاو گرنگی ئەم خەڵاتە تەنها لەوەدا نییە کەوا مەبلەغێکی پارە یان بڕێکی پارە بێتو بدرێتە فەرمانبەران، بەڵکو لایەنی مەعنەوی زۆر لەوە گرنگترە، کە هۆکارێکە بۆ هاندانو دروستکردنی رۆحی کێبڕکێی زیاتر خزمەتکردن لەناو فەرمانبەراندا و زیاتر خزمەتکردنیان، کە ئەمەشیان لە ئەنجامدا دەبێتە خزمەتکردنی دیوانی چاودێریی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێز و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان .. لیژنەی بەخشینی خەڵات».

بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانیش باسیان لە گرنگی ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کرد، کە لە ماوەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی چالاک توانیویانە (٢٧٢٠) ڕاپۆرت لەسەر سەرپێچی و لادانە یاسایی و داراییەکانی فەرمانگەکانی حکومەت تۆمار بکەن و دەیان ملیۆن دۆلار پارەی گشتی لە قورگی گەندەڵکاران دەربهێننەوەو هیواشیان خواست هەوڵەکان بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەو دەزگایە درێژەی هەبێت.

ڕۆژنامەنووس بەهرۆز جەعفەر: «وەکو دۆستێکی بەڕێز جەلالی عومەری سام

ئاغا، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا ئاگاداری ئیش و کارەکانی دیوان بووینەو نووسینمان لەسەری هەبووە و لە نزیکەوە موتابەعەی ئیش و کارەکانمان کردووە، من دەمەوێت لە تەرەفێکی ترەوە قسە لەسەر ئەم خەڵاتە بکەم، وەکو کاک ئەحمەد فەرموی، ئەمە تەنها شتێکی مادی نییە و پێشکەش بکرێت بە فەرمانبەرانە سەلارەکانی دیوان یان فەرمانبەرە نموونەییەکان، بەڵکو ئەمە لە ڕوی مەعنەوییەوە ڕەنگە جانبی تر لەخۆ بگرێت، ئەویش ئەوەیە کە کەمن ئەو دامودەزگایانەی پارێزەری حقوقی عامن لە هەرێمەکەماندا هەرێمی کوردستان، ئەوانەی وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وەکو ڕەقابەی مالی، وەکو ئیدعای عام، وەکو دەستەی نەزاهە، دیوانی چاودێریی دارایی لە ماوەی کارکردنیدا زیاتر لە (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی ڕەقابەی مالی ئامادەکردووە، ئەوەی بۆ ئێمەی ڕۆژنامەوان و نووسەر و ئێمەی چاودێران گرنگە، ئەوەیە نەهێڵین ئەم ڕاپۆرتانە تۆزی لەسەر بنیشێت، بەڵکو گەندەڵکاران ڕاپێچی دادگاکان بکرێن، وەکو وتم زۆرن ئەو دەزگایانەی کە سەرپێچی دەکەن مافی گشتی دەخۆن، ئەم دیوانە بەرێزە کە ئێوە ئێستە لێی دانیشتون بە ملیارەها دینار و ملیۆنەها دۆلاری لە قورگی گەندەڵکاران هێناوەتە دەرەوە، بۆیە ئەرکی ئێمەشە هاوکاری ئەم دیوانە بکەین لە ڕووی کاری ڕاگەیاندن و کاری پیشەیی خۆمانەوە بۆ ئەوەی ئەمانیش زیاتر تەشجیع بن لە ئیشوکارەکانیاندا، ئێمە دەستخۆشیان لێ دەکەین بۆ ئەم خەڵاتە، بابەتێکی دیکە ئەمەوێت تیشکی بخەمە سەر، ئەویش ئەوەیە کە ڕەنگە کاک جەلالی سام ئاغا تاقە بەرپرس بێت لەم وڵاتەدا، کە هەمووتان بینیوتانە و هەموتان ئاگاداربوون ڕەئی عام ئاگاداربوو، کە دەست لەکار کێشانەوەکەی چەند بوو بە مایەی نیگەرانی لەلایەن ڕاگەیاندنکاران و لەلایەن بەرپرسان و لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هەموو لایەکان بەگشتی، تاقە بەرپرس بوو کە یەعنی دەستلەکارکێشانەوە کەی بو بە هۆی نیگەرانییەکی گەورەی لای هەموومان دروستکرد، بە پێچەوانەشەوە ڕۆژانە دەیان بەرپرس لەم وڵاتە دەست لەکار دەکێشێتەوە، هەر بەلاشمانەوە زۆر ئاساییە، چونکە ئەو کەسێک بوو لەپێناو حقوقی عامدا، وەکو خۆی دەڵێت ئەم ڕاپۆرتانەی کە ئامادەمان کردووە هیچی چۆن دەڵێیت ئەوە نییە لە زاری یەکێکەوە یان ئەوەی باسی دەکات گێڕدرابێتەوە، بەڵکو هەموو ئەمانە بە ڕێوشوێنی قانونی و بە تەدقیق ئامادەکراون، بۆیە ئەرکی ئێمەیە بە ئێوەشی ڕابگەیەنم لێرەوە و بەئەرکی خۆشمانی دەزانین بەدواداچونی زیاتر بۆ ئەو ڕاپۆرتانە بکەین، کە ئامادەیان کردووە لە ماوەی ڕابردوودا، جارێکی تر من پیرۆزبایی لەو فەمانبەرانە بەڕێزانە دەکەم، کە ئیشوکارەکانی خۆیان بە باشی هەڵسەنگاندووە، چ ئەو فەرمانبەرانەی کە خەڵات وەردەگرن، چ ئەوانەش کە خەڵات وەرناگرن، هەموو ئەمانە پێکەوە ئیشوکارێکی

پیرۆزیان لە خزمەتی ئەم وڵاتەدا سازکردووە، جارێکە کە من پیرۆزباییتان لێ دەکەم و جارێکی کە بەخێرهاتنی هەمووڵایەکتان دەکەم بۆ دابەشکردنی ئەم خەڵاتە، هیوادارم ساڵانە ئەمە زیاتر بە شێوە و ستایلێکی تر و باشتر بەڕێوەبچێت».

لای خۆشیانەوە فەرمانبەران خۆشحاڵییان بە بەخشینی خەڵاتی جەلالی سام ئاغا دەربڕی و بە پاڵپشتییەکی گەورەی مەعنەویان دایە قەڵەم، بۆ ئەنجامدانی کاری باشتر و خزمەتکردنی زیاتری دیوانی چاودێریی، هەروەک فەرمانبەران داواشیان کرد، ئەو مەراسیمی خەڵاتبەخشینە ببێتە دەرفەتێک بۆ بەخشینی خەڵات بەسەر فەرمانبەرە سەرکەوتووەکان لە تەواوی دەزگا و دامەزراوە حکومییەکاندا.

## پرۆسەی دابەشکردنی خەڵاتەکان

با کاک ئەحمەد بفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات بەسەر فەرمانبەرە نموونەییەکاندا... بەڕێز نەجم عەبدوڵڵا، خاتونی بەڕێز سەیران بابە ڕەسوڵ.. خاتون نوخشە عەبدوڵڵا.. خاتون نازەنین ئەحمەد ئیسماعیل.. خاتون شیرین عەزیز.. بەڕێز ئاراس ئیبراهیم.. بەڕێز عوسمان حەمە ساڵح.. خاتون حەلیمە عەبدوڵڵا.. خاتون سازان ئەحمەد.. خاتون عائیشە تۆفیق..

لە پەیامێکیشدا، کە بە بۆنەی دابەشکردنی خەڵاتی سێیەمین ساڵەوە ئاراستەی فەرمانبەرانی دیوانی کردبوو، جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی دەستخۆشی لە فەرمانبەرانی دەزگاکە کرد و دەشڵێت: «ڕۆژێک دێت ئەو گەندەڵکارانەی سەروەت و سامانی گشتیان بەتاڵان بردووە، بەر نەفرەتی خودا و میللەت و مێژوو دەکەون».

ئەحمەد ئەمین: «هەر بەم بۆنەیەوە، خاوەنی خەڵاتەکە... جەلالی عومەری سام ئاغا، نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کردووە، ئەمەش دەقی نامەکەیە...

(بەناوی خوای گەورە .. بۆ هەموو خانمە سەلارەکان و فەرمانبەرە نموونەییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی سڵاو، پاش دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هەوڵ و ماندبوونتان پیرۆزبایتان لێ دەکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنانی ساڵی سێیەم، ئێوە شایستەی ڕێزلێنان و شکۆدارین، شانازیتان پێوە دەکەم، هیوادارم هەمیشە بێلایەنی دیوانی چاودێریی دارایی بپارێزن و لە ڕەوتی پیشە گەری ڕەسمی و بێگەردی خۆتان لا نەدەن، بۆ ئەوەی پەیامی عەدالەتی دیوان بەردەوام بێت، ئەوەش بزانن شمشێری داد و دەستپاکی و چاونەترسی ئێوە، گەندەڵکارانی تۆقاندووە، بەرئەنجامیشی هەبووە زۆرتریش ماوە بیکەن، ئەو گەندەڵکارانەی کە ماون سامانی

گشتییان بەتاڵان بردووە دەبێت بزانن، کە بەپێی مەنتقی مێژوو لە ڕۆژی خۆیدا سەرەیان دێت و بەر لەعنەت و نەفرەتی خودا و میللەت و مێژوو دەکەون، خوا یار بێت هۆکارەکەشی بە پاکی و بێگەردی و چاونەترسی دیوانەکەتان دەبێت. دڵسۆزتان جەلالی عومەری سام ئاغا (٢٠١٣-٢٠١٤).»

لێپرسراوان و فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی نیگەرانن لەوەی، ماوەی حەوت مانگە کاری ناردنی دەستەکان بۆ فەرمانگەکان و تۆمارکردنی ڕاپۆرت لەسەر سەرپێچییەکان لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە بە هۆی خانەنشینبوونی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی پێشووەوە ڕاگیراوە و فەرمانبەران داواکارن بەزوترین کات دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

حەلیمە عەبدوڵلا - فەرمانبەر: «سوپاسی دیوانی چاودێریی داراییش دەکەم، کە هەستاون بەم ئەرکە دڵسۆزانە و ئەم ئەرکە پیرۆزە، خۆشم بە خۆشحاڵ دەزانم کە منیش هەڵبژێردراوم بۆ ئەم خەڵاتە، زۆر سوپاسی جەلالی سام ئاغا دەکەم هیوای تەمەن درێژی لەشساغی بۆ دەخوازم و پێم وایە دەورێکی کاریگەری دەبێت لەسەر فەرمانبەران و تا ڕادەیەکی زۆریش باشە، زیاتریش هەوڵدەدەین و تەشجیع دەبین، کە زیاتر بە دڵسۆزی کاربکەین لە ئیشوکار و ئەرکەکان ڕۆژانەماندا».

**پ/ پەیامنێر بۆ حەلیمە عەبدوڵلا: «ئەم ماوەیە، کە فەرمانگەکەتان بە هۆکارێکی ئاسایی کارەکانی وەستاوە، تا چەند نیگەرانن ؟**

و/ حەلیمە عەبدوڵلا - فەرمانبەر: «وەڵڵاهی تا ڕادەیەکی زۆریش نیگەرانین لەوەو زۆریش پێمان ناخۆشە، چونکە حەز دەکەین کە ئێمە کارەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، هیوادارم بە زووترین کات ئەم مانگرتن و ئەم هێنەشمان کۆتایی پێ بێت».

ئاراس ئیبراهیم- فەرمانبەر: «خەڵاتێکە ساڵانە دابەشدەکرێت بەسەر فەرمانبەران‌و خانمە سەلاری ناو دیوانی چاودێریی دارایی، ئەم خەڵاتە پاڵپشتێکی مەعنەوییە، نەک مادییە، تەنها مەعنەوییە بۆ هەموو فەرمانبەران، بۆ ئەوەی ببن بە هاندەرێک بۆ هەموو فەرمانبەرانی ناو دیوان و ببێتە نموونە بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە خەڵاتانە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەم جۆرە خەڵاتە پرۆژەیەکە لە داهێنانی بەڕێز کاک جەلالی عومەری سام ئاغایە، وابزانم لە هەرێمی کوردستاندا تەنها دائیرەیە کە ئەم جۆرە خەڵاتانە دابەشدەکرێت لە هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم و هیوادارم ئەم جۆرە پرۆژانە، پرۆژەی خەڵاتکردنی فەرمانبەرانی دیوان ببێتە نموونەیەک بۆ هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەڵڵاهی حەتمەن

ئێمە فێری ئەوە نەبووین دابنیشین، فێری ئەوەین دائیمەن ئیش و کارەکانمان بە ڕێکوپێکی بەرین، ئێمە دەستەکانمان لەگەڵ فەرمانبەرانی ناو دیوان بە ڕاستی بەوە بەناوبانگن، کە دڵسۆزن و بەوەفان لە ئیش وکارەکانی خۆیاندا لە ڕۆژی دروستبوونی ئەم دەزگایەوە، فەرمانبەرەکانی ناو دیوان لەگەڵ دەستەکاندا فێری ئەوە نەبووین دابنیشین بچین بگەڕێین بە ئیش و کارەکانی خۆماندا و بە وردبینیکردنی خەرجی یان جۆری خەرجی و داهاتی ئەم حکومەتە چۆن چۆنی سەرف دەکرێت، ئێمە ئەوەی ئەرکی سەرشانی هەموو فەرمانبەرانی ناو دیوانە بچن دوای ئەو ئیشانە بکەون کە لە جۆری سەرفکردنی ئەم پارانە، ئەوەی ڕاستی بێت فەرمانبەرانی ناو دیوان بەوە بەناوبانگن، کە دڵسۆز و بە ئەمەکن لە ئیشوکارەکانی خۆیان ئێستا بە ڕاستی زۆر دڵتەنگین ئەوە ماوەیەکە بێ ئیش و بێ کارین بە ڕاستی ئەوەشمان پێ خۆش نییە».

نوخشە عەبدوڵڵا- فەرمانبەر: «ئێمە وەکو فەرمانبەرانی چاودێریی دارایی، ئەو خەڵاتەی کەوا بۆمان دیاریکراوە و ناومان دیاریکراوە ئەمە یەعنی لایەنی مەعنەوی زۆر بەرزکردووینەتەوە، بۆ ئەوەی کە لە کاری وەزیفیماندا بە شێوەیەکی دڵسۆزانە بەردەوام لەسەر ئیشوکارەکانمان بەردەوام بین، بەو ڕێوڕەسمەی کەوا لە کاتی جەلالی سام ئاغاوە فێرکراوین و ئەو ڕێگەیەی بۆی داناوین بەردەوام بین، ئیشەکەی ئێمەش ئیشێکی زۆر زۆر پیرۆزە، کەوا ڕێ لە گەندەڵکاران دەگرێت، کەوا چەندەها پارە و پولی ئەم دەوڵەتە، کە بەهەدەر ڕۆشتووە، بتوانرێت کەوا لە قوڕگی شێر بهێنرێتە دەرەوە، هیواداریـن ئیشوکارەکانیشمان هەر بەردەوام بێت، ئامادەین هەرچی ئیشێکمان پێ بسپێرن لە چوارچێوەی ئیشوکاری دیوانی چاودێریی داراییدا جێبەجێی بکەین، بەبێ چاونەترسی، بەبێ ئەوەی کە هیچ شتێک کارمان تێ بکات، دڵسۆزی خۆمان هەر بەردەوام دەبێت، وەڵڵاهی ئێمە وەکو فەرمانبەرانی چاودێریی دارایی فێری ئەم دانیشتنە نین، ئێمەش بۆ ماوەیەکی کاتی بوو ئەوە کە ئیشەکانمان هەڵپەسێردرا، لەبەرچی، لەبەر ئەوەی قانونەکەمان تەتبیق بێت، بۆ ئەوەی کە زیاتر سیغەی ڕەسمی و بە قوەتی ئیشوکارەکانمان بکرێت و ئێستە زۆر نیگەرانین لەوەی هەتا ئێستا بە شێوەیەکی وەها نەهاتوون بەدەنگمانەوە، کەوا بکەوینەوە سەر ئیشوکارەکانمان بە دڵسۆزییەکەی خۆمانەوە، زۆر پێشی نیگەرانین تا ئێستا چەند ماوەیەکە کە بێ ئیشوکارین، ئەو موچەیەی وەریدەگرین زۆر بە شایستەی خۆمانی نازانین، لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە موقابیلی ئەو ئیشوکارەی ئەم دیوانی چاودێریی داراییە ئەو ئیمتیازات و معاش و شتانەمان وەردەگرین، لەبەر ئەوە هیواداریـن کەوا بەرپرسان و حکومەت هەڵسێت بە دانانی سەرۆکێکی دیوانی چاودێریی دارایی، هەتاوەکو قانونەکەشمان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێمەش وەکو جارانمان

بکەوینەوە بواری جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانمان و لەبەر ئەوەی مەجالێکی زۆر دروستبووە بۆ دەوائیرەکان، کەوا دورن لە چاوی ئیشوکاری دیوانی چاودێریی داراییەوە، کە لەوانەیە چەندەها سەرپێچی کرابێت مەجال دروستبوبێت و پارەی میللەت و دەوڵەت بەهەدەر درابێت».

عائیشە تۆفیق- کارگوزاری خەلاتکراو: «زۆر پێخۆشحاڵم کە خەڵاتم کراوە، حەز دەکەم هەموو کەسێک ئەو خەڵاتە بکرێت و پێخۆشحاڵم بۆ هەمووی، هەمووی وەربیگرێت ئین شەڵڵا، زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم، زۆر سوپاسی کاک جەلالیش دەکەم کە ئەم رێزەی لە ئێمەی ناوە، هەستم بەرامبەری کاک جەلال زۆر رێزم هەیە بۆ ئەویش، تا ئەو رۆژەی ئەمرم یان تەقاوت ئەبم من خۆشحاڵم بەم دائیرەیە، لەبەرئەوەی ئیشەکەم پێ خۆشە نانەکەم لەسەر ئێرە پەیدا دەبێت، ئەم دائیرەیە دائیرەیەکی ئەوەیە کە گەندەڵی خەڵک ئاشکرا دەکات، ئینجا رێزێکی هەیە، رێزێکی تایبەتی هەیە، ئەم دائیرەیە رێکوپێکە لە هەموو ناحیەیەکەوە».

بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بەوەکالەت ڕایگەیاند، ماوەی حەوت مانگە کاری ناردنی دەستەکان و تۆمارکردنی ڕاپۆرتەکانیان ڕاگرتووە، هەرچەندە بەپێی یاسا بودجەی ساڵی ٢٠١٢ پێویست بوو لە ماوەی سێ مانگدا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەستنیشان بکرایە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر ئەو وادەیەدا، تا ئێستا هیچ کەسێک بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دانەنراوە، لە ئێستاشدا دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر و سلێمانی چاوەڕێی دانانی کەسێک دەکەن بۆ ئەو پۆستە، تا دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

دالیا ئەسعەد – فەرمانبەر: «هەڵبەتە ئەم خەڵاتە زیاتر لایەنی مەعنەوییە، هەرچەندە برێک پارە وەرگیراوە، بەڵام بەڕاستی زیاتر لایەنە مەعنەوییەکەیە، کە لەناو ٢١٢ فەرمانبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیدا، کۆمەڵێک فەرمانبەری نموونەیی و سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی هەڵبژێردراوە و هەڵبەتە جێگەی ڕێزە کە لەناو ئەو فەرمانبەرانەدا، ئەو فەرمانبەرانە هەڵبژێردراون، هەموو فەرمانبەران پێیان خۆشە کە لەم خەڵاتەدا بەشدارن بن، هەڵبەتە ئەویش بەس بەپێی پێوەرێکی خۆی، کە ئەبێت فەرمانبەرەکە لە ڕوی وەکو خانم دەبێت خانمێکی سەلار بێت، سەنگین بێت لەناو ئەو هەموو فەرمانبەرانەدا، نموونەییەکەش دەبێت وەکو کاری خۆی کارێکی ڕێکوپێک بێت شەرت نییە یەعنی با بڵێن هەر ئەبێت پۆستێکی هەبێت، تیایەتی باخەوانە، تیایەتی شۆفێرە، تیایەتی کارگوزارە، بەڵام هەر کەسێک لە کارەکەی خۆیدا بە ڕێکوپێکی ئیشی خۆی کردووە؛ ماوەیەکی زۆرە لەبەرئەوەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی

دەستنیشان نەکراوە، هەتا ئەم دەقەیەش ئێمە، ماوەیەکی زۆر زۆرە بێکارین، هەڵبەتە ئەبێت پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدات سەرۆکێکی دیوانی چاودێریی لە هاوشێوەی کاک جەلالی سام ئاغا دابنێت بۆ دیوان، چونکە دەبێت کەسێکی بێلایەن بێت، دوور بێت لە هەموو زەخت و هێنێک کە دایبنێت بۆ دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی و بە ڕاستی ئەیڵێم ئەم کارەی کاک جەلالی سام ئاغاش بگرە نەک لە هەرێمی کوردستان، لە هەموو عێراقدا هاوشێوەی ئەم کارەی کاک جەلالی سام ئاغا، کە بەخشینی موڵکی تایبەتی خۆی بدرێت بە فەرمانبەرێکی حکومی نەکراوە و نەشبوە».

ئەحمەد ئەمین- بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بەوەکالەت: «ئەوەی کە وەستاوە تەنها دەرچوونی دەستەکانمانە بۆ وردبینیکردنی دامودەزگاکانی حکومەت وەستاوە ئەگینا ئیشوکارەکانی ناو دیوانمان لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکان، کارگێڕی و ژمێریاری و وردبینی و سەرپێچییە داراییەکان و پلان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، ئیشوکارەکانمان وەکو خۆی بەردەوامە، ئەوەی کە وەستابێت دەرچوونی دەستەکانە. دیارە ئەوەش پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەبووە، لەبەر خانەنشینبوونی بەڕێز سەرۆکی دیوان و جێبەجێکردنی یاسای دیوان بە شێوەیەکی تەواوەتی ئەوە هەبوو، دیارە ئەوەش هەڵپەساردن بوو نەوەک مانگرتن یاخود بڵێین وەستاندن، ئەویش تەنها ئەوە بوو کە دەرچوونەکانە، دیارە ئێمە ئێستا ئێمەش بەردەوامین ئەو ڕاپۆرتانەی پێشتر ڕۆشتوە ئاڕاستەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە، ئەوان بە بەردەوامی ئیش و کارەکانی خۆیانی تێدا دەکەن ئەو بڕگە و بابەتانەی کە داوایان لێ کراوە جێبەجێی دەکەن، ئەوەی لە دادگایە ئیشی تێدا دەکرێت، ئەوانەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەرە، لیژنە لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن، یەعنی ئیشوکارەکان بەردەوامە، تەنها بڵێین دەرچوونی نوێ و ڕاپۆرتی نوێمان نییە، ئێستاش چاوەڕوانین کەوا لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرۆکێک دابنرێت بەپێی یاساکەمان کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانە ئیشوکارەکان بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی و بەو ئومێدەین کەوا لە داهاتودا بتوانین لە گڕ و تینێکی جاران باشتر و بەهێزێکی باشترەوە ئیشوکارەکانمان جێبەجێ بکەین. ئەوەی بەپێی یاساو بەپێی ویژدان و بەپێی ئەرکی خۆمان کە لەسەرمانە جێبەجێی بکەین، دیارە میکانیزمەکەی دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوان و ئەوانە بەپێی یاساکە دیاریکراوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بەڕێزیشتان ئاگادارن پەرلەمان ئێستاکە گرنگترین شت ئەوەی کەوا بلێ بەپێی یاساش پەسەندکردنی یاسای بودجەیە و ئیشوکارەکانی خۆیەتی، دیارە کەی تەواو بێت و بگەنە ئەوەی کەوا دەستنیشان بکرێت پێویست بە دواخستن ناکات، بە بەردەوامیش ئێمە داوادەکەین کە سەرۆکی دیوانمان بۆ دابنرێت و ئیشوکارەکانمان

بۆ جێبەجێ بکرێت، چونکە ئێمەش پێمان خۆشە ئیشوکارەکانمان کە ئێستا نەیکەین سبەینێ زیاد دەبێت. بۆ نموونە، ئێمە ساڵی ۲۰۱۲ کە کاتێک نەمان کردووە، کە دێینە ساڵی ۲۰۱۳ ئەویشی دێتە سەر لەبەر ئەوە زیاد دەکات ئیشوکارەکانمان، ئێمە پێمان خۆشە بە زووترین کات بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانمان بکەین، بەڵام دیارە میکانیزم و دەستنیشانکردنەکەی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، ئێمە لە دیوانی چاودێریی دارایی وەکو کارمەندی وردبینی و چاودێریی فێری ئەوە نەبووین بە بۆچوون ئیش بکەین، بەڵگەمان لەبەردەستدا نییە ئێمە تاوەکو نەڕۆین و نەبینین ئیش و کارەکان چۆن جێبەجێکراوە ناتوانین لەلای خۆمانەوە حوکمێک بدەین بڵێین ئەمە ئەقۆزێتەوە یاخود بڵێین ئەمە خراپ بەکاردەهێنرێت. ئێمە هەموو ئیش و کارەکانمان ڕاپۆرتەکانمان بە بەڵگەوەیە کە ڕۆژگارێک دەرچووینەوە و هەستمان بەوە کرد قۆزتراوەتەوە ئەو کاتە بڕیاری لێ دەدەین ئێستا ناتوانین پێشتر حوکم بدەین پێش لەوەی بڕۆین». دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە دوای ساڵی ۲۰۰۰ دامەزراوە و لە ئێستادا خاوەنی (۲۱۵) فەرمانبەرە، لە ماوەی ڕابردوودا (۲۷۲۰) ڕاپۆرتی لەسەر سەرپێچی دارایی فەرمانگەکان تۆمارکردووە، ماوەی حەوت مانگیشە بە هۆی خانەنشینبوونی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمەوە کاری چاودێریی و وردبینی فەرمانگاکانیان ڕاگرتووە و تا ئێستاش پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەستنیشان نەکردووە.

# حەوت
# دابەشکردنی خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ ساڵی چوارەم
(**راپۆرتی کەناڵی** KNN)(١٠)

بیژەر/ چوارەمین خەڵاتی جەلالی سام ئاغا بەخشرایە شەش خانمی سەلارو حەوت فەرمانبەری نموونەیی لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، سەرۆکی دیوانەکەش دەڵێت گەندەڵی هیچی لە مەترسی تیرۆر کەمتر نییە، پێشنیاز دەکات هاوشێوەی تیرۆر مامەڵە لەگەڵ گەندەڵکاران بکرێت، بەشێک لە فەرمانبەرانیش دەڵێن ئەو خەڵاتە زیاتر هانمان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

لە مەراسیمێکدا چوارەمین خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا بەخشرایە شەش خانمە سەلاری ناو دیوانی چاودێریی دارایی و حەوت فەرمانبەری نموونەیی کە توانیویانە کارەکانی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن، سەرۆکی دیوانەکەش دەڵێت لە ئێستادا گەندەڵی هیچی لە مەترسی تیرۆر کەمتر نییە و پێشنیار دەکات هاوشێوەی دۆسییەکانی تیرۆر مامەڵە لەگەڵ گەندەڵکاران بکرێت و بە هیچ شێوەیەک لێبوردنی گشتی نەیان گرێتەوە.

ئەحمەد ئەمین- بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی: «پێشنیار دەکەین کەیسەکانی گەندەڵی هەروەکو کەیسەکانی تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بە هیچ جۆرێک ڕێگە نەدرێت کەسانێک دەست بۆ سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە درێژ بکەن و ببێتە هۆی ئەوەی کەوا بەفیرۆ بچێت، هەروەهاش مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەیسانە بە جۆرێک بێت لێبوردنی گشتیش هیچ جارێک یاخود لەژێر هیچ ناونیشانێک ئەوانە نەگرێتەوە کەوا بە گەندەڵی دەست بۆ سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەبەن».

دوای ئەوەی بە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی، کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١٢ەوە هەتا مانگی ئابی ٢٠١٤ وەستا، ئەوە بوو بە جێگەی نیگەرانی و ناڕەزایی بەرپرسان و

---

(١٠) ڕاپۆرتی پەیامنێر / هونەر جەمال کەناڵی - KNN

فەرمانبەرانی دیوان، زیاتر لەچوار مانگە کارەکانی دیوان دەستیپێکردۆتەوە، لەو کاتەوە زیاتر (١٠٠) راپۆرتیان لەسەر گەندەڵی ئامادەکردووە، فەرمانبەرانیش دەڵێن خەڵاتی جەلالی سام ئاغا زۆرتر هانیان دەدات بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی.

سەردار ئەحمەد- سەرۆک دەستە لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «خەڵاتێکی مەعنەوی خۆشە بەنیسبەت ئێمەوە، کە لە بوارەکەدا خۆماندا ئیشمان کردوووە، رێزو سوپاسمان بۆتان هەیە».

روبەخش مەحمود- سەرۆک دەستە لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «سوپاسی کاک جەلال دەکەین بۆ ئەم خەڵاتە کە ساڵانە بە مەجموعەیەک لە مونتەسیبەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی دەبەخشێت».

ئاسۆ عادل – فەرمانبەر: «زۆر سوپاسی کاک جەلالی عومەری سام ئاغا دەکەین بە بۆنەی ئەم دابەشکردنی خەڵاتەوە، ئێمە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین».

بەشێک لەوتەی ئەحمەد ئەمین- بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «زۆر بە تاوانی دەزانین لە کاتێکدا پێشمەرگە پارێزگاری لێ بکات، ئێمە خۆمان لەناو خۆماندا، لە وڵاتدا، لە هەرێمی کوردستاندا کەسێک هەبێت و زات بکات دەست ببات بۆ ئەوەی بە ناڕەوا ئەو سەروەت و سامانەی، کەوا پێشمەرگە بەگیانی خۆی دەیپارێزێت، ئەم دەستی بۆ ببات یان بەفیڕۆی بدات».

دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٧ەوە لەسەر دەستی جەلالی عومەری سام ئاغا، بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دامەزراوە، لەو کاتەوە تا ئێستا نزیک بە سێ هەزار راپۆرتی لەسەر گەندەڵی دامودەزگاکانی حکومەت ئامادەکردووەو دەیان بەرپرس و فەرمانبەریشیان داوەتە دادگا، لە ئێستادا دیوان خاوەنی (٢٦٠) فەرمانبەر و (٢٤) دەستەی هەمیشەییە.

حەڤدە ساڵ لەمەوبەر جەلالی سام ئاغا لە رێگەی دروستکردنی ئەم دەزگایەوە بەردی بناغەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دانا، لە ئێستاشدا دەیەوێت بە فەرمانبەران و بەرپرسانی دەزگاکەی بڵێت، کە من هەرچەندە لەناوتاندا نەماوم، بەڵام پشتیوانتانم بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

## بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین

ئەمرۆ خەڵاتی چوارەمی جەلالی عومەری سام ئاغا بەڕێوە دەبەین، فەرمون با کاک ئەحمەد ئەمین بفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵاتەکان.

ئەحمەد ئەمین بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «بەیانیتان باش و هەموو لایەکتان بەخێر بێن، بەتایبەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران، کە

ئەرکیان کێشاوە و هاتوون بۆ ڕووماڵکردنی ئەم بابەتە؛ سەرەتا باشترین شت کە دەست پێ بکەین کەمێک وەستانە بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، کەی و لە هەرشوێنێک بن، تکایە با کەمێک ڕابوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدان.... (ڕاوەستاون بۆ گیانی پاکی شەهیدان) سوپاس فەرمون دانیشن.

پاش ئەوەی کەوا بۆ گیانی پاکی شەهیدان وەستاین، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان نەوی دەکەین بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان، ئومێدی چاکبوونەوەو داوای چاکبوونەوەش بۆ هەموو بریندارران دەکەین، ئەوانەی کەوا لە بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەدا بریندارىوونە، هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەوانەی لە بەرەکاندا پارێزگاری لە خاک و شکۆ و خەڵکی کوردستان و سەروەت و سامانی دەکەن، کە دەڵێین پێشمەرگە مەبەستمان هەموو ئەوانەیە کە لە بەرکاندان، چونکە پێشمەرگە ئێستا بووەتە ناوێک بۆ هەموو ئەو هێزانەی لە بەرکاندان، جا ئیتر پۆلیسە، ئاسایشە، شەڕڤانە، یەپەگەیە، گەریلایە، ئێستا وشەی پێشمەرگە لە دەرەوەش لە ڕاگەیاندنەکانی بیانییەکانیش لەبری هەموو ئەوانە بەکاری دەهێنن کە لە بەرەکانی بەرگریدان و بەرگری لە کوردستان دەکەن. دیارە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان، یاخود ئەم بابەتەمان تایبەتە بە دابەشکردنی خەڵاتی ساڵی چوارەمی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا. دیارە سێ ساڵی پێشتر دابەشکراوە، ئەم خەڵاتەش تایبەتە بە ساڵی ٢٠١٣، واتا سودی ساڵی ٢٠١٣یە، دەبوایە لە سەرتای ئەمساڵدا ٢٠١٤ دابەشمان بکردایە، بەڵام بە هۆی ئەوەی وەکو ئاگادارن دەستەکانمان یاخود بڵێین ئیشوکارەکانمان هەڵپەسێردرابوو و وەستابوو، نەمان ویست لە کاتێکدا ئەو بەڕێزانە دەستنیشان بکەین بە کارمەندی نموونەیی و سەلار کە ئیش و کارەکانمان نەبێت، بۆیە دوامان خست بۆ کۆتایی ساڵ و ئێستە کەوا ماوەی چوار مانگێکە دەستەکانمان لە کاردان توانیمان ئەو بەڕێزانە دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوەی ساڵی یەکەمی نییە و زۆربەی ڕاگەیاندنکاران زانیاریان لەسەر بیرۆکە و چۆنییەتی ئەو خەڵاتە هەبێت کەوا ئەو بەڕێزە (جەلالی عومەری سام ئاغا) پارچە زەویەکی هەبوو، فرۆشتی و پارەکەی دانا لە بانکدا بۆ سودی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، ساڵانەی سودی ٩٠٪ ئەو برە پارەیە دابەش دەکرێت بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی کەوا بە نموونەیی و خانمی سەلار دەستنیشان دەکرێن، ڕەنگە لەوە زیاتر پێویست نەکات ئێمە باسی ئەو خەڵاتە بکەین، لەبەرئەوەی وتم لە ساڵانی ڕابردوودا باسمان کردووە، بەڵام ئەوەی کە پێمان خۆشە لەم بۆنەیەدا ئەم هەلە بقۆزینەوە و باسی بکەین، هەموو لایەک ئاگادارە کە بارودۆخی کوردستان لە ئەم ساڵدا بە بارودۆخێکی جیاوازدا دەڕوات، لەلایەکەوە شەڕی دژی هێرشی هەمە جیهانەی داعش و ئەوانەی

لەپشتیانەوەن، ئینجا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەلایەکی کەوە قەیرانێکی دارایی هەیە ڕووی کردۆتە کوردستان، بە داخەوە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی هەموو خەڵکی کوردستان هەبووە، ئێمە لێرەدا کاتێک باسی پێشمەرگە دەکەین، دیارە پێشمەرگە بە خوێنی پاکی خۆی، بە گیانی خۆی، پارێزگاری دەکات لە خاک و وڵاتو خەڵکی کوردستانو سەروەت و سامانەکەی. بە ڕاستی زۆر بە تاوانی دەزانین، لە کاتێکدا پێشمەرگە پارێزگاری لێبکات ئێمە خۆمان لەناو خۆمان لە وڵاتدا لە هەرێمی کوردستاندا کەسێک هەبێت و زاتبکات دەستببات بۆ ئەوەی بە ناڕەوا ئەو سەروەت و سامانەی کەوا پێشمەرگە بەگیانی خۆی ئەیپارێزێت ئەم دەستی بۆ ببات یان بە فیرۆی بدات ، بە ڕاستی بە خیانەتێکی دەزانین پێش هەموو شتێک لە خوێنی شەهیدان، چونکە ناکرێت پێشمەرگە یاخود خەڵکی کوردستان پارێزگاری بە خوێن بکات و لەملاوە کەسانێک ڕێگە بە خۆیان بدەن بە هەرجێگەیەک و لەژێر هەر ناوێکدا بێت دەستدرێژی بکەن، بۆیە قابیلی قبوڵکردن نییە لە کەس ئەوە بکات، پێش هەمووی هەقی پێشمەرگە خۆیەتی بڵێت کەوا من پارێزگاری لە سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەکەم، ڕێگە نادەم لە ناوەوە، دوای ئەوان کەسوکاری شەهیدەکانیش ئەو بابەتە لایان هین بێت کەوا قبوڵی نەکەن کەس ئەو هینە بکات، لە لایەکی کە بە ڕاستی گەندەڵی یاخود بڵێم بەفیڕۆدانی سامان هیچی کەمتر نییە لە تیرۆر، چونکە تیرۆرێکی بەردەوامی هەموو سەروەت و سامانە، لەبەر ئەوە ئێمە ئێمان باشە وە پێشنیار دەکەین کەیسەکانی گەندەڵی هەروەکو کەیسەکانی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە هیچ جۆرێک ڕێگە نەدرێت کەسانێک دەست بۆ سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە درێژبکەن و ببێتە هۆی ئەوەی بەفیرۆ بچێت، هەروەهاش مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەیسانە بەج ۆرێک بێت لێبوردنی گشتی هیچ جارێک یاخود لەژێر هیچ ناونیشانێکدا ئەوانە نەگرێتەوە کەوا بەگەندەڵی دەست بۆ سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەبەن، چونکە بە ڕاستی ناکرێت ئێمە گەندەڵی، یەعنی ئەوەی دەست دەبات بۆ سەروەتو سامانی، یەعنی ڕێزنەگرتنە لە خوێنی شەهیدان، ناشزانین یەعنی هەقە بشپرسین بڵێین کێ هەقی داوە بە هەرکەسێک لە هەر پلەیەکدا لە هەر ناونیشانێکدا لە هەرچ ئاستێکدا بێت بتوانێت یان ڕێ بەخۆی بدات لەخوێنی شەهیدان ببورێت لە ئازاری کەسوکارەکانیان ببورێت بۆیە لێرەدا دەڵێین، ڕاستە لێبوردەیی ڕاستە دادپەروەری لەجێگەی خۆیەتی، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی گەندەڵی یەعنی پێویستە وەک کەیسەکانی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ڕێگە بەهیچ کەس و لایەنێک نەدرێت ئەو کەیسە یاخود لەبەر هەر مەبەستێک بێت بەناوی لێبوردنی گشتییەوە یان بەناوی هەر شتێکەوە لێی ببورێت.

لەبەر ئەوەی وابزانم هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕەنگە پابەندیان هەبێت بەهێنێکی کەوە، من تەنها ئەوەندە ئەڵێم و بەخێرهاتنی هەموولایەک دەکەم و ئومێدەوارم سەرکەوتوو بن و ئەو بەڕێزانەش کەوا بە نموونەیی و خانمی سەلار دانراون دیارە ئێمە متمانەی تەواومان پێیان هەیە، هەروەاش بووەو هەر ئەو پێشمەرگانە ئەبن کەوا چۆن پێشمەرگەکان لە سنورەکان سەروەت و سامان و خەڵکی کوردستان دەپارێزن، ئەوانیش لەناو دامودەزگاکان و لە ئیش و کارەکانیاندا سەروەت و سامانی خەڵکو پاروی دەمی منداڵەکان دەپارێزن وە بڕیار دەدەین کەوا وەکو چۆن لەپێشەوە کە هەبووە دیوان چۆن ئیشی کردوە ئەو ئەرکەی خۆی جێبەجێدەکات و لە هیچ جۆرێکو لە هیچ کەس و هینێک قەبوڵ نەکات یاخود بڵێین چاو نەپۆشێت کەوا دەست بۆ ئەو سەروەت و سامان ببات چونکە ئەوە ئێمە ئەوە بەخوێنی شەهیدان دەزانین کە پاریزگاری لێدەکات، وە زۆر سوپاس».

**دابەشکردنی خەڵاتەکان ... لەلایەن (ئەحمەد ئەمین)ەوە**

شەمێران جەمال خەڵاتی فەرمانبەری نموونەیی... (ئاسۆ عادل، نموونەیی)... سەیران خان با بفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات.... (ڤینۆس تۆفیق)، ڕوبەخش مەحمود، زیلان فاتیح.....

ئەحمەد ئەمین بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی: «تەنها یەک ڕونکردنەوە دیارە ئەو خەڵاتە کە ئێمە دابەشمان کردوە، خەڵاتێکە وەکو بڕوانامەیەک، کەوا ئەوە شتێکی مەعنەوییە بۆ ئەو بەڕێزانە لەگەڵیشیدا خەڵاتێکی دیکە کە لایەنە مادییەکەیە، تەبعەن پێش دابەشکردنی خەڵاتەکە و ئێستاش وەکو بینیتان کۆمەڵێک لەو بەڕێزانە وتیان ئێمە وەکو خۆمان ڕاستە خەڵاتەکە دراوە پێمان مەعنەوییە وەکو بڕوانامەکە، بەڵام بەشە مادییەکەی پێشکەش دەکەین بە ئاوارەکان، ئێمەش دەڵێین ئەوە خەڵاتێکە دراوە پێتان ئێمە لە ڕێگەی فەرمانگەوە داومانە پێتان، ئێوە خۆتان ئەو ڕێگەیەی لە هەر شوێنێکەوە ئەیدەنە ئاوارە ئەیدەنە هەرچ شوێنێکو کەسێک خۆتان تەسەروفی پێ بکەن لەبەر ئەوەی دراوە بە خۆتان، ئیتر مافی خۆتانە ئەیدەنە ئاوارەکان ئەوە بەرز دەینرخێنین، هەرچی خۆتان بە شایستەی دەزانن و بەپێویستی دەزانن ئەوەش خۆتان سەربەستن و گەلێک سوپاس».

بەڕێزان نوێنەری کەناڵی ڕاگەیاندنەکان، بەڕێزان کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی، بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیمان بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ ئەم گردبوونەوەیەی ئەمرۆ، کە تایبەتە بە دابەشکردنی جەلالی عومەری سام

ئاغا بۆ چەند کارمەندێکی لێهاتوو لەگەڵ سێ خانمی سەلاردا، ئێستاش سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتەکان بەڕێز کاک (تاج الدین صاحب محمد) وتەیەکی هەیە با بفەرموێت پێشکەشی بکات.

**دەقی وتەی تاجەدین ساحێب:**

«پێشەکی بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم بەتایبەتی نوێنەرانی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن. بەڕێزان ئەمە دووەم ساڵە لیژنەکەمان، لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا، هەڵدەستێت بە دابەشکردنی ئەو خەڵاتە بەسەر کارمەندانی لێهاتوو لەگەڵ خانمانی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی. خوشک و برایانی بەڕێز، ساڵی پار ئەم خەڵاتە درا بە تەنها سێ کارمەندی لێهاتوو لەگەڵ خانمی سەلار، بەڵام لەدەقی ئەو عەقدەی لەلایەن بەخشەرەوە دارێژراوەو ڕێگەی داوە بەلیژنەکە بۆ زیادکردنی ژمارەی خەڵاتکراوەکان لە فەرمانبەرانی نموونەیی لە کاتی زیادبوونی پارەی خەڵاتەکە، لیژنەکەمان ئەمساڵ لەبەر زیادبوونی پارەی خەڵاتەکە ژمارەی کارمەندانی لێهاتووی زیادکرد لە سێ کارمەندەوە بۆ هەشت کارمەند، بەڕێزان دیارە لە ماوەی ساڵی ٢٠١١ کارمەندانی دیوان وەک نەریتێکی پیشەیی و ماندو نەناسانەو بێلایەنانە و نەترسانە و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕاندوە، بۆیە لیژنەکەمان هەڵسا بەدەستنیشانکردنی هەشت کارمەندی لێهاتوو لەگەڵ سێ خانمی سەلار، هیواداریین لە ساڵانی داهاتووشدا لەسەر هەمان نەریت و بگرە بە نەفەسێکی درێژتر ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەین، کە ئەرکێکی پیرۆزەو بریتییە لە چاودێریی لەسەر مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم بە سەروەت و سامانی گشتی بە مەبەستی پاراستنی ئەو سامانە گشتییە لە هەموو جۆرە خراپ بەکارهێنانێک و دەستنیشانکردنی هەموو جۆرە گەندەڵییەک لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، هەر بەم بۆنەیەوە داوا لەسەرجەم کارمەندانی دیوان دەکەین، چ ئەوانەی لەناو دەستەکانی چاودێریی دارایی کاردەکەن، یان ئەوانەی لەناو دیوان ئەرکی بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوان ئەکەن، یان ئەوانەی هەڵدەستن بە کارە کارگێڕ و ژمێریاری و یاساییەکان لەناو دیوان بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەو متمانەیە بپارێزین کە پێشتر تا ڕادەیەکی باش لەناو ڕای گشتی لە سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بەدەستیان هێناوە.

بەڕێزان هەر لەم بۆنەیەدا بەپێویستی دەزانین زۆر سوپاسی بەخشەری ئەم خەڵاتە، بەرێز جەلالی عومەری سام ئاغا، بکەین و داوای لەشساغی و تەمەن درێژی بۆ ئەکەین و هیواداریین نموونەیان لەناو ڕیزی نەتەوەکەمان زۆر

ببێت لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێرهاتنتان دەکەم؛ حەزیش دەکەم وەک ڕونکردنەوەیەک بە تایبەت بۆ بەڕێزان نوێنەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەر بەڕێزێکیان هەر کەناڵێکیان دەیەوێت ڕیپۆرتاژی تایبەت بەم خەڵاتە بکات دوای ئەم مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتانە خۆی سەرپشکە ئەچێت ڕیپۆرتاژی خۆی دەکات، ئەو بەڕێزانەش لەناو دیوان لە کارمەندەکانی دیوان ئەوانەی کە خەڵاتکراون چ ئەوانەی لە دەرەوەی خەڵاتکردنن یان ئەوانەی لەناو لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتەکان، ئەوانیش سەرپشکن لە دەربڕینی ڕەئی خۆیان، بەڵام یەک شت ئەوەی کە من ئەمەوێت بیڵێم، ئەو کەسەی کە قسە دەکات، بەس تەعبیر لە ڕەئی شەخسی خۆی دەکات، لەبەر ئەوە دیوان هیچ ڕێگرییەکی نییە لەوەی قسە دەکەن، یان بەقسەنەکردن ئەوە خۆی سەرپشکە لەوە، بەڵام وەکو وتم ئەو قسەیەی کە دەیکات و ئەو وتانەی کە دەیڵێت تەعبیر لە ڕای شەخسی خۆی دەکات، چونکە خۆتان دەزانن دیوان ئێستا لە دوای یەکگرتنەوە، سەرۆکی دیوان هەیە لە هەولێر و ئەو کەسانەی ڕێگەپێدراون بە ناوی دیوانەوە قسە بکەن لە وردەکاری ئیشەکانی دیوان ئەوە دەبێت ڕێگەپێدراو لە سەرۆکایەتی دیوانەوە، بەڵام لێرە ئەوەی قسە دەکات لە کارمەندەکەی ئیستعلاماتەوە هەتاوەکو دەگاتەوە خۆم تەعبیر لە ڕەئی خۆی دەکات، ڕەئیی شەخسی خۆیەتی دیوان بەرپرس نییە لەو قسەیەی کە دەیکات و کەسیش ڕێگری ناکات سوپاستان».

هەرکەسێکیشتان ئەم دەقەی دەوێت ئەتوانێت لە ئیعلامی داوا بکات و یەکی نوسخەیەکتان دەدرێتێ.

سوپاسی کاک تاج دەکەین بۆ وتەکەی ... ئێستا ناوی کارمەندانی لێهاتوو دەخەینە ڕوو (یەکەم،ئەندازیار/ فەرەیدون عەبدوڵڵا... دووەم، سەرۆک دەستە/ کوێستان عەزیز ... سێهەم، سەرۆک دەستە/ نازەنین ئەحمەد ... بەڕێوەبەری ژمێریاری/ نزار ئەحمەد ... کارگوزار لەدیوانی چاودێریی دارایی، کاک بەهادین عەبدوڵڵا ... شۆفێری لێهاتوو کاک عوسمان جەبار ... سەرۆک دەستە/ کاک سەردار سەعید ... سەرۆک دەستە/ بەهرە محەمەد ئەمین ... ئێستاش ناوی سێ خانمی سەلار لە دیوانی چاودێریی دارایی دەخەینە ڕوو ... یەکەم / فەوزیە خان .. دووەم / ڕازاو خان .. سێیەم / شاریا خان).

زۆر زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان.

ئەحمەد ئەمین سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «میدیاکارانی ئازیز و

خۆشەویست بەخێربێن سەرچاومان هاتن، باشترین شت کە دەستی پێ بکەین چەند خولەکێک وەستان بۆ گیانی شەهیدان تکایە بفەرمون..... زۆر سوپاس فەرمون دانیشن ...

بەخێربێن و سەرچاومان هاتن بەناوی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی بەرێز جەلالی عومەری سام ئاغا وە بەخێرهاتنی هەموولایەکتان دەکەین خۆشحاڵین بەئامادەبونتان لە مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتی بەرێز جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ فەرمانبەری نمونەیی و خانمە سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠١٠، بەرێزان لەسەرەتاوە داوای لێبوردنتان لێدەکەین، رەنگە شوێنەکەمان بەهۆی بچووکی و شتەکەیەوە تەنها ئەوەندە گونجا نەمان توانی جێگاکە جێگەیەکی باش و شیاو.... بۆ ئەوەی زانیاری زیاترتان لەسەر ئەم خەڵاتە هەبێت و شێوازی دابەشکردنەکەی ئێستاش بەرێز تاجەدین ساحێب سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتەکە وتەیەک یاخود رونکردنەوەیەکتان لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات ،،، کاک تاج بفەرمووو».

تاجەدین ساحێب، سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا: «پێشەکی بەخێرهاتنی نوێنەرانی رۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەکەم زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئامادەبوونیان و بۆ بەدەنگەوە هاتنیان بۆ ئەو داواکارییەمان بۆ بەشداریکردنیان لەگەڵماندا لە دابەشکردنی خەڵاتی بەرێز جەلالی عومەری سام ئاغا. ئامادەبوانی بەرێز ئەو بۆنەیەی ئێمەی ئەمرۆ لێرەدا کۆکردوەتەوە بریتییە لە رێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتی بەرێز جەلالی عومەری سام ئاغا بەسەر کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، پێشەکی حەزدەکەم بە چەند وشەیەک باس لە سەرتای دروستبوونی دیوانی چاودێریی دارایی بکەم کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧ بە مەبەستی چاودێریی ئەدای وەزراەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی لە هەموو دەست درێژی و خراپ بەکارهێنانێک بۆیە لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئەمرۆ کارمەندانی ئەم دیوانە لەسەر بنەمای بێلایەنی و سەربەخۆیی و نەترسی و دادپەروەری و پیشەیی ئەرکەکانیان خۆیان بەئەنجام گەیاندووە و لە رێگەی راپۆرتەکانیانەوە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لێ ئاگادارکروەتەوە و هیچ کات لەو بنەمایانە لایان نەداوە، هەر ئەمەش بووە وای لەب ەرێز سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی پێشوو کاک جەلالی عومەری سام ئاغا کرد بیرۆکەی دانانی خەڵاتێکی لا گەڵاڵە بوو بۆ کارمەندانی کارامە و خانمی سەلاری ئەم دیوانە، ئەویش بە فرۆشتنی ئەو پارچە زەویەی کە هەیبوو و دانانی بەهای زەوییەکە لە حسابێکی تایبەتدا لە بانکی سەلام لە سلێمانی بۆ ئەوەی ساڵانە رێژەی ٩٠٪ ی قازانجی ئەو پارەیە لەلایەن

لیژنەیەکی تایبەتەوە لە بانک ڕابکێشرێت و لە ڕێگەی لیژنەیەکی ترەوە بەپێی چەند بنەمایەک وەک خەڵات دابەشبکرێت بەسەر سێ کارمەندی لێهاتوو واتا (متمیز) لەگەڵ سێ خانمی سەلار، بۆیە لێرەوە بەناوی هەموو کارمەندانی دیوانەوە سوپاسی خاوەنی ئەم پرۆژەیە، بەڕێز کاک جەلالی عومەری سام ئاغا، ئەکەم و هیوادارین نموونەیان زۆربێت، چونکە بە ڕاستی ئەو هەڵوێستە نیشانەی دڵسۆزی ئەو بەڕێزەیە بۆ ئەم دەزگایە، کە بە شێوەیەک بە تایبەتی لە تەمەنی وەزیفیدا بۆ سەرکەوتنی ئەم دەزگایە بەسەر بردووە. بەڕێزان ئەم خەڵاتە بە هەڵسەنگاندنی ئێمە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی مەعنەوی کە زۆر گرنگە، ئەویش ڕێزلێنانە لەو کارمەندانەی بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە و لەسەر بنەمای سەربەخۆی و بێلایەنی و نەترسانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕاندووە و داهێنانیان هەبووە لە بواری کارەکانیاندا لەگەڵ ڕێزلێنان لەو خانمە سەلارانەی وەک کارمەندێکی ژن هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام لایەنی دووەمی کە لایەنە مادییەکەیەتی بریتییە لە پاداشتکردنی ئەو کارمەندانەی لەلایەن لیژنەکەوە دەستنیشاندەکرێن بە بڕێک پارە، بەڕێزان ئێمە دڵنیاین کە بەشی هەرە زۆری کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی لەو کارمەندانەن کە بنەماکانی ئەم خەڵاتە دەیان گرێتەوە، بەڵام خۆتان دەزانن بەپێی ئەو عەقدەی کە لەلایەن بەخشەرەوە، واتا بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغاوە داڕێژاوە، ساڵانە لیژنەکەمان تەنها ئەتوانێت سێ کارمەندی موتەمەیز و سێ خانمی سەلار دەستنیشان بکات، هەرچەندە لە عەقدەکەدا ئەوە جێگیر کراوە ئەگەر لەکاتی زیادبوونی بڕە قازانجی ساڵانەی پارەی تەرخانکراو دەکرێت ژمارەی ئەو کامەندانە زیاد بکرێت هەروەها هیوادارین کە ئەم خەڵاتە ببێتە هاندەرێک بۆ سەرجەم کارمەندانی دیوانمان لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا بە باشترین شێوە لەداهاتوودا ... لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم و هیوادارم سەرکەوتوبن، وەجارێکی تریش بەخێرهاتنی نوێنەری ڕۆژنامەو کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان دەکەم هیوام سەرکەوتنە بۆیان لە ئەرکەکانیان و جارێکی تریش بەخێربێن و زۆر زۆر سوپاس».

ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی... ئێستا با فەرمانبەری نموونەیی کاک نەبەز حەمە ڕەشید با بفەرموێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی... زۆر سوپاس بۆ کاک تاج.. کاک جەلالی شوان ئاغا بەڕێوەبەری گشتی با بفەرموێت بۆ پێشکەشکردنی خەڵات بە فەرمانبەری نموونەیی کاک سامان جەمال فەقێ .. خاتوو چیا بابفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات.. با فەرمانبەری نموونەیی دالیا ئەسعەد محەمەد عابد بفەرموێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی... خاتوو پەیمان خان با بفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات ، خانمی سەلار نیاز عیسا یوسف با بفەرموێت بۆ وەرگرتنی

خەڵاتەکەی... بەڕێز کاک نەبیل شەمعون بابفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات .. خانمی سەلار ڕاز خەسرەو جەلال بابفەرموێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی ... کاک بەڕێز شێخ ئیبراهیم با بفەرموێت بۆ دابەشکردنی خەڵات .. خانمی سەلار نەسرین مەحمود با بفەرموێت .

بە ناوی لیژنەکەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کەوا خەڵاتیان وەرگرتووە، ئومێدەوارین ئەمەش ببێت بە هاندەرێک بۆ جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان و فەرمانبەرانی دیکەش لە ساڵانی داهاتوودا ئەو خەڵاتە وەربگرن و زۆر زۆر سوپاستان دەکەین مەمنونین بۆ ئامادەبونتان بۆ ئەم مەراسیمە

**ڕاپۆرتی رووداو – شادی ڕەسوڵ**

ساڵی ٢٠١١ دالیا یەکێک بوو لەوانەی هەڵیان بژارد تاوەکو کارمەندە دڵسۆزو سەلار و دەستپاکەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی خەڵات بکەن ئەو بووە یەکەمین فەرمانبەری خەڵاتکراوی دیوانەکە، هەر ئەوەش وایکرد زۆرتر پەیوەست بێت بە کارەکەیەوە.

دالیا ئەسعەد- بەرپرسی نوسینگەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «لەپای کارەکانم لەلایەن لیژنەکەوە، کارەکانیان بەدڵ بووە و وەکو موەزەفێکی دیوان لە ساڵی ١٩٩٩ کاردەکەم منیان هەڵبژاردوە، تەبعەن تەئسیرێکی زۆریشی هەبووە لەسەر من وەک فەرمانبەرێک یەعنی زیاتر ئیش بکەم زیاتر دڵسۆز بم بۆ کارەکانم وە چاوەڕێی شتی باشتریش بکەم کە بیکەم».

خەڵاتی جەلالی سام ئاغا ساڵانە دەبەخشرێتە بیست فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، ئەمساڵ بەپێچەوانەوە بە هۆی کارنەکردنی فەرمانگەکان لە ساڵی ٢٠١٥ خەڵاتەکە بۆ ئەو فەرمانبەرانە بوو، کە لە ساڵی ٢٠١٥دا هەڵبژێردرابوون، ئەگەرچی ئەم فەرمانگەیە لەدەست بەکاربوونییەوە سێ هەزار ڕاپۆرتی ئامادە کردووە، بەڵام بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠١٥ کارو چاودێریی ئەم دەزگایەش کەمترین چالاکییان هەبووە.

ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «فەرمانبەرانی خۆمان بڵێین وەکو فەرمانبەرانی دیکە کە بایکۆتیان کردوهوە، یاخود نەهاتوون ئەوە ئیش و کارەکانمان کاریگەریان لەسەر هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانمان کە لەو دامودەزگایانە هەبووە و فەرمانبەرانیان دەوامیان تەواو نەکردووە، یاخود هین بووە، وەڵامدانەوە و بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانمانیش دواکەوتووە لەگەڵ ئەوەشدا دەرچونی فەرمانگەکانمان یەعنی دەستەکانمان

کاتێک دەردەچن بۆ دامودەزگاکان ئەمیش کاریگەری لەسەر ئەبێت».

بیرۆکەی ئەم خەڵاتە لەلایەن جەلالی عومەری سام ئاغا بەرپرسی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانییەوە دانراوە لەدوای نۆ ساڵ لەکارکردن دەستبەرداری کارەکەی بوو ئەو پارچە زەوییەکی هەبوو فرۆشتی (٧٠,٠٥٦٠٠٠) حەفتا ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار، پارەکەی خستە بانکەوە و ساڵانە ٩٠٪ سوودەکەی دەکرێتە خەڵات و دەدرێتە کارمەندانی دەستپاک و دڵسۆزی دیوانی چاودێریی دارایی لەسلێمانی ئەوە جگە لەوەی خانوەکەشی بەخشیوەتە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەوانەیە لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە تێبگات، کە پەیڕەونەکردنی پاداشت و سزا لەنێو فەرمانگەکانیدا چەندە کاریگەری هەیە، چونکە ئەو کارمەندانەی کە لەنێو چاودێریی داراییدا خەڵاتیان وەرگرت و دڵخۆش بوون بەوە کەسانێک هەیە کار و ماندووبونی ئەوان لە کارەکانیاندا دەبینێت.

بەیانیت باش، ڕۆژان ئەمرۆ خەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا دابەشدەکرێت، کە لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکە بەڕێوە دەچێت وە ئەمرۆ بیست کەس لە کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە ئەوانیش دابەشکراون بۆ دوو بەش، بەشێکیان خەڵاتی دەستپاکیی کارمەندانی دەستپاکیان پێ دەدرێت و بەشێکیشیان ئەو کارمەندانەن کە تەنیا خانمن و ئەوانیش خەڵاتی خانمی سەلاریان پێ دەدرێت لەسەر بنەمای ڕەوشت هەڵیان بژاردوون، کە باشترین کارمەندەکانی دیوان لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ن لە بواری سەلاریو ڕەوشتدا، بۆیە زیاتر لە بیست کەس وەک سەرپەرشتیارانی مەراسیمەکە باسی دەکەن خەڵاتدەکرێن و دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم کە خەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١١، کاتێک کە جەلالی سام ئاغا(جەلال عومەر سام ئاغا) دەستبەرداری پۆستەکەی بوو، واتا ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە یان وازی لە پۆستەکەی هێنا، بیری لەوە کردەوە کە ئەو کارمەندانەی دیوانی چاودێریی دارایی، کە بە درێژایی ساڵانێک لەگەڵ خۆیدا بوونو لە شۆڕشێکی با بڵێین گەورەی ڕووبەڕبوونەوەی گەندەڵیدا بەشداریان کردبوو، کە جەلالی سام ئاغا ئێستا لە باشوری کوردستان بەگشتی و لە سلێمانی بەتایبەتی بە پیاوە سپییەکە ناودەبرێت بەو پێیەی کە بەر لەوەی ئۆپۆزسیۆن لەباشوری کوردستان دروستببێت ئەم پیاوە بۆ خۆی لەدیوانی چاودێریی داراییەوە هەڵمەتی دەستپێکردنی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و بەهەدەر دانی پارەی لە سلێمانی دەستپێکرد و ژمارەیەکی زۆر فایلو بەڵگەنامەی لەسەر بەهەدەردانی پارە و گەندەڵی کۆکردەوە و دواتر دایە

پەرلەمانی کوردستان کە ئەو کات عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو، هەروەها داوایکرد فایلەکانی چاودێریی دارایی لە ڕێگەی دادگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کاریان لەسەر بکرێت، دەمەوێت بچمەوە سەر خودی بابەتەکە، کە ئەم پارەیە جەلالی سام ئاغا ساڵی ٢٠١٠ پارچەیەک زەوی گرانبەهای هەبووە، کە فرۆشتی بە ((٧٠,٠٥٦٠٠٠) حەفتا ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار، پارەکەی خراوەتە بانکەوە قازانجی ئەم پارەیە ساڵانە ٩٠٪ ی قازانجەکەی دەکرێتە پارەی ئەم خەڵاتە واتا ئەم خەڵاتانەی پێ دابین دەکرێت، خەڵاتەکەی ئەمساڵ خەڵاتی ئەوەی کە ئەمرۆ کاتژمێر ١٠ی بەیانی لەدیوانی چاودێریی دارایی دابەشدەکرێت خەڵاتی ٢٠١٥ و ٢٠١٤ یە کە ساڵی ڕابردوو بەهۆی هەندێک کێشەوە ئەم خەڵاتە هەندێک کێشەی تەکنیکی نەتوانرا ئامادەبکرێت، بەڵام ٢٠١٧ ش خەڵاتی ساڵی ٢٠١٦ دابەشدەکرێت، بۆیە ئەمرۆ کاتژمێر ١٠ لەدیوانی چاودێریی دارایی هاوکارانم دواتر ڕوماڵی دابەشکردنی خەڵاتەکە دەکەن و بەڕێوە دەچێت.

## ڕاپۆرتی کەناڵی KNN

وەک نەریتێکی ساڵانە خەڵاتی جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بەخشرایی بیست فەرمانبەری نموونەیی و خانمی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی، کە بیرۆکەی خەڵاتەکە بۆ هاندان و بەردەوامیی کارمەندانە لە کارەکانیان بە دڵسۆزی، بەڕێوەبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی ڕایگەیاند، خەڵاتی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ یان بە یەکەوە دابەشکردووەو کەسەکانیش لەلایەن بەشەکانیانەوە پاڵێوراون بۆ خەڵاتەکە، بەبڕوای ڕۆژنامەنووسێکیش بوونی ئەو خەڵاتە لەم دۆخە قەیراناوییەدا هەنگاوێکی گرنگە و دەبێتە هاندانی زیاتری دیوان بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی.

ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «ساڵانە کاتێک کە ئێمە دەست بەدابەشکردنی خەڵاتەکە دەکەین سەرۆکی لیژنە ئەوەی کە کەسی یەکەمی ئەم فەرمانگەیەیە یاخود دیوانە، بە یاداشت داوا لە هەموو بەڕێوبەرایەتی و بەشەکان دەکات کەوا پاڵێوراویان بۆ ئەو خەڵاتە دیاریبکەن چ فەرمانبەری نموونەیی بێت چ خانمی سەلار بێت، گرنگیەکەی ئەوەیە کەوا تۆ دێیت لەناو کۆمەڵێک فەرمانبەردا ساڵانە چەند فەرمانبەرێک دیاریدەکەیت ئەیدەیتێ لەلایەکەوە کێبرکێ و بڵێین ئیشەکان زیاتر وا لێ دەکات کەوا فەرمانبەران هێن بکەن، لەلایەکی کەشەوە خۆی لەخۆیدا بوونی خەڵاتێک یان بڵێن بڕوانامەیەک کەوا لەلای دائیرەکەوە یان فەرمانگەکەوە پێشکەشی ئەو بەڕێزانە ئەکرێت، ئەوەش خۆی پاڵنەرێکە کەوا بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانیان بکەن.

شوان محەمەد- ڕۆژنامەنووس: «جگە لەوەی ڕێزلێنانێکە بۆ کاک جەلال هاندانی دیوانی چاودێریی داراییە بەتایبەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە بە درێژایی تەمەنی دیوانێکی چالاک بووە و بە ملیۆنەها دۆلاری گەڕاندوەتەوە بۆ سەر خەزێنەی دەوڵەت و موڵک و ماڵە گەڕاندوەتەوە، من پێم وابێت یادکردنەوەیی و لەم ڕۆژەداو لەم بارودۆخە سەختەدا بۆ خۆی شتێکی باشە و هاندەرێکە بۆ فەرمانبەرانی ئێرە هاوکات هەم ڕێز لێنانێکە لە کاک جەلال من پێم وابێت ئێمە دەبێت نموونەمان زۆربێت وەکو جەلالمان زۆربێت لەم وڵاتە کە هەم بەڕوویاکیدا دژایەتییەکی زۆر گەورەی گەندەڵی کردووە، هەم بە ڕوویەکی تریشیا موڵک و ماڵی خۆی پێشکەشی بواری گشتی و خەڵکی شارەکە و فەرمانبەرانی دائیرەکەی کردووە».

ماوەی شەش ساڵە بە بەردەوامی خەڵاتی جەلالی سام ئاغا دەدرێتە کارمەندانی نموونەیی و خانمی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی بەشێک لە فەرمانبەران دەڵێن وەرگرتنی ئەو خەڵاتە هانیان دەدات لە جاران زیاتر ئازایانەتر و دڵسۆزانەتر ڕووبەڕووی گەندەڵی و گەندەڵکاران ببنەوە.

بەهزاد حسێن- فەرمانبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «وا لە ئێمە دەکات زیاتر کاربکەین بۆ نەمانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، بەلام بە داخەوە کارێکی وەها نەکراوە کە ئەو گەندەڵیە هەر بەردەوامە».

وەزیرە عومەر- فەرمانبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «ئەم ڕێزلێنانە زیاتر هاندەرە بۆ ئەوەی کە بەردەوامبم زیاتر لە کارەکانما و دڵسۆزتربم بۆ کارەکەم و بۆ نیشتمانەکەشم، ئەوەش جێگەی خۆشحاڵییە بۆ من ئەم ڕێزلێنانە».

ڕزگار محەمەد- فەرمانبەری دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی: «هیوادارم کە ئەم خەڵاتە ببێتە هۆی ئەوەی بتوانین زیاتر ئیش و کارەکانمان بە جوانتر بەڕێوەبەرین لە دیواندا، هەروەها داهاتوی دیوان بەرەو باشتر ببەین».

جەلالی عومەری سام ئاغا ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووە، لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی ئیداری و مالی سەرپێچییەکان ئامادەکردووە و (٨٦) بەرپرسی بالاشی لەسەر گەندەڵی ڕووبەرووی دادگا کردووەتەوە، ئەو خاوەنی خانویەکە کە دوای خۆی پێشکەشی کەرتی تەندروستی کردووە و زەوییەکیشی هەبووە فرۆشتویەتی و پارەکەی لە بانکدایەو ساڵانە قازانجەکەی دەداتە کارمەندانی نموونەیی و خانمی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی، لەگەڵ ئەوەی بە پلەی وەزیر خانەنشینکراوە، بەلام سەرجەم ئیمتیازەکانی وەک پاسەوان و ئۆتۆمبێل و شۆفێری ڕەتکردوەتەوە.

جەلالی سام ئاغا ناوێکی دیاری ناو دنیای دەستپاکی و دژە گەندەڵی لە

کوردستان ئەو لەڕێگەی خەڵاتی ساڵانەوە دەیەوێت ئەو ئازایەتی و دڵسۆزییە بۆ فەرمانبەرانی دیوان دووپات بکاتەوە، کە لەسەردەمی کارەکەیدا بەرانبەر گەندەڵکاران نواندویەتی، ئەو لەڕێگەی بەخشینی خانو و زەوییەکەی بەشارەکەی ئەو پەیامەی دا بەگوێی بەرپرسان کە وەزیفە خزمەت و مێژووە نەک وەرگرتنی پلەی بەرز و ناونیشان و ئیمتیازات، بەپێچەوانەی سەردەمی ئێستا کە زۆربەی بەرپرسان سەرقاڵی خزمەتی خۆیانن لەڕێگەی پۆستەکانیانەوە.

ئەحمەد ئەمین-سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی... ئەم کاتەتان باش و بەخێرهاتنی هەموو لایەک دەکەین میوانە بەڕێزەکان بەتایبەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەڕێزان پێشتر با ساتێک بوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و پارێزەرانی سەرو ماڵی خەڵکی کوردستان.... فەرمون دەستتان خۆش بێت.

بەڕێزان دیارە ئەم مەراسیمەمان بۆ دابەشکردنی خەڵاتی فەرمانبەری نموونەیی و خانمی سەلارە بەسەر فەرمانبەرانی چاودێریی دارایی سلێمانیدا وە بەڕێزتان ئاگادارن کەوا ئەمە ساڵی پێنجەم و شەشەمە یەعنی ئێستاکە هی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دابەشدەکەین ، وە ئەو بابەتە ڕەنگە زۆربەی ڕاگەیاندنەکان زانیاری تەواویان لەسەری هەبێت کە ئەم خەڵاتە بیرۆکەکەی لە چییەوە هاتوە و چۆن و هاتوە، ڕەنگە بەپێویستی نازانین جارێکی کە هەمان بابەت باسبکەین تەنها ئەوەندە دەڵێین کەوا ئەم خەڵاتە لەلایەن بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغاوە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی پێشووی سلێمانی بریتییە لەپارچە زەوییەکی خۆی کە ماڵی خۆی بووە فرۆشتویەتی و پارەکەی لەبانک داناوە بۆ سودی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی سلێمانی دیارە لەپەیوەست نامەکەشیدا تایبەتی کردوە بەفەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، ساڵانە ٩٠٪ سودەکەی دابەشدەکرێت بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی کەوا لەلایەن لیژنەکان و لێپرسراوی ڕاستەوخۆیانەوە دەستنیشان دەکرێن پاشان دەڕواتە لیژنەکە و پاشان بەدەنگدانی نهێنی ئەو فەرمانبەرانەی ئەگەر زیاد بێت لەو ژمارەیە دیاریدەکرێت پاڵێوراوەکە، ئەم پارەیە دیارە ساڵانە زیادیش دەکات چونکە جگەلەوەی سەرمایەکە دەستکاری ناکرێت ساڵانە ١٠٪ ئەو سودەش هەر دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەکە و زیاد دەکات وە ئەم یەکلاکراوەتەوە پێش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پێشوی دیوان دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت ئەم بابەتەی وەک خەڵاتێک دیاریکردوە بۆ فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بەپێی ئەوە نزیکەی هەشت ساڵ سەرۆکی دیوان بووە و واتا ئەم دیوان و ئیشو کارەکانی خۆی لەم دیوانە کۆتایی پێهێناوە ئەو ئیش و کارو ئەرکانەی ئەکەوێتە ئەستۆی دیوانی چاودێریی دارایی، کە بریتییە لەپارێزگاری کاڵ و سامانی گشتی بەچاکی

زانیوە کەوا ئەو خەڵاتە پێشکەش بکات بە ئەو فەرمانبەرانە دیارە خەڵاتەکە دوو بڕگەیە، بڕگەیەکیان بڕوانامەیەکە کە شتێکی مەعنەوییە ئەو کەسە پێی دەدرێت لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی پارەیە دیارە بەپێی سوودی ساڵانەکەی زیاد دەکات و ئێستاش بە داخەوە دەبوایە هینی ٢٠١٤ مان لە ٢٠١٥ دا دابەشکردایە، بەڵام لەبەر هەندێک ئیشوکار کە پەیوەندی بە دیوانەیەوە یاخود... دواکەوتووە لەم مەراسیمەدا هیی ساڵی ٢٠١٤و ٢٠١٥ دابەشدەکەین، دیارە کەدەڵێن ٢٠١٤ چونکە سودی ٢٠١٤ لەکۆتایی ٢٠١٤ دا دەردەکەوێت و لە ساڵی ٢٠١٥ دا دابەشدەکرێت وە سودی ٢٠١٥ ش لە کۆتایی ٢٠١٥ دەردەکەوێت و لە ٢٠١٦ دا دابەشدەکرێت بۆیە کە دەڵێن هی ئەو ساڵە پەیوەندی بەساڵی پێشووەوە هەیە، دوبارە بەخێرهاتنتان دەکەین و سەرچاوان ... ئێستاش دەست بەدابەشکردنی خەڵاتەکان دەکەین ..

داليا ئەسعەد- بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (خەڵاتکراوەکان دەخوێنێتەوە- کارمەندانی نموونەیی) ... بۆ ساڵی ٢٠١٤ ڕێباز عەزیز ... کاروان جەمال ... بەرزان حسێن ... سەردار عەلی... ئاوات محەمەد... ڕێبوار جەلال... خالید ڕەسوڵ... محەمەد کەمال... ڕزگار محەمەد ... سروە کەریم ... شیرین عومەر... ڕۆژان عەزیز ... کوێستان حسێن ... پەیمان زاهیر ...

ئەحمەد ئەمین-سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «بەڕێزینە وەکو ڕونکردنەوەیەک مەراسیمەکە بۆ دوو ساڵ بوو هەر ساڵەی ١٠ فەرمانبەر دەستنیشانکراوە ئەوەی پێشتر خەڵاتکردنی ساڵی ٢٠١٤ بوو هەر ساڵەی دەفەرمانبەرمان دیاریکردوە، ئێستاش بۆ ٢٠١٥ دەستپێدەکەین».

وەزیرە عومەر... ئەوین یاسین ... زریان ئیبراهیم ... کوێستان حەسەن ... شیلان حەسەن ... پەروانە عەلی ...

ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «دوبارە دەستخۆشیتان لێدەکەم و بەخێرهاتنتان دەکەم ئەزێتان بینی بەئامادەبونتان لەمەراسیمی دابەشکردنی ئەم خەڵاتە زۆر سوپاس».

**ڕوماڵێکی دیکەی ڕووداو سەبارەت بەخەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا بۆ فەرمانبەرانی نمونەیی و خانمە سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی...**

**پ/ پەیامنێر: ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو هەر ٢٠ کەس وەریدەگرن و خەڵاتەکەش کێ و کێ یە؟**

و/ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی: بەڵی سوپاس وەکاتێکی خۆشتر بۆ ئێوەش دابەشکردنی خەڵاتی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا، بەسەر فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی دا بۆ ساڵی ٢٠١٦ لە (١١ی ٧ی ٢٠١٧) کە ڕێکەوتی ئەمرۆ دەکات دووبارە وەکو ساڵانی پێشوو هەڵدەستین بەدابەشکردنی ئەو خەڵاتە بەسەر دوو جۆر لەفەرمانبەراندا کە دیاریمان کردوە، فەرمانبەرانی نمونەیی و خانمە سەلاردا، ئەمساڵ لیژنەکە دە کەسی هەڵبژاردوە، هەموو ساڵێک ئەو لیژنەیە کە لەچەند کەسێک پێکدێت چەند فەرمانبەرێک دەستنیشان دەکات و بەکۆی دەنگ ئەو فەرمانبەرە هەڵدەبژێردرێت، بۆیە ئەو لیژنەیەش داندراوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەموو فەرمانبەرەکان شایەنی ئەم خەڵاتەن، هەموویان دڵسۆزن دەستپاکن ئیشکەرن، بەڵام وا ئەخوازێت کە ئێمە ساڵانە دابەشی ئەکەین هەرجارەی مەجموعەیەک بێت، ئەم خەڵاتەش بریتییە لە بڕێک پارە لەگەڵ شەهادەیەکی ڕێزلێنان بۆ ئەو فەرمانبەرە ئەمسال ساڵی حەوتەمە کە لەساڵی ٢٠١٠ ەوە هەتا ساڵی ٢٠١٦ دابەشمان کردووە، کە بریتی بووە ٧١ فەرمانبەر خەڵاتکراوە ٤٦ فەرمانبەری نمونەیی لەگەڵ ٢٥ خانمی سەلاردا خەڵاتکراون.

**پ/ پەیامنێر: هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، ئەم ساڵیش هی ساڵی ٢٠١٦ خەڵاتەکان دابەشدەکرێت، هۆکارەکەی چییە ؟؟**

و/ کارمەندەکەی پێشوو: وەڵاهی بەهۆی زروفی هەرێمی کوردستانەوە کە ماوەیەک دەوام نەبوو دواخرا، ئێمەش کارەکانمان بەڕاستی دواکەوت چونکە لەو ماوەیەدا کارکردن نەبوو ئێمەش خەڵاتەکە لەسەر ئەساسی کەفائەتی ئەو فەرمانبەرە دەستنیشان دەکەین، بۆیە ئاوا چەند ساڵێک دواکەوت.

بەڵی محەمەد تاوەکو ئێستا ئەو فەرمانگەیە زیاتر لە سێ هەزار ڕاپۆرتی ئامادە کردوە لەسەر ئەو فەرمانگانەی کە چاودێریی کردوە لەسەریان وەهەروەها توانیویەتی ئەو ڕاپۆرتانە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکات، کە هەروەک خۆیان دەڵێن لەساڵی ٢٠١٥ دا بەهۆی ئەو بایکۆت و قەیرانی داراییەوە کەمتر توانیان چاودێریی بکەن.

ئەحمەد ئەمین- سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی: لەگەڵ شەهادەیەکی ڕێز لێناندا کە بەناوی خەڵاتەکەوە دەدرێتە ئەو بەڕێزانە، وەساڵانە ئەو فەرمانبەرانەی وەریدەگرن دووبارە نابنەوە، واتا ئەوەنییە بڵێیت هەموو ساڵێک دوبارە دەبێتەوە

ئاوێنە: ئەمڕۆ (چوارشەممە) لە هۆڵی بینای بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی‌و وردبینی فەرمانگەکانی سلێمانی سەر بەدیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، خەڵاتی (جەلال عومەر سام ئاغا) بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٤و٢٠١٥ بەخشرایە ٢٠ فەرمانبەری ئافرەتی سەلار و فەرمانبەری نمونەیی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو.

جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانییە و ئێستا خانەنشینە، هەموو ساڵێک لەفائیدەی ئەو پارچە زەوییەی کە موڵکی شەخسی خۆی بووە.. بەمەبەستی پێدانی ئەم خەڵاتە بەخشیویەتی و ساڵانە فائیدەکەی لەبانک بۆ ئەم خەڵاتە دادەنرێت و دەبەخشرێت بە ژمارەیەک فەرمانبەری دڵسۆزی چاودێریی دارایی.

جەلالی سام ئاغا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠١١ وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکانی حکومەت، لەبواری دارایی و ڕێگەگرتن لەبەهەدەردانی سامانی گشتی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا کاری گرنگی ئەنجامداوە.

**ناوی ئەو فەرمانبەرانەی کە خەڵاتی ساڵی ٢٠١٤-یان پێبەخشرا:**

خەڵاتی نموونەیی: (ئاوات محەمەد محەمەد کەریم، سروە کەریم محەمەد، ڕێبوار جەلال مەجید، خالد ڕەسوڵ ڕەشید، شیرین عومەر سەعید، محەمەد کەمال عەلی، رزگار محەمەد تۆفیق).

خەڵاتی سەلار: (ڕۆژان عەزیز عەبدوڵڵا، کوێستان حسێن فەتاح، پەیمان تاهیر شاکر).

**ناوی ئەو فەرمانبەرانەی کە خەڵاتی ساڵی ٢٠١٥-یان پێ بەخشرا:**

خەڵاتی نموونەیی :

(پەروانە عەلی سلێمان، سەردار عەلی محەمەد، شیلان حەسەن فەرەج، بارزان حسێن ئەحمەد، کاروان جەمال ئەحمەد، ڕێباز عەزیز قادر، کوێستان حەسەن فەرەج، زریان ئیبراهیم موحسن).

خەڵاتی سەلار: (وەزیرە عومەر عەبدوڵڵا، ئەوین یاسین ئەحمەد).

# هەشت

## وەزیرێك سامانەكەی بە خەڵات دەبەخشێتە فەرمانگەكەی(١١)

بۆ یەكەمجار لە هەرێمی كوردستاندا، سەرۆكی فەرمانگەیەكی حكومیی (بەپلەی وەزیر)، دوای دەستهەڵگرتن لە پۆستەكەی، (زەوییە تایبەتەكەی) دەكاتە خەڵاتی فەرمانگەكەی.

خەڵاتەكە، خەڵاتێكی داراییە و ساڵانە بۆ شەش كارمەندی فەرمانگەكە، سیانیان بە ناونیشانی (كارمەندی لێهاتوو) و ئەوانیتر بەناونیشانی (خانمی سەلار) پێیان دەدرێت.

سەرۆكەكە (جەلالی عومەر سام ئاغا)یە و فەرمانگەكەش (چاودێریی دارایی سلێمانی)یە.. خەڵاتەكانیش بە ناوی (خەڵاتی جەلالی عومەر سام ئاغا)ەوە دەدرێن.

بەپێی ناوەرۆكی پرۆژەی خەڵاتەكە، لە ٢٠١٠/٨/٢ دا، نووسراوەتەوە و چووەتە بواری جێبەجێكردنەوە، (جەلال عومەر سام ئاغا)، كە بە پلەی وەزیر، سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووە، زەوییەكەی خۆی (كە تاكە زەوی تایبەتی بووە) و نرخەكەی (٧٠،٠٥٦،٠٠٠) دینارە، بەخشیوە بە دیوانەكە و بڕیاری داوە بكرێتە خەڵاتی ساڵانە.

ڕاز خەسرەو جەمال، فەرمانبەری یاسا لە بەشی سەرپێچییە داراییەكان، وەك یەكێك لەو سێ (خانمی سەلار)ە، خەڵاتی ساڵی ٢٠١٠ی پێ بەخشراوە، بە (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاند: ئەم جۆرە خەڵاتانە بەپرسیارێتییەكی گەورەتر دەخاتە سەر شانمان‌و وامان لێ دەكەن لە مەودوا، لە كارەكانماندا، باشتر ئەركەكانمان ڕاپەڕێنین.

خەڵاتەكە، ڕۆژی ٢٠١١/٤/١١ لە دیوانی چاودێریی بەخشرایە سێ كارمەندی پیاو بەناوی (كارمەندی لێهاتوو) و سێ كارمەندی ژن، بەناوی (خانمی سەلار)ەوە.

چاودێریی دارایی سلێمانی، لە ساڵی (١٩٩٧) دامەزراوە، بە مەبەستی (چاودێریی ئەدای وەزارەت و دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و پاراستنی موڵك‌و ماڵی گشتیی لە هەموو دەستدرێژیی و خراپەیەك).

بە پێی دەقی پرۆژەكە، ئەو بڕە پارەیە كە لە پای فرۆشتنی زەوییەكە وەرگیراوە،

---

(١١) ڕۆژنامە (٦٣٠) - لاقە بەشارەت.

دەخرێتە بانکێکەوە و (٩٠٪)ی قازانجە ساڵانەکەی لە لایەن لیژنەیەکەوە دەکرێت بە خەڵات.

نزار ئەحمەد فەقێ رەشید، بەڕێوەبەری ژمێریاریی بەوەکالەت و ئەندامی لیژنەی خەڵاتەکە، بە (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاند: بڕواناکەم لە هیچ شوێنێکی تردا لە هەرێم، ئەو کارە کرابێت، ئەمە یەکەم جارە لە دیوان ئەو خەڵاتە دەدرێت، ساڵانە بەردەوام دەبێت، ئەمە بەو مانایە دێت، ئەو بەرپرسە نەک چاوی لە سەروەت و سامانی گشتی نییە و بۆ سامان بەرپرسیارێتی وەرنەگرتووە، بەڵکو سامانی خۆشی دەکاتە خەڵات.

لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتەکە، لە ڕۆژی دابەشکردنەکەیدا، رایگەیاند: بە هەڵسەنگاندنی ئێمە، ئەم خەڵاتە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیان مەعنەوییە کە زۆر گرنگە، ئەویش ڕێزلێنانە لەو کارمەندانەی بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە و لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و بێلایەنیی و نەترسان ئەرکەکانیان راپەڕاندووە و داهێنانیان هەبووە لە کارەکانیاندا، لەگەڵ ڕێزلێنانی ئەو خانمە سەلارانەی وەک کارمەندی ژن هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام لایەنی دووەم کە لایەنە مادییەکەیە، بریتییە لە پاداشتکردنی ئەو کارمەندانەی لەلایەن لیژنەکەوە دەستنیشان دەکرێن بە بڕێک پارە.

سامان جەمال، فەرمانبەر لە بەشی یاسایی دیوان و وەرگری خەڵاتی ٢٠١٠، دەڵێت: ئەو خەڵاتەم پێبەخشرا، لە رووی مەعنەوییەوە هانی فەرمانبەران دەدات زیاتر پەرە بەئیشەکانیان بدەن، هەروەها دەڵێت: پێویستە حکومەتیش بیر لەوە بکاتەوە، خەڵاتی وا دابنێت، بۆ ئەوەی هانی فەرمانبەران بدات دڵسۆزتر بن لە کارەکانیاندا.

## نۆ
## دائرة تدقيق السليمانية تكرم عدد من موظفها(١٢)

أقامت دائرة تدقيق محافظة السليمانية التابعة لديوان الرقابة المالية في إقليم كردستان احتفالية امس لتكريم (١١) موظفة من منتسبيها المتميزين بضمنهم (٣) من الموظفات النموذجيات بشهادات تقديرية وجوائز نقدية بلغت (٤٠٠) ألف دينار لكل منهم، وقام بتوزيع الهدايا والشهادات السيد تاج الدين صاحب محمد مدير دائرة تدقيق السليمانية بحضور عدد من موظفي ومنتسبي الدائرة وألقى مدير الدائرة كلمة جاء فيها « هذه هي السنة الثانية التي تقوم فيها بتوزيع جوائز السيد «جلال عمر سام اغا» على الموظفين الأكفاء في ديوان الرقابة المالية، وكما تعلمون إن دائرتنا قامت في العام الماضي بتكريم ثلاثة موظفين أكفاء وثلاث موظفات نموذجيات، لكن و كما ورد في فقرات العقد الذي نظمه المانح فإن اللجنة تستطيع زيادة عدد الموظفين المشمولين بالتكريم من الاكفاء المتميزين عند زيادة المبلغ المخصص للجوائز، وقمنا في هذا العام بزيادة عدد الجوائز التي تمنح للموظفين وفقا لزيادة المبالغ المخصصة وقمنا باختيار (٨) موظفين و (٣) موظفات» يذكر أن هذا التكريم أصبح تقليدا سنويا يتم بموجبه تكريم عدد من الموظفين المتميزين والموظفات النموذجيات بمبالغ نقدية مقدمة من السيد «جلال عمر سام اغا» الرئيس السابق لديوان الرقابة المالية في السليمانية، بعد أن قرر بيع قطع الارض العائدة له وايداع مبلغها في أحد المصارف مخولا لجنة من دائرة تدقيق السليمانية للاشراف على المبلغ وتوزيع (٩٠٪) من أرباح الى المتميزين من الموظفين والموظفات في دائرة تدقيق السليمانية تشجيعا لجهودهم في أداء عملهم الوظيفي على أكمل وجه.

---

(١٢) (الاتحاد: ٢٩٢٢ الخميس ٢٠١٢/٢/٨)- السليمانية/ رياض ال شريف.

# خەڵاتی ژنانی سەلار

خەڵاتەکەی بۆ ژنان، بە ناوی خەڵاتی «ژنانی سەلار»ەوە.. ناونانی ژنان بە سەلار و لێهاتوو، یەکێکە لە بەها گرنگەکانی ڕێزدانان و بایەخدان بە ژن، کە لە مانگی ئابی ساڵی٢٠١٠وە سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، پارچە زەوییەکی فرۆشت و پارەکەی خستە بانکەوە.. لە (٩٠٪)ی قازانجی یاسایی ساڵانەکەی، ساڵانە وەک خەڵات بەسەر کارمەندانی دیوانی چاودێریی سلێمانیدا دابەش دەکات، بە ناوی خەڵاتی سام ئاغاوە بۆ کارمەندانی لێهاتوو و خانمانی سەلار. ئەو بەم خەڵاتە ڕێز و حورمەت بۆ کارکردنی ژنان دەگەڕێنێتەوە و کار و کەسێتیان بەرز دەنرخێنێت، جگە لەوەی هاندانی ژن و تاک بۆ کارکردنی پاک و ڕاست و خزمەتی نەتەوەیی و دڵێری، لە کاتێکدا دەستەڵاتی هەردوو حزب لە ماوەی حوکمڕانیاندا ژنیان کردووە بە کاڵایەکی هەرزان، کە دەبوایە حکومەتی هەرێم لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی وەبەرهێن و دڵسۆز و نیشتمانپەروەردا ئەم هاندانەی بۆ گەنجان و ژنانی ئەم وڵاتە دابین بکردایە، تا ئێستا ژنان نەیانتوانیوە ئەو نرخە بۆ کەسێتی و کار و خەباتی خۆیان دابنێن و ناوەڕۆکی بەنرخی خۆیان بەو جۆرە بدۆزنەوە، گرنگیدانی ئەم مرۆڤە مەزنە بە ژنان، لە ڕۆحی خۆشەویستیی نیشتمانەوە دێت، کە بە تەرخانکردنی ئەم خەڵاتە دەریخستووە، ژن واتە نیشتمان، هەتا ڕێز لە کەسێتی و کاری ژن نەگیرێت.. بۆ کوڕی خەباتی هەمەجۆر هان نەدرێن و نەکرێنە پێشەنگ، نیشتمان هیچ مانایەکی نییە، بەم کارە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ژنی ئاشکرا کردووە، کە کاری سپی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری و قۆرخکاری بە هاوشانی ژنە سەلارەکان پێشدەکەوێت، کەچی ڕێکخراوەکانی ژنان تا ئەم ساتەش درکیان بەم گرنگییە نەکردووە و باسی ئەو هەڵوێستە بەنرخەی سام ئاغایان نەکردووە، بەپێچەوانەوە هێشتا لە بازنەی داخراودا دەخولێنەوە و دروشمی سواو دەڵێنەوە، ناونانی شوێنی گشتی و کاری بەخشندەیی بە ناوی خوشکەکانیشیەوە، بەشێکی سەرەکییە لە ڕێزگرتن لە ژن، هەرچەندە ئەم ڕۆحی بەخشندەیی و نیشتمانییە تایبەتمەندی خێزانەکەیانە، کە خێزانێکی دڵسۆزی ئەم شارەن.. ئەم شارەش چەندین مرۆڤی ئاوا

مەزنی بەرهەمهێناوە. سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە نائومێدیدا بەهۆی تالآنی تاقمێک بە ناو بەرپرسەوە نقوم بووە، بەلآم هێشتا کەسانی بەخشندە و پڕ مۆڕاڵ لەم کۆمەڵگەیەدا هەن و ڕۆژانە پێمان دەڵێن، هێشتا تیرێژی خۆر لە کەلدایە و نابێت نقوم و ڕەشبین بین و ڕۆژی تاوانباران نزیکە، لە کۆتاییدا هیوا دەخوازم نمونەی دەستپاکی و نیشتمانپەروەری و بەخشندەیی کاک جەلالی سام ئاغا و خێزانەکەیان زۆر بێت، ئەم شەوقە لەناو دنیایەکی تاریکدا هاندەر و ورەیە بۆ خەباتکردن بەرەو دنیایەکی ڕووناک.

## برای گەورە و خۆشەویستم کاک جەلال(١٣)

### برای بچووکت - هەڵکەوت حەکیم

لە ژیاندا هەندێ چاوپێکەوتن هەیە، کە نەک تەنیا لەبیر ناچێ، بەڵکو کاری وامان تێئەکا.. کە چەند بۆچوونێکمان ئەگۆڕێ، دڵنیام کە کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی وەک من، یان من وەک ئەوان، بە ناسینی جەنابت هەستمان بەو جۆرە چاوپێکەوتنە کردووە.

ئەو کارەی تۆ کردت ئەمێنێتەوە و خەڵکانێکی زۆر لە میللەتەکەمان شانازی پێوە ئەکەن و ورەیان پێ بەرزئەبێتەوە، لەم وەختە تایبەتییەی گەلەکەمان بە سەربەرزیەوە بیرت لێ ئەکەنەوە، بەچاوی پڕ لە ڕێز و هەستی جوان تەماشات ئەکەن، ئەزانن چیت کردووە.. چیت لەدەست هاتووە، ئەشزانن.. (کەمن) ئەوانەی ئەوێرن ئەوە بکەن کە تۆ کردت.

---

(١٣) پاریس ١٠/١٠/٢٠١٠.

# بەشی چوارەم
# وتاری هەمەڕەنگ لەسەر جەلالی سام ئاغا

# یەك
# پاڵەوانێك بۆ مێژوو

## فەیسەڵ محەمەد – نووسەر و ڕۆژنامەنووس

مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەدەبیاتی حیزبەکان، پڕە لە پاڵەوانی موزەیەفو فوتێکراو! لەبەرامبەریشدا زۆر لە کەسایەتیو قارەمانە راستەقینەو حەقیقییەکان، ونو پەردەپۆشکراون.

ئەگەر لە رابردوودا ئەمە ئەرکی مێژووی ناسیۆنالیزمو ئەدەبیاتی حیزب بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ ئەرکی میدیاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەزگا تایبەتمەندەکانە کە رۆڵو ماندوبوونی ئەم مرۆڤە باڵا و بێلایەنانە.. وەک خۆی بنرخێنیو بخاتەڕوو. چونکە لەمڕۆدا- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی، هیچی کەمتر نییە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر- بۆیە ئەگەر ئێمە تائێستا قودرەتی دادگاییکردنی بەرپرسە گەندەڵو بێباکەکانمان نەبووبێت، هیچ نەبێ با جورئەتی نرخاندنو خەڵاتکردنو بەرز ڕاگرتنی مرۆڤە چاکەکار و باڵاکانمان هەبێت.

# دوو
# جەلالی عومەری ساماغا و گەندەڵکاران

د. ئەحمەد میراودەلی

فەیلەسووفی مەزنی کورد «زەردەشت»ی نەمر، گومانی نەهێشتۆتەوە! کە شەڕی نێوان دێوەکانی ئەهریمەن و هاوەڵەکانی ئاهورامەزدا، بە بەزاندنی ئەهریمەن و دێوەکانی.. کۆتایی دێ. بەواتای ئەوەی، شەڕی نێوان «چاک بیر- چاک گفتار- چاک کردار» لەگەڵ گەندەڵکاراندا.. لەکۆتاییدا.. بەلای پیاوچاکان و مرۆڤی سەرڕاست و بێ گەرد-دا دەشکێتەوە. جا کاتێک گەندەڵکار بۆ خۆی ناپووت دەبێ، هەروەک چۆن ئەهریمەن پەنا دەباتە بەر دروستکراوەکانی خۆی، ئاوەهاش ئەمڕۆ گەندەڵکارانی کوردستان.. ئەوانەی ڕۆژانە.. کاک جەلال داوا دەکات، لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت، کە ناتوانن لەبەردەم یاسادا.. بەرگری لەخۆیان بکەن، پەنایان بردۆتە بەر کلکەکانیان و ڕایان دەوەشێنن. ئەو کلکانەش جگەلە مەرحەمەتی وەلی نیعمەتەکانیان.. هیچی دیکەیان نییە، لەدەستی بدەن. بۆیە بنێشتی دەمی وەلی ئەمرەکانیان دەجوونەوە، ئەوانە دەیانەوێ کاک جەلال بخەنە ئاستی وەلی نیعمەتەکانیان. لەبیرمە لەسەرەتای سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو کاتەی ئەندامی ناوچەی بەغدای «پ.د.ک» بووم، دەستنوسی پلاڤۆکێکی بەعسیانم وەبەر دەست کەوت، پلاڤۆکەکە .. دەڵێت: (درۆ بکە درۆ بکە، هەتا خۆشت بڕوا بە درۆکانی خۆت دەهێنی). گەندەڵکارانی سلێمانیش.. هەر بەو شێوەیەن. وەلێ.. ئەوانە هێندە گێلن.. نازانن کە کاک جەلال، کەسێکە لەگەورەترین خانەوادە ڕەسەنەکانی شاری سلێمانی، ئەو کەسە بەختەوەرە تێکەڵاویان ببێت. کاک جەلال ئەگەر پاشکۆیەکی کوردپەروەریو نەتەوەیی و دەستپاکی و خەباتی کوردایەتی نەبوایە، هیچ لایەنێکی سیاسی ئەو پۆستەی پێنەدەسپارد! چەندجارێکیش کاک جەلال پۆستەکەی ڕەتکردۆتەوە، ئێستاش ئەو هەموو ماڵ وسامانەی کە لەخودی خۆی زیاتر مافی کەسی دیکەی پێوە نییە، بەرهەمی کار و ڕەنجی چەند ساڵەی خۆیەتی، خۆنەویستانە.. بەدیاری داوێتی بە نەتەوە خێر نەدیوەکەی، جا کەسێک هێندە بەخشندە و نەتەوەپارێز بێت،

هێندە ڕەواخواز بێت.. مافی خۆی بەمافی فەرمانبەرەکانی خوار خۆیەوە بەستبێتەوە، تاوانبارکردنی بەگەندەڵکار و دزی و فزی هاڵشاخان بەباڵا بەرزێکی وەهادا، سەری خۆ لەبەرد دانە و کاڵایەکە مێشک پووت نەبێ، بەقرۆشێکی قەڵبیش نایکڕێ.

با ئەو گەندەڵکارەی کە هیچی بەئاوی نێوچەوانی پەیدا نەکردووە، لەسەدا یەکی «١٪» لەوەی دزیویەتی.. بیگەڕێنێتەوە بۆ نەتەوەکەی، ئەوجا بێت و بوێرێت، درۆو بوختان بۆ کاک جەلال هەڵبەستێت. ئەو یەک دوو نوسەرەی ویژدانی خۆیان لەتاریکیدا سەربڕیوە و بەخوێنەکەی دژی کاک جەلالیان نوسی، ئەوانە تاوانباری دادگا پیرۆزەکەی کاک جەلال و دادگای ئەم نەتەوەی کوردە خێر نەدیوەن، خۆ ئەگەر کاک جەلال بەگەورەیی خۆی بیانبورێت، ئەی لەدەست سزای نەتەوەکەیان ڕوو لەکوێ دەکەن؟ بۆچی.. ئەمە هەوانتەیە، هەرکەسێک دەستی.. قەڵەمی گرت، بێت و سەروەرییەکانمان نوکە قەڵەم ئاژنکات؟ ئەو نوسەرانە.. وەک ئەو منداڵە چەتوونانە وان.. هەر کە قەڵەم کەوتە بەردەستیان، دارو دیوار ڕەش دەکەنەوە.. بەلایانەوە گرنگ نییە.. چی دەنوسن، گرنگ ئەوەیە بیسەلمێنن، قەڵەمیان بەدەستەوە گرتووە. من کە ئەم نوسینە دەنوسم.. دەزانم تا چ بارستاییەک ویژدانم ئاسودە کردووە، کاتێک کاک جەلال هیچی بۆ خۆی نەبێت، دیارە چاوەڕوانی ئەوەشی لێناکەم پاداشتێکم بداتەوە، بەڵام پادشاتم لەنەتەوەکەم دەوێت، ئەویش تەنها ئافەرینێکە، کە ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی بەسەر دەکەمەوە و ناهێڵم کورتە باڵایەک خۆی بە کێوی سەروەری نەتەوەکەمدا هەڵگژێنێ.کاک جەلال وەک ئەرکی سەرشانی.. لەگەندەڵکاران دەپرسێ: «ئەمەتان لەکوێ هێنا»؟ بۆیە بەرەیەکیان لەدژی کردۆتەوە و ڕۆژانە پێیدا هەڵدەشاخێن. جەلالی عومەری ساماغا؛ هەموو ڕەوشتەکانی یەزدا مەسنای لەخۆ گرتووە، هەر لە بیری باشەوە هەتا وتە و کرداری باش. کاک جەلال ڕۆشنبیرێکی نەتەوەیی لەخۆبوردەیە و سەنگەری لە گەندەڵکاران گرتووە. ئێمەش ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی.. هاوسەنگەری کاک جەلالین. بەپێداگرتنەوە.. ڕوو لەکاربەدەستان دەکەین و دەڵێین : ئەگەر ڕاست دەکەن و گەشەکردنی کوردستانتان مەبەستە.. ئەوە خۆتان لادەن تا کاک جەلالەکان کارە پیرۆزەکانیان بەڕەهایی ئەنجام بدەن.. ئەم خار و خاشاکە لە کۆڵ باخی کورد بکەنەوە، کاک جەلالیش یەکێکە لە بەرهەمە بەکەڵکەکانی ئەو باخەی بەدەگمەن بەرهەم دێت.

**کەنەدا - ٢٠٠٨/٨/٢٠**

## سێ

## جەلالی سام ئاغا و داواکەی سەرۆکایەتی هەرێم(١٤)

### هاوڕێ جەمال

لە ژمارە ٢٩٥ ڕۆژی (٢٠١١/١/٤)ی ڕۆژنامەی ئاوێنە، هەواڵێکم بەرچاو کەوت کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات.. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کردووە کە ببێتە سەرۆکی لیژنەی چاکسازی هەرێم، بەڵام ناوبراو ئامادەیی نەبووە ئەم پۆستە وەربگرێت.

ئەوەی جێگەی ڕامانی ئەم وتارەیە ئەوەیە: باشە بۆچی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەرکێکی لەو شێوەیە کەسێکی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دیاریدەکات؟ ئەگەر کەمێک بەوردی لە هەنگاوەکانی دەسەڵاتی کوردی وردبینەوە، دەبینین ئەم دەسەڵاتە فێری نەریتێکی ساویلکانە بووە، بەوەی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە.. واجیهەی دامودەزگاکانی بەو کەسانە نیشان بدات کە خاوەنی تینێکی بەگوڕ و سومعەیەکی ئیداری و کۆمەڵایەتی بەرزن، ئەمەش لە پێناوی درێژەدان بەو سیستەمە سیاسییو ئیدارییە بێ سەرو بەرەی کە هەیە، نەک بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی دامودەزگا حکومییەکان، ڕەنگە باشترین نمونە بۆ ئەم بیرکردنەوەیە هەر خودی ئەزمونی سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی بێت لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی کە هەر وەک خۆی لە دوانامەیماڵئاواییەکەیدا پێش خانەنشین بوونی ئاماژەی پێکردووە کە گرێ کوێرەی دڵی ئەم بەرپرسە خانەنشین بووە ئەوەیە کە کار بە ڕاپۆرتەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی نەکراوە.

هەروەک لەناوەڕۆکی ئەم هەواڵەدا هاتووە، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی ئامادە نەبووە ئەرکی سەرۆکایەتی لیژنە چاکسازییەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بگرێتە ئەستۆ. دەبوایە سەرۆکایەتی هەرێم لەوە تێبگەییشتایە مادام حکومەتو پەرلەمانو خودی سەرۆکایەتی هەرێمیش نەیانتوانی ئەو کاروانەی(جەلالی عومەری

(١٤) (ئاوێنە ژمارە (٢٩٦) سێشەممە ٢٠١١/١٠/١١)

سام ئاغا) و هاوکارەکانی لە دژایەتیکردنی گەندەڵی پێشڕەوایەتیان دەکرد، بکەینە مەنزڵ، کە خۆی لە دامەزراوەیەکی وەک سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییدا دەبینییەوە، ئیدی چۆن جارێکی تر کورد وتەنی سەری بێ دەلاک بە «جەلالی سام ئاغا» دەتاشن؟!

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بری ئەم داوایە لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پێویست بوو هەوڵی بدایە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەنجومەنی وەزیران بەری ڕەنج و ماندووبوونی زیاتر لە (١٣) ساڵ تەمەنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییو زیاتر لە (٨) ساڵ تەمەنی وەزیفی (جەلالی عومەری سام ئاغا) ی وەک سەرۆکی ئەم دیوانە بنرخانایە، ئەم نرخاندنەش بەکارکردن لە سەر سەرجەم ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێریی دارایی دەهاتە دی کە تا ئێستا نازانرێت پەرلەمانی کوردستان خزاندونییەتە چ کونێکەوە.

سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر مەبەستیەتی.. لیژنە چاکسازییەکەی ئەنجامێکی هەبێتو بەدەردی لیژنەکانی تر نەچێت، باشترین مادەی خام بۆ ئەوەی نیشانی لەسەر بکات، ئەو گەندەڵییانەی کە لە دوو توێی ئەو راپۆرتانەدا هاتوون کە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بە ئیمزای سەرۆکەکەی «جەلالی سام ئاغا» ئامادەکراون.

پرسیارێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، ئایا ڕەتکردنەوەی ئەم پۆستە یان وا باشترە بڵێین ئەم ئەرکە لەلایەن (جەلالی عومەری سام ئاغا) وە، خۆدزینەوەیە لە دەسەڵاتی کوردی بەجۆرێک دەستی داخ کردووە کە جارێکی تر ئامادە نییە ریشی خۆی بداتەوە دەستی دەسەڵاتێک کە مەبەستیەتی تەنها ڕووی دامودەزگا ئیفلیجبووەکانی زاخاو بدات، هەروەک چۆن زۆرجار بە پێچەوانەشەوە ئەم دەسەڵاتە هەوڵدەدات کەموکوڕیی و کەمتەرخەمیی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بخاتە ئەستۆی وەزیرێک، لێپرسراوی فەرمانگەیەک ئەفسەرێکی پۆلیس یان ئاساییشێک. دواجار دەڵێم ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم بەکردارەکی مەبەستیەتی یەکەم نوکە باجی پرۆسە چاکسازیی و نەهێشتنی گەندەڵی ئەم هەرێمە، ئەوا (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە ڕێگەی راپۆرتەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانییەوە هێندەی کردووە کە لیژنە چاکسازییەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم بیکاتە ئەجێندای کارە لە پێشینەو هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەسەر تاسەری هەرێمی کوردستاندا.

# چوار

## سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی خۆی خانەنشین کرد
## ٨٦ کەسی دایە دادگا و ٢٧٢٠ ڕاپۆرتی لەدوای خۆی جێهێشت(١٥)

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (سلێمانی) ڕۆژی ١/١٦ بەتەواوی خۆی خانەنشین کرد، لە کاتێکدا لە ماوەی هەشت ساڵی کارکردنیدا، دیوانی چاودێریی ٨٦ کەیسی داوەتە دادگاو خاوەنی ٢٧٢٠ ڕاپۆرتی گەندەڵین.

سلێمانی، ئاوێنە: بەپێی نووسراوێکی دیوانی چاودێریی دارایی کە دەست ئاوێنە کەوتووە ڕۆژی ١/١٦ بەتەواوی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بەهۆی خۆ خانەنشین کردنەوە دەستی لەکارکێشایەوە، بەپێی ئەو نووسراوە، ئەو بەرپرسە کە لە پلەی وەزیردایە، دەستی لەهەموو ئیمتیازاتی خانەنشینی وەزیر کە ئۆتۆمبێل و پاسەوان و شۆفێرە، هەڵگرتووە و پێشکەشی حکومەتی کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ەوە خانووەکەی لە گردی سەرچنار کە ڕووبەرەکەی «٤٥٠ مەترە دوجایە» لە سەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆ کردووە بۆ ئەوەی پاش کۆچی دوایی خۆی، بکرێت بە بنکەی تەندروستی. هاوکات لە مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠١٠)دا بە بەهای «٧٠ ملیۆن و ٥٦ هەزار دینار» زەوییەکی موڵکی خۆشی فرۆشتووە.. پارەکەی لە بانک دانراوەو ساڵانە بڕی «٩٠٪»ی سوودەکەی دەبەخشرێتە شەش فەرمانبەر، کە سیانیان دەدرێتە سێ فەرمانبەری موتەمەیزی دیوانی چاودرێریی، سیانی تریش دەدرێتە سێ ئافرەتی خانمە سەلاری دیوان، وا بڕیاریشە لەم مانگەدا خەڵاتی ساڵی یەکەمین بەو کارمەندانە ببەخشرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری نزیک چاودێریی دارایی سلێمانی بە ئاوێنەی ڕاگەیاند، دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی تا ئێستا ٨٦ فەرمانبەرو کارمەندی داوەتە دادگا و میدیاکان تەنها دەستیان گەیشتووە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سێ بەرپرسی گەورە لەو ٨٦ کەسە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەکرد کە لەماوەی هەشت ساڵی تەمەنی دیواندا ٢٧٢٥ ڕاپۆرتی ئامادەکردووە کە زۆربەیان ڕاپۆرتی گەندەڵی کەسانی نێو ئەو

---

(١٥)(ئاوێنە ژمارە ٢٥٨ سێشەممە ٢٠١١/٦/١٨).

ڕێکخراوانەن کە لەلایەن حکومەتەوە کۆمەک دەکرێن. سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لەماوەی ٨ ساڵ کارکردنی لە دیوانی چاودێریی دارایی، شەش جار داوای دەستلەکارکێشانەوەی کردووە، بەڵام بەهۆی داواکاری هەندێک لە بەرپرسانەوە لە داواکەی پاشگەزبۆتەوە، لە ئێستاشدا بەهۆی خانەنشین بوونەوە بە یەکجاری دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرتووە.

# پێنج
## (دەستەکان)ی چاودێریی دارایی، سەرەڕای هەڕەشەکان، سوورن لەسەر کارەکانیان(١٦)

«دەستە- هیئە»کانی وردبینی کردن لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، جەخت لەوە دەکەنەوە تا ئێستا و لەبەرامبەر ئاشکراکردنی گەندەڵی دامودەزگاکانی حکومەتدا لەلایەن ئەو کەسانەی دراونەتە دادگا، نامەی هەڕەشە ئامێزیان بۆ هەڵدراوەتەماڵەکانیان، یاخود بە چەند شێوەیەکی دیکە هەڕەشەیان لێکراوە، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر کارەکانی خۆیان.

دووشەممەی رابردوو شەش کارمەندی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) یان وەرگرت کە ناوبراو پێشتر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووە، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا خۆی خانەنشین کرد.

ئەو خەڵاتەش درا بەسێ کارمەندی نموونەیی سێ (خانمی سەلار)ی دیوان، خەڵاتەکەش جگە لەبڕوانامەیەکی ڕێزلێنان، هەریەکەشیان دووسەد هەزار دیناریان پێدرا خەڵاتی کارمەندنی نمونەیی درا بە هەر یەکە لە

(نەبەز حەمەڕەشید، سامان جەمال، دالیا ئەسعەد) هەروەها خەڵاتی (خانمی سەلار) درا بە هەر یەک لە (راز خەسرەو، نەسرین مەحمود، نیاز عیسا).

لە مانگی ئابی ساڵی رابردوودا، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی «جەلالی عومەرغ سام ئاغا»، پارچە زەوییەکی خۆی لە سلێمانی فرۆشتووە بە زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دینار، هەر ئەو کاتەش بڕیاریداوە ئەو بڕە پارەیە بخاتە بانکەوە، (٩٠٪)ی قازانجی یاسایی ساڵانەکەی بکرێتە خەڵات بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، (١٠٪) کەشی بخرێتەوە سەر پارەکەی خۆی لە بانک.

لەبارەی خەڵاتەکەی دوێنێش، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، تاجەدین ساحیب محەمەد لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە رایگەیاند کە ئەو خەڵاتە هی ساڵی (٢٠١٠)یەو ئەو بڕە قازانجەش کە لەبانک رایانکێشاوە و ملیۆنێک و دووسەد

---

(١٦) ئاوێنە ( ٢٧١ سێشەممە ٢٠١١/٤/١٩).

هەزار دینار بووە، خۆشحاڵیش بوو کە یەکێک لەو کارمەندانەی خەڵاتکراوە پیشەی کارگوزارە.

ژمارەی فەرمانبەرەکانی دیوان (۲۰٦) کەسن‌و لەو ژمارەیە (۱۱۸) کەسیان ئافرەتن، هەروەها لە دیوانی چاودێریی دارایی، ۲۲ دەستە دروستکراوە کە کاریان وردبینی کردنی ئیشوکاری ئیداری‌و دارایی فەرمانگەکانە.

دالیا ئەسعەد کە ئێستا لەناو تیمەکانی دیواندا کاردەکات‌و پێشتریش بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی پێشووی دیوان بووە.. یەکێکە لەو کەسانەی خەڵاتی کارمەندی نمونەیی وەرگرتووە، باسی لەوەکرد کە هەرچەندە پێشتریش خەڵاتێکی لەم شێوەیە نەبووە، بەڵام کارمەندەکانیان لە نێویشیاندا ئافرەتەکان بەچالاکی‌و دڵسۆزانە کاریان کردووە، بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، ڕوونیکردەوە کە هەموو فەرمانبەرەکانیان شایەنی ئەو خەڵاتەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتوون، زۆرجار ئەو دەستانەی کە وردبینی کاری دەزگاکانی حکومەت دەکەون بەرپرسەکانیان دەدەنە دادگا، ڕووبەڕووی چەندین هەڕەش بوونەتەوە، لەوانە «هەڵدانی فیشەک و نامەی هەڕەشە ئامێزو هەڕەشەکردن لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر کارەکانیان».

هەروەها راز خەسرەو کە فەرمانبەری یاساییە و لەبەشی سەرپێچییە داراییەکانەوە دوانزە ساڵە لە دیوانی چاودێریی دارایی فەرمانبەرە و دووبارە خەڵاتی (خانمی سەلار)ی وەرگرتووە، باسی لەوەکرد کە بەگشتی خانمەکانی دیوان، لێهاتوون‌و رەگەزی مێینەیان وای نەکردووە کە بترسێ لە ئاشکراکردنی گەندەڵی، بە پێچەوانەوە زۆر بەدڵسۆزییەوە ئیشیان کردووە.

نەسرین مەولودیش کە کارگوزارێکی دیوانەو ماوەی سیانزە ساڵ فەرمانبەرە خەڵاتی «خانمی سەلار»ی پێ بەخشراوەو جەختیشی کردەوە کە ئەو خەڵاتە وایان لێدەکات بۆ ئەوەی لەمەودوا بەشێوەیەکی باشتر کار بکەن.

سەبارەت بە شێوازی دەستنیشان کردنی ئەو فەرمانبەرانەی ئەو خەڵاتەیان پێبەخشراوە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێریی دارایی‌و ئەندامی لیژنەی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پەیمان عەبدولڕەحمان لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ڕوونیکردەوە کە خەڵاتەکانی (خانمی سەلار) لەسەر بنەمای (ڕێکوپێکی‌و سەلار)ی بووەو بۆ ئەمساڵیش ئەو سێ فەرمانبەرەیان دەستنیشانکردووە.. پاشان دەنگیان بۆ دراوە و وتی خانمی سەلارمان زۆرە، بەڵام بەپێی خەڵاتەکە دەبوایە تەنها سێ کەس دەستنیشان بکەین، هیوادارین لە ساڵی ئاییندەدا بتوانین ئەو خەڵاتە بدەینە سەرجەم خانمەکانمان، بۆ کارمەندانی نمونەییش، ناوبراو باسی لەوەکرد کە

مەرجەکانی (جدییەتو دەستپاکیو شارەزایی) لە ئیشدا بنەماکانی وەرگرتنی ئەو خەلاتە بوون، پەیمان وتیشی بۆیە ئەمسال تەنها ئەو شەش فەرمانبەریان هەلبژارد، لەبەر ئەوەی بڕی پارەکەی هی هەشت مانگ بوو.

## جەلالی سام ئاغا، ئیمتیازاتەکانی خانەنشینی ڕەتدەکاتەوە(١٧)

جەلالی عومەری سام ئاغا، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی وەرگرتنی ئیمتیازاتی خانەنشینی ڕەتدەکاتەوە.

بە پێی نووسراوێکی ڕەسمیی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە بۆ هەریەک لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانو حکومەتی ئاراستە کردووە، ئاشکرایکردووە، کە بەپشتبەستن بە فەرمانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارەی (٢٣٣) ی ٢٠١٠/١٢/١٨، بڕیار دراوە بە دەستلەکارهەلگرتنی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە پۆستەکەی. لە بەشێکی تری ئەو نوسراوەدا کە کۆپییەکی کەوتۆتە دەست ڕۆژنامە.. هاتووە، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هیچکام لە ئیمتیازاتەکانی ئۆتۆمبێلی دیوانو پاسەوانی وەک وەزیرە خانەنشینەکانی پێشوو لەگەل خۆی نەبردووە و وەرینەگرتووە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی نوسراوی ژمارەی (٢٣٣)ی سەرۆکایەتیی هەرێم هەریەکە لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی لە سلێمانی و جەرجیس حەسەن عەبدوللا، سەرۆکی دیوان لە هەولێر بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون.

(١٧) ڕۆژنامە ٦١٧ سێشەممە ٢٠١١/١/١٨).

# شەش
## داوا لە جەلالی سام ئاغا دەکرێت
## ببێتە سەرۆکی چاکسازی هەرێم(١٨)

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی باڵای سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەست ئاوێنە کەوتووە، داوا لە سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی (جەلال سام ئاغا) کراوە کە ببێتە سەرۆکی لیژنەی چاکسازی هەرێم، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبووە ئەم پۆستە وەربگرێت.

تایبەت بە ئاوێنە: ڕۆژنامەی ئاوێنە بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پەیوەندیکرد بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە، بەڵام ئامادە نەبوو لەم بارەیەوە هیچ لێدوانێک بدات، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە ناوبراوەوە هەواڵەکەی بۆ ئاوێنە پشتڕاست کردەوە.

لیژنەی چاکسازیی هەرێم چەند مانگێکە بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم دامەزراوەو لە کۆمەڵێک کەسی شارەزای یاسایی‌و دارایی پێکهاتووە، لەم ماوەیەی دواییدا لە پارێزگای هەولێر چەند ڕێوشوێنێکی یاساییان گرتەبەر بەرامبەر ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کردۆتە سەر موڵک و ماڵی گشتی.

---

(١٨) ئاوێنە ٢٩٥ سێشەممە ٢٠١١/١٠/٤.

# حەوت

## چاودێریی داراییش بۆتە خێرو بەرەکەت(١٩)

لە دوای راپەڕینەوە، هەر کۆنگرەیەک یان کۆنفرانسێکی حیزبە کوردستانییەکان ببەسترایە، یەکێک لەو پێوەرە گرنگانەی کاری پێ دەکراو دەبووە سەنگی مەحەک بۆ هەر کەسێک کە هەڵبژێردرایە بۆ سەرکردایەتی، پێوەری تێکۆشانو دژایەتیکردنی دوژمنانی گەلەکەمان بوو، لە پێشیانەوە هەڵوێستی ئەو کەسە بوو دژی رژێمی دیکتاتۆریی چەند ساڵی رابردووش مەسەلەی هەبوونی فایلی دیوانی چاودێریی دارایی بۆتە پێوەرێکی تر، بەڵام ڕۆژگار هاتو هەموو ئەو پێوەرانە کاڵ بوونەوەو لە جیاتی ئەوەی فایلداری (بەعسو چاودێریی) ببێتە کەمو کوڕی، بوو بە خاڵی بەهێز بۆ ژمارەیەک لەو کەسانەی کە دەردەچن بۆ سەرکردایەتی. لەسەردەمی شاخ ئەگەر کەسێک بچوکترین گومانی لە سەر بوایە کە پەیوەندی لە گەڵ دەزگا نهێنیو سیخوڕیەکانی رژێمی دیکتاتۆریدا هەیە، ئەگەر نەکوژرایەو زیندانی نەکرایە، بەدڵنیاییەوە لە ریزی ئەو حیزبە دەردەکەراو دەبێزێنراو سوک و ریسوا دەکرا. هاوکات تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر هەر کەسێک بچوکترین گەندەڵی لەسەر بوایەو لە دیوانی چاودێریی دارایی ناوی بەخراپە لە تاکە یەک لاپەڕەی دیوانیشدا بهاتایە، ئەوا کاندید نەدەکرابۆ هیچ پۆستێکی حکومیو حیزبیو بگرە لە هەندێ حاڵەتیشدا دەدرایە دادگا. نەبوونی حکومەتێکی یان حیزبی و دابەشبوونی حکومەت بەسەر دوو ئیدارەدا و ئامادەنەبوونی پەرلەمانێکی کاراو سەربەخۆ، کۆنترۆڵکردنی ئابوری وڵات لەلایەن حیزبەوە.. نەبوونی سەربەخۆیی دادگاکانو نەبوونی سیستمی لێپرسینەوە و لاوازیی میدیای ئازاد، کوردستانی کردۆتە پانتاییەکی جەنگەڵستانی گەندەڵ. لە کاتێکدا کە گەندەڵی دەبێتە سیستمو هیچ پێودانگێک نامێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتیان پێدەدرێت، دەبێتە کارێکی ئاسایی کە جگە لەوەی خەڵکی نەشیاو پۆستی نەشیاو دابنرێت، خەڵکێکیش کە گومان لەسەر نیشتمانپەروەریو دەستپاکییان هەبێت، پۆستی گرنگ لە هەرێمدا وەربگرن ئەوەی کێشەکەشی قورستکردەوە نەبوونی هیچ هەرێم بوو کە دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان

(١٩) چاودێرێک: ئاوێنە ٢٢٧.

دروستکرا لیژنەکەش راپۆرتی خۆی بەتەواوی نوسیو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کرد، کەچی تا ئێستا هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی و ئیداریی لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە نەگیراوەتە بەر، ئەمە و نەبوونی هیچ ریوشێنێک لەناوخۆی حیزبەکانیشدا، هەرچی پێودانگە و سەرمایەی نیشتمانی ئەم گەلەیە بەرەو کاڵبوونەوە رۆییشتووە. بارودۆخەکە گەییشتۆتە ئاستێک کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان پیاوی نیشتمانیو نانیشتمانیدا نەماوە. ڕۆژگار هاتو ڕۆژگار ڕۆییشت.. وەرەقەکان تێکەڵکرانو رەشو سپی ئاوێتەی یەکترکران، گەندەڵی سیاسیو ئابورییو کۆمەلایەتی زۆر کونجی ولاتی گرتەوە، گەندەڵی بووە سیستمو زۆرکەس لە زۆر بارودۆخدا هەڵنەخزابوون، سیستمی پڕ گەندەڵی ئەوانیشی دووچاری هەڵخلیسکان کرد. لەم ماوەیەی رابردوودا.. نەمانی ئەم پێوەرانە، بەتەواوی لە کۆنگرەی سێهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا رەنگی دایەوە، ئەم حیزبە کە لەسەرەتاوە بڕیاری دابوو مەسەلەی ئەمنیو ژیانی حیزبی و راپۆرتەکانی دیوانی چاودێر دارایی بکاتە پێوەر بۆ ئەو کەسانەی هەڵبژێراون بۆ سەرکردایەتی، بەلام هەر زوو ئەمە کاڵبۆوە و هیچ یەکێک لەم پێودانگانە نەکرانە پێوەر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، ئەگەر کەسێک شتێکیشی لەسەر بێت سڵنەکاتەوە لەوەی خۆی کاندید بکات. بۆیە ئەو قسەیە ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، کە یەکێک لەو کاندیدە تێکۆشەرو پاکانەی کۆنگرەی یەکێتی خۆی هەڵبژاردبوو بۆ سەرکردایەتیو بە ناسیاوێکی خۆی لە دیوانی چاودێریی دارایی وتبوو بریا ڕاپۆرتێکی گەندەڵیت لەسەر دروست دەکردم، بە دڵنیاییەوە چانسی دەرچوونم زیاتر دەبوو.

# هەشت

## چاودێریی دارایی..
## رسواییە بۆ گەندەڵکاران، نەك خێر و بەرەکەت(٢٠)

چاودێریی دارایی لە سلێمانی، ئەمڕۆ دەزگایەکی ناسراوەو بێسڵەمینەوە و بەوپەڕی ئەمانەت بۆ شەرەفی وەزیفە کاری خۆی دەکات، لە ڕاستیدا لە وڵاتێکدا کە یاسا تیایدا بەرقەرار بێت بۆ چاودێریی دارایی ئاسانە کاری ئیداری خۆی بکات، بەڵام لە عێراقدا کە دوای وڵاتی سۆماڵ بە دووەم وڵاتی گەندەڵ هەژمار دەکرێ و لە کوردستانیش کە حوکمی حیزبی بەرقەرارە، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لە ئەفسانە دەچێت.. لە ژمارە (٢٢٧)ی ئاوێنەدا وتارێکی کاک نزار محەمەدم خوێندەوە کە تیایدا هەندێ رەشبینی لەسەر ئەنجامی کارەکانی ئەم دەزگایە دەربڕیبوو، لەو نوسنییەدا هاتبوو کە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لە بری ئەوەی ببێ بە هۆیەک بۆ دادگاییکردنی گەندەڵکاران دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی پلەو پایەیان لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە هیچ لە گرنگی رۆڵی ئەو دەزگایە کەم ناکاتەوە، چونکە ئاسابیە دەسەڵاتی کوردی بەو جۆرە دیوانی چاودێریی بەکاربهێنێ. خۆ نابێ چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین سزایان بدات لە کاتێکدا خۆی نغرۆی گەندەڵییە.. بەڵام خەڵک و ڕای گشتی و مێژوو.. هیچ خۆی بەڕای دەسەڵاتەوە نابەستێتەوە با ئەمڕۆ دەسەڵات پلەوپایەی ئەو گەندەڵکارانە بەرزبکاتەوە کە دیوانی چاودێریی دەستنیشانی کردوون، خۆ لە مێژوودا ریسوا دەبن، خۆ لەبەردەم رای گشتی شەرمەزار و بێ بەها دیارن، بەچی ئەچێت گەر دونیا بەریتەوە، بەڵام خۆت بدۆڕێنێت، بەچی ئەچێ چەند کەسێکی حیزبی داڵدەت بدەن، بەڵام لەبەردەم گەلێک شەرمەزاربیت، بۆیە دەڵێم دیوانی چاودێریی خێرو بەرەکەت نییە بۆ گەندەڵکاران، بەڵکو ریسواییە، راپۆرتەکانی پلەی پەیژە نین گەندەڵکاران بەسەریدا سەرکەون بۆ پلەی بەرز، بەڵکو راپۆرتەکانی چەکوشەو گەندەڵکاران دەکوتێتەوە.

کارمەندانی چاودێریی دارایش لە سەروو هەموویانەوە بەڕێز (جەلالی عومەری

---

(٢٠) مەریوان سەلاح حیلمی، ئاوێنە (٢٢٩).

سام ئاغا)، پێویستە بزانن قسەیەکیان بۆ مێژوو کردووە نەک بۆ دەسەڵاتێکی هیچ لەخۆ نەگرتوو، سەیر لەوەدایە لە وتارەکەی کاک نزار محەمەد دا هاتووە هەندێ کەس گلەییان لە چاودێریی دارایی کردووە گەر ڕاپۆرتێکی گەندەڵی لەسەر بنوسینایە ئەوا خێرو بەرەکەت بەسەریاندا دەڕژا و لە کۆنگرە دەردەچوون، لە ڕاستیدا ئەمە وەک ئەوە وایە چاوساغێک بچێتە شاری کوێران لە بری ڕێنمایی کوێرەکان خۆی دەست بگرێ بە چاوییەوە کە نیعمەتێکی هەرە جوانی مرۆڤە، کەسی پاکیش دەیەوێت دەستبەرداری پاکێتی خۆی بێت لە پێناوی پلەو پایەو بەرژەوەندی، بەوانەش دەڵێم بەڕێزینە بەچ دەچێت لەو پایە بەرزەت هەبێت کە خۆت دۆڕاندبێت، پێویستە بیرلەوە بکەینەوە بەر بە لافاوەکە بگرین نەک خۆمان بدەین بە دەمییەوە و هاوار بکەین لێخورە دەشتە.

# نۆ

## بەڵێ وایە.... ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بووە بە خێر و بەرەکەت بۆ گەندەڵکاران(٢١)

گەندەڵی لە کوردستاندا هەر بریتی نییە لە لادان لە بنەماکانی ئیدارە، بەڵکو تێکشکاندنی ڕۆحی مرۆڤە لە ناوەوە، بە جۆرێک ئەتهێنێتە سەر ئەو رایەی کە هێز نییە ئەم وەزعە چاک بکات، ئیتر پەرچەکرداری بەرقەرارەو رەنگی خۆڵەمێشی زاڵە، لەم هیچییەدا هەر ئەوە ماوە بە فەرمی ئالای سپی هەڵکەین و خۆمان بدەین بە دەستەوە. ئاخر کارمەندانی چاودێریی دارایی تا دوێنێ بوو لایان وابوو، ئەو سوارچاکەن شمشێرەکەی دەستیان خوێنی گەندەڵکارانی لێدەچۆڕێ، کەچی لە پڕ بە سیحرێک ڕایان دەگۆڕێت، ئێستا پێتان وایە لەپەیژەیەک زیاتر هیچیتر نین کە گەندەڵکاران بەسەریدا سەردەکەون بۆ وەرگرتنی پۆستە هەرە بەرزەکان. لەم ڕۆژانەدا هەندێ لەو کارمەندانەی چاودێریی دارایی لە سلێمانی بەڕاشکاوی بە بەرپرسێکی خۆیان وتبوو: «هیچ حەماس و گەرم و گوڕییەکمان بۆ کارەکەمان نەماوە، لە بری ئەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر گەندەڵکاران بەرزیان دەکەینەوە ببێتە مایەی ئەوەی لە دادگاوە بانگهێشت بکرێت کەچی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلە و پایەیان» ئەگەر بۆچوونی ڕۆژنامەنوسانیش وەربگرین بەو پێیەی کە زیاتر نزیکن لە ڕای گشتییەوە، ئەوا بۆچوونێکی شوان محەمەدی ڕۆژنامەنوس لە بەردەستە کە پێی وایە چاودێریی دارایی تروسکەیەکە لە شەوە زەنگی گەندەڵیدا، دە سەیرکەن ئەو تروسکەیە چۆن دەبێتە بابەتی نوکتە، چ واقعێک گەمارۆی داوین کە کاری سەرەکی بریتییە لە بەهەڵمکردنی تەنیا تروسکەیەکیش کە ڕێنیشاندەر بێت بۆ ئاییندەیەک تیایدا قسەی کۆتایی بۆ یاسا بێت. لە ئاوێنەشدا بابەتێک لە سەر چاودێریی دارایی بڵاوکراوەیەوە، ئاماژە بەوە دەکات دوای گۆنگرەی سێی یەکێتی چەند ئەندامێک دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتی، گلەییان لە دیوانی چاودێریی کردووە کە ڕاپۆتی گەندەڵی لەسەر نەنوسیون تا بەمشێوەیە خێرو بەرەکەت و پۆستی ئەندامی سەرکردایەتی

---

(٢١) ئاوێنە: بیرورا/ نزار محەمەد.

بەسەریاندا بڕژێ. ئەمە نوکتەیە گریاناوی نییە؟ کورد گەلینە، کەسانێک بخوازن دیوانی چاودێریی بەگەندەڵ ناویان بەرێت تا پۆستی بەرز وەرگرن، لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتدارانی سیاسی تەنیا لە چاودێریی دارایی دەترسن بیدەن بە زەویدا، باسی دادگاییکردنی شیراکو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی مەکە، لەم عێراقە شڕەشدا سزا هەیە وەک ئەو وەزیرە گەندەڵەی کە ویستی بۆی دەرچێ، کەچی لەناو فرۆکەکەدا دەستگیرکرا، لای ئێمە گەندەڵکار نەک هەر بۆی دەرناچێ بەڵکو لە کۆنگرەی حیزبی دەسەڵاتدا سنگی دەردەپەڕێنێ و داوای ئەوە دەکات دەنگی پێبدەن. لە هەموو دنیا چاودێریی دارایی، موختەلس دەستنیشان دەکات هەتا بدرێ بە دادگا کەچی لای ئێمە ئەو کەسەی چاودێریی دارایی سیفەتی گەندەڵیو موختەلیسی دەداتێ دەسەڵات سەرسنگی بەمەدالیای ڕێزلێنان دەڕازێنێتەوە. چاودێریی دارایی سلێمانی بە بوێریو ماندوونەناسو عەشقی وەزیفی دەناسرێنەوە، بەچنگە کرێی و بێهاندان، بە دەسەڵات دەڵێت ئەمە کەسە گەندەڵەکەیە سزای بدە.. کەچی دەسەڵاتی حیزبی لە سەر بنەمای کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو و کەسی گەندەڵ بۆ گەندەڵستانەکەی خۆی بەشیاو دەزانێ، مەنجەڵ بۆ سەرقاپ دەگەڕێ سوڵتانەکانی گەندەڵستانیش بۆ کەسی گەندەڵ دەگەڕێ وەک گەزۆ و مازوو بێقۆزێتەوە،ماڵی چاودێریی دارایش ئاوابێ بەردەوام دەگەڕێ تا گەندەڵی پێبناسێنێ. هونەرمەندە دادابیەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم بەهۆی کارەساتی جەنگەوە هەموو شتێکیان بە بێبایەخو پڕوپوچ سەیر دەکرد گاڵتەیان بە هەموو پیرۆزی و بەهایەک دەکرد. بۆ تابلۆ قەشەنگەکەی مۆنالیزا سیمای دروستکرد و جوانییەکەیان دەشێواند، ئەمڕۆش کارەساتی گەندەڵی جۆرێک دادایزمی بەرقەرارکردنی جوانییەکانی شێواندووە، چاوددێری دارایی دەزگا جوانەکەی کوردستان دەبێتە دارشەقێک بۆ هەڵکەندنی جەستەی گەندەڵی، سود دەبەخشێت بە مەکینەی زەبەلاح دژ جەستەی گەندەڵی.. کەواتە ئەم جوانییەشیان هیچ.

## ده

## خێری بازرگانەکان، تینویەتی حکومەت ناشکێنێت...
## هاولاتیان بە دروستکردنی مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە
## هاوکاریی حکومەت دەکەن(٢٢)

کەسایەتییە دەوڵەمەند و بازرگانەکان بنکەی تەندروستی، خێرو چاکە بەرامبەر خەڵک و حکومەت دەکەن، هەندێکیشیان تەواوی موڵکەکانیان دەدەنە حکومەت. بە پێی بەدواداچوونێکی دەستوور بۆ ئەو موڵک و خانوانە لەلایەن هاولاتیانەوە بەخشران بە وەزارەتەکانی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی، ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەرکی خۆیان قوتابخانە و مزگەوت و بنکەی تەندروستیان دروستکردووە، دەردەکەوێت وەزارەتی ئەوقاف زۆرترین و پەروەردە و تەندروستی کەمترین هاوکاری کراون لەلایەن هاولاتییانەوە. بەرپرسانی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی دەڵێن:.. پێویستییان بە بینای زیاتر هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە خەڵک، لە بەرئەوە حکومەت ناتوانێت هەمووی دابین بکات، بۆیە دەڵێن بازرگانەکان وەک پێویست هاوکاریان نەکردوون. ئەو بازرگانانەی کە قوتابخانەو بنکەی تەندروستییان دروستکردووە، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام بە دەیان بینای حکومەتیش لەلایەن حیزبەکانەوە داگیرکراوە. بەپێی بەدواداچوونی دەستوور لە ماوەی (١٨ مانگدا لە ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠) پانزە کەس لەسەر حیسابی خۆیان مزگەوتیان بۆ ئەوقاف کردۆتەوە، پەروەردە شەش قوتابخانەو وەزارەتی تەندروستی هەگبەکەیان بەتاڵە لەم هاوکاریکردنەدا.

حسێن ماوەتی خاوەنی پێشانگای ئۆتۆمبێلی جوتیار لە سلێمانی، تا ئێستا مزگەوتێکو هۆڵێکی پرسەی دروستکردووە، دەڵێت « مزگەوتێکم لە قەرەداغ دروستکردووە، خەڵکی ئەوێ مزگەوتیان نەبوو، پێوستیان پێی بوو، هەروەها لەماوەت هۆڵێکی پرسەم دروستکردووە خەڵکی ماوەت لەکاتی پرسەدا هیچ شوێنێکیان نەبوو، منیش لەبەر خاتری خودا ئەو هۆڵی پرسەیەم بۆ دروستکردن».

(٢٢) مەعاز فەرحان/ دەستوور.

ماوەتی داواکارە لە دەوڵەمەندەکان هاوکاری هاوڵاتیان بکەن، دەڵێت: « بەراستی شوێنی زۆر هەیە کە پێویستیان بە مزگەوتو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی هەیە، بەتایبەتی گوندەکان، کارێکی چاکە بۆ هەردوو دونیا».

ماوەتی وتی «هەرچییەک لە تواناmدا بێت لە پێناو خزمەتکردنی وڵاتەکەمدا ئامادەم بیکەم».

هەندێک کەسایەتی هەن لە کوردستاندا بەو جۆرە کارانە هەڵدەستن و ماڵی خۆیان دەبەخشن بەوەزارەتەکان، هەندێکیش وەسیەت دەکەن کە دوای مردنیان، موڵکەکانیان ببەخشرێت بەوەزارەتێک بۆ ئەوەی بکرێت بە پرۆژەی خزمەتگوزاری. بە پێی زانیارییەکانی دەستوور (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی خانوویەکی لە سەرچنار بەخشیوە بە وەزارەتی تەندروستی، کە نرخەکەی حەوت سەد (٧٠٠) هەزرا دۆلار بوو، لەساڵی (٢٠٠١) لەسەر وەزارەتی تەندروستی تۆماریکردووە. هەروەها پارچە زەوییەکی بەخشیوە بە دیوانی چاودێریی دارایی، کە فرۆشراوە بە (٧٠,٠٥٦٠٠٠) دینار، پارەکەی لە بانقدا دادەنرێتو سوودی ئەو برە پارەیە ساڵانە وەک پاداشتو دەستخۆشانە دەدرێت بە سێ فەرمانبەری دیوان کە کارەکانیان بەرێکوپێکی بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ سێ خانمی چالاکی ناو دیوان. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بەباشی.. نازانێت...کارەکانی ئەو.. لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو بکرێنەوە، بەدەستووری وت: «رازی نەبووم لە ڕاگەیاندندا بڵاو بکرێنەوە، کاتی خۆی د.بەرهەم کەسەرۆکی حکومەت- ئیدارەی سلێمانی بوو، لەگەڵ د.یادگار رەئوف وەزیری تەندروستی بوو، پێیان وتم با لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەم خانوانەی تۆ بڵاوبکرێنەوە، بەڵام من ئامادە نەبووم». (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وتیشی.. «تەنها ئەو خانوە و پارچە زەوییەم هەیە کە بەخشیومە، لە هیچ شوێنێکی تر یەک شت نییە کە بەناوی منەوە بێت». (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پێی وایە خێرو بەخشین، دەبێت هەموو کەس لە خۆیەوە فێربێت نەک لە خەڵکی ترەوە، سام ئاغا بە دەستووری وت «من لەکەسەوە فێری ئەوە نەبووم کەماڵی خۆم ببەخشم تاخەڵک لە منەوە فێربێت، هەرکەسێک دەیەوێت ماڵی ببەخشێت، پێویست ناکات چاو لەکەسی تر بکات، دەبێت خۆی ئەو هەستەی لا دروست بێت کە خەڵکی پێوسیتان بە یارمەتی ئەوە». بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان موسڵمانن، بۆیە هاوڵاتیان زیاتر مزگەوت دروست دەکەن، بە پێی ئامارێکی موڵکەکانی ئەوقاف لە ماوەی ١٨ مانگدا لە ٢٠٠ بۆ ٢٠١٠ پانزە کەس لەسەر حسابی خۆیان مزگەوتیان بۆ ئەوقاف کردۆتەوە.

شێخ ناجیح بەڕێوەبەری موڵکەکانی ئەوقافی سلێمانی سەبارەت بە وەقفی کەسی

لە لێدوانێکدا بۆ دەرستوور دەڵێت: وەقف بەخشینی موڵک) لەسەرچاوە ئایینییەکەیەوە جۆرێکە لە خێر، لەسالآنی سەدەی رابردوودا تا پەنجاکانیش، وەقف بەشێوەیەکی زۆر هەبووە، بەڵام لەوکاتەوە کە ئەوقاف لە دیوانەوە بۆتە وەزارەتو پارەی مامۆستا و پێداوستییەکانی تری ئەوقافی دابینکردووە، وردە وردە بەرەو کەمبونەوە رۆییشتووە.

شێخ ناجیح وتی: «ئێستا حکومەت زەوی دابین دەکات و خەڵکیش مزگەوت دەکاتەوە، بۆیە ئێستا ئەوقاف چەندین موڵکی وەقفی گەورەی هەیە کە ساڵانە داهاتێکی زۆر بۆ ئەوقاف دەست دەخات، ئەو داهاتەش ناچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەڵکو ئەو پارەیە کۆدەکرێتەوە و لە پرۆژەی خێریدا سەرف دەکرێت».

فەتاح عەزیز بەڕێوەبەری بیناسازی لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، دەڵێت ئەو هاوڵاتیانەی کە بەخشین (تەبەروع) دەکەن بۆ پەروەردە زۆر کەمن، تەنها چەند حاڵەتێکی لەو شێوەیە هەیە، لە چەمچەماڵ عەشیرەتی زەنگەنە بنەماڵەی کەریم ئاغای هەمەوەند.. قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، لە سلێمانیش کەسێک قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، هەروەها جەمالی حاجی عەلیش لە گەڕەکی شەکرەکە قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، فریای کوڕی حاجی محەمەدی بامۆکی قوتابخانەی زەرگەتەی نۆژەنکردۆتەوە، لە هەڵەبجەی شەهیدیش چەند نۆژەنکردنەوەیەکیان کردووە، لە بامۆکیش قوتابخانەیەکیان دروستکردووە.

بەرپرسانی پەروەردە پێیان وایە دروستکردنی قوتابخانە لە مزگەوت پێویستترە، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا قەرەباڵغی پۆلەکان ئاستی زانستی قوتابخانەکانی دابەزاندووە زیانی بۆ داهاتووی وڵات هەیە.

فەتاح عەزیز دەڵێت: «تێناگەم خەڵک بۆ حەز دەکات مزگەوت بکاتەوە، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە قوتابخانەیەک دروستبکات، کە ئەویش شوێنێکی پیرۆزە، پێویستە بۆ پێشکەوتنی وڵات».

بەڵام وەزارەتی تەندروستی بۆ دروستنەکراوە، هەروەها هیچ کەسێکیش موڵکەکانی وەقف نەکردووە لەسەر ئەو وەزارەتە.

عەبدوڵڵای حاجی لایەق لە بەشی یاسایی تەندروستی سلێمانی دەڵێت: « هیچ کەسێک هێشتا بەڕەسمی موڵکی وەقف نەکردووە» و وتی «هەشبێت ئەوا تەنها وەسیەتنامەیە و هێشتا نەخراوەتە سەر وەزارەت بە ڕەسمی». بۆیە زۆرجار ئەگەر کەسێک بیەوێت موڵەکانی خۆی ببەخشێت بە وەزارەتێک یان هەرلایەنێک ئەوا دەبێت عەریزەیەک بدات و بڕواتە بەشی یاسایی ئەو شوێنە بۆ ئەوەی موڵکەکەی وەقف بکات.

# یانزە
## شەرەفمەند نیم بەوە وەزیفەکانتان
## چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا(٢٣)

(ڕووبەڕووی هەڕەشەی زۆر پیاوی دز و گەندەڵ بووینەوە، کە هەندێکیان بە فیشەک ناردن ڕووبەڕوومان بوونەتەوە):

وێناندن بۆ ماڵ و شوێنی بەرپرسان ئاسانە، کۆمەڵە حیمایەیەکی زۆر، چەندان سەیارەی مۆدێلی نوێ، هەتا چاو بڕکا بینا و باخ و پانتایی، بەڵام لێرە وێنەیەکی دیکە دەبینن، خانووی ئەو جیاوازە، نە حیمایە و نە خانووی بەرز و پان و پۆڕ نە سەیارەی مۆدێلی نوێ ، لە ماڵی ئەو، نە کەسی تایبەت دەرگات لێدەکاتەوە، نە کەس ڕێنوێنیت دەکات و نە کەسیش قاوە و ئاوت بۆ دێنێت، نەوەک لەبەرئەوەی ئەو ئەتەکییەتانە لەو ماڵەدا ئەنجام نادرێن، بەڵکو خودی خۆی ئەنجامیان دەدات، واتە (جەلالی عومەری سام ئاغا).

یەکەمین بەرکەوتنت لەماڵی ئەودا، لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتا کرۆنا مۆدێل ١٩٨٠ یە، بۆیە یەکەمین پرسیارم ئەوە بوو تۆ کە وەکیل وەزیر و سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوویت، چۆنە هێشتا ئەم سەیارەیەت هەیە، گوتی من ساڵی١٩٨٠ ئەو سەیارەیەم لە شەریکە کڕیوە و هەر بە ئەویش «٣- سێ» ساڵی دەوام کردنم لە وەزارەتی مالییە و «٢ – دوو» ساڵی دیوانی چاودێریی داراییشم بەو سەیارەیە هاتوچۆم کردووە.

ڕوونیشی دەکاتەوە دانەنیشتووم بە پۆست، پارە و سامان پەیدا بکەم، چونکە مێژووی من بریتی نییە لەسەروەت و سامان و خانوو و سەیارەی مۆدێل، ئەوە مێژووی منە، کە چەند خزمەتم بە میللەتەکەم کردبێت، چونکە من مرۆڤێکی نەتەوەییم، وەزیفە لای من خزمەتە و مێژوو، نەوەک ناونیشانی زل و موچەی بەرز و ئیمتیازات، کە بەردەوام خۆم لێ پاراستوون. لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا، هەرچەندە ئەو بەڵێنی دابوو... میوانی ماڵی خوشکەکەی بوو، ئێمە چووینە ماڵەکەی

---

(٢٣) پێشەوا محەمەد -سقیل- ساڵی سێیەم -ژمارە ٢٧ ٢٠١٢/٦/١٦.

لەگردەکەی سەرچناری شاری سلێمانی، ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە چاوپێکەوتنێک نییە لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە تەواوی پرنسیپەکانی چاوپێکەوتنی کاری رۆژنامەوانی تێدا رەچاوکرابێت، چونک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، حەز بە چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی ناکات. پێش ئێمەش چەندان کەناڵی دیکەی میدیایی رووی لێ ناوە، بەڵکو بریتییە لە یاداشتی رۆژنامەنوس دوای دانیشتن لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە تێیدا نە کامیرای فۆتۆگرافی و نە تۆمارکەری دەنگی بەکار نەهاتووە. کاتێک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دیوانی چاودێریی دارایی جێدێڵێت، ٤٧ ساڵ خزمەت و «٢٧٢٠» فایلی جۆراوجۆر و خەلاتێکی سالانە و مێژوویەک لە دەزگاکەیدا لەدوای خۆی جێدێڵێت. لەو مێژووەشدا ٨٦ کەیسیشی داوەتە داواکاری گشتی. ئەو کاتێک واز لە دیوان دەهێنێت! پێش رۆیشتنی، کەسەفەرێکی پێنج مانگی بۆ وڵاتی فەرەنسا دەکات، داواکاری هەمو ئەو میدیایانەی رەتکردەوە کە داوای دیمانەی رۆژنامەنوسیان لێ کردبوو، پێی راگەیاندبوون بەهۆی ماندووبوونییەوە، لەکارەکەی پێویستی بە شەش مانگ خەوتن هەیە.

دوای هاتنەوەشی، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، گەرچی لەلایەن تەواوی گەورە بەرپرسانی ئەم وڵاتەوە داوای لێکراوە پۆست و بەرپرسیارێتی وەربگرێتەوە، تەنانەت راوێژکاریش لەوانیش (مەسعود بارزیانی، نێچیرڤان بارزانی، عیماد ئەحمەد و چەندانی دیکە)، بەڵام ئەو ئامادە نییە هیچ پلە و پۆستێک وەربگرێتەوە. بەوتەی خۆی هۆکارەکەشی برتییە لە نائومێد بوونم لەم برادەرانەی ئێستا، ئەوان چاکسازییان پێناکرێت، نایانەوێت بیکەن، ئەگەر ئەوان خاوەنی دادگا و حکومەتو سەروەری یاسان، پێویستیان بە ئەم و ئەو و من نییە، بەڵکو هەرکەسێک دانێیت سیستەمەکە کاری خۆی دەکات، چونکە لەم وڵاتە هەموو شتەکان تەنها قسەیە. لای خەڵکی ئاشکرایە ئەو کاتەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاوێریی دارایی سلێمانی بوو، چەندان فایلی جۆراوجۆر لەسەر کەسایەتی و دامودەزگاکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزکرانەوە، بەڵام لەلایەن دادگاوە نەدەجولێنران، سەبارەت بەو جۆرە چالاکییەش، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، روونیکردەوە، «من سەرەتا گوتم یان ئەو پۆستە وەرناگرم، یاخود بیر لەسەری خۆم ناکەمەوە، بۆیە توانیم ئەو کارە بکەم، چونکە پیاوێک ئامادەبێت لە رێگەی بیروباوەڕی سەری خۆی ببەخشێت، هیچ هێزێک نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە، یان حسابی بۆ بکات، من ئەو حسابەم نەکردووە«. دەشڵێت «هەر لەسەرۆکی دیوانەوە تا چاودێرەکان ڕووبەڕووی هەڕەشەی زۆر پیاوی دزو گەندەڵ بووینەوە، کە

هەندێکیان بە کاغەز و نوسین و هەندێکیشیان بە فیشەک ناردن ڕووبەڕوومان بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ یەک لەم هەڕەشانە کاریگەری لەسەرمان بووبێت، لە کاتێکدا (٧٠٪) ی مونتەسیبی دیوان ئافرەتن». جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە چاودێریی دارایی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی فەرمی هەیە، بۆیە لەشیکردنەوەی ئەو باسەی ئاخۆ بۆچی ڕاپۆرتەکانی دیوانەکەی لە ڕێگەی میدیاوە بڵاو نەکردووەتەوە، گوتی «کاری ئێمە لەگەڵ دەزگا ڕەسمییەکا بووە نەوەک میدیا».

بەڵام خۆ ڕاپۆرتەکان دەگەیشتە حیزب! لەم دواییەشدا قسە و باسێ هەبوو کە تەواوی ڕاپۆرتەکانت دەگەیاندە نەوشیروان مستەفا، ئەو دەنگۆیەش هەبوو بوویتە گۆڕان، ئەویش ڕەتیدەکردەوە بووبێتە گۆڕان، دەیگوت «ڕستە و ڕاپۆرتەکانمان دەدا بە یەکێتی، بەڵام ئێمە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە پێمان رادەگەینرا ئەو کارە بکەین، دەیانوت تەواوی ڕاپۆرتە گرنگەکان بدەنە لیژنەی چاودێریی و پشکنینی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئێمەش سەرەتا دەماندا بە کاک نەوشیروان کە جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی بوو، دواتریش دەماندا بە مامۆستا جەلال جەوهەر، کەئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی بوو، بەڵام تەحەدا دەکەم دوای جیابوونەوەیان لە یەکێتی یەک ڕاپۆرتی دیوانیان درابێتێ.

سەبارەت بە پەیوەندییەکەش گوتی «من دۆستی هەر یەک لە جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و نەوشیروان مستەفام، بەڵام هیچ حیزبێکیان نیم، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر دژی هەندێ هەڵسوکەوتیشیان نەبم». هاوکات ئەوەشی گوت نەوشگیروان مستەفا هاوڕێی تەمەن و گەڕەکە، وەک ڕوونیش کردەوە لە هەردوو بوای دەستپاکی و ئەخلاقیشدا یەکدەگرینەوە.

(جەلالی عومەری سام ئاغا) باسی لەوە کرد، کاتێک شۆڕشی ئەیلول شکست دەهێنێت، مەلا مستەفا داوا دەکات(١٠) کەسایەتی ناو ئەو شۆڕشەی بۆ کۆبکەنەوە تا ڕووداو و پێشهاتەکانیان لەگەڵ تاوتوێ بکات، یەکێک لەوانە دەبێت، ئەو دەڵێت «لەوانەی کە شکور لەژیاندا ماون لەو (١٠) کەسە، بەرێزان: د. مەحمود عوسمان، د.کەمال مەزهەر(٢٤)».

کە باسیش دێتە سەر مام جەلال، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیدا هەیە، ئێستاش کە خانەنشینە هەموو مانگێک مام جەلال یاخۆی بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکات، یان کەسێک بۆ هەواڵپرسینی دەنێرێت. هاوکات پێشتریش مام جەلال سێ جار سەردانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی لەماڵی خۆیدا

---

(٢٤) ئەفسوس بواری نەدا، بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر، بەتەمەنێکی تەندروستەوە ئەم کتێبە ببینێت، لە ساڵی ١٦-٣-٢٠٢١دا کۆچی دوایی کرد.

کردووە و زۆر لە برادەرانی حکومەت و مەکتەبی سـیاسیی ئەوسـای لەگەڵ بووە.

لە ماوەی کاکردنیشیدا، حەوت جار داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردووە و قبوڵ نەکراوە، تا دواجار لە دوا نامەیەکیدا بۆ مام جەلال و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەوسا، لە ڕێکەوتی ۲۰۰۸/۱۲/۳۱ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دەنوسێت: «شەرەفمەند نیم بەوەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لە ناوتاندا». کاتێکیش مام جەلال دەعوەتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەکات بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی لە بەغداد، ئەو پێی دەگەیەنێت هەتا نامەکەم نەخوێنێتەوە نایەم، بۆیە مام جەلال بە د.فوئاد مەعسومدا بە (جەلالی عومەری سام ئاغا) رادەیەگەیەنێت، نامەکەی خوێندۆتەوە، کاتێکیش بەدەم دەعوەتەکەوە دەچێت، مام جەلال پێی دەڵێت «نوسینەکەت لە ژێر سەرینی ژووری نوستنەکەیدایە«.

تا ئەو کاتەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە، (۲۷۲۰) فایلی جۆراوجۆر کە گەندەڵی و ڕێنمایی و چاککردنی گرتبووە خۆ ئامادەکرابوو (۸٦) کەیسیشی لەوانە داوە بە داواکاری گشتی.

باسی لەوەش کرد «لەکاتی هەڵبژاردنەکانی (۷/۲۵)دا، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی ئەوسا باسیان لەوە دەکرد ئەگەر (۲۵٪)ی فایلەکانی دیوانمان بجوڵاندایە، ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جۆرێکی دیکە دەبوو».

گوتیشی»لە خۆپیشاندانەکانی ۱۷ی شوباتی ئەمجارەش، خەڵک داوایکرد کار بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بکرێت، تەنانەت پاشان بوو بە بڕیاری پەرلەمانیش، بەڵام بەداخەوە جارێکی دیکە دەرفەتەکە لە دەست درا». ئەو زیاتر بابەتەکەی روونکردەوە «بەداخەوە نەوەک لێپێچینەوەیان لەو کەسانە نەدەکرد، کە ئێمە فایلمان لەسەر ئامادە کردبوو، بەڵکو لەو پۆستە لایان دەبرد و پۆستێکی باڵاتریان دەدایە». سەبارەت بە لێپێچینەوەی حیزبیش، لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکانی دیوانەوە، ئەو گوتی «بەهەمان شێوە کەس لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەدەکرا، لەبەرئەوەی کەس نەیدەتوانی بەوی دیکە بڵێت ئەوەت خراپی گەندەڵییە». بۆیە بەبڕوای (جەلالی عومەری سام ئاغا)، یەکێتیی و پارتیی چاکسازییان پێناکرێت، لەبەرئەوەی دەڵێت «کەس ناتوانێ لێپێچینەوە لەکەس بکات، هیچ کەس گەندەڵی پێ کارێکی عەیبە نییە، ئەگەر بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک بە بەڕێوەبەری بەشێکی بڵێ فلانە کارت گەندەڵییە، ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت قوربان تۆش ئەوەت گەندەڵییە، ئەگەر دەسەڵاتێکی باڵاتر بەو بەڕێوەبەری فەرمانگەیە بڵێ ئەو شتە گەندەڵییە، وەزیر ئەوەی نایاساییە، بەو جۆرە گەندەڵی ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستراوە».

ئەو نمونەیەکیشی هێنایەوە« سەرۆکی هەرێم ناتوانێت بڕیاری نەهێشتنی

(سەیارەی جام ڕەش) جێبەجێ بکات، ئەی ئێستا چۆن دەتوانێ لێپێچینەوە لە خەڵکی باڵادەست بکات، بۆ ئەو هەموو گەندەڵییە؟ هەروەها یەکێتیی نیشتمانیش». بەبڕوای (جەلالی عومەری سام ئاغا)، میللەت لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، لەتاو گەندەڵی هەڵدەستێت، گوتی: «تەواوی هێز و دەوڵەتەکان بەهۆی گەنەڵییەوە کەوتوون، بۆیە خەڵکی ئێمەش کاتێک هاتنە سەر شەقام لەبەر گەندەڵی هاتن، وەک چۆن لەوڵاتە عەرەبییەکانیش گەندەڵی خەڵکی هێنایە سەر شەقام، خەڵک داوای چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن، ئیتر ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە، ئێمە دەوڵەتین یان دەوڵەت نین». گەرچی تەندروستی (جەلالی عومەری سام ئاغا) جێگیرە، بەڵام وەک خۆی باسی کرد ئامادە نییە هیچ پۆستێکی دیکە وەربگرێت، ئەمە لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە سەرکردە باڵاکانی هەردوو حیزب داوایان لێکردووە، کە دواترینیان نێچیرڤان بارزانی بووە. نێچیرەڤان بارزانی لە کابینەی حەوتەمدا پێشنیاری بۆ کردووە ببێتەوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی. هاوکات پێشی گوتووە ئەگەر ناشیکەیت، ئەوا کەسێکی دیکەمان بۆ دیاری بکە. بۆ ئەمەش دەڵێت « جگە لەوەی وەڵامم بۆ ناردەوە کە خۆم ئەو پۆستە وەرناگرم، هەروەها خۆم ناخەمە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییەی کەسێکی دیکە دیاری بکەم، بەڵام پێشنیارم بۆ کردووە باسەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و دەزگای نەزاهە بدرێت بە ئۆپۆزسیۆن.. یان بە تەوافوق لە پەرلەمان دابنرێت نەوەک بەزۆرینە و کەمینەی پەرلەمان». بەبڕوای (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، پێویستە سێ سیفەتی تێدابێت ئەوانیش « دەست پاکی ڕەها (مطلق)، دادپەروەری ڕەها، نەترسی ڕەها». دوای ئەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دیوان بەجێدێڵێت، خاوەنی زەوییەک دەبێت، دەیبەخشێت بە دیوان و لەلایەن ئەوانەوە بە (حەفتا ملیۆن و پەنجا و شەش هەزار دینار) دەفرۆشرێت و دەخرێتە بانکەوە، (٩٠٪)ی قازانجی پارەکە دەکرێتە خەڵاتێک کە ساڵانە لە دیواندا بۆ تەشجیعی کەفائەتو خانمسەرلاری دابەش دەکرێت بەسەریاندا «جگە لەو زەوییە، ئەم خانووەی ئێستاش کە تێیدام داومەتە وەزارەتی تەندروستی و ئێستا موڵکی ئەوانە». کاتێکیش کە دەستنیشان دەکرێت بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، لە کابینەی د.بەرهەم ساڵح-دا، داوا دەکات خانەنشین بکرێت، بۆ ئەو پۆستەش کەسێکی دیکە لەناو دیواندا دەستنیشان دەکات، داواش دەکات موچەی خانەنشینییەکەی بدرێتە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان، بەڵام داواکەی لەلایەن مام جەلالەوە پەسەند ناکرێت. لەسەروو ئەوانیشەوە، بۆ یەکەم جار سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەمڕۆ تەنیا وەزیرێک، کە دوای خانەنشینبوونی ڕێزلێنانی پێبەخشیبێ، (جەلالی عومەری سام ئاغا) بووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا، بەپێی یاسا و ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران، هەر وەزیرێک کاتێک دەردەچێت دوو حیمایە و دوو شۆفێر و ئۆتۆمبیلێکی ئاخر مۆدێلی دەدرێتێ، بەڵام (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەوەش بە نوسراوێک بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، ڕەتدەکاتەوە و وەریناگرێت. ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی زانیارییەکانی سڤیل، هیچ بەرپرسێکی حکومەتی عێراق و هیچ بەرپرسێکی بیست ساڵی حوکمڕانی حکومەتی کوردی نەیکردووە، وەک دەشڵێت «خۆ ئەگەر کەسێک هەیە ئەمەی کردبێت ئەوا با قسە بکات».

# دوانزە

## پیاوێك نایناسم ژمارە (٥٢٣)

### دکتۆر فوئاد مەعسوم

سەرەتای دۆستایەتی و برایەتی و ناسینم لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەگەڕێتەوە بۆ (٣٨) ساڵ پێش ئێستا، کاتێک لەڕۆژانی یەکێک لە قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، لە ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیریی و لاوان پێکەوە کارمان دەکرد. ئەو وەک بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕیی منیش وەک بەڕێوەبەری گشتیی لاوان، لەو رۆژگارەدا کاک (جەلال)م ناسی، کە چەند پیاوێکی جدییە، جدییەت لای کاک جەلال هەم مەبدەئە و هەم ڕێڕەوە.

کە دەمدی ڕۆژانە و شەوانە، خەریکی کارەکەی خۆی بوو، ڕاستە کارەکەی کارێکی گرنگ بوو، زۆربەی کارمەندان بەو شێوازە کە لەگەڵیبوون کاریان دەکرد، بەڵام توانای کاک (جەلال) لەو بابەتەدا بێ وێنە بوو، ماوەی ساڵێک لەو سەردەمەی شۆڕشدا کارمان دەکرد و پێکەوەش لە یەک ماڵدا دەژیایین، لە نزیکەوە شارەزای ژیان و ڕۆژانەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بووم، لەو ساتەوە بڕوام بەوە هێنا، کە ئەو پیاوە نمونەی کەمە.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بە بەردەوامیی کە سەردانی سلێمانیم دەکرد، لای کاک جەلال میوان دەبووم، هەمیشە بە یادی ئەو ڕۆژگارانە زۆرجار هەتا درەنگانی شەو پێکەوە قسانمان دەکرد، لەسەر ئەو بابەت و ئاریشانەی کە لە کوردستاندا لە ئارادابوون. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە کاتی کارکردنیدا، هەمیشە ڕێڕەوێکی گرتووەتە بەر، ئەویش بابەتی: پاکیی بووە لە کاروبارەکانیدا.

کاتێک کە بریکاری وەزیری دارایی و ئابوریی بوو، کاتێکیش بۆ ماوەی (٨) هەشت ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کاک (جەلال) چ پیاوێک و جۆرە فەرمانبەرێک بووە، سەروەت و سامانی گشتیی لای ئەو هێڵی سوور بووە، ڕێگەی نەدەدا کە هیچ کەسێک تێیپەڕێنێت. کاک (جەلال) لەو بابەتانەدا بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشیی نەدەکرد لە خزم و کەسوکار و هاوڕێ

و سەرکردەکان، تەنیا ڕاستگۆیی و دەستپاکی نەبێت هیچی تری تیا بەرجەستە نەبوو، لەماوەی کارکردنیشدا یەکێک بووە لەو دیاردانەی کە لە کوردستان کەم وێنە بووە، کە دەڵێم دیاردە: دیاردەی پاکیی! دیاردەی سەربەستی! دیاریدەی جدیی بوون! بەداخەوە ئەمانە لە وڵاتی ئێمەدا کەمە، بەڵام کاک (جەلال) بە زیادەوە خۆی تیا نیشانداوە.

ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی بریتییە لە: (٢٧٢٠) دوو هەزارو حەوت سەدو بیست ڕاپۆرت، ئەمە سەرمایەیەکی گەورەی سەرمایەی کوردستانە، شۆڕشکێکی مەزنە لە دژی گەندەڵیی، ئەوە چەکێکی کوشندەیە بەرامبەر بە مەترسیی گەندەڵی لە کوردستان، بۆیە دەبێت کەسانی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا) یان لە شێوەی ئەو، پێویستە ئەو ڕاست و پاکییە لە کاک (جەلال)ەوە فێربن، بەرژەوەندیی گشتیی لەوەدایە کە تۆ چۆن پارێزگاریی لە سەروەت و سامانی ئەم گەلە دەکەیت، کاتێک کە دەستی لە کارکێشایەوە، ئەو کاتە من بابەتێکم نوسی لە گۆڤاری (الصحافی) بە ناونیشانی (لە ساسۆن حسقێلەوە بۆ جەلالی سام ئاغا) ئاشکرایە کە (ساسۆن حسقێل) یەکەم وەزیری مالییە بووە لە وەزارەتی عەبدولڕەحمان نەقیبی یەکەم، کاتێک لەگەڵ وەزیری داخلی ئەو کاتەدا (ناجی سویدی) تووشی دەمەقاڵێ دەبن لە ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر (٤٥) دینار کە چۆن (ساسۆن حسقێل) بەرگریی لە دارایی ئەو کاتەی خەزێنەی عێراقی دەکات، بۆیە (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئەگەر لە ئاستی (ساسۆن حسقێل) ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە. هیوادارم تەمەندرێژ و لەش ساغ بێت، ئەو شۆڕشەی کە دژی گەندەڵکاران گرتوویەتییە بەر، بەردەوام بێت بۆ ئەوەی کوردستان بەرە و کەنارێک و ئاسۆیەکی ڕوونتر بڕوات.

# سیانزە

## شوان محەمەد (سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە)

کوردستان ئەو هەلومەرجەی تیایەتی، ئەو گەندەڵییە بەردەوامەی کە هەیە، زۆرجار راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان و راپۆرتی رێکخراوە لۆکاڵییەکان باسی دەکەن، لە هەلومەرجێکدا کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و دیوانی چاودێریی هاتنە ئاراوە، هەلومەرجێک بوو دەتوانین بڵێین: سەرەتای دژایەتیکردنی گەندەڵیی بوو، من پێموابێت: ئەگەر لە کوردستان باسی دژایەتیکردن و لەناوبردن و قەلاچۆکردنی گەندەڵیی بکەین، دەبێت لە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) وە دەست پێبکات. چ ئەو راپۆرتانەی لە دیوانی چاودێریی ئامادەی دەکرد، چ ئەو کارە پرۆفیشناڵ و بێلایەنانەی دەیانکرد، ئەمانە مایەی شانازین بۆ کوردستان کە چەندین ساڵی تر باس بکرێن، ئەمە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی. ئەوەی کە خاڵی وەرچەرخانی دژایەتیکردنی گەندەڵیی دەست پێدەکات ئەو خاڵەیە کە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) یەکەم بەردی لێدانا، هەتا ئەو خۆپیشاندانانەی کە ساڵی (٢٠١٢) کوردستان بەخۆیەوە بینی، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دژایەتی گەندەڵییەی ئەوان و وردەوردە کاریان لەسەر کردووە، لە دەزگاکانی حکومەتدا بلاوبوەوە، پاشان چووە ناو میدیاکان و بلاوبووەوە، لێپرسینەوە بەرامبەر هەندێک بەرپرس کرا، ئەمە بۆ خۆی دەتوانین بڵێین: هەنگاوێکە ئەگەر ئاوڕ لەمێژوو بدرێتەوە ئەم هەنگاوە بە خاڵێکی درەوشاوەی ئەم پیاوە و ئەو دەزگایە دادەنرێت، دەتوانین بڵێین: ئەم هەنگاوە لەکوردستان لە شاری سلێمانیدا دەستی پێکردووە. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئێمە پیاوێکمان هەیە ناوی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە، ئەم پیاوە پێویستە رێزی لێ بگیرێت، وە پێویستە لە مێژووی گەلی کورددا بە شانازییەوە باس بکرێت، کە چۆن بەرهەڵستی گەندەڵیی و گەندەڵکارانی کردووە، کابرایەکیشە لە دەستلەکارکێشانەوەی خۆیدا لە دیوانی چاودێریی بە ئاشکرا گوتی: ئەو سەروەت و سامانەی کە هەیەتی هەمووی خستووەتە خزمەتی فەرمانگەکەی و خزمەتی خەڵکەوە، ئەوەش بۆ خۆی ئاماژەیە

بۆ ئەوەی کە ئەم خۆنەویستییەی کە لەم پیاوەدا هەیە لەوانەیە لە زۆر کەسی تردا نەبێت، بۆیە ئێستا هەنگاوێکی زۆر تاریکە سەرەتای ڕووناکبوونەوەی کوردستانی لێ دەردەکەوێت، بۆیە جێگەی شانازییە کە ڕێز لەم پیاوە بگرین، ئەم پیاوە ببێتە یەکێک لەو لاپەڕە پرشنگدارەی ئەمڕۆی ئەم گەلەی کودرستان.

# چواردە

## ئەو کابرایە ناناسم:

### چاودێرێک

لە قسەکردن لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک وێنەیەک لەوێنەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی قسەکردنە لەسەر وێستگەیەکی جیاواز، وێستگەیەک کە بە پێچەوانەی ئاراستەی باوە کار دەکات، وەک خۆی دەڵێت: جەستەیەکی نامۆ لە ناو هەموو ئەو کابینانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی تیا دروست بوو.

بەڕاستی کاک (جەلال) پێی دەگوترێت، ئەزموونێکی ئیداریی نوێ لە کوردستاندا، ئەو بەپێچەوانەی هەموو ئەو بەپرسانەی کە پێی ڕاهاتووین‌و چاومان دەیان بینێت‌و گوێمان ناوەکانیان دەبیستێت، کاری دەکرد. بۆ نمونە کاکە جەلال، موڵکی گشتیی ڕەتدەکاتەوە و موڵکی تایبەتی خۆی پێشکەش بە موڵکی گشتیی دەکات، بەڵام بەر پرسەکانی دیکە سامانی گشتی قۆرغ ئەکەن‌و وادەزانن بەرپرسیاریتی بریتییە لە وەزیفەیەک بۆ قۆرغکردنی موڵکی گشتیی. زۆربەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم موڵکی گشتیی دەکەن بە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەرچییان دەستکەوت بیبەن، بەڵام کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بە پێچەوانەوە بوو، موڵکێکی هەبوو کردی بە باڵەخانەیەک‌و پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی کرد. بەرپرسانی دیکە بەردەوام چاوەڕوانی پۆستی نوێن، بەڵام کاک جەلال بەردەوام خۆی لە پۆست دوور دەخاتەوەو ڕەتیدەکاتەوە، لەم ماوەدا لیژنەی چاکسازیی هەرێم کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دایناوبوو، تەلەفونی بۆ کردبوو کە ئەو بەر پرسیاریتییە وەربگرێت، بەڵام ئەو ئەو پۆستەی ڕەتکردەوە. بۆیە کاتێک کە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، نامەیەکی نوسیبوو لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوبویەوە، زۆر کەسە پاکەکان‌و دۆستانی کەسانی دەستپاک، دەیانوت: ئەو کەسە دەستپاکەی ناو حکومەتی هەرێم بە جێمان دەهێڵێت، ڕۆشتنی ئەو کەلێن دروستدەکات‌و شوێنەکەی بە بەتاڵیی دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا بەرپرسێکی تر دەستلەکار دەکێشێتەوە، سوپاسگوزاری دەکەین‌و

ئاهەنگ دەگێڕین کە لە کوڵمان بووەتەوە، بەڵام بۆ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) هەناسەیەکی ساردمان هەڵکێشا، ئەو نامەی کە بەجێیهێشت بوو، بووبە قەزییەی شەقام. کاک (جەلالی عمری سام ئاغا) هەر لەوەدا نەوەستا کە هەر لە بابەتی داراییدا شارەزابێت، بەڵکو هەڵویستی جدیی لە ناو خەڵکدا هەیە، هەمیشە دەرگاکەی والآیە بۆ رۆژنامەنوسان، هەمیشە بەوردی چاودێریی هەواڵەکانی کوردستان دەکاتو دەپرسێتو ئاگاداری ئەو هەوالآنەیە کە لە کوردستان دەگوزەرێت, دڵگران دەبێت بەو دیاردە نەخوازراوانەی کە لەکوردستاندا هەیە.

لەکاتی دروستبوونی خۆپیشاندانەکانی (١٧/ی شوبات) دا، زۆر لە بەرپرسان هەوڵیان دەدا کە سیخوڕەکانیان بنێرنە ناو خەڵکو ئەو خۆپیشاندانە کپ بکەنەوە، وە داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ نەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە دەرەوەی وڵات نامەیەکی نارد بۆ حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەت کە داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ بکەنو ئەو گوللانەی کە دەینێن بە گەنجانەوە بینێن بە گەندەڵییەوە، ئەو (٨٦) کەسەی کە داویەتی بە دادگا دادگاکان بۆ ڕای گشتیی تەرح بکرێت، ئەو ڕاپۆرتانانە کاریان پێ بکرێت، بابەتی نهێنی پاراستن لەسەر دیوانی چاودێریی لا بچێت.

هۆکاری سەرکەوتنی یابانییەکان بۆ ئەوەیە کە عەشقیان بۆ کارەکەیان هەیە، بەڕاستی کاک (جەلالی عمری سام ئاغا) کەسێکە کە عەشقێکی گەورەی بۆ ئەم کارەی هەیە، ئەم عەشقەی وای لێکردووە، ئەو هەڕەشەی کە کەسە گەندەڵەکان لێی دەکەن لە بەردەم ئەم عەشقەدا بچووک بێتەوە، هیچ بابەتی برادەرایەتیو خزمایەتیو حیزبایەتیو دۆستایەتی نەیتوانیوە کار لەسەر ئەم عەشقەی بکات.

کاک (جەلالی عمری سام ئاغا)یەکێکە لەو کەسانەی کە بەرپرسیارییەتیەکەی ئامانجێکی پێدابوو، ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتیش خەڵاتیان دەکرد، شەقامیش ناوی (جەلالی عمری سام ئاغا) بەهەند وەردەگرێت، چونکە ئامانجی کارەکانی کاک (جەلال) لەگەڵ ئامانجی شەقامدا یەکێکن.

بەڕاستی دەبێت ئێمە بپرسین: کە ئەو (٨٦) کەسەی کە کاک جەلال ڕاپۆرتی لەسەر ئامادەکردنو گەندەڵییەکانی کۆکردونەتەوە بەکوێ گەیشت؟؟؟؟ بۆچی ئەوانە نادرێن بە دادگا؟؟؟؟ بۆ ئەوەی کە بزانین کاری کاک جەلال چییە؟ ئەو دەسگا گرنگەی چاودێرییو دارایی چی ئامانجێکی پێکاوە؟

من پێمباشە یاسای ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٠٨) کە سیفاتێکی نهێنیی داوەتە جەلالی سام ئاغاو هاوڕێکانی ئەم سیفاتە نهێنییە هەڵبگیرێت و ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، کارکردنی کاک (جەلال) ببێتە مەنهەج و لە زانکۆکانی کوردستاندا بخوێنرێت وەک

چۆن لە ژینگەیەکدا کە گەندەڵیی باڵی بەسەردا کێشابو، چۆن ئەم بەرامبەری وەستاو ئەم هاواری گەندەڵییە دروست دەبێتو ئەو کارە دەکات بۆ ئەوەی کە ئەم گەندەڵییە لێرەدا بوەستێنرێت.

قسەکردن لەسەر کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) قسەکردنە لەسە ئەزمونێکی ئیداریی نوێو جیاواز لەکوردستاندا، من لێرەدا چەند پێشنیارێکم هەیە لەم دیمانەیەدا:

یەکێک لەو پێشنیارانەم ئەوەیە کە پەیکەرێکی بۆ بکرێت، هەر لە چاودێریی داراییدا دابنرێت، بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە کردوویەتی هەمیشە باڵ بکێشێت بەسەر هەموو بەڕێوەبەرەکانی ئەو دەزگایەدا.

دووەم: دۆسێی ئەو (٨٦) کەسە بخرێتە ڕوو، بدرێت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنو شەقام پێیان بزانێت.

بەڕاستی ئەو خەڵاتەی کە بەڕێز کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) داینا بۆ خانمانی (سەلار)و خەڵکی شایستەو داهێنەر لەناو دەزگاکەی خۆیدا، ئەمە گەشەی پێ بدرێتو گەورە بکرێتو ببێت بە مۆدێلێک حکومەتی هەرێم کاری پێ بکات بۆ هەموو دامودەزگاکان.

چونکە لە هەموو دامودەزگاکاندا فەرمانبەری چالاک هەیەو خانمی سەلار هەیە، ئەم ئەزمونەی کاک جەلال سودی لێ وەربگیرێت، ببێت بە نەریتێک بۆ هەموو دامو دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە ڕاستیدا ئیدارەی کلاسیکی هەیەو ئیدارەی مۆدێرنە هەیە، بەڕاستی کاک جەلال باڵە مۆدێرنەکەیەتی، خۆی هاتووە کەسە لێوەشاوەو شایستەکانی لەسەر موڵکی خۆی خەڵات کردووە، ئەمەش مۆدێلێکی نوێیە لە ئەزمونی ئیداریی لە کوردستاندا، بەمشێوە مامەڵەو هەڵسەنگاندنو پێزانینی کەسانی لێوەشاوە، وڵاتەکەمان پێش دەکەوێتو شەپۆلی گەندەڵیی لەبن دەهێنێت، ئایندەیەکی گەش دروست دەبێت، ئەگەر ئێمە بەپێی ئەزموونەکانی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بڕۆین بەڕێوە...

# پانزە

## بەڕێوەبەری نوسینگەی دیوانی چاودێریی دارایی

### دالیا ئەسعەد

لەو ماوەدا کە لەگەڵ بەڕێز کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کارمکردووە جێگەی شانازییە، بەڕاستی بۆ فەرمانبەرەکان باوک بووە، سەرۆکی دیوان بووەو لە هەموو خۆشیو ناخۆشییەکانی فەرمانبەراندا بەشداریی کردووە. مەرج نییە کە لەگەڵ هەموویدا ماوەیەکی زۆر لەتەکیدا بێت، بەڵام لەکاتی کێشەکاندا پێکەوە ئەو کێشەیان تێپەڕاندوەو چارەسەریان کردووە، لە هەموو بۆنەکاندا لەتەک فەرمانبەرەکاندا بەشداربووە، ئەمەش بە شایەتی هەموو فەرمانبەرەکان، بە بەڵگەوە لە فەرمانگەکەدا ئەوەمان هەیە کە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، چەند بە پەرۆشەوە هاوکاریی هەموو فەرمانبەرانی کردووە. ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەم فەرمانگەی ئێمەو فەرمانگەکانی دیکە، ئەوکاتە دەبینین کە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، چی جیاوازییەکی هەبووە لەنێوا بەڕێوەبەرەکاندا. یەکێک لە داهێنانەکان لەنێوان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە شتێکی نوێیە ئەویش دابینکردنی خەڵاتێکە بەناوی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە ساڵی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) ئەم خەڵاتە دەدرێت بە چەند فەرمانبەرێکی شایستەو چەند خانمێکی سەلاری ناو دیوان، ئەو خەڵاتە بەپێی هەڵسەنگاندنی لیژنەیەک بەخشرا، کە بریتیی بوون لە: (بەڕێوەبەری چادوێریی دیوان، جێگرەکەی، بەڕێوەبەرە گشتییەکانو جێگری بەڕێوەبەرە گشتییەکان، لەگەڵ بەشی یاسا) دوای خانەنشینیی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پارچەیەک زەوی هەبوو کردی بە خەڵات بۆ ئەو کەسانە، لەڕێگەی لیژنەیەکەوە کە لە بانکدا پارەکەی دانراوەو زیادەی ئەو پارەیە دەدرێت بەو فەرمانبەرانە.

# شانزە

## عەینەك لە چاوێك:

## دكتۆر هەڵكەوت حەكیم

بۆ یەکەمجار کە کاک (جەلال عومەر سام ئاغا)م بینی لە ماڵی کاک عەدنان موفتی بوو، زانی کە کاردەکەم لەسەر تەریقەتو مەولانا خالیدی نەقشبەندیی، پێی گوتم: کە وێنەیەکی ژوورەکەی مەولانای هەیە، زۆر حەزم کرد کە ئەو وێنەیە ببینم، پاش ماوەیەک هاتمە سلێمانی لەوێ تەلەفۆنم بۆ کردو بینیم، بەڕاستی زۆر باسی وێنەکەمان نەکرد، هەندێک شت هاتە پێشەوە خەریکی نوسینێک بوو داوای لێکردم بیخوێنمەوەو بزانم بۆچوونم چییە لەسەری، هەر ئەو شەوە خوێندمەوە و ڕۆژی دووەم بۆم بردەوە، سەرم سوڕما لەم کەسەی کە بۆ دووەم جارمە دەیبینم بەتایبەتی لە دوو شت:

یەکەم: لە نەترسیی ئەم کەسە لە خەبات دژی گەندەڵیی، لەکاتو شوێنێکدا کە بەڕاستی گەندەڵیی دەستی بەسەر ئەم هەرێمەدا گرتبوو.

ڕۆژێک لێم پرسیی: ئایا ناترسیی لەسەر ژیانی خۆت؟ من لە دەرەوە هاتبووم بارودۆخەکەم بە باش نەدەزانی، وتی: نەخێر ئەگەر شتێکم پێ بکەن، ڕۆژی دووەم دنیا دەیزانێتو دەشزانرێت کێ کردوویەتی!

دووەم: باسی ئەو کەسانەی کە گەندەڵییان بەرامبەر کراوە، عەزاب دەبینن، ئەوکاتە باسی ئەو بابەتەی بۆ کردم باشتر لەو بابەتە تێگەیشتم.

پاش ماوەیەک کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) هات بۆ فەرەنسا، ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین، کاتێک ئەو نامەی نوسی بۆ خۆ پیشاندەرانی بەردەرکی سەرا، (١٧)ی شوبات بەڕاستی من کە خەریکی نوسینو لێکۆڵینەوەم سەرم سوڕما لە شتێک، ئەویش توانای تەرکیز کردنی کاک جەلال بوو.

نامەیەکی کراوە بوو بە یەک هەفتە نوسی، دێڕ بەدێڕ، پیت بە پیت، بیری لێ دەکردەوە کە بەڕاستی سەرنجی منی ڕاکێشا لەو توانایە، نەی دەویست بە هەڵەدا بچێت، دەیویست هەموو وشەیەک لە شوێنی خۆیدابێت، ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین، بەڕاستی لەکاتێکی زۆر ناڕەحەتیدا دەژیاین.

لەو کاتەشدا ئازایەتی پیشاندا، ئازایەتی بەرامبەر بە ژیان، بەرامبەر بە خۆی، بەرامبەر بە ترسی لە ژیاندا.

شتێک دێتەوە یادم ژنێک هەفتەی جارێک دەهات ماڵەکەی پاک دەکردەوە، فرەنسیەکەی زۆر خراپ بوو، بۆ ئەوەی لە (٣) ڕستەی تێ بگەیت دەبوایە بە تەرکیز گوێی لێ بگریت، نە فرەنسیەکەی باش بوو نە تەرکیزی باش بوو، بەڵام زۆر قسەی دەکرد نەدەوەستا، بەیانیان کە کاک جەلال هەڵدەستا ئەو ژنە قسەی بۆ دەکرد بێ ئەوەی کە یەک وشەی لێ تێ بگات، بەردەوام گوێی لێدەگرت، لەدواییدا پێی گوتم: ئەرێ چەند شتێکم فێر بکە ئەو هەر قسە دەکات‌و منیش ڕووم نایەت بڵێم: تێ ناگەم، وتم: باشە ڕۆژ باش‌و چۆنی خانمت فێردەکەم.

# حەڤدە

## ژن لای مرۆڤە سپییەکە واتە نیشتمان

### ستارە عارف

لە ماوەی ٢٧ ساڵی حوکمڕانیی هەردوو بنەماڵەی قۆرخکاری بارزانی و تاڵەبانیدا، مرۆڤە سپییەکان یان پەراوێز خراون، یان بەهۆی زۆریی کردەی مافیایی و گەندەڵی بەرپرسانی هەردوو حزب و پاشکۆکانیانەوە، لە تارماییدا بوون و نەبینراون یان ڕاستر هەوڵ و تێکۆشانیان بەهەند نەگیراوە، بەهۆی ئاست نزمی ئەو بەرپرسانەوە، یەکێک لەو کەسانەی خۆڕاگرانە و بەرپرسیارانە و نیشتمانییانە ژیاوە و کەسێتی و ناوبانگی خۆی بە پاکی پاراستووە و بۆ چەتەکان نەچەماوەتەوە و لە پشت پەردەوە متمانەبەخۆ کاری کردوە، کاک جەلالی سام ئاغایە.

لە ماوەی ٩ ساڵ کارکردنیدا لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە پلەکەی وەزیر بووە.. وەک وەزیر نەژیاوە و هەموو یارمەتی و ئیمتیازێکی تایبەتی بۆ خۆی ڕەتکردۆتەوە و سادە و ساکار ژیاوە، (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەسەر هەر سێ دەستەڵاتەکە بۆ دادگاییکردنی کۆمەڵێک تۆمەتبار ئامادە کردووە، (٨٦) کەیسی گەندەڵی قورسیشی خستووەتە بەردەم دادگا و بۆ پەرلەمانی کوردستانیشی ناردووە، هەرچەندە هیچ یەکێک لەوانە لەلایەن دادگا و داواکاری گشتییەوە نەجوڵێنراون.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕووبەڕووی هەڕەشە و هەوڵی تیرۆرکردن و زەحمەتی قورس بۆتەوە، هەر کۆڵی نەداوە و سازش بۆ دەستڕۆیشتوان ناکات و ئاڵنگاری حوکمی چەتەکانی هەردوو بنەماڵە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاری بەخشین و خزمەتی نیشتمان بەردەوامە، گەورەییە بۆ مرۆڤێک لەناو دەریایەک خراپەکاری دەستەڵاتی هەردوو حیزبدا ئەو هەنگاوەکانی خێراتر بوون.. بۆ ساتێکیش خزمەتی نیشتمانی لەیادنەکردووە، سام ئاغا تا ئێستاش لە کاری بەخشندەیی بەردەوامە و خانووەکەی، کە بە ئەرک و ماندووبوونی خۆی دروستیکردووە، لەسەر وەزارەتی تەندروستی هەرێم تاپۆی کردووە، تا پاش خۆی بکرێتە نەخۆشخانە و میللەت سوودی لێوەربگرێت، دروستکردنی قوتابخانەیەکی دوانزدە پۆلی بۆ منداڵانی ڕەشوڕووتی

***جەلالی عومەری سام ئاغا***

ئەم وڵاتە بە ناوی (زەکیە سام ئاغا)وە لەسەر ئەرکی خۆی لە ڕۆژی ٢٠١٧/٨/١٠ وە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، زەکیە سام ئاغای خوشکی یەکێکە لە مامۆستا دیارەکانی شاری سلێمانی و کۆچی دوایی کردووە، ئەختەر خانی خوشکیشی شوقەکەی خۆی بە دیاری بە وەزارەتی پەروەردە دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بە باخچەی ساوایان بکرێت و بۆ سوودی گشتی وڵات و منداڵانی ئەم گەلە بەش مەینەتە، بڕیاریشە هۆڵێکی پرسەی ژنان بە ناوی ئەختەرخانی خوشکییەوە دروست بکات.

# هەژدە

## کوردپەروەری.. هەموو سەردەمێك(٢٥)

## جەلالی عومەری سام ئاغا

گەنجێکی تازەپێگەیشتوو، لەبنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو، فێری پیاسە لەکەناری دیجلەی بەغداو شەوتەیکردن لەگەڵ گەنجانی سلێمانی، ئێستا لە- زینوی شێخی و حاجی ئۆمەران – لەناو خێوەتا چاو دەگێڕێ بەخولگەی ئاسمانداو گوێ هەڵدەخات بۆ فرەفری فڕۆکەو شریخەی بۆمباران، بیر لەوەدەکاتەوە دەرگایەکی والا بدۆزێتەوە، کە موچەی پێشمەرگەو خەرجیی شۆڕش چۆن دابین بکەین، لەشاخ زۆر دەزگاو دائیرەمان دانابوو، وەکو حکومەتی بەغداو حوکمەزاتییەکەی کە دەستنیشانیان کردبوو بۆ کورد، یەک لەوانە (ئەمانەی عاممە) بوو، لەجیاتی وەزارەت. هەر ئەوەش وایکرد کە من پیاوێکی ناسراو و ناوداری شۆڕش بناسم، لە ئەمانەتی کشتوکاڵ، ئەویش (شەمسەدین موفتی) بوو، کە ئەمینی عام بوو، دوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامە شومەکەی جەزائیر، رەحمەتی مەلامستەفای بارزانی، (١٠)کەسی بانگهێشتکرد، لەوانە کە لەبیرم ماوەتەوە (دارا تۆفیق، د.دارا رەشید، د. کەمال مەزهەر، خەسرەو تۆفیق)و دواتریش – د.مەحمود عوسمان – هاتە ناو کۆبوونەوەکەوە بۆ ئاگادارکردنیان لە دەنگوباس‌و پرس‌و تەگبیرکردن، بەندە یەکێک بووم لەو (١٠) کەسە. شەو دانیشتین تا بەری بەیان و لەسەر فەرمانی بارزانی قەراردرا کۆبوونەوەکە لای کاک ئیدریسی رەحمەتی درێژە پێبدەین، لەبیرم ناچێت ئێوارە خەریکبوون سفرەی نان‌و خوانیان دادەخست.. ئێمەش بەپێی ئیشارەتی کاک ئیدریس دەستمان ڕاگرتبوو کە چاوەڕوانی خەبەرێکی گرنگ بکەین. سەرەنجام چاوەڕوانییەکە کۆتایی هات‌و رەحمەتی کاک شەمسەدین موفتی کە لە ئێرانەوە گەڕابۆوە هاتە ژوورێ، هەموو بەهیوای خەبەرو قسەیەکی خۆش بووین. کاک ئیدریس خۆی پێڕانەگیراو خێرا پرسی جوابی ئێران چ بوو، کاک شەمسەدین بەبێ هیچ موجامەلەو پێچوپەنایەک وتی: (بەداخەوە هەموو

(٢٥) هەولێر -٤/١٠/٢٠١٢

دەرگاکان بەڕووی ئێمەدا داخراوە، شا و دەوڵەتی ئێران دەڵێن: یان وەرن بۆ ئێران پەنابەریتان دەدەینێ، یان بڕۆن بۆ دەرەوە، یان عێراق عەفوی داوەو بگەڕێنەوە بۆلای حکومەتی خۆتان). زۆری پێنەچوو منی گەنج‌و شەمسەدینی بەئەزمون‌و دەیان هەزاری وەکو ئێمە کە دەرویێشی کوردایەتی‌و سەربەخۆیی بووین، کەوتینە ژێر هەرەسی نەگبەتی‌و هەرکام بەلایەکدا رۆیشتین، یان باشتر بیڵێم: هەرکام بە کونێکدا رۆچووین، بەڵام یادگاریی ئەو پیاوە خوێن شیرین‌و قسە خۆشە، کە لەناو گەروو غوباری شۆڕشیشدا هەر تەڕپۆش‌و پاکوخاوێن بوو هەر لەمێشکمدا بووە، ساڵ هات‌و ساڵ رۆییشت.. داگیرکەران نەیانتوانی سەرەڕای ئەنفال‌و کوردقڕان، ئەم پاروە قورسەی کوردستان قووت بدەن‌و جارێکی تریش کورد سەری بەرزکردەوەو کوردستان بوژایەوە. ئەمجارەیان نەوەیەکی نوێ لە شۆڕشگێڕان‌و کوردپەروەران هاتنە سەر گۆڕەپانی ئەم نیشتمانەو جڵەوی خەباتیان بەدەستەوەگرت‌و سەنگەری سەرکردایەتیان ئاوەدانکردەوە، بەڵام کاک شەمسەدین موفتی پێشمەرگەی دێرین وازی لە خەبات نەهێناو لەگەڵ نەوەی نوێش دیسان تێهەڵچۆوە. ئەمجارەیان لەماڵی کاک عەدنان موفتی برازای‌و دواتر لە ماڵی خۆی بەخزمەتی گەییشتم‌و یادی کۆنمان زیندووکردەوەو خەفەتی کۆنمان بەباداو هیوای تازەمان هەڵڕشت، ئەمجارەیان لە دەورەی شۆڕشی پێشوو زیاتر بوینە دۆست، بەجۆرێک کە چەند مانگ بەرلە مەرگی، کە میوانی جەنابی مامجەلال بوو لە سلێمانی، لوتفی براگەورەیی بەجێهێناو پێش (دەباشان) هاتە ماڵێ و سەردانی منی کرد.. هەرگیز بیرم ناچێتەوە، لە لەندەنیش کە لە خەستەخانە کەوتبوو، کاتێک کە بەهۆش دێتەوە، لەناو دۆست‌و خزم‌و کەسوکاردا، هەواڵی منیشی لە کاک عەدنان پرسیبوو.

بەندە چی دەتوانم بکەم لەجوابی ئەو هەموو نەجابەت‌و میهرەبان‌و موحیبەتەدا؟ جگە لە سەلامێک، سەلامێکی سادەی پڕلە خۆشەویستی، هیوادارم لەو دونیاش بەقەد ئەم دونیایە دەوری ئاوەدان بێ بەدۆستانی بەوەفاو یارانی بەسەفا.

# نۆزدە

## پیاوێك لە پەڕەی گوڵ(٢٦)

### شێخ یەحیا بەرزنجی

تاریک و لێڵی بەر لە بەیان بوو، بەنیازی ئەنجامدانی ئەرکی دەستپێکی رۆژێکی نوێ و هەڵقون و داقون و هاتوچۆی وەرزشباو بەناو خەیاڵ و خەتەرەی باخچە ناسکەکەمدا ڕاستبوومەوە، کە چەندین گوڵی تێدا ژاکاوە، نەسیمی سوحبەدەم کەمتر ڕووی تێدەکات. دەموویست ساتێکی بە خەیاڵ دڵخۆشکار بگوزەرێنم. بێئاگا، دەستم بۆ ئایفۆنەکە برد و تیلی چاوم بە هاتووەکاندا گێڕا! ڤایبەر... پێکەنی بانگی کردم، نامەم پێیە! دیاربوو، نامەیەکی کردبووە خەو، کە لە بەرەبەیانی رۆژی شەممە(٢٠١٦/٠٥/١٤)ی زایینی، لە ئامێزی گرتبوو. گەشبوومەوە، کام فریشتەی بەختی ئاڵۆزمە کە دەرگای رۆژی خۆشی و ئومێدی لێکردوومەتەوە؟ دڵم پڕ لەخۆشی، لە یادگاری جوان، تارمەو بالکۆنی خانووی گردی سەرچنار و ماڵی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، زەردەخەنە و هەستی ناسکی مرۆڤی گەورە و هەڵوێستی جوامێرانە لە رۆژگارە تاڵەکاندا. بەو دەروونە کەیلەوە، وردە وردە تام و چێژی گەوهەرە وشەکانم دەکرد. نوسراوێک بە ناونیشانی ( پیاوێک لە پەڕەی گوڵ)، لە وڵاتی غوربەتەوە، لە ئەمریکاوە، لەسەرچاوەی نەهامەتییەکانەوە (موحەمەد بەرزی)، نوسیوێتی و لەبەرزی مرۆڤ دەدوێت، لەم ڕۆمانە بەکۆتا نەهاتووەدا، (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی کردووە بە پاڵەوانی ئەم داستانە و بەڕێزیشیان وەک جوانترین دیاری منی بەیاد کردەوە. نامەکە باس لە یاسای سروشتی ژیان دەکات، بۆ ئەم جەنگەڵستانە، دەیەوێت پەیکەر بۆ ئەکتەرەکان بتاشێت و لە لوتکەی بڵندی کۆمەڵایەتیدا دایانبنێت! گیانە بەرزەفڕەکانیان بۆ داهاتوویەکی دوور...دوور، لە مۆنۆمێنتی نەوەی رۆژگارەکاندا، دابنێت. تا ببن بە زیارەتگای هەمیشەیی بۆ (جوانی- خۆشەوییستی- مرۆڤ). ببورن، دیارە هەموو ئایینە یەکتاپەرستەکان، هەموو مرۆڤە خاوەن و بیرو خاوەن هەستە بەرزەکان سەرجەم دەقە پیرۆزەکان، لە (بیری چاک- گوفتی چاک- کرداری چاک) دەدوێن! تا مرۆڤ،

(٢٦) هەولێر- ٢٠١٦/٠٥/١٥.

مرۆڤ بێت ئەم هەموو دەق و یاسا و عورف و عادەتە، بۆ داڕشتنی چوارچێوەی ژیانێکی ئاسودەی دادپەروەرییە بۆ مرۆڤەکان، بەڵام داخەکەم! لەڕاستیدا، پەیامەکەی حەزرەتی عیسا، نامەکەی حەلاج و حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانی و قازی موحەمەد، مارف بەرزنجی وعەلی بۆسکانی، وەک یەک ئاڕاستەی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لە خزمەتی مرۆڤدان، کەچی زۆربەیان بەدارا کران! بۆیە نابێت نائومێد بین، نابێت بوەستین، دڵنیابن، بەداری سێدارەکەشەوە، لەئاسمان نزیک دەبنەوە و لەهەمووان بەرز و بڵندترن، هەموو باوەڕ و ئیمانی خۆپەرستان، لەژێر پێی حەلاج دایە. لەپێش چاومە، دەیانەوێت کە ڕاست و دروست گوفتارەکان بخۆن، لەناویان بەرن، بەڵام با دڵنیابن، ئێسکی ئەم مرۆڤە دانسقانە هەرس نابێت و لە گەروو و هەناوی نەفامە شەیداکانی دەسەلات و دراودا دەبێت بە دەردێکی کوشندە. ئەم باسە، بابەتێکی دێرینی بەیاد هێنامەوە ( شێخ موستەفای ئامۆزام)، گێڕایەوە گوتی: « لە ساڵی (١٩٦٣)ی زایینیدا، دوای کودەتا شومەکەی (٨ی شوبات)، کاتێک لە گەرمیاندا، باوی ڕاوەدوونانی شیوعییەکان بوو. دوو برا هەبوون بە ناوی ( ئەحمەد عومەر قەصاب و بەکر عومەر قەصاب)، دەستگیر دەکرێن، دەیانبەنە بنکەی (بنە بەراز)، لەناو جاف، دوای ئەوەی زۆر ئازاریان ئەدەن، داوایان لێدەکەن بەڵێن بدەن دەستبەرداری ئەو بیروباوەڕە بن، زۆریان لێدەکەن، بەڵام بێ سود دەبێت. بەرپرس تورە دەبێت، لەگەڵ جنێوداندا، تورە دەبێت، بەسیەتی، یەک شیوعی نەماوە، تەنها ئێوە هەردووکتان ماون، بەقسەمان نەکەن، خراپتان چاو پێدەکەوێت.

ئەحمەد: کە برا گەورەکە بوو، پێدەکەنێت.

بەرپرس تورە دەبێت، لەگەڵ جنێودان و ئالۆزیدا ، دەڵێت: بەچی پێدەکەنی؟

ئەحمەد، دەڵێ: هەر کەس نەماوە؟ بەرپرس دەڵێت: نەخێر! ئەحمەدی نەخوێندەوار و هەژار، دەڵێت» خودایە زۆر شوکر، ئەلحەمدولیللا، جارێ ئەوە لە ماڵی ئێمە ئەم دوو برایە ماوین، لەخوا بەزیاد بێت، زۆرین! ئەوەندی تریان تێهەڵدەدەن. جابرا هەرکەس بەدەردی خۆی و کوردەواری گوتەنی: (دونیا خاڵی نییە)... خاوەن ویژدان و مرۆڤدۆستەکان هەر دەمێنن.

دڵخۆشم، بە برسێتی، بەبێ ئیشیی، بە لێپرسینەوەی هاوەڵان، بە لوتبەرزی چاوچنۆکان، بەچەپڵەژەنی ماستاوچییەکان! گومانم نییە، ئەو پەیکەرەی خوازیار بوون بکرێت بۆ ئەوانە گەلێک دڵنیابن بۆ مەشخەڵ بەدەستە بیر دروستەکان دەکرێت، ڕەنگە زۆر لەو زەبەلاحانە بەر ڕەخنەی توندی ڕۆژگار بکەون.

دەستخۆش کاک موحەمەد بەرزی!

سوپاس بۆ تۆی ئازیز، کاک جەلالی عومەری سام ئاغا.

# بیست

## هەڤاڵی بەڕێز: جەنابی مام جەلال

بە سڵاوی گەرم و ڕێزی بێ پایانەوە، هەمیشە سەرکەوتنتان مایەی بەختەوەریو شادمانیمانە. بەڕێز: جەنابی مام- شارەکەمان بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی ئێوە شارستانیی ویست و شار خۆشەویست، ڕۆژبە ڕۆژ جوانتر و ڕازاوەتر دەبێت، دیارە ئەم هاندانەی بەڕێزتان وامان لێدەکات، کە چاوەڕوانی لوتفی هەمیشەییتان بین. لەکاتی تەشریف هێنانتانا بۆ ئیدارەی گشتی، ڕۆژی (٢٠٠١/٠٣/١٥)، عەرزم کردن، کە کاک شێخ دارۆی شێخ نوری خواستێکی هەیە، دوای ئەوەی پوختەی خواستەکەی شێخم بۆ بەڕێزتان شیکردەوە، بەلاتانەوە پەسەند بوو، ئێستا بۆ بیرخستنەوەی جەنابتان دەمەوێت خواستەکەی کاک دارۆتان پێشکەش بکەم، کە بریتییە لە (إضافە)کردنی زەوی ژمارە (٦٢٠/٩١ لە مقاطعەی ٨ آبلاخ، بەڕووبەری ٢٦٦/٩٨م٢) بۆ سەر باخچەی ئیدارەی گشتی کە دەبێتە هۆی زیاتر جوان بوونی ئەو تەلارەی سەرنجی بەڕێزتانی زیاتر ڕاکێشابوو، جگەلەوەی کە ڕەونەقی زیاتر بەو ناوچەیە دەبەخشێ. وە بۆ ئاگاداری بەڕێزیشتان شوێنێکی شیاو بۆ پەیکەرەکەی زەبیحی، دەستنیشان کراوە.

بەڕێز جەنابی مام: بە ئەنجامدانی ئەم کارە، پێویستی بە فەرمانی بەڕێزتانە بەپێی مەرسومێک کە موڵکییەتی ئەو پارچە زەوییە لەشارەوانییەوە بخرێتە سەر ڕووبەری باخچەی ئیدارەی گشتی. گومانمان لەوە نییە کە هەرکارێک بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت و بەمەبەستی سودی شار و خەڵکەکەی بێت، بەڕێزتان بێ سێ و دوو لێکردن، بە ئەنجامی دەگەیەنن. لەو ڕوانگەیەوە، چاوەڕوانی فەرمانی بەڕێزتانین. جارێکی تریش ڕێز و خۆشەویستیمان دووبارە دەکەینەوە.

هەر شاد و سەرکەوتوو و سەلامەت بن بۆ کورد و کوردستان

هاوپێچ: نەخشەی جێگاکە

**دڵسۆزتان**

**جەلالی عومەری سم ئاغا**

**٢٠٠٢/٠٧/٢٠**

# بیست و یەك

## هەموو هەر پاشا(٢٧)

**هۆشیار عبدوللا**

ئەم بەیانییە، هەینی... وەکو زۆر رۆژی تر، کە لە شار بم، سەرێکم دا لە کاک جەلالی عومەری سام ئاغا، ئەو... یەکێکە لەو پیاوانەی بۆ من و ژمارەیەکی زۆری هاورێ نمونەی بالآی پاکی و سادەیی جوانی و وەفا و دڵسۆزییە.

ماڵەکەی پڕە لە وزەی ئیجابی، وەک هێلانەی سانەوە و کانیلەی ئارامبەخشی هەمووان وایە لەوپەڕی ڕاست بۆ ئەوپەڕی چەپ، کاک جەلال خۆی و سێبەری ماڵەکەی و لوتف و نەجابەتە لێوانڕێژەکەی، سپیاییەکەی زۆر رۆشنە لە زەمەن و سەردەمێکی ڕەش و تاردا... بەهیوای تەمەندرێژی و سەلامەتیم بۆی!

من زۆر حەزم لە ئاستی گفتوگۆکردن و نمونە و پەند و بەیتە شیعر و بەسەرهاتەکانییەتی، بەردەوام لە ئاستێکی قوڵ و مانادارردا، قسە دەکات، بەشێکیانم لای خۆم نوسیوە. ئەمڕۆ گفتوگۆمان لەسەر دۆخی سیاسی، بەگشتی نەزعەی پۆستو کورسی و مانەوەی ماوەی زۆری گروپێکی سیاسیی بوو لە مەشهەدە سیاسییەکە و  نەبوونی رۆحی بەخشینی دەرفەت و ئیستیقالە و ئەو باسانە بوو باسی ئەوەی مرۆڤ هەتا سادە و ساکارتر بێت، هەتا لە پۆست و پایە دوور بێت، مامەڵەکردنی خۆیشی و خەڵکیش لەگەڵیدا، خۆشترە. ئاسان و ئاسایی ترە. کاک جەلال وتی زۆر ڕاستە! ئەی نەتبیستووە دەڵێ، : (دوو دەروێش لەسەر بەرماڵێک جێگەیان دەبێتەوە، بەڵام دوو پاشا لە وڵاتێکدا جێگەیان نابێتەوە).

نمونەکەی لای من زۆر سادە، بەڵام  ڕوون و قوڵ و  ماناداربوو...

کێشەی ئەم هەرێمەی ئێمە، لە نێوان هەردوو برا بۆ خێزانەکان، بۆ ڕێکخراوەکان، بۆ گروپ و کۆمپانیا و وەزارەت و پەرلەمان، تا حیزب و دەسەلآت و تەنانەت هەندێکجاریش مەجلیسی ئاسایی ئەوەیە هەموو، خۆی پێ (پاشا)یە! نەک (دەروێش)! بۆیە خەریکە لەم وڵاتە فراوانەدا جێگەمان نابێتەوە، وا نزیکەی سەدەیەکە سەرقاڵی سڕینەوەی (یەکتری)ین.

---

(٢٧) هەینی - ١٥/ یۆلیۆ /٢٠١٤.

## بیست و دوو

# بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن؟

# بنچینەکانی دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و هەژاری

## لاپەڕە ١٤

## دارۆن ئاسمۆگلو- جەیمس رۆبنسۆن

دارۆن ئاسمۆگلو- جەیمس رۆبنسۆن... دەڵێن (لۆجیکی ئەوەی بۆچی دەسەڵاتداران نایانەوێ ئەو جۆرە دەزگا ئابورییانە دابمەزرێنن کە هانی گەشەی ئابوری دەدەن، بە ئاسانی بۆ هەڵبژاردنی دەزگا سیاسییەکانیش درێژ دەکرێتەوە. لەسایەی رژێمێکی ڕەهادا، هەندێک نوخبە دەتوانن دەسەڵات بەکاربهێنن بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگا ئابورییانەی دەیانەوێ. ئایا ئەوان ئارەزووی ئەوە دەکەن دەزگا سیاسیەکان بەرە و دەزگای پلۆرەلیستی بگۆڕن؟ بە گشتی نەخێر، چونکە ئەمە دەسەڵاتی سیاسییان کەم دەکاتەوە و بۆیان زەحمەتتر دەبێ، تەنانەت مەحاڵ دەبێ کە دەزگا ئابورییەکان بەو شێوەیە دابڕێژن کە بتوانن بەرژەوەندییەکانیان زیاتر بپارێزن.... ئەو خەڵکەی بەهۆی دەزگا ئابورییە چەوسێنەرەکانەوە توشی زیان دەبن ئومێدی ئەوەیان نییە کە دەسەڵاتە ڕەهاکان خۆویستانە دەزگا سیاسییەکان بگۆڕن و دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا دابەش بکەنەوە. تەنیا ڕێگە بۆ گۆڕینی ئەم دەزگا سیاسییانە بریتییە لەناچارکردنی نوخبەی سیاسی بۆ دامەزراندنی دەزگای پلورەلیستی زیاتر.

# بیست و سێ

## جەلالی عومەری سام ئاغا....

## پیاوێکی سپی لەنێو ڕەشاییەکاندا و مۆمێك لەتاریکیدا..

**ڕۆژنامەنوس: فەیسەڵ محەممەد**

کە دەچیتە دیوەخانەکەی، نە ئیشکەرو نەخزمەتکاری فلیپینی، ئەو بەدەستەکانی خۆی خزمەتت دەکات، کە لەتەنیشتییەوە دادەنیشیت، دەگەیتە ئەو بڕوایەی کە ئەم پیاوە هەرگیز جامێک ئاوی بەتەنیا نەخواردۆتەوە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئەوانیتردا تینوێتی خۆی شکاندووە، سام ئاغا لەو ساتەوەختەی هەست بەتاریکی دەورووبەرەکەی دەکات، ئیدی لەپێناو بەرچاو ڕوونی ئەوانیتردا وەک مۆم دادەگیرسێ. شەرەفمەندو سەربەرزم لەم پێناوەدا وەک ئەرکێکی ئینسانیو ڕۆژنامەوانی.. وەک میدیاکارێک، کە شەرەفی ئەوەم پێ بەخشراوە کتێبێک لەسەر ڕۆڵو ماندوبوونو ئەزموونەکانی جەلالی سام ئاغا بنوسم، بەپێویستیشی دەزانم لێرەوە سوپاسی زۆری کاک فاروقی مەلامستەفاو کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بکەم، کە بەهیممەتی ئەوانو هەوڵ و کۆششی هاوڕێو هاوکارم - ئاوات عەلی – فلمێکی دۆکیۆمێنتارییان لەسەر ئەم کەسایەتییە تۆمارکردووە، چونکە لەڕاستیدا ئەم فیلمە بووە هۆکاری ئەو کتێبەی کە ئێستا خەریکی نوسینەوەین..دەستخۆشی زۆریش لە ڕێکخراوی (کیدۆ) دەکەم بۆ بەخشینی ئەم خەڵاتەو بەرز نرخاندنی ڕۆڵی ئەم کەسایەتییەو بانگهێشتکردنی ئێمەش بۆ ئەم مەراسیمە..لەکۆتاییدا بەفرسەتی دەزانم لەم بۆنەیەدا داوا لەبرای بەڕێزم کاک جەلالی سام ئاغا بکەم، کە ئەوسەنگەرە پیرۆزە چۆڵنەکاتو بەردەوام بێت، چونکە دوورکەوتنەوەی ئەو زەمینەی زیاتر بۆ گەندەڵکاران خۆشدەکات، وەک میدیاش بەڵێنی پێدەدەین، ئەگەر ئەو خۆی ڕێگر نەبێت لەبەردەمماندا، لەئاییندەدا پرۆژەی زۆر گەورەترمان دەبێت لەگەڵی، هیوای لەشساغیو تەمەن درێژیو بەردەوامی بۆ دەخوازمو سوپاس بۆ ئێوەش. تێگەییشتنی مەسئولیەتو پۆستو بەرپرسیاریی لای «جەلالی سام ئاغا» «سەد دەرسەد-١٠٠٪» پێچەوانەی ئەوانیترە، ئەو هەرگیز پۆستو پێگەی خۆی

نەکردۆتە ئامرازێک بۆ مەرامی خزمایەتیو حیزبایەتیو بەرژەوەندیی خودی خۆی، نەک ئەمەی نەکردووە، بەڵکو ئەوەشی هی خۆی بووە بەخشیویەتی، چونکە وەزیفە لای ئەو ئەرک بووە، نەک ئیمتیاز، لەم رۆژگارەدا ئەم جۆرە مرۆڤانە دەگمەنن.. دەبێت دەستیان پێوە بگرینو رۆڵو ماندووبونەکانیان بۆ مێژوو بنرخێنین.. بیاننوسینەوەو بیانخوێنینەوە.. ئەزمونەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بە دۆکیۆمێنت بکەین.

ئەزمونی قۆناغە گرنگ و جیاجیاکانی سام ئاغاو حیکایەتی بوێرییو بڕوابەخۆبوونو بێمنەتی بەرامبەر ماڵی دونیاو ناوبانگو پاروی چەورو کورسی، حیکایەتگەلێکن، دەشێ مرۆڤ وەک بەهای بەرزی ژیان چاویان لێبکاتو بیانکاتە سەرمەشقی ژیانکردن...ئەو پیاوەی پاش دەیان ساڵ لە خەباتی شاخو زیندانیکردنو مەنفاو دوورخستنەوەو شەڕی سەختی عەدالەتخوازیی بۆ گێڕانەوەی موڵکو ماڵی گشتیی، تائێستا ئامادەنەبووە بۆ دە خولەک دەربکەوێو بانگەشە بۆ خۆی بکاتو بەخشینو ماندوبوونەکانیمان بەناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە پێ بفرۆشێتەوە.. لەبەرامبەردا ئەگەر شۆڕشگێڕێک دوێنێ لەشاخو لەنێو شۆڕشدا شەوێک سەرمای بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆگەرمکردنەوە، بیرە نەوتێکی هەڵگرتۆتەوە.

ناسینو ئاشنایەتیو بەرکەوتنی من لەگەڵ ئەم پیاوە بەخشندەو لەخۆبردووە، یەکێکە لە شانازییە هەرە گەورەکانی ژیانم، کاک جەلال پیاوێکی هێندە خاکییو بێ فیزو بێ گرێوگۆڵو شوشەیی یە، کە دەچیتە ماڵەکەی (بێ پرسگەو سکرتێرو پاسەوان) خۆت دەرگای حەوشەکە دەکەیتەوە،

پیرەمێردی شاعیرک دەڵێ:

**پیاوێ پیاوچاک بێ بۆ هەموو کەسێ      دەرگاشی نەبێ لەدز ناترسێ**

# بیست و چوار
## ئەم پیاوە ئاوا ببینن

**نەوزاد مەحمود**

با دڵخۆش نەبین بەو هەموو گۆرانییەی بە باڵای پیاوێکی دەستپاکدا دەگوترێن، چونکە ئەوە بەمانای ئەوە دێ، دەستپاکیی بووبێ بەچیرۆک و تەنانەت لەنێو خەڵکانی سادە و نوسەران و ئامۆژگاری خوێنەکانیشدا، نامۆ بووبێ.
بەدەگمەن ڕێمکەوتۆتە ماڵەکەی چەند میوانێک لەوێ نەبووبن. هەموو ئەوانەش هاتوچۆی دەکەن، ڕێگەیەک دەدۆزنەوە تاوەکو پێی بڵێن لەبەر دەستپاکیی و بەخشندەیی هۆگری بوون. بەڵام لەراستیدا ئەو پیاوە بۆیە ئەو ڕێگا سەختەی هەڵبژارد دەستە پیسەکان لە حکومەت دووربخرێنەوە و خەڵک چاوی لێبکەن، نەک هۆگری ببن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئاو بکەن بە لاپەڕە تەمومژاوییەکانیاندا.
باسی پیاوێک دەکەین، ناوی «جەلالی عومەری سام ئاغایە». ئەو بە پێشمەرگایەتی دەستپێکرد و دواتریش چەند بەرپرسیارێتییەکی حکومیی وەرگرت و دواهەمینیان، لێپرسراوێتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بوو. ئەو دیوانەی لە ساڵانی رابردوودا، بێبەزەییانە سلێمانی هەژاند. من هەمیشە وتوومە، جیاوازی نێوان جەلالی سام ئاغا و ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، ئەو شۆڕشێکی گەورەی ئەنجامدا بەبێ ئەوەی شەوێک لەشاشەی تەلەڤزیۆنێکەوە خۆی پیشانی خەڵک بدات و قسەبکات، بەڵام ئۆپۆزسیۆنەکان هەموو شەوێک لەسەرشاشەی تەلەڤزیۆنەکان قسەیان دەکرد.. بەبێ ئەوەی شتێک پیشان بدەن.
دیوانی چاودێریی دارایی، یەکێکە لە دامەزراوەکانی حکومەت و ئەرکی ئەوەیە لە ڕێگەی چەند تیمێکی ڕاهێنراو و شارەزاوە لێکۆڵینەوە لەبارەی خەرجی دامەزراوەکانی حکومەت بکات. واتە هەموو کارمەندانی ئەم دەزگایە بەدوای یەک پرسیارەوەن کە ئەویش «چۆنت خەرجکردووە؟»». لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەی سەرۆکایەتی ئەو دامەزراوەیەی کرد، ٢ هەزار و ٧٢٠راپۆرتی ئامادەکرد لەبارەی دامودەزگاکان لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین و بەدادگاگەیاندنی خەڵکانێکی زۆری

تۆمەتبار و تێوەگلاو بەدەستپیسی، کەزۆرترینی ئەو راپۆرتانە شۆکئامێز بوون لەبارەی چیرۆکە جۆراوجۆرەکانی بەهەدەردان و خراپ بەڕێوەبردنەوە.

تێگەیشتنی قوڵی من ئەوەیە، ئەگەر لەکاتی خۆیدا راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی ئاوت نەکرابان، ئێستا ئێمە دۆخێکی ئابوری و سیاسی دیکەمان لە باشوری کوردستان دەبینی و ئۆپۆزسیۆن ئەو مەودا زۆرەی گۆڕەپانی سیاسی دەست نەدەکەوت یاریی تێدا بکات.

ئێستا کاتی پرسیارێکی زۆر گرنگە.. پرسیارێک کە بەدڵی ئۆپۆسزیۆنەکانی باشوری کوردستان نییە.. چونکە کەس هێندەی ئەوان باسی گەندەڵی و دزی و یاساشکێنی نەکردووە، بەڵام ئەوە تەنیا سام ئاغا بوو کاتێک دەیوت گەندەڵی هەیە، پەنجەی دەخستە سەر ناوەکان و دەزگاکان..هەر بەو بێدەنگییە دادگاکانی پڕکرد لە دەنگەدەنگ، نەک شاشەی تەلەڤزیۆنەکان. ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین، دەزانن تۆمەتو دەستنیشانکردن چ جیاوازییەکیان هەیە؟!

لە نزیکەوە «جەلالی سام ئاغا» دەناسم، کاتێک پێشنیاریی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم و رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان دەخرانە بەردەمی، بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم دەمزانی ڕەتیان دەکاتەوە. دەزانم کە هەرگیز کەس بەپۆستێکی حکومی و حزبییەوە نایبینێتەوە، خەون بەوەش دەبینێ، بەیەک مەودا دووربێ لە هەموو پارتە رکابەرەکانەوە. ئەوە سروشتی پیاوێکی سپییە لە رۆژگارێکی لیخندا.

«جەلالی سام ئاغا»، خاوەنی نێوبانگێکە کە بەئازایەتیی خۆی بەدەستیهێناوە.. ئەو شەوە نوتەک و تاریکانەی خەڵک نوستبوون، ئەو لەبەرچراو و مۆمدا بە راپۆرتەکاندا دەچۆوە. هەرگیز شکۆمەندی بۆ ئەوە نەویستووە بیکاتە وتاری پشت ئامانجی دنیا ویستی.. من دڵخۆش نیم بەو گۆرانییە سیاسییانەی بەباڵایدا دەوترێن، چونکە دەزانم چەندجار لە فەرمووی سیاسی خۆی شاردووەتەوە. ئەو تەنیا «جسمێکی غەریب» نییە لەنێو ئەو سیاسی و دەستپیسانەی نائومێدیان کرد، بەڵکو «جسمێکی غەریب»ە لەنێو ئەوانەش کەدەیانەوێ لەماڵەکەی ئەوەوە جوانترین وێنە بۆ رۆژی هەڵبژاردن بگرن.

من زۆر بەکەمی لە ژیانمدا سەرسام بووم، بۆ نموونە سەرسام بووم بە (موحەممەد پێغەمبەر)یان بە گاندی و نووسەری مەزنی جیهانی نیکۆس کازانتزاکیس، یان گابریێل گارسیا مارکیز، یان بە ماندێلای مەزن و جەواهیری و زۆر ناوی جیهانی دیکە، بەڵام نایشارمەوە لە تۆدا، دونیانەویستی سەرسامی کردم. دوای ئەو سەرسامییە، ئیدی هەرچی بکەیی و هەرچی بڵێی ڕامناوەشێنێ. چونکە یەکجار بەسە بۆ ئەوەی لە مرۆڤێک و باوەڕی تێبگەی.. ئەوەش وایلێکردم خۆشم بوێی، بەڵێ خۆشم دەوێی.

لە وڵاتی ئێمەدا زۆر دەوترێ. بەشێوەیەک کە چاک و خراپ لەبارەی چاکەوە بەردەوام دەدوێن، بەبێ ئەوەی هەموو ئامانجەکان چاکویستیی بن، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر کار و کردار، لەوانەیە ژمارەی پەنجەکانی دەستیش زۆر بن! من هیچ کاتێک هیوا لەسەر هاتوهاوار و زەنازەنا هەڵناچنم، چونکە دواجار بۆخەڵک، چرایەکیان زۆر باشترە لە ملیۆنان کتێب کە لەبارەی چراوە بنوسرێن.

هانت دەدەم تاوەکو ئەو ڕۆژە کەمانەی بەدەستتەوە ماون، هەروا بە دونیانەویستی تەواویان بکەی. خاکەڕایی و بێدەنگی و هێمنییەکەتم خۆشدەوێ. لەهەموو شتێک مەزنتر کە تۆ مافی ئەوەت هەیە شانازی پێوە بکەی عاشق بوونتە، عاشق بە مرۆڤ و ژیانیان.

**بەڕێز سام ئاغا:**

هەندێک وای بۆ دەچن کەتۆ ئازابوویت. بەڵام واوەتر لەوە ئەوەیە، کە تۆ خەڵکت لەسەر گیان و ڕۆحی خۆت ڕاهێنا لەسەر ئازایەتی، نەک بە تەنیا خۆت ئازابیت، ئەوەش بەو ڕەنجە فەرهادییە بەدەستدێ کە تۆ بەخشیت، نەک ئەوەی لە کتێبەکاندا دەنووسرێ.

سەدان کەس تۆیان لەنێو دڵیاندا هەڵبژاردووە.. ئەوەش باشترین هەڵبژاردنە بۆ کەسێک، کە دەیەوێ بە خەڵک بڵێ، چیم لەدەست هات پێم بەخشین و جگە لە دڵیشتان، هیچ شتێکی ئێوە بۆ من گونجاو نییە تاوەکو لێتان وەربگرم.

من خۆشم دەوێی.. دڵنیام، کە زۆر خەڵکی دیکەش هەمان دیدی منیان هەیە

# بیست و پێنج
## بەڵگەنامەکان .. بێ بەهابوون

### حەمەڕەشید هەرەس

ئەو حەمەرەشید ناوەی کە لە ٢٠١٢/٣/١٦ دا، بابەتێکی لە سایتی ئاوێنەدا بە ناونیشانی( دیوانی چاودێریی دارایی لە دوتوێی چەند بەڵگەنامەیەکدا) بڵاوکردۆتەوەو منیش لەم چەند رۆژەدا بە ئارشیفی ئاوێنەدا ئەگەڕام بە ڕێکەوت ئەو بابەتەم دی، بێگومان بە پێویستم نەزانی هەمووی بخوێنمەوە، چونکە هەر کە گەیشتمە نیوەی سەیرم کرد هەمووی هەر جوینەوەی ئەو تۆمەتە کۆنانەیە، کە پێش ئەوەی لە هێلکەکە بێنە دەرەوە، پیس بووبوون.

ئەمە یەکەم جاری ئەم کاک حەمەڕەشیدە نیە، کە دژی دیوانی چاودێریی دارایی‌و خودی کاک «جەلالی سام ئاغا» بنوسێت، کاتی خۆشی لە ژێر ناونیشانی ( دوو حەمەڕەشید لە دوو سەنگەری جیاواز دا) لە لایەن نوسەری ئەم دێڕانەوە وەڵامی خۆی وەرگرتۆتەوە، بەڵام من لەم دەرفەتەدا بە پێویستی نازانم بێم هەرچی وتووە وەڵامی خۆی بدەمەوە، چونکە ئەگەر خۆی بێ ئاگا بێت ئەوا هەموو کۆمەڵگا ئاگادارن‌و گەواهی ئەوەن کە ئەم برادەرە( ئاوی لە دنگدا کوتاوە) چۆن؟

کاک حەمەڕەشید ئێستا کاتی ئەو درێژە پێدا نیە، باوەڕ بکە خوێنەر کە بابەتێک ئەخوێنێتەوە، حەز ئەکات بە زووترین کات تەواوی بکات و ئەمڕۆ کاتی جێبەجێکردنی (بە کوردی و بە کورتییە)خوێنەر تاقەتی خوێندنەوەی راستییە کورتەکانی نەماوە، ئێوە هاتوون ئەو هەموو چاو و ڕاو و چەواشەکارییەتان کردووە بە یەکدا، شانامەیەکتان لە درۆنامەیەکەدا هۆنیوەتەوە مەگەر هەر خۆت و ئەوانەی چزووی چاودێریی داراییان پیاچزاوە، باوەڕی پێ بکەن، ئەی نازانی ئەمڕۆ هەرچی دەم ئەکاتەوە، خاوێنی ، بوێری ، ئازایەتی، خۆنەویستی و بە تەنگەوە هاتنی کاک «جەلالی سام ئاغا»ی لەسەر زارە و بۆتە سیمبوڵی دژە ناپاکیی، ئەوەی بۆی ئەنوسێت گەورەیی تۆمار ئەکات و ئەوەی دژی ئەنووسێت هەر تەنها یەک شتی بۆ ئەمێنێتەوە ئەویش هاتنەخوارەوەی کەسایەتییەتی بۆ زۆر خوارەوەی مرۆڤ بوون‌و بیابانێک

لە نەبوونی مۆراڵ. ئەی ئاگات لەو هەموو ڕاگەیاندنانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارە بێلایەنانە نییە، خواخوایانە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە میدیایەکی ڕاستگۆ و بوێرن؟ ئەی ئاگات لەو هەموو ڕاگەیاندنانەی کەی ئێن ئێن، ئێن ئار تی، کوردسات، کەی تی ڤی، پەیام و ئەوانی ترو ئینجا ئاوێنە، هاوڵاتی، کوردستانی نوێ، خەبات، ئاسۆ، گۆڤارەکانی نێوەند، سڤیل، چەتر و هەموو ئەوانەی تریش.. ئینجا نوسەرانی بێ لەکەی وەک کەریم زەند و کامیل ژیر و سەرنوسەرانی ئاوێنە، هاوڵاتی، ڕۆژنامە، بەکر حەمە صدیق، ئاسۆس هەردی، مفید عەبدوڵا، هاوڕێ سەعید،، وەزیری داد، هەڵکەوت حەکیم، فەرهاد عەونی ، نزار محەمەد، سەلاحی موهتەدی، عەبدوڵڵا بەرزنجی، کاوە محەمەد، مستەفا ساڵح کەریمو ئوردوویەکی تریش لە نوسەرانی خاوەن هەڵوێست. ئەوە مایە شانازی منیشە کە پێش ئەم هەموو بەڕێزانە بەندە داکۆکیم لەم کەسایەتیە خاوێنە کردووە، ئێستا رووت تێ ئەکەم و چاو ئەبڕمە چاوت وئەڵێم: چیی وای لێ کردوویت ئەو هەموو بوختانە لە توورەکەی قینی ئەم و ئەو دەربێنیت و بتەوێت بێهوودە بە جەماوەرێکی بفرۆشیتەوە کە قوربانی گەندەڵین.. تاکە ئاسۆیەک کە هەبێت و چاوی تێبڕن کەسێکی وەک کاک جەلالە؟ ئەو دۆکیۆمەنتە قوللاپیانەی ئاماژەت پێ کردوون هیچ دامودەزگایەک و هیچ کارمەندێک هەیە پرکێشی بکات و بیسەلمێنێت کە لە سەرچاوەیەکی ڕاستەوە هاتووە؟ ئەی هەرگیز ئەو هەموو کۆمێنتانەی سەرۆکی دیوانی پێشووت نەدیوە کە ئەڵێت: ئەگەر لە سەدا یەکی ئەو بوختانانەی کە گەندەڵکاران بۆ دیوانیان هەڵبەستووە بسەلمێنن کە ڕاستە، ئەوا منیش لەسەدا نەوەد و نۆکەی تریان بۆ ئەسەلمێنم؟ ئیتر کێ پرکێشی ئەوە ئەکات بەرامبەر ئەمە هەڵوێست وەرگرێت تۆیەکی بێ ئاگا نەبێت کە سبەینێ لە دادگادا ڕووبەڕووی جۆرە شەرمێک ئەبیتەوە کە بە هەموو کەس قبوڵ ناکرێت. کاک حەمەڕەشید تۆفیق نووسین و ڕۆژنامەنوسیی مۆراڵە، ڕاستگۆییە، ویژدانە، لێپرسینەوەیە. خۆت لە مەسەلەیەکەوە گلاندووە، پیشەکی دۆڕاویت گەواهیدەرەکانیشت نادیارن، کاتێکیش ئەگەر دەرکەوتن، هەمان کات دەردەکەوێت خۆت خستۆتە ژێر سێبەری چەند دارێکی ڕزیوەوە. ئەی بەڕێزتان سڤیلی ١٦/ ٦ تان خوێندۆتەوە، کە چ هەوڵیک دراوە لە لایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەیەوە، بە تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ یان لەلایەن نێردراوەوە، بۆگەڕانەوەی کاک جەلال تەنانەت ئەگەر بۆ ساڵێکیش بێت؟ ئەو ماوەیەش کە تۆ بوختانەکانت تیاکردووە ڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، تا ئێستا هیچ وەزیرێک ئەوەی بە دوو چاو نەدیوە؟ ئەمە هەمووی هەوڵی ئەستۆپاکی دەسەڵات نییە کە لە ڕێگەی کاک جەلالەوە دڵسۆزی خۆیان

بسەلمێنن؟ حەمەڕەشید تۆفیقی بەڕێز، ئەم تووە خراپەی وەشاندووتە، لە گیاکەڵە و داڕوجان و زێوان زیاتر هیچ نادووریتەوە، چونکە کاک جەلال کۆمەڵگایەکی ڕاستگۆ پاڵپشتییەتی و شانازی پێوە ئەکەن و لە پیرۆزترین دەرگاوە ئەچێتە ناو مێژووەوە. فەرموو لەو نوسینەتا هانی خەڵکت داوە وەک بەڕێزت بوختان بۆ کاک جەلال بکەن و شوێن پێت هەڵگرن، دە فەرموو سەیرکە بزانە کێت بە دواوەوەیە. ئێستا تێگەییشتیت کە چ کەتنێکت بە خۆت کردووە برای (نووسەر).

# بیست و شەش

## کاك جەلالی سام ئاغا، ڕوو لە پاکی و پشت لە ناپاکی

### حەمەڕەشید هەرەس

پێناسەکردنی ئەو دیاردەی تالانوبڕۆیەی ئەمڕۆ کوردستانی ڕووتاندۆتەوە.. بە وشەی (گەندەڵی).. پێم وایە خەڵاتێکە ئەدرێت بە ناپاکان، بەهەندنەگرتنی ئەو تاوانە زەبەلاحەیە، بەرامبەر بە ویست و چارەنوسی کۆمەڵگای بەشمەینەتی کورد پیادە دەکرێت، چۆن؟ بۆ نمونە.. کارمەندێکی موچەکەمی نەدارا لەبەر برسێتی و نوزەی منداڵەکەی چەکمەجەی مێزەکەی بۆ خاوەن سکالایەک ئەترازێنێت، تا لەبری ڕوواندنی سکالاکەی چەند دینارێک بەرتیلی بۆ بخاتە ناوی.. لەهەمان کاتدا لە تەریقبوونەوە و ناچاریدا.. ناوچەوانی ئەسڕێت، ئەگەر ئەمە گەندەڵی ئەو کارمەندە بێت، ئەی بەوە بڵێین چی لەهیچی کەم نییە، وەک نەهەنگ زاری بەشکردۆتەوە و دەیەوێت هەرچی هەیە و نییە.. هەڵیلووشێت! باشە، ئەمەش هەردەبێ پێی بوترێت گەندەڵی؟ یان ئەمە ناپاکییەکی زەبەلاحە و ئەنفالکردنی لایەنە ئابوری و کومەلایەتییەکەی کۆمەڵگایە و بەزاندنی مافی تاکە تاکەی خەڵکی کوردستانە؟ ئەی ئەگەر ڕاگەیاندنێک بۆ بەرژەوەندی ئەم نەهەنگە لووشدەرە.. هەرچی پرنسیپی ڕاگەیاندن هەیە پێشێلی بکات، بەهەموو جۆرێک ڕووی دزێوی ماکیاج بکا و بەشێوەیەکی جیاواز لەخۆی.. بەجەماوەری بناسێنێت، ئایا ئەمەش گەندەڵی ڕاگەیاندنە؟ یان ناپاکییە بەرامبەر بە پیرۆزترین دەسەلات کە دەسەلاتی چوارەمە! ئەنفالکردنی ئەو ڕاگەیاندنەیە کە وەک سییەکانی کۆمەڵگایە.. لەوێوە چاوەڕێی هەڵمژینی هەناسەیەکی خاوێنە؟

ئەوەی لەدوور و نزیکەوە ئاگاداریی لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بێت، ئەو هێرشە بەرنامە بۆ داڕێژراوەی بەرچاو کەوتووە، پەیتا پەیتا دەکرێتە سەر دیوانی چاودێریی دارایی.. بەتایبەتیش بۆ سەر سەرۆکی دەزگاکە (جەلالی عومەری سام ئاغا).. گومانی تێدانییە هەموو ئەو ناپاکی و ئەنفالکردنی دارایی و ئابورییە تەنها چاوێک ئەیبینێت.. هەر ئەو چاوەش گەواهیدەر و بەرپرسە، ئەو چاوەش.. چاودێریی داراییە، بۆیە..

ناپاکان.. بۆ شوێنونکردنی ناپاکییەکانیان، منەی داخستنی ئەو چاوەیانە، شێلگیرانە لە کۆششدان بۆ ئەو مەبەستە.

جا لێرەدا خەمەکە، تەنها ئەوە نییە کە ئابوری و سەرچاوەی ژیانی خەڵکی کوردستان بە دەست ناپاکێکەوە هەڵپاچڕاوە، بەڵکو هەندێک لە ڕۆژنامەکان بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بکەن، بە مانشێتی پان و پۆڕ.. تیشک ئەخەنە سەر بیانوی ئەو ناپاکە و ڕاستییەکان ئاوەژوو ئەکەنەوە، ئەمەیە ئەنفالکردنی ڕاستی و کوڵەوارکردنی ڕاگەیاندن.

ئەگەر ئەمە، «نەهامەتی و بەخترەشیی نەتەوەیەک نەبێت، ئەی ئەبێت.. چیبێت»؟ وا بێ ئەوەی ڕۆژنامەیەک هیچ بەدواداچوونی خۆی هەبێت، بێت و داکۆکی لەناپاکان بکات و بەڵگەی چەواشەیان بۆ بڵاوبکاتەوە و بەڵگەی ڕاستەقینە و بیانوبڕی بەرامبەریش بەهەند وەرنەگیرێت، بەتایبەتیش لەدیاردەیەکی ئاوا هەستیارا.

ئەو بەڕێزەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو مەبەستەیە، وا بەهەند گرتوومە، تێئەگات لە چ ژێیەکی ئاگا هەژێنم داوە.. ئەو ڕاستییەی لا بەرجەستە ئەبێت، کە چۆن ژیانی کۆمەڵگا خراوەتە تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاوەوە، ئەو ناپاکانە بەوەش دڵیان ئاو ناخواتەوە، دێن لەو تاریکستانەشدا نەتەوەکە بەشەوارە ئەخەن.. ئەو ڕاگەیاندنەش لەنگەریان بۆ ئەگرێت، لەواری دەسەڵاتەوە بۆ پاشکۆی دەسەڵات و ئەنفالکردنی دارایی کۆمەڵگا شۆڕ ئەبنەوە.

جا ئەگەر ئەمە .. وێرانکردنی ئابوری کۆمەڵگا و تەڵخکردنی گیانی ئەو شەفافیەتە نەبێت، کە بە دووتوێیدا تروسکایی گوزەر ناکات، ئەی ئەبێت چی بێت! ئەم گوڵمەزە چەواشەکارییە گەمارۆی جەلالی عومەری سام ئاغای داوە، لەجیاتی ئەوەی گۆڕەپانێکی تەندروستی بۆ تەرخان بکرێت.. پاکی و دڵسۆزی ئەم مرۆڤە سودی لێ وەربگیرێت، واناچار کراوە، لەدژی ناپاکان، دەیەها بەڵگە بکاتە نامیلکەیەکی بیانووبڕو لەژێر ناوی (ڕوونکردنەوەکانی دیوانی چاودێریی دارایی) چاپی کات و بڵاوی بکاتەوە، بەڕاستی کە چاوم بەو نامیلکەیە کەوت، سەیرم بەو ڕەوشەی کوردستان هات، ئەی باشە یاسا لەکوێیە؟ لێپرسینەوە کوانێ؟ دادپەروەری چی بەسەر هاتووە؟

ئەو پرسیارانە و زۆری تریش هەمووی پرسیار گەلێکن، چاوەڕوانی وەڵامدانەوەن.. چاوەڕوانی دادگایەکن تێیدا ئەم نەتەوە ماڵدزراوە، پڕ بەدەم بە ناپاکاندا هەڵشاخێت و بڵێت:» ناپاکینە .. ئەمەتان لەکوێ بوو؟ ئێوەی زەروو.. دەم لەشادەماری ئابوریمان بکەنەوە.. چاوەڕوانی دادگایەک.. پێشەکی دادوەر تاوانبار نەبێت، تاوانباریش ئاوا بێ پەروا و بێباک نەبێت.. مێردەزمەی قەڵادۆشکانی ڕاگەیاندنە چڵکاوخۆرەکان نەبێت، پڕ بەدەم بڵێن ئەمە گەندەڵی نییە.. ئەمە ئەنفالکردنی ئابوری نەتەوەیەکە!».

١٨/ ٠٧/ ٢٠٠٧

# بیست و حەوت

## ئەگەر بووم بە وەزیر!

### عەلی فەتاح مەجید (٢٨)

پێش ئەوەی کورسیەکەم وەرگرم، ئەچوومە زانکۆکەی جەلالی سام ئاغا، وانەیەکی دڵسۆزیم ئەخوێند، هەوڵم ئەدا لەوێ فێربم کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دارایی گشتیو قووتی خەڵک و سەرمایە گرنگەکانی نیشتماندا بکەم، هەر لەوێ خانمە سەلارەکانی دیوانم ئەدواند هەوڵمئەدا لە نهێنییەکانی سەرکەوتنیان تێبگەم، لێمئەپرسین بۆ ئەوەی بەرپرسێکی پایەبڵندی ناو میللەتەکەم بم چی بکەم؟ چی بکەم تا ببمە هەڵگری خەڵاتی سام ئاغا! ئەمپرسی ئێوە «بوێریتان- ئیلهامتان» لەکام کەڵە مرۆڤ وەرگرتووە، کام دەقی پیرۆز مەنهەجی خوێندنتانە؟ لە پیاوە مەردەکانی ئەوێم ئەپرسی جیاوازی نێوان دەست پاکی و دەست پیسی چییە، لێم ئەپرسین بێگەردی و دڵسۆزی و دەستپاکی لەکام جەمسەری هاوکێشەی شەرەفدان، ئەمپرسی پێم بڵێن چۆن هەموو ڕق و نیگەرانییەکانی تەمەنم لە جەستەی گەندەڵیدا بەتاڵ کەمەوە؟ پێش ئەوەی کورسیەکە وەرگرم دەبوو بزانم چاودێریی دارایی لە کوێی ئەو لاشەیەدایە کە لەسەرو بنەوە بۆگەنی کردووە؟ گومانەکانم ئەدرکان: ئەمپرسی ئایا ئێوەش بەشێکن لە کۆی ئەو ستەمەی کە هەموو شتێک لە سەرووی مرۆڤەوە دەبینێت؟ چۆن ئەژین، چۆن ئەرۆن، چی ئەکەن؟ بەڕاست ئێوەش کاراکتەری ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری ئەم هەرێمەن؟ ئەگەر وایە بۆ لەوانی دیکە ناچن؟ شێوەتان، ڕەنگتان، بۆنتان، ئەخلاقتان تەواو جیاوازە! ئەم پرسی چۆن ئەم دەستە ببڕین کە کلیلی کردنەوەی (٢٧٢٠) دەرگای ڕووناکی شاردۆتەوە؟ چۆن بە زۆر سەری شۆڕی.. بەرزکەینەوەو ڕاپۆرتەکانتان بکەین بە چاویدا؟ دەمپرسی ئەوەی لە (٢٧٢٠) تارماییەکەدا هەیە بەشی ئەو منداڵەشی تێدایە کە واز لە خوێندن ئەهێنێ و پێڵاوی کلیل دزەکەی بۆیاخ ئەکات، بەشی ئەو کچەی تێدایە کە خۆری بژێوی لەگەڵ کوژانەوەی گڵۆپە

---

(٢٨) هاوڵاتی ژمارە (١٠٠٣).

سەوزەکەی ترافیکێکدا ئاوا دەبێت؟ ئەو پیاوەی کە دەیگوت حکومەت هەر ئەڵێت.... ئەمڕۆ نا بەیانی، ئەمڕۆ نا بەیانی بەشی ئەویشی تێدایە؟ چەندی ئەو گەنجەی تێدایە کە دەرچووی زانکۆیەو بڕوانامەکەی تیکەیەک نان و پەرداخێک ئاو و هەناسەیەک ئازادی ناداتی؟ ئەمپرسی چی بکەم ئارام بم؟ چی بکەم هەتاکو ئازاری ویژدانم جێگەکەم نەکات بە دۆزەخ؟ بۆ دواجار دەمپرسی چی ئەبێت زانکۆیەک بەناوی ساماغا ببێتە سەرچاوەی زانیاری «دڵسۆزی و دەست پاکی» زانکۆیەک «خانمی سەلارو سوارچاکی خۆنەویست» لە پێناو ڕزگاری تەواوی نیشتمان لە دەستی فەسادو گیرفانی پڕنەبووی بەرپرسان... هەبێت و فێرمان بکات چی بکەین.

# بیست و هەشت

## پیاوێك لە مۆزەخانە

### ئاوات عەبدوللا سابیر- هۆلەندا

لەم ڕۆژانەدا، چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕێگای کاک نزاری گوڵی شەقام، دیمانەیان لەگەڵ کاک جەلالی سام ئاغا سازدا، پڕ بە دڵ حەزم لەم دیمانەیە بوو، چونکە مرۆڤ تامەزۆری بینینی شتی دانسقە دەکات، حەزی لەوەیە بابەتی نوێ یان جیاواز ببینێ. بۆ خۆم زۆرم حەز لەوەیە سەردانی مۆزەخانە بکەم تا شتە بەسەرچووەکان ببینم، لای ئەم کەسەی کە پێی دەڵێن پیاوە سپییەکە زۆر شت دەبینی، سەردەمی ئالتونیت بیر دەخاتەوە. ئەگەرچی لە ئێستادا دەژی کەچی وادەزانی ئەفسانە دەخوێنێتەوە، کە لە زەمەنێکدا دەژین پڕ بێ لە مرۆڤی کارتۆنی و مقەبا و پاڵەوانی بەزیو و شڕە خۆر، لەپڕ نمونەیەک لەبەهای بەرز بەرجەستە دەبێ... با بچینە وردەکاری لەکاتێکدا مایەپووچی باڵی کێشاوە بەسەرماندا، کەچی هەمیشە پۆست سیحری خۆی هەیە و ئیستاش خەڵک ملی خۆی بۆ دەشکێنێ، ناوی کەس نابەم خەڵکی وا هەیە ئەمرۆ سەلاحییەتی سەلکە تورێکی نییە، کەچی کورسییەکەی خۆی بە هەموو دونیا نادات، لەم ماوەیەدا کاک جەلالی سام ئاغا پۆستێکی بەغدادی ڕەتکردەوە کە لە لایەن حەیدەر عەبادی پێشنیازکرابوو، کاتێک حکومەتی عێراق بۆ وردبینی موچەی فەرمانبەران دەستبەکاربوو لە ڕێگای پەرلەمانتارێکی بەغداوە، لە لایەن حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشنیازی ئەوە کرا کە پیاوە سپییەکە سەرپەرشتی گشت پرۆسەی وردبینییەکە بکات، بەڵام کاک جەلالی سام ئاغا ڕەتیدەکاتەوە، سەیر لەوەدایە لەکاتێکدا ئەم پۆستە ڕەتدەکرێتەوە کە پەیتا پەیتا خەڵکی کورستان بەرەو بەغدا دەڕۆن، تامەزرۆی بینینی عەبادین، مامۆستایان- فەرمانبەران- زیندانیانی سیاسیی- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی/ خانەنشین و... هتد. بەداخەوە بە لارەملیی، دەیانەوێ بگەنە فریادڕەسی بەغداد!؟ کەچی ئەم بەغدایە ئەم عەبادیە، ئەم فریادڕەسە بۆخۆی لەدەرگای ماڵی پیاوە سپییەکە دەدات بۆ ئەوەی

وەک باس ئەکرێ پۆستێکی بەغدادی بداتێ بە موچەی بەغدا لە لایەن گەورەترین دەسەڵاتی بەغدا کەچی ڕەتیدەکاتەوە. سڵاو لەو کەسەی ئێستا ڕووی ئێمەی لای عەبادی سپی کردووە، ئاخر ماوەیەکە عەبادی هەر دەسەڵاتی خۆفرۆش و خاکفرۆش‌و نەوت و دز و وەفدی بچوکی لە ئێمە دیوە لەپڕ کەسێک پێی دەڵێت (نا) ئیتر دەزانی کە خەڵکی ئێمە نمونەی پیاوی درەوشاوەی تێدایە، حەز دەکەم لێرەشەوە چەند پۆستێکی ترتان پێ بڵێم کە جەلالی سام ئاغا ڕەتیکردوونەتەوە.

- پۆستی سەرۆکی نەزاهەی کوردستان کە بۆی پێشنیاز کرابوو، لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی هەرێمەوە.

- پۆستی وەزارەتی دارایی، لە لایەن گۆڕانەوە.

- پاڵاوتنی بۆ سەرۆکی هەرێم لە لایەن خوالێخۆش بوو نەوشیروان مستەفاوە.

مشتێ هەڵوێست لە خەزنەی پیاوە سپییەکەوە

- کە بریکاری وەزیر بوو، لە وەزارەتی دارایی، هەروەها سەرۆکی دەزگای چاودێریی دارایی/ سلێمانی بوو، بەفەرمی دووجار داوای کرد، کە موچەکەی کەمبکرێتەوە!

- خانووەکەی لەگردی سەرچنار کە بە «٧٠٠هەزار دۆلار- حەوت سەد هەزار دۆلار» مەزەندە کرابوو بەخشیویێتی بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بۆ ئەوەی بکرێت بە بنکە یاخود نەخۆشخانەیەکی تەندروستی.

- زەوییەکی هەبوو، فرۆشرا بە «٧٠,٠٥٦٠٠٠» دینار، تەنها حەفتا ملیۆن و پەنجاوشەش هەزار دینار، پارەکە لە حیسابێکی بانکیدا دانرا، ساڵانە بڕی لە (٩٠٪)ی قازانجی ساڵانەکەی وەکو خەڵات دەدرێت بە کارمەندانی چاودێریی دارایی‌و خانمەسەلارانی ئەو دەزگایە.

- ئێستا سەرقاڵە بە دروستکردنی قوتابخانەیەکی (١٢) پۆلیی، بە تێچووی «٦٥٠,٠٠٠دۆلار»، تەنها شەشسەد وپەنجا هەزار دۆلار.

- ماڵەکەی کراوەیە بۆ ڕەنگە جیاوازەکان... گۆڕان- هاوپەیمانی دیموکراتی- کۆمەڵی ئیسلامی، لەماڵی ئەم زاتە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی دژ بە گەندەڵی کۆبوونەوە.

سڵاو لەو پیاوەی نە دیومە و نە بەخزمەتی گەییشتووم، کە وەڵامی ئەو عەبادییەی نەدایەوە، ئەو عەبادییەی وەفدی کوردی لەبەردەم دەرگاکەیدا وەستاوە، بە ئاشکرا ئەپاڕێنەوە بۆ مەرحەبایەک و دەڵێن: ( بەداخەوە، عەبادی ... دەرگای دیالۆگی داخستووە.

# بەشی پێنجەم
## پێنووسەکەی جەلالی عومەری سام ئاغا
## لە کۆمەڵە وتارێکی خۆیدا

# یەك

## جلال عمر سام ئاغا:

## ينعى الأمة الثورية الجمعاء في العالم والشعب الكوبي باستشهاد المناضل الثائر

السفارة الكوبية / بغداد
جريدة التآخي / بغداد

نقف باجلال واحترام امام استشهاد
المثال الرائع لثوري القرن العشرين
وحبيب الشعوب المناضلة الرفيق
البارز البطل جيفارا. كان البطل
الثائر يعتبر العالم الرحب بأسره موطناً
له، فإن العالم اليوم يرد له الجميل
بمشاركة الشعب الكوبي الشجاع
احزانه لفقدان الشهيد الراحل.
كان استشهاده يحق خسارة كبرى
لحركات التحرر في العالم الحر.

جلال سام آغا
السليماني
١٨/١٠/٩٦٧




ئەوەی ڕاستی بێت، جیڤارا، نموونەیەکی خەیاڵی ناوازەیە، کە دوای خۆی لاوانی سەرجەم خاکی ئەم زەمینە بە ئەفسانە لێیان دەڕوانی.(٢٩) ناوی ئیرنستو «تشی» جیفارایە، ناسراوە بە تشی جیفارا یاخود التشی، شۆڕشگێڕێکی کوبی، مارکسی، لەدایکبووی ئەرجەنتینە. ئەو نوسەر و پزیشک و سەرکردەی شۆڕشێکی مەزنی

(٢٩) هشام خضر، مذكرات أرنستوتشي جيفارا، دار طيبة للطباعة- الجيزة، ط١، ٢٠٠٨، ص٦.

سەدەی بیست بوو لە وڵاتانی بۆلیفیا و کوبا و ئەرجەنتین. لە شۆڕشی کوبادا شانبەشانی فیدڵ کاسترۆی هاوڕێی کەسێکی گرنگ و دیار بوو... ساڵی ١٩٢٨ لە مانگی حوزەیران ڕۆژی چواردەهەم، لە «ڕۆزاریۆ»ی ئەرجەنتین لەدایک بووە. لەرۆژی نۆیەمینی ساڵی ١٩٦٧ لە هیجیرای پۆلیڤیا کۆچی دوایی کردووە. باوکی ناوی (ئیرنستۆ جیڤارا لینش)ە، دایکیشی ناوی (سیلیا دی لا سیرنا)یە. ساڵی ١٩٥٤ لە وڵاتی مەکسیک (هیلدا غادیا)ی خەڵکی بیرۆ دەخوازێت و کچێکی لێی دەبێت.

ساڵی ١٩٥٩ (ئەلیدا مارش) دەخوازێت کە چوار کوڕی لێی بووە، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە سەرۆکی بانکی کوبای نیشتمانی. ساڵی ١٩٦٧ لە ٨ی تشرینی یەکەمدا جیڤارا و چەند چەکدارێکی کەتیبەکەی دەکەونە بۆسەیەکی سوپای بۆلیفیا، بەسەرپەرشتی ئەمریکییەکان، جیڤارا بریندار دەبێت، رۆژی دواتر شەهید دەبێت و لە گۆڕێکی نادیاردا لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی هاوڕێی دەنێژرێن، بەڵام لە دواتردا لەساڵی ١٩٩٧ شوێنی ناشتنی جیڤارا دەدۆزرێتەوە و لە پۆلیفیاوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ کوبا، پاشان لە سانتا کلارا مۆنۆمێنتێکی بۆ نەخشێنرا.(٣٠)

**السفارة الكوبية / بغداد**

**جريدة التآخي الغراء**

نقف بإجلال وإحترام أمام إستشهاد المثال الرائع لثوري القرن العشرين ومحب الشعوب المناضل الإنساني البارز البطل «جيفارا». كان البطل الثائر، يعتبر العالم الرحب بأسره موطنا له، فإن العالم اليوم يرد له الجميل بمشاركة الشعب الكوبي الشجاع.. أحزانه بفقدانِ الشهيد الراحل. كان إستشهاده بحق خسارة كبرى لحركات التحرر في العالم الحر.

**جلال عمر سام آغا**

**السليمانية**

**١٩٦٧/١٠/١٨**

---

(٣٠) أرنستو تشي جيفارا، يوميات دراجة نارية- رحلة في أمريكا اللاتينية، ت: صلاح صلاح، دار السويدي للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٥، ص ٢٠.

# دوو

## من و فاروقی مەلا مستەفا  لە کاروانی هاورێیەتی و سیاسیدا!

### جەلالی عومەری سام ئاغا

ساڵی خوێندنی (١٩٥٣-١٩٥٤) لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، کە (فاروقی مەلا مستەفا)م ناسی. قوتابخانەکەمان ناوەندیی سلێمانی، لەخانوویەکی باوکمدا بوو لەگەڕەکی دەرگەزێن (بەرخانەقا)، کە مەعاریف بەکرێی گرتبوو، ئەم قوتابخانەیە لەسلێمانیدا، دووەم ناوەندی بوو. ئەو (فاروق) لە قوتابخانەی سەرەتایی خالیدییەوە هاتبوو، منیش لە قوتابخانەی سەرەتایی (عەبدولئیلاه)ەوە چووبوومە ئەوێ. لەگەڵ فاروق سەرەتای هاورێیەتیمان لەپۆلی یەکەمەوە دەستی پێکرد. کە ئەو پۆلە ژوورێکی گەورە بوو، نزیکەی (٥٠-٦٠) خوێندکار تێیدا دەیانخوێند، بەڵام لە پۆلەکانی دووەم و سێیەمی ناوەندیدا، کراینە دوو لق، یەکێکیان بۆ قوتابییە بەتەمەن گەورە و هاروهاجەکان، ئەویتریش بۆ بچوکەکان، من خرامە بچوکەکان، بەڵام فاروق خرایە گەورەکان، نەک تەنیا لەبەرتەمەن و بزێوی، بەڵکو لەبەرئەوەش کە دەمی لەسیاسەتەوە ئەدا و لەڕیزەکانی قوتابیانی گشتیدا، ئەندام بوو، بەردەوامیش گرفتی بۆ بەڕێوەبەر ئەنایەوە، لەسەر جموجۆڵە سیاسییەکانی لەئیدارە، زوو زوو بانگیان دەکرد و هەڕەشەیان لێدەکرد، تەنانەت جارێکیان  خوالێخۆشبوو(ئەحمەدی قازی) کە بەڕێوەبەر بوو، پێی وت: «هەتیو بەقەدەر زەردەواڵەیەکی، ئەتپلیشێنمەوە، بۆ وازناهێنی؟»، بەڵام ئەو هەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو.

ناوەندیمان تەواوکرد و پێکەوە ئامادەییشمان تەواو کرد، لەو ماوەیەشدا... زوو زوو بەشەڕ ئەهاتین، بەڵام ئاشت ئەبووینەوە، چونکە برادەرایەتییەکەمان، بنەمای سیاسی و هەڵوێستی سیاسی هەبوو، ئەو چەپ و منیش هەروەها، بەڵام من زیاتر چەپێکی نەتەوەیی بووم، گەرچی لەهەموو تەمەنمدا پەیوەندییەکی سیاسیم بەهیچ پارتێکەوە نەبووە.

دواتر هەردووکمان لەبەغدا یەکترمان بینییەوە، لەکۆلیژی بازرگانی و ئابوری

وەرگیراین، لەساڵی خوێندنی (١٩٥٨-١٩٥٩). من بەیانیان دەمخوێند، بەڵام فاروق ئێواران دەیخوێند، ئەویش لەبەر باری ناهەمواری ئابوری، لەوەزارەتی ئیرشاد دامەزرابوو، لەو چوار ساڵەی خوێندنمان لەبەغدا، پەیوەندیمان توندو تۆڵتر بوو، هەم پێکەوە خەڵکی شارێک بووین، هەم لەبەرئەوەی فاروق، زووزوو لە لام ئەمایەوە، ئەو کاتانەی کە بەهۆی کاری سیاسییەوە، خۆی لەڕژێم ئەشاردەوە، تەنانەت وا لە سیاسەتدا قاڵبووبوو، گەییشتە ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەربچێ، بەهۆی ئەوەشەوە بوو، کە ساڵێکی خوێندنی کۆلیژی لەکیس چوو.

ئەو کاتەی کە شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١هەڵگیرسا، ئێمە لەقۆناغی دووەمی خوێندندا بووین. بارودۆخی بەغدادش تەواو نەبوو، خۆپیشاندان لەئارادا هەبوو، ڕۆژی (٠٦/تشرینی یەکەمی/ ١٩٦١) بۆ ئاشتی لە کوردستان، هەروەها بۆ هاوکاری مانگرتنی کرێکارانی جگەرەی بەغدا خۆپیشاندانێک سازکرا. هەر شەوی پێش خۆپیشاندانەکە، فاروق گیرا... چونکە لە گروپی هاوکاری مانگرتووەکان بوو! وەکو سەرپەشتیارێک دەناسرا.. منیش لەگەڵ هاوڕێی دێرینم، خوالێخۆشبوو (سەرداری مستەفا مەزهەر) بەشداری خۆپیشاندانەکەمان کرد، کە هەزاران کەس ئەبوون، ڕژێم بەتەقە وەڵامی خۆپیشاندانەکەی دایەوە، هەر لەوێدا، حەوت کەس کوژران و یانزدە کەسی تریش برینداربوون، چونکە هەندێک لە خۆپیشاندەران، هێرشیان بۆ زرێپۆشەکان برد، سەردار بە شۆڕیجەدا دەرباز بوو، منیش لەدەستی چەپی بانکی مەرکەزیدا گیرام، هەروەها ئەوەی لەبیرم مابێ، (دکتۆر عەبدوڵلا خەلەف) کە لە هەشتاکاندا یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی صەلاحەدین بوو، ئەو کاتە خوێندکاری کۆلیژی کشتوکاڵ بوو، لەناو گیراوەکاندا بوو، ئێمە بەزیندانی براینە بەندیخانەی (خلف السدة) لە بەغدا، لەوێ دیسان لەگەڵ فاروق یەکمان گرتەوە، بەڵام ئەمجارە هۆڵی خوێندن نەبوو، بەڵکو لەزیندان و ئازار و ئەشکەنجەدانی ڕژێمی ئەوسادا بوو، چارەنوسمان نادیار بوو، کەسوکاریش نەیاندەزانی لە کوێین!

یەکەمجار من بەدەم لێدانەوە، لەگەڵ گیراوەکان براینە بەندیخانەی بنکەی پۆلیسی عەباخانە لەسەر شەقامی ڕەشید، کە لەوێ ئازار دراین، بەتایبەتی من کە پشت و سنگم ئازاری زۆری بەرکەوتبوو، زیاتر لە مانگێک لەسەر تەنیشت دەخەوتم، هەروەها بەهۆی ئەو مستەکۆڵانەی لەسەریان دابووم بۆ ماوەی (٢-٣)ساڵ بەهۆی ئازاری تەنیشتەکانی سەرم بەباشی خواردنم بۆ نەئەجورا.

هەواڵ وا بۆ بنەماڵە و شار ڕۆییشتبوو، کە من لە کوژراوەکان بم، کەسوکاری خۆیشم نیمچە پرسیەکیان بۆ دانابووم، تەنانەت لەلایەن پارتە سیاسییەکانی ئەوساوە، ناوی من خرابووە ڕیزی کوژراوەکان و بۆ پێشوازی لەتەرمەکەم دروشمیشیان

ئامادەکردبوو، ئەوەی وای لەکەسوکار و حیزبەکانیش کردبوو کە من بخەنە جێی مردووان، ئەوەبوو کە تەرمی کوژراوانی خۆپیشاندانەکە بەکەس نەئەناسرایەوە، ئەویش لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر بەسەر دەموچاو لاشەی کوژاروەکاندا ڕایانکردبوو، ڕووخساریان بەشێوەیەک شوێنرابوو، کە نەدەزانرا کێ مردووە و کێ زیندوو! هاوڕێکانم لە کۆلیژی پزیشکی دەیانتوانی بچنە مەیتخانەکان، ئەوان بۆ من ئەگەڕان، بەڵام بەهۆی شێواوی ڕووخساری کوژراوەکان، نایاندەتوانی کەس لەوە دڵنیا بکەنەوە کە من لەناویاندام یاخود نا...

ئەمە وێنەکەی ئەوسا بوو، بۆیە ناچار هەردووو خوالێخۆشبوو، باوکم و باوکی فاروق، کە بەڕێز (مەلا مستەفای سەفوەت) بوو، خۆیان گەیاندە بەغدا و لەڕێی ڕەحمەتی ( فەتاح شالی) کە ئەوکات ئەندام مەحکەمەی شەعب بوو، سۆراغیان کردین، منیش لای خۆمەوە، دوای (١٠ڕۆژ)، کەمێک هاتمەوە سەرخۆم، توانیم بەپارە پاسەوانێکی زیندانەکە قایل بکەم، کە بەتەلەفۆن شوێنی گیرانەکەم بداتە هاوڕێیەکی باوکم بەناوی (حاجی نوری حاجی ئەمین)، کە بازرگانێکی کوردی ناسراوی بەغدا بوو، بەگشتی زیندانییەکان، ئەم شێوەیەیان بۆ هەواڵ ناردن پیادە دەکرد، دوای ئەوەی پاسەوانەکەش بەڵەی ڕاستیی بۆ هێنامەوە کە تەلەفۆنەکەی کردووە، ئینجا من دڵنیابووم کە کەسوکار شوێنمان ئەزانن، بۆیە کەوتمە چاوەڕوانی هەواڵ و گەییشتنیان.

لێرەدا بەدەرفەتی ئەزانم دوو گلەیی باوکم لەسەر من، بخەمە ڕوو:

یەکەمیان/ گلەیی ئەوەی هەبوو، کە من لە خۆپیشاندانێکدا گیراوم کە چەپەکان پێی هەستابوون، چونکە باوکم زۆر دژی بیری چەپایەتی بوو.

دووەم/ ئەوەبوو، پێش مردنی باوکی، بەهۆی سۆراغی منەوە هاتە بەغدا و لەپرسەی باوکیدا، بەشدار نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی کەسوکارم هەواڵی مردنی باوکی، واتە باپیرمان لەباوکم شاردرایەوە، هەتا تەنها بەدوای چارەنوسی مندا بگەڕێ... بێگومان بەهۆی دابونەرێت و ڕێوڕەسمی بنەماڵەییمانەوە ئەوە بۆ کەسێکی وەکو باوکم زۆر قورس بوو، کە بەشداری بەخاکسپاردن و پرسەی باوکی نەکات.

بەم دەردەسەرییە، زانکۆمان تەواو کرد، دوای دەرچوونمان، جارێکی تر لەبەغدا بەهۆی (کۆلیژی ئەفسەرانی ئیحتیات- خولی ٢٠) یەکمانگرتەوە، ئەو لە وەجبەی یەکو من لە وەجبەی دوو.

شۆڕش پێوەندی پێوەکردین و داوای لێکردین دوای ئەوەی ئەبینە ئەفسەر و کۆلیژ تەواو دەکەین، بچینە دەرەوە و ببین بە پێشمەرگە، ئێمەش قبوڵمان کرد، بەڵام نەگەییشتە ئەوە، ڕێکەوتننامەی (٢٩/حوزەیران/١٩٦٦) لەحکومەتی بەزازەوە

دەرچوو، کە بە بەیاننامەی بەزاز ناسراوە! گفتوگۆ دەستی پێکرد و شۆڕشیش پێویستی بەچوونە دەرەوەمان نەما، چونکە ئێمە لە (٣٠/تەمووز)، واتە دوای مانگێک کۆلیژمان تەواو کرد.

پاش تەواوکردنی ماوەی ئیحتیات، فاروق لەبەغدا مایەوە و لەبانکی بارزگانی دامەزرا و منیش هاتمەوە سلێمانی، بۆ سەر وەزیفەکەی خۆم. فاروقیش بەهۆی ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی زۆری بۆ دەرچوو بوو، چەندجارێک بەغیابی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو، ئەوکاتانەی حوکمی لەسێدارەدانی لەسەر بوو، بەشەو یان بە نیوەڕوانی گەرمی هاوین بەشێوەیەکی بەردەوام هامشۆی یەکترمان دەکرد.

یادەوە ییەکی ترم لەگەڵ فاروقدا هەیە،ساڵی (١٩٦٧) لەماڵی خۆماندا، قەفەزێکی گەورەم هەبوو، دیکۆرێکی جوانی هەبوو، لەلایەن هونەرمەندان (جەمال بەختیارو قادر کوردی)ییەوە ڕازێنرابووەوە، قەفەزەکە... شاخ و ئاو و ئەشکەوتی تێدا سازێنرابوو، لەو ڕۆژەدا زۆر دەگمەن بوو، کوڕی بەڕێوەبەری ئەمن لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا، ناو و ناوبانگی ئەو قەفەزەی بیستبوو، کە لەماڵی ئێمەدا هەیە و حەزیدەکرد، ببینێ، داوای لە باوکی کردبوو بیهێنێ بۆ ماڵی ئێمە، ئەویش منی نەئەناسی، داوای لە خوالێخۆشبوو، حاکم فەرەیدون فەتحوڵڵا کرد، بۆ بینی ئەو قەفەزە، بیانهێنێ بۆ ماڵی ئێمە، حاکمیش برادەرم بوو، تێکەڵاوی خێزانیشمان هەبوو، لەپڕ بەبێ مەوعید لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمندا هاتنە ماڵمان، منیش فاروقم لایە، کە لەلایەن حکومەتەوە داواکراوە و چەندین فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو، هەڵوێستەکە پڕ بوو لە ترس و موچڕکە و سەرسامی! خەرێک فاروق ببێت بە نێچیرێکی هەرزان، بەڵام خوا ڕەحمی کرد، من هاتمە دەست و خێرا فاروقم لەژووری میوانەوە بردە ژووری نانخواردن و لەوێشەوە بۆ حەوشەی ماڵەوە، بەناو میوانە ئافرەتەکاندا کە زیاتر لە (٥٠) ئافرەت دەبوون، بۆ سەردان و میوانیی خوشکم هاتبوون، لەژوورەکەی پشتەوە، دەربازم کرد. باش بوو بەهۆی سەیرو سەمەرەی قەفەزەکەوە بەڕێوەبەری ئەمن ئاگای لەفاروق نەبوو، کە تەنها بەناو ئەیناسی، بێ ئەوەی ڕەنگ و ڕووی بناسێ، ئێمە وەک بنەماڵە گلەیی زۆرمان لە حاکم فەرەیدون کرد، کە چن بەبێ ئاگاداری، کەسێکی وەکو بەڕێوەبەری ئەمن ئەهێنێ بۆ ماڵی ئێمە. ئەویش لەوەڵامدا ئەیوت: (خۆ بەڕێوەبەری ئەمن، فاروق بە دەموچاو ناناسێ، منیش بەڕێوەبری ئەمنم وەکو ئەو خەڵکە هێناوە مە حەزیان بە بینی قەفەزەکە کردووە، جگە لەوەی بەهیچ شێوەیەک بەخەیاڵمدا نەهاتووە کە لەم جارەیاندا فاروقی مەلا مستەفا لە ماڵی جەلال بێ).

ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)، واتە ساڵی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، دیسان من و فاروق

یەکمان گرتەوە، ئەو یەکێک بوو لە بەرپرسە دیارەکانی قیادە مەرکەزی، منیش لە ڕیزی شۆڕشدا بووم، من لە خوار گوندی (زینوێی شێخی)کە دەکەوێتە نێوان حاجی هۆمەران وبابەکراوا، لەخانوویەکدا بووم، لەگەڵ (د. کەمال مەزهەر- خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خەیات- کاک فەرهاد عەونی- سیراون عەبدوڵڵا سەعید کە بەڕێوەبەری چاپخانەی شۆڕش بوو).

زۆربەی شەو فاروق ئەهاتە لام و لەگەڵ میوانەکانماندا ئەکەوتە قسە، زۆرجار بەهۆی بگرە و بەردەی سیاسییەوە، دانیشتنەکەمان تێکدەچوو، چونکە فاروق لەگەڵ شۆڕشدا بیروڕای جیاوازی هەبوو. دوای هەرەس، گەڕامەوە زانکۆی سلێمانی، برایەتی دۆستایەتیم لەگەڵ فاروق، هەتا دەگات بەم ساتە، هەر بەردەوامە. بەلای منەوە کاک فاروق، جێگای ڕێز و سوپاس و ستاییشە، کە نزیکەی (١٠-١٣هەزار) کەس لە پرۆژەکانیدا کار دەکات، زۆربەیان لە سلێمانین، ئەوانی تریشیان لە کوردستان و شارەکانی تری عێراقن. بێگومان ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەیە، لە کەمکردنەوەی بێکاری، جگە لەوەش ئاگادارم فاروق، یارمەتی زۆر کەسی داوە، بەتایبەتی چینی خوێندکاران و نەخۆش و هەروەها هاوڕێ کۆنەکانی... هەروەها هەرکەسێک لە دەرگای دابێ!

# سێ

## ئەو گوللانەی دەنرێن بە سنگی گەنجانەوە،
## دەبێ بە گەندەڵییەوە بنرێن..(٣١)

**«جەلالی عومەری سام ئاغا»**

نامەیەکی کراوە بۆ:
بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق، جەنابی مام جەلال
بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، جەنابی کاک مسعود بەرزانی
بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان

وێنەی ئەو گەنجانەی لە شارو شارۆچکەکانماندا دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، کە لەم دووری وڵاتەوە دەیانبینم.. هانم دەدەن ئەم نامە کراوەیەتان بۆ بنوسم، پاش ئەوەی دەیان نامەی رەسمیو نهێنیم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران نارد، کاتێ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووم، بۆیە ئەوەی دەیڵێم.. بەوان تازە نییە ، ئەمڕۆش کە خۆم خانەنشین کردووە، ناتوانم بێدەنگ بم لە ئاست ئەو هاوارەی کوردستانی گرتۆتەوە دژی گەندەڵی و گەندەڵیش خوێن دەڕێژێ تەنیا بۆ مانەوەی خۆیو دەسەڵاتو ئیمتیازەکانی.

هەزار هاوار بکرێ و ئەو گەنجە خۆپیشاندەرانە بە مناڵ و مەردوم و سەرەڕۆو گێرەشێوێن لە قەڵەم بدرێن، ڕاستییەک هەیە نە خۆتان نە دەسەڵات و نە کەناڵەکانتان ناتوانن بیشارنەوە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵک بێزارە و دژی گەندەڵییە، ئەو گەندەڵییەی کە جەنابتان زۆر باش دەیبینن لەبەردەمتانو لە (پشت) تان، لە (ڕاست)تان و لە (چەپ)تان بێ ئەوەی جوڵەیەک بکەن بۆ چارەسەرکردنی!

---

(٣١) (ئاوێنە ٢٦٤ سێ شەممە (٢٠١١/٣/١)- (ڕۆژنامە ٦٢٣ سێ شەممە (٢٠١١/٣/١).

هەر تەنها بۆ بیرخستنەوە، لە سلێمانی (٨٦) گەندەڵ دراونەتە دادگا بە مەبەستی ئیجرائاتی پێویست بۆ لێپرسینەوەو وەرگرتنەوەی ملیارەها دینارو ملیۆنەها دۆلار کە لەبودجەی حکومەت‌و موڵکی میللەت بە ناهەق و ناڕەوا خوراون، جگە لەو (٢٧٢٠) راپۆرتانەی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کە گرنگەکانیان نێردراون بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران، بۆچی ئاشکرای ناکەن کە ئیجرائات بەرامبەر کێ وەرگیراوە، کێ هیچی بەرامبەر نەکراوەو تەنانەت ئەوانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوە جگە لەوەی ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو پلەشیان بەرزکراوەتەوە! بۆیە کار گەییشتە ئەوەی رۆژنامەکان بنوسن کە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی بوونەتە خێرو بەرەکەت بۆ گەندەڵکاران! بۆچی زیاتر لە ساڵێکە سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەڵامی ئەو داواکارییەی دیوانی چاودێریی سلێمانی نەداوەتەوە کە داواکراوە راپۆرتەکان پاش ساڵێک ئاشکرا بکرێن‌و بخرێنە بەردەم میدیاکانەوە؟ بۆچی رێگە لە دادگا دەگیرێ ئەرکی خۆی بێنێتە دی؟ ئایا دادوەران نایانەوێ گەندەڵکاران بانگ بکەن‌و سزای تاوانباران بدەن؟ یا دەستێک هەیە رێگرییان لێ دەکات؟ ئەی لە هەردوو بارەکەدا، ئەرکی سەرشانی ئێوە نییە لێیان بپرسنەوەو بیانپارێزن بۆ ئەوەی کاری خۆیان بەجێ بێنن؟ پاش بیست ساڵ لە حوکمڕانیی کوردی، ئێستاش کار بە یاسای قوەت دەکرێ نەک بە قوەتی یاسا، هیوادارم کاتی ئەوە مابێ کار بە قوەتی یاسا بکرێ بەبێ جیاوازی و ( تەرازووە لاسەنگەکە هاوسەنگ بکرێتەوە- اعادة التوازن الى الميزان المختل). هەرگیز گومانیشم لەوەدا نییە.. کە شارەکانی تری کوردستانیش لە سلێمانی باشترنین ئەگەر خراپتریش نەبن لە گەندەڵیدا.

بەڕێزان:

ئەو گولانەی بەسنگی گەنجانەوە نرا، دەبوایە بنرێت بە گەندەڵییەوە، گەندەڵکاران بە ڕووتانەوەی میللەت تێریان نەخواردووە، ئێستاش دەیانەوێت خوێنی گەنجان بخۆنەوە، گەندەڵکاران تەنیا لە خەم‌و خەیاڵی دەستکەوت‌و دەسەڵاتی خۆیانن، ئەو گەنجانە خەمخۆری دەستکەوت‌و ئازادیی کوردستانن، دەزانن مەترسییەکە چەند گەورەیە لەسەر ئێستا و ئاییندەی نەتەوەکەمان، مەبەستم لەو گەنجە خۆپیشاندەرانەیە کە داواکارییەکانیان ڕەوایە و دەبێ جیابکرێنەوە لەوانەی ئیستیغلالی خۆپیشاندانەکان دەکەن بۆ مەرامی شڕەخۆری‌و گێرەشێوێنی و تێکدان، لە هەر کوێ و لە هەر لاوە هاتبن.

ئەگەر ئێوە چارەی گەندەڵی نەکەن.. دڵنیابن ئەزموونەکە و دەسەڵات‌و هەموو

بەهاکانیشمان لە دەست دەچن، ئێوە بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن میللەتان هەڵساون بۆ دژایەتی فەساد، بە هەموو جۆرەکانییەوە.

دوژمنی خۆتان و گەل و کوردستان و تەجروبەکەشمان یەک ناوی هەیە، ئەویش گەندەڵییە.

لەگەڵ ڕێزدا

**پاریس**
**٢٠١١/٢/٢٦**

# چوار

## الطلقات التي وجهت إلى صدور الشباب... كان يجب أن توجه إلى الفساد

### «جلال عمر سام ئاغا»

رسالة مفتوحة إلى:

- فخامة رئيس جمهورية العراق السيد جلال طالباني.
- السيد رئيس إقليم كوردستان/ العراق – السيد مسعود بارزاني.
- رئاسة برلمان كوردستان الموقرين.
- رئاسة مجلس وزراء كوردستان الموقرين.

أيها السادة:

إن صور الشباب الذين يقتلون ويجرحون في مدننا وقصباتنا والتي أراهم من هذه الغربة عن البلاد، شجعني أن أكتب لهم هذه الرسالة بعد أن بعثت بعشرات الرسائل الرسمية العلنية والسرية إلى رئاسة البرلمان ومجلس الوزراء، حين كنت رئيسا لديوان الرقابة المالية في السليمانية، لذا فيما أقوله بالنسبة لهم ليس بجديد، واليوم بعد أن أحلت، نفسي على التقاعد لا أستطيع السكوت أمام الصرخة المدوية، التي تعم كوردستان ضد الفساد. والفساد يسفك الدماء لا لشئ، إلا لإدامة نفسه وسلطته وإمتيازاته. ولو إرتفعت ألف صرخة لوصف هؤلاء الشباب المتظاهرين بالصبيان والمغامرين والغوغائيين، فثمة حقيقة لا تستطيعون أنتم ولا سلطاتكم ولا قنواتكم الفضائية أن تخفوها للعيان، وهي أن الشعب مستاء من الفساد ويعاديه، لذلك فالفساد الذي ترونه أنتم بوضوح، ترونه أمامكم وخلفكم.. على يساركم وعلى يمينكم، دون أن تحركوا ساكنا من أجل إيجاد حل له. أقول للتذكير فقط أن (٨٦) فاسدا في السليمانية أحيلوا إلى المحاكم. يهدف اتخاذ الإجراءات اللازمة بحقهم واسترجاع المليارات من الدنانير والملايين من الدولارات التي استلبت من ميزانية الحكومة ومن ملك الشعب، بشكل غير شرعي وبدون وجه حق، هذا إلى جانب (٢٧٢٠) تقريرا صدر عن ديوان الرقابة المالية في

السليمانية، والتي ارسلت أهمها إلى رئاسة البرلمان و رئاسة الوزراء، لم لا تعلنون ضد أي منهم اتخاذ الإجراءات؟ وضد من منهم لم تؤخذ أية إجراءات، بل على العكس حصلوا على ترقيات في وظائفهم؟ حتى وصلت الحالة.. إلى أن تكتب الصحافة بأن تقارير ديوان الرقابة المالية أصبحت مصدر خير وبركة للمفسدين.

ولماذا لم يجب البرلمان على الكتاب المرسل إليه من ديوان الرقابة المالية في السليمانية قبل أكثر من عام والمتضمن رفع السرية عن التقارير، التي مضت سنة كاملة على كتابتها ووضعها أمام الصحافة والإعلام؟ ثم ولماذا توضع العراقيل أما المحاكم حتى لا تقوم بواجبها؟ فهل القضاء يمتنعون عن استدعاء الفاسدين ومعاقبة المذنبين؟ أم هناك أياد خفية تمنعهم من ذلك؟ وفي كلتا الحالتين، أليس من مهامكم أن تستفسروا من القضاء وتحمونهم من أجل أداء واجبهم القضائي؟

ومن العجيب أنه بعد عشرين عاما من الحكم الكردي تدار الأمور حتى الآن بقانون القوة لا بقوة القانون، فهل بقي أمامنا من الوقت للعمل بقوة قانون و بدون تمييز وإعادة التوازن إلى الميزان المختل؟ هذا ما أتمناه. ولا أشك أبدا بأن بقية مدن كوردستان ليست أحسن حالا من السليمانية، فيما يتعلق بالفساد أن لم تكن أسوأ منها.

أيها السادة:

الطلقات التي صوبت إلى صدور الشباب كان الأجدر أن تصوب ضد الفساد... الفاسدون لم يشبعوا من نهب أموال الشعب واليوم يريدون إراقة دماء الشباب.... الفاسدون لا يحلمون إلا ببقاء سلطاتهم وتحقيق مكاسبهم، بينما هموم الشباب منكبة على مكاسب الحرية لشعب كوردستان، لأنهم يقدرون حجم المخاطر التي تحيط بنا وبالوضع الحالي ومستقبل شعبنا، أقصد بذلك الشباب المتظاهرين ذوي المطالب المشروعة والذي يجب تمييزهم عن الذين يحاولون استغلال المظاهرات لتحقيق غاياتهم الطفيلية والفوضوية والتخريبية، من أية جهة أتوا.

لذا إن لم تجدوا حلا للفساد، فتأكدوا بأننا سوف نخسر هذه التجربة والسلطة وجميع مكتسباتنا، أنتم شاهدون بأم أعينكم. كيف أن الشعوب تنتفض اليوم ضد الفساد بكل أنواعه.

إن عدوكم و عدو الشعب الكوردي وتجربته ليس له اسم آخر سوى الفساد...

مع إحتراماتي....

**باريس**

**٢٠١١/٢/٢٦**

# پێنج
## کاتێك من زیندانی بووم حاکم قادر دشداشەی لەبەردابوو

ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکی پێشووتری شارەوانی سلێمانی، لەسەر سکاڵایەکی سەرۆکی پێشووتری دیوانی چاودێریی دارایی ئەو شارە، لەبەر دەم دادگا ئامادەبوو.

سەرچاوەیەکی دادوەری ئاگادار بە NAA.ی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە حاکم قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی پێشووتری شارەوانی سلێمانی، لەسەر سکاڵایەکی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی بە تۆمەتی ناوزڕاندن ئامادەی دادگای کەتنی سلێمانی بوو.

وتیشی: لە دانیشتنەکەی دادگادا.. وتەی سکاڵاکەرەکە وەرگیراوە و ئاشکراشی کرد (جەلالی عومەری سام ئاغا) کۆمەڵێک تۆمەتی داوەتە پاڵ حاکم قادر، تۆمەتباری کردووە بە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی.

# شەش

## ماڵ ئاوا کاکە عادلی براو هاوڕێم(٣٢)

### (جەلالی عومەری سام ئاغا)

ئەمڕۆ بە دڵ مات و غەمگینم.. بۆ کۆچی دوایی هاوڕێی شیرین و لە برا زیاترم کاکە عادل موراد. ئەو ئازیزەی کە سالآنێکە مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات، بەلآم ئەم بە ورەیەکی بەرزەوە بەرەنگاری دەبۆوە، ئەو عادلە خۆشەویستەی کە هەستی بکردایە شتێک ئەیهەژێنێ و خەمی پێ ئەخوا، خێرا ئەهاتە لانەکەی من.. کە بە دیداری شاد دەبووم، خۆی دەیوت: خەمەکانم لەم ماڵەدا زوو دەڕەوێتەوە.

لەم کاتەدا و لە ئاوابوونی چوارەمین ئەستێرە گەشەکەی کە ساڵی حەفتاو پێنج لە شام هەڵهاتن و بەرودوا بەجێیان هێشتین، چی بڵێم زیاتر لەوەی کە بە تەنیاو لەگەڵ خۆمدا فرمێسکی حەسرەتت بۆ هەڵبڕێژم، ئەی پیاوە دڵسۆزە بەوەفاکەی سالآنێکی تەمەنم.

بەڵێ.. ئەمڕۆ دوای هاوڕێ نزیکەکانم مام جەلال و د.کەمال فوئادو کاک نەوشیروان وا چوارەم ئەستێرەی دەستەی دامەزرێنەریش کوژایەوە.. وا ئەو سوارچاکەی مەیدانی خەبات و پەیوەندیی بەهێزو دیبلۆماتکارو ڕۆژنامەنوس و سەرکردە بەناوبانگەکەی قوتابیانی کوردستان لە حەفتاکاندا، وا ئەمڕۆ ئیتر مەرگ زەفەری پێ بردو ونیکرد لەبەرچاومان، کاکە عادلەکەی خاوەن ئەزمون و هاوڕێ دێرینەکەی کاک عەدنان‌و بەندە و برادەرە خۆشەویستەکەی سەرجەم خۆشەویستانت.. ماڵ ئاوا دڵنیا بە هەمیشە لە یادەوەریماندای.

---

(٣٢) سلێمانی ٢٠١٨/٥/١٩.

# حەوت

## «گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، بۆ ماوەیەکی تریش دوا دەکەوێت»

کەسایەتی دیاری کوردستان.. (جەلالی عومەری سام ئاغا) پەیوەندییەکی نێوان خۆی و ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان ئاشکرا دەکات و دەڵێت: گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ کوردستان دوادەکەوێت.

(جەلالی عومەری سام ئاغا) لە لیدوانێکی تایبەت بۆ سپی ڕایگەیاند: شەوی ڕابردوو{٢/٢٦}بۆ ماوەی نیوکاتژمێر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕاندا پێکەوە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە گفتوگۆیان کردووە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد ئەو لەو گفتوگۆیەدا کە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەنجامیداوە، ئەوە تێگەیشتووە.. کە ناوبراو بەمزووانە نایەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەکەی بۆ ماوەیەکی تر دوا دەکەوێت.

(جەلالی عومەری سام ئاغا) لەو نیو کاتژمێرەدا کە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا قسەی کردووە، ئەوەی ئاشکراکرد کە ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان ئاگاداری تەواوی بارودۆخی هەرێم و عێراق و ناوچەکەیە و بە وردیی بە دواداچوون بۆ ڕووداوەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەکات.

لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، هەردوو کەسایەتی، بیروڕایان لە سەر بارودۆخی ئابوریی و سیاسی هەرێم وعێراق گۆڕیوەتەوە.

نەوشیروان لەو پەیوەندییەدا هاوڕێی دێرینی خۆی (جەلالی عومەری سام ئاغا) ی دڵنیاکردۆتەوە کە باری تەندروستی زۆر باشە.

# هەشت

## بیرەوەری تایبەتیم لەگەڵ هاوڕێم شەهید عەلی عەسکەری

### جەلالی عومەری سام ئاغا

لە ئەنجامی ڕێکەوتننامە خیانەتکارانەکەی جەزائیر، کە صەدام حسێن نیوەی شەتولعەرەبی بەخشی بە شای ئێران، لە بەرانبەر یارمەتی نەدانی شۆڕشی کورد، ئەوەبووچرای ئەو شۆڕشە چواردە ساڵییەی گەلی کورد کوژایەوە،ئیتر ڕژێمی بەغدا ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی کوردی گواستەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، سەرەڕای ئاوارەکردنی هەزاران خێزانی کورد و نیشتەجێکردنییان بە زۆرە ملێ لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق.

ئەوانەی کە بەر ئەو دوورخستنەوەیە کەوتبوون، بێ ئەوەی گوێ بدەنە بڕیار و فەرمانەکانی ڕژێم ناو بە ناو بە پێی ئەو پەیوەندییە دێرینەی کە هەیانبوو، لە بەغدا یەکتریان دەبینی، بەزۆری ئەو دیدارە نهێنیانە لە ماڵی دکتۆر «کەمال مەزهەر» دەکرا،یەکێ لەو کەسانەی هەمیشە گوڵی مەجلیسمان بوو.. کاک عەلی عەسکەری بوو.. کە لە خوارووی عێراق بە زۆر کرابوو بە سەرۆکی شارەوانی رفاعی،هەموو جارێک کاک عەلی لەو کاتەی دەستنیشاندەکرا دەهات بۆ بەغدا،ئەوانەشی کە بە زۆری لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە دەبوون جگە لە دکتۆر کەمالی خانە خوێ و کاک عەلی عەسکەری، دکتۆر دارا ڕەشید جەودەت و خەسرەوی تۆفیقە فەنی ئاغا فەتحولاو تەلعەت نادر و بەندە(جەلالی عومەری سام ئاغا)بووین، هەمیشە ئامادەی ئەو گوڕانە بووین کە شێوەی ڕێکخستنێکی نهێنی وەرگرتبوو،تێیدا بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد،یەکێ لە مەبەستە سەرەکییەکانمان ئەوە بوو بگەینە دەستە جەمعییەک.. لەسەر شێوازێکی دەستنیشانکراوی گونجاو ڕێک بکەوین، یان بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە تەلیسماویە بدەینەوە(ئەی چار؟).

بێگومان هەوڵمان دەدا کەدور لە چاوی پیاوانی ئەمن و موخابەرات ئەو کۆبونەوانە بە ئەنجام بگەیەنین.

هەمووما‌ن لە سەر ئەوە سووربووین، کە دەبێ ئەم میللەتە جارێکی تر ڕاپەڕێ و بچێ بەگژ ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرەی دوژمنی گەلدا.

ئەم هیوایە.. لە دڵمانا چەکەرەی کرد، کاتێک کە لە(١٩٧٥/٦/١)یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دامەزرا. دیارە ئەم ڕووداوە مێژووییە بۆ ئەو ساتە پڕ لە بێئومێدیو دڵشکاوییەی گەلەکەمانی تێدابوو شتێکی یەکجار خۆشبوو، ئیتر ئەوەبوو پۆل پۆل هەڵۆکانمان لەناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە.. دەگەڕانەوە بۆ کوێستان و دەچوونەوە پاڵ پێشمەرگە قارەمانەکانمان.

بۆ دواجار کە کاک عەلی ماڵئاوایی لێ کردین، بە پێکەنینەوە وتی:»من ئیفادکراوم بۆ شیمالی وەتەنی حەبیب!دوای چەند ڕۆژێکی تر دەڕۆم».

هەر بە ڕاستیش وابوو.. کاک عومەر دەبابە لە ڕومادییەوە،کاک عەلی عەسکەری لە ڕوفاعییەوە، کاک د.خالد سەعید لە بەغداوە، لە شەقەی باڵیانداو گەیشتنە ڕیزی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە.

تا ئێستاش وتە خۆشەکانی عەسکەریمان لە بیرە.. لە دەستگوشین و یەکترماچکردنی ماڵئاواییدا وتی:»بە هیوای پێک گەیشتنەوەمان دوای سەرکەوتن».

زۆر گەشبین بوو، لەبەرئەوە بە هەنگاوی پڕ هیواوە ڕووی کردە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و بەپیر بانگەوازی شۆڕش ونامەی تایبەتی مام جەلالەوە چوو،تەنانەت ناوەڕۆکی نامەکەشی لە بەربوو کە پێی وتین.

بە داخو پەژارەوە ئەوە دوا دیدارمان بوو، ئیتر یەکمان نەبینییەوە چونکە ئەو لە مەیدانی شەرەفدا زوو شەهید بوو. هەزاران دۆست و هاوڕێ و ناسیاو و هەڤاڵانی دێرینی بێبەری بوون لە دیداری بۆ هەتا هەتایە.

# نۆ

## من مذكرات المؤرخ الكردي الراحل (الدكتور كمال مظهر)

بعد إنتكاسة الثورة الكردية على أعقاب إتفاقية الجزائر المشؤومة التي تنازل فيها صدام حسين عن نصف مياه شط العرب لشاه إيران مقابل قطع معونة إيران عن الثورة الكردية، قامت الحكومة العراقية بنفي ونقل عدد كبير من المعلمين والمدرسين والحكام ورؤساء الدوائر والموظفين من كوردستان إلى بغداد والمحافظات الوسطى والجنوبية.

وكان بعض هؤلاء المنفيين بحكم علاقاتهم السابقة في الثورة الكردية و بحكم صداقاتهم يحاولون الإلتقاء ببعضهم في بغداد أيام الجمع كلما سنحت لهم الفرصة، وكان موعد اللقاء في بيت الدكتور كمال مظهر حيث يحضره من الجنوب علي العسكري الذي كان قد عين قسرا رئيسا لبلدية الرفاعي. وفي الموعد المقرر كان الدكتور كمال مظهر يخبر الآخرين للحضور في داره لتبادل الأحاديث والأفكار والآراء السياسية.

وقد إتخذت هذة الإجتماعات شكلا تنظيميا كان الهدف الرئيسي منها هو الإتفاق عل صيغ معينة للعمل معا أو الإجابة عن سؤال محير... ما العمل؟؟!!

وكان يحضر هذه الإجتماعات كل من المرحومين خسرو توفيق والدكتور دارا رشيد جودت وكذلك جلال عمر سام آغا وطلعت نادر، حيث كنا من الأعضاء الدائميين لتلك اللقاءات السرية، والتي كانت بالطبع تعقد بعيدة عن أعين الأجهزة السرية الخاصة التابعة للنظام، وقد إستمرت هذه الإجتماعات حتى إلتحاق الأخ علي العسكري بالثورة.

وكان الحديث يدور عن ضرورة النهوض ثانية وإنقاذ هذا الشعب من الويلات التي تعرض لها على أيدي هذا النظام الفاشي.

وقد إزدادت الطموحات وإنتعشت الآمال بعد إعلان تشكيل الإتحاد الوطني الكردستاني في دمشق في الأول من حزيران عام ١٩٧٥، وفي لقائه الأخير معنا أخبرنا على العسكري وهو يضحك قائلا :» أنا موفد إلى شمال الوطن الحبيب بمهمة رسمية وسوف أغادر بعد الأيام القليلة».

وقد حدث ذلك فعلا وتم الإيفاد!!

حيث إلتحق كل من الراحل عمر مصطفى، المعروف بـ(عمر دبابة)، من الرمادي والشهيد

علي العسكري من (الرفاعي)، والشهيد الدكتور خالد سعيد من بغداد بالثورة الكردية وحلقوا كالصقور إلى جبال قنديل.

وما زلنا نتذكر طراوة وحلاوة كلمات الشهيد علي العسكري وهو يودعنا على أمل اللقاء مجددا مع النصر المحتوم، كان متفائلا جدا، لذلك مشى بخطوات ثابتة نحو الثورة المظفرة ملبيا نداء الوطن الجريح وتلبية للرسالة التي وجهها إليه مام جلال وكان قد حفظ نص الرسالة عن ظهر قلب، لذلك حين رددها لنا، كنا نتصوره يقرأ رسالة مكتوبة موضوعة أمامه.

وللأسف الشديد، كان ذلك اللقاء التوديعي بالنسبة لنا هو اللقاء الأخير، حيث إستشهد في ساحة الشرف و حرمنا من لقائه إلى الأبد.

# ٥٥

# بۆ رۆحی پاکی مەحمودی مەلا عیززەت
# کاکە خولەی، کاروان سالاری بێکۆتایی

## (جەلالی عومەری سام ئاغا)

هەرگیز پێم وانەبوو دوایین دوان و پەیام دەبێتە پرسەنامە بۆ کەسێک کە هەموومان وەک پەروانە لەدەوری مۆمی وجوودی کۆبووینەوە. تۆ ئەی مامۆستای ووردبین وژیر! بەو کۆچە بێوادەیەت.. تەنیا خزم و خانەوادەت بێ سەرپەرشت نەکرد، بەڵکو تەمی ماتەمت بەسەر شارێک و نیشتمانێکدا باران، کە لەمەودوا تێکۆشەرانی رێبازی رزگاری، رۆژنامەنوسان، مێژوونوسان، پێش هەمووشیان ئێمەی دۆست و رەفیقان، خۆمانی تێدا غەریب و بێکەس دەبینین. تۆ ئەی مامە خەمەی کوردستان.. نەک لە دراوسێتی کۆن و نوێ و عالەمی برادەریدا، هەمیشە هەموومانت لەبیر بوو، لەدوور دەستی دونیا لەمەنفا سارد و سڕەکەی سویدیشەوە- کە هەموو جارێ پەیوەندیمان دەکرد، سەرتاپات میهرەبانی و دڵسۆزی بوو، چ بۆ شارەکەت و چ بۆ کوردستانەکەت.. تەنانەت لەبیرت نەدەچوو لە وردەکاری حەوشە و حەوز و باخچەکەش بپرسی، خاک و ئاو و رەشەباش بەسەر بکەیتەوە، تۆ لەبیرت نەدەچوو سەلامی خاتوو سەبری خاتوو دالیاش بگەیەنی کە لە نوسینگەی دیوانی چاودێریی کار دەکەن، کە بە قەد کچی خۆت خۆشت دەویستن، داوات دەکرد تا دەگەڕێیتەوە رێژەی رۆژانەی بارانت بۆ ئامادە بکەن، نەک لەبەرئەوەی خاوەنی زەویوزار و مەرەزە بوویت، بەڵکو خەمخۆری بەنداو و کارەبای شار و شارۆچکەکان بوویت. بەڵێ تۆ بەجێتهێشتن لەکاتێکدا کارمان زۆر مابوو، پێویستمان پێت بوو، درەختی رەنجی پەنجا ساڵەت خەریک بوو وەبەربێ، بەڵام لەدوای خۆت کردەوە و ئەخلاق و زانستت بۆ بەجێ هێشتین، «دەست و دەروون و داوێن پاکی»ت، بۆ بەجێهێشتین، گەنجینەیەکت لە نوسراو و لێکۆڵینەوە و کتێب بۆ بەجێهێشتین.

خوشکی بەڕێزمان- هاوسەرەکەت گەلاوێژخان- منداڵە خۆشەویستەکانت ڤیان و

ژیلوان و ئاریان و مەریوان و ژوانت بۆ بەجێهێشتین، ئەرکی سەرشانی ئێمە و هەموو گەلی کوردە کە ئەو میراتە بە قیمەتانە بپارێزێ و خزمەتیان بکا.

دوارۆژ دەریدەخا کە ئایا دۆستان و قوتابیان و گەلەکەت شیاوی هەڵگرتنی باری ئەم ئەمانەتە بوون؟ ئەگەر بووین سەلام لە ئێمە.. دەنا.. هاوار لەئێمە.

٢٠١٩

# يانزه

## تحفة فنية لمحاسب البريد




ژماره ١٨٣ - ٢٣/مایس/١٩٦٨

لقد قام الفنان المشهور جمال بختيار بصنع وتصميم تحفة فنية للسيد جلال عمر سام آغا محاسب مديرية البريد والبرق في السليمانية، وأن التحفة الفنية عبارة عن قفص لطيور الكناري.

فقد كلف السيد جلال تحفته مبلغ (١٩٠دينار- مائة وتسعون ديناراً)، وإستغرق مدة العمل فيها .. سنة وخمسة أشهر، وأشرف المهندسَيْن (السيد فؤاد إبراهيم مهندس معمل تنقيح السليمانية والسيد عبدالمجيد رضا مهندس مصلحة سمنت سرچنار على الناحية الكهربائية والميكانيكية) فيها.

وأن التحفة ، عبارة عن مأثرة فنية خالدة يسجل للسيد جلال لِما في مشروعه الفني من مناظر خلابة وجبال شاهقة وينابيع طبيعية ذات مياه متدفقة صاخبة وكهوف و وديان عميقة.

ومن المقرر أن يقوم السيد خالد سعيد، ديكورست تلفزيون بغداد بتصوير القفص سينمائياً، على أن يعرض الفلم في محطات تلفزيون بغداد وكركوك والموصل، وفي القريب العاجل.

لم يمت الفن في مدينتنا؛ أنه بخير طالما هناك عشاق للفن ورواد لتقدمه.

تهانينا الفنية الحارة إلى تلك التحفة الفنية الرائعة التي تتربع الآن بأباء وشهم على كرسي عرش الفن في مدينتنا وإلى القائمين بإحيائه من العدم.

ليت كل شاب وكل محب للفن أن يقدم خطوة إلى الأمام من أجل الفن، كما أقام السيد سام آغا بخطوته المباركة، هنيئاً له وللفنان البارع (جمال بختيار).

# دوانزه

## فی وداع صانع المحبات محمد الحبوبي

### جلال عمر سام ئاغا

ايها الفارس الشهم.. يا من كنت تحلم دوما بمستقبل مشرق لعموم الشعب العراقى، ها قد مضى اكثر من عام وانا محروم من معشرك اللطيف وجلسات السهر التى كنت دوما شمعتها المضيئة وسهراتنا الحلوة فى مقاهى حى الإسكان بمدينة اربيل، التى شهدت ابتساماتك وضحكاتك البريئة، لم أكن أتصور بأن رداء الموت سيطوى هذه الحياة الزاخرة بالنشاط والتآلف والتآخى، اهـ من الزمن!! حين استعيد ذكرياتى مع هذا الصديق الحبيب أتذكر بأنة ولد فى مدينة النجف الأشرف، التى كان يحبها ويعيش همومها ومن ثم قضى سنوات الغربة والإغتراب، سنوات المطاردة والملاحقة فى مدينة بيروت.. التى إحتضنت الكثير من رجالات الفكر والأدب والسياسة من امثال الفقيد الغالى والتى أحبها هي الأخرى أيضا والراقد الآن تحت تراب كردستان فى مقبرة عائلة المفتى بمدينة اربيل، التى أوصى أن يدفن' فيها وذلك لإعتزازه بكردستان أرضا وشعبا، ولحبه المفرط الى مدنها الجميلة كركوك واربيل والسليمانية ودهوك وحلبجه وكؤيه وغيرها من المدن والقصبات.

ان فقدان هذا الرجل المتميز هو مصاب اليم وجرح عميق وخسارة جسيمة ليست لنا فحسب، بل للعراق كله الذي ناضل لاجله طوال أكثر من نصف قرن. وقد ظل يحلم طوال حياته بتحقيق الديمقراطية لهذا البلد الآمن الذى تحكم الفاشيون بمصيره لعقود من الزمن.

لاشك بأن اصدقاءه المقربين يعرفون بأن الفقيد كان من مؤسسي

إتحاد الديمقراطيين العراقيين فى بيروت عام ١٩٧٩، وانه شارك فى كل الفعاليات التى قام بها الديمقراطيون الأحرار فى العراق بعد سقوط الصنم، قبل أن يرحل مرة أخرى الى بيروت. لقد كان الحبوبي من أوفى أصدقاء الكورد وظل محتفظا بصداقته ومحبته لكل أولئك الذين تصادق معهم من الوجوه الكوردية المعروفة التى تعرف عليها فى بيروت والقاهرة وفيما بعد فى كوردستان. يجب ان لايخفي على أحد بأن الفقيد كان من بين العرب الأحرار القلائل الذين أيدوا بإيمان حق الكورد فى تقرير مصيرهم، كما ظل ثابتا على ايمانه التام بقوة الشعب العراقى وجدارته وقدرته على التحرر.

أيها الراحل العزيز.. لن أنسى الأيام التي داهمك المرض خلالها، ولكنك بقيت تصارعه بقوة وعزيمة، ولا أنسى الايام التي ما أن شعرت‘ خلالها بأن صحتك سائرة نحو التحسن الى حد ما ، حتى غادرت سرير المرض وهرعت مسرعا الى اربيل لنلتقي جميعا فى ضيافة الصديق المشترك (عدنان المفتي) الذى أحبك كأخ له، ونقيم فى بيته الكريم الذي لم يعتبرنا ضيوفا بل إعتبرنا نحن أصحاب الدار، المهم كان الاخ المفتي سعيدا بوجودك ووجودنا معا، وهكذا قضينا معا أياما قصيرة قبل أن تعود الى بيروت.

كم كان مصابنا اليما حين حرمنا من طلعتك البهية وبدلا منها استقبلنا جثمانك الطاهر بدموع المفجوعين وواريناك الثرى وقلوبنا مازالت تحن الى جلساتك المسائية المرحة مع الاخوة (عادل مراد و بختيار امين و د.طالب مراد) والاخرين، وقد كنت فعلا تدخل البسمة والفرحة أينما كنت تحل.

أيها الاخ الكريم الراقد الآن تحت التراب..

ثق بأنك ستظل خالدا في قلوبنا وسوف تبقى ذكرياتك موضع الفخر والاعتزاز.. نم قرير العين فأنك أديت واجبك الوطني فى حياتك على اتم وجه، فوداعا أيها العزيز الراحل

# بەشی شەشەم

# یەك

## یانەی کوردی لە هۆڵەندا، ڕێزی لێ دەنێتت

### جەلال سام ئاغا: نابێت ڕۆڵ و پشتگیری مام جەلال لەبیر بکەم

کوردستانی نوێ



*یەکێتیی ریزەکانمان مەرجێکی گرنگە بۆ*

*پاراستنی ملف و دەستکەوتەکانمان، بۆ*

*بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکانمان*

مام جەلال

کوردستانی نوێ | ژمارە (٦٥٦٨) | چوارشەممە ٢٠١٤/١٢/٣١

**هۆڵەندا : کوردستانی نوێ**

یانەی کوردی «میدیا» لە هۆڵەندا، لەدوا چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٤ی، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ یادی ٧٢ ساڵەی لەدایکبوونی جەلالی سام ئاغا کەسایەتی شاری سلێمانی ڕێکخست.

ڕۆژی ١٢/٢٨، بە ئامادەبوونی لیژنەی سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە و ژمارەیەک لە دۆست و هاوڕێیانی جەلالی سام ئاغا، مەراسیمەکە ڕێکخرا و، سەردار فەتاح ئەمین لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی هۆڵەندای سەر بەڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هۆڵەندای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەو ڕێزلێنانەی بەرز نرخاند. هەر لەمەراسیمەکەدا، چەند دیارییەکی بەنرخ پێشکەش بە جەلالی سام ئاغا کرا و لەلایەن ئامادەبووانیشەوە.. باسی هەڵوێستە بوێر و کار و چالاکییەکانی کرا و ڕۆڵی چاکسازیی دامودەزگاکانی حکومەتدا بەرزنرخێنرا. لەلایەن خۆیەوە، حەلالی سام ئاغا سوپاسی ئەو ڕێزلێنانەی کرد و وتی: « هەرچی کار و خزمەتێکم لەژیانی فەرمانبەری خۆمدا کردبێت، لەپێناوی چەسپاندنی سیستمی دەوڵەتداری و چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە،

هەرچەندە بەداخەوە گەلێک کۆسپ و تەگەرە و گرفتی جۆربەجۆرم لە کارەکانمدا هاتۆتە رێگا. نابێت رۆڵ و پشتگیری بەڕێز مام جەلال- یش، لەبیر بکەم، کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرێکی باش و سەرەکیم بووە تا ئەو ڕۆژەی دەستم لە بەرپرسیارێتی کێشایەوە».

*

# دوو
# ڕێکخراوی کیدۆ و خەڵاتی ڕێزلێنان لە جەلالی سام ئاغا

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

ڕۆژی (٢٠١٥/١٢/٩) بە بۆنەی (ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیی)، لە ئاهەنگێکی فراواندا.. ڕێکخراوی کیدۆ بەڕێز «جەلالی عومەری سام ئاغا» یان دەستنیشان کرد بۆ ڕێزلێنان وەک نمونەیەکی دەستپاکیی‌و بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی، لە ئاهەنگەکەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران‌و میدیاکاران‌و لێپرسراوان، ئامادەی بوون تیایدا بروسکەو نامەی هەریەک لە بەڕێزان (کۆسرەت ڕەسوڵ- جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی ی،ن،ک)و (د.بەرهەم ساڵح)و (قوباد تاڵەبانی- جێگری سەرۆک وەزیران)و (عەدنان موفتی- ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی،ن،ک) خوێندرانەوە.

هەریەکەیان لەنامەکانیاندا شایەتی ئەوەیان دەدا کە «جەلالی سام ئاغا»، لەژیانی ئیداریی و وەزیفیدا کەسێکی جوامێرو دەستپاک بووە و هەر کارێکی درابێتی نمونەی کەسایەتی پەرۆشی حکومەت و پارێزەری موڵک‌و ماڵی گشتیی‌و بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی‌و بەرقەراری شەفافیەت بووە، لە نامەکانیاندا جەختیان لەوە کردبۆوە کە: (جێی شانازییە ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگابوونەوەی گەندەڵیی دا وەک وەفایەک بۆ هەوڵ‌و ماندووبونیان، ڕێز لە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراو و دڵسۆزەکانی کوردستان‌و حکومەت و شاری سلێمانی خۆشەویست، بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا دەنێن)، وێڕای دەستپاکی‌و ئەمانەتی لەڕووی نیشتمانپەروەریشەوە، لە نوسراوەکانی ئەو بەڕێزانەدا ئاماژە بۆ خەباتی بەڕێزیان کراوە لە شۆڕشی ئەیلولیشدا بەشدارییەکی چالاکانەی کردووەو لە بەشی داراییدا هەمان نمونە بووە.

جگە لەو نامەو پەیامانەی خوێندرانەوە، سەبارەت بە ڕێزلێنراو «جەلالی سام ئاغا» و لایەنە پرشنگدارەکانی ژیانی، هەریەک لەم بەڕێزانەش وتاریان پێشکەشکرد، ئەوانیش (د.حیسام بەرزنجی- سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ).. (د.ناصر حەفید ئەدیب و

ڕۆژنامە نوس).. (حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ- ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق).. (بەکر حەمە سدیق- پارێزەر و ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق).. (ئاسۆس هەردی- ڕۆژنامەنوس‌و سەرۆکی دەزگای ئاوێنە)و(فەیسەڵ محەمەد- میدیاکار لە تەلەفزیۆنیN.R.T) و (حەمەڕەشید هەرەس- هونەرمەند).. (نازەنین ئەحمەد بچکۆل- چالاکوانی بواری مەدەنی)

لە کۆتاییدا ئامادەبوان خۆشحاڵیان بەو خەڵات‌و ڕێزلێنانە دەڕبڕی، هەرچەندە ڕێزلێنراو خۆی ئامادەی مەراسیمەکە نەبوو.

# سێ

## ڕاپۆرتی کەناڵی KNN تایبەت بە ڕۆژی جیهانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و ڕێزلێنان لە «جەلالی سام ئاغا» لەلایەن ڕێکخراوی کیدۆ...( )

KEDO

Kurdistan Economic Development Org.
Better future for the poorest
Tel : 2138110 – 07701462621 07301540814
Email : kedo19942002@yahoo.com / www. kedo94.net

ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان

منظمة التنمية الاقتصادية الكردستانية

2017/6/5

بەڕێز / کاک جەلالی سام اغا

بابەت / سوپاسنامە

بەناوی دەستەی باڵای سندوقی هەرەوەزی گەشەپێدان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستانەوە زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ بەشداریتان لە سەرمایەی سندوقی هەرەوەزی بە بڕی 3,000,000 (سێ ملیۆن دینار لە ساڵی 2012 وە هەتا 2018/6/5) دەستپێشخەریەکی گرنگ و سوود بەخش بوو.

ئومێدەوارین ئومێدتان زۆر بێت.

حسام حکیم بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

Cyrcle Street / Zerink
New Toluka Bridge

(٣) ڕاپۆرتی پەیامنێر : هونەر جەماڵ.

**بێژەری هەواڵ:**
لە ڕێوڕەسمێکدا، کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵییەوە لە شاری سلێمانی ڕێکخرا، ڕێکخراوی کیدۆ خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە «جەلالی سام ئاغا»، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی زیاتر لە «٢٧٠٠- دوو هەزار و حەوت سەد» ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی ئامادەکردووە و «٨٦- هەشتا و شەش» بەرپرسی باڵاشی لەسەر گەندەڵی ڕووبەڕووی دادگا کردۆتەوە، لەهەمان کاتدا «جەلالی سام ئاغا» بەهۆکارێکی شەخسی خەڵاتێکی تری نێودەوڵەتی ڕەتکردۆتەوە کە لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتی ئابوریناسانەوە وەک کەسایەتی ساڵی ٢٠١٥ پێی بەخشرابوو بۆ دەستپاکی پێی بەخشرابوو.

**پەیامنێر:**
بەب ۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان، بەهاوکاری کەمپینی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە «جەلالی عومەری سام ئاغا» سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی لەپای ئەو ڕۆڵەی لەپشتگیریکردنی دەستپاکی و پەردەلادان لەسەر فایلەکانی گەندەڵی و پارێزگاری لەسامانی گشتی لەڕابردوودا بینیویەتی. حسام بەرزنجی- سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ :»ئەمڕۆ کە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، ڕۆژێکە.. دەبێت لە هەرێمدا زیاد لە پێویست گرنگی پێبدرێت، ئێمە لەم ڕۆژەدا کەسێکی زۆر شیاومان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ڕێزی لێبنێین، کەسێکە بەدەستپاکی ناسراوە، بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەپاراستنی سامانی گشتی، گەندەڵی زەنگێکی زۆر مەترسیدارە هەرێم بەرەو کارەسات دەبات، هەرێم بەرەو چارەنوسێکی نادیار و مەترسیدار دەبات ئەگەر چارەسەری نەکەین».
بەکر حەمە سدیق، وەک پارێزەرێک لەلایەن «جەلالی عومەری سام ئاغا» سەرپشک کرابوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە ڕایگەیاند: جەلالی سام ئاغا لەماوەی «٤٧- چل و حەوت» ساڵ خزمەتی وەزیفیدا بچوکترین گەندەڵی ئەنجامنەداوە. بۆیە ئەو پیاوێکی سپییە لەڕۆژگاری ڕەشدا و مۆمێکە لەتاریکیدا دژی گەندەڵی دەسوتێت، وەرگرتنی خەڵاتەکەشی بەشەرەفێکی گەورە دانا.
بەکر حەمە سدیق- نوێنەری جەلالی عومەری سام ئاغا : «کاک جەلالی سام ئاغا ئەو تیۆرەی هەڵگێڕاوەتەوە کە دەڵێت.. کەسێک لە سوڵتەدا بێت دەست بۆ

پارە دەبات.. دەست بۆ گەندەڵی دەبات و دەست بۆ شتی خراپ دەبات، کاک جەلال لەوەزیفەدا بووە «٤٧ - چل و حەوت» ساڵ لەو قۆناغە زۆرەدا تەنها ڕۆژێک گەندەڵی نەکردووە.. خاڵێکی گەندەڵی و خاڵێکی ڕەشی لەسەر نییە، ئەمە سپی بوونەوەیەکی ڕاستەقینەیە، سپی بوونی «ناخە –ڕەوشتە– هەڵسوکەوتە»، ئیختیارکردنی ئەو بۆ من بۆ ئەوەی ئەم خەلاتەی بۆ وەربگرم بەڕاستی هەستدەکەم لەپاڵ یەکپارچە سپیایی گەورەدا وەستاوم کە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە».

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکێتی نێو دەوڵەتی ئابوریناسان خەلاتی نێودەوڵەتی ئەوروویی بۆ کەسایەتی ساڵ لە بواری دەستپاکی کارگێڕیدا بەخشییە «جەلالی سام ئاغا»، بەڵام بەهۆکارێکی شەخسی وەرگرتنی خەلاتەکەی ڕەتکردەوە.

شوان محەمەد– ڕۆژنامەنوس: «ئەم پیاوە یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەرامبەر ئەو دۆسیانەی کە گەندەڵی تێدابوو ئەتوانین بڵێین وەکو دەستپێکێک لە بواری ئیداریدا دەستیکرد بەکۆمەڵێک ئیجرائات، کەسانی زۆر گەورە.. بەتایبەتی لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا ڕاکێشایە بەردەمی دادگا، ئەو وەختەی سنوری ئیدارەی سلێمانی بوو، ڕووبەڕووی دادگا کردەوە کە کەسانێکن لەوانەیە تا ئێستا خەون بێت ئەو کەسانە بدرێنە دادگا، چونکە پلەکانیان بەرزبوو، لەم ماوەیەی پێشوشدا، بێجگە لەم خەلاتە خەلاتێکی تری نێو دەوڵەتییان بۆ عەرزکرد، خەلاتێک بوو کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، بەڵام بنکەی سەرەکی لەدەوڵەتی قەتەرە، ئەویش هەر لەبواری گەندەڵیدا بوو، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت وەرگرتنی خەلاتەکەی ڕەتکردەوە، من پێم وابێت کاک جەلالی سام ئاغا یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە مێژووی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە وڵاتی ئێمەدا ئەمڕۆش و سبەینێش و لەئاییندەیەکی دوریشدا قەرزارباری بین».

«جەلالی عومەری سام ئاغا» ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە، لەو ماوەیەدا زیاتر لە «٢٧٢٠ - دوو هەزار و حەوت سەد» ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی ئیداری و مالی و سەرپێچیەکان ئامادەکردوە و ٨٦ هەشتا و شەش بەرپرسی باڵاشی لەسەر گەندەڵی ڕووبەڕووی دادگا کردۆتەوە، ئەو خاوەنی خانویەکە، کە دوای مردنی پێشکەشی کەرتی تەندروستی کردووە.. زەوییەکیشی هەبووە فرۆشتویەتی و پارەکەی لەبانکدایە و ساڵانە قازانجەکەی دەداتە کارمەندانی نمونەیی و خانمانی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی، لەگەڵ ئەوەی بە پلەی وەزیر خانەنشینکراوە، بەڵام سەرجەم ئیمتیازاتی وەک پاسەوان و ئۆتۆمبیل و شۆفێری ڕەتکردوەتەوە.

ڕۆژگارێک ناوهێنانی «جەلالی عومەری سام ئاغا» و دەزگاکەی بەس بوو، بۆ لەرزینی کورسی گەندەڵکاران، ئەو لەم بینایەوە توانی نۆ ساڵ ڕووبەڕووی گەندەڵی بێتەوە و دەیان بەرپرسی باڵا بداتە دادگا، هەرچەندە خەونەکانی بۆ بەدیهێنانی وڵاتێکی پاک و شەفاف بەتەواوی نەهاتە دی، بەڵام بەهۆی خەباتە بەردەوامەکانییەوە ناوی هەمیشە بەدرەوشاوەیی لەبەرەی دژە گەندەڵیدا دەمێنێتەوە.

# چوار

## ڕاپۆرتی کەناڵی ڕووداو:

## تایبەت بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی(٣٤)

«جەلال عومەر سام ئاغا» سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابورییەوە خەڵات دەکرێت و وەک کەسایەتی ساڵ دەستنیشان دەکرێت.

حسام بەرزنجی- سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ: «ئەم ڕێزلێنانە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوەیە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایانناوە (٠٩-١٢)لەهەموو ساڵێکدا ڕۆژێکە تایبەتە بەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا یاخود ئەتوانین بڵێین لەهەموو جیهاندا، ئەمڕۆ ئێمە بەهەلمان زانی بۆ ئەوەی ڕێز لێنان ڕێکبخرێت بۆ بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا». ئەو پیاوەی لە ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایدا بەسروشتە بێدەنگەکەی خۆیەوە زۆربەی فایلەکانی حکومەتی هێنایە قسە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا یەکێتی نێو دەوڵەتی ئابورناسان و کارگێڕییەکانی یەکێتی ئەوروپا خەڵاتی دەستپاکیان پێشکەشی ناوبراو کرد.. دواتر لەبەر چەند هۆکارێکی تاکە کەسی کە خۆی ڕوونی نەکردەوە، ئامادە نەبوو خەڵاتەکە وەربگرێت، بەڵام بۆ خۆی ساڵانە بەپارەی ئەو پارچە زەوییەی کە فرۆشتویەتی کارمەندە بوێرەکانی دیوانی چاودێریی دارایی خەڵات دەکات.

بەکر حەمە سدیق- نوێنەری جەلالی سام ئاغا : «جەلالی سام ئاغا ٤٧ چل و حەوت ساڵ موظف بووە فەرمانبەر بووە، لەدواینیشدا بەپلەی وەزیر تەقاعود بووە تەنها خاڵێکی ڕەش لەژیانی ئەو پیاوەدا نییە، ویستی شۆڕشێکی گەورەی سپی بەسەر گەندەڵیدا ئەنجامبدات، بەتەنها بوو، بەڵام بەڕاستی بەتەنها مایەوە حەزم دەکرد ژمارەی سپییەکانی کاک جەلالی سام ئاغا کە ئاواتی پێدەخواست زیاتر بوونایە، بەڵام بەتەنها خۆی بوو، بۆیە شەرەفێکی گەورەیە کە وا ئەمڕۆ نوێنەرایەتی ئەو دەکەم، بە نووسینی بابەتەکەی و بە نوێنەرایەتی وەرگرتنی خەڵاتەکەشی».

---

(٣٤) پەیامنێر: جەمال ئەحمەد جەمیل.

«جەلالی عومەر سام ئاغا» ساڵی ١٩٤١ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایک بووە و کۆلیژی بازرگانی و ئابوری زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لەدوای پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتە ڕاوێژکاری ئابووری و لەساڵی ٢٠٠٢ و هەتا ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، بەڵام لەو ساڵەدا بەپێداگیری و زۆری خۆی دەستبەرداری پۆستەکەی بوو. جەلالی سام ئاغا ساڵانێکە دوورکەوتۆتەوە و لەماڵەوەیە، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی چیرۆکی گەندەڵییەوە هەمیشە لەبەردەم خەڵات و نازناوەکاندا ناوێکی زیندووە.

لەسەر ئاستی جیهان وڵاتی سومالی گەندەڵترین وڵاتـە و دانیمارک کەمترین ڕێژەی گەندەڵی تێدایە، بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانی ساڵانە نزیکەی یەک هەزار ملیار دۆلار وەک بەرتیل بەکاردەهێنرێت.

# پێنج

## ڕێکخراوی KEDO - ڕێزگرتن لە بەڕێز جەلالی سام ئاغا

### حسام بەرزنجی

ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٩ڕێکخراوی(کیدۆ).. بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لە ئاهەنگێکی فراواندا.. بەڕێز «جەلالی سام ئاغا» یان دەستنیشان کرد، بۆ ڕێزلێنان وەک نموونەیەکی دەستپاکی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی،لە ئاهەنگەکەدا.. کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران ولێپرسراوان و میدیاکاران ئامادەی بوون، بروسکە ونامەی تایبەتی هەریەک لە بەڕێزان(کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی- جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی ی.ن.ک)و(د.بەرهەم ساڵح)و (قوباد تاڵەبانی- جێگری سەرۆک وەزیران)و(عەدنان موفتی- ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک) خوێندرانەوە، کەشایەتی ئەوەیان ئەدا.. لە ژیانی وەزیفییدا دەستپاکو جوامێربووە،هەرکارێکی درابێتی نمونەی کەسایەتی پەروشی حکومەت و پارێزگاریی موڵکیگشتی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەرقەرارکردنی شەفافیەت بوە. لە نامەکانیاندا جەختیان لە سەر ئەوە کردبوو کە ((ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاری گەندەڵیدا، وەک وەفایەک بۆ هەوڵ وماندووبونیان.. جێی شانازیە ڕێز لە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراو ودڵسۆزەکانی کوردستان وحکومەت وشاری سلێمانی خۆشەویست بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا دەنێن)). وێڕای دەستپاکی وئەمانەتی لە ڕووی نیشتیمانپەروەریشەوە،لە نوسراوەکانی ئەو بەڕێزانەدا ئاماژە بۆ خەباتی بەڕێزیان کراوە،لەشۆڕشی ئەیلولیشدا بەشدارییەکی چالاکانەی کردووە و لە بەشی داراییدا هەمان نمونەبووە. جگە لەو نامەو پەیامانەی خوێندرانەوە، هەریەک لەم بەڕێزانەش وتاریان پێشکەشکرد.. سەبارەت بە ڕێزلێنراو «کاک جەلال سام ئاغا» لایەنە پرشنگدارەکانی ژیانیان باسکرد کە ئامانە بوون: «حسام بەرزنجی- سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ» و «د.ناصر حەفید ئەدیب و ڕۆژنامەنوس» و»حاکم فەرهادی مەلا ڕسوڵ- ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق» و «بەکر حەمە صدیق -

پاریزەروئەندامی خولی پیشووی پەرلەمان» و «ئاسۆس هەردی - ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی دەزگای ئاوینە» و «فەیسەڵ محمد- میدیاکار لە سەتەلایتی ئێن ئارتی» و «حەمە ڕەشید هەرەس- هونەرمەند» و «نازەنین ئەحمەد بچکۆل چالاکوانی بواری مەدەنی». لەکۆتاییدا.. ئامادەبووان خۆشحاڵیان بەو ڕیزلێنانە دەربڕی، هەرچەندە ڕیزلێنراو خۆی ئامادەی ئاهەنگەکە نەبوو.

# شەش

## ئەم کاتەتان باش

### حاکم فەرهاد

من زۆر سوپاسی کاک جەلالی سام ئاغا و ئەم ڕێکخراوەش دەکەم کە شەرەفی ئەوەش بە من بەخشراوە چەند وتەیەک لەسەر کاک جەلالی مام و برای گەورە بڵێم، دیارە دەمەوێت زۆر بە سادە و ساکاری قسەبکەم نەک وشەی قەڵەو قەڵەو بەکاربهێنم. من بۆ خۆم زۆر دەمێک بوو ناوی کاک جەلالم بیستبوو، بەڵام لە نزیکەوە بە دیدارو خزمەتی شاد نەببووم، تا خواوڕاستان؛ برادەرێک کە ئێستا بۆ خۆشی لێرەیە؛ ئەو دیدارەی بۆ ڕەخساندم. ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوی خۆم لە سوختەخانەکەیا تۆمارکرد و بوومە فەقێی قەلەندەرخانەکەی. ئەگەر بڵێم کاک جەلال شەمسی تەورێزییە، پڕکێشیم نەکردووە، چونکە ئەو پڕە لە عەشق. عەشق بۆ خاک و نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤ. بۆیە ئەوەی لە قەلەندەرخانەکەیدا دەگوزەرێت و دەگوترێت، تەنیا باسی عەشقە، عەشقی جوانی و پاکی و هەڵمەت بۆسەر گەندەڵی و گەندەڵکاران. خۆ زۆرن لەوانەی لە دیوی دەرەوە پاک و جوانن، بەڵام ناخیان ڕەشە و خۆرکەی گەندەڵی لێیداوە، بۆیە کەسێک ئاوڕیان لێناداتەوە، مەگەر کاسەلێسان نەبن. گەندەڵیی، ئەو وشەیەی لەسەر زاری هەمووانە، بەڵام خۆ گەندەڵی هەر بەتەنیا هەر دزینی سەروەت و سامانی ئەم میللەتە نییە، کەمتەرخەمی لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و فەرمانیشدا، هەر گەندەڵییە. جا هەر لەو کارگوزارە بەڕێزانەی ئەرکی پاککردنەوەیان پێ سپێردراوە، تا دەگاتە سەر پۆستی سەرۆکی وەزیران. هیوادارم ئەم جۆرە ڕێزلێنانە و ئەم کاک جەلالانە ببنە سەرمەشق، تا بتوانین وانەی عەشق و خۆشەویستیی خاک و خەڵک، لەدەرونی لاوەکانماندا بچێنینەوە کە لە سایەی سیاسەتی چەوتدا، بەرەو لامونتەمی بوون دەڕۆن. ئەم پیاوە چاک لەوە تێگەیشتووە، ئەگەر خۆی نەکاتە پەروانە و بە گڕ دەسەڵاتی گەندەڵ و گەندەڵکاراندا نەچێتەوە، ئەوا گڕی لەشی دڕ بەم شەوەزەنگی گەندەڵییە نادات. ڕێگەم بدەن لێرەوە، سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیمان، بۆ یەکە یەکەی

ئەو پێشمەرگانە بنێرین، کە ئێستا بەرسنگی تاریکییان گرتووە و چرای عەشق و وڵاتپارێزییان داگیرساندووە. بۆیە لێرەوە دەست و پەنجە و لولەی تفەنگی یەک بەیەکیان ماچ دەکەم و دەڵێم، «ئێوەن کە شەرەف و کەرامەت و خاکمان دەپارێزن، بێ ئەوەی گوێ بە گەندەڵکاران و دەوڵەمەندانی شەڕ بدەن. ئێوە بە گوللەی چەکەکانتان.. کاک جەلالەکانیش بە هەڵوێستی نەگۆڕیان سەبارەت بە گەندەڵی و گەندەڵکاران». گرنگ نییە، چۆن دەژیت؟ گرنگە، بۆچی دەژیت؟ ڕەنگە هەبن بڵێن «جا تاکە کەسێک لەم جەهەننەمی گەندەڵییەدا، چی پێدەکرێت؟ «. نا وانییە، ئەوەتا جار لەدوای جار، هەر کاک جەلالی سام ئاغایە ڕێزی لێدەنرێت و پەنجەی ڕێزی بۆ درێژ دەکرێت. ئەوەتا هەر خۆشی، لە پارە و سامانی خۆی، ساڵانە ڕێز لەو کارمەندانە دەنێت کە فەقێی سوختەخانەکەی ئە بوون و بێپەروا کارەکانیان ئەنجامدەدەن. کاک جەلال.. هیوادارم، ئێمەش بتوانین، لەو سوختەخانەیەی بەڕێزتان، عەشق بچنینەوە.. هەر هیچ نەبێت، لەگەڵ ناخماندا ڕاستگۆبین. چونکە زۆر کەس لەگەڵ خۆشیاندا گەندەڵن و خاوەنی چەندین دەموچاوی ساختەن.

بەڕێزان، نامەوێت زۆر لە کاتتان بگرم، دەمەوێت بڵێم، خەیامی مەزن دەفەرمێت:

**ئەوەی لە دنیا لەتێک نانی بوو**
**کەلاوە کۆنێک ئاشیانی بوو**
**پیاوی کەس نەبێ و کەس پیاوی نەبێ**
**هەر ئەو ژیاوە، ئەو ژیانی بوو**

جارێکی تر پیرۆزبایی لە کاک جەلالی سام ئاغا دەکەین، بۆ ئەم ڕێزلێنانە، هەروەها زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانەش دەکەین لەم ڕێکخراوە، کە ئەم ڕێزلێنانەی بەخشییە پیاوێک، کە نمونەی جوانی و پاکی و عەشقە. هیوادارم بەردەوامبن لە ڕێزلێنانی هەموو ئەو تاکانەی، کە بەردێکیان لە بنیادنانی کوردستاندا داناوە.

هەربژین و کاتێکی خۆش بۆ ئێوە.

# حەوت

## Soas - زانكۆی لەندەن - شەقامی ثۆرنهۆف - چوارڕیانی ڕاسل - لەندەن- wc1h

تەلەفۆن: ٠٠٤٤٠٢٠٧٨٣٧٢٣٨٨

دكتۆر صەباح غالب
١٠٥ باخچەی پاركی گلادستۆن
لەندەن 6JY NW2
بەروار/ ٢٠ /٠٨/ ٢٠١٤

**زۆر بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا**

**بابەت/ بەخشینی چەند بابەتێک بە كتێبخانەی Soas**

بەخشینی چەند بابەتێک بە كتێبخانەكەمان بە سوپاسەوە بەرز ڕادەگرین، لەژێر ئەم چەند ناونیشانەدا:

١. روونكردنەوەكانی سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی- جەلالی عومەر سام ئاغا

٢. چاوپێكەوتنەكانی سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی

ئەم بابەتانە، وەكو سەرچاوە دراوە بە كارمەندانی كتێبخانەكەمان بەمەبەستی پاراستنیان. ئێمە بەوەرگرتنی ئەم بابەتە گرنگانە و بەخشینیان بە كتێبخانەكەمان كتێبخانەی «Soas»زۆر خۆشحاڵین. بۆیە زۆر سوپاستان ئەكەین. ئەگەر هەر داواكارییەكی ترتان هەبوو، تكایە پەیوەندی بكەن بە خاتوو «ئیلین كراولی» بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٠٤٤٠٢٠٧٨٩٨٤٧) یان لە ڕێی ئیمێڵی/ EC7@SOAS.aC.UK كە بەرپرسی ئەو كتێبانەیە كە بەكتێبخانەكەمان دەبەخشرێ.

**لەگەڵ ڕێزماندا**
**پیتەر ماكور ماكس**
**ی. پەیوەندی كتێبخانە**

# هەشت

## سەردانی عیماد ئەحمەد بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا و پێشکەشکردنی چەپکە گوڵ

### سوپاس نامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەیاوەری (بەهرۆز قەشانی پارێزگاری سلێمانی، لەتیف شێخ عومەر)چەند کەسایەتی و بەرپرسێکی ئیداری و حیزبی... عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم :»ئێمە قەرزاری ئەم پیاوەین،کاتێک «جەلال عومەر سام ئاغا» لەحکومەت بووە، قوەت بووە بۆ حکومەت.. دەستخۆشی لێدەکەین، زۆر زۆر سوپاسی دەکەین، ئین شەڵلا لە نمونەیان زیاد ئەبێت، بۆ خزمەتی گەلەکەی بۆ خزمەتی دامودەزگاکەی حکومەت. ئێمە تا لە چاودێریی دارایی بووە قوەتێک بووە بۆ حکومەت وە دژی گەندەڵی بووە. ئێمە لەحکومەت زۆر سوودمەند بوین لێی، سەردەمانێک سەرۆکی چاودێریی دارایی بووە ئیشێکی باشی لەحکومەت کردووە، بە هەزاران ڕاپۆرتی هەبووە بۆ هەموو دامودەزگاکان، من لەچەند کابینەیەک ئیشمکردووە هاوکاری بووم، ئەو هاوکارمان بووە، حکومەت زۆر سوودمەند بووە لێی، توانیویەتی دەستنیشانی زۆر خەلەل و تەجاوز و گەندەڵی بکات. ئێمە بەهۆی دەزگاکەی ئەم و بەهۆی نەزاهەت و مەوقفی ڕاستی کاک جەلال توانیومانە زۆر کەس بدەینە دادگا، توانیومانە ئیجرائات لەگەڵ زۆر کەس بکەین، ئیجرائاتی ئیداری.. لەو ماوەیەدا کە ئیشی کردووە بەڕاستی حکومەت قەرزاری بووە، من ئێستا دەڵێم کە هاتووین وەکو ئەنجومەنی وەزیران سوپاسی بکەین، ئەحواڵی بپرسین، تەقدیری ئەو ماندوبوونە بکەین کە لەو سەردەمانە ئیشی لەگەڵ ئێمە کردووە، ئین شائەڵلا نمونەی زیاد دەبێت، ئەو چاودێرییە کە دەستپێکەکەی بەباشی ڕۆییشت چاودێرییەکی سەرتاسەری، ئێستا لەحکومەتی کابینەی حەوت یەکێک لەئامانجەکانمان ئەوەیە ئەم دەزگایە تەفعیل تر بکەین بۆ ئەوەی چاکسازی لەئیدارەکانماندا ببێت».

**پرسیاری پەیامنێران:**

**پ/ ئیجرائاتتان لەگەڵ چ کەسایەتییەکدا زۆر کردووە؟ ئەتوانرێت بوترێت چەند کەس ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە، وەک ئەبینین زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد راپۆرتی گەندەڵی هەیە لە دیوانی چاودێریی؟**

وەڵام/ جەلالی سام ئاغا ڕاستکردنەوەی ژمارەکە (٢٧٢٠) ڕاپۆرت.

وەڵام/ عیماد ئەحمەد: «حەزئەکەم کاک جەلال قسە بکات.. ئەو وەڵامبداتەوە، ئەو ژمارە ڕاپۆرتە شەرت نییە گەندەڵی بێت، تەقدیری ئەمانە کە تەقدیرێک دەکەن بۆ شتێک ئێمە بەدواداچوون دەکەین، لیژنەی بۆ دروست دەکەین، کە لیژنەکە گەییشتە ئەوەی ئەمانە گەندەڵین، ئەو کاتە دەدرێنە دادگا، دادگاش ئیجرائاتی خۆی دەکات، منو ئەم پیاوە (ئاماژە بۆ جەلالی سام ئاغا دەکات) زۆر جار کە لە ئەنجومەنی وەزیران بووم و ئیشمکردووە لەگەڵیدا (ئاماژە بۆ جەلالی سام ئاغا) بە یەکەوە سەردانی هەموو وەزارەتەکانمان کردووە، بەسەدان ڕاپۆرتمان ساغ کردۆتەوە».

**پ/ پەیامنێر: «کەی دیوانی چاودێریی یەک دەگرێتەوە؟».**

وەڵام/عیماد ئەحمەد: «ئێستا یەکیگرتۆتەوە، بەڵام سەرۆکەکەی دەبێت پەرلەمانی کوردستان دەستنیشانی بکات، لە ماوەیەکی نزیکدا دەستنیشان دەکرێت».

پرسیاری پەیامنێری NRT بۆ «جەلالی سام ئاغا».. **کاک جەلال جەنابت لەو ڕاپۆرتانەی داوتە بەحکومەت، بەڵام وەک دەزانیت هەتا ئێستا کاریان پێنەکراوە، وەک خۆت هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

جەلالی سام ئاغا (بەزەردەخەنە و ڕوانین بۆ عیماد ئەحمەد) عیماد ئەحمەد: «وەڵام بدەنەوە».

جەلال سام ئاغا: «جواب نادەمەوە (پێکەنین بەردەوامە) هۆکارەکەی بۆ حکومەت دەگەڕێنمەوە».

**پەیامنێر/ حکومەت نایەوێت گەندەڵی چارەسەر بکات؟**

جەلال سام ئاغا: «ئەوە بە کاک عیماد بڵێن».

عیماد ئەحمەد (بە پێکەنینێکی زۆرەوە): «من لەگەڵ خۆی زۆر ئیشم کردووە، نازانم».

**پەیامنێرەکان/ ئایا حکومەت نایەوێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات؟**

عیماد ئەحمەد: «چۆن حکومەت نایەوێت!»
جەلالی سام ئاغا: «هەشتاو شەش کەسمان داوە بە دادگا ، چواریان مەعلوم بووە».

**پەیامنێر/ ئەو کەسایەتیانە لە چ پلەیەکدا بوون؟**
جەلالی سام ئاغا: «پلەی زۆر گەورە ، بەڵێ سەروو وەزیریش».

**پەیامنێر/ کاک عیماد نییەتی ئێوە وەکو کابینەی نوێ لە بارەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی چییە؟**
عیماد ئەحمەد: «ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە لە هەر شوێنێک گەندەڵییەک ببینین، وە ئەم کابینەیە لەبەرنامەی خۆمانەوە و کابینەکانی تریش ئیشیان کردوە بۆ چاکسازی و دژی گەندەڵی بوون، وە ئێمە لەهەرشوێنێک ئەو نەخۆشییە ئەو گەندەڵییە ببینین بەگژیا دەچینەوە و ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکەین».

**پەیامنێر/ یەکخستنەوەی دەزگاکان بەکوێ گەییشتووە؟**
عیماد ئەحمەد: «تەواو بووە.. لەم ڕۆژانەدا چۆن دەڵێن ئەوە ماوە کۆتایی پێ بێنین».
جەلالی سام ئاغا بۆ شێخ عومەری شێخ لەتیف : «با برادەران بڕۆن کاکە شێخ تۆزێک زەمی بەرهەم دەکەم».

# نۆ

## حکومەتی هەرێم - ڕێز لە جەلالی سام ئاغا دەنێت

### جێگری سەرۆکی حکومەت: دیوانی چاودێریی دارایی کاراتر دەکەین

### ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران و هەڵکەوت زەنگەنە

عیماد ئەحمەد سوپاس و پێزانینی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش بە جلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی کرد.

دوێنێ ٢٠١٢/٥/١٢، عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی دەزگای ئاسایش هەرێم و پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسی نوسینگەی حکومەت لە سلێمانی، سەردانی «جەلالی عومەری سام ئاغا» سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی کردو سوپاس و پێزانینی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشکەش کرد، وەک لە سوپاسنامەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە: ((جەلال سام ئاغا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ – ٢٠١١ وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، کاری گرنگی ئەنجام داوە بۆ جێبەجێکردنی قانون و ڕێنماییەکانی حکومەت لە بواری دارایی و ڕێگە گرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا))، هەروەها هاتووە: لە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوونتان و لە ئەستۆگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی، سوپاس و پێزانینی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین و کارەکانتان بەرز دەنرخێنین.

**ڕێگەگرتن لە سەرپێچی**

هەر لەم سەردانەدا جێگری سەرۆکی حکومەت ڕۆڵی جەلالی سام ئاغای لە بواری چاودێرییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێگرتن لە سەرپێچی و بە فیرۆدانی سامانی گشتی بە گرنگ وەسفکردو ڕوونیکردەوە: کە چەندین ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی کاریان لەسەر کراوەو هەندێک لە سەرپێچیکاران سەرەڕای سزای ئیداری، دراونەتە دادگاش.

لەلایەن خۆیەوە «جەلال عومەر سام ئاغا» سوپاسی حکومەتی هەرێم و سەرۆکو جێگری سەرۆک وەزیرانی کرد.. سەبارەت بەم بەسەرکردنەوەیەو بایەخدان بەو کەسانەی کە کاری باشیان لە دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجام داوە، ئامادەیی خۆشی بۆ هاریکاریی حکومەت لە بواری چاودێریی دارایی و ئەکتیڤکردنی ئەم دەزگا گرنگە لە خزمەتی چاکسازیی و بەرژەوەندی گشتیدا خستەڕوو.

**دژایەتیکردنی گەندەڵی:**

لە لێدوانێکیشدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، جێگری سەرۆکی حکومەت ئەوەی خستەڕوو، کە ((یەکێک لە ئامانجەکانمان کاراترکردنی دیوانی چاودێریی داراییە.. ئەم ڕاپۆرتانەش کە ئەم دەزگایە پێشکەشی دەکات، مەرج نییە گەندەڵی بن، بەڵکو هەڵسەنگاندنی دیوانەکەیە بۆ کاروبارەکان و بە دواداچوونی بۆ دەکەین و لیژنەی بۆ دروست دەکەین، کە لیژنەکە گەییشتە ئەوەی ئەمانە گەندەڵین، ئەوکات دەدرێتە دادگا.. دادگاش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر)). وتیشی: لەهەر جێیەک گەندەڵی ببینین دژایەتی دەکەین، ڕاشیگەیاند بەم نزیکانە یەکخستنەوەی تەواوی دەزگاکانی حکومەت کۆتایی دێت.

**بۆ هەموو لایەک**

**کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**

**جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی(ی.ن.ک)**

سڵاوێکی گەرم:

ئەم ماوەیەی لەگەڵ کاک «جەلالی سام ئاغا»دا کارکرا بە ڕاستی نموونەی سەرۆکێکی دەست پاک و زۆر جوامێرە، هەروەها ئەو ماوەیەی کە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بوو.. زۆر خزمەتی ناوچەکەی کرد، بە هیچ شێوەیەک قبوڵی نەکردووە کارێکی بێ قانونی ئەنجام بدات، هەروەها پاش چەند ساڵێک ڕاستەوخۆ بوو بە سەرۆکی دەستەی چاودێریی دارایی...

لەگەڵ ڕێزدا...

## سەرۆک کۆماری عێراق

### د.فوئاد مەعسوم

من لە خاکەلێوەی مانگی (١٢)ی ساڵی (١٩٧٤) چوومە کوردستان لە قاهیرەوە، کە ئەوکات نوێنەری شۆڕش بووم لە میسر، بە چاکەتو پانتۆڵەوە چووم بۆ رۆژی دواییش خەریک بوو بیربکەمەوە کە جلێکی کوردی لەبەر بکەم، چونکە تەنیا من لەناو ئەو هەموو خەڵکە چاکەتو پانتۆڵم لەبەر بوو جلی کوردیم لەبەر نەبوو، لەوێ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)م ناسی بەهۆی کاک (د.کەمال مەزهەر)و ڕەحمەتی (د. کەمال خەیات) کە ئەوان لەوێ پێکەوە بوون، کاک جەلال کە زانیی کێشەی جلوبەرگم هەیە، وتی: وەڵڵا من تازە قاتێکم بۆ هاتووە لە سلێمانی یەوە بۆ تۆی دێنم، وە لەشیشمان وەکو یەکو لەیەکەوە نزیک بوو، ئیتر قاتەکەی بۆ هێنام، ئیتر لەوکاتەوەو لەوێوە من کاک جەلالم ناسی، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٩١) راپەڕین بوو گەڕاینەوەو چووینەوە سلێمانی، کاک جەلالم بینی یەوە، کاک جەلال ماوەیەک بوو بە جێگری وەزارەتی دارایی، کە ئەوکات وەزیر کاک عەدنان موفتی بوو، دوای ئەوە کاک جەلال دانرا بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی.

کاک جەلال لەڕووی کەسایەتییەوە پیاوێکی قسەخۆش وە بەئاگا وە زانیارییەکی زۆری هەیە لە زۆر بواردا، لەلایەکی تریشەوە، پیاوێکی رەفیق دۆست و ئینسان حەز بە ڕەفاقەتو تێکەڵی دەکاتو هیچ شتێکی تێدا نییە کە مایەی ئەوەبێت وات لێبکات لێی دوور بکەویتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر راتدەکێشێ کە زیاتر دۆستی بیت، لەوکاتەوە من پەیوەندییم لەگەڵ کاک جەلال پەیوەندییەکی توندوتۆڵەو بەدۆستێکی نزیکی خۆمی دەزانم، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە سەرۆکی دیوانی ڕەقابەی مالی بوو، کاری زۆر زۆر گرنگی کرد، وە سیستمێکی نوێی دانا بۆ دیوانی رەقابەی مالی، خۆزگەو بریا لەو عێراقەش چەند کەسێکی وەکو کاک جەلال-مان هەبوایە، کە بیانتوانیایە، ئازایانەو جوامێرانە رووبەڕووی گەندەڵیی ببوونایەتەوە وە لە هیچ شتێک نەترسابانو دوو دڵی یان نەکردبا، جا بۆیە کاک جەلال یەکێکە لەوانەی کە وەکو کەسایەتی زۆرم خۆش دەوێت و بە هاوڕێو دۆستو برای خۆمی دەزانم، لەلایەکی دیکەشەوە توانی جێدەستی خۆی دیاریی بکاتو بمێنێ، کە سەرۆکی دیوانی رەقابەی مالی بوو.

## د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح

بەڕێزان:

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) کەسایەتییەکی دیاری سلێمانییە، کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە، باوکم و بنەماڵەکەیان لە نزیکەوە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و بنەماڵەکەی دەناسن، تێکەڵاویمان هەبووە، تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاویی‌و هاتووچۆی کۆمەڵایەتیمان هەبووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠) کە من هاتمەوە بۆ ئێرەو دەستبەکار بووم وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەوکات جێگری وەزیری دارایی بوو، دواتر بوو بە سەرۆکی دەستەی چاودێریی و دارایی لە سلێمانی، لەو بوارەدا لە بواری کارکردندا کە پێکەوە کارمان دەکرد، ئەوکات کاک جەلالم وەها ناسی کە خەمخۆرێکی ئەم وڵاتەیە، خەمخۆرێکی حکومەتی هەرێم و پارێزەری داهاتی ئەم میللەتەیە، پیاوێکی چاو نەترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک، زۆر خەمخۆری هاونیشمانیان بوو کە حکومەت بە ڕێڕەوێکی ڕاستدا بڕوات، هاوکارمان بوو بۆ پرۆسەکانی چاکسازیی، وە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردانەی گەندەڵیی کە مایەی ڕەخنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، کاک جەلال لەم ڕووەوە کۆمەڵێک نمونەی خزمەتگوزارێکی گشتیی، وە فەرمانبەرێکی باڵای حکومەتی هەرێم بووە، پێموایەک جێ پەنجەو بەشداریی کاک جەلال لە پرۆسەی چاکسازیی‌و حوکمڕانی دروستی ئەم وڵاتەو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بەشداربوویەکی کاریگەر بوو. من لەلای خۆمەوە سوپاسی پشتیوانیی‌و هاوکاریی و دەوری کاک جەلال دەکەم، سەرباری ئەوەش کاک جەلال پیاوێکی نەتەوەخواز، نیشتمانپەروەر، هەمیشە لە بابەتە کورستانییەکاندا هاوکارو پشتیوان و داکۆکیی کارێکی بێ پەروا بووە، لەبەرئەوە ئەو بوارەی کاک جەلال‌و بیرکردنەوەی کاک جەلال جێگەی ڕێز بووە.

خۆشحاڵم بەوەی کە بەڕێز «جەلال سام ئاغا» سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵاتی بواری دەستپاکی پێدەدرێت. «جەلال سام ئاغا» لە کارەکەیدا.. نمونەی کەسایەتی پەروشی حکومەت و پارێزگاری موڵکی گشتی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەرقەرارکردنی شەفافیەت بوو، ئەو کات لە وەزارەتی دارایی یەکێک بوو لە هاوکارە سەرەکییەکان..بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی بنەماڵەکانی دەسەڵاتیکی دروست، هەروا ڕاوێژکارێکی بەئەمەک و ڕاشکاو بۆ بنبڕکردنی دیاردە دزێوەکان، من وەکو

سەرۆکی حکومەت سودمەند بووم لە ڕاوێژو بیروبۆچوون و ڕاپۆرتەکانی لە بواری دارایی و بەڕێوەبردن و دەستگرتن بە سەرچاوەکانی داهات. جگە لەوەش کارەکانی وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی مایەی دەستخۆشی وبەرزنرخاندنە و لەو پۆستەشدا توانی نمونەیەکی جوان پێشکەش بکات. شوێندەستی کاک جەلال وەکو سەرۆکی ئەو دەزگا گرنگە، دیاروبەرچاوە، لە کاتی ئەودا.. چەندەها ڕاپۆرت سەبارەت بە ڕێگری لە زیادەڕۆیی خەرجی حکومی و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی لە سەرجەم وەزارەت ودامودەزگا ڕەسمییەکان نیشانەی خەمخۆری وبەدەنگەوەهاتنی کاک «جەلال سام ئاغا» بوون، بۆ کارەکەی وبەرژەوەندی گشتی میللەتەکەی و چەسپاندنی بنەماکانی دەستپاکی وحکومەتێکی دروست. من بەم بۆنەیەوە جارێکی تر سوپاسی کاک «جەلال سام ئاغا» دەکەم کە بەهاوکاری وبەشداری ئەو توانیمان بەدواداچونی.. هەرنەبێت.. بەشێک لە بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی جێبەجێ بکەین، پەرۆشیی و کارەکانی کاک جەلال لە پۆستە جۆربەجۆرەکانیدا.. مایەی ڕێز و خەڵات وپێزانینە، بۆیە دەستنیشانکردنی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی دەستپاکی کارێکە لە جێی خۆیەتی.

٢٠١٥/١٢/٩

**برای بەڕێزم کاکە جەلالی عومەری سام ئاغا**

٩ی کانوونی یەکەمی٢٠١٥

بەڕێزان ڕێکخەرانی مەراسیمی ڕێزلێنان
قوباد تاڵەبانی- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

سڵاوێکی گەرم..

جێی شانازیمانە.. ئەمڕۆ و لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاری گەندەڵیدا.. وەک وەفایەک بۆ هەوڵ وماندووبونیان،ڕێز لە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوو دڵسۆزەکانی کوردستان و حکومەت وشاری سلێمانی خۆشەویست،بەڕێز کاک (جەلالی سام ئاغا) دەنێین. کاک جەلالی سام ئاغا،لە تەمەنی پڕبەرهەمی خەباتی کوردایەتی ولە تەمەنی پڕکۆششی کاری حکومەتدا، یەکێک بووە لەو پیاوە ئازاو تێکۆشەرانە، کە هەمیشە بە بڕوای تەواوەوە کاری بۆ زیاترکردنی شەفافیەت ودژایەتی گەندەڵی وخراپ بەکارهێنانی موڵک وماڵی میللەت کردووە. لەم پێناوەشدا زۆرماندوو بووە. کاک «جەلالی سام ئاغا» شایستەی هەموو ڕێزو حورمەتێکی حکومەت و خەڵکی

کوردستانە،ئەزمونی کاری ناوبراویش کەم وێنەیە و دەبێت درێژەی پێبدرێت و بەرێزەوەکاری لە سەر بکرێت.
بە ناوی خۆم و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە،پیرۆزبایی لە بەرێز کاک «جەلالی سام ئاغا» دەکەین و هیواداریین کە هەمیشە تەندروست و لەشساغ بێت.

## نامەی بەرێز عدنان موفتی

سەرەتای ناسینم بۆ ئەو کەڵەپیاوە.. دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٤. کاتێک لە لیژنەی باڵای دارایی شۆڕش (ئیدارەی گشتیی) دامەزرا، بە سەرۆکایەتی خوالێخۆش بوو خەسرەو تۆفیق، لێپرسیراوێتی پشکنینم وەرگرت، دواتر کاک عەلی عەبدوڵلاو ئەوان باسی ئەوەیان کرد کە شۆڕش پێویستی بە ڕێنمایی دارایی هەیە، لەبەر ئەوەی ئیدارەیەکی زۆر فراوانمان دروست کردبوو، جگە لە لایەنی ئابوریی کشتوکاڵ، پەروەردەو خەڵکێکی زۆریش پەیوەندییان کردبوو بە شۆڕشەوە، منیش لەو لیژنەیەدا بووم، لەوێ لەگەڵ کاک «جەلالی سام ئاغا» ئاشنا بووم. شایانی باسە ئەم لیژنەیە شەهیدانی نەمر «شەهابی شێخ نوری» و»شەهید ئارام» و کەسایەتی شارەزای بواری ئابووری ودارایی ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون. دوای چەندین کۆبوونەوە و ڕێنمایی پێویست وبەهاو پرنسیپەکانی دارایی.. بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی شۆڕشی ئەیلول، دانراو منیش وەک سکرتێری ئەو دوو لیژنە دەستنیشان کرام. کاکە (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئەو کاتە لە وەزارەتی ڕاگەیاندن بوو، (شەهید ئارام) لە وەزارتی عەدل بوو، (شەهید شێخ شەهاب) ئەویش لە وەزارەتی ئێمەبوو، بەڵام لێپرسراوی بازرگانیی بوو، چەندین کۆبوونەوەمان کرد سەرەتای دامەزراندنی ئیدارەی دارایی بوو، ئاشنایەتی من لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بریتیی بوو لەو لیژنەیە کە جارجار دوو هەفتە جارێک کۆ دەبووینەوە. پاش دابرانم لە وەزارەتی دارایی و ڕۆییشتنم بۆ ناوچەی پێنجوێن و تەوێڵە و هەورامان، لەیەک دابڕاین، سەرەتا بەناو دەمناسی بەڵام نەبووبووین بە برادەر، دواتر چەندین ساڵی وەها ڕێکەوت جارێکی دی بەیەکەوە کاربکەین.. بە شێوەیەک لە شێوەکانی هەمان بەرپرسیاری وەربگرین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی لە وەزارەتی ئابووری دارایی. دوای ڕاپەڕین ناوەکەی دەهاتە پێش چاوم، بەتایبەتی کاتێک کە شەڕ ڕوویدا، کاک جەلالیش یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانەی کە دەیویست شەڕ ڕابوەستێنێت و ئاشتی هەبێت لەگەڵ دەستەی ڕۆشنبیرانیی سلێمانی. دواتر لە ساڵی (١٩٩٩)، کە بووم بە وەزیری شارەوانیی، پاشان تەکلیف کرام کە ببم بە وەزیری دارایی‌و ئابوریی، کاک جەلالیش دەستنیشان کرا کە ببێت بە جێگری

وەزیری دارایی‌و ئابووریی، لەو ڕۆژەوە لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، برادەرایەتییەکی تایبەت دەستی پێکرد، هەتا ئەمڕۆش زۆرجار بیروڕای جیاوازمان هەبووە لەسەر ئیدارەو لەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردن، بەڵام هەمیشە تەواوکەری یەکتربووین، سەرەتای دامەزراندنی ئیدارە بوو لە سلێمانی لەبەر ئەوە پێویستمان بە هەندێک یاسا هەبوو کە لە یاسای عێراقی بوون، دەستی نەدەدا بۆ ئەو ڕۆژە، دەبوایە گۆڕانکاریی بکرایە و پڕۆژەیەک ئامادە بکەین بۆ بابەتی بودجە، بە تایبەت دەمانویست ئابووریی ئەو ناوچەیە ببووژێنینەوە.

من کاک «جەلالی سام ئاغا»م لە نزیکەوە ناسیووە، بەرپرسیاری هاوبەشمان هەبووە لە بەڕێوەبردنی وەزارەتی دارایی وئابووری لە سەرەتای «٢٠٠٠-٢٠٠٢» لەو ساڵەدا بە ڕاشکاوی دەیڵێم وەکو جێگری وەزیری دارایی.. هاوکاری زۆری کردووم، هەروەها سودێکی زۆرم لە ئەزمون و شارەزایی بینیوە، لە بواری بەڕێوەبردن و داراییدا جێگا پەنجەی دیاربوو.. بەسەر بەڕێوەبردنی وەزارەتەوە سەرەڕای ئەو بارودۆخە قورسەی خرابووە سەرمان، دواتریش سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی.. خرایە ئەستۆی، بەردەوام لە پەیوەندی وئاڵوگۆڕی بیروڕابووین بۆ داڕشتنی بەرنامە بۆسەرکەوتنی کارەکانی هەردوولامان، سەرەڕای ئەوەش کاک جەلال وەکو دۆست وبرایەک هەمیشە خاوەن هەڵوێست وڕەوشتی بەرزبووە.. ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە سەرخستنی بەرنامەی نەهێشتنی گەندەڵی.. لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، وێڕای پیرۆزبایی گەرم لە کاک جلال بە بۆنەی ڕێزلێنانیەوە، ئومێد دەکەین هاندەرێک بێت بۆ ئەو کەسانەی ڕێبازی دەسپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەگرنەبەر و ڕێزلێنان لە کاک جلال.. ڕێزلێنانە.. لە سەرخستنی دەسەڵاتی یاساو سەقامگیرکردنی بنەماکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی.. لە ژێر سایەی سەروەری یاسادا.

کاک جەلال دەورێکی کاریگەری هەبوو لە دروستکردنی ئەو لیژنانەو چاکسازیی لەناو ئەو یاسایانەی باج‌و ڕێکخستنی دارایی، هەموو ئیدارەو دەسەڵاتەکانم دابوو بەو، چونکە ئەو ئەزمونێکی زۆری هەبوو لە شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکان، زۆر کار هەبوو کە ئەگەر ئەو هامشی لەسەر نەنوسایە من خۆم ئیمزام نەدەکرد، ئەمەیش وای کردبوو کە ئەو باوەڕە لەنێوانماندا هەیە زیاتر پتەوبێت‌و هەتا ئێستاش بەردەوام بێت. کاتێک لە وەزارەت نەمام، کاک جەلال بوو بە لێپرسراوی چاودێریی‌و ئابووریی، ئەو پەیوەندیی‌و دۆستایەتییەمان نەک لاواز نەبوو، بەڵکو بەهێزتریش بوو، شانازیی بەو هەڤاڵەوە دەکەم، لەو ساڵانەی کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی ئابووریی بووە، کاک جەلال مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمارکردووە و چووەتە قۆناغێکی تر، چونکە ئەو دیوانە زۆر گەورەیە پیاوێکی ئازاو دەست پاکی دەوێت کە هەست بە لێپرسراوێتی

بکات، ئەوانەش هەمووی لە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دا هەبوون. هەر بۆیە دیوانی چاودێریی‌و ئابوریی لەسەردەمی ئەودا بوو بە سەنتەرێکی گرنگ نەک تەنها بۆ حکومەتی هەرێم بەڵکو بوو بە سەنتەرێک بۆ ڕێکخستن‌و چاکسازیی لەناو وەزارەتی داراییداو ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵیی‌و بوو بەوەی کە ئەو کەسانەی کە بە پەرۆشن بۆ چاکسازیی ئەو ڕاپۆرتانەیان لەلایەن ئەو دیوانەوە دەردەچوو خۆشحاڵ بوون بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتانە بخوێننەوەو ببینن، بە بوێریی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە کەمتەرخەمییان کردووە، وە یان گەندەڵییان کردووە، بە بێ ئەوەی کە حساب بۆ پەرچەکردارو قسەی لێپرسراوان بکات. ئەو گەندەڵییانەی کە دەکران ئەگەر کەسێکی زۆر نزیکی خۆیشی بوایە ئەو ڕاپۆرتی لێدەداو چاو پۆشی لێنەدەکرد، من دەزانم کەسی زۆر نزیکی خۆی هەبوە تێبنی لەسەری هەبووە، ئەمەش یەکێکە لە کارە هەرە گەورەکانی کاک جەلال، زۆر ڕاشکاوانە قسەی خۆی دەکات. لە هەمانکاتدا ناتوانین خۆشەویستیی‌و دڵسۆزیی کاک جەلال فەرامۆش بکەین، بەهەمان هێزی کە توانیوەتی چاودێریی بەڕێوە ببات، بەهەمان نەفەسیش ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتی‌و دۆستایەتییەی پاراستووە، بڕوای بە یاساو دادپەروەریی‌و یەکسانیی هەیە، بڕوای بەوە هەیە کە دەتوانێت دادپەروەریی سەر بخات، هەست دەکەین خۆشەویستی‌و برادەرایەتی لای بەهێزە. دیارە لەلایەکی تریشەوە کاتێک بیویستایە کە باس لەسەر کارێک بکات بە سەدان نمونەو شیعرو پەندی پێشینان‌و بەسەرهات‌و چیرۆکی پەندئامێز کۆڕەکەی گەرم دەکرد، زۆرجار جیاوازیی هەبووە لەنێوانماندا بەڵام ئەو وای نەدەکرد کە ئەو خۆشەویستی‌و دڵسۆزییەی لەنێوانماندا هەیە کەلێنی تێ بکەوێت، هەمیشە بە گیانێکی وەرزشییەوە ئەو ڕەخنەو بۆچوونەی قبوڵ دەکرد.. هیوادارم تەمەنی درێژ بێت‌و تەندروستی باش بێت.

**فاروقی مەلا مستەفا....**

ناسینی من لەگەڵ کاک جەلال ئەوسا دەمانگوت: (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەگەڕێتەوە بۆ پۆلی یەکی ناوەندیی لە ناوەندیی سلێمانی لە تەنیشی ماڵی خۆیان بوو، ئەو قوتابخانەیە خانووی باوکی کاک جەلال بوو بەکرێ تیایدا بوون، لە پۆلی یەکەوە من‌و کاک جەلال ناوەندیی‌و دوا ناوەندییمان پێکەوە تەواوکرد، هەموو کاتەکان پێکەوە بووین، کاتێک لە زانکۆی بەغداد پێکەوە لە کۆلێجی بازرگانیی پێکەوە وەرگیران، لە یەک گروپدابووین‌و کولیەمان پێکەوە تەواو کرد، یادگارییەکی زۆر زۆرمان هەیە، جگە لەخۆشمان باوکیشمان زۆر زۆر برادەربوون‌و دۆستی یەکتریی بوون.

کاک جەلال لاوێکی زیرەک و وریا و پاک و تەمیز بوو، کاتی خوێندنی سەرەتاییش دەفتەری کاک جەلال لە دەفتەری هەموو قوتابییەکانی تر پاکو ڕێکوپێکتر بوو، کەسێکی زۆر هێمن و بەڕێز و لەسەرخۆ بوو، کاک جەلال هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دۆستی جولانەوە سیاسییەکان بووە، لە کۆلێجیش ئەو هەر دۆستی ئێمە بوو، یەک بۆنەیەک نەبووە کە کاک جەلال لەگەڵماندا بەشدار نەبووبێت، هەر لە خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکانەوە لەگەڵ ئێمەدا بوو، بەڵام ئەو خۆی خاوەنی هەڵوێست بوو، لە ساڵی (١٩٦١)دا بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ پێکەوە گیراین لەگەڵ خۆپیشاندانی کرێکارانی کارگەی جگەرەدا.

کاک جەلال فەرمانبەر بووە لە چەند شوێنێک، کاک جەلال لە ساڵی (١٩٧٤) هاتە دەرەوەو ڕۆڵێکی جوانی هەبوو لە ئەمینداریتی ڕاگەیاندندا، هەموو کات لەو تەمەنە گەنجێتییەشدا کەسێتییەکی هەبوو لەناو کەسە سیاسییو ڕۆشنبیرەکاندا.

کاک جەلال پیاوێکی پاکە و نمونەی ئازایەتیو پاکێتی یە، کاکە جەلال لەو نمونە بێ وێنانەیە، مرۆڤانێک هەن کە پاکن بەڵام ئازانین، بەڵام کاک جەلال لەگەڵ پاکێتییەکەیدا ئازایەتییەکیش لە ناخیدا هەبوو، پاکێتیو ئازایەتی بوون بە بەشێکی سەرەکیی ژیانی، زۆر شانازیی دەکەم بەوەی کە من یەکێکم لە هەرە هاوڕێ نزیکەکانی کاک جەلال، ئەویش یەکێکە لە هەرە هاوڕێ نزیکەکانی بەندە.

ئەوەی کە من زۆر پێی سەرسامم ئەوەیە، کە کاک جەلال هەمیشە ئیرادەیەکی بەهێزی هەبوو، لە قۆناغی سێیەمی کولیە بووین، من لێپرسراوی چالاکییەکانی قوتابیانی (بزوتنەوەی خۆمان) بووم بەو هۆیەوە من هاتووچۆم زۆر دەکرد بۆ گیروگرفتەکانی قوتابییەکان لە کولیە، کاک جەلالی سام ئاغا لەنیوەی ساڵدا ڕۆشت مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرت، نیوەی ساڵ لە (٤٠) تاقیکردنەوەمان دەکرد سەری ساڵ لە (٦٠) گوێیان لە مۆڵەتەکەی نەگرتو وتیان: ئەو (٤٠) نمرەیەت ڕۆییو دەبێت (٦٠) بهێنیت، چونکە ڕێژەی دەرچوون لە (٦٠) بوو نەک لە (٥٠) لەپاش نیوەی ساڵ دەستیکرد بە کۆششو هەرگیز ورەی بەرنەدەدا، شتێکی سەیر بوو لەلای هەموو برادەرەکان، بەڵام ئەوە بوو کە لەکۆتایی ساڵدا بەهۆی ئەوو کۆمەڵێک قوتابی ترەوە کارێکمان کرد ئیجازەکانیان بۆ ئەژمار بکرێت، بە سەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی تێپەڕاند.

لە ساڵانی خۆشاردنەوەو ترسی دامودەزگا سیخوڕییەکانی بەعس، ئەو ساڵانە لە ماڵی کاک جەلالی سام ئاغا خۆم حەشار دەدا، هەر لە ماڵی کاکە جەلالدا برادەرانم دەبینی، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت لەو ڕۆژانەدا من حوکمی ئیعدامم لەسەر بوو....

## مستەفا سالح کەریم...

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، کەسایەتییەکی دیاری شاری سلێمانییە، من زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە دەمێکە ئاشنایەتیم لەگەڵیدا هەیە، سەرەتای پەیوەندییمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٤) کە پێکەوە لەڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە کارمان دەکرد، ئەو سەردەمە من بەڕێوەبەری ئێستگەی دەنگی کوردستان بووم، کاک (جەلال سام ئاغا) بەڕێوەبەری دارایی‌و ئابوریی بوو لە ئەمینداریێتی گشتی لاوان‌و ڕاگەیاندن.

هەر لەوێوە سەرەتایەکی ناسیاویمان دەرکەوت، لەوێش بە باشی ناسیمان کە پیاوێکی زۆر دەستپاک‌و ئەمینە، زۆر دڵسۆزە بۆ ئەو کارەی کە پێی دەسپێردرێت، تەنانەت بۆ موچەدان‌و ئیمتیازات کاک جەلال زۆر پێداگیر بوو بۆ ئەوەی بە پێی لێوەشایی بێت.

دوای گەڕاندنەوەمان من چەند ساڵێک لە ڕومادی بووم، کە دەهاتینەوە لێرە یەکتریمان دەبینی، ماڵی کاک جەلال هەمیشە مەڵبەندێک بوو بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران‌و سیاسەتمەداران‌و ئەو پیاوانەی ناسراو بوون لە شارەکەدا، کاک جەلالی سام ئاغا هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانیدا هاوبەش بووە.

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە قۆناغی گەنجێتیدا یەکێک بووە لەوانەی کە لەڕیزی چەپەکاندا حسابی بۆ دەکرا، ئەگەر چی زۆر دڵسۆزانە وەک کوردێکی نیشتمانپەروەریش بوو، بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کرد.

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لەو ساڵانەی کە لەناو حکومەتدا بووە هەمیشە لە سەنگەری میللەتدا بووە، ڕۆژێک لەڕۆژان پشتی نەکردووەتە داخوازیی‌و ئاواتەکانی میللەتەکەی، ئەوەشی کە زۆر لەناو خەڵکدا کاک جەلالی خۆشەویست کرد، ئەوەبوو کە لەژیانی وەزیفەییدا کە دوو پۆستی وەرگرت، یەکەمیان: پۆستی جێگری وەزارەتی دارایی و ئابوریی بوو، دووەمیان: سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، لە هەردووکیاندا زۆر دەست پاک بوو زۆر دڵسۆز بوو بۆ ئەو کارەی کە دەیکرد، زۆریش ئەمین بوو، ئەو کارانەی کاک جەلال شۆڕشێک بوو دژی گەندەڵکاران، ئەو توانی دەستبخاتە سەر ئەو برینانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوانەی کە دەست بە سەر ماڵی میللەتدا دەگرن ئەوانە بداتە دادگا.

ڕاپۆرتەکانی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە دراون بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران باشترین بەڵگەن بۆ دڵسۆزیی‌و چاکی‌و پاکی ئەم پیاوە، کە خەنجەرێکی بڕەری تیژ بوو دەدرا لە هەناوی ئەو کەسانەی کە دەیانویست ماڵ‌و موڵکی ئەو کەسانە ببەن.

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لەم دواییانەدا تووشی نەخۆشییەک بوو، بەڕاستی خەڵکەکە هێندە پەرۆش بوون بۆی وایان دەزانی کە ئەندامێک لە خێزانەکەی خۆیان نەخۆشە.

## جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی
## تاجەدین ساحیب

من کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)م لە ڕێگەی وەزیفەوە ناسی، کە زیاتر لە (٩) نۆ ساڵ تەمەنی وەزیفیم لەگەڵیدا بەسەر بردووە، زۆربەی ساتەکانی تەمەنی بۆ وەزیفەکەی تەرخان کردووە، لای ئەو دەوامی ئاسایی نەبووە، هەموو ساتەکانی تەمەنی دەوام بووە. بەڕاستی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ ئەمڕۆمان زۆر پێویست بووە، وەک سەرۆکی دەزگایەکی دیوانی چاودێریی، وەک کەسێک هەموو سیفەتەکانی سەرۆکی ئەو دەزگایەی هەبووە، ئەو سیفەتانەش بریتین لە: (دەست پاکیی، داوێن پاکیی، بێلایەنیی، سەربەخۆیی لە بڕیاردان) لە سەرووی هەموو ئەم سیفەتانەوە کە زامنی سیفەتەکانی ترە بوێریی و چاو نەترسییە، چونکە بەڕاستی دەزگایەکی وەک دەزگای چاودێریی کەسێکی وەک کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی دەوێت بۆ چاودێریی کردن. لەسەرەتای کارکردنم لەگەڵیدا دوو حیکمەتی لە ژوورەکەی هەڵواسیبوو، کە هەتا ئێستاش لە ژوورەکەی ماوە: یەکێکیان ئەوەبوو، کە دەڵێت:

السَخـاءُ أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً

**واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.**

دووەمیشیان، ئەوەیە کە دەڵێت:

يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيَّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ

**واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.**

بەڕاستی بەو دوو سیفەتە بەتەواوەتی بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕەوشتانەی لەخۆیی و لە کارەکانیشیدا بەرجەستە کردبوو. ئەو هیچ کاتێک داوای هیچ پۆست و ئیمتیازێکی نەکردووە، هەرگیز داوای هیچ شتێکی مادیی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرچی هەیبووە و ئەوەی لەدوای خۆشی ماوەتەوە پێشکەشی کردووە و خستوویەتییە خزمەتی خەڵکەوە. ئەو هەرگیز لێپرسراوێتی بە ئامانج دانەناوە بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی، بەڵکو لێپرسراوێتی و وەزیفەی بە هۆکارێک داناوە بۆ خزمەتی نیشتمانەکەی. هەمیشە جەختی لە بەدواداچوون و لێپرسینەوە دەکرد، هەموو کات دەیوت: ئەگەر

ئێمە هەرچەندە باشترین یاساو ڕێنماییمان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام ئەگەر بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە نەبێت، ئەو بڕیارو یاساو ڕێنماییانە تەنیا وەک مرەکەبێک لەسەر کاغەزەکان دەمێنێتەوە و هیچ سودێکی نابێت. ئەو کەسێک بوو هەرچەندێک کە یاسایی نەبوو، بەڵام هەمیشە حەزی لە سەروەریی یاسا بوو، هەمیشە جەختی لە دەستەکان دەکردەوە کە لەکاتی کارەکانیاندا ئەو تێبینیانەی کە دەیبینن لەکاتی کارکردنیاندا گونجاو بێت لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکان. هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە لەکاتی کارەکانیاندا نەترس بن، بێلایەن بن، سەربەخۆ بن، هیچ کات سڵ نەکەنەوە لە دەستنیشانکردنی هەر سەرپێچییەک کە کردوویانە، ئەگەر لە کەسی نزیکی خۆیشیان بێت، لەبەر ئەوە خۆی وابو، هیچ کاتێک ڕۆژێک لەڕۆژان هیچ کاتێک لە سەرۆک دەستەیەک یان چاودێرێک وای نەکردووە کە لەبەر ئەوەی کەسێکی ناسیاوی بێت یان خزمی بێت تێبینی نەنوسن. ئەو هەمیشە دەیگوت: ئەگەر ئیمتیازێک یان پاداشتێک هەبێت ئەوە من لەدوای هەمووتانەوە دەبم، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی ئێوە لە دواوە بن‌و من لە پێشی ئێوەوە دەبم. هەمیشە مامەڵەی لەگەڵ کارمەندەکان وەک مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ خوشک‌و براو کچ‌و کوڕەکانیدا، تەنیا جیاوازیی لای ئەو ئەوە بوو کە دڵسۆزیی ئەو کارمەندەی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا بوو. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، جگە لەوەی کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی بوو، کۆمەڵێک دەسەڵاتی خۆی هەبوو، تەنانەت لەو دەسەڵاتانەش وەک جێگری چاودێریی دیوان‌و بەڕێوەبەرەکان‌و سەرۆک بەش‌و دەستەکانی بەشی یاسا هەمیشە بەڕاوێژ لەگەڵ ئەمانەدا کاری دەکرد، ڕاستە ئەو دەسەڵاتانە کە هی خۆی بوو، بەڵام هەمیشە حەزی بە ڕاوێژ دەکرد.

### پارێزەر- بەکر حەمە سدیق....

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە حوکمی ئەوەی کە دەزگایەکی هەستیارە دەکۆڵێتەوە لە هەموو ئەو پرس‌و حاڵەتە ناکۆکانەی کە لەگەڵ ڕەوتی یاسای دامەزراوەیەکی یاساییدا دەکۆڵێتەوە، بە حوکمی ئەوەی کە کەسێکی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرپەرشتی دەکرد، وەک کەسێکی پاک، کەسێکی نەفس بەرزی پاک، بەدرێژایی ئەو کاتانەی کە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا هەبوو، لەهەمان کاتیشدا ئەو کارمەندانەی کە هەبوون، بە یەک ئاراستەی بوێریی‌و چاو نەترسی کاریان دەکرد، ئەمانە بوونە خاڵێکی سپی‌و جوان لەناو سەرجەم دامودەزگاکانی تردا.

ئەگەر ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لەکاتی خۆیدا کاریان پێبکرایە، بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆر لەو کێشانەی کە ئێستا موعاناتی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەو

بووەتە کێشەیەکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانو هاونیشتمانیان، بەدڵنیاییەوە ئێستا هەموویان چارەسەر بووبوون، بەڵام بەداخەوە ئەو پیاوە جوانە، ئەو دەزگا جوانە، چەندە لۆژیکی بەهێزبوو، چەندە کارەکانی لەجێگەی خۆیدابوو، بەڵام بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدرابووەوە، ئەوەش باجەکەیەتی کە ئێستا دەیدەینو دەیبینین.

ئەم دەزگایە دەتوانێت لە سەرۆکی وڵاتەوە هەتا هاوڵاتییەکی ئاسایی بانگ بکاتە بەردەم دادگا، لەڕووی ئیدارەو داراییەوە، بە بڕوای من بێجگە لەو دەزگا هەستیارەی خۆی، بەهۆی بوونی کەسێکی وەک کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک پەروەردە خێزانییەکەی خۆی، وەک کەسێتیی بەرزی خۆی، بەو توانا گەورەییەی کە هەیبوو، توانی ئەم دەزگایە بگەیەنێت بە باروذۆخێک کە تیایدا بە وەزیفەی خۆی هەستێت. خۆی کە سەرۆکی ئەو دەزگایە بوو، دەزگایەکی پاک بووە، دەتوانم بڵێم: چاودێریی دارایی ئەو دەزگا سپیو جوانە بوو کە لەناو حکومەتێکدا سەرباری ئەو هەموو خاڵە ڕەشەی کە تیایدا بووە، جێگەی سەرنجو بۆچوونی خەڵکە، ئەگەر بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی کە داویەتی بە حکومەت ڕەچاو بکرێتو جێبەجێ بکرێت بەشێکی زۆری کێشەکانی چارەسەر دەبوو، بەداخەوە کە ئەو ڕاپۆرتانە لەناو ئەم حکومەتەدا ڕێزی لێ نەگیراو ڕەچاو نەکرا، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی کە هەبوون، چارەسەر دەبوون.

## سەلاحوددینی موهتەدی...

من بە حوکمی ئەوەی کە لەمنداڵیو گەنجێتی خەڵکی سلێمانی نەبووم، ناسیاویم لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە، ناسیاوی من دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە سلێمانی ئازاد کراو، حکومەتی کوردستان دامەزراو من ماڵم هاتە ئێرە، لێرە بەهۆی ئەوەی هاوڕێی هاوبەشمان زۆر بوو، پێکەوە بووین بە هاوڕێ.

کەسایەتی وەک (د.فوئاد مەعصوم، عەدنان موفتی، کاک یوسف زۆزانی، مەلا یاسین، کاک هادی یە سوور...) ئەوانە لەگەڵ هەردووکمان هاوڕێ بوون، لە ئەنجامدا پێکەوە بووین بە هاوڕێ، بەڵام کە پێکەوە بووین بە هاوڕێ، لە هەموو هاوڕێکانی تر زیاتر لێک نزیک بووین، ئەوکاتە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی بوو، من زۆر هاتووچۆم دەکردو سەرم لێدەدا، هێندە چووم جگە لەخۆی لەگەڵ ئەندامانو کارمەندانی دەزگای چاودێریی بووین بە هاوڕێو دۆستو هەتا ئێستاش ئەو دۆستایەتییە هەرماوە. ئەوەی کە لە کاک (جەلالی عومەری سام

ئاغا) بەرچاو بوو، ماڵێکی بەرچاوو کراوەی هەبوو، ئێمەش لەوێ یەکتریمان دەدی، زەوقو تەبیعەتو سروشتمان زۆر لە یەکەوە نزیک بوو، پاشان کە دەچووم بۆ دیوانی چاودێریی لەوێش کارمەندانم دەناسی، کاک جەلال پیاوێکی جدییو رەق بووە لەگەڵ کارمەندانی خۆی، بەڵام شتێک بوو بەهۆی ئەوەی کە کارمەندان خۆشیان بوێت ئەوەیە کە ئەم دەسەڵات و ئۆتۆریتەی بە دادپەروەریی بەڕێوە دەبرد، بەرگریی لە مافی کارمەندەکانی دەکرد، جیاوازیی نەدەکرد، هەمیشە بەرگریی لە کارمەندەکانی دەکرد بەتایبەتی ئەو کارمەندانەی کە جێگەیەکی هەستیاریان هەبوو، دەبوو بچن لە فایل و دۆسییەی خەڵک بکۆڵنەوە و گەندەڵیی دەربخەن، دەی دیارە ئەمە دەکەوتە بەر هەڕەشەو مەترسیی، ئەگەر ئازایەتیو پشتگیریی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، نەبوایە بەشی زۆری ئەو کارانە نەدەکران. لەبەرئەوە بۆ من زۆر خۆش بوو دەچووم سەریم دەدا لە دیوانی چاودێریی هەم دڵسۆزیی کارمەندەکانیم دەدی، هەم پشتگیریی کاک (جەلالم) دەدی. ئیدی وای لێهات ماڵی ئێمەو ماڵی کاک جەلال بوون بە جێژوانی هەردوولامان، چی خۆمان لەوێ یەکدیی مان دەدی، چی برادەرو هاوڕێکانمان لەماڵی ئێمە یان لەوێ کۆ دەبووینەوە.

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سروشتێکی هەبوو لەسەر کاری خراپو گەندەڵیی سازشی نەدەکرد، ئەگەر جگە لەو یەکێکی تر بوایە نەیدەتوانی ئەمکارە تا دوایی بباتە پێش، بەڵام ئەوەی باش بوو کە سازشی نەدەکرد، لەهەمان کاتدا بە حیکمەتو وریاییانە کاری دەکرد، نەشی دەهێشت بکەوێتە دوژمنایەتی شەخسیی، هەرچەندە جارجار دەکەوتە دوژمنایەتی، بەڵام ئەوە کەمو کورتخایەن بوو ماوەیەکی کەمی دەخایاند.

وابزانم ئەو کارانەی کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە دیوانی چاودێرییو دارایی کردی، بەسە بۆ ئەوەی ناوی هەتا هەتایە بمێنێتەوە لە سەرمەشقی ئەو کەسانەی کە دژایەتی گەندەڵییان کردووە، بە ملیار پارەی حکومەتی گەڕاندەوە، لەو پارانەی کە بە ناحەقو بە بێجێ لەملاو ئەولا سەرف کرابوونو نەشکرابوون.

ئەو پیاوانەی کە ئەو لەگەڵیان بە شەڕ دەهات لەسەر گەندەڵیی، لەسەر دزیی بچکووک یان کارمەندی بێ دەسەڵات نەبوون کە ئەو دەکەوتە شەڕ لەگەڵیان، پیاوی وەزیرو لێپرسراو فەرماندەو بەرپرسی سیاسییو حیزبی دەکەوتە بەر هێرشی لێکۆڵینەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا).

لەو کاتانەدا بوو کە کاک جەلال سازشی نەدەکرد، ئەوەشی باشبوو کە حکومەتی کوردستان لەسەروو هەمووانەوە سەرۆکی (ی.ن.ک) زۆر بە گەرمیی پشتیوانییان لێ دەکرد، چونکە ئەویان بە یەکێک لە هۆکارەکانی پاکسازیی و چاکسازیی دەزانی

لە ناو حکومەت و حیزب، تەنانەت کە خەڵکیان دادەنا بۆ وەزیر یان بۆ بەرپرسیاریی گەورە، بە نهێنی پرسیاریان پێ دەکردو دەیانوت: کێ فایلی هەیە لە گەندەڵییدا با ئێمە بانگیی نەکەین و کاری نەدەینێ، بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە کاریان نەدرایە لەسەر وەسیەتی ئەو بوو، وە بەشێکی زۆر کە کاریان درایێ دووبارە لەسەرە وەسیەت و ئامۆژگاریی ئەو بوو، ئەو کاتەی کە کاک نەوشیروان جێگری سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) بوو هەر ئەو ئەو پەیوەندییەی هەبوو لەگەڵ کاک جەلال.

لەبەر ئەوەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، توانی بە قسەی خۆش‌و هەندێک جاریش بە زۆر توانای لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەوە بسەلمێنێت کە دەبێت پاک بوون‌و شەفافییەت مەرجی سەرەکیی بێت بۆ دەسەڵاتی سیاسیی و پاکسازیی.

## کامیل ژیر...

هەر لە تەمەنی مێرد منداڵیمەوە لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئاشنا بووین بەیەک، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی کە بە بەرخانەقا مەشهورە، ئەوکاتە ناوەڕاستی سەدەی پێشوو، بەرخانەقا ناوەندێکی میللی بوو بۆ گەنجان‌و بۆ ڕۆشنبیران‌و لاوان کە ئێمە ئاڵوگۆڕی سیاسیی و حیزبایەتیمان تیادا دەکرد.

کاک جەلال ئەوساش بەو گەنجیەتییە هەر بە کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر دەبینرا، وە دڵسۆز بوو بۆ نەتەوەکەی، دوایی لە شۆڕشی ئەیلولیشدا یەکمانگرتەوە، هەردووکمان ماوەیەک لە شۆڕشی ئەیلول بووین، لەکاتی شەڕی بەدناوی ناوخۆشدا دیسان یەکمانگرتەوە، لیژنەیەکمان دروستکرد ناومان نابوو لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، ئەو لیژنەیە پێش ئەوەی شەڕەکە هەڵگیرسێ، ئێمە هەستمان کرد کە مەترسیی شەڕ هەیە، پەیوەندیمان کرد بە هەردوو بەرەی شەڕەکەوە کە شەڕەکە ڕوو نەدات، بەداخەوە شەڕەکە ڕوویدا، کە شەڕەکە ڕوویدا دیسان ئەو لیژنەیە کە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو تیایدا، ئەوەی کە واجب بوو لەسەرمان کردمان، ئێمە بۆ مەبەستێکی کوردایەتی‌و نەتەوەیی چووین بەبێ هیچ مەبەستێک، تەنانەت جارێک کەوتینە ناو کەمینێکەوە خەریک بوو دەستڕێژیشمان لێبکرێت و هەموومان بکوژرێین. لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا، دیسانەوە لە دیوانی چاودێریی دارایی یەکمانگرتەوە، ئەو سەرۆکی دیوانی چاودێریی‌و دارایی بوو، منیش ڕاوێژکاری یاسایی دیوانی چاودێریی بووم، لەوێش هەر دیسان پێکەوە کارمان کرد، کاک جەلال بە گیانێکی کوردایەتییەوە ئەو کارەی خۆی ئەنجامداو (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵیی نوسی، زۆر کەسی دا بە دادگا ئەو بەبێ سڵکردنەوە ڕاپۆرتی لەسەر هەموو کەسێک دەنوسی، لە کەسێکی ئاساییەوە هەتا سەرۆکی ئەنجومەنی

وەزیران، داوای کرد کە ئەوانە بدرێن بە دادگا. لەم دواییەشدا لەگەڵ کاک جەلال لە کۆلانێکی گردەکەی سەرچنار بوینە دراوسێ ، پێکەوە زووزوو یەکتری دەبینین‌و بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەین.

کاک جەلال کەسێکی بوێرو نەتەوەییەو زیرەکە هەتا ئێستا لە ژیانیدا پەیوەندیی بە هیچ حیزبێکەوە نەکردووە، هەر سەر بەخۆبووە، وەک کەسێکی نەتەوەیی کاری کردووە.

لەڕاستیدا ئێستا لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا کە پڕیەتی لەگەندەڵیی کەم ڕێدەکەوێت پیاوێکی ئاوا دەست پاکو نیاز پاکو دڵسۆز بۆ گەلەکەی، جگە لەو سیفەتانە سیفەتێکی هەیە کە ئازایەتییە، بەرامبەر بەو شتانەی کە باوەڕی پێیەتی سڵ لە مردنیش ناکاتەوە.

### مەزهەری خالقی...

من لە ساڵی (٢٠٠٤) بەخزمەتی کاک جەلال گەیشتیم، لەگەڵ برادەرێکی هاوبەشمان هاتین بۆ شوێنی کارەکەی‌و لەوێ یەکتریمان بینی، شایەت لە دانیشتی یەکەمدا پیاوێکی تۆزێک وشک‌و جدیی دیار بوو، هەڵبەت پاش ئەوەی کە چەند خولەکێک پێکەوە دانیشتین بە سێ قۆڵی کۆمەڵێک قسەمان ئاڵوگۆڕ کرد، دوایی بۆم دەرکەوت‌و تێگەیشتم کە کەسێکی قوڵ‌و وردە لەکارەکانیدا، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی (رقابە) مانای چییە؟ ئەو کارە کە ئەو هەیبوو من ناوی ترم لێدەزانی؟

دیسانەوە بیرم کردەوە کەسێکی جدیی سەبارەت بە ئیش‌و کارەکەی خۆی، بیرم دەکردەوە جیاوازیی من‌و ئەو زۆرە، چونکە من لەبواری هونەریی‌و ئەو لەبواری حساباتو ئەو شتانە، هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە جیاوازییەکی وەهامان هەبێت، بەڵام ڕۆژانی دوایی‌و مانگەکانی دوایی لە یەک دوو شوێندا دیتم کە مرۆڤێکی زۆر کراوەیە، زۆر قسە خۆشە، زۆر لێزانە بۆ مەجلیس گەرمکردن، بۆ هەر بابەتێک قسەی خۆی هەیە، کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی باشی هەبوو، دیاربوو کە پسپۆڕبوو کە قسەی خۆی هەیەو کەسێتی خۆی هەیە.

ئەو تێڕوانینەی کە بەرامبەر ئەم پیاوە هەم بوو، بە تەواوەتی گۆڕا.

هەر لەو ساڵەدا بیرم کردەوە کە کەسێک بێت چەکی حساباتمان بکەن بۆ هەموو ساڵێک، چونکە لە دەرەوە عادەت وەهایە کە هەر دامەزراوەیەک ژمێریارێکی سەرکەوتوو چێکی کۆمپانیاکە دەکات، ئەو ڕاپۆرتی شوێنی باج و ئەوشتانە دەکەن، وتیان: لێرە شوێنی وەها نییە، دەبێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیوانی چاودێریی کار بکەیت.

من داوام لێ کرد کە بێن چاودێریی کارەکانمان بکەن، دوایی تەلەفۆنی بۆ کردم

وتی: ئێوە دامەزراوەیەکی بچووکن‌و بەمزووانە پێمان وانییە کە گروپەکان ئەو کارە بکەن، بەڵام من تکام لێکرد کە لە سەرەتای ساڵەوە حساب و کتابم دروست بێت، بۆ من زۆر گرنگە ئەگەر دوو سێ ڕۆژیش بووە با بێن ئیشی ئێمە ئامادەیە، هاتن‌و لەو ساڵەوە هەموو ساڵێک کەسانێک دەنێرن بۆ ئەو کارە.

ئەوەی کە منی سەرسام کرد، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) ڕاستگۆیی هەبوو بەرامبەر بە کارەکەی، ئەو کارەش هەر ڕاستی ئەو کەسەی دەبێت، لە جوڵەیدا لە هاتووچۆی لەگەڵ خەڵکدا، لە دانیشتنی لە کۆڕو ئەملاو ئەولا، هەموو ئەو شیاویانەی هەبوو.

ئەم پۆستە لە دەرەوەی وڵات باڵاترین پۆستە، بەڵام لێرە ئەو دەسەڵاتەی نییە، بەڵام هەموو ئەو کارەکتەرانەی هەبوو کە جێگەی بڕوابێت، هەڵبەتە کە زیاتر پێکەوە ئاشنا بووین، زۆر جاریش گلەیی هەبوو کە ئەگەر وانەبوایە و وا باشتر دەبوو، ئەم دی لە ڕۆژنامەکاندا هەندێک قسەی هەیە لەسەر کارەکەی، من زۆر کاریگەربووم پێی، لەکاتێکدا ئێمە کە سەرچاوەی داراییمان زۆرە، بەتایبەت کاتێک کە ئێمە فەرمانبەری باش‌و بە ئەزموونمان نەبووە، ئەگەر هەشمان بوایە کەمبوون بەشی ئەوەی نەدەکردووە بۆ ئەوە نەدەشیا کە وڵات بگرینە دەست‌و لە هەموو دەزگاو گۆشەو قوژبنێکی وڵاتدا کۆمەڵێک حسابداری سوێن خواردووی دەست پاک دابنێین، بوونی ئەم کەسانە زۆر پێویست بوو زۆریش بێ هاوتابوو.

پاش ماوەیەک ئەم نمونە بەرزە خانەنشین بوو، لە ماڵەوە دانیشت کە بوونی ئەوو نموونەی وەک ئەو بوونیان پێویستە کە هەمیشە حسابەکە لە بارێکدا، چی وڵات بێت، چی کەسەکان بێت، چی کۆمپانیاکان بێت، ڕوون و ڕەوابێت و ڕاست بێت، ئەمانە بوونیان زۆر گرنگەو پێویستە، کە هیوادارم گەنجەکان و کەسانی شارەزاتر بتوانن شوێنی ئەوکەسە بگرنەوە و شوێنی پڕبکەنەوە، چونکە وڵات پێویستیی بە پیاوی وەهایە، ڕاستگۆ بێت لەکارەکانیداو نەترس بێت لەکارداو وە ئەوەی کە هەیە بیڵێت، بەتایبەت ئەوەی کە من زانیم

ئەوەی کە من بیناسم لەژێر کاریگەریی هیچ کەسێک نەبوو، نە حیزبەکان نە کەسەکان، تەنیا کاریگەریی ئیشەکەی لەسەری بوو وە ئەو سوێندەی کە خواردبووی ئێمە پێویستمانە کە تۆ بتوانیت کاری خۆت بکەیت ، بۆ هیچ شتێک جیاوازیی نەکەیت، ئەگەر کۆمپانیا بێت ئەگەر حکومەت بێت، ئەگەر کەسێکی دۆست‌و کەسوکار و ڕەفیق بێت، ئەمانە ئەو شتانە بوو کە بەڕاستی ئەو کارەکتەرەی هەبوو کە ئەو جێگەی پێ بدرێت‌و ببێت بە نمونەیەکی باڵا، هیوادارم نمونەی کاک جەلال زیاتر بێت لەم وڵاتەدا...

## جەلال جەوهەر

من کاک جەلالم لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ناسی، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، شارەزایەکی بواری دارایی بوو، ئەوکاتە جێگری وەزیری دارایی بوو، وەک دڵسۆزێک ناسیم کە هاوتای ئەو کەمە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەسێکی دەگمەن لە ئازایەتی ناسیم، لەناو ئەم گەندەڵیی و تالآنییەی کە دەکرێت لە موڵک وماڵی میللەتەکەمان.

ئەم دڵسۆزییو ئازایەتییە هەڵقوڵاوی خۆشەویستی و وەفاداریی کاک جەلال بوو بۆ میللەتەکەی، بەحەق کاک جەلال بەرگریکارێکی زۆر ئازا و دڵسۆزی ئەم میللەتە بوو، ئەو بە کردەوە بەرگریی لە خەڵکی هەژارو نەداری ئەم میللەتە دەکرد، ئەوەندەی ئەو بەرگریی لە خەڵکی ئەم هەرێمە دەکرد، خەڵک هێندە بەرگرییان لەخۆیان نەدەکرد.

بنەمای ئەم ئازایەتیو نیشتمانپەروەرییو دڵسۆزییەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک بەهای جوان و پیرۆز و وەفاداریی و دڵسۆزیی و خۆنەویستی، کە لە کارەکانیدا دەرکەوت لە ماوەی دەست بەکاربوونی لە دیوانی چاودێرییو دارایی.

لەو ماوەدا کاک جەلال توانی ببێت بە سیمبولێک، ببێت بە دروشمێکی جوان لە بێ باکییو دڵسۆزیی، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی گەندەڵیی لەکوردستان بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی ئەو ڕاپۆرتانەی ئەویان لەبەرچاو نەدەگرت، بۆیە ئەوەی بە بیرم بێت (٤ – ٥) جار دەستی لەکار کێشایەوە و وازی هێنا لە کارەکەی.

لای هەموان ئاشکرایە کە خەڵک بەرتیلو واسیتەو تەکلیف بۆ ئەوە دەکات کە پۆستێکی پێ بدرێت، بەڵام کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) هەستی کرد کە قسەکەی ئەو بەهای نەماوە، بۆیە دەستبەرداری کارەکەی بوو، دەست بەرداریی پلەو پایەکەی بوو لە پێناوی ناو و ناوبانگی خۆی. شتێکی تری کە دەگمەنە لە کاک جەلال بوونی هەیە، ئەوەیە کە کاک جەلال هەرچی سەروەتو سامانی خۆی هەبوو، لە خانوو و لە زەویی هەمووی بەخشیی و کردی بە موڵکی گشتیی، لە وڵاتەکەی ئێمە خەڵکێکی زۆر هەن توانییان پلەو پایەو پۆستو دەسەڵات بۆ خۆیان بەکار بهێنن تەنیا بۆ خزمەتی خۆیانو دەوڵەمەندبوونیان. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بە پێچەوانەی ئەمانەوە بوو هەرچی موڵکو ماڵی خۆی هەبوو کردی بە موڵکی گشتییو هەمووی بەخشی بە دەوڵەت. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوولا لەبەر پاکیی و دڵسۆزیی ئەم پیاوە تەکلیفیان کرد کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ببێتەوە بە سەرۆکی دیوانی

چاودێریی دارایی، بەڵام کاک جەلال ئەم پۆستەی ڕەتکردەوە، من بۆ خۆم ئەوە دەڵێم: ئەوان ویستیان سوود لەناو و ناوبانگی کاک جەلال ببینن، بەڵام کاک جەلال ئەوەشی قبوڵ نەکرد.

## ٥٥
## «گەندەڵی و قۆرخکاری هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان»

### عدنان موفتی

سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێت: «دەرفەتێکی گرنگمان بۆ ڕەخساوە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا کورد دەرفەتی وای بۆ نەهاتۆتە پێش، بە تایبەتیش هەماهەنگی نێوان پارچەکانی کوردستان و هاوکاری پێشمەرگە وشەڕڤان و گەریلا لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش، بەڵام بوونی گەندەڵی و ناشەفافی و قۆرخکاری سیاسی، هەڕەشەیە بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان. ئەم وتانەی سەرۆکی پەرلەمان.. لە میانی سەردانێکیدا هات، کە ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە ١٩_١٢بۆ لای کەسایەتی دیاری کوردستان، «جەلالی سام ئاغا» بە بۆنەی وەرگرتنی دوو خەڵاتی نێودەوڵەتیو ناوخۆیی لە بواری دژایەتی کردنی گەندەڵیدا. لە سەردانەکەدا سەرۆکی فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانی کوردستان و وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق یاوەری سەرۆکی پەرلەمان بوون. «جەلالی سام ئاغا» دوای بەخێرهاتنی سەرۆکی پەرلەمان و شاندی هاوڕێی وتی: «ئەوەی بەرامبەر پەرلەمان کرا لە هیچ شوێنێکی دونیا نەکراوە،پەرلەمان دەزگایەکی یاسایی هەرێمی کوردستانە، بەڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و پەکخستنی کارەکانی پەرلەمان زیانێکی گەورەیان لە ناوبانگی کورد–دا،هەرگیز مێژوو ئەو ڕووداوە لە یاد ناکات. سەرۆکی پەرلەمان،پیرۆزبایی لە «جەلالی سام ئاغا» کرد بۆ وەرگرتنی دوو خەڵاتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لە بواری دژایەتیکردنی گەندەڵیدا، ئاماژەی بەوەشدا کە بەڕێزیان نمونەی پیاوی دەوڵەت و دژ بە گەندەڵین، دەبێت هەموو بەرپرسانی هەرێم وانەی لێوەرگرن و شانازی بەم پیاوە پاک و نیشتمان پەروەرەوە بکەن.

٢٠١٥/١٢/١٩

# یانزە

## د. کەمال میراودەلی

## سەردانی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا دەکات

**نوسینگەی د. کەمال میراودەلی:**

لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ نیسانی ٢٠١١ د. کەمال میراودەلی سەردانی بەڕێز کاک «جەلالی عومەری سام ئاغا»ی کردو بە گەرمی لەلایەن بەڕێزیانەوە پێشوازی لێکرا. د. کەمال سوپاس و شانازی خۆی بە بوونی کەسێکی بەڕێزو پیرۆزی وەک کاک جەلال دەربڕی و ڕوونی کردەوە کە ئەو شانازییە بۆ سلێمانی و بۆ خەڵکی ئەم شارە شارستانیی و کۆڵنەدەرە کە لە ناو ئەو هەموو زەلکاوی گەندەڵی و دزیی و داگیرکاری حیزبییەدا کاک جەلال وەک دار بەڕوویەکی بالا بڵندی خۆڕاگرو سەربەرزو بە بەرو بە سێبەر ماوەتەوەو میراتی کوردایەتی ڕەسەنی بابانییەکانی پاراستووە، بۆتە نمونەی سەرکردەیەکی مەیدانی و بەڕێوەبەرێکی نمونەیی دەسپاکی و دڵپاکی و ڕۆحپاکی سەردەم بۆ خەباتی پرۆفیشناڵ و یاسایی دژی گەندەڵی و دزی موڵک و سامانی گەل.

لە ژێر سەرکردایەتی بە تواناو پرۆفیشناڵ و پاک و بێگەردی کاک جەلالدا.. دیوانی چاودێریی دارایی، لە سلێمانی بوو بە دەزگایەکی کارامەو لێهاتووی ئیشکەرو بە بەرو کاریگەرو خاوەنی ٣١ دەستەی چاودێرییە.. کە وردبینی دارایی لە دەزگاکانی حکومەتدا دەکات. تا ٢٠١١/١٢/٣١ کە کاک جەلال دەستی لەکارکێشاوەتەوە ٢٣٩٠ ڕاپۆرتی زۆر وردی لەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان بەرهەم هێناوە، بە دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ حکومەت گێڕاوەتەوە.

کاک جەلال ڕوونی کردەوە کە هەرچییەکی هەیە.. بۆ کاری خێرخوازیی بەخشیوە، تەنانەت خانوەکەشی دوای خۆی بۆ خەستەخانە تەرخان کردووە، هیچ سامانێکی ترو بستێک زەوی نییە، هۆی دەستلەکارکێشانەوەکەشی ڕوونکردەوە.. کە هەستی کردووە جسمێکی غەریبە لەناو ئەو سیستمە گەندەڵەدا.. لەجیاتی گرتن و موحاسەبەکردن و سزادانی گەندەڵکاران، گەندەڵە گەورەکان پاداشتیان

دراوەتەوە، پلەو پایەو دەسەڵات و بواری دزی زیاتریان بۆ ڕەخسێنراوە، لە نامەی وازهێنانەکەشیدا بە ئاشکرا دەریبڕیوە ئەو گەندەڵییە تەشەنە دەکا بۆ سەرتاپای حکومەت و بازاڕ و کێڵگەکانیش.. ئەنجام سەری حیزب و دەسەڵاتیش دەخوات.

# دوانزە

## ئەو کەلێنەی بە ئاسانی پڕنابێتەوە

زۆرکەس لەئێمە چ ژن چ پیاو لەبوارێکدا شارەزایەو لە ڕێبازێکیشدا سەرکەوتووە، زۆر ئاساییە زۆربەی کاتەکانی ژیانیشی بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکات، هەر بۆیەش زۆربەی خەڵکی ئەم زەمانەیە تاک ڕەهەندو تاک مەودان، بەڵام ڕووناک خان.. لەو مرۆڤە هەڵکەوتوانە بوو، کە خۆی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکردبوو، بۆیە زیاد لەیەک ڕەهەند و یەک مەودای لە ژیاندا تاقیکردەوە.

هاوسەرێکی بەوەفا، دایکێکی دڵسۆزو کابانێکی دەستڕەنگین، بەڵام لەهەمان کاتدا پارێزەرێکی مافی مرۆڤ، چالاکێکی بێباکی بەرگریی لە ژنانی بەشخوراو، ڕێکخەرو بەڕێوەبەرێکی بلیمەتی ڕێکخراوی مەدەنی و خێرخوازی، قسەبێژێکی نوکتەزان‌و خۆش وشەبوو، سەرەڕای هەموو ئەوانە مەردی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی‌و پسپۆڕی تێکەڵکردنی مەجلیسی جارانی ژنان‌و پیاوانە، ڕووناک خان هەم ماڵ خۆش‌و هەم مەجلیس خۆش بوو، کەس خۆی بە غەریب‌و میوان نەدەزانی لە ماڵەکەیدا، دیوەخان‌و مەخزەن‌و چێشتخانەو سەلاجەکەی لەبەردەستی هەموو کەسدا بوو، د. بەرهەمی کوڕیشی هەر بەقەد میوانەکان خاوەن ماڵ بوو. دڵخۆشم بەوەی کە لەو مەیدانە بەرین‌و بەربڵاوەی چالاکی‌و هەڵسوڕانەدا، کە ڕووناک خان بەڕێوەبەرو ڕێکخەرو هەڵسوڕێنەری بوو، منیش جاروبار بەشدار دەبووم و زۆرجاریش ئاگادار بووم، ئەو وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی‌و من بەحوکمی وەزیفەی ئیداریی لە وەزارەتی دارایی هەر ڕووناک خان بوو کە دەیتوانی شەڕم پێ بفرۆشێت.. هەر کاک عەدنان موفتی بوو کە دەیتوانی ڕێکمان بخاتەوە، بەجۆرێک نە شیش بسوتێ‌و نە کەباب. کە منیش هەروا ناکۆکییەکم دەبوو لەگەڵ د. بەرهەم، هەر ڕووناک خان بوو، کە لایەنی منی دەگرت‌و قسەکەمی سەردەخست، شانازی بەوەوە دەکەم کە لەکۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا، کاتێک کاک عیماد ئەحمەد خەڵاتی ڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ هێنامە ماڵەوە، ڕووناک خان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا نوسی: (ئەشهەدو هەقی خۆتە کاک جەلال). ئێستا من دوای ماوەیەکی

دوورودرێژی خانەنشینیو نەشتەرگەری کردنم، لە ماڵەکەی خۆم دانیشتووم و بیر لەوە دەکەمەوە، کە کێی وامان هەیە ئەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکاتەوە؟ (نوسەر، رووناکبیر، هەڵسوڕاوی سیاسیو کۆمەڵایەتی، کەسایەتی ناسراوی شار، گەورەی ماڵو کۆکەرەوەی هەموومان) بەڕاستی جارێکی تر دەیڵێمەوە: ئەو کەلێنە بەئاسانی پڕ نابێتەوە.

# سیانزە

## جەلالی عومەری سام ئاغا

سلێمانی – ٢٠١٢/٦/٢٥

**محەمەد بەرزی / ئەمەریكا**

زۆر بەڕێز كاك عارف

بە گەرمی چاوەكانت ماچ ئەكەم و هیوای شادی و تەمەنی درێژتان بۆ ئەخوازم.. سوپاس بۆ ناردنی چاوپێكەوتنەكەی كاك «جەلالی سام ئاغا»، زۆر زۆر كاری تێكردم.. ئەوەی كاك جەلال هەمووی ڕاستیین، بە داخەوە كەسانی پاك و بێگەردی وەك ئەو لە ناو ئەو دەریای گەندەڵییەدا هەڵناكات، مێژووی ئەم كوردە هەروا بووە، نەیتوانیوە سوود لەم جۆرە دڵسۆزانە وەربگرێت.. لە ئەنجامدا فرسەتی گەورەیان لەدەستداوە، پیرەمێردی نەمر لە سەردەمی خۆیدا ڕوو دەكاتە شێخ مەحمودو پێی ئەڵێ:

**شەوێ دەس ئەهریمەن كەوت خاتەمی مولكی سلێمانی...**
**كەچی میرو گزیری پێ ئەكرد، قەدری وەها نەزانی...**

كاك جەلالیش بۆ ئەم سەردەمە ڕێك ئەو خاتەمە پڕ گەوهەرەیە، كە ئەمڕۆ سەركردە هەلپەرستەكان قەدری نازانن... دڵنیام لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەگەر كەسانی وەك كام جەلال كاربەدەستبوونایە، دووچاری ئەو هەموو هەڵانەی سەركردەكان نەئەبووین، ئەگەر دەوڵەتی كوردیش دروست نەبوایە، ئەوا زۆر زۆر لێی نزیكبووین، بە داخەوە كە ئەم دوو بنەماڵەیەو نۆكەرەكانیان نرخ و بەهای دەوڵەت نازانن و میللەتەكەمان بە دەردی حوكمڕانییەكەی شێخ مەحمودو ئاشبەتاڵەكەی بارزانی ئەبەنەوە... هەزار درووود لە گۆڕی پڕ لە چرای حاجی قادری كۆییش بێت، كە ئەڵێت:

**قوری کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت**
**خەوم نابێ لە داخی مولک و دەوڵەت**
**ئەگەر وەک من خەبەرداربن لە دەوڵەت**
**لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت**

کاک عارف گیان من کاک جەلال لە دوورەوە ئەناسم و هاوڕێیەتیمان نییە، جا ئەگەر بەڕێزتان ئەو ئەناسن.. ئەگەر بە باشی ئەزانن.. ئەم وەڵامەی منی بۆ بنێرە وەک ڕێزو خۆشەویستییەک بۆ دڵسۆزی و هەڵوێستی مەردانەو پاکی لە دواجاردا بە خوای گەورەتان ئەسپێرم.

# چواردە

## مانیپولیتە: دەستە پاکەکان

### ئاسۆس هەردی

ڕۆژی١٧ی شوباتی ساڵی ١٩٩٢، بە تۆمەتی بەرتیل وەرگرتن لە کۆمپانیایەکی پاککردنەوە لە شاری میلان، دادوەرێکی ئیتاڵی بە ناوی ئەنتۆنیۆدی پیێترۆ بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ ماریۆ چییێسا دەرکرد.. کە ئەندامێکی پایەبەرزی پارتی سۆسیالیستی ئیتالیا بوو. پارتی سۆسیالیستی ئیتالیا، بۆ ئەوەی خۆی لە تۆمەتبارکردن بە دوور بگرێ، پشتی چییێسای بەردا و خۆی لێ دوورخستەوە.

چییێسا بەم هەڵوێستەی هاوڕێکانی لە پارتی سۆسیالیست توشی نائومێدییەکی گەورە بوو. لە ئەنجامدا دەستی کرد بە درکاندنی هەموو ئەو زانیارییانەی لای بوو، سەبارەت بە گەندەڵیی هاوڕێ و سیاسەتمەدارەکانی ئیتاڵیا. وردە وردە زانیارییەکان گەییشتنە میدیا و بڵاوبوونەوە. بەمەش ئەو پڕۆسەیە دەستی پێکرد کە لە مێژووی هاوچەرخی ئیتاڵیادا بە «مانی پولیتە»، واتە دەستە پاکەکان ناسراوە.

لیکۆڵینەوەکان لە شاری میلانەوە دەستیان پێکرد، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بە شارەکانی تریشدا بڵاوبوونەوە. لە چوارچێوەی ئەم پڕۆسەیەدا، تۆمەتی گەندەڵی ئاڕاستەی زیاتر لە ٥٠٠٠ سیاسەتمەدار کرا. لە یەکێک لە قۆناغەکاندا پتر لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمانی ئیتاڵیا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بوون. ئەنجومەنی شارەوانیی ٤٠٠ شارو شارۆچکە هەڵوەشێنرانەوە. بڕی ئەو پارانەی لە هەشتاکاندا وەک بەرتیل لە لایەن کۆمپانیا زەبەلاحە ئیتالی و بێگانەکانەوە، بەخشرابوون بە سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە، بە ٤ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا. ئەم پڕۆسەیە کە بە ئازایەتی و لێبڕانی تاکەیەک دادوەر دەستی پێکرد، تۆفانێکی بەرپاکرد کە ژمارەیەکی زۆر سیاسەتمەداری بازرگانی لەگەڵ خۆیدا ڕاماڵی و ئیتاڵیای لە پاشەڵی پیسیان پاک کردەوە. هەرچەند ساڵێک دوای ئەوە، لە وڵاتێکدا، یاخود باشترە بڵێم لە ناوچەیەکدا، کە بە هەرێمی کوردستان ناسراوە، کەسێک بە ناوی «جەلالی عومەری سام ئاغا» وەک ئەنتۆنیۆ

دی پیێترۆ، ئازایانە و لێبڕاوانە دەستی دایە لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی گەندەڵی‌و دەستنیشانکردنی گەندەڵکاران. بەسەدان ڕاپۆرتی لەسەر دەیان فەرمانبەرو سیاسەتمەداری تۆمەتبار بە گەندەڵی ئامادەکردو بەشێکی ئەم ڕاپۆرتانەش گەییشتنە میدیا ئازادەکان و ڕایگشتی. بەڵام داخەکەم، کەسێک سزانەدرا، تەنانەت هیچ کەسێکیش لێکۆڵینەوەیەکی جدیی لەگەڵدا نەکرا. ئەگەر لێرەو لەوێ شتێکیش کرابێت، جگە لە نمایشێک بۆ ئەستۆ پاککردنەوە، یان هەوڵدان بۆ ملشکاندنی ڕکابەرەکان (نەک گەندەڵکارەکان)، هیچی تر نەبووە. پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی لەوێ ئەنتۆنیۆ دی پیێترۆ بەرهەمی گەورەی دەبێ و وڵاتێک دەهەژێنێ، کەچی لێرە، «جەلالی سام ئاغا» تەنها دەتوانێت سەروەرییەک بۆ خۆی تۆمار بکات و ناتوانێت هیچ شۆک و هەژانێکی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروست بکات؟

وەڵامەکە ڕوونە:

لەوێدا..«٩٠٪» و پتری میدیا..بەشێوەیەکی ئاشکرا یان وەک سێبەر، نەک هەر بە دەست گەندەڵکارانەوەن، بەڵکو خۆیان بەرهەمی گەندەڵین ورەگی حەیاتیان بە پەتی گەندەڵییەوە بەستراوەتەوە. لەوێ...ڕایگشتییەکی چالاک وئامادە و کاریگەر، ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێزوبەگوڕ. لێرە...ڕایگشتییەکی لاوازو شەرمن، ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی بێ هێز وکەم کاریگەر. لێرە...دامودەزگای پەککخراوی خەسێنراو، کە ئەگەر ڕۆژێک جوڵەیەکیشیان تێ بکەوێ، بەزەبری گورزی گەندەڵی تەختی سەر زەوی دەکرێن، وەک لە دوا ڕووداوی پەرلەماندا بینیمان. لەوێ...دادگا و سیستمێکی دادوەریی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە. لێرە...دادگایەک کەلە بەرامبەر بێدەسەڵاتاندا بەدەسەڵات و لە بەرامبەر دەسەڵاتدارندا بێدەسەڵات. سەرەنجام.. دەمەوێ بڵێم: هەموو ئەو ڕاستییانە هیچ شتێک لە گرنگی‌و گەورەیی کارەکانی «جەلالی سام ئاغا» و دیوانی چاودێریی دارایی کەمناکاتەوە، بەڵکو گەورەیی کارەکانی ئەوان، بچووکی کاردانەوەی دامودەزگاکانی تری کۆمەڵگەکەی خۆمان نیشان دەدات. کاک جەلال وهاوکارەکانی سەریان بەرزو ویژدانیان ئاسودەیە، ئەوە ئێمەین کە دەبێ لە ناکارایی و لاوازیی کاریگەری خۆمان لەسەر ڕووداوەکان بکۆڵینەوە. بۆیە دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەم ڕۆژەدا ئەم مەراسیمەیان بۆ ڕێز لێنان لە ئەرک و ماندوو بوونی کاک جەلال سازکرد.

زۆر سوپاستان ئەکەم

بەهیوای تەمەن درێژی بۆ کاک جەلال

# پانزە

## سەبارەت بە وەزیرەکانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان چاودێریی دارایی کاندیدەکانی یەکێتیی هەڵدەسەنگێنێت

### چاودێر- تایبەت(٣٥)

دوای ئەوەی رۆژی -١٤-ی ئەم مانگە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیەندرا، بڕیاردرا رۆژی ٢٦ی ئەم مانگە ناوی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکرێنەوە، لەم بارەیەشەوە سەرچاوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ چاودێر هۆکاری ئەم دواخستنەی بۆ یەکلایی نەبوونەوەی کێشەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و ساغ نەکردنەوەی کاندیدەکانی حکومەتی هەرێم، گەڕاندەوە. هەر ئەو سەرچاوەیە ئاشکرای کرد.. تا ئێستا ژمارەی کاندیدکراوەکان بۆ پۆستی ئەو وەزارەتانەی بەر یەکێتی کەوتوون و ژمارەیان (١٢) وەزارەتە، (٥٩) ئەندامی یەکێتییان بۆ کاندیدکراوە، ئاشکراشیکرد، لە هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکاندا مەکتەبی سیاسی پابەندی ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێریی دارایی دەبێ کە هەفتەی رابردوو بۆ مەکتەبی سیاسی بەرزکردبۆوە و تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی باری دارایی کاندیدکراوەکان. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کرد: لەو راپۆرتەی لیژنەی تایبەتی دیوانی چاودێریی داراییدا، زانیاری ورد لەبارەی رابردووی زۆربەی کاندیدکراوەکان بۆ مەکتەبی سیاسی بەرزکراوەتەوە و ئاماژە بەوەش کراوە، هەندێک لەو کاندیدکراوانە لەکاتێکدا کە لەپۆستی بەرپرسیارێتیدا بوون، چەندین پێشێلکاری داراییان هەبووە، هەربۆیە چاوەڕوان دەکرێ ئەو راپۆرتە لە هەڵبژاردنی ئەو کاندیدکراوانەدا بەه ێند وەربگیرێن.

هەمان سەرچاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاماژەی بەوەکرد: لە چەند رۆژی داهاتوودا بەسەرپەرشتی بەڕێز مام جەلال، مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکانی یەکێتی بۆ پۆستی وەزارەتەکان و ئاشکراشی کرد: هەڵبژاردنەکە بە دەنگدانی نهێنی دەبێ.

(٣٥) رۆژنامەی چاودێر ژمارە ٧٣- دووشەممە ٢٠١٦/٠٤/١٧.

# شانزە

## ئەشهەد و حەقی خۆتە کاک جەلال(٣٦)

### ڕووناک ڕەئوف سەعید

گەر بمانەوێت بە حەقیقەت قسە بکەین دەبێت بڵێین ئەشهەد و حەقی خۆتە کاک جەلال، لەم ڕۆژانەدا لە کوردستانی نوێدا هەواڵی خەڵاتکردنتم خوێندەوە، شایەنی زۆر لەوە زیاتری.. دەستخۆش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشاکردنی کاک جەلال بۆ خەڵاتکردن لەجێی خۆیدا بوو، هەرچەند لەبارێکی ناتەندروستدا بووم، بەڵام ئەوەندە دڵم خۆش بوو.. کە هەوڵمدا بەچەند وشەیەک پیرۆزباییت لێبکەم و بڵێم: کاک جەلالێکی دەستپاکی داوێن پاک شایانی زۆر زیاترە و ئەو ڕەوشتە پاکەی لە خێزانەکەیەوە وەرگرتووە، کە جێگەی شانازییە، خۆزگە ئێستا ئەو شاژنەی دایکت بمایە لەگەڵ ست زەکییەی خوشکتدا، ئەم ڕۆژەیان بدیبایە، ئەو شاژنەی دایکت بەری ڕەنج و ماندووبوونی خۆی بدیایە، تۆ یەکێکیت بەنونە هێنراویتەوە و دەهێنرێیتەوە ، ئاواتەخوازم بە تەمەنێکی تەندروستی باش بتبینم، چونکە تۆ پاک بوویت و گەندەڵ نەبوویت.. بۆیە جەسوریش بوویت و شتی ناحەقیت نەکردووە، ئەوەی بەناحەقیشت دەزانی نەتدەکرد، کاک جەلال: کە هەمیشە یەکترمان دەدی.. تۆ خەمباربوویت.. بەهۆی دۆخەکەوە.. ناحەقیشت ناگرم، خەفەتت پێ دەخوارد و هەموویت دەخستەوە دڵی خۆت و پاشان دەتکرد بە ڕاپۆرت و ئەوەی گەندەڵ بوایە دەستت لێنەدەپاراست، تۆ باکت نەبوو لەوەی کە ئەو ڕاپۆرتانە کورسییەکەت یاخود ژیانت بخاتە مەترسییەوە ، هەموو کات هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ شوێنە هەستیارەکان لە لایەن مام جەلالەوە حیکمەتی تێدابووە، ئەو کاتەی کەوا بەڕێزتی هەڵبژارد زانیویەتی کەسێتیت ئەوەندە بەهێزە کە مل بۆ ئیغرائات کەچ ناکەیت، ئەمڕۆش بەسەربەرزییەوە لەناو هەرای ئەم دونیایەدا سەربەرز و ڕووسپی هاتیتە دەرەوە.

# حەقدە

## ستەمکاریی سەرکردایەتی کورد ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە
## حکومڕانیی کوردستان درێژکراوەی گەندەڵی و ستەمکاریی مێژووەکەیەتی(٣٧)

### ڕۆژنامەنوس سەرتیپ جوتیار

- ئێستا جگە لەکوڕو کچ و کەسوکاری بەرپرسان، کەسی دیکە لەژێر سایەی ئەم حکومڕانییە ئیسراحەتی نەکردووە.

لەکۆمارەکەی قازی محەمەد دا لەنێوان ١٩٤٥ بۆ کۆتایی ١٩٤٦ بەشێک لەفەرماندە سەربازییەکان لەپای گەندەڵیی و چەوساندنەوەی خەڵک، خۆیان و خزمو کەسوکارەکانیان زۆر دەوڵەمەند بوون، لەوە خراپتر، لەهەندێ ناوچە گوشارێکی زۆریان لەسەر خەڵکی ناوچەکان دەکردو هێزەکانیان لەسەر حیسابی خەڵک دەژیان‌و پارەیان کۆدەکردەوە. لەهەندێ ناوچە فەرماندەکان خەڵکیان بەند دەکردو پارەیان لێوەردەگرتن و دەستیان بەسەر زەوی و زارەکانیاندا دەگرت!! هەربۆیە بۆیە لەگەڵ پەلاماری محەمەد ڕەزا شا بۆ ڕوخاندنی کۆماری مهاباد، بەشێک لەخەڵکی ناوچەکان لەبری مقاوەمەت، هاوکاری ڕژێمی شای ئێرانیان کرد، بۆنمونە لە (سەقز و دەوروبەری) چونکە بێزاربوون لەئیدارەدان و هەڵسوکەوتی فەرماندەکانی سوپای کۆمارەکەی قازی محەمەد. ئەگەر لەحوکمدارییەکەی مەلیک مەحمود (١٩٢٣) بپرسین دەبێ چیرۆکی لەخەوما-ی جەمیل سایب و شیعرەکانی حەمدی ساحێبقڕان بخوێنینەوە. گەندەڵیی و ناعەدالەتیی و ستەمکارییەکانی حکومداری کوردستان شاعیرو نوسەرانی هێناوەتەگۆ. چیرۆک و شیعری ناڕەزاییان لەبارەی ئەو ستەمکاریی و پاشەگەردانییە نوسیوە.

شێخ بۆخۆی لایەکی وڵاتەکەی لەسەرخۆی تاپۆکردووەو خزم و کەسوکارەکەی خۆشنود بوون و ئەویدیکە قوڕبەسەر، وەک ئەوانەی ئێستا دەیویست ببێت بە ڕابەری نەتەوەیی و سەرمەشقی سەربەخۆیی، کەچی لەژێر سایەو سێبەری حوکمڕانیەکەی

37- Tuesday, September 22, 2020 12:38 AM Jelal Sam Agha.

ناعەدالەتی و گەندەڵی خەڵکی کوێر کردبوو! بۆیە کە ئینگلیز هات خەڵکێکی زۆر لەرقی حوکمدارییە خراپەکەی شێخ هاوکاری ئینگلیزیان کرد. لەماوەی بزوتنەوەی چەکداریی ئەیلولدا، لەسەرەتا تا ناوەڕاستی حەفتاکانی رابردوو (١٩٧٠ – ١٩٧٤) بەشێک لەفەرماندەو کاربەدەستانی کورد لەشارەکانی کوردستان ببونە ئاگر بەگژ خەڵکیدا دەچوونەوە، جگە لەکوشتن و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری خەڵک، قاچاخچێتی مادده بێهۆشکەرەکانیشیان دەکرد! ئەمە ببوە جێی نارەزایی و بێزاری خەڵک، بەجۆرێک وەک جەرجیس فەتحوڵڵا کە کەسایەتییەکی دیاریی ئەو بزوتنەوەیە بوو، دەڵێت لەگەڵ پەلاماری رژێمی بەعس بۆسەر ئامێدی، لەبری مقاوەمەت و بەرگریکردن لەشارەکە لەبەرامبەر سوپای داگیرکەر، خەڵک بەهەلهەلەو چەپڵە رێزان پێشوازییان لە هێزی رژێمی بەعس کرد. لەناوەڕاستی هەشتاکانی رابردوو لەسەر رێگەی هەولێر مەخمور لەنزیک گوندی پیرداود، سەلاح شینە و مەفرەزەکەی کە دواتر تەسلیمی رژێم بویەوەو کۆمەڵێک پێشمەرگەی شەهید کرد، رێگە بەئۆتۆمبێلێک دەگرن ژن و پیاوێکی عەرەب و دوو منداڵیان دەبن. بۆ خاتری دزینی ئۆتۆمبێلەکە، ژن و پیاوەکە لەسەرجادەکە دەکوژن و هەردوو منداڵەکانیان کە چەند ساڵێک بوو تەمەنیان بەسەر تەرمی دایەو بابەیان هاواریان دەگەیشتە کەشکەڵانی ئاسمان. ئەوەی سەرەوە کە باسی دەکەم دیوی هەقیقیەکەی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداریی کورد بووە کە لەبەر هەرهۆکارێک بێت لەنەوەی نوێ دەشاردرێتەوە یان ناخوازرێ بزانرێت! ئەوەی ئێستا دەیبینین لەحوکمڕانیی کوردستان درێژکراوەی ئەو مێژوویە کە بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێ ماکیاژی بکەن و رەنگورووی جوان بکەن. ئاخر لەسەردەمێکدا کە داگیرکەرانی کوردستان لە زروەتی کوشتن و برینی ئەم گەلە بوون کەچی بەشێک لەفەرماندەکانی بزوتنەوەکان خەریکی زوڵم و ستەم و داگیرکردنی زەوی خەڵک و خۆ دەوڵەمەندکردن بوون، بۆیە نابێت ئێستا چاوەڕێی ئەنجامێکی باشتر بین. ئێستا بەهەموو شێوەیەک و بەو هەموو ماکینە ئیعلامییەی بەردەستیانەو بەپارەی ئەم میللەتە تەغزیەیان دەکەن، وەک چومسکی دەڵێت دەیانەوێ هەقیقەتمان لێ ئاوەژوو بکەنەوەو ستەمکارمان بۆ بکەنە فریاد رەس، دزو گەندەڵکارانمان بۆ بکەنە حاتەمی تائی! ئەوەی ئێستا دەیبینین دوبارەبونەوەی ئەو مێژووەیە کە ئێستا بەرەبەرە بەشێک لە راستییەکانی دەخرێتە روو، ئەو جوانیەی خەڵک قوربانی بۆ دەدا، ئێستا شەهیدەکان زیندوو بونایە بەدڵنیاییەوە تێگەیشتنێکی دیکەیان دەبوو، خۆیان نەدەکردە قوررباانیی حوکمڕانییەک کە ئێستا جگە لەکوڕو کچ و کەسوکاری بەرپرسان، کەسی دیکە لەژێر سایەی ئیسراحەتی نەکردووە. هەقیقەتێکی تاڵە کە جگە لەکەمینەیەک کە ناکرێت لە قوربانیدان و لەخۆبردوییان بۆ مێژووی کوردستان

نادیدەیان بگرین، ئەوەی دیکە کە ئێستا دەیانبینین ئەو سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسیانەی ئێستا کە مەگەر نەوەی نوێ بزانێ چ رەنگورۆیکی ناشرینیان هەیە! هەموویان بوونەتە مەڵتی ملیاردێر، ئێستاو داهاتوویان لەم میللەتە ئەغز کردووە. کچ و کوڕو کەسوکارەکانیان بوونەتە فیرعەون و دەستیان بەسەر چارەنووس و موقەدەراتی ئەم نیشتیمانەدا گرتووە.ئەوەی دەیبینین مێژووە راستەقینەکەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، گەندەڵیی و ستەمکارییان زۆر لەوە زیاترە باسی بکەین، عەرەب وتەنی (ماخفي اعظم). بەدڵنیاییەوە هەقیقەتی ئەو مێژووە نافەوتێت. ئەگەر جاران مێژوونوسان و بەشێک لەسیاسیەکان لەیاداشتەکانیاندا مێژوویان تۆماردەکرد، ئەوا ئێستا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەدەنگ و رەنگ دەتوانێت ئەم مێژووە تۆماربکات.

# هەژدە

## جەلالی سام ئاغا - سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی
## لە کاتیماڵئاواییەکەیدا گریێی هەشت ساڵی دڵی خۆی کردەوە(٣٨)

زۆر کەمن ئەو مرۆڤانەی ئەمڕۆ لەدەسەڵاتدان ..کۆتایی بە پلە و پۆستەکانیان بێنن، خەڵکانێکی زۆر و ڕاگەیاندنەکان بەگشتی لەناخی دڵەوە دڵتەنگ و خەمبارین بۆ دەستلەکارکێشانەوەیان، ئەویش وەکو هەرتاکێکی تری ئەم گەلە ستەم دیدەیە لە هەوڵی ئەوەدایە تاوەکو نەتەوەکەی بەڕاستی پاکی و دروستی بپارێزێ و نەوەکانی دوای خۆی لەسەر ئەو جۆرە ڕاستگۆیی و دەستپاکییە پەروەردە بکات، وایان فێر بکات کە خزمەتی گەل و نیشتمان.. بەتەنها ئەرکی چەند کەسێک نییە، بەڵکو لەسەرشانی هەر کوردێکی بە ویژدان و نەتەوەییە، زۆریان لەبارەی ئەو مرۆڤەوە وتوە.. زۆر دیدار و دیمانە و گفت گۆی لەگەڵدا سازکراوە.. ئەو لەماوەی هەشت ساڵ کارکردنیدا هیچ کات نەبووە پێش ئەوەی مەلا بانگ بفەرمویچت.. بەخەبەر نەبووبێ، هەروەک خۆی چەندین جار دەیوت: ئەو کاتانەی موسڵمانان هەڵدەستان بۆ سوجدە بردن بۆ خوای گەورە.. بەرەبەیان دەپاڕانەوە ، من ئەو کاتە خاڵ بەخاڵ لە لاپەڕە ڕەشەکانی گەندەڵچییەکانم دەپێچایەوە.. لەوە دەچێ ئێستا خوێنەرێک وا تێبگات.. ئەم پیاوە ئەمانەی کردووە بۆ ئەوەی سەروەت و سامان کۆبکاتەوە! یان بۆ ئەوە بێ پلە و پۆستی پێوەربگرێ.. نەخێر، لەگەڵ هەر نوکە قەڵەمێک سەدان ملیۆن دۆلاری لە قۆڕگی گەندەڵچییەکان بۆ خەزێنەی حکومەت و میللەت دەگەڕاندەوە.. تا لە جوانکردن و قیرتاو و خەمی منداڵانی بێ سەرپەرشت خەرجی بکات، دەیان جار لە لایەن هاوڕێ نزیکەکانییەوە کە هەمویان بەرپرس بوون.. توشی دەنگەدەنگ دەهات، تەنانەت کار دەگەییشتە ئەوەی پەیوەندی چەند ساڵەیان بپچڕێت، ئەم .. ئەو هەموو شتانەی بەلاوە ناوە، تەنها بۆ ئەوەی مرۆڤێکی دەستپاک و ڕاستگۆ بێت، کە خەڵکی بەویژدان و ڕەشوڕووتی میللەتەکەی ببینێ هەست بکەن ئەو سوێندەی لە ژوورەکەیدا هەڵیواسیوە، جێبەجێی بکات، هەمووومان حەزدەکەین بزانین، ئەو مرۆڤە لەخۆبوردەیە کێیە؟ ئەو دەوڵەمەند و گیرفان هەژارە کێیە کە لەدوای خۆی بڕیار

دەدات.. تەنانەت خانووی نیشتەجێبوونەکەشی ببەخشێتە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بۆئەوەی بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی بۆ ئەوەی خەڵکانی هەژار و کەمدەرامەتی تێدا تیمار بکرێن، ئەو مرۆڤە چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتەوە.. ئۆتومبیلی نوێی پێشکەش دەکرا، بەڵام هەمووی ڕەتدەکردەوە، تەنها بڕیاری دابوو.. بەبێ پاسەوان و بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی هاتوچۆ بکات.. چونکە ئەو پێی وایە، خۆی پاسەوانی ئەو خەڵک و خاکەیە، ئەو پیاوە ماندوو دڵسۆزەش (جەلالی عومەری ساماغایە) لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی.. بۆیە ئێمەش وەک ئەرکێکی رۆژنامەوانی وەکو هاوڕێکەی جاران پێش ماڵئاواییەکەی چوینە لای تا.. وەکو جاران قاوەیەک بەیەکەوە بخۆینەوە، چونکە ئەم جارە ماڵئاوایی دەکات، ئەوەی گرنگە بوترێ: کە گەییشتینە لای بەڕێزیان ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا.. ئەوە سەرۆکی دیوانی و کارمەندەکانی لە کارەکانیان خاوێن بوون، چونکە لە کارگوزارەوە هەتا هەموو کارمەندەکان.. لەگەڵ سیمای جوانی ناو بیناکە هەموویان بەرگێکی خاوێن لەبەریان.. بۆ جێگای پەنجەیان بەسەر لاپەڕەی کاغەزەکانەوە خاویچنتر دەبوو، بۆیە جگەلەوەی هەموویان بەرامبەر سەرۆکی دیوانەکەیان لەچاویان نیگەرانی دەبینرا، بەڵام کاکە جەلال خۆی هانی دەدان.. دەبێت لەسەر ئەو ئەرکانەی ئەم تەواوی نەکردووە سووربن، دەبێت ئەوان درێژە پێدەری ئەوبن، ئەو دەیوت: با گەندەڵچییەکان پێمان خۆش نەبن، دوابەدوای ئەوەی کە چوینە ژوورەکەی.. دوای بەخێرهاتن وتی: ئەوە من تەنها ئەوەم ماوە ماڵئاواییەکە لە هاوڕێیانم بکەم.. ئێمەش بە داوای لێبوردن لە بەڕێزیان کە بەهۆی کاری رۆژنامەگەری لەگەشتێکی مەیدانی بووین، لەکوردستانی رۆژهەڵات، بۆیە ئەوانیش بە گەورەیی خۆیان بەخشیانین، هەرچەندە ئێمە داوامان کرد لەسەر ماڵئاواییەکەی بۆمان بدوێ، ئەو وتی: جارێ هیلاکم تا شەش مانگی تر دەخەوم و پشویەک دەدەم، ئەگەر بەخەبەر هاتم، ئەوە جارێکی ر دادەنیشین و ئەوکاتە دوو قسەی ترتان بۆ دەکەم. لەودەمە تەقییەدا بووین.. مامۆستای گەورە و رۆشنبیر و رووناکبیر مامۆستا (سەلاحودینی موهەتدی) خۆی بە ژوورەکەدا کرد، دیارە ئەویش هەروەک ئێمە بۆ ماڵئاواییەکەی هاتبوو.. کاتێ هەموومان لەبەر مامۆستا موهتەدی هەڵسایین.. ئەویش بە چاویلکەکەی و بە گۆچانەکەی تێمانی ڕوانی و وتی: گەنجەکان چۆنن.. دیارە ئێوەش هاتوون بۆ ماڵئاوایی.. ئەو بە فرمێسکەکانی ماڵئاوایی دەکرد.. بۆیەی مامۆستا سەلاحودین بابەتێکی جوانی نوسیبوو لەسەر کەسایەتی کاک جەلالی عومەری سام ئاغا سەبارەت بەو رۆژەی ئەوی تیا لەدایک بوو.. ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا ئەم چەند دێڕە بوو کەدەفەرموێت : دێتە بیرت، (جەلال )کە تۆ لەدایک

بووی تۆ دەگریای خەڵکی پێدەکەنی وابژی کاتی ڕۆییشتنەکەت خەڵکی بگرین و تۆ پێبکەنی.. دەبا هەمووومان ئەو دێڕە شیعرە بکەینە ناسنامەمانە.. هەتا هەمووان نمونەی جەلالی ساماغا بین، بۆ نیشتمان، ئێمە دەڵێین : ئینشائەڵلا خوی خێرت بێ‌و بە تەندروستێکی باش و بەدڵێکی گەورە لەو خەوە خۆشەت بەخەبەر بێیت بۆ خزمەتکردنی گەل و وڵات.

# نۆزده

## إلى سعادة الأستاذ الدكتور شفيق السامرائي
## رئيس مجلس المستشارين المحترم

**الموضوع/ الجائزة الأوروبية**

تحياتي الطيبة وتمنياتي لكم ولمجلسكم الموقر بالنجاح الدائم والتوفيق.
تلقيت بإعتزاز رسالتكم المؤرخة في العاشر من شهر أيلول الماضي والتي تفضلتم فيها بأن مجلس الإدارة ومجلس المستشارين وإستنادا إلى رأي لجنة المنح لنيل الإتحاد (الجائزة الأوروبية الدولية لشخصية العام في النزاهة الإدارية).

أود أن أبلغكم بإعتزاري عن تسلم هذه الجائزة لأسباب شخصية تعود لي، آملا أن تتفضلوا بقبول إعتزاري مع فائق شكري وتقديري.

**المخلص**
**جلال عمرسام ئاغا**
**العراق/ السليمانية**
**٢٠١٥/١٢/١**

# بيست

## الحرص على المال العام

## من ساسون حسقيل إلى «جلال عمر سام اغا»(٣٩)

عند تأسيس الدولة العراقية عشرينات القرن الماضي وتشكيل أول وزارة لها ولاتي سميت بالوزارة النقيبية الأولى في ١٩٢٠/١١/٢٥ اختير الخبير المالي المحنك في الشؤون المالية والحسابية (ساسون حسقيل) وكان يسمى أحيانا بـ (ساسون افندي) أول وزير للمالية في الدولة العراقية الحديثة، ونظرا لإخلاصه ونزاهته ودرايته بالأمور المالية اختير في الوزارة النقيبية الثانية ١٩٢١/٩/١٢ و الوزارة النقيبية الثالثة ١٩٢٢/٩/٢٠ وفي وزارة عبد المحسن السعدون في ١٩٢٢/١٠/١٨ والوزارة الهاشمية الأولى (ياسين الهاشمي ١٩٢٤/٨/٢) والمرحوم ساسون حسقيل عراقي المولد ينتمي الى الطائفة اليهودية، ولد في العراق وعاش ومات، عفيف اليد واللسان. ويحكى في أخبار ذلك الزمان أن حوارا جرى بينه وبين المرحوم ناجي السويدي الذي كان وزيرا للداخلية في الوزارة السعدونية الأولى، الحوار كان على مبلغ ٤٥ دينارا ضمن التخمين الإجمالي الذي قدمه ناجي السويدي إلى وزير المالية لترميم بناية (القشلة) التي كانت ثكنة عسكرية في السابق وأصبحت من ممتلكات وزارة الداخلية، ودار الحوار على النحو الآتي:

ناجي السويدي: سيد حسقيل لماذا اقتطعت (٤٥) دينار من الـ (٢٥٥) دينارا تفي بالغرض.

ناجي السويدي: خلف الله عليك ساسون أفندي أليس بالإمكان إعادة مبلغ التخمين إلى (٣٠٠) دينارا، إن القشلة من المعالم التاريخية لبغداد.

ساسون حسقيل: يا سيدنا ناجي أفندي إن الحفاظ على المعالم التاريخية في بغداد يجب أن يكون متوازيا مع الحفاظ على المال العام، وبعيدا عن الإهدار، إن الإهدار يجعل من المال (سائبا) والمال السائب يعلم السرقة. وانتهى الموضوع بعدما أيد المرحوم عبدالمسحن السعدون رئيس الوزارة وجهة نظر وزير ماليته ساسون حسقيل..

---

(٣٩) وللتاريخ لسان - الصحيفة - (من حقيبتي) فرهاد عوني.

في حوار استطلاعي لإحدى القنوات التلفزيونية العراقية، وما أكثرها هذه الأيام، حول معاناة الفرد العراقي وما يراه مناسبة من أجل الوصول إلى تشكيل حكومة جديدة في بغداد، أجاب مواطن من البصرة، وكان مكتويا بحرارة الصيف المتوحشة، وجهنم إنعدام التيار الكهربائي، رحم الله فيصلا(*) الذي قال في إحدى المناسبات: «لم أجد شعبا عراقيا، بل وجدت طوائف وقبائل مأجورة في الأرض لها مصالح متباينة» ولهذا الواقع تداعيات كارثية معروفة ومستمرة، لأن ثقافة وقيم الطائفة القبيلة التي لا تعترف بغيرها، ولا ترى في الوطن قيمة أعلى من مصلحة الطائفة والقبيلة، لم يجر تجاوزها عبر ما يقارب قرن من الزمان، بل رحلت إلى الأحزاب والكتل السياسية الفاعلة عندنا على الأرض والتي وجدت في هذه القيم ضالتها في المنافسة الانتخابية، وتحولت مصالحها وتطلعاتها الأنانية إلى عقد وطنية تهدد البلاد والعباد، وتنذر بأسوأ العواقب، والأنكى من ذلك فإن الحكومات التي تعاقبت على حكم البلاد منذ سقوط النظام السابق، لم تستطيع وأقول جازما، لم تستطيع توفير المواد التموينية فيمن بين مجمل المواد المدرجة في القائمة لا يحصل المواد المدرجة في القائمة لا يحصل المواطن العراقي إلا على مادة أو مادتين في الشهر وبنوعية ردئية جدا، إن المبالغ التي تخصص لشراء هذه المواد ذات أرقام فلكية مخيفة، فأين تذهب يا ناس؟!! ولا أحد في النهاية إلا أن أردد في سخط عاجزا وأسى حزين مع الشاعر معروف الرصافي:

عـــــلم ودستور و مجلس أمة
كل عن المعنى الصحيح محرف

بكلمات وجمل وداعية مؤثرة ونابعة من القبل غادر الأخ الصديق «جەلالی عومەری سام ئاغا» رئيس ديوان الرقابة المالية في السليمانية منصبه، بعد ان قضى مدة ناهز ثمانية أعوام في هذه المهمة الوظيفية الحساسة.. تاركا ما يقارب (٢٨٠٠) تقريرا ماليا عن أنشطة و أوجه الصرف فيه مع بيان الصالح والطالح منها من منطلق حسابي ومالي شفاف لا نظير له، وبحكم معرفتي به إذ تعود صداقتنا إلى أيام ثورة أيلول الكبرى حين عملنا معا في الأمانة العامة للثقافة و الإعلام والشباب وقتها كان الكل يهابونه، وينظرون إليه باحترام شديد لأنه لم يسمح طيلة عمله هناك لأي كان أن يتجاوز عليه حسابيا وكان لسان حاله يقول لمراجعيه، قبل أن يقول لسانه: إن ثورتنا بحاجة إلى دينار واحد لشراء طلقة للدفاع عن كوردستان وثورة طلقة للدفاع عن كوردستان وثورة شعبها. هل كان (كاكه جلال) يتماهي مع سلوك المرحوم ساسون

(*) الملك فيصل الأول الذي تولى العرض العراقي عند تأسيس الدولة العراقية في بداية عشرينات القرن الماضي.

حسقيل.؟ لا أظن ذلك، بيد أنه كان شديد الإيمان بما يفعل، وضرورته لانتصار الثورة، وبناء البلاد فما بعد على أسس سليمة.

لكن استنتاجاتنا نحن الذين نستنطق التاريخ، الرحمة لساسون حسقيل وألف تحية للأخ «جەلالی عومەری سام ئاغا» الذي ودع منصبه ووظيفته بهذه الكلمات: «أن حكم التاريخ يختلف عن حكم المسؤولين لأن التاريخ لن يصرف النظر عن الفساد والمفسدين ولن يرفع مقامهم، بل بالعكس من ذلك إن منطق وقلب التاريخ صلب إلى درجة لن يتلفت إلى هؤلاء مهما رفع شأنهم يوما... وللتأريخ لسان».

المواطن البصرة الذي جاهر على شاشة قناة تلفزيون عراقي بهذا البيت الشعري «كل عن المعنى الصحيح محرف» لم ولن يكون ضد الدستور ولم ولن يكره العلم العراقي، وقد ساهم أيضا في انتخاب أعضاء مجلس أمته (البرلمان) ولكن المعاني الجميلة للدستور والعلم ومجلس الأمة لن تجدي نفعا بالنسبة لمواطن يعيش في بلد ينعدم فيها الأمان أولا و الكهرباء، ثانيا والمواد التموينية، ثالثا والاستقامة في الحياة والسياسة، رابعا والاستحواذ على المال والعام، خامسا وسرقة قوت الشعب، سادسا وعدم التمييز بين الأدوية الطبية الأصلية عن غيرها المزورة، سابعا وانعدام العدالة الاجتماعية ثامنا وعدم احترام إرادة الشخصي والقتل على الهوية عاشرا.

إنها تساؤلات مشروعة نابعة من قلوب الناس وعقولهم.. فهل من أجوبة؟! هل نحن أبناء أمة عراقية حقا نتقاسم سراء الحياة وضرائها..؟ أم أننا ما نزال عند تلك اللحظة التي شخصها الملك فيصل الأول..؟ لسنا أمة بل مجموعة من طوائف وقبائل متجاورة في المكان متخالفة في همومها ومصالحها وتطلعاتها.

# بيست و يەك

## مرحبا بعودتك الميمونة

### مصطفى صالح كريم

* قبل أحد عشر عاما كلف الصديق العزيز «جەلالی عومەری سام ئاغا» بمنصب وكيل وزارة الإقتصاد والمالية في حكومة اقليم كردستان بعد أن زكاه الأمين العام للإتحاد الوطني الكردستاني وأذكر أن السيد كوسرت رسول علي الذي كان رئيسا للوزراء –إدارة السليمانية- صحبه الى الوزارة حيث سلمه المنصب بعد ان امتدحه كثيرا، وقد أدى واجبه المكلف به بجد واخلاص يشهد له السيد عدنان المفتي الذي كان وزيرا للاقتصاد والمالية آنذاك وكانت كردستان تمر بظروف اقتصادية صعبة جدا في الوقت الذي كانت الخزانة خاوية على عروشها تقريبا.

* وفي مرحلة ثانية رشحه مام جلال الأمين العام للاتحاد الوطني الكردستاني شخصيا ليتولى رئاسة ديوان الرقابة المالية، لأنه كان موضع الثقة ومعروفا بالنزاهة والاستقامة، واستمر مام جلال في دعمه له والذي لم يتوقف يوما هكذا بقي في هذا المنصب حوالي ثماني سنوات لكنها لم تكن سنوات عجافا، بل كانت سنوات العمل الجاد، واصل الرجل الليل بالنهار مع العاملين في الديوان لإعداد آلاف التقارير وفضح الفاسدين وكشف الخروقات المالية وإعادة الملايين من الدولارات الى خزانة الحكومة.

* لقد أصبح ديوان الرقابة المالية برئاسته سيفا مسلطا على رقاب المفسدين، وأثبت رئيسه عمليا انه لا يخشى لومة لائم ويظهر الحقائق كما هي دون أية مواربة، نال ثقة المواطنين والصحافة والإعلام فضلا عن ثقة رؤساء الوزارات الذين عمل معهم وذلك لما عرف به من صفات الجرأة والإقدام وعدم التغاضي عن المسيئين، وأكوام التقارير المعدة من قبل الديوان والمقدمة مباشرة الى المستويات العليا شاهدة على حرص هذا الرجل على مالية الحكومة التي هي ثروة الشعب.

* الآن حين انتهت مهمته الرسمية التي طالما تقدم بطلبات لإفائه منها ودع الديوان بشكل رسمي قال له بعض الأصدقاء من الكتاب والصحفيين (وداعا يا كاكه جلال)

لكني لا أقول –وداعا- بل أقول: مرحبا بعودتك الميمونة، لابد أن خضت سفرا شاقا عبرت خلاله التلال والجبال، والوديان والوهاد، والمحفوفة بالمخاطر، مخاطر الفساد والتزوير والإختلاس، ولكنك عدت مرفوع الرأس، عدت الى المجتمع نجما لامعا وشعبك مازال ينتظر منك العطاء في مجالات المجتمع المدني الذي بذلت جهودا الإرساء أسسه.

* للحقيقة أقول: في عام ١٩٨١ حصل الأخ «جەلالی عومەری سام ئاغا» على سيارة تويوتا موديل ٨٠ من الشركة العامة للسيارات، مازال الرجل رغم تبوئه عدة مناصب هامة يحتفظ بتلك السيارة القديمة، وعاش سنواته الوظيفية دون رجال الحماية والحراس ولم يكلف الخزينة شيئا إضافية عدا راتبه.

وأعرف أيضا بأنه تبرع قبل اثني عشر عاما بداره التي يسكنها لوزارة الصحة لتكون مستوصفا بعد رحيله –بعد عمر طويل ان شاءالله- وهذه المآثر أصبحت حديث الناس، وكانت مبادرته الأخيرة تخصيصه جائزة سنوية لموظفي ديوان الرقابة المالية وذلك من ربح ايراد ارضه التي باعها ووضعها في المصرف لهذا الغرض.

* أذا هو أمر طبيعي أن يكون الرجل الذي تمتع بهذه المواصفات ناجحا في تلك المهمة الصعبة التي أوكلت اليه والتي أداها بمنتهى التفاني والإخلاص، بارك الله جهوده وأملنا ان يقتدي به الآخرون الذي يتبوأون مثل هذه المناصب، لأنه كما يقال – مازالت الدنيا بخير- وان شعبنا يمتلك كوادر كفوءة مخلصة متفانية، وعدد الخيرين سيظل اضعاف اضعاف المسيئين.

مرة اخرى مرحبا بعودة الأخ «جەلالی عومەری سام ئاغا» من سفره الشاق مرفوع الرأس والكرامة، بحيث جعل اصدقاءه ومقربيه يفتحون به... وأكرر ثانية ان شعبنا بحاجة الى خدمات وجهود امثاله والتي ليست بالضرورة أن تنجز فقط من خلال الوظائف الحكومية.

# بیست و دوو

## گەزۆی سلێمانی بە خورمای جەزائیر

لە بەرامبەر ئەو خورمایەی سەرۆکی جەزائیر بۆ سەرۆک کۆماری عێراق وەک دیاریی سەری ساڵ ناردویەتی ، فوئاد مەعسوم گەزۆی سلێمانی بۆ عەبدولعەزیز بوتەفلیقە دەنێریتەوە.

خورماکە سەرۆکی جەزائیر وەک دیاری ساڵی نوێ پێشکەش بەسەرۆک کۆماری عێراقی کردوە ، فوئاد مەعسومیش لەو دیارییەدا هاورێ دێرینەکەی خۆی جەلالی سام ئاغای لەبیر نەکردو ١٥ ی ئەم مانگە بەشێکی بۆ نارده شاری سلێمانی.

د. فوئاد مەعسوم لەبارەی ئەو خورمایەوە ، بۆ پەرەگراف بە پێکەنینەوە باسیلەوەکرد لەنێوان سەرۆکی وڵاتاندا دیاری بۆ یەک دەنێرن لەکاتی بۆنەکاندا ، بوتەفلیقە کارپۆنێک خورمای بۆ ناردووە وەک دیاری ساڵی نوێ ، ئەویش بەشێکی بۆ جەلالی سام ئاغا ناردووە بۆ سلێمانی . جگە لەو خورمایە ، پێشتریش فوئاد مەعسوم بەرلەوەی ببێتە سەرۆک کۆمار بەردەوام خورمای ناردووە بۆ ئەو هاورێیەی.

خورمای جەزائیر یەکێکە لە بەناوبانگترین جۆرەکانی خورما لەتەواوی جیهانداو ساڵی ٢٠١٤ بوتەفلیقەی سەرۆک پرۆژەیەکی خستە بواری جێبەجێکردنەوە بە ڕواندنی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دارخورما لەتەواوی وڵاتەکەدا وەک ڕێزلێنانێک بۆ ژمارەی ئەو شەهیدانەی ئەو وڵاتە کە لە پێناو سەربەخۆیی جەزائیردا خۆیان بەختکردوە.

سەرۆک کۆماری عێراق ئەوەشی خستە ڕوو، «ئەو زیاتر گەزۆ و بەرهەمەکانی تۆفیقی حەڵواچی بۆ سەرۆکی وڵاتان دەنێرێت لە بۆنەکاندا ، لەبەر ئەوەی تامی خۆشە و سندوقەکانیان جوانە».

فوئاد مەعسوم باسلەوەشدەکات ، ئەو دیاریی ناردنە شتێکی ڕەمزییە وەک دۆستایەتی، وتی: «بەبێ ئەوەی پارەی زۆری تێبچێت ، منیش بەنیازم گەزۆ بۆ سەرۆک بوتەفلیقە بنێرم».

شیرینی تۆفیقی حەڵواچی کە فوئاد مەعسوم بۆ سەرۆکی وڵاتانی دەنێرێت، یەکێکە

لە بەناو بانگترین شیرینییەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی کە گەزۆ و لوقمی جۆراوجۆری هەیە.

تۆفیقی حەڵواچی، خاوەنی کارگەی حەڵواچی لەسلێمانی ، لەساڵی ١٩٥٦ەوە خەریکی ئەو کارەیە، بۆ پەرەگراف ئەوەی ڕونکردەوە ، سلێمانی بەناوبانگە بە حەڵوای گەزۆ ، لە دروستبوونی سلێمانییەوە چەند بنەماڵەیەک خەریکی ئەو کارە بوون و بنەماڵەی ئەوانیش یەکێک بووە لەو بنەماڵانەی و ئەویش لەماڵی باپیرییەوە فێربووە.

لەبارەی تام خۆشیی بەرهەمەکەی و ناوبانگی ، تۆفیقی حەڵواچی وتی: «هەموو پیشەیەک دەبێت جۆرەکەی و کەرەستەکانی باشبن و بەرهەمەکەش خۆت شارەزابیت، ئەوە کارەکەت پێشدەخات».

کارگەی تۆفیقی حەڵواچی ٢٥ بۆ ٣٠ جۆر شیرینی هەیە و سەرەکی ترینیان گەزۆیە و وەک تۆفیقی حەڵواچی وتی: «گەزۆکە شای ئیشەکەیە».

گەزۆکە دوو جۆرە جۆرێکیان لەناو سندوقدایە و ئاردی تێدایە ، جۆرەکەی دیکەیان لە پاکەتدایە و هەردوو جۆرەکە کیلۆی بە ٣٥ هەزار دینارە؟

تۆفیقی حەڵواچی هەست بە خۆشی دەکات کە شیرینییەکەی ناوبانگی باشی هەیەو دەنێردرێتە وڵاتانی دیکە، وتی: «مایەی شانازییە بۆ خۆمان و وڵاتەکەشمان ، شتێکی خۆشە ئینسان بەرهەمی بگاتە وڵاتان و سەرکردەکان».

# بەشی حەوتەم
# هەرێمێکی بێ سەرۆک

له چوارچێوەی گێژاوی حوکمداری فەرمانڕەوایانی کوردستان.. هەروەها ململانێی سیاسی لەپێناو دەسەڵاتی پاوانخوازیدا، کێشەی هەمەچەشن و نەبڕاوە لەسەر پۆستە سیادییەکانی دەسەڵاتداری لە هەرێمی کوردستاندا، باسوخواس بەگەرمی ڕوو لە شانشینەکەی جەلالی سام ئاغا دەکات.

ئەم پیاوە بوێر و ڕاشکاو و داوێن پاکە، لەهیچ سوچێکی ئەم دەسەڵاتدارێتییەدا نییە ناوی نەهێنرێت، ئەوە کەسانێکی تر بچنە ئەو بارەوە، ملی خۆیان دەشکێنن، هەموو دانی باجەکان پەسەند دەکەن، تەنها بەس، بەس تەنها ناویان بخرێتە لیستی ناوبراوانی پۆستەکانەوە، لەم سەروبەندەدا، لەبەر بێگەردی ئیداری و چاونەترسی ڕا دەربڕینەکانی، میللەتەکەمان بە هەر شێوەیەک بێت، چاوی بڕیوەتە ئەو داواکارییانەی لەم زاتە ئالاوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، بەم شێوەی لای خوارەوە هەر خاوەن قەڵەمێکی بەئەمەک، خۆی خستۆتە تای تەرازووی شەنوکەوکردنی دۆخەکەوە، دەی بەشکو جەلالی عومەری سام ئاغا، بڕیاری قاییلبوونی خۆی بدات.

هەرچەندە سام ئاغا، زۆر زوو بڕیاری ئەوەی داوە بەشداری هیچ پۆستێکی ئیداری نەکات، بەتایبەتی لەدوای دەستلەکارکێشانەوەکەی، ڕاشکاوانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی هەرێمی سەوز سەرۆک مامجەلال و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک)دەڵێت:» من شەرەفمەندیم بە وەزیفەکەتان»، یاخود دەڵێت:»من جسمێکی غەریبم لەناوتانا».. بۆیە سەرەڕای هەموو لایەنەکانی دۆخەکە، ئەو وەرگرتنی هەر پۆستێک لەناو دەسەڵاتە کوردییەکەدا ڕەتدەکاتەوە.. ئەوەتا نووسەران دەڵێن:

## یەك

## «نەوشیروان مستەفا پێیوایە بەدیلی مەسعود بارزانی زۆرە»

وشیار عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری گۆڕان لەسەر جێگرەوەی مەسعود بارزانی ڕای نەوشیروان مستەفا ئاشکرا دەکات و دەڵێت:» نەوشیروان مستەفا پێیوایە مەسعود بارزانی بەدیلی زۆری هەیە، من لە مەجلسیا بووم لەسەروبەندی ساڵی ٢٠١٣ چەند جارێک ناوی بەرێز جەلالی سام ئاغای وەک کەسایەتی و بەدیلێکی بێلایەن و کاریگەر باس دەکرد».

لە لێدوانێکدا لەسەر ڕای نەوشیروان مستەفا دەربارەی بارودۆخی کوردستان، هۆشیارعەبدوڵڵا پەرلەمانتاری گۆڕان بە سپی ڕاگەیاند، «بەڕای من نەوشیروان مستەفا بۆ سیستمی سیاسی هەرێم سیستمی پەرلەمانی پێباشە، بەو پێیە سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر نەشمێنێ ڕەنگە کاریگەری ئەوتۆی نەبێت و دەسەڵاتەکانی دابەش بکرێت بەسەر پەرلەمان و حکومەتدا، یا بمێنێ بە دەسەڵاتێکی تەشریفاتی و ڕەمزیەوە، ئێمە پێمان وایە ئەزمونی سەرۆکایەتی لە شەرقدا سەر لە نیزامی شمولی و دیکتاتۆری دەردەهێنێت».

سەبارەت بە نەگەڕانەوەی نەشیروان مستەفا لەم بارودۆخە هەستیارەی کوردستاندا، هۆشیار عەبدوڵڵا وتی:» نەگەڕانەوەی کاک نەوشیروان لەڕاستیدا پرسێکە پەیوەستە بەخۆیەوە، بەڵام هێندەی من لێکدانەوە بۆ مانەوەی بکەم جیا لە حاڵەتی تەندروستی، ئەو مەبەستیەتی لەژیان و ئامادەیی خۆیدا بزوتنەوەکە بکەوێتە سەر سکەیەک کە بێ ئەویش بتوانێ بەردەوام بێت، هەرچەند من پێم وایە ئەدائی بزوتنەوەکە لە غیابی ئەودا لە زۆر ئاستدا خراپ بووە، پێویستە ئەگەر تەندروستی ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە، چونکە بەڕاستی قیادەی ئێستای بزوتنەوەکە لە ئاستی چاوەڕوانیدا نین».

دەربارەی ئەو دەستپێشخەریەی بارزانی دەستیپێکردووە بۆ لای لایەنەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی :» پارتی سەرقاڵی کات کوشتنە مەبەستیەتی دۆخەکە بەم جۆرە درێژە پێ بدات تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە ئێستاشدا کار بۆ هەڵبژاردن ئەکات، بەم کۆبوونەوە و شتانە تەنها حزبەکان بە تایبەت گۆڕان غافڵ گیر دەکات».

## دوو
## نەوشیروان مستەفا بەدیلی مەسعود بارزانی دیاری کردووە

هۆشیار عەبدوڵلا پەرلەمانتاری گۆڕان لەسەر جێگرەوەی مەسعود بارزانی ڕای نەوشیروان مستەفا ئاشکرا دەکات و دەڵێت :» نەوشیروان مستەفا پێیوایە مەسعود بارزانی بەدیلی زۆری هەیە، من لە مەجلسیا بوم لەسەرو بەندی ساڵی ۲۰۱۳ چەند جارێک ناوی بەرێز جەلالی سام ئاغا ی وەک کەسایەتی و بەدیلێکی بێ لایەن و کاریگەر باسدەکرد».

لە لێدوانێکدا لەسەر ڕای نەوشیروان مستەفا دەربارەی بارودۆخی کوردستان، هۆشیارعەبدوڵلا پەرلەمانتاری گۆڕان بە سپی ڕاگەیاندوە، «بەڕای من نەوشیروان مستەفا بۆ سیستمی سیاسی هەرێم سیستمی پەرلەمانی پێباشە، بەو پێیە سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر نەشمێنێ ڕەنگە کاریگەری ئەوتۆی نەبێت و دەسەڵاتەکانی دابەش بکرێت بەسەر پەرلەمان و حکومەتدا، یا بمێنێ بە دەسەڵاتێکی تەشریفاتیو ڕەمزیەوە، ئێمە پێمان وایە ئەزمونی سەرۆکایەتی لە شەرقدا سەر لە نیزامی شمولیو دیکتاتۆری دەردەهێنێت».

سەبارەت نەگەڕانەوەی نەشیروان مستەفا لەم بارودۆخە هەستیارەی کوردستاندا، هۆشیار عەبدوڵلا وتی: «نەگەڕانەوەی کاک نەوشیروان لەڕاستیدا پرسێکە پەیوەست بەخۆیەوە، بەڵام هێندەی من لێکدانەوە بۆ مانەوەی بکەم جیا لە حاڵەتی تەندروستی، ئەو مەبەستیەتی لەژیان و ئامادەیی خۆیدا بزوتنەوەکە بکەوێتە سەر سکەیەک کە بێ ئەویش بتوانێ بەردەوام بێت ، هەر چەند من پێم وایە ئەدائی بزوتنەوەکە لە غیابی ئەودا لە زۆر ئاستدا خراپ بوە و پێویستە ئەگەر تەندروستی ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە ، چونکە بەرستی قیادەی ئێستای بزوتنەوەکە لە ئاستی چاوەڕوانیدا نین».

دەربارەی ئەو دەستپێشخەریەی بارزانی و پارتی دەستپێکردووە بۆ لای لایەنەکانو چارەسەرکردنی کێشەکان ، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی : «پارتی سەرقاڵی کات کوشتنە مەبەستیەتی دۆخەکە بەم جۆرە درێژە پێ بدات تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە ئێستاشدا کار بۆ هەڵبژاردن ئەکات ، بەم کۆبونەوە و شتانە تەنها حزبەکان بە تایبەت گۆڕان غافڵ گیر دەکات».

## سێ

## ئەوەش بەدیل

### کاک جەلالی سام ئاغا پیاوێک لە پاکی بۆ سەرۆکی هەرێم

ئەمرۆ کوردستان پێویستی بەکەسێکی وەک کاک جەلالی سام ئاغا هەیە بۆ بوونە سەرۆکی هەرێم. لەساڵی ۲۰۰۲ تاکو ساڵی ۲۰۱۰ سەرۆکی چاودێریی دارایی بووە لەسلێمانی، لەماوەی کارکردنی نزیکەی ناو و دۆسیەی (۸٦) کەس و (۲۷۲۰) راپۆرتی رادەستی داواکاری گشتی هەرێم دەکات، کە هەتا ئێستا تەنها چوار دۆسیەی جوڵێندراون و دەستەڵاتیش، کە پشکی شێری لە گەندەڵیدا هەیە (۸۲) دۆسیەی لێ سڕ و فەرامۆشکردووە کە سەدان ملیۆن دۆلاری دزراو و هەزاران پارچەی زەوی‌و موڵک وماڵی گشتی تاڵانکراویان گرتوتە خۆیان.

نامەی دەست لەکارکێشانەوە بۆ (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆمار و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەنێرێت و تێیدا دەڵێت : «شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان ، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتانا».

ئەوەی شایانی باسە کاک جەلال لەدەرخستنی گەندەڵییدا خزمەتێکی زۆر گەورەی کردووە، بە جۆرێک ناو و ناوبانگی سنوری کوردستانی بڕیوە و گەیشتۆتە دەرەوەی وڵاتیش، ئەوەتا لەلایەن یەکێتی ئابوریناسان و کارگێریناسانی دەوڵەتەکانی ئەوروپاوە رێزی لێنراوە و پاداشتی ساڵانەی لەبواری دەستپاکیدا پێبەخشراوە و وەک کەسایەتی ساڵیش دەستنیشانکراوە.

سەرباری ئەمانەش رۆڵی گرنگی کاک جەلالی عومەری سام ئاغا هەر ئەوە نییە ڕووبەڕووی گەندەڵکارە زلحۆرتەکان بۆتەوە و پەردەی لەسەر ڕوو لابردوون، بەڵکو دەیان هەڵوێستی دڵسۆزانەی هەیە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەم:

١-خانووەکەی یەکێکە لەخانوە جوان و دڵگیرەکانی گردی سەرچناری سلێمانی، کە لەکاتی خۆیدا بە بڕی (۷۰۰ هەزار) دۆلار خەمڵێندراوە، بێ بەرامبەر بەخشیویەتی بە وەزارەتی تەندروستی تا دوای خۆی بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی و خزمەتی

هاولاتیان بکات و لەساڵی ۲۰۰۲ ەوە تاپۆی ئەو خانوە خراوەتە سەر وەزارەتی ناوبراو.

۲- لە ناوچەی ئابڵاخ خاوەنی زەوییەک بووە و فرۆشتویەتی و پارەکەی لە بانقدا بەناوی دەزگای چاودێرییەوە داناوە و ساڵانە سودەکەی وەک ڕێزلێنان پێشکەشی فەرمانبەرانی سەرکەوتوو و چەند خانمێکی سەلاری دیوانی چاودێریی دەکرێت.

۳- پێشنیاری بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە مانگانە موچەی خانەنشینییەکەی ببەخشرێت بە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان.

# چوار
## جەلالی سام ئاغا
## بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشان ئەکرێت

لە ناوەندە سیاسی و میدیاییەکاندا قسە لەسەر دیاریکردنی چەند کەسایەتییەکی بێلایەن ئەکرێت تا پۆستەکەی بارزانی بەڕێوە ببات، ئەمەش لەدوای پەیامەکەی بارزانی کە داوایکردبوو، کەسێک دیاری بکەن بۆ شوێنەکەی، تا هەڵبژاردن ئەکرێت، دیارترین ئەو کاراکتەرانەش کە ناویان دێت سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سولەیمانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە. کە پێشوتریش لەلایەن (نەوشیروان مستەفا) هوە ڕاسپێردرابوو وەزارەتی دارایی هەرێم وەربگرێت. سام ئاغا لەساڵی(٢٠٠٢ هوە بۆ ٢٠١٠) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە، لەماوەی کارکردنیدا (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی سەبارەت بە گەندەڵی بەپرسان و دامودەزگەکانی هەرێم داوە بە داواکاری گشتی و کۆتا جاریش لەبەر لێ نەپرسینەوە لە ڕاپۆرتەکانی دیوان، دەستی لەکارکێشایەوە و لە نامەیماڵئاواییەکەیدا نوسیویەتی «شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان ، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتانا».

ناوبراو جگە لەناوەندە کوردییەکان، ناوبانگی گەییشتە سنورەکانی دەرەوەی کوردستان و لەلایەن یەکێتی ئابووریناسان و کارگێریناسانی جیهانییەوە ڕێزی لێ نراوەو پاداشتی ساڵانەی پێ بەخشراوە.

بەهرۆز جەعفەر کەسایەتی نزیک لە جەلالی سام ئاغاوە ڕایگەیاند، (من بەناوی کاک جەلالەوە دڵنیایی دەدەم کە جارێکی تر ئەو ناگەڕێتەوە بۆ وەزیفە، ڕاستە پێشووتر چەندینجار لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانییەوە داوای لێکراوە بگەڕێتەوە سەر کار و یارمەتیدەریان بێت لەم دۆخەی ئێستای هەرێمدا، هەروەها پێشوتریش لەلایەن جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروانەوە بۆ زۆر کاری هاوشێوە تەکلیف کراوە کە خزمەت بکات، بەڵام کاک جەلال تەنها ناوبانگ و کەسایەتییەکی گەورەی بێلایەنە و جارێکی تر هیچ وەزیفەیەک وەرناگرێت).

بەهرۆز جەعفەر، ڕۆژنامەوان و توێژەری سیاسی و نزیک لەسەرۆکی پێشوی

دیوانی چاودێریی و ڕاپۆرتەکانی ئەوەشی گوت، «جەلالی سام ئاغا ئەوەی هەیبوو بەخشی، لەتوانا و بوێرییەکان، لە بەگژاچونەوەی گەندەڵی، پێش دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن ئەو ڕچەشکێن بوو لە بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی سامانی هەرێم بەفیڕۆ ئەدەن».

ناوبراو وتیشی: تەنانەت کاک جەلال ئەو موڵکانەی هی خۆشی بوون، خانوەکەی بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە کردووە لە گردی سەرچنار، کە لەسەرەتای هەشتاکاندا بونیادی ناوە، زەوییەکی خۆیان فرۆشتویەتی و لەبانک پارەکەی داناوە و ساڵانە وەک خەڵات قازانجەکەی ئەدرێت بە کارمەندە بەتواناکانی دیوانی چاودێریی دارایی، جگە لە سەدان هەڵوێست و کاری جوانی تر.

# پێنج

## سەرۆكایەتی هەرێم و...

### حەكیم كاكە وەیس

١- سەرۆكی داهاتووی هەرێم، هەر كەسێ بێ، هەر دەبێت گوێڕایەڵی حیزبەكان و ڕێكەوتننامە و دەستوری حیزبەكان بێ ، چونكە نە دارایی وڵاتی لەبەردەستدا دەبێت، نە لەشكری حیزبەكانیشی لە پشت دەبێت، ئیدی یا دەبێت خۆی بەعیبرەت بكات.. وەك قەرەقۆز هەڵسوڕێ تا دوای ماوەیەك ئەویش دەبێت بە ملیاردێرێكی تر و كڕ دەبێت، یا ئەوەی خۆی دەپاڵێوێ سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكە بێ كە بەوەش هیچ ناگۆڕێت ! ..

كەواتە چارەسەر ئەوە نییە كەسێك خۆی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، یا بۆ سەرۆكایەتی حكومەت هەڵبژێرێت، بەڵكو ئەوەیە بە یاسای گردە بڕ داهاتی وڵات بە (نەوت)یشەوە بخرێتە بەردەستی پەرلەمانێكی شەرعییەوە تا بە پێی پلانی نیشتیمانپەروەرانە ڕەفتاری پێوە بكات و لەشكریش بە فلتەری پەرلەماندا بخرێتە ژێر فەرمانی سەرۆكی هەرێم، یان سەرۆكی حكومەت، جا ئەو دووە، هەر كەس دەبن با ببن.

بەوەش سامان و لەشكر لەبن دەستی سەرۆك و سكرتێر و مەكتەبی سیاسی حیزبەكان دەردەچن ، دەی جا كام حیزبی سەر بە دەسەڵاتی ئەمڕۆی كوردستان بەوە ڕازی دەبێت؟ .. بە دڵنیاییەوە، نە پارتی بەوە ڕازی دەبێت نە یەكێتی.. تەنانەت جێگری سكرتێری یەكێتیش، كە لەشكری تایبەت بە خۆی هەیە و خاوەنی نیمچە حكومەتێكە، بەوە ڕازی نابێت ئیتر كێ دەیەوێت ڕیشی بتاشرێ و ئاوێنە بدرێتە دەستییەوە، با بفەرموێت خۆی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم یا سەرۆكایەتی حكومەت بپاڵێوێت! ..

٢- كێشەی پاڵێوراوی تازە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی حكومەت لە سەرەتادایە دوێنێ (٢٢-١١-٢٠١٦) لە هەولێر مەلایەك كە ناوی (د. وشیار ئیسماعیل) بوو، تیرۆر كرا، كێ ناحەزی ئەو پیاوە بوو وە بۆچوونەكانی دژی كێ بوون، ئەوە

کاری من نییە، بەڵام کاری منە داوا بکەم هەر تاوانێک کە ئەنجام دەدرێت، بە یاسا یەکلایی بکرێتەوە نەک بە دەم داخستن و کوشتن، جا ئەو تیرۆرە، دەستی لایەنێکی تێدا بێت یا لایەنی نەیاری دەسەڵات یا نەیاری حیزبەکەی خۆی، جیاوازی نییە! .

ئامانجی من ئەوەیە ماتریالیست و پیاوی ئایینی و نەتەوەیی و هی تریش، لە دەربڕینی ڕای خۆیاندا مافی وەک یەکیان هەبێ و ئازاد بن.

گوێم لە هەندێ گوتاری د. وشیار ئیسماعیل گرت، بۆم دەرکەوت بەقەدەر دڵسۆزییەکەی بۆ دینی خۆی، دلسۆزی نەتەوە و نیستیمانەکەشێتی، کەواتە ئەو فیشەکەی ئەوی کوشت، ئامانجی منیشی بریندارکرد، ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکیی کوشتنی ئەو مرۆڤە بووبێ ... دیارە نابێ کە دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوە بێت! ... ڕۆژ ڕۆژی شت تریشە !.

لەگەڵ تیرۆر کردنی ئەو مەلایەدا، بیرم بۆ ئەوە چوو بڵێم : «چاکی مەکەن با خراپ نەبێت»!. مادام لە هەولێر پارتی دیموکرات باڵادەستە ، خوێنی ئەو مرۆڤە لە ئەستۆی دەزگاکانی ئەواندایە و پێویستە زوو، بێ ئەوەی کۆمیتەی دۆزینەوە یا بزرکردنی تاوانی بۆ دابنرێت و کەسێکی باڵا دەستی حکومەت خەڵکانی تر ڕاسپێرێت، پۆلیس و ئاسایش ئەرکی خۆیان ئەنجامبدەن و بکوژەکەی بدۆزنەوە، ئەگەر بکوژەکە هەر کەس و لایەنێک بێت ! . کە دەبینن لەسنوری دەسەڵاتی پارتیدا سەر و برۆ دەتاشرێن و لەسەر فوول لایتێک گەنجی کورد دەکوژرێت، بمانەوێت یا نەمانەوێت، گومان دەچێتە سەر دەزگاکانی دەسەڵاتدارانی هەولێر.

خۆ ئەگەر ئەو دەزگایانە بێ منەتن، ئەوە هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کڕ بین و بۆ هەر مردنێک و کوشتنێک و تیرۆرکردنێک و سەر و برۆتاشینێک ، لەبەر خۆمانەوە بڵێین (انا لله و انا الیه راجعون... حسبي الله ونعم الوكيل)!. واتا بە کورتییەکەی: هەواڵەی خوا بن! .

# شەش

## سیاسییەکان چۆن دەڕواننە جەلالی سام ئاغا؟

جەلالی سام ئاغا کەسایەتی دیاری سلێمانی و کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری خەڵاتی کەسایەتی ساڵی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە پێدرا، لەو بۆنەیەدا جگە لە ئامادەبوونی ژمارەیەک کەسایەتی نزیکی ناوبراو وتاریان پێشکەشکرد، هەندێک کەسایەتی سیاسی وحکومی دیار لەڕێگەی پەیامەوە بەشداری ئەو ڕێزلێنانەیان کرد.

کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەیامێکدا بەو بۆنەیەوە دەڵێت: «ئەو ماوەیەی لەگەڵ کاک جەلالی سام ئاغا کارمکرد، بەڕاستی نمونەی سەرۆکێکی دەستپاک و جوامێرە ، هەروەها ئەو ماوەیەی کە لەوەزارەتی دارایی و ئابوری بوو زۆر خزمەتی ناوچەکەی کرد.. بەهیچ شێوەیەک قبوڵی نەکردووە کارێکی بێ قانونی ئەنجام بدات»

جەلالی سام ئاغا پێش ماوەیەک لەمەوبەر کاندیدکرا بۆ پێدانی خەڵاتی یەکێتی نێودەوڵەتی ئابووریناسان و کارگێڕییەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا وەک کەسایەتی ساڵ لەبواری دەستپاکی و کارگێڕیدا، بەڵام ناوبراو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ڕەتیکردەوە. یەکێک لەو کەسایەتییە حیزبی و حکومییەی پەیامی هەبوو بۆ ڕێزلێنانی سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی، د. بەرهەم ساڵح بوو ، ئەو لەو پەیامەیدا دەڵێت «من وەک سەرۆکی حکومەت سودمەند بووم لە ڕاوێژ و بیروبۆچون و ڕاپۆرتەکانی لەبواری دارایی و بەڕێوەبردن و دەستگرتن بەسەرچاوەکانی داهاتەوە».

بەرهەم ساڵح لەدرێژەی پەیامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، «شوێن دەستی کاک جەلال وەکو سەرۆکی ئەو دەزگا گرنگە دیار و بەرچاوە ، لەکاتی ئەودا چەندەها ڕاپۆرت سەبارەت بە ڕێگری لە زیادەڕۆیی خەرجی حکومی و بە فیڕۆدانی داهاتی گشتی، لەسەرجەم وەزارەت و دامودەزگا ڕەسمییەکان نیشانەی خەمخۆری و بەدەنگەوەهاتنی کاک جەلالی سام ئاغا بوون بۆ کارەکەی و بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەی و چەسپاندنی بنەماکانی دەست پاکی و حکومەتێکی دروست».

جەلال سام ئاغا زەویەکی لە موڵکی شەخسی خۆی فرۆشتووە، پارەکەشی

لەبانک داناوە و فائیدەی پارەکەی تەرخانکراوە وەک خەڵاتساڵانە دەبەخشرێت بە ژمارەیەک فەرمانبەری دڵسۆزی چاودێریی دارایی لە ژن و پیاو.

عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە هاوڕێی نزیکی سام ئاغایە، لە پەیامێکدا بەو بۆنەیەوە دەڵێت «من جەلالی سام ئاغام لە نزیکەوە ناسیوە و بەرپرسیاری هاوبەشمان هەبووە لە بەڕێوەبردنی وەزارەتی دارایی و ئابوری لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢ لەو ٣ ساڵەدا بەڕاشکاوی دەڵێم، وەک جێگری وەزیری دارایی هاوکاری زۆری کردووم هەروەها سودێکی زۆرم لە ئەزموون و شارەزایی بینیوە لەبواری بەڕێوەبردن و دارایدا و جێگا پەنجەی دیاربوو بەسەر بەڕێوەبردنی وەزارەتەوە».

جەلالی سام ئاغا تەنها هەر لە کاری وەزیفی کەسێکی خۆنەویست نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش کەسێکی بەخشندە بووە، خانویەکی هەیە لە گردی سەرچنار، وەسیەتی کردووە پاش کۆچکردنی ئەو خانوە بکرێت بە نەخۆشخانەیەکی گشتی تا خەڵکی سلێمانی سودی لێوەربگرن و هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایشی بۆ ئەو نەخۆشخانەیە تەواو کردوە.

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی، ئەویش لەو بۆنەیەدا پەیامێکی هەبوو کە تیایدا هاتووە، «جێی شانازیمە کە ئەمڕۆ لەڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا وەک وەفایەک بۆ هەوڵ و ماندووبونیان، ڕێز لەیەکێک لە کەسایەتییە ناسراو و دڵسۆزەکانی کوردستان و حکومەت و شاری سلێمانی خۆشەویست، بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا دەنێین».

قوباد لە درێژەی پەیامەکەیدا دەڵێت: «جەلالی سام ئاغا لەتەمەنی پڕ بەرهەمی خەباتی کوردایەتی و لەتەمەنی پڕ کۆششی کاری حکومەتدا، یەکێک بووە لەو پیاوە ئازا و تێکۆشەرانەی کە هەمیشە بەبڕوای تەواوەوە کاری بۆ زیادکردنی شەفافیەت و دژایەتی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی میللەت کردووە لەم پێناوەشدا زۆر ماندوو بووە».

جەلال عومەر سام ئاغا ساڵی ١٩٤١ لە گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی لە دایکبووەو کۆلێژی بازرگانی وئابووری زانکۆی بەغدای تەواو کردوە، چەندان پلەی وەزیفی جیاجیای بینیوە ، دوای پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتە ڕاوێژکاری ئابوری و لەساڵی ٢٠٠٢ تاوەکو ٢٠١١ بۆ ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو ، لەو کارەیدا ٢٧٢٠ ڕاپۆرتی چاودێریی و وردبینیان لەسەر دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئامادە کردوە ، پاشان دوای تێپەڕکردنی ئەو نۆ ساڵە ، چەند جارێک داوای خانەنشینی کردوە ، لە ٢٠١١ خانەنشین کراوە.

# حەوت

## فەیسبوکی نزار محمەد

ڕۆژی (٢٩-١١-٢٠١٦) سەردانی شێخ زاهید باوکی شەهید سورکێومان کرد، کە بەهۆی نەخۆشییەوە ماوەیەکە لەماڵەوەیە و سەردانی پزیشکی کردووە... لەگەڵ کاک جەلالی سام ئاغا (پیاوە سپیەکە) کە لە سەردانەکە پێکەوە بوین گەلێ باسوخواستی ڕۆژمان تاووتوێکرد.. بەڕێزی باسی ئەوەی بۆ کردین کە لەم ڕۆژانەدا کاک نەوشیروان پەیوەندی پێوەکردووە و پێی ڕاگەیاندووە تەندروستی باشە، بەڵام کاتی هاتنەوەی خۆی دیاری نەکردوە، پێشی وتووە ئەیەوێت گۆڕان بە دامەزراوەیی بکرێت.

سەبارەت بەوەش قسەمان کرد کە لەهەندێک کەناڵەوە ئاماژە بە ناوی کاک جەلال دەکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم ... شایەنی باسە ساڵی ٢٠١٣ نەوشیروان مستەفا لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چەندەها جار پێشنیاری جەلالی سام ئاغای بۆ ئەو پۆستە کردووە. لەبەر ئەوەی پیاوێکی بێ لایەن و بوێرە و لای هەموان قبوڵکراوە و دەستپاکە... لەم بارەیەوە کاک وشیار عەبدوڵلا پێی وتم چەند جارێک کاک نەوشیروان لە چەندین دانیشتندا ئاماژەی بەناوی کاک جەلال کردووە، کە ئەگەر هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بکرێت ئەوا باشترین پاڵێوراوە، بەڵام کاک جەلال لەپەیوەندییە تەلەفۆنییەکاندا وێڕای سوپاس بە کاک نەوشیروانی وتووە، کە بەتەمای هیچ پۆستێک نییە بڕیاریشی داوە کە جارێکی تر هیچ بەرپرسیاریەک وەرنەگرێت. پێم وایە نازناوی پیاوە سپیەکە گەورەترین پۆستە کە خەڵک بەخشیویەتی بەم کەسایەتییە خۆشەویستەی خۆی ..

# هەشت

## بێ ناونیشان

### چاودێرێک

سەرچاوەکە باسی لەوەشکردوە « چەند ئاماژەیەک هەن لەسەر ئەوەی پارتی ڕازی بوبێت بەدەستبەرداربونی مەسعود بارزانی لە پۆستەکەی و حزبە کوردستانییەکانیش کار بۆ ئەوە دەکەن ئەم هەلە بقۆزنەوە بە ئاراستەی گۆرانکاریو کۆتایهێنان بەم قەیرانانە، کە بەهۆی ئەم پۆستەوە توشی هەرێمی کوردستان بووە ، لەمبارەیەشەوە ئێستا حزبەکان خەریکی تاوتوێکردنی چەند پرۆژەیەکن بۆ دەستنیشانکردنی جێگرەوەکانیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم».

بەپێی سەرچاوەکەی ئەم سایتە « ئەو پرۆژانەی ئێستا گەڵاڵە ئەکرێن گۆڕانکاری لەهەر سێ پۆستە سیادییەکەی هەرێمی کوردستاندا ئەکرێ (سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت). هەر لەم پرۆژانەداباس لەوە کراوە کە پارتی مادام خۆی ئامادەیە دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی هەرێم ببێت ، کەواتە گریمانەی یەکەم ئەوەیە پۆستەکە بدرێتە یەکێتی نیشتیمانی، یاخود کاندیدێکی تری پارتی بۆ ئەم پۆستە دیاریبکرێت، بەڵام چونکە خۆیان واتا پارتی دەستبەرداری پۆستەکە دەبن دوور نییە کاندیدیان نەبێت و پۆستەکە بدرێتە یەکێتی، چونکە بزووتنەوەی گۆران بەکەمتر لە پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕازی نابێت ، ئامادەیی خۆشی نیشانداوە بە گۆڕینی دکتۆر یوسف محەمەد بە ئەندامێکی تری بزوتنەوەکە لە پەرلەمان، لەو کاتەدا پۆستی سەرۆکی حکومەت دەچێتە لای پارتی».

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە «لەحاڵەتی ئەوەی کێشە کەوتە ناو یەکێتییەوە سەبارەت بە کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم ، یان کاتێک لایەنەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پۆستەکە بدرێتە کەسێکی بێلایەن و ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت، ئەوە چەند ناوێک باسیان لێوە دەکرێت ، لەوانەش: دکتۆر مەحمود عوسمان ی کەسایەتی سیاسی بێلایەن (سەربەخۆ) کە بەپێی سەرچاوەکانی سایتەکە سەرکردایەتی پارتی

قسەیان لەگەڵ کردوە و ڕازیش بووە ئەم پۆستە بگرێتە ئەستۆی ، بەتایبەت ئەو کەسێکی نزیکە لەپارتی و بنەماڵەی بارزانی و ماوەیەک ڕاوێژکاری سیاسی مەلا مستەفای بارزانی بووە ، پێشتریش مەحمود عوسمان ڕایگەیاندبوو ئەگەر داوای لێبکرێت پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێت ئەوا ئامادەیە ئەو کارە بکات.

- عەزیز محەمەدی سکرتێری پێشوتری حیزبی شیوعی عێراقی وەک کاندیدی تەوافوقی یەکێتی نیشتمان باسی لێوەدەکرێت ، ئەویش کەسایەتییەکی سەربەخۆیەو کاندیدکردنیشی دەبێتە جێگەی ڕەزامەندی لایەن و حزبە چەپەکانی کوردستان.

- دکتۆر عەلی قەرەداغی باس لەناوی دەکرێت کە سەرۆکی یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامییە و پشتگیری لێدەکرێت لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە بەتایبەتیش یەکگرتوی ئیسلامی کە قەرەداغی بە دامەزرێنەر و ڕابەری ڕۆحی ئەو حزبە دەناسرێت و هاوکات پستگیری تەواوی لا دەکرێت لەلایەن وڵاتی تورکیاو سعودیەو قەتەر.

- جەلالی سام ئاغا پێشتر لەلایەن هەڵسوراوانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە ناوی هاتووە بۆ ئەم پۆستە کە پێشتر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دژایەتیکردنی گەندەڵی ، ئەوان پێیان وایە کاندید کردنی بۆ ئەم پۆستە دەبێتە دەستپێک بۆ لەناوبردنی گەندەڵی بەگشتی لەهەرێمی کوردستان.

- بەپێی سەرچاوەکانی سایتەکە «ئەم گۆڕانکارییانە لە گەڕی دووەمی گفتوگۆکان دەخرێنە سەر مێزی دانوستاندن بۆ یەکلایی کردنەوەیان».

# نۆ

## جەلالی سام ئاغا: من هیچ پۆست و وەزیفەیەك وەرناگرم

کەسایەتییە حیزبی و سیاسییەکان ، ئامرازە میدیاییەکان داوای ئەوە ئەکەن (جەلالی سام ئاغا) دیاریبکرێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ، هەندێکیشیان پرسی کاندید بونی وەک هەواڵ و فاکت بڵاوئەکەنەوە. (بەهرۆز جەعفەر) ڕۆژنامەوان و خوێندکاری دکتۆرا ، یەک لە کەسە نزیکەکانی سام ئاغا ، گوتی: «لەجیاتی کام جەلال دوو پاتی ئەکەمەوە نە وەزیفە وەرئەگرێت ، نە هەرگیز ڕێگە ئەدا کاندید بێت بۆ هیچ پۆستێکی سیاسی و سیادی».

بەهرۆز جەعفەر ، وتیشی : سوپاسی کۆمەڵانی خەڵک و ئامرازەکانی میدیا ئەکەین کە لە بەرانبەر ئەم کەسایەتییە دەستپاک و بێلایەنەدا ، بەپەرۆشەوە لە پرسی کاندید بوون و نەبونی کاک جەلال ئەپرسن و باسی ئەکەن ، بەڵام ئەو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، تاکۆتایی ٢٠١٠ حەوت جار داوای دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی بەرێز مام جەلال کرد ، تا قبوڵکرا.

ئەو و ئێمەش کاک جەلال مان بە جسمێکی غەریب مان زانیوە لەناو ئەو هەموو تاوانە دارایی و ئابورییەدا بێت ، بۆیە لەگەرمەی وەزیفەکەیدا لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی دەینوسی کە شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان ، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا.

هۆکاری ئەم دەنگۆیانەی کاندید بونی (جەلالی سام ئاغا) ، لە دوای تەواوبونی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم (مەسعود بارزانی) بە بڕوای (بەهرۆز جەعفەر) بۆ چەند خاڵێک ئەگەڕێتەوە ، لەسەروو هەموویانەوە چەند جارێک بارزانی داوای لەلایەنەکان کردووە ، کاندیدێک بۆ شوێنەکەی دیاری بکەن ، سام ئاغاش لەو کەسانەیە کە کۆی لایەنەکان ڕایان لەسەری هەیە و دانی پیا ئەنێن، هاوڕێی دێرینی تاڵەبانی و نەوشیروان موستەفایە ، نزیکەی چل و حەوت ساڵ لە وەزیفەی ئیداری و دارایی و پێشمەرگایەتیشدا بوو ، هەموو تەمەنی بەوە ناسراوە کە دژی ئینتیهازیەت و گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی بووە...چەند جارێکیش بە ڕێگەی جیا جیا لەلایەن

بارزانییەوە پێشوتر داوای لێکراوە هاوکاریان بێت و بگەڕێتەوە سەر وەزیفەیەک، بەڵام سام ئاغا هەموو ئەمانەی ڕەتکردوەتەوە، وەکو (بەهرۆز جەعفەر) گوتی ئەو دۆخە ناهەموارەی لەوەندەساڵەی ڕابردوودا ئەم حیزبانەدروستیان کردووە، ئیرادەیەکی گشتی و تازەی دەوێت ، نەک کورسیەک کە جۆرەها بوعد و قسەی لەسەرە.

## ٥٥

## دیسان... بەڕێز مامۆستا جەلالی سام ئاغا، بۆ پۆستی سەرۆکی باشوری کوردستان کاندیدکراوەتەوە(٤٠)

مامۆستا جەلالی سام ئاغا کە لەناو میللەتدا بەپیاوە سپییەکەی کوردستان ناسراوە، پۆستی سەرۆکایەتی باشوری کوردستان دەداتەوە دواوە و پەسەندی ناکات. شایانی باسە، ماوەیەک لەمەوبەر، لەلایەن چەند کەسایەتییەک و چەندین کۆڕ و کۆمەڵو ڕێکخراوێکی پیشەیی و ئەکادیمییەوە ، مامۆستا جەلالی سام ئاغا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دیاریکراوەو داوای لێکراوە کە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام بەڕێزیان، ئەو پۆستەی پەسەند نەکردووە و پاش سوپاسکردنیان، ئاگاداری هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە پەیوەندیدارانەی کردوەتەوە کە بیروباوەڕی ڕێگری لە وەرگرتنی ئەو پۆستە دەکات، هەروەها لای وایە و بڕوای بەو ڕاستییە هەیە کە دیاردەی گەندەڵکاری و دزی و تاڵانچێتی و ستەمکاریی لە ٢٥ ساڵی ڕابردووەوە، ئێستا گەیشتووەتە ئاستێک کە بە دڵسۆزی و هەوڵی تاکەکەسی و بە هیچ کەسێک بنبڕ و چارەسەر ناکرێت، هەروەها چەند جارێکیش ئەو وەڵامانەی خۆی لە ڕێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە پێی ڕاگەیاندووم. هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باش بۆ مامۆستا جەلالی بەڕێز دەخوازم، هەر لەخۆشیدا بێت.

کورتەیەک لە ژیاننامە و کار و چالاکییەکانی مامۆستا جەلالی سام ئاغا کە لە هەندێک ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراونەتەوە: ساڵی (١٩٤١) لە گەڕەکی سەرشەقام لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی (١٩٦٣) کۆلێژی بازرگانی و ئابووری لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە. زیندانی سیاسی بووە بە هۆی چالاکیی سیاسی کوردییەوە ساڵی (١٩٦٢) لە زیندانی خلف السدة لە بەغداد کاتێک کە خوێندکار بووە. لە ساڵی (١٩٦٤) وەکو فەرمانبەر دامەزراوە لە فەرمانگەی پۆستی سلێمانی، پاشان پاڵێوراوە بۆ بەڕێوەبەری بانکی بازرگانی سلێمانی، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و ساڵی (١٩٧١)

(٤٠) بەختیار شەمەیی هۆڵندە – ئەمستردام ٥-١-٢٠١٧.

کراوە بە بەڕێوەبەری کارگێڕی زانکۆی سلێمانی. ساڵی (١٩٦٥) کۆلێژی ئەفسەرانی یەدەکی لە بەغداد تەواو کردووە. لەساڵی (١٩٧٤ تا ١٩٧٥) بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە. دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دوور خراوەتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ بۆ بەغدا.

لە هەشتاکاندا هاتووەتەوە بۆ سلێمانی لە فەرمانگەی گشتی شارەزوور و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی کاری کردووە، تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١). لە دوای دروستکردنی یەکەم حکومەتی کوردستان، کراوە بە ڕاوێژکاری دارایی‌و ئابووری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و هەتا ساڵی (٢٠٠٠) پاشان بۆ ماوەی ٣ساڵ بووە بە بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی(٢٠٠٢)ەوە کراوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، بە پلەی وەزیر بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ ساڵ لەو پلەیەدا ماوەتەوە، لە سەرەتای (٢٠١١) لەسەر داوا و پێداگرتنی خۆی، خۆی خانەنشین کردووە.

لە ماوەی ئەم دوو وەزیفەیەدا لە وەزارەتی دارایی و لە دیوانی چاودێریی دوو جار بە فەرمی داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی خۆی کردووە لەبەر بارودۆخی خراپی دارایی ئەو کاتەی حکومەت، جگە لەمەش خانووەکەی خۆی کە بە زیاتر لە (٧٠٠ - هەزار دۆلار) نرخێندراوە، لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆکردووە، کە لە دوای خۆی بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی بۆ دانیشتوانی گردی سەرچنار و خەڵکی تر، هەروەها ئەو پارچە زەوییەی کە هەیبوو پێشکەشی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کردووە و فرۆشراوە بە زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دینار، ئەو پارەیە خراوەتە بانکەوە، وەک شێوازێک لە خەڵاتی نۆبڵ هەتا سوودی ساڵانەکەی بدرێت بە فەرمانبەرانی شایستە و لێهاتوو، هەروەها تەرخان بکرێت بۆ ئەو خانمە سەلارانەی دیوان کە دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەو خەڵاتە، لەمەشدا ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە کە هانی دەستپاکی و دڵسۆزی و ڕەوشتبەرزی تاکی کورد بدرێت.

شایانی باسە، بە هۆی کاروبارە پێویستییەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوە بۆ بەرگریلێکردن و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی سەرۆکی دیوان و فەرمانبەران ڕووبەڕووی چەندین هەڕشە و ناوزڕاندنی نێو میدیاکان بوونەتەوە، کە لە ڕێگەی گەندەڵکاران و تالانچییەکانی موڵک و سەروەت و سامانی میللەتەوە بەرامبەریان کراوەتەوە. ئەم زانیاریانە هەموویان لە پەرتوکی ڕوونکردنەوەکانی چاودێریی داراییدا پارێزراون، لە بەرگی یەکەم و دووهەمی بەڵگەکاندا و بە دووروودرێژی بڵاوکراونەتەوە. مامۆستا جەلالی سام ئاغا تاکە وەزیریشە، کە دوای خانەنشیکردنی (خانەنشینبوونی) لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێزی لێ ندراوە، کاک

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی پێشوی حکومەت وو چەند گەورە بەرپرسێکی حکومەت ڕێزلێنانەکەیان لە ماڵەکەی مامۆستا خۆیدا پێشکەشیان کردووە. چەند بابەتێک دەربارەی تایبەتمەندییەکانی مامۆستا جەلالی سام ئاغا لە ڕاگەیاندنەکانەوە :
- کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەبێت ، مانگانە ملیارەها دینار و ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەزێنەی دەوڵەت گەڕاندوەتەوە، (٨٦) کەسی لە گەورە بەرپرسە حیزبی و حکومییەکانی لەسەر گەندەڵی داوە بە دادگا و داواکاری گشتی ، جگە لە ئامادەکردنی (٢٧٢٠) ڕاپۆرت لەسەر گەندەڵی لەحکومەتی هەرێم.
- دوای ئەوەی لەنامەیەکدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێ، نیگەرانی لای خەڵک دروست دەبێت، نامەکەی هەڵلایەکی ڕاگەیاندن دەنێتەوە، دەیان قەڵەم نیگەرانیی دەردەبڕن پاشان لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت پۆستی گەورەتری دەخەنە بەردەست، بەڵام هەمووی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت : «نامەوێت بمکەنە خۆڵ و بمکەنە چاوی خەڵکەوە». چونکە لای وایە پۆست مێژوو و ئیلتیزامو بەرپرسیارێتییە، بۆیە لەم هەلومەرجەدا کە گەندەڵی باڵی کێشاوە، نایانەوێت هیچ پۆستێک وەربگرێ. نەی ویستوە ببێت بەبەشێک لەو گەندەڵستان کە خۆی سەدان ڕاپۆرتی لەسەر نووسیون.
- موڵکی خۆی ئەبەخشیت و ئەیکات بە موڵکی گشتی، کە خاوەنی دوو پارچە زەوی شەخسی خۆیەتی، یەکەمیان کە (٤٥٠)م٢ ... کردوویەتی بەبینایەکی قەشەنگ و بەخشی بەوەزارەتی تەندروستی، زەویەکەی تریش فرۆشراوە و پارەکەی خراوەتە بانکەوە تا قازانجی سالانەی بکاتە خەڵاتێک بەناوی (خەڵاتی جەلالی سام ئاغا) ئەم خەڵاتە سالانە دەبەخشرێت بە فەرمانبەرە سەرکەوتووەکانی دیوان و خانمە سەلارەکان ... ئەمەیە داهێنان ئیداری و هاندانی فەرمانبەران.
- لە ماڵی خۆی دانیشتووە هیچ پۆستێکی نییە کەچی پاشایەکی مانەوییە ، میوانی زۆرە ، هەواڵ پرسی زۆرە، دەزانن بۆچی ؟ چونکە لەنێوان خۆی و خەڵکدا، پردی دروستکردوە نەک دیوار .
- دەست و دەم و دڵ و داوێن پاکە، ماڵەکەی شوێنی کۆبونەوەی خەڵکی ڕۆشنبیر و سیاسی بە ویژدانە ، ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات ناچارن ڕێزی لێبگرن، زانیاری زۆرە و نهێنی زۆری لایە ، کەچی دەگمەن قسە بۆ ڕاگەیاندنەکان ئەکات.
- شایەنی باسە دوای خانەنشینییەکەی، بە پێی تەعلیماتو ڕێنماییەکان حەقی وەرگرتنی یەک ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل لەسەر خەرجی فەرمانگەکەی، لەگەڵ دوو شۆفێر و دوو پاسەواندا هەبوو ، بەڵام ئەوانەی هەموو ڕتکردۆتەوە. لەکاتی دەوامیشدا ئەوەی نەکردووە. هەر(٣) ساڵەکە بە ئۆتۆمبێلی خۆی هاتوچۆی

کردوه له کاتی وەزیفەشیدا دوو جار لەلایەن دوو سەرۆکی وەزیرانەوە ئۆتۆمبێلی بۆ نێردراوه به شۆفێرەوە، بەڵام ئەوەشی هەر ڕەتکردوەتەوە .

ـ مامۆستا لەوەڵامی هەموو ئەوانەدا وتویەتی : وەزیفه لای من خزمەته و مێژوو، نەک مووچەی بەرز و ناونیشانی گەورە و ئیمتیازاتی وەزیفەکە. تەنانەت خۆم لەوەش پاراستووه که یاسا پێی داوم.

له ژورەکەیدا دوو دروشم هەڵواسرابوو:

السَخاءُ: أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً

**سەخاوەت ئەوەیه، دەستت له ماڵی خۆتا کراوه و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.**

يَكُونُ المَسْؤُولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ

**بەرپرس بەهێزه تا ئەو کاتەی داوای شت بۆ خۆی ناکات.**

ـ لەسەر کارەکانی و هەڵوێسته باشەکانی و داهێنانەکانی تاکه وەزیره که ڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ هێنرایه ماڵەکەی، بۆیه شایستەی ئەوەیه که پەیکەری بۆ بکرێت.

هەندێک له خەڵاتەکان که ئاڕاستەی مامۆستا جەلال کراون:

ـ خەڵاتی ڕێزلێنانی یانەی یانەی کوردی میدیا له هۆڵنده له (٢٨-١٢-٢٠١٤ )

ـ خەڵاتی ڕێز لێنانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان (کیدۆ) بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی له (٩-١٢-٢٠١٥) .

ـ خەڵاتی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ ئابوریناسان و کارگێریناسان له دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپادا ، بەڵام لەبەر هەندێک هۆی تایبەتی بەخۆی پەسەندی نەکردووەو وەرینەگرت.

ـ لەسەر کارەکانی و هەڵوێسته باشەکانی و داهێنانەکانی تاکه وەزیره که ڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ هێنرایه ماڵەکەی، هەر بۆیه مامۆستا جەلال شایستەی ئەوەیه که پەیکەری بۆ بکرێت.

# یانزە

## جەلالی سام ئاغا: خۆم کاندید ناکەم بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم

سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی ڕایگەیاند، پێشنیازی کاندیدبوونی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم پەسەند ناکات و وتی: «گۆڕانکاری بە ئاڵوگۆڕی کەسەکان ناکرێت». جەلالی عومەری سام ئاغا ، سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە ڕونکردنەوەیەکدا کە ئەمرۆ (١٠)ی کانونی دووەمی (٢٠١٧) ، وێنەیەکی بۆ دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی ناردووە و تیایدا وتویەتی «ماوەیەکە لەلایەن چەند کەسایەتییەکەوە لەڕێگەی میدیاکانەوە ناوی ئێمە دەهێنرێتو کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، پێمان باش بوو لەرێگەی ئەم ڕونکردنەوەیەوە قسەی یەکەم و کۆتاییمان لەسەر ئەم پرسە بە هاولاتیان و هەموو لایەک ڕابگەیەنین و ئەم ئەم پێشنیازە بەسوپاس و داوای لێبوردنەوە پەسەند ناکەین». هەروەها وتی: «وەک کەسێکی سەربەخۆ بەیەک دووریی لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وەستاوین». بەڕێوەبەری پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی وتیشی:» بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە لەماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی حوکمڕانی نوخبەی سیاسی کوردیدا «دۆخی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە وێران و داڕماوەو هەموو جۆرەکانی گەندەڵی سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردستانی گرتووەتەوە و گەیشتوەتە ئاستێک کە لە ئێستادا چاوەڕوانیباش و خێری لا ناکرێت».

جەلالی سام ئاغا ڕاشیگەیاند «هەر ئاڵوگۆڕێک لە سیستمی حوکمڕانی و کەسایەتییەکانیی ناویدا بکرێت کە بونەتە هۆکاری گەیاندنی هەرێم بەم دۆخە نەخوازراوەی ئێستا ، بەقازانجی چارەسەر دەشکێتەوە و پشتیوانی لێ دەکەین». ناوبراو ئەوەشی وتووە «گۆڕانکاری بە تەنها بە ئاڵوگۆڕی کەسەکان نابێت ، چونکە نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار گەندەڵی و تالانی مولک و ماڵی گشتی بەشێوەیەکی فراوان شۆڕکردوەتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە ، بۆیە ئەرکی هاوڵاتیانی کوردستان و خەڵکە دڵسۆز و نیشتمان پەروەرەکەیەتی کە پێش هەر کەسێکی تر هەر یەک لە

شوێنی خۆیەوە هەوڵی قەلاچۆکۆدنی گەندەڵی بدات ، تا دەگاتە لوتکە و بەرپرسیانی سەرەکی ئەم دۆخەش ڕادەستی دادگای گەل بکەن».

لە کۆتایی ڕونکردنەوەکەیدا جەلالی سام ئاغا دەشڵێت «ئێمە بە ئەزموونی چەندین ساڵەمان وەک کەسێک کە لە بواری دارایی و چاودێرییدا هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵیمان داوە، نیازمان نییە لەم تەمەنەدا کارێک بکەین کە شەرمەزاری میللەتو مێژوو بین، بەڵام بڕوای زۆریشمان هەیە کە نەتەوەیەک بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتییەی گرتبێت دەتوانێت ئەم دۆخە خراپەی ئێستاش تێپەڕێنێت». جەلالی عومەری سام ئاغا کە پێشتر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بوە، لەماوەی کارەکانیدا زیاتر لە دوو هەزار ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی بەرپرسەکانی ئیدارەی سلێمانی داوەتە پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ، بەڵام چەند ساڵێکە دەستی لەکارکێشاوەتەوە و کەمترین دەرکەوتنی هەیە لە میدیاکانەوە.

# دوانزە

## جەلالی سام ئاغا ڕوونکردنەوە لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم دەدات

جەلالی سام ئاغا لەسەر دەنگۆی کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و ڕەزامەندی لایەنە سیاسییەکان لەسەری بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، ڕوونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیەنێت، «بەقبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو پۆستە، ڕوونکردنەوەم دەبێت». جەلالی سام ئاغا کەسایەتی سەربەخۆ و سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بە SNNی ڕاگەیاند، «هیچ شتێک ناڵێم لەبارەی کاندیدبوون یان نەبوونمەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەڵام لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە دەخەمە ڕوو». سەبارەت بەوردەکاری ڕوونکردنەوەکەش ، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەو بارەیەوە ئاشکرا بکات، تەنها ئەوەندەی وت : «لەو ڕوونکردنەوەیەدا وەڵامی کاندیدکرنم بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم قبوڵدەکەم یان نا، بە دڵنیاییەوە دەیخەمە ڕوو». لە پەیامێکیشدا لەبارەی کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بەهادین نوری سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی کوردستان جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی (جەلالی سام ئاغا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کەسایەتییەکی شیاوە، چونکە ئەو ئەرکە بە کەسێک دەکرێت لە گرێی فیکری نەتەوەیی قوتاری بووبێت و کەسایەتییەکی نیشتمانی و دیموکراتی لیبڕاڵ و دەستپاک بێت). جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بوو دواتر دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، جەلالی سام ئاغا ماوەیەک پێش ئێستا کاندیدکرا بۆ پێدانی خەڵاتی یەکێتیی نێو دەوڵەتی ئابوریناسان و کارگێڕییەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا وەک کەسایەتی ساڵ لەبواری دەسپاکی کارگێڕیدا، بەڵام ناوبراو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت ئەو خەڵاتەی ڕەتکردەوە.

# سیانزە

## کورسییەکی ڕەش و پیاوێکی سپی

ماوەیەکە لێرەو لەوێ قسە و باس لەوە دەکرێ کە کۆمەڵێ کەسایەتی دەستنیشان کراون بۆ جێگرەوەی کورسییەکەی مەسعود بارزانی ، گوایە ڕازیی بووە بەوەی یەکێکی دیکە جێگای بگرێتەوە ، بۆ ئەمەش چەند کەسێکی دیکە دیاریکراوە ، یان شایستەی ئەوەن کە ببنە سەرۆکی هەرێم ، هەڵبەت من لەلای خۆمەوە ئەمە بە تاکتیک دەزانم ، بۆ ئەوەشە کەوا ئەوانەی خۆیان کاندید دەکەن ، شکست بهێنن و دوایی مەسعود جارێکی دیکە قوت بێتەوە و بڵێن فەرموو جگە لە مەسعود بارزانی کەسی دیکە شایستەی سەرۆکایەتی هەرێم نییە ، ئەم دەنگۆیەی کە ئێستاش هەیە تەنیا بۆ کات کوشتن و چەواشەکارییە ، ئەوانەشی بەم قسەیەی مەسعود بڕوا دەکەن هەڵبەتە یان گێلن یان لە بەرژەوەندییاندایە وای لێبێت .

کەسەکان زۆرن ، هیچیان بایی ئەوە نین دوو دێڕیان لەسەر بنوسرێت ، هەرچەندە پارتی تەنگەتاو بووە و دەزگاکانی پاراستن و هەواڵگرییان خستۆتە گەڕ تا بزانن ئەم کەسایەتیانە چی دەڵێن و کاردانەوەیان لەسەر خەڵکی چییە.

**مەسعود چۆڵی ناکات:**

مەسعود کورسییەکەی چۆڵ ناکات گەر بیکات ئەوە بۆ یەکێک دەبێت لە کەسوکارەکەی خۆی دایدەنێت و خۆشی مەقامێک دەچێتە سەرەوە و دەبێت وەک مەرجەع سەیری بکرێت ، ئەو لەسەروی سەرۆکایەتی هەرێمەوە بێت. بۆ ئەوەی لەباسەکە دوور نەکەوینەوە ، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بوونی ناوی کاک جەلالی سام ئاغا بوو لەگەڵ ئەو ناوانەی تر. سەیرە پیاوێکی سپی و دژە گەندەڵ ناوی بخرێتە ناو ناوان بۆ کورسیەک کە لەژێر سایەی دا چەندین تاوان و کوشتن و برین و خیانەتی ئەنجام درابێت ، ئەو کورسییە کورسییەکی خاوێن نییە ، جگە لە مەسعود کەس شایەنی نییە لەسەر کورسیەکی وا پۆخڵ و ناشرین دابنیشێت ، کورسییەکەی سەرۆکایەتی هەرێم سیمبولی خیانەت و نا پیاویی و جاسوسیی و

دزیی و ناپاکییە ! کەسێکی وەک جەلالی سام ئاغا چۆن دەبێت ئەوە قبوڵ بکات ، روونکردنەوە نەدات.

**گوایە ئەمە پێشنیازی گۆڕانە:**

دەنگۆی ئەوە هەبوو کەوا دیاریکردنی جەلالی سام ئاغا پێشنیازی نەوشیروان مستەفا یە ، دیارە گۆڕان کەسیان نییە و خۆیان ئەوەندە بوێریان تێدا نییە ، ناوی کاندیدێکیش دیاری بکەن ، بۆیە هانایان بردوە بۆ کاک جەلال سام ئاغا ، کاک جەلالێک کە خۆی وەزیفەکەی ڕەتکردوەتەوە وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و بە ڕاشکاوانەبە نامەیەک بە مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوسا دەڵێت : «من شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتانا ، کارتان بە ڕاپۆرتەکان نەکرد و دادگاشتان پەکخست لە ئاستی گەندەڵکاران». ئێستا چۆن کورسیەک قبوڵ دەکات کە نەک تەنیا گەندەڵی بەڵکو خوێنیشی لێ دەڕژێ.

# چواردە

## جەلالی سام ئاغا بۆ پەرەگراف دەدوێت

نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بە جەلالی سام ئاغاوە دەکات و لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم و جێگرتنەوەی مەسعود بارزانی گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، ئەوەش دوای پەیامەکەی بارزانی کە تێیدا جارێکی دیکە ئامادەیی خۆی پیشاندا دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت بۆ کەسایەتییەکی دیکە.

جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، دوای زیاتر لە٣ساڵ و٦مانگ دەرنەکەوتنی لە ڕاگەیاندنەکانەوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ پەرەگراف ئەوە دەخاتە ڕوو، داواکەی نەوشیروان مستەفای پەسەند نەکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و هۆکارەکەشی ڕوندەکاتەوە.

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە زیاتر لە ٤ مانگە لە بەریتانیایە بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ڕۆژی ٢٦-١١-٢٠١٦ ئەنجامدراوە لەگەڵ جەلالی سام ئاغا ، ئەوەش دوای ٦ ڕۆژە لە پەیامەکەی مەسعود بارزانی.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان بە جەلالی سام ئاغای وتووە ، ئەوی پێباشە وەک کەسایەتییەکی بێلایەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

جەلالی سام ئاغا لەبارەی ئەو پەیوەندییە و داواکارییەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ پەرەگراف ئەوەی خستە ڕوو ، ئەو داوایەی قبوڵ نەکردوە و بە نەوشیروان مستەفای وتووە، «ئیمانم بەوە نییە دوای ئەو هەموو کێشانە لەنێوان حزبەکاندا، بەشێوەیەکی دیموکراتی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان ئەم ئاڵوگۆڕە بکرێت». سام ئاغا، کەسایەتییەکی دیار و بێلایەنە و لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی زیاتر لە ٢ هەزار و ٧٠٠ ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی ئامادەکردووە ، سام ئاغا کە نازناوی (پیاوە سپییەکە)ی لێندراوە وەک ئاماژەیەک بۆ پاکیی و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەر یەک لە

جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا هەیە و لەگەڵ سەرۆک و سکرتێری حزبەکانی دیکەشدا پەیوەندی باشە.

گۆڕانکاری لەهەسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمدا ئێستا پرسێکی گەرمی گفتوگۆی نێوان حیزبەکانە، ئەوە دوای ئەوەی مەسعود بارزانی لە پەیامێکدا ڕۆژی ٢٠-١١-٢٠١٦ ڕایگەیاند، چارەسەری قەیرانی سیاسی هەرێم بە شێوەیەک دەکرێت کە حزبەکان بکەونە گفتوگۆ و پەرلەمان کارابکرێتەوە و سەرۆکایەتییەکی تازە بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

بارزانی ئەوەشی خستەڕوو، حزبەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێت، «بەرێزێکیش بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەتا کاتی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم بگرێتە ئەستۆ و منیش بە هەموو توانایەک یارمەتی ئەو پرۆسەیە دەدەم». هەرچەندە جەلالی سام ئاغا وەرگرتنی ئەو پۆستە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام پشتیوانی هەر ئاڵوگۆڕێک دەکات کە لەسیستمی حوکمڕانی و کەسایەتییەکانی ناویدا بکرێت و پێیوایە گۆڕانکاری بەقازانجی چارەسەر دەشکێتەوە. سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، بۆ پەرەگراف وتیشی : «لەسەر ئەم پرسە ئیتر بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن قسە ناکەم و لای خۆمەوە ئەم پرسەم داخستوە، هەروەکو لە ڕوونکردنەوەکەشمدا وتومە«. ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە ناوبراو ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە لەبارەی ناوهێنانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا. «ئێمە بە ئەزموونی چەندین ساڵەمان وەک کەسێک کە لە بواری دارایی و چاودێرییدا هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵیمان داوە، نیازمان نییە لەم تەمەنەدا کارێک بکەین کە شەرمەزاری میللەت و مێژوو بین، بەڵام بڕوای زۆریشمان بەوە هەیە کە نەتەوەیەک بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتییەی گرتبێت دەتوانێت ئەو دۆخە خراپەی ئێستاش تێپەڕێنێت»، جەلالی سام ئاغا لە ڕوونکردنەوەکەیدا وا دەڵێت.

پەیامەکەی بارزانی دوای زیاتر لە ساڵێک و ٣ مانگ هات لە قوڵوونەوەی کێشە سیاسییەکانی هەرێم کە پەکخستنی پەرلەمانی لێکەوتەوە لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٥، بەهۆی بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی پارتی بە ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان لە پشکی گۆڕان بۆ چوونە ناو هەولێر و دوورخستنەوەی وەزیرەکانی ئەو بزوتنەوەیە لە حکومەت.

بارزانی کە لەسەرەتای دانانی سەرۆک بۆ هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ ەوە لەو پۆستەدایە و لە ٢٠-٨-٢٠١٥ ەوە دوای ١٠ ساڵ مانەوەی لە پۆستەکەی وادەی یاسایی کۆتایی هات لە (٢٠١٣ دا ٢ ساڵی بۆ درێژکرایەوە)، ئەوە یەکەمجار نییە

ئامادەیی خۆی نیشاندەدات کە واز لە پۆستەکەی دەهێنێت بۆ کەسێک کە حزبەکان لەسەری ڕێکبکەوێ، بەڵام تا ئێستا ئەوە جێبەجێنەکراوە و کەسێک دیاری نەکراوە ئەو پۆستە وەربگرێت.

دوای ئەو پەیامەی بارزانی ، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی لەگەڵ حزبەکاندا دەستپێکردو بۆ یەکەمجار لەدوای پەکخستنی پەرلەمان لە ١٩ی مانگی ڕابردوو لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان کۆبوەوە ، پارتی دەیەوێت پەیامەکەی بارزانی بکاتە بنەما بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم، بزوتنەوەی گۆڕانیش داوای میکانیزمی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکەی بارزانی لە پارتی کردوە .

# پانزە

## نێچیرڤان بارزانی پەیوەندی بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە دەکات(٤١)

لەم ماوەیەی رابردوودا نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، پەیوەندی بە سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا) وە دەکات و جگەلە پرسینی باری تەندروستی، داوای لێدەکات کە داواکەی سەرۆکی هەرێم قبوڵ بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی لیژنەی چاکسازی هەرێم.
سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ئاوێنە)ی راگەیاند، کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا نێچیرڤان بارزانی پەیوەندی کردووە بە سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی (جەلالی عومەری سام ئاغا) وە، وێرای پرسینی باری تەندروستی، داوای لێکردووە، کە لیژنەی چاکسازی هەرێم وەربگرێ.
سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ناوبراو بەنیاز نییە لەم قۆناغەدا هیچ پۆستێکی حکومی وەربگرێت. لەکانونی دووەمی ئەمساڵدا هەریەک لە تاڵەبانیو بارزانیو نەوشیروان مستەفا، لەرێگای پەیوەندیو سەردانەوە ناوبراویان بەسەرکردۆتەوە. ئاوێنە پەیوەندی کرد بە (جەلالی عومەری سام ئاغا) وە، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات.

---

(٤١) ئاوێنە- هەولێر.

# شانزه

## (الرجل الابيض) السياسي الكردي المستقل جلال عمر سام اغا يرفض ترشيحه لمنصب رئيس إقليم كردستان(٤٢)

ابدى السياسى الكردى المستقل ورئيس ديوان الرقابة المالية السابق في إقليم كردستان ، جەلالی عومەری سام ئاغا، رفضه تسلم منصب رئاسة إقليم كردستان ، بعد ترشيحه من قبل عدد من الشخصيات السياسية و الاجتماعية الكردية. وذكر فى بيان صحفى اليوم انه :» فى الآونة الاخيرة تم طرح اسمنا كمرشح لمنصب رئيس الاقليم من قبل مجموعة من الشخصيات المؤقرة وعبر وسائل الاعلام، و ارتأينا من خلال هذا البيان ان نقول كلمة الفصل فى هذا الموضوع لمواطنينا و لمن يهمه الامر، انني اذ اعبر عن شكري الجزيل للأخوة الذين طرحوا اسمى كمرشح للرئاسة ، اعتذر عن الموافقة، لأننى كسياسى مستقل اقف على مسافة واحدة من كافة الأحزاب السياسية ، بسبب سؤ استخدام السلطة لأكثر من ربع قرن ، و لأن وضع إقليم كردستان اليوم متدهور الى اسوأ حد من كافة الجوانب فى ظل حكم النخبة السياسية الكردية ، والفساد بات مستشريا فى جسد المجتمع الكردستاني و لا ارى أملا يلوح فى الأفق ، كما اننا نؤمن بأن اي تغيير في نظام الحكم و الشخصيات الموجودة في هذه السلطة الذين هم سبب في وصول الأقليم الى هذا الوضع السيء هو الخطوة إيجابية بأتجاهحل المشاكل و ندعم هذه الخطوة».

و أضاف :» كما نرى ان التغيير لايتم من خلال تبديل الوجوه و الاشخاص فقط ، لأن النخبة السياسية الحاكمة رسخت الفساد و سرقة المال العام بشكل واسع في داخل المجتمع ، لذا مسؤلية مواطني إقليم كردستان و على وجه الخصوص المخلصين و الطنيين وكل شخص من مكانه أن يحاول محاربة الفساد حتى نرتقي بأوضاعنا الى القمة و يحال المسؤولون الرئيسيون عن هذا الوضع السيء الى المحكمة الشعب».

وتابع ، «نحن بعد خبرتنا لسنين عديدة قي مجال الأقتصاد و ديوان الرقابة المالية وبعد محاولاتنا الحثيثة لمحاربة الفساد في الصميم ، ليست لدينا أية نية في هذا العمر

(٤٢)(موسوعة هذا اليوم للاخبار / اخبار العراق ).

أن نخطو خطوة تجعلنا نشعر بالخجل أمام الشعب و التأريخ ، و لدينا قناعة كاملة بأن الشعب الذي تحمل كل هذه المأسي و الويلات من المؤكد بأستطاعته أن يجتاز هذا الظرف الراهن السيء».

يذكر أن جەلالی عومەری سام ئاغا شخصية سياسية و اقتصادية معروفة في إقليم كردستان ، وقد شغل منصب نائب وزير المالية في الإقليم و رئيس ديوان الرقابة المالية لسنوات عدة ، و كان سببا في إحالة عدد من المسؤولين البارزين من خلال تقاريره الى القضاء بتهمة الفساد وسوء إستخدام السلطة ، حتى بات يعرف بإسم (بياوە سبييەكە / الرجل الابيض) في إقليم كردستان لنزاهته و محاربته الفساد ، وقدم إستقالته من منصب رئيس ديوان الرقابة المالية إحتجاجا على عدم الأخذ بما تضمنته تقارير ديوان الرقابة من قبل الجهات المعنية.

# حەڤدە

## سام اغا : أرفض منصب رئيس الإقليم بسبب..
## سوء إستخدام السلطة لأكثر من ربع قرن

رفض سياسي كردي مستقل، ترشيحه لمنصب رئيس إقليم كردستان بدلا من الرئيس المنتهية ولايته مسعود بارزاني.

وقال السياسي الكردي المستقل و رئيس ديوان الرقابة المالية السابق في إقليم كردستان جەلالی عومەری سام ئاغا في بيان صحفي له ، اليوم الثلاثاء « فى الآونة الاخيرة تم طرح اسمنا كمرشح لمنصب رئيس الاقليم من قبل مجموعة من الشخصيات المؤقرة وعبر وسائل الاعلام ، و ارتأينا من خلال هذا البيان ان نقول كلمة الفصل فى هذا الموضوع لمواطنينا و لمن يهمه الامر».

وأبدى سام آغا إعتذاره عن الموافقة على الترشيح ، محيلا سبب اعتذاره الى كونه سياسي مستقل و يقف مسافة واحدة من كافة الأحزاب السياسية ، مشيرا الى انه يرفض المنصب، «بسبب سوء استخدام السلطة لأكثر من ربع قرن ، و لأن وضع إقليم كردستان اليوم متدهور الى أسوأ حد من كافة الجوانب في ظل حكم النخبة السياسية الكردية ، والفساد بات مستشريا فى جسد المجتمع الكردستاني ولا ارى أملأ يلوح الأفق ، كما إننا نؤمن بأن اي تغيير في النظام الحكم والشخصيات الموجودة في هذه السلطة الذين هم السبب في وصول الإقليم الى هذا الوضع السيء هو خطوة إيجابية باتجاه حل المشاكل وندعم هذه الخطوة». بحسب تعبيره .

وقال السياسي الكردي المستقل، « اننا نرى ان التغيير لايتم من خلال تبديل الوجوه والاشخاص فقط، لأن النخبة السياسية الحاكمة رسخت الفساد و سرقة المال العام بشكل واسع في داخل المجتمع ، لذا من مسؤولية مواطني إقليم كردستان و على وجه الخصوص المخلصين و الوطنيين وكل شخص من مكانه أن يحاول محاربة الفساد حتى نرتقي بأوضاعنا الى القمة و يحال المسؤولون عن هذا الوضع السيء الى المحكمة الشعب».

# هەژدە

## الزعامة المفخمة... معايب المديح المفرط للسلاطين و الساسة

### سام آغا: أرفض منصب رئيس الإقليم(٤٣)

رفض سياسي كردي مستقل ، ترشيحه لمنصب رئيس إقليم كردستان بدلا من الرئيس المنتية ولايته مسعود بارزاني.

وقال السياسي الكردي المستقل و رئيس ديوان الرقابة المالية السابق في إقليم كردستان جەلالی عومەری سام ئاغا في بيان صحفي الثلاثاء ، « فى الآونة الاخيرة تم طرح اسمنا كمرشح لمنصب رئيس الاقليم من قبل مجموعة من الشخصيات وعبر وسائل الاعلام ، و ارتأينا من خلال هذا البيان ان نقول كلمة الفصل فى هذا الموضوع لمواطنينا ولمن يهمه الامر».

وأبدى سام آغا إعتذاره عن الموافقة على الترشيح ، محيلاً سبب اعتذاره الى كونه سياسي مستقل و يقف مسافة واحدة من كافة الأحزاب السياسية ، مشيرا الى انه يرفض المنصب، «بسبب سوء استخدام السلطة لأكثر من ربع قرن ، ولأن وضع إقليم كردستان اليوم متدهور الى أسوأ حد من كافة الجوانب في ظل حكم النخبة السياسية الكردية ، والفساد بات مستشريا فى جسد المجتمع الكردستاني ولا ارى أملاً يلوح في الأفق ، كما إننا نؤمن بأن اي تغيير في النظام الحكم والشخصيات الموجودة في هذه السلطة الذين هم السبب في وصول الإقليم الى هذا الوضع السيء هو خطوة إيجابية باتجاه حل المشاكل وندعم هذه الخطوة». بحسب تعبيره .

وقال السياسي الكردي المستقل ، « اننا نرى ان التغيير لايتم من خلال تبديل الوجوه والاشخاص فقط، لأن النخبة السياسية الحاكمة رسخت الفساد و سرقة المال العام بشكل واسع في داخل المجتمع ، لذا من مسؤولية مواطني إقليم كردستان و على وجه الخصوص المخلصين و الوطنيين وكل شخص من مكانه أن يحاول محاربة الفساد حتى نرتقي بأوضاعنا الى القمة و يحال المسؤولون عن هذا الوضع السيء الى المحكمة الشعب».

---

(٤٣) الإنصات المركزي- العدد/٦٥٧٠- ٢٠١٧/٠١/١١.

## نۆزده

### الاحزاب الكردستانية تتداول اسماء بدلاء مسعود بارزاني(٤٤)

تشير اجواء المحادثات التى أستأنفت خلال ايام الماضية بين الاحزاب الرئيسية بأقليم كردستان الى قرب الانفراج الازمة التى طال امدها و التي افرزت خلال العام والنصف الماضي.. ازمات و مشاكل إقتصادية و إجتماعية متعددة « فأن الاجواء التى سادت المحادثات كانت إيجابية ، وكانت هناك تفاهمات و توافقات فى الرأي حول اهمية و ضرورة تجاوز المرحلة الراهنة بالعملية السياسية بالأقليم «.

مضيفة» انه برزت مؤشرات إيجابية بتقديم الأطراف المعنية بالأزمة لمبادرات و تنازلات محددة من أجل تجاوز المرحلة، خصوصا فيما يتعلق بمسألة الرئاسات الثلاث التي تلوح فى الأفق بودار الجولة التالية من المباحثات».

ففى تصريح من قيادي كردي أكد ل «سارا بريس « أن العقدة الأساسية للأزمة السياسية وهي مسألة الولاية لرئيس مسعود بارزاني بطريقها الى الحل، حيث أكد وفد الحزب الديموقراطي الكردستاني إلتزامه بمبادرة رئيسه مسعود بارزاني الذي طرح قبل شهر مقترحا بتغيير الرئاسات الثلاث و ترشيح شخص اخر بديلا عنه لرئاسة الأقليم، و بالمقابل فأن الأحزاب الكردستانية تعمل حاليا لإستغلال الفرصة والإستعداد لهذا الحدث الكبير الذي من شأنه أن يفك العقدة الأساسية في الأزمة و يمهد الطريق لتطبيع أوضاع كردستان بعد الأزمة الطاحنة التي شهدتها خلال الفترة الماضية بسبب كرسي الرئاسة».

وأضاف المصدر الذي طلب عدم الكشف عن هويته « إن المحادثات التي جرت لحد الآن بين الاحزاب الرئيسية ركزت على العقبة الأساسية أمام التطبيع السياسي وهي رئاسة الإقليم ، ولاية بارزاني. ولذلك فإن الأطراف تعمل حاليا على تهيئة مشاريعها بهذا الأتجاه، بهدف الإستعداد لمرحلة ما بعد تخلي مسعود بارزاني عن منصبه و تسعى لترشيح شخصيات مؤهلة لشغل المنصب ، وهناك عدة مقترحات يتم تداولها حاليا على بين الأحزاب الكردستانية كل على حدة، ففي حال قرر الحزب

---

(٤٤) السليمانية – خاص – سارا بريس.

الديموقراطي الكردستاني و تحديدا السيد مسعود بارزاني التخلي عن منصبه سيكون هناك احتمالين.

الأول ترشيح شخصية قيادية من الأحزاب الكردستانية الرئيسية لشغل المنصب، او ترشيح مرشح توافقي.

فبالنسبة للإحتمال الأول سيتم إعادة توزيع المناصب الرئيسية الثلاث (رئاسة الإقليم ورئاسة البرلمان و رئاسة الحكومة) بين الأحزاب الثلاثة الأساسية (الإتحاد الوطني و الديموقراطي الكردستاني و حركة التغيير).

وبالنسبة لحركة التغيير فأنها لن ترضى بأقل من رئاسة البرلمان وهذا إستحقاقها الإنتخابي ، ولذلك فهي على استعداد لتغيير السيد يوسف محمد رئيس البرلمان الحالي بعضو برلماني آخر .

وتبقى رئاستي الإقليم و الحكومة، وبما أن الحزب الديموقراطي الكردستان أبدى إستعداده لتخلي مسعود بارزاني عن منصبه ، فمن الأرجح أن يذهب هذا المنصب للإتحاد الوطني، او ان يسمى الحزب الديموقراطي نفسه مرشحا آخر بديلا عن بارزاني. في حال حصل الإتحاد الوطني على منصب رئاسة الإقليم ، فأن رئاسة الحكومة ستذهب الى الحزب الديموقراطي ، أما إذا تعذر ذلك فإن الجهود ستركز على مرشح توافقي بين الأحزاب الرئيسية لشغل منصب رئاسة الإقليم عندها سيتم تعويض الإتحاد الوطني ببعض المناصب والوزارات السيادية بدلا عن الرئاسات الثلاث مثلما عليه الحال الآن»..

وحول المرشح التوافقي هناك العديد من الأسماء المتداولة حاليا وكل من هذه الأسماء تحظى بدعم جهة معينة .. فالحزب الديموقراطي الكردستاني يفضل ترشيح الشخصية السياسية المخضرمة والمقربة منه الدكتور محمود عثمان الذي كان مستشارا سياسيا للزعيم الراحل الملا مصطفى البارزاني اثناء ثورة أيلول، وعمل خلال سنوات الآخيرة كشخصية سياسية مستقلة. وهناك معلومات تشير الى أن قيادة الديموقراطي فاتحت عثمان بهذا الصدد الذي ابدى إستعداده لشغل المنصب. وبحسب المعلومات المتوفرة لدينا هناك مرشح توافقي آخر يحظى بدعم من الإتحاد الوطني الكردستاني و كذلك من حركة التغيير و هو السيد عزيز محمد سكرتير الحزب الشيوعي العراقي الأسبق وهو ايضا شخصية سياسية مستقلة و مخضرمة ، ويحظى كذلك بدعم القوى اليسارية.

ويطرح اسم الدكتور علي قرداغي الأمين العام للإتحاد العالمي لعلماء المسلمين كمرشح مقبول من قبل الأحزاب الأسلامية وتحديدا من الأتحاد الأسلامي الكردستاني الذي يعتبر قرداغي أحد مؤسسيه و زعيمه الروحي .

وكانت مصادر داخل حركة التغيير قد طرحت إسم الشخصية القيادية النزيهة جەلالی عومەری سام ئاغا رئيس دائرة الرقابة المالية الأسبق مرشحا للمنصب لما عرف عنه من جهد و عزم بأتجاه القضاء على الفساد في الإقليم أثناء ولايته كرئيس للرقابة المالية، ويرى البعض بأن توليه المنصب سينقذ كردستان من آفة الفساد المستشري فيها.

وبحسب المصادر ذاتها فإن الأحزاب الأربعة الرئيسية مجمعة على أهمية تغيير الرئيس المنتهية ولايته مسعود بارزاني ، لأن جميع الأطراف السياسية والنخب الثقافية ترى بأنه من دون تغيره لن تكون هناك أية حلول للوضع السياسي المتأزم حاليا، ويرون بأن رئاسة الإقليم وتمسك بارزاني بمنصبه كان الأساس الذي أنتج كل هذه الأزمات، ولذلك حتى لو كان التغيير لمجرد بضعة اشهر قأنه من المهم أن يحدث، حتى يتسنى للجميع المساهمة في معالجة الأزمات السياسية و الأقتصادية التي تعاني منها كردستان منذ اكثر ون سنة ونصف بسبب إنتهاء الولاية القانونية لمسعود بارزاني.

# بەشی هەشت
## بەسەرکردنەوەی جەلالی عومەری سام ئاغا و پرسی پەروەردە

# یەك

## قوتابخانەی ١٢ پۆلی زەکیەی سام ئاغا

**بەهرۆز جەعفەر**



کوردستانی نوێ

یەکێتیی ریزەکانمان مەرجێکی گرنگە بۆ پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانمان، بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکانمان.

مام جەلال

لەسەر ئەرکی جەلالی سام ئاغا قوتابخانەیەکی نموونەیی کرایەوە

کاتێک تەماشای (ئاوێنە) ئەکەیت، ئەتوانیت نارێکییەکانی خۆت چاک بکەیت، بەڵام مێژوو وانییەی، رێگەت ئەدا تەماشای خۆت بکەیت، خەڵک و چینەکانی دوای خۆشت تەماسای بکەن، وەلێ هەرگی رێگەت نادات نارێکییەکانی خۆت چاک بکەیتەوە ، مەعریفەە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤ سەراپا ئەبونە جەهالەت و ئەمرۆ و ئایندە هەمیشە تاریک ئەبوون. ژیان لە دیالەکتیکدایە، باش و خراپ- پیس و پاک. بەمانایەکی تر ئەوە ئازایەتی کاراکتەرە نارێکەکان و پۆخڵەواتەکانیانە، کە کاراکتەرە پاک و رێکەکان

ئەناسینەوە. ئەگەر گەندەڵی نەبوایە ئێمە چۆن لە کوردستاندا «جەلالی سام ئاغا» مان بناسیایە! کە تەمەنێکی لە دژی گەندەڵیدا سەرفکردووە، ئەگەر جەلالی سام ئاغا.. دە ساڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی نەبوایە و (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵکاران ئامادە نەکردایە و بە هەیبەت و ئازایەتی خۆی سەدان ملیۆن دۆلارو ملیارەها دیناری لە قوڕگیان دەرنەهێنایەتەوە، چۆن ئێمە بمانزانیایە «داواکاری گشتی»و «سیستمی قەزایی» تەنها کارتۆنیکی دوگمەی دەستی حیزبەکانە و توانای جوڵاندنی تەنها یەک کەیسیشی نییە.

• جیاوازی هەیە لەوەی لەسەر سکی میللەت تەخشان و پەخسان بکەیت و چەندین هەژماری بانکی لە وڵاتانی بیانی بکەیتەوە.. لەسەردەمێکدا سەرتاپای میللەت لە قەیراندا نغرۆ بووە.. سەرکردە سیاسییەکانی میللەتێک هەموویان (یەکێ زۆر-یەکێ کەمتر)خەریکی دەقات سەروەت و سامانێک بن کە دزیویانە.. کەچی جەلالی سام ئاغا ئەوەشی هەیەتی ئەیبەخشێت.

• لە گردی سەرچناری سلێمانی خانوویەکی خۆی.. کە لە حەفتاکانەوە بەهەوڵی خۆی و پشتیوانی باوکی دروستیان کردبوو.. لە شکۆترین و پێشکەوتووترین شوێنی شاردا بەخشیوە بە وەزارەتی تەندروستی، پاش ئەوەی ژیانی کۆتایی دێت.. وەک بنکەی تەندروستی دایمەزرێنن و وەک بیمارستانی دەردی هاوڵاتیان سودی لێببینن.

• زەوییەکی موڵکی خۆی.. کە جاران کەس چاوشارکێشی تێدا نەدەکرد، ئەمڕۆ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەیەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵە فرۆشتوویەتی و پارەکەی خستۆتە ژمێرەیەکی بانکییەوە، هەتا ساڵانە لە سوودی ئەو پارەیە خەڵات و بەخشین بەناوی خەڵاتی سام ئاغا بۆ کارمەندان و خانمانی سەلاری دەزگاکەی (دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی) تەرخان بکەن.

• خەڵک وەزیر نەبووە وەک پلەی کارکردن، کەچی بەسەدان کەس خۆی بە پلەی وەزیر ناونوس کردووە، ساڵەهایە موچەی خانەنشینی ئەو پلە ساختەیە وەردەگرێت.. کەچی ئەو جەلالی سام ئاغایە.. نزیکەی نیو سەدە «٤٧ساڵ» لە وەزیفەی ئیداریو سیاسی (قۆناغی پێشمەرگایەتی) دابووە.. هەتا خانەنشینیش بووە، زۆر گرنگی بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و و پاسەوان و تفاقی حکومەت نەداوە بۆ بەرژەوەندی خۆی.. کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی کرد هەر قبوڵ نەدەکرا، کۆتا جار لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا دوو دەستەواژەی بەکارهێنا.. یەکێکیان ئەڵێ:

«شەرەفمەند نیم بەە وەزیفەکەتان» ئەویتریش ئەڵێ: « جیسمێکی غەریم لەناوتانا».. تاڵەبانی یەکێک بوو لە هاوڕێ دێرینەکانی.. هەروەها نەوشیروان مستەفاش. هەرگیز ڕێگەی نەدەدا یەک ڕاپۆرتی دیوانەکەی بۆ ململانێی حیزبیو

سیاسی بەکاربهێنن، چەندین جار خودی نەوشیروان مستەفا پێشنیازی کرد بۆ وەزیری دارایی.. وەک کاندیدیش بۆ سەرۆکی هەرێم.. کەچی هەر ڕەتی کردەوە. جیاوازییەکە ئەوەیە.. خەڵکانێک هەن ..هەڵەیانە پارەی میللەت لوش بدەن.. ئەو هی خۆی ئەبەخشێ، هەزاران «CV» و مامە حەمەیی هەیە تا پۆستێک وەربگیرێ، ئەو خۆی دەستلەکار ئەکێشێتەوە و باڵیشی ڕائەکێشین تا باری لارو بێ باریان ڕاست بکەنەوە.. ئەو هەر ڕەتی ئەکاتەوە.

• جەلالی سام ئاغا، هەر خۆی وانییە.. خانەوادەکەشی بەشێک لە مێژووی سلێمانی، ئەختەری سام ئاغای خوشکی.. شوققەیەکی خۆی دەبەخشێتە وەزارەتی پەروەردە، تا بکرێت بە باخچەی ساوایان.. خودی خۆشی دێت، لەماڵی براکەیدا ژیان ئەگوزەرێنی تا ئەو رۆژەی ماڵئاوایی لەژیان ئەکات.

• یەکێکی تر لە خوشکەکانی..»زەکییەی سام ئاغا» کۆچی دوایی کردووە.. یەکێک لە مامۆستا ناودارەکانی شاری سلێمانی، بە نەوەکانی خۆیەوە چەندین نەوەی دیکەی بۆ کوردستان پێگەیاندووە. ئیمڕۆکە.. خۆی و بە تێکڕا خانەوادەکەیان.. لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد قوتابخانەیەکی دوانزدە پۆلی دروست ئەکەن.. خۆشبەختانە سەرپەرشتیار و ئەندازیاری پرۆژەکەش (دلێری سام ئاغا) و بەڵێندەرەکەی (کامەران عەلی ئاغای پورزایان) لە کوڕانی بنەماڵەکەن و دەستی گەندەڵ «مرۆڤە چاوچنۆکەکانی ئەم فەزایە« نەگەیشتۆتە پرۆژەکەیان، هەتا هەل و دەرفەتی ناڕەوا بقۆزنەوە. بودجەی ئەم پرۆژەیە لەم رۆژگارە پڕ قەیراناوییەدا، بڕی «٥٥٠ هەزار» دۆلاری ئەمریکییە و لە تەواوبووندایە.

• یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی ئەم پیاوە سپییەی شار.. کۆدەنگی و کۆڕایی لەسەری.. ئەوانەش کە لەسەر حوکمڕانیان، ئەم جەلالە گوێی باداون، هەرناچارن دانی خێری پیابنێن، ڕەشوەی کەلام بە باوکی کەس نادا، نزیک و دووری یەکێکە، لەتەمەنێکی زۆر هەرزەییمدا.. بە تێگەیشتنێکی کامڵەوە ناسیم، ئەوە (١٠ساڵە) وەک یەکێک لە نزیکەکانی ئەو.. هاوەڵەکانی ئەو.. پەروەردە وەرگرێکی کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئەو گوزەر دەکەم. مرۆڤ هەر هەڵە ئەکات، یان مەیلی بەلای هەڵەدا ئەچێ.. چ جای توێژەر و رۆژنامەوان.. گەڕۆکێکی وەک ئێمەش(ماوەیەکە لەسەر کورسی دائەنیشین).. هەموو جارێک وێنەیەکی ئەم جەلالەم دێتە پێش چاو.. هەڵەکان خۆیان بزر ئەبن.. ئێ کاکە گیان.. بەهەمووو کەموکوڕییەکانی زەمانەوە.. مام جەلال .. مام جەلال بوو، کەس زاتی ئەوەی نەئەکرد پێی بڵێ : «ئەمەت وانییە«.. ئەو لە میحوەری مەحبوبییەوە ئەی وت « وەڵلا .. مامە هیچ وانییە«.. ئیتر ئاوایە.. یان ئەبێت خۆت لە بەلا خراپەکانی ئافرەت و پارە بەدوور بگریت و دان بە خۆتدا بگری..

یان ئەوەیە هاوەڵی جەلالی سام ئاغا بیت. کاتی خۆی لە میدیادا، لەسەر پاراستنی شکۆی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی حەریس بووین، ئەچووین بۆ دیوان، پرسگەکەش وەکو ژوورەکەی خۆی جددی و پاکوخاوێن بوو، هەرلەخۆتەوە هەستت ئەکرد لە شوێنێکدایت خاوەنداریتی لە وڵات ئەکات. لەژوورەکەیدا تابلۆیەک هەڵواسرابوو بەعەرەبی و کوردی نووسرابوو:

- السَخاءُ: أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً
**واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.**

- يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ
**واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.**

ئیتر لەوساوە، باوکیشمان لەزیندانا بووایە.. نەئەبوو تەکلیفی شەخصی بکەین ، مەگەر بۆ کارێک کە چاکەی گشتی تێدابووایە.

لەناو ئەم هەموو مار و دووپشک و گورگ و چەقەڵەی رۆژگاری ئەمڕۆدا.. هێشتا پشکۆیەک ئەسوتێ و ڕووناکییەک هەیە، کە ئەکرێ کەسانی تریش چاوی لێبکەن و چراخانێک لە شار و وڵاتدا بدرەوشێننەوە. لە واقعیکێدا زێدەڕۆیی و گەندەڵی بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، ئەوەتا پیاوێکی سپی ماوە.. وەک وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم «پشتیوان صادق» لەکاتی هاتنی بۆ سلێمانی، سەبارەت بەم پیاوە وتی: «لەپای خزمەتەکانی ئەم خانەوادەیە.. لە هەولێرەوە ئیرەیی بەم پیاوەی سولەیمانی دەبەین».

ئینجا با خۆشی گوێی لێبێت.. ئەم بابەتەی ئەمجارە نوسیم .. لەبەر شەهامەتەکەی کاک جەلال نەبوو.. ئەوە شتێکە و خۆی هەیە.. پێشووتریش زۆرمان وتووە لەسەری.. لەبەرئەوە بوو، کە ئەگەر سەد دەوڵەمەندی شاری سلێمانی چارەک بەوەندەی خانەوادەی ساماغاش نەبەخشن، تەنها هەریەکەیان گەنجێک وەربگرن و پەروەردەکەی لەئەستۆ بگرن.. سبەینێ سەد کەس وڵاتێکی پێشکەوتوو و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بینا ئەکەن.

# دوو

## بەسەرکردنەوەی جەلالی عومەری ئام ئاغا

## نوێکردنەوەی سەروەرییەکانە

پیرۆزییەکانی ژیان لەسەر بنەمای کارایی و سپێتی و بێباکی تەواوکردنی جوانییەکانی پیاوێکی ناوازەیە، لەبیروباوەڕی تاکە بەئەمەکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێی خۆی کردۆتەوە. جەلالی عومەری سام ئاغا.. ئەو کەسایەتییە ڕێزدارەیە شایەنی ڕێزلێگرتن و خەڵاتکردنە، سەرەڕای ئەوەی خەڵاتەکان مەعنەوین، کەچی کۆمەڵێک ڕاستی شاراوە لەپشتی ئەم پرۆسەیەوە خۆی پەنهانکردووە، ئەویش ئەوەیە، بەدەمەوە چوونی هەموو چین و توێژێکی ئەم کۆمەڵگەی کوردییە لەلایەن جەلالی عومەری سام ئاغاوە، لە کاتە جیاوازەکان و بۆنە و دەرفەتە ڕەخساوەکاندا. ئەوەتا لە هەفتەیەکی پڕ سەروەری ئەم پیاوە سپییەدا..ا دەزگای فەرمی و حکومی.. ڕێکخراوی مەدەنی و پارتە سیاسییەکانی کوردستان، هەریەکە لەلای خۆیەوە.. لەپێناو بەرز ومەزن ڕاگرتنی ئەم پیاوە سپییە، لەتاودانی هێز وتوانای خۆیاندا، بۆ ئەوەی هەریەکە و بە شێوازی تایبەتی خۆی دەستکراوە بن لە ڕێزگرتن و ڕێزبەخشین بەم پیاوە، ئەوەش بەو جۆرەی خوارەوە لە هەفتەی بەسەرکردنەوە و ڕێزلێناندا بەڕێوەچوو: سەرەتا..

# سێ

## بزافی ئاشتی خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشێتە جەلالی سام ئاغا

٢٠٢١-٠١-٢٨ ٢١:٥٢:٤٠

### کاتی بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنانەکە بە جەلالی سام ئاغا



**وێنە؛ نامۆ سەربەست**

**پەرەگراف**

بزافی ئاشتی(بان) لە سلێمانی سەردانی ماڵی جەلالی سام ئاغا کەسایەتی دیارو سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی داراییان کرد و لە ژێر ناوی (پیاوە خەمخۆرەکەی شارو هەژاران)..خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشی.. ئێوارەی ئەمڕۆ سەرۆک و بەشێک لە ئەندامانی بزافی ئاشتی کە (حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین)یان تێدا بوو، بە یاوەریی «د. ضیاء سەعدی سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی عێراق و چەند کەسایەتییەکی یاسایی، سەردانی ماڵی جەلالی سام ئاغایان کرد.. مەدالیا و بڕوانامەی ڕێزلێنانیان

پێشکەشکرد، ئەوەش لەپای ئەرکە پاکەکانی.. بەخشینو کارە خێرخوازییەکانی. سەربەست تۆفیق، سەرۆکی بزافی ئاشتی لە مەراسیمی ڕێزلێنانەکەدا وتەیەکی پێشکەشکرد و باسی لە بزافەکەیان و کارو چالاکییەکانیان کرد.

سەرۆکی بزافەکە ستایشی کارەکانی جەلالی سام ئاغای کرد و وتی: «تۆ یەکێکیت لە ئەستێرە جوانەکان بە ئاسمانی کوردەوارییو سلێمانیو کوردستانەوە.. زۆر لەوە گەورەتریت کە ئێمە ئێستا ڕێزت لێدەنێین، تۆ لە شەوە تاریکەکاندا توانیوتە ببیت بە تیشکێک لە سلێمانیدا بدرەوشێیتەوە».

بزافی ئاشتی ساڵی ٢٠١٦ دامەزراوە، ١٨٥ ئەندامی هەیە.. لە سەرجەم چینو توێژو پێکهاتەکان، سەربەخۆیانە کاری ئاشتیخوازیی دەکەن و ڕێزلێنان پێشکەشی کەسایەتییە دیارەکان دەکەن.. لە بوارە جیاوازەکاندا.



لەبەسەرکردنەوەی.. جەلالی عومەری سام ئاغادا.. کە هەمیشە بە وتە ناوازەکەی کە دەڵێت : «شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان، ئەمەش لەپای ئەو هەموو گەندەڵیو دزی و تاڵانییەی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی حیزبی و حکومی لە هەرێمی کورستاندا، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ەوە گرتوویانەتەبەر، ئەوەی شایانی باسیشە، دەسەڵاتدارانی حوکمڕان لە هەرێمی کوردستاندا، سەلیقەی ئەوەیان نەبوو، بەدەم داواکانی ئەم کاریزما ئیدارییەوە بچن و کەمێک لە ئازار و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی و شەقامی کوردی کەم بکەنەوە، بە هۆی ئەوو دۆخەوە،

ئەم پیاوە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی سەرکردە و سیاسەتەدارانی هەرێمەکەمان کرد، سەرەڕای ئەوەی ئیمتیازەکانی خانەنشینی و شایستەییەکانی ڕەتکردەوە، لە پەنا ئەوەشدا چەندین کاری مەزنی لەپێناو گەیاندنی خزمەت بە کەسانی نیشتمانەکەی بەئەنجام گەیاندووە، بۆیە بەرپرسان بە تایبەتی خوازەی بەسەرکردنەوەی ئەم پیاوە، ئەوەتا لەسەرردانێکی تریشدا..





بزافی ئاشتی ناوخۆیی سلێمانی (بان)

سوپاس و پێزانین

بەڕێز/ جەلال سام ئاغا

پیاوە خەمخۆرەکەی شارو هەژاران

لە پای ماندووبوونتان و دلسۆزیتان بەرامبەر بە ئەرکە پاکەکانت لە بواری گەشەسەندنی ئابوری بۆ کوردستان وە خۆبەخشیت وەک بەخشینی ماڵ و سەروەت و سامانت بۆ رۆڵەکانی گەلەکەت

بە شانازیەوە بزافی ئاشتی (بان) - سلێمانی هەڵدەستێت بە ڕێزلێنانت

وەک نموونەی سمبولی پیاوەتی و مەردایەتی بۆ شارەکەمان

هەر سەرکەوتوو بیت پیاوە ماندوونەناسەو خۆبەخشەکەی شاری سلێمانی





# چوار

## وەزیری پەروەردە و پارێزگاری سلێمانی

## پڕۆژەیەکی خێرخوازیی جەلالی سام ئاغا بەسەر دەکەنەوە

١٨:٥٢:٣٢ ٢٩-٠١-٢٠٢١



وەزیری پەروەردە و پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ جەلالی سام ئاغا
لە بەسەرکردنەوەی باخچەی ساوایانی ئەختەری عومەری سام ئاغا.

**پەرەگراف**

وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم و پارێزگاری سلێمانی، سەردانی جەلالی سام ئاغا.. کەسایەتی دیار و سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی داراییان کرد لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی، پاشان پێکەوە پڕۆژەی خێرخوازیی دروستکردنی باخچەیەکی ساوایانیان بەسەر کردەوە، کە لەسەر ئەرکی جەلالی سام ئاغا و خوشکێکی دروست دەکرێت، بۆ ئەو کارانەی سوپاس و ستایشیان کرد.

دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ(٢٩ / ٠١/ ٢٠٢١) هەریەکە لە ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردە و هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی، بە یاوەری دڵشاد عومەر بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی سەردانی ماڵی جەلالی سام ئاغایان کرد.



**وێنەکان؛ پەرەگراف**

هەریەکە لە وەزیری پەروەردە و پارێزگاری سلێمانی، لە دوو وتەدا سوپاسی کارەکانی جەلالی سام ئاغایان کرد لە پاکێتیی لە کاتی لێپرسراوێتییەکانیدا، هەروەها لە هاوکاریکردنی کەرتی خوێندن و پەروەردە بە کارە خێرخوازییەکانی.

پاشان پێکەوە سەردانی باخچەی ساوایانی ئەختەری عومەری سام ئاغایان کرد لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی، کە لەسەر ئەرکی جەلالی سام ئاغا و ئەختەری خوشکی، بە تێچووی٤٠٠ هەزار دۆلار لەسەر ڕووبەری ١٨٠٠ مەتر دووجا زەویی دروست دەکرێت و پێشکەشی کەرتی پەروەردە دەکرێت، تا بخرێتە خزمەتی منداڵانی ئەو ناوچەیەوە.





باخچەکە لە ڕێکەوتی ٦-٧-٢٠٢٠ دەستکراوە بە کارکردن تێیدا و ماوەی ٢٧٠ ڕۆژ دیاریکراوە بۆ تەواوکردنی، بەردەوام کاری تێدا دەکرێت. بەر لەو باخچەی ساوایانە، جەلالی سام ئاغا و بنەماڵەکەی چەندین کاری دیکەی خێرخوازییان ئەنجامداوە، کە کۆی گشتی بە دەوروبەری یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلار دەخەملێنرێت.

# پێنج
## مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیی جەلالی سام ئاغا بەسەردەکاتەوە و ڕێزلێنانی پێشکەش دەکات

١٢:٤٧:٣٤ ٠٤-٠٢-٢٠٢١

**پەرەگراف**



**پێشکەشکردنی چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لەلایەن جەزا سەید مەجید بۆ جەلالی سام ئاغا**

دوابەدوای ئەم بەسەرکردنەوانە، لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک وەفایەک بۆ وەبیرهێنانەوەی کارە مەزنەکانی سام ئاغا، لەگەڵ شاندێکی یاوەری لە بەرپرسانی حیزبی ڕێز و وەفای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان، بۆ ئەم کەسایەتییە بە ئەمەکە بەرزنرخاند. بەم بۆنەیەوە:

جەزا سەید مەجید.. بەرپرسی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتیی‌و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە؛ بە یاوەریی هاودین مەحمود جێگری بەرپرسی مەڵبەند و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەڵبەند، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سەردانی جەلالی سام ئاغا.. کەسایەتی دیار و سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی کرد لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی. لە سەردانەکەدا؛ بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیی، چەپکە گوڵی ڕێزو سوپاسی پێشکەش بە جەلالی سام ئاغا کرد، جەزا سەید مەجید بە ناوی خۆی و مەڵبەندەکەی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتییەوە، سوپاس و ستایشی کارەکانی جەلالی سام ئاغای کرد لە ماوەی ئەرک و لێپرسراوێتییەکانیدا.. بە ئەستێرەیەکی گەش ناوی برد بۆ خزمەتکردنی سلێمانی و کوردستان و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، هیوای تەمەن درێژیی و تەندروستیی باشی بۆ خواست. جەلالی سام ئاغا کەسایەتییەکی دیاری سلێمانییە و لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا، دیوانی چاودێریی دارایی ٢ هەزارو ٧٢٠ ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی و سەرپێچی یاسایی ئامادەکردووە، بەدەر لەو ڕاپۆرتانە، هەر لەو سەردەمەدا دیوان ٨٦ کەسی لەسەر گەندەڵی‌و سەرپێچی یاسایی و ئیداریی داوە بە دادگا کە زۆربەیان بەرپرسانی باڵای حکومەت بوون.





# شەش

## جەختکردنەوە(٤٥)

شەوی ١-٢ /٢٠٢١/٣/، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز وەزیری رۆشنبیری حەمەی حەمەسەعید، لەگەڵ جەلالی عومەری سام ئاغا، سەرەڕای شتاییش و رێز نواندنێکی زۆر بەرامبەر جەلال راشیگەیاند کە سەبارەت بە پێنەدانی ژمارەی سپاردن بە کتێبێکی ناوبراو بێئاگایە و جەختیشی کردەوە لەسەر ڕەزامەندی پێدانی ژمارەی سپاردن و وتیشی ناکرێت ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی کتێبێک بگیرێت، کە سەبارەت بە سیمبولی دژە گەندەڵی بڵاوبکرێتەوە.

---

(٤٥) هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، بەڕێز جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری ژمارەیەکی تایبەتی، بەخشی بە کتێبە ڕیپێنەدراوەکەی جەلالی عومەری سام ئاغا... بە ژمارە (٣٢١).

# حەوت

## لیژنەی پارائۆڵۆمپی کوردستان،
## جەلالی سام ئاغا بەسەردەکاتەوە و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ دەبەخشێت

٢٥-٠٩-٢٠٢١ ٠٩:٣٦



**پەرەگراف**

شاندێکی لیژنەی پارائۆڵۆمپی کوردستان سەردانی ماڵی جەلالی سام ئاغا کەسایەتی دیارو سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی داراییان کرد لە سلێمانی و خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشی.

شاندەکە بە سەرۆکایەتی فەرسەت شالی، جێگری سەرۆکی لیژنەی پارائۆڵۆمپی عێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری فیدراڵی لیژنەی پارائۆڵۆمپی کوردستان بوو، سەرۆکو ئەندامانی شاندەکە سوپاسی لیژنەکەیانو سەرجەم کەمئەندامانی وەرزشکاریان پێشکەش بە

جەلالی سام ئاغا کرد لە بەرامبەر هەوڵەکانی بۆ خزمەتی کەمئەندامانو کەرتی وەرزش.

ئەندامانی شاندەکە سوپاسو ستایشی کارەکانی جەلالی سام ئاغایان کرد لە ماوەی ئەرکو لێپرسراوێتییەکانیدا لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، هیوای تەمەن درێژیی و تەندروستیی باشی بۆ خواست.

جەلالی سام ئاغا کەسایەتییەکی دیاری سلێمانییەو لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دیوانی چاودێریی دارایی ٢ هەزارو ٧٢٠ ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵیو سەرپێچی یاسایی ئامادەکردووە، بەدەر لەو ڕاپۆرتانە، هەرلەو سەردەمەدا دیوان ٨٦ کەسی لەسەر گەندەڵیو سەرپێچی یاساییو ئیداریی داوە بە دادگا کە زۆربەیان بەرپرسانی باڵای حکومەت بوون.






KURD . P . C
جلال سام ئاغا

# هەشت

## کوردنیوز




- بۆچی پێ دەڵێن پیاوە سپیەکەی نیشتمان ...؟
- لەهەشتاکانی تەمەنیدایە.
- تا ئەو کاتانەی کە سەرۆکی دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی حکومەت بووە، کاری لێپرسینەوە لەگەندەڵی بەرپرسان بووە.
- چەندین بەرپرسی حیزبی و حکومی داوەتە دادگا.
- پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارهێناوە و تەنها یاسایی جێبەجێ کردووە.
- خانووەکەی خۆی کە بە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دۆلار نرخێنراوە، لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆی کردووە.
- زەوییەکی خۆی فرۆشتووەو پارەکەی خستۆتە بانکەوە و قازانجەکەی وەک دیاری پێشکەشی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێری دارایی دەکات.
- ئەندامانی خێزانەکەشی بەپارەی خۆیان قوتابخانە و باخچەیەکی ساوایانیان دروستکردووە و ڕادەستی حکومەتیان کردووە.
- ژمارەیەک لە بەرپرسانی حیزبی و حکومیش بەردەوام دژایەتیان کردووە و گیروگرفتیان بۆ دروستکردووە.
- دوای خانەنشین بوونیشی بەردەوامە لە خزمەت.

# نۆ

## ئەلبومێکی وێنەیی قۆناغی بونیادنان و کۆتایی و دەستپێکردنی خوێندن لە قوتابخانەی زەکییەی سام ئاغای ١٢پۆلی



مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەی ١٢ پۆلیی زەکیە سام ئاغا
لەلایەن کارگوزارێک و مامۆستایەکی خانەنشینەوە
بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردە و پارێزگاری سلێمانی و
چەند بەرپرس و کەسایەتیی تر






قوتابخانەی ١٢ پۆلیی زەکیە سام ئاغا



قوتابخانەی ١٢ پۆلیی زەکیە سام ئاغا



بەڕێوەبەر و مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغا
لەگەڵ جەلالی سام ئاغا و پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە
لە مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەکەدا




خەڵاتی ڕێزلێنانی وەزارەتی پەروەردە لەلایەن پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەوە
لە مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغادا



بەسەرکردنەوەی خوێندکارانی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغا




ئاهەنگی خوێنداکاران لە مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەی ١٢ پۆلیی زەکیە سام ئاغادا
٢٠١٩/١١/١٦



خەندە و شادیی نەوەی نوێ لە ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغادا
٢٠١٩/١١/١٦



خەندە و شادیی نەوەی نوێ لە ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغادا
٢٠١٩/١١/١٦



خەندە و شادیی نەوەی نوێ لە ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەی زەکیە سام ئاغادا
٢٠١٩/١١/١٦

# ده

## ڕاپۆرتی گەلی کوردستان سەبارەت بە خەڵاتکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ جەلالی سام ئاغا...

فاروقی مەلا مستەفا/ کەسایەتی سلێمانی و بازرگان: «ئەمرۆ لەم کۆبونەوەیەدا کە بەبۆنەی پێشکەشکردنی ئەم خانوەی کاک جەلالە لەسەرەتا وە پارچەیەک زەویی و وە ئەم خانوەی کە هەیبوو ئەوەی کە کۆی کردوەتەوە لەپارەی مانگانەو لەوەی کە هەیانبوو وەکو خێزان کە ئەمان وەکو بەو برادەرانەی کەم وت، کە ئێمە لەقوتابخانەی ناوەندیدا بوین، قوتابخانەکە بەکرێ تیایا بوین، هینی باوکی کاک جەلال بوو عومەرە فەندی سام ئاغا کە پیاوێکی ناوداری شاری سلێمانی بوو، ئەوەی کەهەیبووە لە کەس وکارو باوک و ئەوەی لەمانگانەو ئیش و کاری خۆی پەیدایکردوە، ئەو زەویەش و ئەم خانوەش بەخشیویەتی بەوەزارەتی تەندروستی و پەروەردەی سلێمانی کە دوای خۆی ئەمە بکرێت بەمەڵبەندێکی تەندروستی و خەڵکی سوودی لێببینێت، زۆر شتێکی گرنگە کە مرۆڤێک چی هەیە وەجەلالی سام ئاغا هەر ئەمەی هەیە و پارچەیەک زەوی هەموی ببەخشێت بەشوێنانێک کە بۆ خۆ دەرخستن و خۆ بادان نەبێت، شوێنی ئەوەیە لایەکیان تەندروستییەو لایەکیان داویەتی بەو فەرمانبەرانەی کە خۆشیویستون و کە نمونەی دەستپاکی و وردبینی بوون لەچاودێریی دارایی بەدوای خۆی ئەمانە بێ سا، ،،،، لەم کۆبونەوەیەشدا کە وەزیری پەروەردە هاتبوو ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە کاک جەلال بینای قوتابخانەیەکی ١٢ پۆلی ئەکات لەسەر حسابی خۆی، وە ئەو بینایە لەگەڕەکی قرگە دەکرێت کە گەڕەکێکی کۆن و تازەیە قوتابیانی ئەو گەڕەکانە سوودی لێوەردەگرن، ئەمە کارێکی گەورەیە کاک جەلال لەهەموو ژیانیا پیاوێکی نمونەی دەستپاکی وسەربەرزیی بووە لەئیش و کاری وەزیفەشیا وە هەرچیشی کردوە لەوەو پێشیش لەزانکۆی بەغدابووین ئێمە یەکێک بووە لەگەڵ ئێمە وە ئینسانێکی نیشتمان پەروەر بووە لەهەموو بوارە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکاندا بەشداربووە».

**پەیامنێر: ئەمجۆرە خزمەتە بەڕێزتان وەک کەسایەتییەکی شاری سلێمانی تا چەند گرنگی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی سێکتەری پەروەردە وە سێکتەری تەندروستی؟**

**فاروق مەلا مستەفا:** «دوو بە دوو جۆر باس دەکرێت، بەشێکی سەرەکییان ئەوەیە لەخۆبووردن و بەخشینی ئەوەی کە هەیەتی یەکێک ئەیدات بەشوێنێکی گشتی کە خزمەتگوزاری بن بەتایبەتی لەپەروەردە و لە تەندروستیا، دووهەمیان پاڵپێوەنان و تەشجیعکردنی خەڵکێکی کەیە کەزۆریان هەیە و هیچی لێنابەخشن کە زۆریان هەیە بەهەرجۆرێک بەباشی یان بەخراپی پەیایان کردوە، کە ئاوڕێک بەنەوە لەوەی کە چی دروستبکەن بۆ ئەم میللەتە لەشاری خۆیانەوە لەشارەکانی تری کوردستاندا بێت، بۆ ئەوەی ناویان بمێنێت و ناویان بنوسرێت بەوەی کە خەڵکی نیشتمان پەروەر و خۆبەخش و لەخۆ بوردو هەیە بەرامبەر پارە، هەیە بەگیان گیانی دەبەخشێت، هەیە پارە دەبەخشێت کەمو کورپەکی زۆرە، کاک جەلال کە ئەو کارانەی کردوە بێگومان بەم برەی کە یاویەتی بەو ئیشانەی کردویەتی ئەو بەشەیە کە یەکەم خۆی لێبوردنی هەبووە لەموڵکی، وە دوهەم ئەبێبە نمونەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە وەکو کاک جەلال وە سەروو بەرەو ژورتر لەوەوە لەڕووی دارایی بتوانن کاروباری گەورە بکەن لەوڵاتدا بۆ ئەوەی ناوی خۆیان و گەلەکەیان بەبەرزی و بەنەمری بمێنێتەوە«.

# یانزە

## وەزیری پەروەردە ڕێزلێنان دەبەخشێتە جەلالی سام ئاغا

**پەرەگراف**

وەزیری پەروەردە سەردانی جەلالی سام ئاغای کردو ڕێزلێنانی وەزارەتەکەی پێبەخشی لەپای هەوڵەکانی ئەو کەسایەتییە بۆ خزمەتی کەرتی پەروەردە و دروستکردنی بینای قوتابخانە.



نیوەڕۆی ئەمڕۆ(٣٠-٤-٢٠١٩) پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە شاری سلێمانی بە یاوەریی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە، سەردانی ماڵی جەلالی سام ئاغا کەسایەتیی دیاری کردو ڕێزلێنانی پێ بەخشی و بەناوی

وەزارەتەکەیەوە سوپاسی کرد کە هاوکاریی کردوون لە پێناو پێشخستنی کەرتی پەروەردە. لە ڕێزلێنانەکەی وەزارەتی پەروەردە بۆ جەلالی سام ئاغا، نووسراوە «پرۆسەی پەروەردە پێویستی بە کەسانی دڵسۆزو خەمخۆری وەک ئێوە هەیە تا هەماهەنگ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداربن لە بنیاتنانی نەوەکانی نیشتیمان».




جەلالی سام ئاغا ساڵی ڕابردوو قوتابخانەیەکی خێرخوازیی دروست کردو ڕادەستی پەروەردەی کرد وەک هاوکاریکردنی کەرتی خوێندن، قوتابخانەی زەکیەی سام ئاغای بنەڕەتی لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی، لەسەر ئەرکی جەلالی سام ئاغا دروستکراوەو ١٢ پۆل لەخۆ دەگرێت. قوتابخانەی زەکیە سام ئاغا یەکەم کاری خێرخوازیی بنەماڵەی جەلالی سام ئاغا نییە، بەڵکو خوشکێکی دیکەی جەلالی سام ئاغا بەناوی ئەختەر، بەهەمان شێوە شوقەی نیشتەجێبوونی خۆی پێشکەش بە پەروەردەی سلێمانی کردووە. هەروەها جەلالی سام ئاغا ئەو خانووەی ئێستا تێیدا دەژی لە گردی سەرچناری سلێمانی کردوویەتی بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە، بۆئەوەی دوای کۆچی دوایی خۆی بکرێت بە نەخۆشخانەی گشتی و پێشکەشی کەرتی تەندروستی کردووە.

جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کەسایەتییەکی دیاری سلێمانییەو لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دیوانی چاودێریی دارایی ٢ هەزار و ٧٢٠ راپۆرتی لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت و هەبوونی گەندەڵیی ئامادەکردووە، بەدەر لەو راپۆرتانە، هەرلەو سەردەمەدا دیوان ٨٦ کەسی لەسەر گەندەڵیو سەرپێچی یاساییو ئیداریی داوە بە دادگا کە زۆربەیان بەرپرسانی باڵای حکومەت بوون.

ساڵی ٢٠١٠ کاتێک جەلالی سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بوو، پرۆژەی بەخشینی خەڵاتێکی ساڵانەی دامەزراند بۆ خانمی سەلارو فەرمانبەری نمونەیی دیوان، بەمەبەستی دابینکردنی پارە بۆ بەخشینی خەڵاتەکە، جەلالی سام ئاغا پارچە زەوییەکی ٢٠٠ مەتریی موڵکی خۆی فرۆشتووە بە زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دینارو پارەکەی لە بانک داناوە بە چەند مەرجێک کە تەنها بۆ بەخشینی ئەو خەڵاتە بەکاربهێندرێتو خاوەندارێتی ئەو حسابە بەناوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی تۆمارکراوەو ساڵانە قازانجی بانکیی پارەکە بۆ خەڵاتەکە دابین دەکرێت.

جەلالی سام ئاغا کاتێک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو پێشتریش کە بریکاری وەزارەتی دارایی بووە، لە هەردوو پۆستەکەدا سەرجەم ئیمتیازاتەکانی رەتکردووەتەوە، هەرلە وەرگرتنی ئۆتۆمبێلو پاسەوان، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی حکومەت داوایکردووە موچەی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان کەمبکرێنەوەو بۆئەوەش یەکەم کەس لە خۆیەوە دەستیپێکردووە. کاتێک خانەنشین بووە بە پلەی وەزیر، بۆی هەبووە وەک هەر وەزیرێکی دیکە پاسەوانی هەبێتو ئۆتۆمبێلێکی حکومیی وەربگرێت، بەڵام جەلالی سام ئاغا ئیمتیازاتەکانی خانەنشین بوونیشی رەتکردووەتەوە.

# دوانزە

## هەواڵێکی تەلەفزیۆمی پەروەردەیی لە بارەی سەردانی (د. پشتیوان سادق) وەزیری پەروەردە بۆ لای جەلالی سام ئاغا

بە هۆی دروستکردنی باڵەخانەی خوێندنەگەیەکەوە و پێشکەشکردنی خەڵاتی وەزارەتی پەروەردە بە بنەماڵەو خودی کاک جەلالی سام ئاغا....

دکتۆر پشتیوان سادق سەردانی کەسایەتی ناوداری شاری سلێمانی جەلالی سام ئاغای کرد، کە ماڵەکەی خۆی پێشکەش بە پەروەردە کرد .

د. پشتیوان سادق - وەزیری پەروەردە: «کاک جەلال وە خەڵکانی تریش هەن لەشاری سلێمانی لەهەولێر لەدهۆک، ئەورۆ حکومەت یان کوردستان، منداڵانی کوردستان زۆر پێویستیان بەو جۆرە هاوکارییانە هەیە، کە ئێستا بەڕاستی کاتی قەیران و تەنگانەیە، ئومێدەوارم نمونەی کاک جەلال و ئەوانی تریش کە کاری خێرخوازییان کردوە لەوڵاتی ئێمەدا زۆر بێت، ئەمرۆ دڵخۆش بووم لەسلێمانی کە شەش باڵەخانەی نوێی خوێندنگامان کردەوە بۆ ئەوەی منداڵانی سلێمانی ئایندەی خۆیان لەناو ئەو خوێندنگایانە ببیننەوە».

# سیانزە

## ڕووماڵی کەناڵی ڕووداو بۆ سەردانیکردنەکەی د.پشتیوان سادق بۆ ماڵی کاک جەلال عومەر سام ئاغا

د. پشتیوان سادق - وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: «ئەمرۆ ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو کە لەماڵی کاک جەلال بەشداریمان کرد لەوەفایەکی زۆر بچوک بۆ ئەو لەبەر ئەوەی خزمەتێکی زۆری بواری پەروەردەی کردوە، وە لەمەجالی تریش خزمەتی کردووە، ئەو کەسانەی کە لەبواری پەروەردەدا خەمخۆرن بۆ دروستکردنی ئاییندەیەکی جوان بۆ منداڵەکانمان بۆ قوتابی و خوێندکارەکانمان بەڕاستی ئەوانە کەمن، بەڵام کە دەبینین خەڵکانی وەکو کاک جەلال هەن بێگومان ئومێدمان زیاتر دەبێت، جگە لەبواری پەروەردە، لەهەموو مەجالەکانی تریش کاک جەلال خزمەتی کوردستانی کردووە وە بۆیە ئەورۆ هەموومان بەپێویستمان زانی بێین لەماڵەوە پێی بڵێین زۆر سوپاس وە ئومێدەوارین نمونەی وەکو جەنابت لەکوردستان زۆر بێت، وە ئومێدەوارین تەمەنی جەنابیشی ئین شائەڵڵا درێژ و داوا لەخوای گەورە دەکەین تەندروستیەکی باشی پێ ببەخشێت».

# چوارده

## جەلالی سام ئاغا لەسەر ئەرکی خۆی و خوشکێکی باخچەیەکی ساوایان دروست دەکات

**پەرەگراف - ٢٠٢٠/٠٨/٠٣**



**جەلالی سام ئاغا و دلێری سام ئاغا**
**پرۆژەی دروستکردنی باخچەی ساوایانی ئەختەر سام ئاغا**

جەلالی سام ئاغا لە کارێکی نوێی خێرخوازیدا، لەسەر ئەرکی خۆیو خوشکێکی کۆچکردووی (ئەختەری عومەری سام ئاغا)، لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی باخچەیەکی ساوایان دروست دەکات و دەیبەخشێتە کەرتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا بخرێتە خزمەتی منداڵانی ئەو ناوچەیەوە. باخچەی ساوایانی ئەختەری عومەری سام ئاغا، ئەو باخچە نوێیەیە کە لەسەر ئەرکی جەلالی سام ئاغا و ئەختەری خوشکی، بە تێچووی ٤٠٠ هەزار دۆلار لەسەر ڕووبەری ١٨٠٠ مەتر

دووجا زەویی دروست دەکرێت. لە ڕێکەوتی ٦-٧-٢٠٢٠ دەستکراوە بە کارکردن لە باخچەکەدا.. ماوەی ٢٧٠ ڕۆژ دیاریکراوە بۆ تەواوکردنی. بەر لەو باخچەی ساوایانە، جەلالی سام ئاغا و بنەماڵەکەی چەندین کاری دیکەی خێرخوازییان ئەنجامداوە. کۆی گشتی بە دەوروبەری زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت.

ساڵی (٢٠١٨) جەلالی سام ئاغا قوتابخانەیەکی خێرخوازیی لە سلێمانی دروست کرد. وەک هاوکاریکردنی کەرتی خوێندن ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد. قوتابخانەکە بە ناوی زەکیەی سام ئاغای بنەڕەتی لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی لەسەر حەوت هەزار مەتر زەویی دروستکراوە، (٣)هەزار مەتری بینایە و بەشە ماوەی زەوییەکەش کراوە بە باخچە، (١٢) پۆل لە خۆدەگرێت،



**جەلالی سام ئاغا و دلێری سام ئاغا**
**پڕۆژەی دروستکردنی باخچەی ساوایانی ئەختەر سام ئاغا**

بە نوێترین شێوازی ئەندازیاریی سەردەم بە تێچووی(٥٥٠)هەزار دۆلار دروست کراوە. جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کەسایەتییەکی دیاری سلێمانییە و لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دیوانی چاودێریی دارایی ٢ هەزارو (٧٢٠ )ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی ئامادەکردووە، بەدەر لەو ڕاپۆرتانە، هەرلەو سەردەمەدا دیوان ٨٦ کەسی لەسەر گەندەڵیو سەرپێچی یاساییو ئیداریی داوە بە دادگا کە زۆربەیان بەرپرسانی باڵای حکومەت بوون. ساڵی(٢٠١٠) کاتێک

جەلالی سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بوو، پرۆژەی بەخشینی خەڵاتێکی ساڵانەی دامەزراند بۆ خانمی سەلارو فەرمانبەری نموونەیی دیوان، بەمەبەستی دابینکردنی پارە بۆ بەخشینی خەڵاتەکە، جەلالی سام ئاغا پارچە زەوییەکی (٢٠٠) مەتردووجایی موڵکی خۆی فرۆشت بە (٧٠,٠٥٦٠٠٠) ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار.. پارەکەی لە بانک دانا بە چەند مەرجێک کە تەنها بۆ بەخشینی ئەو خەڵاتە بەکاربهێنرێت و خاوەندارێتی ئەو حسابە بەناوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی تۆمارکراوە. جەلالی سام ئاغا کاتێک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو.. هەروەها پێشتریش کە بریکاری وەزارەتی دارایی بووە، لە هەردوو پۆستەکەدا سەرجەم ئیمتیازاتەکانی ڕەتکردووەتەوە، هەر لە وەرگرتنی ئۆتۆمبێل و پاسەوان، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی حکومەت داوایکردووە موچەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان کەمبکرێتەوە.. بۆ ئەوەش یەکەم کەس لە خۆیەوە دەستیپێکردووە. کاتێکیش خانەنشین بووە بە پلەی وەزیر، بۆی هەبووە وەک هەر وەزیرێکی دیکە پاسەوان و ئۆتۆمبێل و شۆفێری هەبێت، بەڵام جەلالی سام ئاغا هەموو ئەوانەی ڕەتکردووەتەوەو لەکاتی خۆیشیدا لە ڕۆژنامەدا بڵاویکردووەتەوە کە ئیمتیازاتی خانەنشینیی وەرناگرێت. هەروەها جەلالی سام ئاغا ئەو خانووەی ئێستا تێیدا دەژی لە گردی سەرچناری سلێمانی کردوویەتی بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە، بۆ ئەوەی دوای کۆچی دوایی خۆی بکرێت بە نەخۆشخانەی گشتی و پیشکەشی کەرتی تەندروستی کردووە. لە بەرامبەر هاوکارییەکانی جەلالی سام ئاغا بۆ کەرتی پەروەردە، ساڵی (٢٠١٩) وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لەماڵەوە سەردانی کرد و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشی لەپای هەوڵەکانی ئەو کەسایەتییە بۆ خزمەتی کەرتی پەروەردە، جگە لە سەردانی چەندین بەرپرسی دیکەی حکومی بۆ ماڵەکەی لە سلێمانی بە مەبەستی سوپاس کردنی، چەند جارێکیش داوای لێکراوە سەردانی هەولێر بکات تا بە فەرمیی و لە ئاستی باڵادا پێشوازیی لێ بکرێت و سوپاس بکرێت، بەڵام ئەو بەباشی نەزانیوە ئەو سەردانانە ئەنجام بدات. کارە خێرخوازییەکانی ئەو بەرپرسە باڵایەی پێشووی حکومەتی هەرێم لە کاتێکدایە، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە گشتیی زۆرترین ڕەخنە و نارەزاییان لەسەرە لەلایەن خەڵکەوە، پەنجەی تۆمەتی گەندەڵیی زەبەلاحیان بۆ ڕادەکێشرێت و کەمترین دەستیان هەبووە لە کاری خێرخوازیی و خزمەتگوزاریی بۆ کەرتە جیاوازەکانی حکومەت لەسەر ئەرک و بە تێچووی خۆیان.

# پانزه

## عـقـد الـهـبــة

**الطرف الاول: الواهبة اختر عمر سام اغا**
**الطرف الثانى:الموهوب لها المديريه العامة للتربيه فى السليمانية**

اولا: رغبة من الطرف الاول فى خدمة التربية والتعليم، وفى خدمة أهالى منطقة سرچنار فى مدينة السليمانية التى تسكنها، فقد عرضت على الطرف الثانى هبة الشقة المرقمة( ٣) فى الطابق الاول مساحتها (١٩٠) متر مربع من البناية المرقمة (٧A) ضمن القطعة المرقمة (٨٦٢/١٣ ) م (٨ ابلاخ ) عدد اسهم الشقة (٥٥ ) سهما في المجمع السكني المسمى ( باك ستي) فى منطقة سرچنار التى اشترتها من ذلك المجمع وتسكنها حاليا، فقد قررت تسجيلها باسم الطرف الثانى فى دائرة التسجيل العقاري كهبة لها بدون عوض لآتخاذها حضانة أو روضة للاطفال باسم ( أختر عمر سام اغا ) بعد وفاتها وبالشروط التالية:

١- لايجوز استعمال الشقة الموهوبة والمذكورة اعلاه لغير الغرض المثبت فى هذا العقد.

٢- يستلم الطرف الثانى الشقة و بكامل الاثاث الموجودة فيها بعد وفاة الطرف الاول.

٣- للطرف الاول الحق فى التصرف بتلك الشقه حال حياتها بسكناها لنفسها او لغيرها او تأجيرها أو لآى غرض اخر ولا يحق لمستأجرها او شاغلها البقاء فيها بعد وفاتها.

٤- فى حالة قيام الطرف الثانى الموهوب لها باجراء أى تغيير فى هيكل الشقة أو توسيعها أو استبدالها بأبنية اخرى لنفس الغرض أو لاتخاذها مدرسة ابتداية أو مدرسة اعلى منها بعد وفاة الطرف الاول، يبقى المشروع الجديد باسم (أختر عمر سام اغا ) ويفضل ان يكون البناء الجديد فى نفس منطقة سرجنار ولايجوز تسميته باسم اخر.

٥- يحق للطرف الاول الرجوع عن هذه الهبة حال حياتها وعلى دائرة التسجيل العقارى اعادة تسجيلها بأسمها او باسم جهة اخرى يحددها الطرف الاول بعد اشعارها واشعار الموهوب لها تحريريا او بواسطة كاتب العدل ولا يحق للطرف الثانى الموهب لها الاعتراض على ذلك.

٦- وافق الطرف الثانى على هذه الهبة وقبولها وفق الشروط اعلاه بكتابه المرقم (   ) في  /  /    .

٧- ينفذ هذا العقد اعتبارا من تاريخ تسجيل الشقة فى مديرية التسجيل العقارى فى السليمانية باسم الطرف الثانى.

الطرف الاول : الواهبة
أخـــتــــر عـمـر سـام اغـا

السليمانية في / / ٢٠

الطرف الثانـي:
المدير العام للتربية فى السليمانية
اضافة لوظيفته
السليمانية في / / ٢٠

# شانزه

## الى/ المديرية العامة للتربية فى السليمانية

### الموضوع / هبة شقة

رغبة مني فى خدمة التربية والتعليم وفى خدمة أهالى منطقة سرچنار فى مدينة السليمانية التى أسكنها، يسرنى أنْ أُعلمكم بأننى قررت أن أهب لكم بدون عوض الشقة المرقمة(٣) مساحتها (١٩٠) متر مربع فى الطابق الاول من العمارة المرقمة (٧A) من المجمع السكنى المسمى (باك ستي) ضمن القطعة المرقمة (٨٦٢/١٣) م ٨ ابلاخ عدد اسهم الشقة (٥٥) سهما فى منطة سرجنار التى اشتريتها من ذلك المجمع وأسكنها حاليا وأود تسجيلها باسم مديريتكم فى دائرة التسجيل العقاري لآتخاذها حضانة أو روضة للاطفال باسم (أختر عمر سام اغا ) بعد وفاتى وبالشروط التالية:

١-لايجوز استعمال الشقة الموهوبة والمذكورة اعلاه لغير الغرض المثبت فى هذه الرساله ونموذج العقد المرفق.

٢-تستلم المديرية اعلاه الشقة وبكامل الاثاث الموجودة فيها بعد وفاتى، ولى الحق فى التصرف بها حال حياتى بسكناها لنفسى او لغيرى او تأجيرها أو لآى غرض اخر ولا يحق لمستأجرها او شاغلها البقاء فيها بعد وفاتى.

٣-فى حالة قيام الموهوب له باجراء أى تغيير فى هيكل الشقة أو توسيعها أو استبدالها بأبنية اخرى لنفس الغرض أو لاتخاذها مدرسة ابتداية أو مدرسة اعلى منها بعد وفاتى، يبقى المشروع الجديد باسم ( أختر عمر سام اغا ) ويفضل ان يكون البناء الجديد فى نفس منطقة سرجنار.

٤-يحق لي الرجوع عن هذه الهبة حال حياتى وعلى دائرة التسجيل العقارى اعادة تسجيلها بأسمى او باسم جهة اخرى بعد اشعارها تحريريا او اشعار الموهوب لها بواسطة الكاتب العدل ولا يحق للموهب لها الاعتراض على ذلك.

٥-يتم الايجاب والقبول على هذه الهبة بعد التوقيع على عقد الهبه المرفق نموذجا منه طيا وبعد قيام الموهوب له بأشعارى موافقته عليه وبالشروط أعلاه والمدونه فى العقد بكتاب

رسمي يتضمن تلك الشروط وصورة من الكتاب الى دائرة التسجيل العقاري والمشروع السكني اعلاه لاجرائات التسجيل.

المرفق : نموذج العقد

أختر عمر سام اغا
/ /٢٠١٧

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی گرێبەستە گشتییەکان و کاروباری یاسایی
(هۆبەی کاروباری یاسایی)

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية التعاقدات العامة والشؤون القانونية
(شعبة الشؤون القانونية)

ژمارە : ٥١٨٠
بەروار : ٨/ ٢/ ٢٠١٧

الى السيدة المحترمة (اخترسام اغا)

الموضوع / هبة شقة

بعدالتحية

بعداطلاعنا على رسالتكم المؤرخة في (16ى1ى2017) والتي تتضمن هبة شقتكم المرقمة(3) في الطابق الاول مساحتها (190) متر مربع من البناية المرقمة ( 7) ضمن القطعة المرقمة (13 862) م (8 ابلاخ) عدد اسهم الشقة (55) سهما في المجمع السكني المسمى (بالك ستي) في منطقة سرجنار الى وزارتنا لاتخاذها حضانة او روضة باسم (اختر عمر سام اغا) بعد وفاتها . نحيطكم علما باننا قبلنا ووافقنا على كافة الشروط الواردة في رسالتكم بخصوص الشقة الموهوبة الى وزارة التربية والمديرية العامة للتربية في السليمانية وهي كالاتي :-

1- لايجوز استعمال الشقة الموهوبة والمذكورة اعده نغير الغرض المثبت في هذا العقد.
2- يستلم الطرف الثاني الشقة وبكامل الاثاث الموجودة فيها بحوفاة الطرف الاول .
3- للطرف الاول الحق في التصرف بتلك الشقة حالة حياتها بسكناها لنفسها او لغيرها اوللتاجيرها او لاي غرض اخرولايحق لمستاجرها اوشاغلها البقا فيها بحوفاتها .
4- في حال قيام الطرف الثانيالموهوب لها باجراء اي تغيير في هيكل الشقة اوتوسيعها او استبدالها بابنية اخرى لنفس الغرض اولاتخاذها مدرسة ابتدائية اومدرسة اعلى منها بحوفاة الطرف الاول يبقى المشروع الجديد باسم (اختر عمرسام اغا) ويفضل ان يكون البناء الجديد في نفس منطقة سرجنار ولا يجوز تسميتة باسم اخر .
5- يحق للطرف الاول الرجوع عن هذه الهبة حال حياتها وعلى دائرة التسجيل العقاري اعادة تسجيلها باسمها او باسم جهة اخرى يحددها الطرف الاول بعد اشعارها واشعار الموهوب لها تحريريا او بواسطة كاتب العدل ولا يحق للطرف الثاني الموهوب لها الاعتراض على ذلك .
6- وافق الطرف الثاني على هذه الهبة وقبولها وفق الشروط اعلاه بكتابة المرقم (1498) في (30ي1ي2017) وزارة التربية مديرية العامة للديوان مديرية التعاقدات العامة والشؤن القانونية .
7- ينفذ هذا العقد اعتبارا من تاريخ التسجيل الشقة في مديرية التسجيل العقاري في السليمانية باسم الطرف الثاني .

مع التقدير

دلشاد عمر محمد كريم

مدير عام

mail: yasaypawarda@gmail.com
Tel. 07708688530/ 07501123310

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی گرێبەستە گشتییەکان و کاروباری یاسایی
(هۆبەی کاروباری یاسایی)

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية العقود العامة والشؤون القانونية
(شعبة الشؤون القانونية)

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

ژمارە ١٢١٢ العدد:
بەروار ١٧ / ١ / ٢٠٢٣ التاريخ: / / ٢٠٢

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و کاروباری یاسایی / بەشی کاروباری یاسایی

بابەت/ ڕاتان

هاوپێچ لەگەڵ نوسراومان وێنەیەک لە گرێبەستی بەخشینی شوقەی ژمارە(٣) ڕووبەری (١٩٠) م دوجا قاتی(١) لە بینای (A7) لە کۆمەڵگەی نیشتە جێ بوون ی پاک ستی بە ژمارەی (١٣ / ٨٦٢) م (١٨) ابلاغ ژمارەی پشک شووقەی (٥٥) لە ناوچەی سەرچنار وە بە ناو کردنی بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کە لەلایەن بەڕێز (اختر عمر سام اغا ) ەوە بەخشراوە بۆ تان دەنێرین بۆ ڕای بەڕێزتان.

لەگەڵ ڕێزدا...

<u>هاوپێچ</u>:-

- سەرجەم بەراییەکان.

دلشاد عمر محمد كريم

بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەک بۆ/

- بەڕێوەبەرێتی گرێبەستە گشتییەکان [redacted]
- هۆبەی کاروباری یاسایی لەگەڵ هاوپێچ
- ئەرشیف

E-mail : yasaparwarda@gmail.com
07501123310
Tel 07708688530

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی<br>بەڕێوەبەرێتی گرێبەستەکان و کاروباری یاسایی<br>(هۆبەی کاروباری یاسایی) | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Education | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التربية<br>المديرية العامة لتربية السليمانية<br>مديرية التعاقدات العامة والشؤون القانونية<br>(شعبة الشؤون القانونية) |

ژمارە: ٥٦٠-٤
بەروار: ١٣ / ٢ / ٢٠١٧

العدد:
التاريخ: / / ٢٠١٧

**بۆ/ بەڕێز ( اختر عمر سام أغا )**

**بابەت / سوپاس و پێزانین**

**بەخشینی بینای ( شقة ی خۆتان بە وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی / ئاوشار بۆ بەکارهێنانی وەک ( باخچەی منداڵان یان قوتابخانە ) بۆ خزمەتکردنی منداڵانی شاری سلێمانی گەورەترین و بەرزترین نیشانەی دڵسۆزی و لە خۆبووردنە بۆ بەرژەوەندی گشتی وە ڕەوشتێکی مەزنە شایستەی ڕێزلێنانێکی زۆر گەورەیە بۆیە سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە دەکەین هیوادارین نموونەتان زۆربێت بۆ خزمەتکردنی نەتەوە و گەل و نیشتمان .**

لەگەڵ ڕێزدا...

**دلشاد عمر محمد كريم**
**بەڕێوەبەری گشتی**

**وێنەی بۆ /**

* وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی هۆبەی موڵکایەتی ..
* نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە ،بۆئاگاداریتان ، لە گەڵ ڕێزدا
* بەڕێوەبەرێتی گرێبەستە گشتییەکان و کاروباری یاسایی
* هۆبەی کاروباری یاسایی
* هۆبەی گرێبەستە گشتییەکان
* ئەرشیف

دیار نوری محمد
٢٠١٧/٢/١٢

E-mail yasayparwarda@gmail.com Tel ٠٧٧٠٨٦٨٨٥٣٠ / ٠٧٥٠١١٢٣٣٢١٠

# حەقدە

## عقد هبة

**الواهب:** جلال عمر سام اغا- يسكن السليمانية- گردى سرچنار. البناء المبني على القطعة المرقمة ( ١٨٧/٢٥٠)، م/ ٨ آبلاخ - رقم التلفون: ( ٠٧٧٠١٥٢٥٢٦ )

**الموهوب له:** مركز ژين للتوثيق والدراسات في السليمانية، ممثلاً برئيسه.. السيد (رفيق صالح أحمد)، بموجب كتاب التخويل المرقم (٧٤ ) والمؤرخ ( ٢٠٢٠/١١/١٩ )، المصرح بموجبه تخويل السيد ( رفيق صالح أحمد) لأجراء هذا العقد مع الطرف الأول.

**موضوع العقد**

إنعقد مجلس الهبة بين الواهب والموهوب له، بتأريخ (٢٠٢٠/١١/٢١) في مدينة السليمانية، بحضور الشهود المدرجة أسماءهم أدناه.

**صدر الإيجاب من الواهب بالصيغة التالية:**

١. الواهب: وهبت كل مملوك منقول لي في البيت الذي أسكنه في محلة گردى سرچنار، والمشيَّد على القطعة المرقمة [ ٢٥٠ \ ١٨٨ م٨ آبلاخ] والمذكورة جمعيها (إسماً و عدداً و نوعاً وحجماً) وصفاً نافياً للجهالة حسب القائمة المرفقة بهذا العقد.

٢. الموهوب له: مركز ژين للتوثيق والدراسات في السليمانية، يمثله السيد ( رفيق صالح أحمد ) توجه إلى الواهب ونطق: قَبِلْتُ منك هذه الهبة وفق النقطة الأولى من العقد.

٣. الموهوب: تم قبض الموهوب جميعها من قبل الموهوب له، وابقاها في يد الواهب بمعنى (قبض الدلالة)، على ان يتم نقل جميعها ليد الموهوب له بعد وفاة الواهب. ويلتزم ورثة الواهب بنقل جميع الموهوبات موضوع العقد إلى الموهوب له (مركز ژين للتوثيق والدراسات في السليمانية) في وقت لا يتجاوز ثلاثة أشهر بعد وفاة الواهب.

٤. ليس لأحد أن يدعي ملكية الموهوبات موضوع العقد بصفة شخصية او كورثة او كوظيفة بإستثناء مركز ژين للتوثيق والدراسات في السليمانية، حصراً.

٥. تعتبر القوائم المرفقة بهذا العقد والبالغة عدد صفحاتها ( ٤ ) صفحات وعدد نقاطها

(٩) نقاط، جزءاً لا يتجزأ من هذا العقد. إضافة إلى قائمة تضم جميع مقتنيات الهبة، والتي تتكون من سبع فقرات، تبدأ بالمطبخ وتختتم القائمة بالمقتنيات المتفرقة آخرها رقم (١٤).

٦. إذا وجدَ الواهب، خللاً جوهرياً في تنفيذ بنود هذا العقد من قبل الموهوب له حال حياته، يجوز له بعد الإنذار، طلب فسخ العقد، بصورة فردية دون الحاجة إلى قرار من المحكمة أو موافقة الطرف الموهوب له.

٧. فيما يتعلق بالسيارة المرقمة (١٤٤٣٨-العراق - السليمانية)، موديل (١٩٨٠) بيضاء اللون، تويوتا كرونا ياباني، مسجلة بإسم الواهب، تكون جزءاً من هذا العقد، ومشمولاً بالهبة كالمنقولات المدونة في القائمة المرفقة بهذا العقد.

٨. إرتبط الإيجاب بالقبول، وقَبِلَ الطرف الثاني هذه الهبة بالصفة أعلاه وبتلك الشروط وأعتبر العقد منعقداً نافذاً في يوم توقيعه.

٩. تم توقيع العقد في السليمانية، بتأريخ ( ٢١ / ١١ / ٢٠٢٠).

## القائمة المرفقة بعقد الهبة

| ت | الموقع | المواد | العدد |
|---|---|---|---|
| 1 | المطبخ | 1. غسالة مواعين<br>2. كاونتر مطبخ المنيوم<br>3. كاونتر معلق في المطبخ<br>4. طباخ ألماني نوع Bosh أربع عيون<br>5. مرشح وساحبة مرفقة مع طباخ | 1<br>1<br>1<br>1<br>1 |
| 2 | قاعة الأكل | 1. كاونتر إيطالي بلون أرزق- ذو طابقين.<br>2. حاجز ديكوري مع ستة كراسي حديدية.<br>3. مايكرو – ناشيونال<br>4. جهاز تسخين الخبز والأكل.<br>5. محفظة الخبز.<br>6. ثلاجة كبيرة – نوع سامسونك- أربعة أبواب – رصاصي. – سعة 765 ليتر.<br>7. منضدة الأكل مع ستة كراسي خشبية، مسطحة بالزجاج. | 1<br>1<br>1<br>1<br>1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3 | غرفة<br>الإستقبال<br>(هول) | 1. ستة كراسي حديدية سوداء مع منضدة خشبية و أربع طبلات خشبية وثلاث طبلات زجاجية و طبلة زجاجية كبيرة للوسط.<br>2. منضدة زجاجية مع تلفزيون كبير الحجم نوع سامسونك<br>3. فرش (سجاد) بقياس (130*200)سم$^{2}$ | |
| 4 | غرفة<br>الضيوف | 1. طقم قنفة خشبية مع غلاف قماش مكونة من ستة كراسي عادية و كرسيان كبيران مع مخداتها، وسبع طبلات خشبية مسطحة بالزجاج.<br>2. شجاد (فرش) قياس (4*8) أمتار.<br>3. المكتبة يحتوي على عدد من الكتب | |
| | | والمجلات والرسائل تقدر بـ (250) عدد.<br>4. جهاز مايكروفون: مكوناتها:<br>راديو- كاسيت – سي دي. | |
| 5 | غرفة<br>نوم رقم (1) | 1. سيسم (فراش) نفرين مع كنتور ورفوفها مع عدد من اللحاف والبطانيان والمخدات.<br>2. كرسيان مغلفان بقماش.<br>3. طبلة<br>4. مرآة<br>5. ومنضدة توليت. | 1<br>1<br>1 |
| 6 | غرفة<br>نوم<br>رقم(2) | 1. سيسم نوم نفر واحد<br>2. كنتور ذو ثلاث أبواب<br>3. ميز كؤمبيوتر مع أجنحتها<br>4. جهاز إستنساخ موديل (SHARP)<br>5. جهاز إستنساخ ملون موديل (RICOHC240)<br>6. حاسوب شخصي (COPUTER) موديل Hp | 2<br>1<br>1<br>1<br>1<br>1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 7 | متفرقات | 1.جهاز سبليت ٢طن ونصف Samsung | 2 |
| | | 2.جهاز سبليت ٢طن ونصف ATC | 1 |
| | | 3. جهاز سبليت Konica | 2 |
| | | 4. ثلاجة ذات ستة قدم | 2 |
| | | 5. مجمدة ١٢قدم | 1 |
| | | 6. دراجة رياضية للتدريب موديل KNC | 1 |
| | | 7. دولاب حديدي ذو بابين | 1 |
| | | 8. مدفئة نفطية | 3 |
| | | 9. مدفئة ذيتية | 2 |
| | | 10. مكنسة كهربائية موديل Hitashi | 2 |
| | | 11. مكتبة ذو ستة أبواب /طابقين | 1 |
| | | 12. مبردة هوائية | 1 |
| | | 13.جهاز سكانر Hp | 1 |
| | | 14. جهاز تسجيل الكاميرات ٧ عيون مع شاشة تلفزيون + تلفزيون ملون | 1 |

عقد هبة بين السيد جلال عمر سام آغا و مركز زين للتوثيق والدراسات في السليمانية

٢٠٢٠١١١٢٨

الموهوب له

مركز زين للتوثيق والدراسات في السليمانية

يمثله السيد (رفيق صالح أحمد) بصفته ممثلاً

عن مركز زين للتوثيق والدراسات في السليمانية ،لابصفته الشخصية.

الواهب

جلال عمر سام آغا

السليمانية- كردى سەرچنار

بموجب كتاب التحويل المرقم ( 24 ) والمؤرخ في ( 2020/11/19 )

| التسلسل | اسماء الشهود | التوقيع |
|---|---|---|
| 1 | فاروق ملا مصطفى رسول | |
| 2 | عمر حسين أحمد | |
| 3 | خالد حمه غريب عبدالرحمن | |
| 4 | بكر حمه صديق | |
| 5 | زيرك فاروق ملا مصطفى | |
| 6 | شيخ محمد الحفيد | |
| 7 | شيخ محمد سەرگەلوي | |
| 8 | شكر عمر سام آغا | |
| 9 | شكير عمر سام آغا | |
| 10 | سامان جلال سام آغا | |
| 11 | صفوت رشيد | |
| 12 | هوشيار عبدالله | |
| 13 | نيزار محمد علي | |
| 14 | فيصل محمد | |
| 15 | ياسين ملا أحمد | |
| 16 | د. [illegible] أحمد صالح | |
| 17 | فؤاد إسماعيل عارف | |
| 18 | كامل نظام الدين (كاكل زير) | |
| 19 | يوسف محمد صادق | |
| 20 | شيخ مەحمود شەمدینە | |

**بنکەی بەڵگاندن و**
**لێکۆڵینەوەی ژین**
مرکز ژین للتوثیق والدراسات
Zheen Center for Documentation and Research

بنکەی ژین

ژمارە: ٧٤ ڕۆژ: ٢٠/١١/١٩

بنکەی ژین
دەرچوو

١ بەڕێز: جەلال عومەر سامئاغا
ب: سەرپشککردن

پاش سلاو،

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی "بنکەی بەلگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین"، بەڕێز ڕەفیق سالح ئەحمەدی سەرپشککردووە بۆ ئیمزاکردنی عەقدێک لەگەڵ بەڕێزتان سەبارەت بەو کەلوپەلە لەگواستنەوەهاتووە بەخشراوانەتان بە بنکەی ژین کە لە لیستی بەگەڵخراوی عەقدەکەدا نووسراون، هەموو دەسەڵاتێکیشی بۆ ئەم مەبەستەی لای سەرەوە پێداوە.

سپاس بۆ تێخوێندنەوە و دڵسۆزیتان.

بەوپەڕی ڕێزەوە.

ڕەفیق سالح
بەڕێوەبەری بنکەی ژین

وێنەی بۆ:
- نووسراودانی دەرچوو.
- ژمێریاری، بۆ ئاگاداری.

عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی: شەقامی ١١ پیرمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین
ئامێر: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٢ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یان ٠٧٧٠١٥٢٢٨٩٦ ژ. سندوقی پۆستە: ١٤ بەختیاری
پێگە: www.zheen.org ئاریشان: zheen@zheen.org

# هەژدە

هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
نوسینگەی تایبەت

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٢٥٠
رۆژ: ٢٠٠٢/٠٩/٢٢
٣١/گەلاوێژ/٢٧٠٢

*بۆ بەڕێز کاک جەلالی عومەری سام ئاغا/*

*بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری*

*ب/ سوپاس و پێزانین*

پێشکەشکردن و بەخشینی خانوویەکی تایبەتی خۆتان بۆ وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی / ناوشار بۆ بەکارهێنانی وەک نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی بۆ خزمەتکردنی هاولاتیان گەورەترین و بەرزترین نیشانەی دڵسۆزی و خۆلێبوردنە بۆ بەرژەوەندی گشتی، ڕەوشتێکی مەزنە شایستەی ڕێزلێنانێکی زۆر بڵندە، بۆیە بە ڕێزلێنانێکی زۆرەوە سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە دەکەین، هیوادارین نمونەتان زۆربێت، بۆ خزمەتکردنی نەتەوە و نیشتمان.

لەگەڵ ڕێزدا

دکتور یادگار رؤوف حشمت
وەزیـــــر

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی هەرێم/ لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەیران / نوسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی دارایی و ئابوری/ نوسینگەی تایبەت/ لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی دارایی و ئابوری، نوسینگەی بریکاری وەزارەت/ لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی تایبەت
- نوسینگەی بریکاری وەزارەت
- ب.گ تەندروستی سلێمانیی/ ناوشار/ دەوربەر/ کەرکوک/ هەولێر/ ڕانیە
- ب.گ دیوان / بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی/ ب.گ نەخشەکێشان و فێرکردنی تەندروستی
- فایلی تایبەت

# نۆزدە

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی تەندروستی
نوسینگەی تایبەت

ژمارە : ٢٣٠
رۆژ: ٠٩/ گەلاوێژ/٢٧٠٢
٢٠٠٢/٠٨/٣١

## بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانی

### بابەت/ تۆمارکردن

بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا خانووی ژمارە / ٢٥٠/١٨٧مقاطعەی آبلاخ کە ڕووپێوەکەی بریتییە لە (٤٥٠م٢) چوار سەد و پەنجا مەتر دووجای بەخشیوە (هبەی کردووە) بەبێ بەرامبەر (بدون عوض) بۆ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی/ ناوشار بەمەبەستی خزمەت لێوەرگرتنی وە بەکارهێنانی وەک نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی، ئەم بەخشینە (هبەیە) کۆمەڵێک مەرجی تێدایە ئێمە وەک وەزارەتی تەندروستیو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی / ناوشار ڕەزامەندین بە هەموو ئەو مەرجانەی کە ئەو بەڕێزە بە نوسراوی بەرواری (٢٠٠٢/٨/٢٨) ئاڕاستەی کردووین کە وێنەی هاوپێچە، وە ئێمە ڕەزامەندیمان دەربڕیوە بە هەموو مەرجەکان وە ئاڕاستەمان کردووە بە نوسراومان ژمارە (٢٢٨) بەرواری (٢٠٠٢/٠٨/٢٨ کە وێنەی هاوپێچە، وە هەروەها لە ئەنجامی ئەم کارەدا پەیوەستەیەک (عقدێک) مان ئیمزا کردووە لەبەرواری ٢٠٠٢/٠٨/٢٨ کە وێنەی هاوپێچە، وە ڕەزامەندی هەردوولا لەسەر ئەو مەرجانەی کە لەو عقدەدا هاتووە لەلایەن هەردوولامانەوە پەسەندکراوە، تکایە کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ تۆمارکردنی هبەی ئەم موڵکە

بەناوی وەزارەتمانەوە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی/ ناوشار بەجۆرێک کە هەموو ئەو مەرجانە ڕەچاو بکرێت، وە بۆ ئاگاداریتان وە لەسەر داوای بەڕێز کاک جەلال عومەر سام ئاغا مصاریفی تێچوونی تۆمارکردنی هبەکە بەڕێزیان خۆیان دەفعی دەکەن، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە.

**هاوپێچ/**

١- نووسراوی بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا، بەروار: ٢٠٠٢/٠٨/٢٨

٢- وەڵامی وەزارەتمان بە نوسراومان ژمارە (٢٢٨) لە ٢٠٠٢/٠٨/٢٨.

٣- پەیوەستە (عقد)ی بەینی هەردوولامان کە هەردوولامان لە بەرواری ٢٠٠٢/٠٨/٢٨ ئیمزامان کردووە.

لەگەڵ ڕێزدا



د. یادگار رؤوف حشمت

وزیر الصحة

٢٠٠٢/٠٨/٢٨

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانیاریتان لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ زانیاریتان لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە/ بۆ زانیاریتان لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز کاک جەلالی عومەری سام ئاغا / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی تایبەت
- نوسینگەی بریکاری وەزارەت
- ب. گ تەندروستی سلێمانی/ ناوشار/ بۆ زانیاریتان
- ب.گ دیوان/ ب.گ پلان و نەخشەکێشان/ ب.گ کاروباری تەندروستی فایلی تایبەت

**بەیان ٢٠٠٢/٠٩/٠٤**

# بيست

## { عقد الهبة}

**الطرف الأول : الواهب/ جلال عمر سام آغا**
**الطرف الثاني/ الموهوب لها / وزارة الصحة/ المديرية العامة للصحة السليمانية**

رغبة من الطرف الأول في خدمة أهالي المحلة التي يسكنها فقد عرض عل الطرف الثاني هبة داره المرقمة {١٨٧/٢٥٠م٢ آبلاخ وبمساحة ٤٥٠م٢} الواقعة في محلة سرچنار بمحافظة السليمانية لغرض إتخاذها مستشفىً أو مركزاً صحياً وبإسمه بعد وفاته، وذلك بموجب الشروط الواردة في رسالته المؤرخة {٢٠٠٢/٠٨/٢٧} والمعنونة إلى الطرف الثاني {وزارة الصحة/ المديرية العامة لصحة السليمانية} وفي مقابلِ ذلك وافق الطرف الثاني على ما عرضه الطرف الأول عليه و وفقاً للشروط الواردة في رسالته و قد عبر الطرف الثاني عن موافقته بموجب كتابه المرقم {٢٢٨- في ٢٠٠٢/٠٨/٢٨}.

ولكي تتخذ هذه الهبة شكلها القانوني إتفق الطرفان على إبرام عقد الهبة وفقاً للبنود التالية:-

أولاً:- وافق الطرف الثاني على إيجاب الطرف الأول و الخاص بهبة داره إليه.

ثانياً:- يجب على الطرف الثاني إتخاذ الدار الموهوبة والمذكورة رقمها أعلاه مستشفىً أو مركزاً صحياً و بإسم الواهب {جلال سام آغا} ولا يجوز للطرف الثاني إستعمال الدار الموهوبة له لأي غرض آخر إلا الغرض المذكور أعلاه حصراً.

ثالثاً:- يجب على الطرف الثاني تسمية المستشفى أو المركز الصحي بإسم مستشفى أو مركز {جلال سام آغا} الصحي ولا يجوز له تسميته بأي إسم آخر غير الأسم المذكور أعلاه.

رابعاً:- استلام الدار الموهوبة من قبل الطرف الثاني يكون بعد وفاة الطرف الأول ولا يحق له مطالبة الطرف الأول بتسليم الدار إليه قبل تأريخ الوفاة.

خامساً:- يبقى الطرف الأول طيلة مدة حياته شاغلاً للدار الموهوبة ومنتفعاً بها بكافة أوجه الإنتفاع عن طريق إستعمالها أو إستغلالها مباشرة أو من قبل الغير أو تأجيرها بالوجه الذي يرغب فيه ويمتنع الطرف الثاني من معارضة الطرف الأول في التصرفات القانونية أعلاه.

سادساً:- إذا إقتضت المصلحة العامة بعد وفاة الواهب تغير بناية الدار التي اتخذت

مستشفئ او مركزأ صحياً لغرض توسيعها أو إعادة بنائها وفقاً للتصاميم المعتمدة في بناء المستشفيات أو المراكز الصحية يجب عل الطرف الثاني الالتزام بالبند الثالث من هذا العقد وإبقائها بإسم مستشف أو مركز { جلال عمر سام آغا} الصحي.

سابعاً:- يحق للطرف الأول {الواهب} الرجوع في الهبة مت ما يشاء قبل وفاته وان الطرف الثاني {الموهوب له} موافق مسبقاً على رجوع الطرف الأول في الهبة في أي وقت يشاء قبل أجل الوفاة.

ثامناً:- في حالة رجوع الطرف الأول {الواهب} في الهبة على مديرية التسجيل العقاري في السليمانية إعادة تسجيل الدار بإسمه بمجرد قيامه بأشعار المديرية المذكورة أعلاه مع وزارة الصحة أو المديرية العامة لصحة السليمانية برجوعه في الهبة على أن يكون الأشعار بواسطة كاتب العدل ولا يحق لمديرية التسجيل العقاري في السليمانية تعليق إعادة تسجيل الدار الموهوبة بإسم الواهب مجدداً على موافقة وزارة الصحة أو المديرية العامة لصحة السليمانية لأنها أبدت هذه الموافقة مسبقاً كما جاء في البند السابع من هذا العقد تتم عملية إعادة تسجيل الدار بإسم الواهب متى ما رغب في ذلك قبل وفاته.

تاسعاً:- يتحمل الطرف الأول دفع جميع الرسوم التي تترتب على تسجيل الملك المذكور أعلاه {الدار الموهوبة} بإسم وزارة الصحة أو المديرية العامة لصحة السليمانية وكذلك دفع جميع الرسوم التي تترتب على إعادة تسجيل الدار الموهوبة بإسم الطرف الأول {الواهب} في حالة رجوعه الهبة.

عاشراً:- إتفق الطرفان عل أن تقوم مديرية التنفيذ السليمانية بإتخاذ الإجراءات اللازمة لتسليم الدار االموهب إلى الطرف الثاني بعد وفاة الطرف الاول

إتفق الطرفان على ما سبق و و قعا أدناه بتأريخ ٢٠٠٢/٠٨/٢٨



الطرف الثاني
د. يادگار رؤوف حشمت
وزير صحة حكومة أقليم كوردستان
إضافة لوظيفته
٢٠٠٢/٠٨/٢٨



الطرف الأول
جلال عر سام آغا
٢٠٠٢/٠٨/٢٨

# بيست و يەك

اقليم كوردستان

مجلس الوزراء

وزارة الصحة — الرقم : ٢٢٨

مكتب الوزير — التاريخ : ٢٠٠٢/٠٨/٢٨

## إلى جلال عمر سام آغا

### الموضوع/ هبة دار

بعد التحية:

بعد إطلاعنا على رسالتكم المؤرخة في ٢٠٠٢/٠٨/٢٨ والتي تتضمن (هبة) داركم المرقمة (٢٥٠/١٨٧م٢ آبلاخ بمساحة ٤٥٠ م٢) لغير الغرض الوارد في الشرط (١) الوارد في رسالتكم وهو اتخاذها مستشفىً) أو مركزاً صحياً و بالاسم المذكور أعلاه.

٢. نلتزم بالشرط (٢) الوارد في رسالتكم بأننا سوف نستلم الدار الموهوبة إلينا بعد وفاتكم ولا يحق لنا القيام بذلك قبل وفاتكم سواء بقيتم ساكناً فيها كما هو الحال الآن أو أجرتموها أو أسكنتم غيركم فيها.

٣. في حالة قيامنا بأية توسعات في الدار الموهوبة أو إعادة بنائها وفقاً للتصاميم المعتمدة في بناء المستشفيات أو المراكز الصحية، نلتزم بتنفيذ شرطكم حول بقاءها بإسم مستشفى أو مركز (جلال عمر سام آغا) الصحي.

٤. لكم الحق في الرجوع عن الهبة المذكورة في أي وقت تشاؤون قبل وفاتكم وإننا نبدي موافقتنا مسبقاً على رجوعكم عن الهبة متى ما رغبتم في ذلك طيلة مدة حياتكم وعلى مديرية التسجيل العقاري في السليمانية إعادة تسجيل الدار بإسمكم بمجرد قيام بإشعارها وأشعارنا في نفس الوقت دون الحاجة إلى موافقتنا لآننا أبدينا موافقتنا مسبقاً على حقكم في الرجوع عن الهبة متى ما شئتم لك قبل الوفاة، وإن عملية إعادة تسجيل الدار بإسمكم لا تعلق على موافقتنا وأن الأشعار يتم بواسطة كاتب العدل.

٥. نوافق على تحملكم دفع جميع الرسوم التي تترتب على تسجيل الملك بإسم وزارتنا وكذلك جميع الرسوم التي تترتب على الرجوع عن الهبة وإعادة تسجيل الملك بإسمكم.

في الختام نعلمكم بأننا نبدي جميع التسهيلات اللازمة لإبرام (عقد الهبة) وفقاً للشروط الواردة في رسالتكم والتي تمت الموافقة عليها من قبلنا.

مع التقدير



د. يادگار رؤوف حشمت
وزير الصحة
٢٠٠٢/٠٨/٢٨

نسخة منه إلى/

* المديرية العامة لصحة السليمانية / للعلم مع التقدير.

# بيست و دوو

## إلى وزارة الصحة الموقرة/ المديرية العامة لصحة السليمانية

### الموضوع/ هبة الدار إلى وزارتكم لإتخاذها مستشفى

بعد التحية:

رغبة مني في خدمة أهالي محلة سرچنار التي أسكنها، يسرني أن أعلمكم بأنني قررت أن أهب (بدون عوض) الدار التي أملكها في محلة سرچنار والمرقمة (١٨٧/٢٥٠م٨ آبلاخ بمساحة ٤٥٠م٢) إلى وزارتكم ( المديرية العامة لصحة السليمانية) لإتخاذها مستشفى أو مركزاً صحياً بإسم (جلال سام آغا) وبالشروط التالية:-

١. لايجوز استعمال الدار الموهوبة لغير الغرض المثبت أعلاه وهو (إتخاذها مستشفى) أو مركزاً صحياً وبالإسم المذكور أعلاه.

٢. تسلم وزارتكم الدار الموهوبة لها (المذكورة أعلاه) بعد وفاتي ولا يحق لها ذلك قبل وفاتي سواء بقيت ساكناً فيها كما هو الحال الآن أو أجرتها أو أسكنت غيري فيها وإنما لها الحق في ذلك بعد وفاتي.

٣. في حالة قيامكم بعد وفاتي بأية توسعات في الدار الموهوبة أو إعادة بنائها وفقاً للتصاميم المعتمدة في بناء المستشفيات أو المراكز الصحية، إن شرطي هو بقائها بإسم مستشفى أو مركز (جلال عمر سام آغا) الصحي.

٤. يحق لي الرجوع عن الهبة المذكورة في أي وقت أشاء قبل وفاتي، وعلى مديرية التسجيل العقاري في السليمانية إعادة تسجيل الدار بإسمي بمجرد قيامي بإشعارها و أشعار وزارتكم أو المديرية العامة لصحة السليمانية برجوعي عن الهة المذكورة على أن يكون الأشعار بواسطة كاتب العدل وليس لمديرية التسجيل العقاري في السليمانية تعليق إعادة تسجيل الدار الموهوبة بإسمي على موافقة وزارة الصحة أو المديرية العامة لصحة السليمانية وعلى مديرية التسجيل العقاري أن تقوم بإعادة تسجيل الدار الموهوبة بإسمي بمجرد تسلمها أشعاراً برغبتي في ذلك.

٥. جميع الرسوم التي تترتب على تسجيل الملك المذكور بإسم وزارتكم وكذلك جميع الرسوم التي تترتب على الرجوع عن الهبة وإعادة تسجيل الملك بإسمي، أتحملها أنا.

٦. بناء عليه إذا كانت وزارتكم الموقرة تقبل هذه الهبة وبشروطها المدونة أعلاه أرجو أن تصدر موافقة تحريرية بقبول الهبة وقبول شروطها وأن تدرج الشروط في كتاب الموافقة والأشعار إلى مديرية التسجيل العقاري في السليمانية بذلك لكي أبدأ بإجراءات تسجيل الدار بإسم وزارتكم وفقاً لما تقدم.

مع فائق التقدير



جلال عمر سام آغا
٢٠٠٢/٠٨/٢٨

**المرفقات:**

* صورة التسجيل العقاري للملك المذكور

الجمهورية العراقية

**وزارة العدل**
مديرية تسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية

نموذج رقم (٢٣) تسجيل العقاري
سند موقت للمعاملات الدائمية

| رقم الشقة | رقم الطابق | الناحية | القضاء | المحافظة | وصف التسجيل العقاري الدائمي: رقم الجلد | التاريخ | العدد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سرچنار | | السليمانية | ١١٤١ | ٢٠٠٠ / ٩ / ايلول | ٥١ |

| اسم المقاطعة | رقم المقاطعة | رقم القطعة | رقم الباب | الشارع | المحلة | تسلسل العقار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ٨ | ٢٥٠ / ١٨٧ | | | | |

جنس العقار: الارض الحاوية مبانی

نوع العقار (الصنف): سند حكومی

المشتملات: [illegible]

المساحة:

| متر مربع | اولك | دونم |
|---|---|---|
| ٥٠ | ٤ | |

نوع المعاملة:- الهبة المشروطة

المالك او المتصرف وتابعه:- وزارة الصحة/المديرية العامة لصحة السليمانية

اشارات الماميات العينية ومواقع التسجيل:-

| المبلغ التابع للرسم: دينار | فلس | مبلغ البدل: دينار | فلس | القيمة: دينار | فلس |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

الختم الرسمي والتوقيع

التوقيع:
اسم الموظف:

# بیست و سێ

## وەڵامێك لە جەلالی سام ئاغاوە

٢٦-٠١-٢٠٢١ ١٦:٥٣:٤٥

## جەلالی سام ئاغا



پەرەگراف

جەلالی سام ئاغا، کەسایەتیی دیار و سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ پەرەگراف نێردراوە، وەڵامی تۆمەتی کەسێک دەداتەوە کە لە فەیسبوک ئاراستەی کردووە. دەقی وەڵامەکە:



**Fayaq Gharib**

**بە ڕێزان  کە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی**
**بوو دوو جار  زەوی بۆ خۆی وە رگرتبوو  کاتێک**
**پێیان زانی حجز خرایە سە ر زە ویەکەی خێرا**
**دانەیەکیانی بەخشی بە تەندروستی ...هە ر بۆ**
**زانیاری  ئەگینا ئێمەش  دەست خۆشی  لە کاری**
**خێرو چاکە دەکەین و ..... چاکە کردنیش**
**ڕێکلامی پێویست نیە**

## وەڵامێک بۆ کۆمێنتە ناڕاستەکەی فایەق غەریب
## سەبارەت بە بەخشینی ناوماڵەکەم بە بنکەی ژین بۆ بەلگاندن و توێژینەوە لە سلێمانی

## وەڵامێک بۆ کۆمێنتێکی ناڕاست
## (کە ماڵت لە شوشە بوو بەرد لە ماڵی خەڵکی مەگرە)

هەندێک کەس؛ ڕاست دەکەن بە چەپ.. چەپ دەکەن بە ڕاست، ئەوانن زێڕی خەڵک وەک خۆڵ و کا پیشان دەدەن و قەزەمە سیاسییەکانیش هەڵدەنێن. ئاخر کەسێکی وەکو بەندە موڵکی تایبەتی خۆی بخاتە سەر موڵکی گشتی، کەسانێکیش هەبن، موڵک و ماڵی گشتی بۆ خۆیان بە ڕەوا ببینن و کەسیش نەبێت لەسەریان هەڵلا بنێتەوە، دونیایەکی سەیرە.. کەسانێک دژی ئەو  هەڵوێست و کارانەی بەندە کردوویتی بوەستنەوە... کە تەنانەت بەبێ هیچ مەرامێک، بەڕەی ماڵەکەشم بەخشیوە، بەرگریکاری ئەو کەسانەش بن کە بەنوێژی نیوەڕۆ لە نقومی گەندەڵیدا خەریکی تالانین.. ئەمانیش درۆیان بۆ بکەن.. ئایا کەسانی لەو جۆرە مافناسن، پێوەری کارەکانیان چین؟

فایەق غەریبی مافناس.. گومانی لێمان هەیە و دەڵێت: [دووجار زەوی وەرگرتووە.. دوای ئەوەی پێیزانراوە، خێرا یەکێکیانی بەخشیوە]. داهاتووی ئەم نوسینەم.. وردەکاری ئەو بەردەی فایەقی پارێزەر فڕێیداوەتە گۆمی ئاوەسازگارەکەی لەمەڕ ئێمەوە، دەخەمە بەردەم شەنوکەوکردنی هەموو ڕاستییەکان کە ئەم مافناسە بێئاگایە لێیان یان خۆی بێئاگا کردووە. لێرەدا بەم کەسە دەڵێین ئایا کارەکانی بەندە نەنگیی تێدایە؟ بەم ڕۆژگارە هەواڵی دزینی ملیارەها دۆلار و بەتالانبردنی سامانی نەوتی ئەم هەرێمە، سەرەڕای داگیرکردن و پاوانخوازی لەسەر چەندین دۆنم زەوی

خاوەندار و موڵکی حکومەت کە دەستی بەسەردا دەگیرێت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی هەندێک لە ئاغاکانی کوردستان قۆرغ دەکرێت، ئێوە و کەسانی تریش بەهیچ کلۆجێک ڕێگە بەخۆتان نادەن تەنها یەک پەرەگرافیشی لەسەر بڵاوبکەنەوە، ئینجا بەزەرەبینی نادادپەروەریتی.. بۆ لەکەیەک دەگەڕێیت، کە هیچ لەکەیەکیش لەخۆمدا گومان ناکەم.. چونکە شانازییە بتوانم زەوی ببەخشم، یاخود بەسامانی خۆم.. زەوییەکە بکەمە پرۆژەیەکی بیناسازی و بیبەخشم بەو لایەن و شوێنانەی توانای خزمەت گەیاندنیان هەیە:

**یەکەم**

جێنشینگەکەی خۆم ببەخشمە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوەڵ و دۆست و دراوسێ بەئەمەکەکانی گەڕەکەکەم..

**دووەم**

خەڵات بۆ فەرمانبەرە لێهاتووەکان و خانم سەلارانی.. دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی دابین بکەم..

**سێیەم**

دروستکردنی خوێندنگەی مۆدێرن بۆ منداڵی هەژارانی گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی..

**چوارەم**

دروستکردنی باخچەیەکی ساوایان بۆ منداڵانی چاوگەش لە گەڕەکی زەرگەتە لە سلێمانی..

**پێنجەم**

سەرەڕای ئەو بەخشینانەی سەرەوە.. دوابەخشینم کەئەویش ناو ماڵەکەمە بەخشیومەتە بنکەیەکی رۆشنبیری ناوداری شارەکەم، کە بنکەی ژینە بۆ بەڵگاندن و توێژینەوە.. دەمویست بڵێم ڕووم دەکەمە جەنابتان.. هەتا پێتان بڵێم، بەڵام نادادیی ئێوە.. خەمساردی کردم ڕووتان تێبکەم.. چونکە دەبوو تۆ مافناس بویتایە.. نەک بەرژەوەندیی پەرست!

بەپێی زانیارییەکانت؛ گوایە ئەو پارچە زەوییە [٢٠٠مەتردوجا]یە، حیجزی لەسەرە، لەسەرخواستی خۆم بەخشیومە بە دیوانی چاودێریی دارایی، پاش ئەوەی بە بڕی [٧٠,٠٥٦,٠٠٠]دینار تەنها حەفتا ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار فرۆشراوە.. پارەکەش لەبانک حیسابێکی بۆ کراوەتەوە، بۆ ئەوەی ساڵانە بڕی [٩٠٪]ی قازانجەکەی.. وەکو خەڵات بدرێتە کارمەندانی لێهاتوو و خانمەسەلاری فەرمانگەکە. فایەقی حەمە

غەریب، ئەو حیجزەش ڕقوکینەی کەسێکی تر بوو.. دوور لەیاسا و ڕێنمایی فەرمی، لە ژێر گوشارو وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی کە لەسەر گەندەڵیو سەرپێچییەکانی فەرمانگەکەی ئامادە کرابوو، بۆیە زۆر بەتوندی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانەوە، هەڵوەشێنرایەوە.. باش بزانە.. بەندە، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووم، کە پلەکەم وەزیر بوو، بەپێی ماددەی [١٥ لە نیزامی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە ٢١٢ی ساڵی ١٩٩٩] پارێزبەندیشم هەبوو(حصانة)، کە بەپێی ئەو بڕگە یاساییە، وەکو سەرۆکی دیوانو جێگرەکەشم.. هیچ تەعقیباتێکی یاسایی نەیدەگرتینەوە، تەنها لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەبێت. ئەوەش مەسەلەی ئەو حیجزەی لەباسەکەدا ئاماژەم پێداوە.. ئەنجومەنی وەزیرانیش بەئەمەکانەوە کپیکردەوە، ، چونکە حیجز بە یاسا دادەنرێو بە یاسا لادەبرێ، ئەمەش دەبوایە ئەلف و با بێت بۆ تۆی مافناس تا تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێیت. چالاکییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، کەخۆی لە ڕێگری کردنو دۆزینەوەی گەندەڵی و گەیاندنی دەنگی ڕاستگۆیی بە دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینییەوە، دوای ئەوەی چەندین ڕاپۆرتی لەسەر فەرمانگەی شارەوانی گەیاندە بالاترین بڕیار بەدەستی حکومەت، ئەمەش دەریخستو پیشانی دا کە گەندەڵی و دەستبردن بۆ موڵک وماڵی گشتی و تایبەتی، چ ئاقارێکی لێدەکەوێتەوە... ڕاپۆرتەکان بەسەدەها لاپەڕە پێکدەهێنن و پارێزراون لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، سەرەڕای دیوانی چاودێریی داراییش.. ئەوەش بزانە، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی ئەوکات، بەشێوەیەکی کاتیی سزادانەکە هەڵپەسێردرا.. هەتا ئێستاشی پێوە بێت، بابەتەکە بێ وەڵامەو لێپرسینەوە لە جوڵاندنی ڕاپۆرتەکان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، ئەو ڕۆژەی کە ڕاپۆرتەکانی ئەم دزو گەندەڵانە دەکەوێتە بەردەست گەلە بەشەرەفەکەمان وابزانم نزیکە.. ئەوەش بزانە، ئەوکات لەناو ٧٥٠ دامودەزگای حکومیدا شارەوانی سلێمانی کە تۆ بەرگری لێدەکەیت، پلەی یەکەمی وەرگرتبوو لە گەندەڵی و سەرپێچیدا بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەردەستمان!

ڕاستییەکانی سەر ئەو دوو موڵکەی کاکی مافناس وروژاندوونی لە خوارەوە دەخەمە ڕوو:

**یەکەم/** موڵکی ژمارە [١٨٧/٢٥- ئابلاخ]ە.. لە گردی سەرچنار.. ڕووبەرەکەی[٤٥٠ مەتر دووجا]یە، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا واتە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، بەنرخی «٢٢,٥٠٠ دینار- تەنها بیست و دوو دینار و پێنجسەد فلسی سویسری».. لە[جمعية كردستان التعاونية لإسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية

المحدودة] کڕیومە، نە.. بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییە هەڵەکانیشت دەمەوێت پێت بڵێم، کە لە شارەوانی وەرمنەگرتووە، وەکو هەر ئەندامێکی [جمعیة کردستان] کە ژمارەیان [٤٠٠-٥٠٠] ئەندام دەبوو، هەمووشیان لە فەرمانبەرە نیشتمانپەروەرە ناسراو و دیارەکانی شاری سلێمانی بوون..

هەمووشمان بەیەک فەرمانی فەرمی کڕیومانە.. هەر یەک مەتر دووجایەکیش بە نرخی [٥٠ فلس- پەنجا فلس] نرخێنراوە، جا بۆ ئەوەی لێشم نەبێتە دەمڕاستی ڕێزمانی کوردی بڕگە و باسەکەم زۆر بە وردی شیدەکەمەوە، نەکا ترشوخوێکەت تاڵ بێت، ناوی کڕیارەکانیش لە ئەرشیفی [جمعیة کردستان التعاونية لإسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة] و لای خۆشمان.. پارێزراوە، بۆئەوەی جورئەتی کنەکردن بەدوای درۆدا هەنگاوەکانت پەشۆکاو بکات.. کاکی مافناس گوێبگرە.. با پێت بڵێم.. [٢٥- بیست و پێنج] ساڵ، دوای کڕینی ئەو زەوییە ئینجا من بوومەتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی، بۆیە دەپرسم ئەمەیە مافناسییەکەت؟

**دووەم/** موڵکی ژمارە [٢٦٥/٢٦- ئابلاخ].. ڕووبەرەکەی [٢٠٠ مەتر دووجا] بوو، یەکێکە لەو زەوییانەی ساڵانی نەوەدەکان.. بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، بەخشراوە بە سەرجەم ئەندامانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکانی شارەوانی [سلێمانی- هەولێر- دهۆک]، ئەمەش وەکو پاداشتێک بووە، کە ئەم ئەندامانە بەبێ مووچە بۆ ماوەی چەندین ساڵ خزمەتیان کردووەو.. کارەکانی ئەم شارەوانییانەیان ڕاپەڕاندووە، بەخشینەکەش بێ مەرج بووە، واتە ئەو ئەندامانەی بەخشینی زەوییەکە دەیگرتنەوە، ئاسایی بوو.. پێشتر سوودمەند بووبێتن وەیان نا، لەبەرئەوەی فەرمانی بەخشینەکە بریتی بوو لە ئەمەکداری حکومەت بەرامبەر بەو خزمەتە بێ موچەیە، چەندین ئەندامی شارەوانی زەوییشیان وەرگرتبوو، بەڵام بەخشینەکە ئەوانەشی دەگرتەوە، زانیارییەکانیش لە ئەرشیفی شارەوانییەکان پارێزراون و ئەوەلیاتیان هەیە.. لەوێش نەبێ، لای خۆمان پارێزراوە.

ئیتر گەزی چی.. جاوی چی!؟ خۆڵ دەکەیتە چاوی کێ؟ ئەوەش بزانە ئەوەی مانگانە بە دەیان ملیۆن دینار و سەدان هەزار دۆلاری بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕاندەوە.. دەزگاکەی ئێمە بوو. سەرنج/ ئەگەر زانیاریشت لا نییە، ئەوا بەندە، زانیاری باشم لایە، ئەیدەم بە تۆی مافناس..

**سێیەم/** بەرپرس هەیە کە تۆ بەرگری لێ دەکەیت، [٨- هەشت پارچە زەوی وەرگرتووە- هەر پارچەیەک ٢٠٠ مەتر دووجا]یە، واتە مافی هەشت فەرمانبەری فتکردووە بۆ خۆی.. کۆی گشتی ئەو پارچە زەوییانە دەکاتە (١٦٠٠مەتر- هەزار و شەشسەد مەتر دووجا)، بۆیە دەڵێم دەستت لەیەخەی بەندە بەردە.. چونکە بەندە

لەسەر سامانی خۆم باخچەیەکی ساوایانم.. لەسەر ڕووبەری (١٨٠٠مەتر دووجا)ی زەوییەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بیناکردووە، بەناوی [باخچەی ساوایانی ئەختەری ساماغا] کە بڕی تێچووەکەی دەگاتە (٤٠٠٠٠٠ دۆلار- تەنها چوارسەد هەزار دۆلار)، سەرەڕای ئەوەی خوێندنگەی نمونەیی زەکییەی سامئاغام لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد دروستکردووە و تێچووەکەی (٧٠٠٠٠٠ دۆلار- تەنها حەوتسەد هەزار دۆلار) بووە، ئەم خوێندنگەیەش بۆ نەوجەوانان و منداڵانی ئەو گەڕەکە هەژارنشینە، کە ڕووبەرەکەی [٧٠٠٠- حەوت هەزار مەتر دووجا]یە،[٣٠٠٠مەتری بینای خوێندنەگەکەیە- ٤٠٠٠ مەتر دووجاکەی تریشی باخچە و سەوزایی و گوڵ وگوڵزارە]، ئەمەش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە خزمەتێکی پڕ بایەخە، شانازی پێوە بکەم، کەسانێک کە تۆ بەرگری لێ دەکەیت، بەپێچەوانەی بەندە، کاتی خۆی ڕووبەرێکی فراوانی لە یاریگای دواناوەندی فریشتەی کچان دابڕی بوو و بە داگیرکردنی ئەو یاریگایە کاروانسەراکەی پێ بووبوو بە جەننەتولمەئوا، ئای لەم بێ فەڕییە، ئادەی بزانم چیت نوسیوە بۆ ئەو تاڵانچێتییە، کەواتە ئەو مافەی تۆ ناسیوتە چ تامێکە وە ڕەنگی چۆنە؟

**چوارەم/** خۆ هەگبەی ئەو گەندەڵانە هەر ئەوەندە ماڵی دزراوی خەڵکیی تێدانییە، بەڵکو [ ٢,١٢,٥٠] (زیاتر لە دوو دۆنم) زەوی تری لە ناوچەی قلیاسانی سلێمانی تێدایە، ئەم کۆڵەکەیە لەچاوی تاڵانکاراندا نابینی، کەچی بەتەمای پوشێک لەچاوی ئێمەدا ببینی، کە هەرگیز نابینی. هەروەک ئەوتری [بازی .. بازی، بەریشی بابا بازی]. کەواتە جەلال نەگبەتیت بێ، فایەقی مافناس تەعقیب کەرت بێ، چونکە بێئاگایەکی وەک تۆ نازانێت، کە نازناوی بەندە پیاوە سپییەکەیە لە کوردستاندا کە شانازییەکی زۆری پێوە دەکەم.

**پێنجەم/** بەم خاڵەش دەتخەمە ناو دونیای باسوخواسی موچەوە، کە زۆر تایبەتە، بەندە وەک خواستەکانی ترم، ویستوومە سفرەیەک هەتا تەمەنم هەبێت بەڕاخراوی بۆ خەڵکانی بهێڵمەوە، بۆیە بزانە:

١. کاتێک بریکاری وەزارەتی دارایی بووم، داوامکرد بەفەرمی موچەکەم کەمبکرێتەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی موچەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم وەزیرەکانی تریش.

٢. کاتێک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووم، پلەکەشم وەزیر بوو، هەمدیسان داوامکردەوە بەفەرمی موچەکەم کەمبکرێتەوە.

٣. ساڵانە بەشێوەیەکی تایبەت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، جەژنانەی دیاریدەکرد بۆ وەزیرەکان بە بڕێکی زۆر، ئەم جەژنانەیە فەرمانبەرانی نەدەگرتەوە،

بۆیە منیش هەموو جارێک ڕەتمدەکردەوە، بەمهۆیەوە گلەیی سەرۆک وەزیرانم دەهاتە سەر.

**شەشەم /** بەخشینی سەرجەم کەلوپەلی ناو ماڵەکەم، بە بنکەی ژین کە بنکەیەکی رۆشنبیرییەو گرنگی دەدات بە بوارەکانی بەڵگەنامە و لێتوێژینەوە لە مێژوو.. لە ناو بەخشینەکانمدا کتێبخانە خنجیلانەکەم و ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەشم دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە (٨٠٠- هەشت سەد) کتێبو گۆڤار کە بەخشیومە بە کتێبخانەی قەڵادزێ.

شایانی باسە، دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەکی بێ پەروا بۆ کاکی مافناس بخەمەڕوو، بۆ بەبیرهێنانەوەت کاتێک بەندە لەوەزیفەی حکومیدا کارم دەکرد، هیچ ئیمتیازێکم بەخۆم ڕەوا نەدەبینی لە موچەکەی خۆم بەولاوە وەربیگرم، کە دەستلەکارکێشانەوەشم ڕاگەیاند، جارێکی تریش دەیڵێمەوە حکومەت ئیمیتازاتی پاسەوان و ئۆتۆمبیل و شوفێری بۆ سەرجەم ئەو وەزیر و بەرپرسانە دابین دەکردو هەموو مستەحەقاتێکیشیان بۆ دەبڕینەوە، بەلاتەوە سەیر نەبێت بەندە ئەوانەشی هەمووی ڕەتکردەوە و لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاوم کردەوە، حەزئەکەم ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەو ئیمتیازانە بە یاسا ڕێکخراون و کاریان پێدەکرێت، بەڵام من بڕوام بەو جۆرە یاسایانە نەبووە، چونکە بەرژەوەندی گشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە دەڵێم، خوازەی ئەوەم هەیە، کە بەڕێزتان بێ ئاگا نەبن، لەوەی کە دەتوانن لە کۆی گشتی سلێمانی و سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم و تەنانەت عێراقیش، نمونەیەک دەستنیشان بکەیت کام بەرپرس پەیڕەوی ئەم هەڵوێستانەی بەندەی کردووە...!

بۆ زانیاریشت، خۆم بە کەسێکی مەبدەئی (سەرڕاست) دەزانم، هەرگیز لە ژیانمدا حیزبییش نەبووم، هەرچەندە بە تۆمەتی چەپ بوون دەستگیریش کراومو ئازار دراوم، هەروەها پێشمەرگەی دیاری شۆڕشی ئەیلولیش بووم.. ئامادەم لە پێناوی ئەو سەرڕاستیەی خۆمدا سەریشم ببەخشم.. ئاشکرایە، هەر کەسێک توانای بەخشینی سەری خۆی هەبێت، نە لە کەس دەترسێت و نە سڵ لە هیچ کەس و هێزێکیش دەکاتەوە.. ڕەنگە بەندەت بیربێت کە چۆن لە دادگادا قسەم دەکرد!

وەک ڕوونکردنەوەیەک ئاماژە دەکەم بەوەی کە مرۆڤەکانی نمونەی جەنابتان، هۆکارن بۆ ناشرینکردنی دۆخی ئێستا و ڕابردووی کوردستان.. کۆتا وتەم ئاناراميت بۆ دێنێ.. بەرەو بەردەمی دادگا.. لەوێدا.. ڕاتدەچڵەکێنێ، لای هاوپیشەکانت دەتناسێنم، لێت تورە دەبن، ئەی مافناسی کورتهێن.. هەرچی ڕێکخراوی مەدەنی و حیزبییە.. کۆمێنتە ناڕاست و چەواشەکارییەکەت.. بە بەڵگەی تەواو و زانیاریی دروست ڕەت دەکەمەوە، هەتا هەمووان بەئاگا بن لە پەیامی ناتەندروستت، کە بەڕێزتان پێی هەستاون خۆزگە بمزانیایە بۆ کام مەبەست. تۆ کە خۆت بە مافناس دەزانیت..

هاوکات پارێزەری بریکاری ڕکابەرەکەی منی؛ لەبەردەم دادگادا، چ ماددەیەکی ڕێساکانی هەڵسوکەوتی پیشەیی پارێزەر؛ ڕێگا بە تۆ دەدات کە بەهاکانی پیشەی پارێزەریتی پێشێل بکەیت و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.. لە جیاتی بریکارەکەت، ئەم ناحەقی و چەواشەکارییە بەرامبەر بە بەندە بکەیت.. هەر بۆ زانیاریت، بەندە تائێستا ١٤ ڕێزلێنانی بۆ هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیران و هەندێک لە وەزارەتەکانو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانو پێشمەرگە دێرینەکانەوە.. تۆ بڵێی فایەق غەریبی مافناس ئەوانە هەموو بەهەڵەدا چووبن و تەنها تۆی مافناس من بناسی!

بەندە، تەمەنم لە ڕابردوودا بۆ دژایەتی دزی و گەندەڵی بووە لەو شوێنانەی کارم تێداکردووە، لە داهاتووشدا لەسەر هەمان ڕێچکە درێژەپێدەری وەستانەوە دەبم بەڕووی کەسانی دز، گەندەڵ، قاچاخچی، ماستاوچی و دووڕوودا.

بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێنەران: فایەق غەریب کۆمێنتە ناڕاستو چەواشەکارییەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ژێر هەواڵی دەزگایەکی ڕاگەیاندندا نوسیوە کە کەسێک لای خۆی بڵاوی کردووەتەوەو باس لە بەخشینی ناو ماڵەکەی بەندە دەکات بە بنکەی ژین.

**جەلالی سام ئاغا**

**٢٠٢١/١/٢٦**

**سلێمانی**

# بیست و چوار
## گوڵبارانکردنی جەلالی عومەری سام ئاغا
## بە خەڵات و ڕێزلێنان

لە ماوەی سێ چرکەدا خەڵاتێکی گەردوونی بەخشرا بەم سروشتەی ئێستا مرۆڤی تێدا دەژی. لەماوەی دروستبوونی ژیانی مرۆییدا، بەچەندین شێواز و بەمەبەستی جیاواز، خەڵات بۆ کەسانی لێهاتوو لەسەر بنەمای داهێنان و شتی تریش دیاریکراوە، لاپەڕەکانی مێژوو.. گەواهیدەری ئەو دۆخەن کە شایستەیی و تا ڕادەیەکی کەمیش ناشایستەیی هۆکارێک بوون بۆ پێدان و بەخشینی خەڵات، هەریەکە و لەسەر بنەمایەک. لەسەر بنەمای کام پێوەرە.. جەلالی عومەری ساما ئاغا دەبێتە سیمبوڵی خەڵات پێدانەکان، ئەم کائینە لە کوردستاندا (فرید من نوعه).. بەتێپەڕبوونی کات و لەکاروانی ژیانیدا.. لەسەر بنەمای کار و کردە وەزیفییەکانی، ئەم خەڵاتانەی لای خوارەوەی پێ بەخشراوە، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە خۆی بەخشەری ڕاستەقینەی خەڵاتە مەزنەکانە، چونکە خەڵاتەکەی ئەم.. ساڵانە لەسەر بنەمای کاروچالاکی کارمەندانی ئەو دەزگایەی بە لانکەی خەباتی ئەم لە پێناو شەڕی دژە گەندەڵ و چاوچنۆکاندا شانبەشانی بوێرییەکانی جەلالی سام ئاغا بەردەوام بوون، بۆیە لای ئەم لەو خەڵاتە بەنرخە (بێبەش)یان ناکات. چەندین دامودەزگا و ڕێکخراوی لۆکاڵی و ئەوروپی و عەرەبی خەڵاتیان بەخشیوەتە جەلالی عومەری سام ئاغا لەو خەڵاتانەش:

١. دکتۆر پشتیوان صادق: وەزیری پەروەدەی حکومەتی هەرێم کوردستان/ ٢٠١٩.
٢. Dyari Midia بۆ مامۆستا جەلال سام ئاغا- ئەمستردام/ ٢٠١٤.
٣. زانکۆی سلێمانی.
٤. شۆڕشگێڕە تەنهاکەی شەڕی گەندەڵکاران/ حەمەی سام ئاغا- ئەندامی داواکاری گشتی / ٢٠١٤.
٥. بەخشینی یەکەیەکی نیشتەجێبوون بە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، لە لایەن/ ئەختەری عومەری سام ئاغا.

٦. ڕێکخراوی شەهیدانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی/ ٢٠٢٠.
٧. تابلۆی ڕێزلێنان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە/ ٢٠١٩.
٨ د. سەلاحەدین سەعید عەلی/ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی.
٩. تابلۆی دەرچوانی کۆلێژی بازرگانی و ئابوری/ بەشی بازرگانی- ١٩٦٢- ١٩٦٣.
١٠. ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی/ ڕێکخراوی Kido.
١١. تابلۆی بڕوانامەی ڕێزلێنان/ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ ٢٠١٥.
١٢. تابلۆی سوپاس و پێزانین/ ڕێکخراوی هۆرایزن ڕیلییف/ ٢٠١٧.
١٣. تابلۆی ڕێزلێنان/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ حکومەتی هەرێمی کوردستان/ قوباد تاڵەبانی/ ٢٠١٥.
١٤. سوپاس و پێزانین.
١٥. بڕوانامەی ڕێزلێنان/ ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان- ڕێکخراوی کیدۆ/ ٢٠١٥.
١٦. ڕێز و پێزانین / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی.
١٧. تابلۆی شکۆنامە/ زانکۆی سلێمانی.
١٨. خەڵاتی وەرزشیی : تیپی تۆپی پێی ئالای کوردستان.
١٩. یۆبیلی زێڕین / ١٩٦٨- ٢٠١٨/ زانکۆی سلێمانی.
٢٠. شکۆنامەی زانکۆی سلێمانی ١٩٦٨- ٢٠١٨.
٢١. خەڵاتی ڕێزلێنان/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، عیماد ئەحمەد بۆ جەلالی عومەری سام ئاغا/ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی.
٢٢. لۆگۆی قوتابخانەی زەکیەی سام ئاغای بنەڕەتی.
٢٣. خەڵاتی ڕێزلێنان/ سلێمانی – ٢٠١٨.
٢٤. تابلۆی ڕێزلێنان/ وەزارەتی پەرەردە – ٢٠١٨.
٢٥. پۆل ڕیز و پێزانین/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی / تەلاری خوێندنگایەکی ١٢ پۆلی.
٢٦. تابلۆی شەهیادنی ١٧ی شوبات/ یادی چوار ساڵە.
٢٧. وەزارەتی پەروەردە / بۆ ئەو بەڕێزانەی بینای قوتابخانەیان دروستکردووە.
٢٨. قوتابخانەی زەکیەی سام ئاغای بنەڕەتی.
٢٩. تابلۆی ڕێزلێنانی یانەی کوردی –میدیا –لە هۆڵەندا.
٣٠. خەڵاتی ڕێزلێنان ڕێکخراوی ئەڵتاک/ ٢٠١٨.
٣١. خەڵاتی ڕێزلێنان لەیادی ڕاپەڕین و ساڵرۆژی لیژنەی باڵای تیپە میللییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین/ ٢٠١٧.
٣٢. شکر وتقدیر
٣٣. الجائزة الأوروبیة



هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية

ڕێزلێنان

بۆ/ بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا

وەزارەتی پەروەردە شەرەفمەندە جەنابتان هاوکاری سێکتەری پەروەردەن و یەکێکن لەو کەسە دڵسۆزانەی کە نیشتمانپەروەرانە دەستتان داوەتە خزمەتی قوتابیان و خوێندکارانی ئەم وڵاتە و بە دروستکردنی قوتابخانە دڵی زۆرێکتان شاد کردووە. بۆیە جێ پەنجەی بنەماڵەکەتان لە پرۆسەی پەروەردە دیار و جێگەی ڕێزە. هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین، نمونەتان زۆر و سەرکەتووبن.

د. پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری پەروەردە
٢٠١٩/٢/١٣


دیاری پرۆفیسۆر د. صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆی سلێمانی
بۆ بەڕێز: کاک جلالی سام ئاغا
بەهیوای هەمیشە
سەرفرازی وبەختەوەری




KEDO
بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
ڕێکخراوی گەشە پێدانی ئابووری کوردستان / KEDO
خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەش کرد بە بەڕێز
جەلالی عومەری سام ئاغا
بۆ ڕۆڵی گرنگی لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی
٢٠١٥/١٢/٩


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن
ڕێزو پێزانین
بەڕێز ( زەکیەی عومەری سام ئاغا )
ڕێزو پێزانینی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەین
لە بەرامبەر دروستکردنی تەلاری خوێندنگایەك
لە ناو شاری سلێمانیدا بۆ برەودان بەبواری پەروەردە ،
ئەم دەستپێشخەریەتان بەرز دەنرخێنین .
دڵشاد عومەر محەمەد کەریم
بەڕێوەبەری گشتی


بڕوانامەی ڕێزلێنان
بەڕێز / کاک جەلالی سام ئاغا
سڵاوی زانست ..
سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی بە خۆشحاڵییەوە ڕێز و سوپاس و پێزانین
ئاراستەی جەنابتان دەکات هەوڵ و ماندووبوون و دڵسۆزیتان بۆ بونیادنانەوەو پەرەپێدان
و پێشکەوتنی زانکۆی دایک بەرز دەنرخێنێت.
بەهیوای تەندروستی و دڵئارامی و خۆشبەختیتان..
پرۆفیسۆر د. صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆ
ئەیلولی 2015


سوپاس و پێزانین
بۆ بەڕێز
جلال سام ئاغا
وەک وەفایەک لە پای ئەو دڵسۆزی و خزمەتەی کە بەڕێزتان پێشکەشی شاری (سلێمانی) تان
کردووە وەک ڕێکخراوی (هۆرایزن ڕیلیف) بە پێویستمان زانی سوپاس و پێزانینی خۆمان
ئاراستەی جەنابتان بکەین.
HORIZON
Organization
Emerging from the Horizons of Life
مێوان عبدالحمید
بەڕێوەبەری جێبەجێکار
٢٠١٧/١٠/٢٤
Horizon



نامەی ڕێزلێنانی "قوباد تاڵەبانی" جێگری سەرۆک وەزیران بۆ بەڕێز جەلال عمر سام ئاغا ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە لە لایەن ڕێکخراوی کینگز مدراسیک ڕێکخرابوو





بڕوانامەی ڕێزلێنان

بەناوی (ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان/ KIDO) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە بە پێویستی دەزانین ئەم بڕوانامەی ڕێزلێنانە پێشکەش بە بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێری دارایی بکەین، بۆ ڕۆڵی گرنگی لەبواری پشتگیری کردنی دەستپاکی و پەردە هەڵماڵین لەسەر فایلەکانی گەندەڵی و پارێزگاری کردنی سامانی گشتی

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانمان

٢٠١٥/١٢/٩

حسام حکیم بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراو

د. نەرمین معروف
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن

ڕەنج شالی
سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراو


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن
ڕێزو پێزانین
بەڕێز ( جەلالی عومەری سام ئاغا )
ڕێزو پێزانینی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەین
لە بەرامبەر دروستکردنی تەلاری خوێندنگایەک لە
ناو شاری سلێمانیدا بۆ برمودان بەبواری پەروەردە ،
ئەم دەستپێشخەریەتان بەرز دەنرخێنین .
دلشاد عومەر محەمەد کەریم
بەڕێوەبەری گشتی


شکۆنامە
زانکۆی سلێمانی: مێژوویەک لە شانازی، ئایندەیەک لە داهێنان

بەڕێز
( کاك جلال عمر سام أغا )

زانکۆی سلێمانی لەبەر خزمەت و بەشداریتان لە بەبڵندی
ڕاگرتنی ناوبانگی ئەم زانکۆیەدا لەیادی یۆبیلی زێڕینەدا ئەم
شکۆنامەیەتان پێدەبەخشێت

پ. ی. د. ڕەزا حەسەن حسێن
سەرۆکی زانکۆی سلێمانی



یانەی کوردی لە هۆڵەندا "میدیـــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland - Midia

MIDIA

ڕۆژ: 2014/12/28

ژمارە: 22.28.12.2014 KVA. SA

جەلالی ڕێزلێنانی یانەی کوردی "میدیـــــا" لە هۆڵەندا
بۆ کەسایەتی ناسراوی کورد
مامۆستا "جەلالی عومەری سام ئاغا"

بەڕێز مامۆستا جەلال عومەری سام ئاغا

2014/12/28

ئەحمەد مەحموود عەلی

# مێژووی کورد و کوردستان

بەرگی دووەم

چاپی یەکەم

ناوی بابەت: مێژووی کورد و کوردستان.
ناوی نووسەر: ئەحمەد مەحموود عەلی.
چاپ: یەکەم.
شوێنی چاپ: سلێمانی.
ساڵی چاپ: (٢٠١٦)زایینی.
کۆمپیوتەر و هەڵەبڕی: خودی نووسەر.
تیراژی چاپی یەکەم: (٥٠٠) دانە.
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی (٢٠١٦) پێدراوە.
چاپخانە: بینایی.

٢

## بەشی دەیەم

## باشووری کوردستان و فەرمانڕەوایەتی هەرێمی کوردستان

١. باشووری کوردستان لەدوای ئەمانی ڕژێمی عێراق و فەرمانڕەوایەتی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا لەعێراق و دەستاودەست کردنی دەسەلات بۆ هاولاتیانی ئەم وولاتە سەروەت و سامانێکی زۆر و لەڕادەبەدەر بەسەر دانیشتوانەکەیدا ڕژا، بەتایبەتی بەسەر جەماوەری هەرێمی کوردستاندا لایەنەکانی خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی ئاوەدانی و تەلار سازی شارەکانی گەیاندە ریزی شارە دێرینەکانی وولاتان، بەسەدان کۆمپانیای بیانی جۆراوجۆر بۆ دەرهێنانی نەوت و غاز و دروستکردنی بیناو ڕێگاوبان و ئاوو ئاوەڕۆ و کارەباو گەشت و گوزار بۆ ئاوەدانکردنەوەی وولات و خۆشکردنی ژیانی هاولاتیان ڕوویان لەباشووری کوردستان کردوو بەسەدان کۆمپانیای جۆراوجۆری خۆمالیشی لەناو خۆدا بۆ ئەو مەبەستانە پەیدابوون و دامەزران، بەلام ئەو گەشەکردن و پێشکەوتن و ئاوەدانیە بەزۆری شارەکانی گرتەوە و گوندەکان کەمتر لەو شتانە سوودمەند بوون، هەر لەبارەی لایەنەکانی تەندروستی و فەرهەنگی و زانیاریشەوە گەشەی زۆر و چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوەدی، بەلام ئەوانە بەتەواوی بەبەرنامەی هاوبەش و بەشداری هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستان پ.د.ك و ی.ن.ك لەکارداوبون و بەرپرسەکان کە بەرنامەی پتەو مەحکەم و نیشتمانی و درێژ ماوەیان بەدەخشە دارێژراو نەبوو، وە لەخزمەتی کۆمەلگادا بەبەرنامەی کوردانەو دادپەروەرانە بنیات

هەربەوجۆرە و لەڕێگای یاساوە نەیانویست پەرلەمان و حوکومەت و دادوەری بەداسەزراوەیی بکرێ و هێزی پێشمەرگە یەك بخرێ و بکرێ بەهێزی ڕێکخراوی کوردستانی بەهەمان جۆر سەرچاوەی داهاتی هەرێم، دیاری بکرێ و لە صندوقێك دا کۆبکرێتەوە بەچاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی لەلایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە بەدادپەروەری و بەگوێرەی پێویست و بەیاساو دەستور بۆ دامودەزگا حکومی و حیزبیەکان خەرج بکرێ، نەك وەك ئەوکاتە یەکێتی و پارتی هەریەکە مانگی ٣٥ ملیۆن دۆلاریان وەرئەگرت، ئەو برە پارەیش لە بەغداوە مووچەو بودجەی هەرێم بوو ئەنێردرا، لەهەرێم لەلایەن یەکێتی و پارتی یەوە لە ٤٣٪ی بۆ ئەو لە ٤٧٪ی بۆ ئەم بوو، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان ئەخشان و پەخشانیان پێوە ئەکرد.

ب. (حیزبەکانی گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ) لەلایەن خۆیانەوە پشتگوێیان لەهەموو و مانەوە بوون و پرۆژەکانی نوێنەرەکانیان ئەکرد لە ئەنجومەنی نیشتمانی و لەلای خۆیشیانەوە کارەکانی ڕابوردوو ئێستای ئاکرەوی و دوور لەدادپەروەری هەردوو حیزبی فەرمانڕەواو دامودەزگا حکومیەکانیان ئەخستە بەرچاوی جەماوەر و ڕێوشوێنی چارەسەری ئەو کارانەشیان دەستنیشان ئەکرد.

ج. دیوانی چاودێری دارایش لای خۆیەوە بەچاوە دێرییەکی ورد و بەبەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و بەوپەڕی دڵسۆزی پەلوپۆی بۆ هەموو جومگەکانی حوکومەت هاوێشتبوو، هەموو داهات و خەرجیەکانی کۆنتڕۆڵ کردبوو، هەموو سەری مانگێك بەبەڵگەو

نەتران، لەبەرئەوە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان پەراوێز خرا، بووژانەوەی کشتوکاڵ کاری بۆ نەکرا، لایەنی پیشەسازی فەرامۆش کرا. ئەوانەش کاریگەری لەسەر چۆڵکردنی گوندە ئاوەدان کراوەکان و نەبوونی خۆراك و خواردەمەنیە ناوخۆییەکان کرد، هەموو ئەو سەروەت و سامانە بۆ ئەو دوو حیزبە و ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەری ئەو دوو حیزبە بوون کە لەباری کۆمەڵایەتیشەوە لەناو کۆمەڵگادا خۆشەویست نەبوون، بەو جۆرە فەرمانڕەوایان و جەماوەر ڕۆژ بەڕۆژ لەیەك دائەبڕان.

٢. فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان: بەوجۆرە لەپێشەوە باسمانکرد، فەرمانڕەواکان زۆربەی داهاتی نیشتمان و بەرهەمی کارو کۆمپانیاو کاسب کارو بازرگانیان بۆخۆیان پاوەن کردبوو وەیان بەکەسانێکیان دابوو کەشیاوی ئەوە نەبوون. لەکاروباری سیاسی و بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی و دادپەروەریشدا بەرژەوەندی گشتییان پشتگوێ خستبوو.

أ. ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکەی چاکسازی و پاکسازی: ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراوی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە پەرلەمان ئەیان ویست هەموو کارەکانی پەرلەمان و حوکومەت بەگوێرەی یاسا ئەنجام بدرێ و دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حیزبەکان بەیاسا رێك بخرێ و دەسەڵاتی "دادوەری" ئازاد و سەربەخۆبێ.

دیکۆمێنت ئەنجامەکانی ڕەوانەی شوێنە تایبەتییەکان نەکرد، بۆ ڕێزدانان لەدەست پاکی و ڕێگرتن لەدەست پیسان.

د. ژمارەیەکی دیکە لە هاوڵاتیانی دڵسۆز لەڕێگەی ڕۆژنامەکانی وەك هاوڵاتی و ئاوێنەو گۆڤاری لڤین و ڕێگا و سایتە جۆراو جۆرەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئێن ئارتی و کەی ئێن ئێن و چەند کەناڵێکی ڕادیۆی وەك ڕادیۆی نەوا سەرەڕای چەندین سایتی ئەلکترۆنی وەك ستاندارد و کوردستان پۆست، هتد. کارە نەگونجاو لەڕێ لادراوەکانی دەسەڵاتداران و کەسانی دیکەی لاسارو سەرپێچی کاریان لەقاو ئەداو داوای چاکسازی و پاکسازی و پەیڕەوی دەستووری گشتییان ئەکرد، مەبەست لەدەستووری گشتی ئەو دەستورە نییە کەلەلایەن کۆمەڵێك شارەزای بیانی بەنارەزووی پارتی و یەکێتی نوسراوە، بەڵام لەوەدوا دەستکاری کراوە و ژمارەیەك لە بەندەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە تەنانەت لەسەوهاتیمی کوردستان ژمارە (١٠٤) لە ٢٠٠٩/٨/٣ بڵاوکراوەتەوە، لەدەقە عەرەبیەکەدا نوسراوە، کە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کاتێ ڕاپرسیەکە دەستنیشان ئەکات، کەلەڕاستیدا سەرۆکایەتی پەرلەمانە نەك هەرێم.

- سەرئەنجام لەدوای هەوڵی ئەو هەموولایەنانەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سەرەتای ساڵی (٢٠١١) ی زاینی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە (٢٠١١/٣/١٧) بەسازانی هەموو

﴿بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان﴾

برای بەڕێز کاکی بەخشندە و بنەماڵەی رەسەنی و دێرینی شاری سلێمانی
جەنابی کاك جلال سام ئاغا

براتان – سروشت دۆست
ساڵوەرزی هاوین ۲۰۱۸ی عیسایی



# ببەخشەومیهرەبان بە بۆ ئەوەی خوای بەخشندە لەدنیادا حورمەتت پێ ببەخشێتو لای میللەتەكەشت سەربەرز بیت !!

كەسایەتی مەردسیفەتو خانەدانو ویژدان زیندوو رۆشنبیر كە لەخۆشیو بەختیاری شارەكەیانو میللەتەكەیاندا بەختیاری خۆیان دەبیننەوەو مێژویەكی پڕ سەروەریو وانەیەكی بەنرخیش بۆ دنیاو قیامەتی خۆیان بە بەخشینو بەخشندەیی خۆیان تۆمار دەكەن چی لەرابردوودا وەكو كریمی عەلەكەو علی ناجی چی لەئێستادا وەكو كاكی مەزن كاك جلالی سام ئاغا كە بە بەخشینی سەروەتو سامانو ماڵی حەلاڵی بنەماڵەیان بەشاری سلێمانی لەبواری هەندێ خزمەتگوزاریدا دەری خست كە بەڵێ شارەكە هێشتا تاك تاكە تیا ماوە شەتڵی پیاوانە، ئەو زاتە بەدەر لەخۆشی ئەندامانی خانەوادەكەشیان بەخشندەنو لەهەمان قوتابخانەی رەوشت خوێندویانە.

داوكارین لە خوای گەورە كاك جلالو خانەوادەكەیان بخاتە ژێر شاباڵی رەحمەتی خۆیەوەو هەموو بنەماڵەكەیان سەربەرزو سەرفرازی هەردوو دنیا بكات.

سروشت و فۆلكلۆری كورد
الطبيعة والتراث الكردي

# مێرگ

سروشت دۆست
ساڵوەرزی بەهاری ٢٠١٨ی عیسایی

# مێرگ


* دانـــــــانی: سروشت دۆست
* ژمارەی مۆڵەت:(١٤٢٣)/ بەغداد - (١٩٩٠)ی عیسایی
* چاپـــی یەکەم ١٩٩٠ی عیسایی
* کۆمپیوتەری : کاکـــە شکـۆ (ماڵی نووسەر)
* چاپخانەی:
* تیـــراژ:
* لەسەر بودجەی نووسەر چاپ کراوە.



* مافی لەچاپ دانەوەی مێرگ پارێزراوە بۆ نووسـەرو ئەندامانی خێزانەکەی لەئێستلو داهاتوودا.


* لەم قۆناغەدا مێرگ بۆ فرۆشتن نیـە.... هـەرجارەی ژمارەیەکی لێبەچاپ دەگەیەنمو پێشکەشی دەکەم بە برادەرانو هاوڕێو فۆلکلۆردۆسـتو رۆشنبیران.

الاستاذ محمد حسنين هيكل المحترم

ابتدءاً استميحكم عذراً إن كانت كتابتي تخلو من فن الكتابة . لان الذي يُحسن هذا الفن هو في الحقيقة من يُحسن إستعمال اللغة ، وعذري في ذلك إنني كردي .
سيدي المبجل، إنك من العظمة بمكان بحيث ترددت كثيراً في الكتابة اليكم ولكن يقيني بسعة صدركم زال عني كل الشكوك.
أستاذي الفاضل إن دوافعي للكتابة إليكم كثيرة من بينها إعجابي الشخصي واعجاب عدد كبير من مثقفي كردستان بشخصكم وثقافتكم وكتاباتكم القيمة ، كما وان سيادتكم تحظون بمنزلة رفيعة لدى استاذنا الكبير جلال الطالباني ..
من هنا تأتي رغبتنا وأمنيتنا برؤيتكم في كردستان العراق . واذا تحققت تكون قد ساهمت في جعل الاخوة العربية الكردية أكثر رسوخاً .. وموافقاً مع أخوتك من أبناء الشعب الكردي طالما أنتظرناه منذ عام ١٩٧٥ ، وعندئذ سيكون لنا شرف اللقاء مع كاتب عربي عظيم.

ختاماً يسعدنا الحظ أن تلبوا طلبنا وتشرفوننا بزيارة مدينتنا وستجدون كل الترحاب والحفاوة من جانبنا متمنين لكم الصحةوالتوفيق في اعمالكم .

جلال عمر سام أغا
وكيل وزارة المالية والاقتصاد
لحكومة اقليم كردستان- السليمانية
٢٠٠١/٣/١٩




**جەلالی سام ئاغا، ئەیوب بابۆ بارزانی**
**سویسرا- لۆزان شوێنی واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان**



**چارلی چاپلن لە باوەشی جەلالی سام ئاغا و وشیار ئەیوب بارزانی**
**سویسرا - لۆزان**



**مەزاری مەم و زین - بۆتان - باکوری کوردستان**

**٢٠٠٠**



**سەردانی مەزاری مەم و زین لە باکوری کوردستان**

**٢٠٠٠**



ئەمریکا - لاس ڤیگاس
٢٠٠٠



ئەمریکا - لاس ڤیگاس - ئوتێل سیزەرس
٢٠٠٠/٤/١٢



ئەمریکا واشینگتۆن
کاپیتۆڵ هیڵ - ٢٠٠٠



ئەمریکا واشینگتۆن
پەیکەری ئەبراهام لینکۆڵن
٢٠٠٠/٤/١٥



**ئەمریکا واشینگتۆن - وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا**
**٢٠٠٠/٤/٢١**




**ئەمریکا واشینگتۆن - دەرگای کۆشکی سپی**
**٢٠٠٠/٤/٢١**



ئەمریکا واشینگتۆن - ٢٠٠٠/٤/٢١
مۆزەخانەی ئاسمانیی ئەمریکی




ئەمریکا واشینگتۆن - مۆزەخانەی ئاسمانیی ئەمریکی
دەستدان لە بەردێک کە لەسەر مانگەوە هێنراوە - ٢٠٠٠/٤/٢١



ئەمریکا نیویۆرک
باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان
٢٠٠٠



ئەمریکا واشینگتۆن - شەقامی تەنیشت کۆشکی سپی
خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی دەوڵەتە هەژارەکان - ٢٠٠٠/٤/٢١



**ئەمریکا - نیویۆرک - ٢٠/٤/٢٠٠٠**
**مەیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش**




**ئەمریکا - هۆلیوود - کۆمپانیای یونیڤێرساڵ ستۆدیۆ**
**٢٠٠٠/٤/١٨**




ئەمریکا - لۆس ئەنجلس - هۆلیوود
٢٠٠٠



د. جەلال شەفیق، د. محەمەد عەلی، د. حیکمەت تۆفیق فیکرەت
د. عەلی سەعید، جەلالی سام ئاغا- ئەمریکا - لۆس ئەنجلس - ٢٠٠٠



د. عەلی سەعید،، د. جەلال شەفیق، د. حیکمەت تۆفیق فیکرەت، د. محەمەد عەلی،
جەلالی سام ئاغا- ئەمریکا - لۆس ئەنجلس - ٢٠٠٠



ئەمریکا - کالیفۆرنیا
دیزنی لاند - ٢٠٠٠



ئەمریکا - پردی هەڵواسراوی کالیفۆرنیا
٢٠٠٠



ئەمریکا - کالیفۆرنیا - زانکۆی ساکرامێنتۆ
٢٠٠٠



جەلالی سام ئاغا، د. حیکمەت فیکرەت، ڕاگری کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی ساکرامێنتۆ- کالیفۆرنیا، د. جەلال شەفیق، د. عەلی سەعید، د. ڕەمزی مەحمود



د. حیکمەت فیکرەت، جەلالی سام ئاغا
ئەمریکا - سان فرانسیسکۆ - ٢٠٠٠



جەلالی سام ئاغا، بەختیار زوهدی، د. حیکمەت فیکرەت
ماڵی د. حیکمەت فیکرەت - سان فرانسیسکۆ - ئەمریکا - ٢٠٠٠



جەلالی سام ئاغا، د. جەلال تۆفیق ئاغا فەتحوڵا
ئەمریکا - کالیفۆرنیا - ٢٠٠٠/٤/١٨



جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی
کۆشکی سەلام - بەغدا - ٢٠٠٩/١/١٦



بەغدا - میوانخانەی کۆشکی سەلام
٢٠٠٩/١/١٦



ماموّستا سەیفەدین عەلی، یوسف زۆزانی، جەلالی سام ئاغا، سەعدی پیرە، هاوڕێ سام
کۆشکی سەلام - بەغدا - هۆڵی کۆبوونەوەی سەرۆک کۆمار- ٢٠٠٩/١/١٦



سەعدی پیرە، جەلالی سام ئاغا، یەسف زۆزانی، ماموّستا سەیفەدین عەلی، هادی سام سام
کۆشکی سەلام - بەغدا - ٢٠٠٩/١/١٦



هادی سام سام، سەعدی پیرە، جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی، مامۆستا سەیفەدین عەلی
کۆشکی سەلام - بەغدا - ٢٠٠٩/١/١٦



مامۆستا سەیفەدین عەلی، یوسف زۆزانی، سەعدی پیرە، جەلالی سام ئاغا، هادی سام سام
کۆشکی سەلام - بەغدا - ٢٠٠٩/١/١٦



جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی
ژوری پێشوازی سەرۆک کۆمار لە بەرپرسان- ٢٠٠٩/١/١٦



جەلالی سام ئاغا، مامۆستا سەیفەدین عەلی
ژوری پێشوازی سەرۆک کۆمار لە بەرپرسان- ٢٠٠٩/١/١٦



جەلالی سام ئاغا، د. میشێل ڕۆسکیس، د. هەڵکەوت حەکیم
فەرەنسا - پاریس - پێش نەشتەرگەری - ٢٠١١




پاریس نەخۆشخانەی بۆژۆن (Beajuon)
دوای نەشتەرگەری - ٢٠١١



فەڕەنسا - پاریس نەخۆشخانەی بۆژۆن (Beajuon)
لەگەڵ سامانی جەمیل بۆیە لە دوای نەشتەرگەری - ٢٠١١



پاریس نەخۆشخانەی بۆژۆن (Beajuon)
دوای نەشتەرگەری - ٢٠١١



گەورەترین باخچەی گوڵەباغ و بەتەمەنترین درەختی شاری لە پاریس



د. هەڵکەوت حەکیم، جەلالی سام ئاغا، ئەنجلیک دومۆن
فەڕەنسا - پاریس - ٢٠١٣



پاریس - مۆزەخانەی لۆڤەر - مۆنالیزا
٢٠١٣



فەڕەنسا -پاریس - مۆزەخانەی لۆڤەر
٢٠١٣



دارای سام ئاغا، جەلالی سام ئاغا
سوید - ستۆکهۆڵم - ٢٠١٤




ئەرجومەند سدیق، جەلالی سام ئاغا، عەدنان موفتی
ئەڵمانیا - میونشن



ڕێزان جەمال سام ئاغا، جەلالی سام ئاغا
ئەڵمانیا - بوخوم - ٢٠١٤



ئەڵمانیا - بوخوم
٢٠١٤

چارەنوسی مرۆڤەکان یەکجار تۆمار دەکرێت. وەکو دەقە پیرۆزەکان دەستکاری ناکرێت! چەند لە قووڵایی مێژوو نزیک بینەوە، باوەڕ و گومانی مرۆڤ هێندەی ئەو قووڵاییە زیاتر دەبێت، کایەکانی گەمەی ژیانی مرۆڤ بۆ دواوە ناگەڕێنرێتەوە، هیچ کاتێک چارەنوسی دوو مرۆڤ لە دوو دونیای جیاوازدا وەک یەک نابن، دەکرێت وەکو نەمریی، سەیری ئەم مانایە بکەین بۆ مرۆڤ! جگە لەمرۆڤیش هیچ بوونەوەرێکی تر مانای نەمریی نازانێت، ئەمە چارەنوسی جەلالی عومەری سام ئاغایە. ئەوا کتێبەکانی بە چاپ گەیشتن، کەچی ئەم چارەنوسە نەگۆڕە هەروەکو خۆی وایە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە! چەندە ئەوەندەی تر، لەناو نەتەوەی کورد دا، ناپاکی! نادادپەروەری! گەندەڵیی! چەندەها بواری تری ژیان بێت و بچێت، لە ڕابردوودا، لە ئێستا و داهاتووشدا، هەر دەتوانێت جەلالێک... سیمبولێک - جسمێکی غەریب - دژە گەندەڵ- بێباک و دۆستپەروەر... فەراهەم بکات. ئەم پەرتوکانەی بەردەستی تۆی خوێنەر، شەپۆلی سۆز و خۆشەویستی هاوڕێ و سەرسامبوان و دۆستان و پشت و پەنایانی ئەوت بۆ بەیان دەکات، بۆ کەنارێکی لەنگەر گیراو، ڕاتدەکێشێت. بۆیە ئاخ هەڵمەکێشە، لەبەرئەوەی تۆش جەلالی سام ئاغا نەبوویت! چونکە ئەو جەلالە و تۆش خۆت!

خالید حەمە غەریب